# تەوحید و ناوەڕۆکی
# لە هزر و ژیاندا

# تەوحید و

## ناوەڕۆکی لە هزر و ژیاندا

نووسینی: پڕۆفیسۆر ئیسماعیل فارووقی
وەرگێڕانی: د. سەباح بەرزنجی

**تەوحید و ناوەڕۆکی لە هزر و ژیاندا**

لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری زەهاوی
بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی ژمارە (٧٩)

- نووسینی: پرۆفیسۆر ئیسماعیل فاروقی
- وەرگێڕانی: د. سەباح بەرزنجی
- بابەت: هزری
- دیزاین: ڕەوشت محەمەد
- چاپ: یەکەم. ٢٠١٩. ناوەندی ڕینوێن.

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە (٧٩٥)ی ساڵی ٢٠١٩ی پێدراوە.

سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی
www.zahawi.org
ناونیشان: شەقامی سالم
تەلاری جەمالی حاجی عەلی نزیک پردی خەسرەوخاڵ
07702422171

# ناوەرۆك


پێشەکی.......... ٩

**بەشی یەکەم: یەکتا پەرستی؛ کاکڵەی ئەزموونی ئاینی .......... ١٧**

یەکەم: یەکتاپەرستی وەك ئەزموونێکی ئاینی.......... ١٩

دووەم: یەکتاپەرستی وەك جیهانبینی.......... ٣٦

**بەشی دووەم: تەوحید: کاکڵەی ئیسلام.......... ٤٩**

یەکەم: گرنگیی یەکتاپەرستی.......... ٥١

دووەم: شکۆی خواوەند لە ئاینی جوولەکە و مەسیحیەتدا.......... ٥٥

سێیەم: پاراستنی زمانی عەرەبی.......... ٧٢

چوارەم: بەشداری تایبەتی ئیسلام لە کەلتووری جیهانییدا.......... ٧٥

**بەشی سێیەم: تەوحید بنەمای مێژووە.......... ٨٣**

**بەشی چوارەم: تەوحید وەك دەستپێکی مەعریفە.......... ٩٣**

یەکەم: نا بۆ گومانگەرایی و نا بۆ بڕوای مەسیحییان.......... ٩٥

دووەم: بڕوای ئیسلامی گوزارەیەکی مەعریفییە.......... ٩٩

سێیەم: یەکتابوونی خودا و یەکتابوونی ڕاستی.......... ١٠١

**بەشی پێنجەم : تەوحید: بنەمای غەیب ........................ ١١١**
یەکەم: گەردوونی تۆکمە ........................ ١١٦
دووەم: گەردوونی ئامانجدار ........................ ١٢٥
سێیەم: سروشت وەك موڵکی ڕاستەقینەی خودا ........................ ١٢٧

**بەشی شەشەم : تەوحید بنەمای ڕەوشت ........................ ١٣٣**
یەکەم: مرۆڤنەوازی ئیسلام ........................ ١٣٦
دووەم: ئامانجی دروستکردنی مرۆڤ ........................ ١٤٤
سێیەم: ئەستۆپاکیی مرۆڤ ........................ ١٤٧
چوارەم: ئەفراندن لەسەر شێوەی خودا ........................ ١٥١
پێنجەم: کاراکردن ........................ ١٥٩
شەشەم: ئوممەتبوون و ئوممەتگەرایی ........................ ١٦٣
حەوتەم: جیهانگەرایی ........................ ١٦٧
هەشتەم: ئەرێنی بوونی ژیانی دنیا ........................ ١٧٣

**بەشی حەوتەم: تەوحید بنەمای سیستمی کۆمەڵایەتی ........................ ١٧٩**
یەکەم: ناوازەیی ئیسلام ........................ ١٨١
دووەم: تەوحید و کۆمەڵگەرایی ........................ ١٩٢
سێیەم: چەند ناوەڕۆکێکی تیۆریی ........................ ١٩٥

**بەشی هەشتەم: تەوحید بنەمای ئوممەت ........................ ٢١١**
یەکەم: چەمکی ئوممەت ........................ ٢١٣
دووەم: سروشتی ئوممەت ........................ ٢١٧
سێیەم: دینامیزمە ناوخۆییەکانی ئوممەت ........................ ٢٢٨

**بەشی نۆیەم: تەوحید بنەمای خێزان**........................................**٢٥٩**
یەکەم: ئاوابوونی ئەستێرەی دەزگای خێزان لە جیهاندا.................................**٢٦١**
دووەم: خێزان وەك یەکەی دامەزراندن ...........................................................**٢٦٣**
سێیەم: کێشەگەلێکی هاوچەرخ.................................................................................**٢٦٨**

**بەشی دەیەم: تەوحید: بنەمای سیستمی سیاسی** ...............................................**٢٨١**
یەکەم: تەوحید و جێنشینایەتی.................................................................................**٢٨٥**
دووەم: تەوحید و هێزی سیاسی ..............................................................................**٣٠٤**

**بەشی یازدەیەم: تەوحید بنەمای سیستەمی ئابووریی** ......................................**٣٠٩**
یەکەم: ئەولەویەتی هاوبەشی سەرەکی بۆ ماددی و ڕۆحی .......................................**٣١٣**
دووەم: جیهانگیریی سیستەمی ئابووریی ئیسلامی...................................................**٣٣٢**
سێیەم: ئیتیکی بەرهەمهێنان........................................................................................**٣٣٩**
چوارەم: بنەماکانی ئیتیکی بەرهەمهێنان.......................................................................**٣٤٢**
پێنجەم: ئیتیکی بەکاربەریی .......................................................................................**٣٥١**

**بەشی دوازدەیەم: تەوحید: بنەمای سیستەمی جیهانیی** ....................................**٣٥٩**
یەکەم: برایەتیی جیهانیی.............................................................................................**٣٦١**
دووەم: جەنگ.............................................................................................................**٣٧٤**

**بەشی سێزدەیەم: تەوحید بنەمای جوانیناسی (ئێستاتیکا)** ...................................**٣٧٨**
یەکەم: یەکبوونی هونەریی ئیسلامیی و ئاستەنگەکانی ...............................................**٣٨٠**
دووەم: باڵابوون لە جوانییدا .........................................................................................**٣٨٧**

# پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە لەسەر ژمارەیەك بەڵگەنەویست دامەزراوە، کە تێگەیشتن لێیان مەرجە بۆ حاڵیبوون لـە پرۆژەکـەمان سـەبارەت بـە یەکتاپەرستی و پاساوەکانی. یەکـەمین بەڵگەنەویسـت ئەوەیـە کـە نەتـەوەی ئیسـلام لـە جیهانـدا بـەم واقیعـەی ئێسـتای لــە هەلومــەرجێکی زۆر ناهەمواردایــە، کاتێــك بــەراوردی دەکــەین بــە نەتەوەکانی دیکە.

ئەوەی جێی سەرسوڕمانە، ئەم نەتەوەیە لە ڕووی ژمارەی تاکەکانیەوە زۆرترین و لە ڕووی توانای ماددی و دەوڵەمەندی خاك و سەرچاوەیشەوە، گەورەترینە، جگە لـەوەی توانسـتی لـە نەتـەوەکانی تـر زیـاترە، لـە ڕووی سـامانی هـزرەوە، چـونکە گەورەترین کەلەپووری هەیە و خاوەنی بیرو بڕوایەکی یـەکانگیرە لەگـەڵ سروشـتی خـواکردی مرۆڤـەکان. بـەڵام ئـەم نەتەوەیـە لـە بەرامبـەردا لاوازتـرین پێکهێنـەری سیستەمی جیهانی ئەمڕۆیە و پێگەیەکی نزمی لە پەیکەری ئەم سیسـتەمەدا هەیـە، لــەم ڕوانگەیــەوە، نەتەوەیــەکی پەرتەوازەیــە، لەلایەکــەوە لــە کۆمــەڵێکی وڵاتــی ناسیۆنالسـتی دابەشـبووی پارچـە پارچـە و لـە لایـەکی تـرەوە دەرگـیری نەتـەوە دراوسێکانی بووە، پێکهاتووە...ئەم دەوڵەتانـە تەنانـەت نـاتوانن پێداویسـتیەکانی خۆیـان بەرهـەم بهێـنن و لـە هـەمان کاتـدا کـە ڕووبـەڕووی دوژمـن و نـەیارەکانیان دەبنەوە، توانای بەرگری لە خۆیان نیـە. بـە گوزارەیـەکی دیکـە، ئـەو نەتەوەیـەی پەروەردگار وەسفی کردووە بـە نەتـەوەی میانـە و گەواهیـدەر لەسـەر نەتـەوەکانی دیکە:

﴿وَكَذَلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ وَيَكُونَ الرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا﴾ (البقـرە: ١٤٣) بـە پێچـەوانەی فرمـانی خـوای پـەروەردگار، بووەتـە نەتەوەیەکی گرفتاری وەها کە هەرکەس هات و ڕۆیشت پەلاماری دەدات، وەك چۆن

بخـۆران پــەلاماری تەشـتی خـۆراك دەدەن، بـە جۆرێـك بەشـداریەكی كـەمی لــە سـەردەمی نوێـدا هەیـە، هەرچـەند سـەردەمانێك بەشـداری گرنگـی هــەبووە لــەو هەڵمەتەی مرۆڤایەتی لە سەرزەویدا دژی نەخۆشی و نەداری و نەزانی و خراپەكاریی و ڕق و لاساری ئەنجامیدەدات. بەڵگەنەویستی دووەم: ئەو یاسا خوداییە نـەگۆڕەی نزیكە ببێتە یاسای فەرمانڕەوای مێژووی مرۆڤایەتی لەسەر زەوی و لـە فـەرموودەی خوادا هاتووە: ﴿ذَلِكَ بِأَنَّ اللَّهَ لَمْ يَكُ مُغَيِّرًا نِعْمَـةً أَنْعَمَهَـا عَلَـى قَـوْمٍ حَتَّـى يُغَيِّـرُوا مَـا بِأَنْفُسِهِمْ﴾ (الأنفال: ٥٣).

﴿لَهُ مُعَقِّبَاتٌ مِنْ بَيْنِ يَدَيْهِ وَمِنْ خَلْفِهِ يَحْفَظُونَهُ مِنْ أَمْرِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُوا مَا بِأَنْفُسِهِمْ وَإِذَا أَرَادَ اللَّهُ بِقَوْمٍ سُوءًا فَلَا مَرَدَّ لَـهُ وَمَـا لَهُـمْ مِـنْ دُونِـهِ مِـنْ وَالٍ﴾ (الرعد: ١١)، پراكتیزەكردنی ئەم یاسا گەردونییە بەسەر نەتەوەی ئیسلامیدا، كلیلی ڕاڤەكردنی بەردەوامبوونی دەردەكەیەتی...و دەروازەی دۆزینەوەی هۆكـاری شكستی هەموو هەوڵەكانی ڕیفۆرمە كە تا ئێستا ئەزموونی كردوون.

لە هەمان بواردا دەتوانین لێكدانەوە بكەین بۆ سەركەوتنی ڕێـژەیی ئـەو هەوڵـە ڕیفۆرمخوازانەی چەند بزاڤێكی سەلەفیی ئەنجامیاندا، لـە سـاتەوەختێكی مێـژوویی دوورتردا لـە نیمچـە دوورگـەی عـەرەبی و بـاكووری ئـەفریقا و خۆرئـاوای ئـەفریقا و هیندستان، كاتێك بەراوردیان دەكەین بە هەوڵە ڕیفۆرمـەكانی تـازەتر. پێشـەوایانی بزاڤە ڕیفۆرمخوازەكانی پێشوو، چارەسەری كێشەی دارمانی نەتـەوەیان پـەروەردە كردووە، كـە قـووڵایی ناخیـان بخوێنینـەوە و بـۆ چارەسـەری ڕیشـەیی دەردەكـان بگەڕێن، میانـەڕەوییان وەكـو خەسـڵەتێكی بنـەڕەتی نەتـەوە هاتـە بەرچـاو و بـەم شێوەیە زیادەڕەوییان لە جێگەی دروستی خۆی دانا.

ئـەوان كـە زیـادەڕەویی تەسـەوفیان ڕەتكـردەوە كـارێكی باشـیان كـرد، بـەڵام تووشــی هەڵەیــەكی كوشــندەبوون كاتێــك بــەبێ زەمینەســازیی بــۆ تێگەیشــتن و بەكارهێنانی هۆشیارانە، ئەم دیدگایەی خۆیانیان خستە بەرچاوی نەتەوە و جیهانی

دەرەوەش، سـەرەنجام هـەموو هەوڵـەكان شكسـتیان هێنـا هەرچـەندە بـۆ خۆیـان نیازیان پاك بوو.

هەوڵــەكانی ڕیفــۆرمی نــاو فــەرمانڕەوایی وڵاتــە ناسیۆنالیســتەكانی جیهــانی ئیسلامیش بە پاشایی و كۆماری و دیكتاتۆری و دەستوورییەوە، لە سەردەمی دوای ئیمپریـالیزمی كلاسـیك، تێكـڕا تـەلاری سـەر لم بـوون، چـونكە ئـەم هەوڵانـە بـە دڵسۆزەكانیشـەوە تـەنها دەربەسـتی پێداویسـتە مادییـەكانی نەتـەوە بـوون و لـە پێداویستیە ڕووحیەكان كـە زۆر گـرنگترن خۆیـان گێـل كردبـوو. لـە ئەنجامـدا ئـەم بزاڤانە كۆمەڵگای موسڵمانیان لاوازتر كرد، چونكە لە دەروازەی ڤایرۆسی ڤێزەونـی شۆفینیزمەوە دەستیان پێكرد و هەمان دەردی دێرینی شـعوبیەتیان بـۆ جەسـتەی نەتـەوە هێنایـەوە، كـە بـە درێـژایی مێـژوو پێـوەی گرفتـار بـوون و ڕووبـەڕووی بوونەتەوە. ڕەنگـە كەسـێك بڵـێ: بیروبـڕوای ناسـیۆنالیزم لـە ئـەوروپا سـەركەوتوو بـووە، بـەڵام ڕاسـتیەكەی ئـەم سـەركەوتنە زۆری نەخایانـدووە و بـە دڵنیاییـەوە ئەستێرەكەی ئاوا بووە.

سەركەوتنی كەم خایەنی ئەم بیروبڕوایە لە ئەوروپا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بزاڤی ڕیفۆرمی پڕۆتستانتی، كە دەسەڵاتی كڵێسای داڕماندو هـۆش و ویـژدانی خۆرئـاوای تووشی گومان كرد، سەبارەت بەم دامەزراوە سوڵتەگەرە پاوانخوازە. لەبەرامبـەردا موسڵمانی ڕەها لەم دامەزراوە ئاینییە پاوانخوازە كـە هـەڵگری بڕوایـەكی جـێگیری یەكتاپەرسـتییە و بـڕوای بـە خودایـەكی تـاك و تـەنهای بـێ وێنـە و بەرنامەیـەكی نـاوازەی لـە بـەرگری ڕواڵـەت و نـاخ و لایەنـەكانی ڕەفتـار هەیـە، نـەیتوانی لەگـەڵ چەمكی ناسیۆنالیزم بگونجێت، چ جای ئەوەی خووی پێوە بگرێت و بەردەوام بێت لەسەری. هەر ئەمەش هۆكار بوو، كە هەر موسڵمانێك لە سەرەتاوە پشتگیریی لـەو سەركردانە دەكات كە دوو چەمكی "ناسیۆنالیزم" و "الله اكبر" گرێ دەدەن، بەڵام

زۆری پێ ناچێ، کە هیچ گرنگییەکیان پێ نادات، کاتێك دەبینێ ئەم تێهەڵکێشە لە سیمای سەرکردەدا کاڵ بۆتەوە.

هەموو بزاڤە ڕیفۆرمخوازە نەتەوەییەکان لە دووبارە بنیاتنانەوەی مرۆڤدا شکستیان هێنا، لەبەرئەوەی هەر هەموویان ئەو ڕوانینە دروستەیان نەبووە کە هۆکاری تەنگژەکانی ئێستای موسڵمانان دیاریبکەن، لە هەمان کاتدا پڕۆژەکانی مۆدێرنیتەش کورتیان هێناوە، چونکە ئەمانیش ڕووە و خۆرئاوان و کەلێنێك لە نێوان موسڵمانان و ڕابردوویاندا دەخولقێنن و وێنەیەکی شێوێنراو لە مرۆڤی خۆرئاواییان بۆ کۆپی دەکەن.

بزاڤە ڕیفۆرمخوازە تازەترەکانیش لە کەمترین ڕیفۆرمی بزاڤە بەراییەکانی ڕیفۆرم کە پێشەواکانی سەردەمی نوێ هێنابوویان، بەهرەمەند نەبوون، لە ئاستی پاڵفتەکردنی ڕوانگەی گشتی و بنەڕەتی ئیسلامی، لە تەپوتۆزی خورافات و نەزانین... لە باتی ئەوە دەستیان کرد بە چاولێکەری خۆرئاواییان، سووکایەتیان بە ئاین و بانگەشەیان بۆ تێپەڕاندنی ئاین کرد. کاتێك پابەند نەبوون بە مەرجەکانی گۆڕانکاریی و بارودۆخەکەی، دیمان کە ئەم نەتەوە جیهانیە لەسەر داڕمان و دابەزین بەردەوام بوون.

بزاڤی برایانی موسڵمان ویستی پردێك لە نێوان ڕابردوو و ئێستای نەتەوە دروست بکات لەسەر ئەزموونی سەد ساڵەی بزاڤە ئیسلامیە ریفۆڕمخوازەکانی پێش دروستبوونی خۆی. هەرچەندە سەرەتاکەی شاکارو موژدەبەخش بوو، بەڵام ئەمیش نەیتوانی بە هەمان ئاستی دەستپێکردنی دامەزرێنەرەکەی لە ڕەوتەکەی بەردەوام بێت، بەڵکو ڕێگەی بەخۆی دا بخزێتە ناو قوڕ و لیتەی چەند شەڕێکی لابەلای شکستخواردووەوە. ئەمەش بۆ خۆی گوناهی بچووکی ئەم بزاڤە بوو، گوناهە گەورەکەی ئەوەبوو کە نەیتوانی دیدگایەکی گشتی گەردوونی لەسەر ئیسلام گەڵاڵە بکات، کە پەیوەندی ئیسلام بە هەموو ساتێکی ژیانی مرۆڤ و هەموو ڕەنگەکانی

چالاکی مرۆڤی هاوچەرخ بەرجەستە بکات. ئەم دیدگا گشتگیرە لە هزری شێخ حەسەن بەننادا دەرکەوتبوو، بەڵام لە هزری سەرکردەکانی نەوەی دووەمی دوای ئەو ئەندازەیەك ناڕوونی و ئاڵۆزیی بەسەردا هات.

بەداخەوە ئەو بیرمەندە گەورە موسڵمانانە خۆیان بە شتی ترەوە سەرقاڵ کرد کە جیابوون لەو دیدگا گەردوونیە ئیسلامیە و ئەرکی خۆیان جێبەجێ نەکرد، کە بریتی بوو لە تەواوکردنی پرۆسەکەی پێشەوا حەسەن بەننا، واتە گشتاندنی ئاگاهی ڕیزەکانی ئوممەت لەسەر بنەماکانی ئیسلام و ڕوونکردنەوەی شایستەبوونی ئەم بنەمایانە بۆ ئەوەی ببنە بنەمای بوونی مرۆڤ لەم سەردەمە و بە نەرمیش بمێنێتەوە.

بەکورتی ئەم بزاڤە لە ڕووی ژمارەی ئەندامانیەوە گەشەی کرد، بەڵام لە ڕووی قوڵبوونەوەی هزرەوە نا، کە هەر ئەمە مەرجی گۆڕینی حاڵی ئوممەتە وەکو خوای پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا ڕوونیکردۆتەوە.بەڵگەنەویستی سێیەم و کۆتایی کە ئەم توێژینەوەیەی لەسەر بنیات دەنرێت، ئەمەیە کە نەتەوەی ئیسلامی جیهانی یەککگرتوو، ڕاناوەستێت و خەسڵەتی میانەیی خۆی وەرناگرێتەوە جگە بە ئیسلام.

چونکە هەر ئیسلام بە درێژایی زیاتر لە چواردە سەدە پاساوی بوونی بووە و هەر ئیسلامیش دەرخەری نیشانەکانی کەسێتی بووە و هەر بەویش لە سەردەمەکاندا چارەنووسی دیاریکراوە. هەر کاتێك موسڵمان خۆی بەجێنشین لەسەر زەوی و فەرمانبەری خودا زانی، ئەوسا دەبێتە بزوێنەری ڕەوتی مێژووی مرۆڤایەتی. ڕێکردن بە دیدگای ئیسلام و پابەندبوونی دروست پێوەی تەنها مەرجی بنەڕەتییە بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت بەرپرسانە مامەڵە لەگەڵ تێکڕای فاکتەرەکانی کات و شوێن بکات، مرۆڤی موسڵمان دەست دەخاتە دراوەکانی کات و شوێن، چ ماددی بن، یان دەروونی، یان کۆمەڵایەتی و رووحی، کە هەر هەمووشیان یاسای گەردوونیان هەیە.

لەو ڕووەوە کە بە فەرمانی خودا جێنشینە لە زەویدا، ئەمە مافی ئەوەو لە هەمان کاتدا ئەرکی سەر شانیەتی. بۆ ئەوەی ڕەوتی ئەم دراوانە بەو شێوەیە ئاڕاستە بکات کە نموونە خوداییەکە بەدی بهێنێت سەبارەت بە ژیانی مرۆڤ لەسەر زەویدا. ئا لێرەدا موسڵمان دەستی دەبێت لە دووبارە داڕشتنەوەی کات و شوێن، تا جارێکی تر بنیاتیان بنێت نەك لێیان ڕابکات، یان دەستبەرداریان بێت، بەو شێوەیەی کە هیندۆس و بووزییەکان حەزیان لێیەتی.

موسڵمان لە پڕۆسەی دووبارە بنیاتنانەوەی کات و شوێندا ئامانجی ئەوەنیە کە خواستی داهێنەرانەی خۆی تێر بکات، بەڵکو دەیەوێ وەڵامدەرەوەی ویستی خودای گەورە بێ لە بوونەوەردا. لەسەر ئەم بنەمایە کاری بنیاتنانەوە دەبێتە پەرستش و فەرمانبەرداری بۆ خودا و نابێتە پرۆسەیەکی داگیرکردنی سروشت و ملکەچکردن و ڕووبەڕووبوونەوە بەو شێوەیە کە مرۆڤی غەربیی پرومیسۆس[1] ئاسا ڕەفتاری لەگەڵ دەکات.

بەم دیدگا گەردوونییە تاکی موسڵمان خۆی لە سێ دەرد دە پارێزێت:

**لافی ئەوەی کە توانای ملکەچکردنی سروشتی هەیە.**

**لەخۆبایی بوون بە هێز و توانا لەکاتی سەرکەوتندا.**

**نائومێدی و هەست بە لاوازی لە کاتی شکستدا.**

کاکڵەی مەبەستی ئەم کتێبە بریتیە لە پێناسەکردنی ڕوانگەی ئیسلام لەسەر بوون، بۆ لاوانی موسڵمان. بەو هیوایەی تۆکمە و هۆشیار بن و بەم ڕوانگەوە لەسەر

---

[1] فارووقی (خوا لێی خۆش بێت)، ڕەگ و ڕیشەی عەقڵی هاوچەرخی خۆرئاوا دەباتەوە بۆ ئەفسانەکانی کۆنی یۆنان، کە چەند خواوەندێك بەردەوام شەڕیانە، لەنێوان مرۆڤ و خواوەندادا شەڕ هەیە، لە ئەفسانەیاندا هاتووە کە پیرۆمیسۆس ئاگری لە خواوەندەکان دزییوە و هێمایەکە بۆ زانست و مەعریفە و داویەتی بە مرۆڤ و خراپ دابەشکردنێك هەیە، کە ئێسقان بۆ خوداکانە و گۆشتیش بۆ مرۆڤ (وەرگێڕ).

ڕێگای ڕیفۆرمی ڕاستەقینەی گیان ببزوێن و توانای نوێگەرییان هەبێت بۆ ئەو ڕوانگە هزرییە بەراییانەی پێشەوایانی بزاڤی پێشینخوازی وەکو محەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب، محەمەدی کوری ئیدریسی سنووسی و حەسەن بەننا و هاوچەشنەکانیان.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە هەمان کاتدا ڕۆشنایی دەخاتە سەر پەیوەندی بەتینی نێوان ئیسلام و هەموو بوارەکانی هزر و چالاکی مرۆڤ. بەڵگەش دەهێنێتەوە بەوەی کە تەنها یەکتاپەرستیە کە دەبێتە ناوەڕۆك و بنەمای هەر بەرنامەیەکی ڕیفۆرمخواز لە هەر بوارێکدا، چونکە یەکتاپەرستی ماك و ناوەڕۆکی ئیسلامە و هیچ بزاڤێکی ڕیفۆرمخواز سەرکەوتوو نابێت، ئەگەر لە یەکتاپەرستیەوە دەست پێ نەکات.

لەم ڕوانگەیەوە "یەکتاپەرستی" بووە ناونیشانی ئەم کتێبە، یەکتاپەرستی وەك ناوەڕۆکی ئەو پەیوەندییە بەهێزەی لە نێوان ئیسلام و هەموو بووندا بە هۆشمەند و ناهۆشمەندەوە هەیە. لە خوای گەورە دەپاڕێمەوە کە ئەم کارە و ئەم بەشدارییە سادەیە لە یەکێك لە بەندەکانی وەربگرێت، سەبارەت بە گەورەترین بابەتی هزری مرۆڤ و خوێنەریش بۆ تێگەیشتن لە ڕاستی خودایی یاریبدات.

هیوادارم ئەم کتێبە ڕۆڵی هەبێت لە بەدیهێنانی ئەم ئامانجە لەسەر هەردوو ئاستی: پاکبوونەوە لە هەر شتێك بێگانەیە بە یەکتاپەرستی و ڕازاندنەوە بە ڕوونکردنەوەی گەوهەری یەکتاپەرستی و ناوەرۆکی ڕاستەقینەی خوای گەورە، ئەم لێکۆڵنەوەیە بکاتە ئامڕازێك بۆ ئەوەی ئوممەت مەرجی گۆڕانکاریی دەستەبەر بکات.

**ئیسماعیل فاروقی – زانکۆی تەمبل**

**زولحەججەی ١٤٠٢ هـ / تشرینی یەکەمی ١٩٨٢.**

# بەشی یەکەم
# یەکتا پەرستی ؛ کاکڵەی ئەزموونی ئاینی

## یەکەم: یەکتا پەرستی وەك ئەزموونێکی ئاینی:

چەمکی "پەروەرێن" ناوکی ئەزموونی ئاینییە، یەکەمین پایەی ئیسلام "لا الە الا الله"یە، سەنتەربوونی چەمکی "خودا" بۆ موسڵمانان نمایش دەکات، لە هەموو شوێن و کار و هزر و کارێکدا. ئاگاهی موسڵمان بەردەوام لێوانلێوە لە بوونی خودا و هەر ئەم بوونە لە خاتریایەتی، ئەو پرسیارەی لەسەر ئەمە دروست دەبێ ئەمەیە:

ئەم سەنتەر بوونە بە چ مانایەکە؟ لەگەڵبوونی خودا بەو هەموو شکۆیە چۆن موسڵمانی خستۆتە ژێر ڕکێفیەوە؟ فەیلەسوفان و پیاوانی ئاین بە درێژایی چەندین سەدە مشتومڕیانە و دەیانەوێ وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە، لوتکەی مشتومڕیان بریتییە لە تێزەکانی غەزالی و ئیبن سینا.

فەیلەسوفان گەیشتن بەو بەڵگەیەی کە خزمەت بە ڕەوتی پەیدەرپەی بوونی سیستەمی گەردوون دەکات و جەختیان کردەوە لەوەی کە جیهان کۆمەڵەیەکی گەردوونیی تەواوکار و هەماهەنگە و یاسامەند و بەرنامەدارە، هەر شتێك بە بوونی هۆکار و پاساوەکانی ڕوودەدات و مەحاڵە هۆکارەکانی ئەنجام و کاریگەری گونجاوی خۆیانیان نەبێت. فەیلەسوفانی موسڵمان بەم دیدگایەوە بوونە میراتگری کەلەپووری ئاینی و فەلسەفەی دێرین لە یۆنان و میزۆپۆتامیا و میسری کۆن.

خودی ئەفراندن بەپێی ئەم ڕوانگە فەلسەفییە، گواستنەوەیە لە دۆخی هەیوولایی "مادیی ڕووت"ەوە بۆ دۆخی گەردوونی هەماهەنگ و ڕێکخراو.

لەم دیدگایەدا موسڵمانان ئەو بەشەیان وەرگرت کە باس لە باڵابوونی هزر دەکات کاتێك پەیوەست دەبێت بە بەهرەی پەروەردگار و ڕەهابوونی ئەو کە هەموو شتێکی دیکە بەجێدەهێڵێت و هاوشێوەی هیچ شتێکیش نیە، بەڵام هەرگیز ئەو بیرۆکەیان قەبووڵ نەبووە، کە هیچ جۆرە پێکڤەبوونێك لە نێوان خودا و دروستکراوەکانیدا هەبێت و بڕوایان بە جودایی ڕەهای خودا و گەردوون هەبووە.

لــه بەرامبــەردا پیــاوانی ئــاینی ئیســلام، ترســان لــەوەی جەختکردنــەوەی فەیلەسوفانی موسڵمان لەسەر جێگیربوونی سیستەمی بوونەوەر و هەژمارکردنی بـە پەیوەندییەکی حەتمی نێوان هۆکار و بەرکار "العلة والمعلول" لە شکۆی زاتی خودا کەمبکاتەوە و لە هۆشی موسڵماندا ببێتە بوونێکی بێ فـەرمان، واتـە خودایـەك کـە هیچ لەوانی ئەفراندنی بوونەوەر و دانانی یاساکانی بـەو شـێوەیەی وەك کاتـژمێرێك کار بکات و یاسای سـەبەبیەت لـە هـەموو شـتێکدا فـەرمانڕەوا بێـت، هـیچ ڕۆڵێکـی نەبێت.

پیاوانی ئاین ناهەقیان نەبوو کە مەترسییان هەبوو لە جیهانێکی لـەو شـێوە کـە هــەموو شــتێکی بــەپێی هۆکارێــك ڕوودەدات و هۆکارەکــانیش سروشــتین، واتــە لەخۆیــەوە هــاتوون و لــە چوارچــێوەی خۆیــدان، ئــەم جیهانــە ببێتــە جیهــانێکی میکانیکی و خودبزواو، کە هـیچ پێویسـتی بـە خودایـەکی ڕاگـر و پـارێزەر نـەبێت. بێگومان وێنایەکی لەو شێوەیە سەبارەت بە خودا، هەستی ئاینی مرۆڤ تێر ناکـات، چونکە خودا یا دەبێت ئەو ئەفرێنەرە بێـت کـە هەرچـی لـە بوونـدا هەیـە پاسـاوی بوون لەو وەربگرێت و هەموو شتێك بە فەرمانی ئەو ڕووبدات، یان دەبێت بە ڕەهایی وەسـفی خـودایی هــەر نــەبێت. پیــاوانی ئــاینی بەڵگــەیان هێنایــەوە کــە وێنــەی فەیلەسوفان لەسەر خودا دوورە لە ڕاستیەوە، چونکە لەم وێنەیـەدا خـودا هـیچ لـە ڕووداوەکانی بوونەوەر نازانێ و ناشتوانێ داهێنەریان بێ و کۆنترۆڵیان بکات، یاخود بڵێین ئەو خودایـەکی تـری لەگەڵدایـە کـە دەسـەڵاتدارە بەسـەر بوونـدا و هـەر ئـەو هۆکاری ڕاستەقینەیەتی.

لەسەر ئەم بنەمایە پیاوانی ئاین وێنای فەیلەسوفانیان لەسەر خودا ڕەتکـردەوە و بنەمایەکیان داهێنا بە ناوی: ئەفراندن (الاحداث). نـاوەڕۆکی بـیردۆزەی دامـەزراو لەسەر ئەم بنەمایە بریتیە لەمە: خوداوەند لە هەموو ساتێکی جیهان نوێ دەکاتەوە و بە خواستی ئەو هـەموو شـتێك ڕوودەدات.. کەواتـە سیسـتەمی جیهـان لـە لایـەن

هۆکارمەنـدی ڕووت (السـببية المحضـة)وە کـۆنترۆڵ ناکرێـت، بـەڵکو متمانـە بـەو ڕاستیەی کە خودا بەندەکانی خۆی ڕێنمایی دەکات بۆ ناسینی دەرەنجامی دروستی هەر هۆکارێکی دروست، چونکە خوداوەند، دادگەرە و لەسەر ڕاستە ڕێیەو ڕازی نیە بەوەی بەندەکانی گومڕا بن.

کاکڵەی ئەم بۆچوونە ئەوەیە، کە بنەمای هۆکاربەندی وا لە ژێر فرمـانی ویسـتی ئیلاهیدا، کە بەردەوام ئامادەیە و یەکانگیرە لە تەکیدا. بەم بۆچوونە پیـاوانی ئـاین فەیلەسووفانیان دەمکوت کرد. لە پشت ئەم دیدگایەی پیـاوانی ئـاینی ئیسـلامەوە، ئەزموونێکی ئیسلامییانە بە شاراوەیی هەیە، کە بۆ خودای تاك و تەنها وەکو تـاکی ڕەهاو هۆکاری یەکەمین و کۆتایی دروستبوونی بوونەوەر، ناڕوانێت، بەڵکو خودا بە کاکڵەی پێوەر بوون لە هەموو گەردووندا پێناسەی دەکات. ئەمەیە ئەو ڕەهەنـدەی چەمکی خوداوەند کە لە تیۆری فەیلەسوفاندا زۆر بە کەم بایەخ سەیر کراوە، گوایە خودا جیهانی درووست کرد و ئیتر کاری ئەفراندنی ئەو کۆتایی هاتووە، کە ئەمەش کرۆکی ڕەتکردنەوەی کەلێن و عەیبەکانیەتی لەلایەن موسڵمانانەوە.

جێکردنەوەی پێوەربوون لە چەمکی خواوەنددا واتە هەر ئەو خاوەنی فـەرمان و دەسـتوورە و بوونـەوەر بـەڕێوە دەبـات و ئاگـاداری بوونـەوەر و هـەموو بـزاڤ و و نـەبزاوتن و کردارێکـە تیایـدا، وەك ڕاسـتیگەلێکی گومـان هەڵنـەگر، واتـە بناغـەی بەهاداربوونی هەر کردەیەکی مرۆڤ وا لە گـرەوی پـەیڕەویکردنی خواسـت و ویسـتی خوداوەند بەپێی توانا. هەر خواستی خودایە کە بۆ مرۆڤ بایستەکانی بوونی دیاری دەکات، تەنانەت لەو حاڵەتانەشدا کە هیچ ئەرك و فرمانێکی لەسـەر دروسـت نـابێ، خوداوەند هەرچەند ڕەها و نادیاریشـە، بـەڵام هـەرگیز لـە بـەهادارەکان دانابڕێـت و ناکرێت حساب بۆ ئەو بەهایانە بکرێت و خوداوەند نادیدە بگیرێت، واتـە ئەگـەر بـۆ مرۆڤی موسڵمان بڕەخسێت گوتەزای "بایەخی زانین و ناسین" لێرەدا بەکاربهێنێت، دەبینین بە زمانی حاڵ باس دەکات لە ڕۆڵی کاریگەری خوداوەندی نادیار و غەیبی،

له نرخدان و بایەخدان، چونکە هەر ئەو بۆ خۆی سەرچاوەی فـەرمانی ئەفراندنـە و هەر ئەویش خولْقێنەری پاڵنەربوون و پێوەربوونیشە.

هەموو کۆتاییـەکان بـۆ لای خودایـە، واتـە هـەموو پەیوەنـدی و ئامانجـەکان لـە بووندا بۆ لای خوداوەند دەڕۆن و جێگیر دەبن، هەموو شتێك لـە بوونـدا هـەوڵی بـۆ دەدرێ، لەبەر شتێکی تر، شتەکەی تریش هەوڵی بـۆ دەدرێ لەبـەر شـتی سـێیەم، ئیتر بەم شێوەیە ئەم زنجیرە پەیوەندییە پێکبەستراوە بەردەوام دەبێت تا دەگاتە ئامانجی کۆتایی، کە بۆ خۆی ئامانجە نەك بـۆ شـتێکی دیکـە... خـودای گـەورەش هـەمان ئامـانجی کۆتاییـە.. کـە هـەموو ئامانجـەکان لای ئـەون و کۆتـایی هـەموو ئامانجەکان و کۆتا مەبەستەکانی بوونـەوەر لـەلای ئـەوە. خوداوەنـد بـە پێـی ئـەم بۆچوونە سەرچاوەی هەموو خێر و فەڕێکە لە بووندا. جا ئەگەر مرۆڤـ ئەم ئامانجـە ڕەها و باڵایە ڕەچاو نەکات، ئـەوا هـەموو گـرێ و ئەڵقـەکانی بـە بـەها پەیوەنـدی و ئامانجەکان لێك هەڵدەوەشـێن و ئەرکـەکانیان لـە دەسـت دەدەن، چـونکە بنـەمای بەهای هەموو ئەو ئەڵقـە و زنجـیرە پەیوەندییانـە بریتییـە لـە پەیوەسـتبوونیان بـە بەهای ڕەهای باڵاوە، لەسەر ئەم وێناکردنە بۆ خوداوەند کە ئامانجی کۆتا و ڕەهایە و سەرچاوەی هەموو بنەمایەکی بایەخییە لە بووندا، ئەو بڕوایـە دروسـت دەبـێ کـە خوداوەند تاك و تەنها و بێ وێنە و پەنا بۆ براوە و هیچ هاوچەشنێکی نیە.

بێگومان لە نەبوونی ئەم مەرجـەدا دیسـانەوە دەرگـا دەکرێتـەوە بـۆ وروژانـدنی پرسی بوونێکی یەکەمینی دیکە، یان خودایەکی دێرینی دیکە لە بووندا و لە پێشـتر و باڵابوونی یەکێکیان بەسەر ئەوی تردا، بۆیە دەبێت کۆتا ئامانج تاقانە و بێ وێنـە بێت، ئەم قسەیە بەسەر کۆتا هۆکاریشدا ڕاسـت دێتـەوە کـە لـە زنجـیرەی هۆکـارە وابەستەکاندا هەیە.

کرۆکی کۆتا بـوون ئەوەیـە کـە نـابێ "کۆتـا = الآخـر" پشـت بـە غـەیری خـۆی ببەستێت. لەم بارەوە قورئان ڕوونکردنەوەیەکی تەواوی هەیە: ﴿لَوْ كَانَ فِيهِمَا آلِهَـةٌ إِلَّا اللَّهُ لَفَسَدَتَا فَسُبْحَانَ اللَّهِ رَبِّ الْعَرْشِ عَمَّا يَصِفُونَ﴾ (الأنبياء: ٢٢).

ئەم یەکتابوونە تەوحیدییە هەر ئەوەیە کە موسڵمان جەختی لەسـەر دەکاتـەوە کاتێك لە شایەتووماندا دەڵێـت: "لا الـه الا الله"، بـەڵام بیرۆکـەی داننـان بـە بـوونی خودایـەك لـە بوونـەوەردا موسـڵمان ئەڵقەیـەکی تـازەی جێگیرکردنیـەتی، شـایەتی قورئان لەسەر هەردوو ڕەهەندی ئەم ڕاستیە چەند ئایەتێکە:

﴿وَمَا أَرْسَلْنَا مِنْ قَبْلِكَ مِنْ رَسُولٍ إِلَّا نُـوحِي إِلَيْـهِ أَنَّـهُ لَـا إِلَـهَ إِلَّـا أَنَـا فَاعْبُـدُونِ﴾ (الأنبياء ٢٥). ﴿إِنَّا أَرْسَلْنَاكَ بِالْحَقِّ بَشِيرًا وَنَذِيرًا﴾ (فاطر: ٢٣).

﴿وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ فَمِنْهُمْ مَنْ هَـدَى اللَّهُ وَمِنْهُمْ مَنْ حَقَّـتْ عَلَيْـهِ الضَّـلَالَةُ فَسِـيرُوا فِـي الْـأَرْضِ فَـانْظُرُوا كَيْـفَ كَـانَ عَاقِبَـةُ الْمُكَذِّبِينَ﴾ (النحل: ٣٦).

ئەو بڕوا تازەیەی کە دیدگای ئیسلامی هێناویەتی، بریتی نیە لە بـڕوا بـە بـوونی خودا، بەڵکو بڕوا بە یەکتایی و بێ وێنە بوونی خودا و دووبارە ڕێگرتن لە بتپەرستی و هـەموو شـێوەکانی دەزگـا تەقلیدیـەکانی لادەر لـە یەکتاپەرسـتی پاڵفتـە، لـە سەردەمێکدا کە بڕوا بە سێ خودا و دوو خودا بەربڵاوبووە و بڕوا بـە یەکتاپەرسـتی لـە ئاگـاهی ئـاینی خەڵکـدا لاوازبـووە. بـۆ ئـەوەی ئاگـایی ئـاینی بـۆ هەمیشـە لـە هاوتاپەرسـتی پـاك بێتــەوە، ئیسـلام لــە بــەکارهێنانی دەسـتەواژەکانی زمانــدا وردەکاری زۆری کردووە، بە جۆرێك کە شیاوی هەموو ئەو زانیارییانەبێت کە لەسەر خواوەند هەیەتی، خواوەندێکی تـاك و تـەنهای بـێ وێنـە و تەنانـەت کـەم وێنـەش، خوای گەورە لە بارەی خۆیەوە دەفەرموێت: ﴿فَاطِرُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ جَعَلَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجًـا وَمِـنَ الْأَنْعَـامِ أَزْوَاجًـا يَـذْرَؤُكُمْ فِيـهِ لَـيْسَ كَمِثْلِـهِ شَـيْءٌ وَهُـوَ السَّـمِيعُ الْبَصِيرُ﴾ (الشورى: ١١).

فەرمانی داوە بە پێغەمبەر و هەروا بە مرۆڤایەتی: ﴿قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ (١) اللَّهُ الصَّمَدُ (٢) لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ (٣) وَلَمْ يَكُنْ لَهُ كُفُوًا أَحَدٌ (٤)﴾ (الاخلاص: ١ – ٤).

بەم شێوەیە ئەو دەستەواژانەی باس لە خواوەند دەکەن پاکبونەوە لە وشەکانی: باب، کوڕ، ڕزگارکەر، تکاکاران و هاوشێوەکانیان و جەخت کرایەوە لەسەر یەکتابوون و تێپەڕبوونی ڕەها واتە خوای گەورە جیایە لە غەیری خۆی و هەرچی لە بوونەوەردا هەیە بە جۆرێك کە هیچ مرۆڤێك ناتوانێ لافی پەیوەندیەك لێ بدات کە بە تەنها ئەو لەگەڵ خودا هەیەتی و مرۆڤەکانی تر نییانە.

ئیسلام بڕیاریدا کە هەموو مرۆڤەکان و دروستکراوەکان، لە بەرامبەر خودا یەکسانن و لە ڕووی بنەماوە هیچ مرۆڤێك و دروستکراوێك بە خۆی و بە کردەوەی لە هاوڕەگەزی خۆی مسقاڵە زەڕەیەك بە خودای گەورە نزیکتر نیە. هەرچی لە بوونەوەردایە، دروستکراوێکە لەسەر هێڵی جیاکەرەوەی نێوان سروشت و بالاّ ڕاوەستاوە، بەپێی ئەو بنەما بەراییەی کە تەنها بوونی خودا تاك و تەنها و بالاّترین بایەخە و کۆتا ئامانجە.

ئەڵبەتە تێگەیشتن لەم پەیوەندییەی نێوان تاك و تەنهایی خودا و ژیانی ئاینداریی مرۆڤ ئیجگار ئاسانە، چونکە دڵی مرۆڤ ڕەنگە بەردەوام جێگەی چەند پەرستراوێکی دیکەی تیا ببێتەوە کە پلەیان نزمترە لە خواوەند، ڕەنگە هیوا گەلێکی فرە پلە بەسەر نیازی مرۆڤدا باڵ بکێشێت بە شێوەیەکی نیمچە بەردەوام، بەڵام وەکو کانت فێری کردووین بەرزترین نیاز ئەوەیە کە پاکترین بێت، واتە لە هەر پاڵنەرێکی ماددیی، ڕزگار و ڕەها بێت. لە بەرامبەردا ئیسلام فێری کردووین کە پاکترین نیازی مرۆیی ئەوەیە کە هەر خواست و مەبەستێکی تری لێ داماڵرابێ و ڕۆشتبێ، واتە جگە لە خودا بیر لە هیچ شتێك نەکاتەوە.

مادام خواوەند جەوهەر و ماکی پێوەربوونە و ئامانجی بەها و پێویستە بۆ خودی خۆی، کەواتە تا ژمارەیەك ئافەریدە بوونیان نەبێ ڕووی گوتاریان بەم پێوەر

بوونە لێ نەکرێت، ناشێت بیر لە خواوەند بکرێتەوە، بە واتایەکی تر پێوەربوونی خودا چەمکێکی پەیوەندییە بە شێوەیەک کە بوونی ئەو پێویستی بە چەند مەخلوقێك هەیە کە لە فەرمان و ڕێگرتن تێبگات و لێی شارەزا بێت و بتوانیت بەدی بهێنێت. پەیوەستبوون شتێکە و ڕێژەییبوون شتێکی جیاوازی دیکە و هەرگیز نابێ خراپ لێی تێبگەین و هەرگیز ئەو مانایە هەڵناگرێت کە خوا پێویستی بە غەیری خۆی هەبێ، یان پێویستی بە مرۆڤ و بە جیهانی مرۆڤ هەبێت، لەبەر ئەوەی خواوەند لە ڕوانگەی ئیسلامەوە بێنیازە لە هەموو ئافەریدەکانی و خودی خۆی بەسە، بەڵام ئەم بێ نیازییە خودییە، ناتەبا نییە لەگەڵ ئەوەی بوونەوەر لە ژێر فرمانی یاسا و ڕێسای گەردوونی خواییدا بێت، کە مرۆڤ لێیان تێبگات و شارەزای داخوازییەکانی بێت.

پوختەی قسان کۆبەندی ئەزموونی ئایینی ئیسلامیی سەرقاڵی خواوەندێکی تاك و تەنها و تاقانە و پەنا پێبراوە، کە هیچ هاوتا و هاوشێوەیەکی نیە و هیچ کەسێك ناتوانێ ڕێگری ویستەکانی بێت، خواوەندێك کە ڕێنمایی ژیانی مرۆڤ دەکات لەسەر زەویدا. دەربڕینی قورئانی پیرۆز بۆ ئەم ڕاستییە دڵڕفێنە، کاتێك ئەو دیمەنەمان پیشان دەدات کە خوای گەورە خواستی خۆی بۆ فریشتەکان نمایش دەکات کە دەیەوێت زەوی بخوڵقێنێ و جێنشینێکی تیادابنێ کە بە ویستی ئازاد، ویستی خواوەند وەڵام بداتەوە. فریشتەکان لە وەڵامدا دەڵێن: ئەم جێنشینە ئازاد و خاوەن ویستە ڕێی تێ دەچێ لە زەویدا کوشت و بڕ بکات و خوێن بڕژێنێت، بەڵام ئەمان وەك فریشتە هەرگیز لە فرمان و بڕیاری خوا دەرناچن و هەموو فەرمانێك جێبەجێ دەکەن و سەرقاڵی تەسبیحات و پاکڕاگرتن و پاکزانینی زاتی خودان.

بۆ ڕەتکردنەوەی ئەم بەراوردەی نێوان فریشتەکانی سەر ڕاستەڕێ و ئەم جێنشینە، پەروەردگار ڕوونکردنەوەی یەکلاکەرەوەمان دەداتێ.

خودا زانایه بەوەی فریشتەکان نایزانن، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَةً﴾ (البقرة: ٣٠).

ئاشکرایە مرۆڤ ئافەریدەیەکی ئازادە و تاوانیش ئەنجامدەدات..، بۆ خۆی جێبەجێکردن لە حاڵێکدا کە دەتوانێت ئەنجامی نەدات، ئاستێکی بەرزتر و شکۆدارتری بەجێگەیاندنی خواستی ئیلاهییە. ڕوونکردنەوەی بەڵگەی فریشتەکان کە گوایە ئەوان بەرزترن لەو کەسەی کە ڕەنگە هەڵە بکات، کە لێی ورد دەبینەوە لەبەرئەوەیە کە فریشتەکان ئازاد نین هەتا فرمانی خوا پشتگوێ بخەن. قورئان بە ڕوونی تیشکی خستۆتە سەر ئەم بایەخەی ئازادی مرۆڤ کاتێك ڕوونیدەکاتەوە کە تەنها مرۆڤ سپاردەی هەڵگرتووە و لە بەرامبەردا ئاسمانەکان و زەوی و کێوەکان نەچوونە ژێر باری، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّا عَرَضْنَا الْأَمَانَةَ عَلَى السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَالْجِبَالِ فَأَبَيْنَ أَنْ يَحْمِلْنَهَا وَأَشْفَقْنَ مِنْهَا وَحَمَلَهَا الْإِنْسَانُ إِنَّهُ كَانَ ظَلُومًا جَهُولًا﴾ (الأحزاب: ٧٢).

ئەو سپاردە و ویستە پیرۆزەی کە ئاسمان و زەوی نەچوونە ژێر باری تەنها و تەنها ئەو یاسا ئاکارییەیە کە لەسەر بنەمای ئازادی جێنشین ڕوونراوە، بەڵام ویستی خوا سەبارەت بە ئاسمان و زەوی، لە فرمانی خودایی گەردوونیدا بەرجەستە دەبێ واتە ئەوەی کە پێی دەڵێین: بەڵگەنەویستەکانی یاسای سروشتی.

نمونەی قورئانی بۆ ئەمە، فەرموودەی خوایە: ﴿وَمَا مِنْ دَابَّةٍ فِي الْأَرْضِ إِلَّا عَلَى اللَّهِ رِزْقُهَا وَيَعْلَمُ مُسْتَقَرَّهَا وَمُسْتَوْدَعَهَا كُلٌّ فِي كِتَابٍ مُبِينٍ﴾ (هود: ٦).

هەروەها فەرموویەتی: ﴿وَالشَّمْسُ تَجْرِي لِمُسْتَقَرٍّ لَهَا ذَلِكَ تَقْدِيرُ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ (٣٨) وَالْقَمَرَ قَدَّرْنَاهُ مَنَازِلَ حَتَّى عَادَ كَالْعُرْجُونِ الْقَدِيمِ (٣٩) لَا الشَّمْسُ يَنْبَغِي لَهَا أَنْ تُدْرِكَ الْقَمَرَ وَلَا اللَّيْلُ سَابِقُ النَّهَارِ وَكُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحُونَ﴾ (یس: ٣٨ – ٤٠).

هەروەها: ﴿إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ﴾ (القمر: ٤٩).

ئەو یاسایانەی خـودا بوونـەوەری لەسـەر دروسـت کـردوون، جـێگیر و نـەگۆڕن. بوونەتە هۆی ئـەوەی بەسـەر ڕەوتـی خۆیـدا بـڕوات، سروشـتیش ناتوانێـت یاسـای سروشت پێشێل بکات و بۆی نیە وەڵامی داخوازیەکانی نەداتـەوە، بـەڵام مرۆڤـ کـە ئازایەتی نواندووە و ئەو سپاردەیەی وەرگرتووە، توانای ئەوەی هەیە فرمانی خودا جێبەجێ بکات و دەشتوانێ نافەرمانی بکـات، چـونکە خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿إِنَّا أَنْزَلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ لِلنَّاسِ بِالْحَقِّ فَمَنِ اهْتَدَى فَلِنَفْسِهِ وَمَنْ ضَلَّ فَإِنَّمَا يَضِلُّ عَلَيْهَا وَمَا أَنْتَ عَلَيْهِمْ بِوَكِيلٍ﴾ (الزمر: ٤١).

لێرەوە مرۆڤـ تاقە دروستکراوە، کە مەرجی ئاکـاریی لـە کردەوەکـانی فەراهـەم بووە، کە بریتییە لە: کارکردن بە ئازادی... دیارە بەها ئاکارییەکان لە بەها بەراییە سروشتیەکان باڵاترن، چونکە بەها ئاکارییەکان لە هەمان کاتدا بـەها بەراییـەکان و پێشــتر بــەها ســوودخوازە ئامرازییــەکانی لــە ناواخنیــدا و تەنانــەت ئــەوانیش تێپەڕاندووە، هەربۆیە لە هەردووکیان پلەی بـەرزترە. بـە ڕوونـی دیـارە کـە بـەهای ئاکاریی کردەی ئازاد، بەشی باڵاتری ئەو ویستە خوداییەیە کە بـۆی دروسـتکراوە و ئەو بەهرەیەشی پێداوە کە فەرمانبەر و جێنشینی خودا بێت لەسەر زەویدا.

بەم بەهرە خوداییە، پلەی مرۆڤـ لـە هـی فریشـتەکان بـەرزتر بوویـەوە، چـونکە توانای لەسەر کردنی چەند کارێك هەبوو کە ئەوان نەیانبوو، لەو بەڵگە قورئانیانـەی باس لە ڕێزلێنانی خودا بۆ مرۆڤـ دەکەن ئەم ئایەتەیە: ﴿وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَائِكَةِ اسْجُدُوا لِآدَمَ فَسَجَدُوا إِلَّا إِبْلِيسَ أَبَى وَاسْتَكْبَرَ وَكَانَ مِنَ الْكَافِرِينَ﴾ (البقرة: ٣٤).

بە پێچەوانەی دروستکراوەکانی تر، مرۆڤـ توانای کارکردنی هەیە بـە شـێوازیکی ئاکارییانە، لە ژێر کـاریی یاسـا خوداییـە گەردوونیـە سروشـتییەکاندایە، مەبەسـت بوونی ماددیی ئەوە لەسەر زەویی وەکو هەر شتێکی تر، بەڵام لـەو سـەرەوە پلـە و پایەیەکی بێ وێنەی هەیە، چونکە تـەنها زینـدەوەرێکی ئـازادە کـە لـەڕێی ئـەوەوە بەرزترین پشکی ویستی خودایی لە بوونەوەردا بەدی دێت، بەم پێیە مرۆڤـ خاوەنی

پەیامێکی گەردوونییە، چونکە جێنشینێکی ڕەسەنی فەرمانی خوداییە لەسەر زەویدا، کە ئەمە بەرزترین ڕەهەندی ویستی خودایە.

زۆر دوورە لە حیکمەتی خودا کە مەخلوقیکی گەردوونیی وەك مرۆڤ دروست بکات و ئەو توانایەی پێ نەدات کە ویستی خودا بزانێت و هەموو ئەوەی لەسەر زەویدایە بۆی گوێڕایەڵ و دەستەبەر ببێ، هەتاوەکو پەیامە ئاکارییەکەی بگەیەنێت. هەروەها دوورە لە حیکمەتی خودا کە مرۆڤ لە زەوییەکدا جێگیر بکات، کە دۆخێکی نەگۆڕی هەبێت کاتێك کە ویستی خودای تێدا بەرجەستە دەکات لەگەڵ ئەو کاتەی کە ئامادەنیە ئەرکەکانی سەرشانی جێبەجێ بکات.

لێرەوە خودای گەورە مرۆڤی بەوە منەتبار کرد کە سرووشی ناردە خوارەوە بۆ نێردەو پێغەمبەران، هەتاوەکو بە ڕوونکردنەوەیەکی ڕاستەوخۆ دەستبەجێ بزانێت خوای گەورە چی دەوێ کە لەسەر زەویدا بەرجەستەی بکات.

هەر کاتێکیش مرۆڤایەتی لە ئەنجامی دەستکاریی و لەبیرچوونەوە و گەندەڵیکردن، لە ناوەرۆکی سرووشی خودایی لایدابێت، سەرلەنوێ پێغەمبەرانی نوێی ناردووەتەوە بۆ ئەوەی مرۆڤ هۆشیاریی دروست لەسەر ویستی خواوەند بەدەست بهێنێتەوە، بە جۆرێك کە توانا ڕێژەییەکانی مرۆڤ بەپێی کات و شوێن ڕەچاو بکات، ئاگاداری گۆڕانکارییەکانی بێت. بۆ دەستەبەرکردنی یەك ئامانج، کە ئەویش شارەزابوونی بەردەوامی مرۆڤە بە ئەندازەی پێویست لە فرمانە ئیلاهییە گەردوونییە ئاکارییەکان. لە لایەکی ترەوە خوای گەورە بەهرەی هەستەکان و هۆش و توانای تێگەیشتن و بۆچوونی بەخشیوە بە مرۆڤ و هەموو پێداویستییەکانی ناسینەوەی ویستی خواوەندی پێداوە بەبێ ئەوەی یارمەتی لە کەس وەربگرێت، چونکە لەسەر ویستی خواوەند هەموو جۆرە پەیوەندییەکی سروشتی و مرۆیی بنیاتنراوە.

لەکاتێکدا بۆ دۆزینەوەی یاساکانی سروشت مرۆڤ پشت بە زانستی سروشتی دەبەستێت، کەواتە بۆ ڕێککردنەوەی پەیوەندییە مرۆییەکان پێویستی بە کاراکردنی هەستی ئاکاریی و پابەندبوون بە سیستەمی ئاکار هەیە.

سەبارەت بە بەشی یەکەم، مرۆڤ دەزانێت کە داهێنان و دەرەنجامەکانی ناگەنە ئاستی دڵنیایی و یەقین و هەمیشە پێویستی بە ئەزموونە بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکان و کردنەوەی دانایی خۆی بە تاقیکردنەوە و شیکاریی و ڕاستکردنەوەی زیاتر. لەژێر ڕۆشنایی ئەم دیدگایەدا، توێژینەوەکان بەردەوام دەبن و هۆش لە پێداچوونەوەی دۆزینەوەکانی پێشووی نائومێد نابێت و لە ڕاستکردنەوەیان بێزار نابێت، بەبێ ئەوەی بکەوێتە ژێر چنگاڵی هەردوو ڕەوتی: (Cynicism) گومانگەرایی و نائومێدی "سەگ گەرایی".

مرۆڤی موسڵمان لەهەمان کاتدا دەزانێت کە ناسینی خواوەند لە ڕێگەی عەقڵەوە ڕێی تێ دەچێت، بەڵام لە ڕێگای سرووشەوە هیچ گومانێك هەڵناگرێت، بە تەنها تێگەیشتن لەو ویستە خوداییە، قبوولکردنی ناوەڕۆکەکەش دەبێتە ڕاستیەکی ئیدراکی مرۆڤ، چونکە پوختەی بە بایەخ زانینی شتێك بریتیە لە تێگەیشتن لێی و وەرگرتنی کێشی بزوێنەری ئەو لە ناخداو هەروا هێزی بڕشتی هەڵقوڵاوی ئەو لە گەردووندا. تێگەیشتن لە بایەخ ئەوە دەخوازێت کە مرۆڤ واز لە چەسپین بە زەوی بێنێت و دەستبەرداری هاوسەنگی بوونی خۆی ببێت لە پێناوی جووڵان لە پێناوی ئەو بایەخەدا، کە ئەمەش واتە تێکۆشان بۆ گۆڕانکاریی و ئاگاداربوون لەو ئەرکانەی جێنشینبوونی ئەو لەسەر زەویدا بە فرمانی خوای گەورە، دەچەسپێ و پاشان لەسەر بنەمای ئەم ئاگاهییە فەرمانەکانی جێبەجێ بکات و وەك زانای ئەمریکی

ئەزموونکاری گەورە. ئـای لـویس گوتـەنی: "تێگەیشـتن لـە بایـەخ ئەزموونـە و بـۆ خۆیشی پرۆسەیەکی نرخاندنە".[1]

ئەم ڕاستییە گەورەیی ئەزموونی ئیسلامیی بەسەر بـیردۆزەی مرۆڤـەوە، نیشـان دەدات، پێمانخۆشـە ئێسـتا بـۆ سـەرەنجامەکانی ئـەم ئەزموونـە و ناوەڕۆکەکـەی سـەبارەت بـە مێـژوو و بـە ئیلاهیـات ڕزگـاربوون، بـڕوانین، دوای ئـەوەی پێشـتر سـەرنجیان دا کـە سروشـت بـۆ دووبـارە داڕشـتنەوە و دووبـارە فـۆرم پێـدان و ڕێککردنـەوە ئامادەیـە، بەشـێوەیەك کـە نموونـەی خـودایی لـە واقیعـی ژیـانی سـەرزەویدا بەرجەسـتە دەکـات. کەواتـە مـرۆڤ هـیچ بیانوویـەکی نیـە ئەگـەر بـە ئەرکەکانی جێنشینایەتی سـەرزەوی هەڵنەسـتێ، لـە حاڵەتێکدا کـە خـوای گـەورە ڕێگای بۆ جێنشینایەتی ئەو تەخت کردووە و وزەی سرووشی پێـداوە و لـە ڕێگـەی هۆشەوە تێگەیشتن لە ویستی خودای بۆ ڕەخساندووە، ڕاستیەکەی ئەوەیە کە تاقە ڕێگەی ڕزگاربوونی مرۆڤ لە ڕوانگەی ئیسلامەوە بریتییە لە گەیاندنی ئـەو پەیامـەی کە مرۆڤی بۆ خولْقاندوە و لـەم ئایەتـە پـیرۆزەدا دیـاریکردووە: ﴿وَمَـا خَلَقْـتُ الْجِـنَّ وَالْإِنْسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ﴾ (الذاريات: ٥٦).

پێویستە مرۆڤ بۆ خۆی ئەم کارە، واتە ڕزگار بوون بکات، ئەگینا هـیچ بایـەخێك بۆ کارەکەی نییە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿الَّذِي خَلَـقَ الْمَـوْتَ وَالْحَيَـاةَ لِيَبْلُـوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا وَهُوَ الْعَزِيزُ الْغَفُورُ﴾ (الملك: ٢).

واتە ئەگەر ڕزگاریی مرۆڤ بە کردەوەی خۆی نـەبێ و کەسـێکی تـر بـۆی بکـات، تەنانەت ئەگەر ئەو کەسە خودا بێت، ئەوسا مرۆڤ دەبێتە بووکەڵە، ئـەم حوکمـەش دەرەنجامی سروشتی هەر کردەوەیەکی ئاکارییە، چونکە کردەوەی مرۆڤ شایستەی خەسڵەتی ئاکاری نیە ئەگەر کارێکی ئازادانـە و سەرپشـکانە نـەبێت و جێنشـینێکی

---

[1] س ئای لین ئەم بیرۆکەی لە کتێبی "شیکاریی زانین و هەڵسەنگاندن" ورد کردۆتەوە، بڕوانە:
C.I lewis . Analysis of knowledge.

ئازاد لەسەر بنەمای ویستێکی ئازاد لە سەرەتاوە تا کۆتا ئـەنجامی نـەدات. کەواتـە بـەبێ دەستپێشـخەری مرۆڤـ و تێکۆشـانی ئـەو، بایـەخی ئاکـاریی ئـەو کـارە لـە بنەڕەتەوە دادەڕمێت.

لە بەڵگە قورئانیەکانی ئەم وتەیە: ﴿لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ﴾ (البقرة: ٢٥٦).

﴿وَقُلِ الْحَقُّ مِنْ رَبِّكُمْ فَمَنْ شَاءَ فَلْيُؤْمِنْ وَمَنْ شَاءَ فَلْيَكْفُرْ﴾ (الكهف: ٢٩).

پوختـەی قسـان، ڕزگـاری لـە ئیسـلامدا پێچـەوانەی ڕزگـاریی نـاو مەسـیحیەتی کلاسـیکە، جگـە لەمـە، لـە دەسـتەواژە ئاینیـەکانی ئیسـلامدا شـتێك هاوشـێوەی "ڕزگارکەر" بوونی نیە، چونکە نە ڕزگارکەرێك هەیە و نە شتێك هەیە کـە پێویسـت بێ مرۆڤی لێی ڕزگار بکرێت، بەو بەڵگەیەی کە مرۆڤ و جیهان لەسەر "خێر بوون"ی ئـەرێنی دروسـتکران، نـەك بـۆ خۆیـان خـراپ بـن، خـوای گـەورە سـەبارەت بـە دروستکراوانی دەفەرموێت: ﴿الَّذِي أَحْسَنَ كُلَّ شَيْءٍ خَلَقَهُ وَبَدَأَ خَلْقَ الْإِنْسَانِ مِنْ طِينٍ﴾ (السجدة: ٧). ﴿الَّذِي خَلَقَ فَسَوَّى (٢) وَالَّذِي قَدَّرَ فَهَدَى﴾ (الأعلى: ٢ – ٣).

کەواتە هـەر منـداڵێك لەسـەر هـەمان سروشـتی پـاك کـە خـوا مـەردومی لەسـەر دروسـتکردووە، لـەدایك دەبـێ و هـیچ تـاوانێکی سـەرەتایی چ گـەورە و چ بچـووك، لەسەر شانی نیە.(١)

لەڕاستیدا مـرۆڤ کـە لـەدایك دەبـێ، خـاڵی سـفری تێپەڕانـدووە، چـونکە لەسـەر سروشت لە دایك دەبێ و خودانی هەست و توانستی هۆشمەندییە کـە ئامادەیـە بـۆ بەکارهێنان، لە هـەمان کاتـدا، نیگـای خـودایی هاوڕێیـەتی و جیهـانێکی فەرمانبـەر لەبەردەمیایـەتی بـۆ وەرگرتنـی کـردەوەی ئاکارمەنـدی ئـەو... لـەم بـارەوە ئـەم

---

[1] Saint Augustin , The Endiidiam , Glap.26 بڕوانە کتێبی:

فەرموودەیەی خودا دەخوێنینەوە: ﴿أَلَـمْ نَجْعَـلْ لَـهُ عَيْنَـيْنِ (٨) وَلِسَـانًا وَشَـفَتَيْنِ﴾ (البلد: ٨ – ٩).

هەروەها ئەم فەرموودەیە: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ لِلَّهِ شُهَدَاءَ بِالْقِسْطِ وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلَّا تَعْدِلُوا اعْدِلُوا هُوَ أَقْـرَبُ لِلتَّقْـوَى وَاتَّقُـوا اللَّـهَ إِنَّ اللَّـهَ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ (٨) وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَهُمْ مَغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ عَظِيمٌ﴾ (المائدة: ٨ – ٩). پاشان دەفەرموێت: ﴿الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَرْضَ مَهْدًا وَجَعَلَ لَكُمْ فِيهَا سُبُلًا لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ﴾ (الزخرف: ١٠).

بەختەوەریی ئاین مرۆڤ یا باشترین بڵێین بەپێی چەمکی ئیسلامییانە، ڕزگاریی و سـەرفرازی ئـەو وابەسـتەیە بـە ملکەچـبوونی بـە فرمـانی خـوای پـەروەردگارەوە. ئەڵبەت مرۆڤ بۆی هەیە هیوای بـە بـەزەیی و لێبـوردەیی خـودا هـەبێت، بـەڵام بـەو مەرجەی پشتی بێ نەبەستێت ئەگەر هاتوو ئامادە نـەبوو ویسـتی خواوەنـد لەسـەر زەویدا بکاتە کردار، ئەمەش بە نەزانی بێت یان لە ڕووی تەمبەڵییەوە بێـت، یـاخود بە ڕاشـکاوی ململانـێ لەگـەڵ ویسـتی خـودا بکـات، کەواتـە چارەنووسـی مـرۆڤ بـە دروستی هەر ئەوەیە کە خۆی دەیسازێنێت بۆ خۆی.

﴿إِذَا زُلْزِلَتِ الْأَرْضُ زِلْزَالَهَا (١) وَأَخْرَجَتِ الْأَرْضُ أَثْقَالَهَا (٢) وَقَالَ الْإِنْسَانُ مَـا لَهَـا (٣) يَوْمَئِذٍ تُحَدِّثُ أَخْبَارَهَا (٤) بِأَنَّ رَبَّكَ أَوْحَى لَهَا (٥) يَوْمَئِـذٍ يَصْـدُرُ النَّـاسُ أَشْـتَاتًا لِيُرَوْا أَعْمَالَهُمْ (٦) فَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُ (٧) وَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُ (٨)﴾ (الزلزلة: ١ – ٨).

بڕیاری خودا، دادگەرانەیە و هـیچ خـاتر و خۆترێـك و کورتهێنانێـك هـەڵناگرێت. تەرازووی دادی خودایی بە ڕەهایی وا لەوپەڕی وردی و تەواوێتیدا. یاسـای پاداشـت و سـزای ئـەم جیهـان و ئـەو جیهـانیش، واتـە جێگیرکردنـی چارەنووسـی مـرۆڤ چ

بەدبەخت و نەفرین کراو، چ پیرۆز و خۆشنوود، دەربڕی ئەو بڕیارەیە کە شایستەی ئەوە. ئەم ئایەتانە دەخوێنینەوە: ﴿وَوُضِعَ الْكِتَابُ فَتَرَى الْمُجْرِمِينَ مُشْفِقِينَ مِمَّا فِيهِ وَيَقُولُونَ يَا وَيْلَتَنَا مَالِ هَذَا الْكِتَابِ لَا يُغَادِرُ صَغِيرَةً وَلَا كَبِيرَةً إِلَّا أَحْصَاهَا وَوَجَدُوا مَا عَمِلُوا حَاضِرًا وَلَا يَظْلِمُ رَبُّكَ أَحَدًا﴾ (الكهف: ٤٩). ﴿ذَلِكَ بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيكُمْ وَأَنَّ اللَّهَ لَيْسَ بِظَلَّامٍ لِلْعَبِيدِ﴾ (آل عمران: ١٨٢).

﴿فَاسْتَجَابَ لَهُمْ رَبُّهُمْ أَنِّي لَا أُضِيعُ عَمَلَ عَامِلٍ مِنْكُمْ مِنْ ذَكَرٍ أَوْ أُنْثَى بَعْضُكُمْ مِنْ بَعْضٍ فَالَّذِينَ هَاجَرُوا وَأُخْرِجُوا مِنْ دِيَارِهِمْ وَأُوذُوا فِي سَبِيلِي وَقَاتَلُوا وَقُتِلُوا لَأُكَفِّرَنَّ عَنْهُمْ سَيِّئَاتِهِمْ وَلَأُدْخِلَنَّهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ ثَوَابًا مِنْ عِنْدِ اللَّهِ وَاللَّهُ عِنْدَهُ حُسْنُ الثَّوَابِ﴾ (آل عمران: ١٩٥).

ئەمە سەبارەت بە کاریگەریی ئەزموونی ئاینی ئیسلام لەسەر سۆسیۆلۆجیای رزگاربوون، لەهەمان کاتدا کاریگەریی ئەم ئەزموونە لەسەر مێژووی جیهان زۆر گرنگە، چونکە بە ڕووناکییەکەی موسڵمان خۆی خستە سەر شانۆی مێژووسازیی بۆ ئەوەی نموونەی خوا پەسەند بەرجەستە بکات، ئەو نموونەیەی پێغەمبەری خودا بە نیگای نێردراو بۆی پێی گەیاند.

هیچ پرسێك بە ئەندازەی ئەم پرسە لەلای موسڵمان خۆشەویست و بایەخدار نەبوو، تا ئەو ڕادەیەی ئامادەبوو گیانی ببەخشێت لە پێناویدا. بەو دیدگا دروستەی لەسەر ئەرکی خۆی هەیبوو، وا هاتە بەرچاوی کە گۆی زەوی هەر هەمووی بواری کارکردنیەتی و هەموو مرۆڤایەتی ئوممەتی ئەون، جگە لە مشتێکی کەم لە کەسانی یاخیبوو، کە ئامادە نین ملکەچ بن بۆ وتاری هاوبەش مەگەر بە زۆری چەك. موسڵمان ئەو ئاشتییەی بە بازووی خۆی بنیاتی دەنێ، وای نابینێ کە تەنها ئاشتییەکی یەك پێکهاتەیە، کە تەنها ئیسلام تیایدا بالآدەستە، چونکە بە دەقی

قورئانی پیرۆز، له ئـامێزی ئـه‌م كۆمه‌ڵگایـه‌دا، خـاوه‌ن كیتـابی وه‌ك گـاور و جـوو و سابئه و به ده‌قی سوننه‌ت زه‌رده‌شتییان جێیان ده‌بێته‌وه، پاشان بـه هـه‌ڵهێنجانی فیقهناسـه موسـڵمانه‌كان لـه نیشـانه‌گه‌لی سـوننه‌تی پێغه‌مبـه‌ر بـه رووی بـوودایی و هیندۆسیه‌كانیشدا كراوه‌یه.

ئه‌م نموونه‌یه وه‌ك خۆی مایه‌وه له جیهانێكدا كه وشه‌ی خودا باڵاترینه و هه‌موو لایه‌ك به شكۆی ئه‌م وشه‌یه ئاسووده‌ن، وه‌كو قورئانی پیرۆز ده‌فه‌رموێت: ﴿وَجَعَلَ كَلِمَةَ الَّذِينَ كَفَرُوا السُّفْلَى وَكَلِمَةُ اللَّهِ هِيَ الْعُلْيَا وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ (التوبة: ٤٠).

﴿وَقَاتِلُوهُمْ حَتَّى لَا تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ الدِّينُ لِلَّهِ فَإِنِ انْتَهَوْا فَلَا عُدْوَانَ إِلَّا عَلَى الظَّالِمِينَ﴾ (البقرة: ١٩٣).

به‌ڵام له‌بیرمان نه‌چێت ئه‌م ملكه‌چبوونه، هـیچ بایـه‌خێكی نابێـت ئه‌گـه‌ر له‌سـه‌ر بڕیارێكی ئازادانه و دانایانه‌ی هه‌ر تاكێك دانه‌مـه‌زرابێت، هـه‌ر ئه‌مه‌شـه كـه بووه‌تـه ڕازی ئه‌و ڕاستییه‌ی كه چـوونه نـاو ئاشـتی ئیسـلامی بـه‌مانای موسـڵمانبوون نیـه، به‌ڵكو به‌مانای چوونه ناو په‌یوه‌ندییه‌كی ئاشتیانه‌یه كه له سـایه‌یدا هزره‌كـان ئـازاد ده‌بن و مرۆڤه‌كان به بڕیاری خۆیان یـان قایـل ده‌بـن یـان ئـه‌وی تـر قایـل ده‌كـه‌ن. ڕاستیه‌كه‌ی ئه‌وه‌یه، كه ده‌وڵه‌تی ئیسلامی هه‌موو سه‌رچاوه‌كانی خۆی خستۆته ژێر خواستی كۆمه‌ڵگای مه‌سیحی یان جوو یـان هینـدۆس و بـوودایی، هـه‌ر كاتێـك ئـه‌و كۆمه‌ڵگایانه یه‌كێك له په‌یڕه‌وه لاده‌ره‌كانیان كـه نه‌یویسـتبێ پابه‌نـدبێ پێیانـه‌وه، بگه‌ڕێننه‌وه بۆ لای خۆیان به سووودوه‌رگرتن له ده‌سه‌ڵاتی ئه‌م ده‌وڵه‌ته ئیسلامیه. به‌م پێیه ده‌وڵه‌تی ئیسلامی تاقانه ده‌وڵه‌تێكی ناجووله‌كه‌یه، كه ڕێگـا نـادات بابـای جووله‌كـه، لـه مـاف و فه‌رمانـه‌كانی ئـاینی جووله‌كـه خـۆی بدزێتـه‌وه، یـان لـه

سەرچـاوەکەی خـۆی یـاخی ببـێ، ئـەم یاسـایە بەسـەر مەسـیحی و بـوودایی و هیندۆسیشدا ڕاستە.

لە بەرامبەردا هیچ جوویەکی ئەوروپی، تا کاتی ڕزگاربوونی لە سەدەی ١٩، بۆی نـەبوو دژایـەتی ڕێنماییـەکانی کەنیشـتەکەی بکـات، مەگـەر کەنیشـت بـۆ خـۆی دەستبەرداری بایـە و وەك کەسـێکی دژ بـە شـەریعەتی جوولەکـە مامەڵـەی لەگـەڵ کردبـا، ئەوسـا لـەدەرەوەی "گیتـۆ" دەوڵـەتی مەسـیحی، یـان هـەر کەسـێکی ناجوولەکـە، چـاوەڕێی دەکـرد، بـۆ ئـەوەی دووری بخاتـەوە یـان بیکوژێـت، بـە پێچەوانەوە دەوڵەتی ئیسلامی، کـابرای جوولەکـەی ڕۆژهـەڵاتیی، کـە دژ بـە دەزگـا ئایینەکەی بایە، دەیخستەوە سەر ڕێگا، بە نـاوی پیـاوە ئاینیەکانیانـەوە. ئەمـەش بەهێزترین بەڵگەیە بۆ تێگەیشـتنی ئیسـلامی لەسـەر ئـەوەی کـە ئـەو سـپاردەیەی خواوەند خستوویەتە ئەستۆی مرۆڤ، کارێکی ئاکارییە.

## دووەم: یەکتا پەرستی وەك جیهانبینی:

لەناوماندا وا باوە کە گوزارشتدان لە یەکتاپەرستی زۆر بە ئاسانی ئەوەیە کە بڕوات هەبێ و شایەتومان بدەی بەوەی کە هیچ پەرستراوێکی ڕاستەقینە نیە جگە لە خودا (لا الە الا الله). ئەم گەواهیدانە کە بە ڕواڵەت لەسەر سەلماندنی دوای ڕەتکردنەوە بنیاتنراوە، لە گوزارەیەکی زۆر کورتدا هەڵگری گەورەترین و دەوڵەمەنترین مانایە لە فەزای مەعریفەی ئیسلامیدا بە گشتی. هەندێکجار ڕێکدەکەوێ یەك ڕستە باس لە کۆبەندی کەلتوورێك، یا ژیارێك، یان مێژوویەك بکات بەتەواوی، کە بێگومان شایەتوومانی ئیسلام بەم شێوەیە. واتە هەرچی فرەیی و تەژیبوون و کەلتوور و ڕێنمایی و دانایی و ژیارە لەم گوزارە کورت و پڕمانایەدا جێی بۆتەوە: (لا اله لا الله).

کەواتە یەکتاپەرستی دیدگایەکی گشتیە بۆ: ڕاستی، بۆ جێکەوت، بۆ جیهان، بۆ شوێن و کات، بۆ مێژووی مرۆڤایەتی، بۆ چارەنووس و لە کرۆکیدا ئەم پرانسیپانە بەشێوەیەکی شاراوە هەن:

### ١ـ دوالیزم:

لە گەردووندا دوو جۆری جیاواز هەن: خودا و ناخودا.

ئەفرێنەر و ئەفرێنراو، یاسای خودا تەنها تایبەتە بە خواوەندی تاك. هەر ئەو پەروەردگاری هەمیشەیی بێ سەرەتاو بێ کۆتایە، هەر ئەو داهێنەر و باڵا و تاقانەی بەردەوام و بێوێنە و بێ هامبازە، هەر ئەوە: ﴿فَاطِرُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ جَعَلَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجًا وَمِنَ الْأَنْعَامِ أَزْوَاجًا يَذْرَؤُكُمْ فِيهِ لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ وَهُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ﴾ (الشورى: ١١).

ژمارەیەك لە بەندەكانی ئەو لە وێناكردنی چیەتی ئەودا تووشـی هەڵـەی گـەورە بوون: ﴿وَجَعَلُوا لِلَّهِ شُرَكَاءَ الْجِنَّ وَخَلَقَهُمْ وَخَرَقُوا لَهُ بَنِينَ وَبَنَاتٍ بِغَيْرِ عِلْمٍ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى عَمَّا يَصِفُونَ﴾ (الأنعام: ١٠٠). هەرچەندە چیەتی ئەو خودایـە.. ﴿لَا تُدْرِكُهُ الْأَبْصَارُ وَهُوَ يُدْرِكُ الْأَبْصَارَ وَهُوَ اللَّطِيفُ الْخَبِيرُ﴾ (الانعام: ١٠٣). خۆیشـی فـەرمانی داوە بە بەندەكانی ﴿قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ (١) اللَّهُ الصَّمَدُ (٢) لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ (٣) وَلَمْ يَكُنْ لَهُ كُفُوًا أَحَدٌ (٤)﴾ (الاخلاص: ١ – ٤).

بەڵام یاسای (ئەفرێنراو = المخلوق)، پەیوەستە بە شوێن و كـات و ئـەزموون و گەردوونەوە، واتە هەموو دروسـتكراوان و جیهـانی شـتەكان و ڕووەك و زینـدەوەر و مـرۆڤ و جنۆكـە و فریشـتە و ئاسمـان و زەوی و بەهەشـت و دۆزەخ دەگرێتـەوە و هەرچیش پەیوەنـدیی بەوانـەوە هـەبێت لـەو سـاتەوە كـە هاتوونەتـە ژیـان تـا ئـەو ساتەی ژیان كۆتایی دێت. یاسای خودا بە تەواوی و بە ڕەهایی جیاوازە لـە یاسـای بوونەوەر، چ لە ڕووی بوونەوە چ لە ڕووی جەوهەر و چ لە ڕووی بوون و فەرمانەوە.

واتا مەحاڵە هیچ كام لەم دووانە لەوی تردا بتوێتـەوە، یـان جێـی بێتـەوە، یـان تێكەڵی ببێت، یان پێكەوە یەكبگرن، مەحاڵی مەحاڵـە خـالق ببێتـە مـەخلوق، یـان مەخلوق بەرز بێتەوە تا ببێتە خودا، یان لـە شـێوەی خـودادا دەربكـەوێ، بـە هـەر لۆجیك و بە هەر شێوەیەك ئەمە مەحاڵە.

## ٢ـ وێناكردن:

پەیوەندی نێوان ڕشتەی "خودا" و ڕشتەی "مەخلووق" پەیوەندیەكی هزریی و وێناییە لە سروشتی خۆیدا و پایەی تێگەیشتنی مرۆڤ لێـی دەگەڕێتـەوە بـۆ توانـای تێگەیشتن، مەبەستیش لە تێگەیشـتن وەك میكـانیزم و كۆگـەی زانسـتەكانی مـرۆڤ بریتیە لە كۆی فرمانە مەعریفیـەكانی وەكـو: یـادەوەریی و خـەیاڵ و بیركردنـەوە و سەرنج و بۆچوون و تێگەیشتن و هەرچیش لەمانە بچێت.

دیاره هەر مرۆڤێك وا دروستكراوە بە ئەندازەی پێویست لە ویستی خواوەند تێبگات بە یەكێك لەم دوو ڕێگایە، یان بە هەردووكیان:

١ـ ئەو نیگایەی لەلایەن خواوە هاتووەتە خوارەوە.

٢ـ هەڵگۆزینی ویستی خودا بە سەرنجدان لەو یاسا خواییانەی لە گەردووندان و هیچ گۆڕان و لادانێكیان تێدا نیە، وەك ئەم فەرموودەیەی خودا ئاماژەی بۆ دەكات: ﴿فَهَلْ يَنْظُرُونَ إِلَّا سُنَّتَ الْأَوَّلِينَ فَلَنْ تَجِدَ لِسُنَّتِ اللَّهِ تَبْدِيلًا وَلَنْ تَجِدَ لِسُنَّتِ اللَّهِ تَحْوِيلًا﴾ (فاطر: ٤٣).

### ٣ـ ئامانجداریی:

سروشتی گەردوون ئامانجداربوونە، واتە لە پێناوی ئامانجێكدا خواوەند خوڵقاندوویەتی، گەردوون ئامانجی دیاریكراوی خۆی جێبەجێ دەكات، چونكە بێهوودە و بە گاڵتە دروست نەكراوە. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَفَحَسِبْتُمْ أَنَّمَا خَلَقْنَاكُمْ عَبَثًا وَأَنَّكُمْ إِلَيْنَا لَا تُرْجَعُونَ﴾ (المؤمنون: ١١٥).

هەروەها دەفەرموێ: ﴿الَّذِينَ يَذْكُرُونَ اللَّهَ قِيَامًا وَقُعُودًا وَعَلَى جُنُوبِهِمْ وَيَتَفَكَّرُونَ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَذَا بَاطِلًا سُبْحَانَكَ فَقِنَا عَذَابَ النَّارِ﴾ (آل عمران: ١٩١). هەروەها: ﴿وَمَا خَلَقْنَا السَّمَاءَ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا لَاعِبِينَ﴾ (الأنبياء: ١٦). كەواتە: گەردوون بەرهەمی ڕێكەوت نیە، بەڵكو گەردوونێكە كە خواوەند بە تەواوترین جۆر بەدیهێناوە، هەرشتێك تیایدا بە ئەندازەیە بۆ ئەوەی ئەركی گەردوونیی دیاریكراوی خۆی جێبەجێ بكات.

﴿الَّذِي أَحْسَنَ كُلَّ شَيْءٍ خَلَقَهُ وَبَدَأَ خَلْقَ الْإِنْسَانِ مِنْ طِينٍ﴾ (السجدة: ٧).

﴿الَّذِي خَلَقَ فَسَوَّى﴾ (الاعلى: ٢).

﴿إِنَّا نَحْنُ نُحْيِي الْمَوْتَى وَنَكْتُبُ مَا قَدَّمُوا وَآثَارَهُمْ وَكُلَّ شَيْءٍ أَحْصَيْنَاهُ فِي إِمَامٍ مُبِينٍ﴾ (يس: ١٢).

جیهان گەردوونێکی پەیوەستە و ڕێکوپێك و هەماهەنگە، کەم و کورتی و کەلێنی تێدا نیە و بەردەوام ویستی خواوەندیی تێدا جێگیر دەبێ.. یاساکانی خوا لە بوونەوەردا فەرمانی گەردوونین و هەردەبێ جێبەجێ ببن.

﴿الَّذي خَلَقَ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ طِبَاقًا مَا تَرَى فِي خَلْقِ الرَّحْمَنِ مِنْ تَفَاوُتٍ فَارْجِعِ الْبَصَرَ هَلْ تَرَى مِنْ فُطُورٍ﴾ (الملك: ٣).

﴿الَّذي لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَلَمْ يَتَّخِذْ وَلَدًا وَلَمْ يَكُنْ لَهُ شَرِيكٌ فِي الْمُلْكِ وَخَلَقَ كُلَّ شَيْءٍ فَقَدَّرَهُ تَقْدِيرًا﴾ (الفرقان: ٢).

﴿قُلْ لَنْ يُصِيبَنَا إِلَّا مَا كَتَبَ اللَّهُ لَنَا هُوَ مَوْلَانَا وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ﴾ (التوبة: ٥١).

ئەم یاسایە بۆ هەموو دروستکراوان ڕاستە، بێجگە لە مرۆڤ ئەویش لەو فرمانە خوداییانەی کە ڕووبەڕووی بوونەتەوە، واتە کاری مرۆڤ مەرج نیە لەگەڵ ویستی خواوەند یەکبگرێتەوە، چونکە لە ناوەڕۆکدا کارێکە پشت بە وردبوونەوەی ئازاد و خواستی مەبەستدار دەبەستێت. بەڵام ڕەهەندی جەستەیی و دەروونی مرۆڤ لەگەڵ دروستکراوانی دیکە تەواوکارە و ملکەچە بۆ یاسا گەردوونیەکان و مرۆڤ بۆ وەلامدانەوەی داخوازییەکان هیچ ئیختیارێکی نیە. واتە ڕەهەندیی ڕووحی مرۆڤ کە پشت دەبەستێت بە تێگەیشتن و کاری ڕەوشتی ئەو تەنها ڕەهەندێکە کە لە سنووری یاسا گەردوونییەکان بەدەرە و بەپێی یاسای: ﴿إِنَّمَا أَمْرُهُ إِذَا أَرَادَ شَيْئًا أَنْ يَقُولَ لَهُ كُنْ فَيَكُونُ﴾ (یس: ٨٢)، مامەڵەی لەگەڵ ناکرێت...

تێگەیشتن و ڕەوشتی مرۆڤ پشت بە مرۆڤ خۆی دەبەستێ و بە بڕیاری خۆی و نیازی خۆی دیاری دەکرێن. بەدیهاتنی ویستی خواوەند بەم ڕەوشتە مرۆییە ئازادە، بایەخێکی چلۆنایەتی وای هەیە زیاتر لەو ویستەی لە ڕێگەی دروستکراوانی ترەوە بە زەبر دروست دەبێ، لەبەر ئەوەی ئەگەر ویستی خودا بەبێ خواستی مەخلووقەکە بەدی بێت، پەیوەندی بە بایەخە بەرایی و بەهرەییەکانەوە هەیە،

بەڵام ئەگەر ئەو ویستە بە ئازادانە و سەربەخۆ لەو ویستە بەدی بێت، ئاستەکەی بەرزدەبێتەوە بۆ ئاستی بایەخە ڕەوشتییەکان. نابێت ئەوەشمان لەیاد بچێت کە ئەو ئامانجە ڕەوشتییانەی لە فەرمانەکانی خوادا بوونیان هەیە و خوای پەروەردگار ویستوونی، پەیوەندییان بە جیهانیماددیشەوە هەیە، واتە ڕەهەندی بایەخی بەرایی و بەهرەییشیان پێوەیە، بەڵام گرنگیان لەوەدانیە کە ئەم ڕەهەندەیان هەیە، بەڵکو گرنگییەکەیان هی ئەو ڕەهەندە ڕەوشتییە ئازادەیە کە هەیانە. شکۆی ئەم ئامانجانە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە بە ویستی ئازادانەی مرۆڤ پەیدا دەبن واتە بۆی هەیە مرۆڤ ملکەچیان بێت بۆی هەیە ملکەچیان نەبێت. ئەو پەندە گرنگەی ئێمە وەریدەگرین لەوەی ئاسمانەکان و زەوی نەچوونە ژێرباری سپاردە و بەرپرسیارێتی ئازادانە، کەچی مرۆڤ بە ویستی خۆی چووە ژێر باریان، ئەوەیە کە بەرپرسیارێتی داخوازی دوو شت دەکات: تواناو ویست (القدر والاختیار).

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿إِنَّا عَرَضْنَا الْأَمَانَةَ عَلَى السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَالْجِبَالِ فَأَبَيْنَ أَنْ يَحْمِلْنَهَا وَأَشْفَقْنَ مِنْهَا وَحَمَلَهَا الْإِنْسَانُ إِنَّهُ كَانَ ظَلُومًا جَهُولًا﴾ (الأحزاب: ٧٢).

### ٤- توانای مرۆڤ و ئامادەیی سروشت بۆ ڕامکردن:

ئەو ڕاستیەی کە هەرشتێك لە بوونەوەردا ئامانجێکی هەیە، دەمانگەیەنێتە ئەوەی کە گەردوون بە گشتی ئامانجێکی هەیە و بەدی هاتنی ئەم ئامانجەش وا لە سنووری توانای مرۆڤدا لەم ژیانی دنیایە و لە چوارچێوەی کات و شوێندا.

قورئان ئەم ئامانجە بەوە دیاریدەکات کە بریتییە لە خواپەرستیی مرۆڤەکان و بنەمای بەرپرسیارێتیش بریتییە لە تاقیکردنەوەی چ کەسێك کاری جوان و پەسەند ئەنجام دەدات. خوا دەفەرموێت: ﴿وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنْسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ﴾ (الذاریات: ٥٦).

هەروەها دەفەرموێت: ﴿الَّذِي خَلَقَ الْمَوْتَ وَالْحَيَاةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا وَهُوَ الْعَزِيزُ الْغَفُورُ﴾ (الملك: ٢).

ئەگەر باری گەردوون وانەبایە، چارەیەکمان نەبوو بێجگە لە پووچگەرایی، واتە ئەگەر ئامانجی خواپەرستی و تاقیکردنەوە نەبا خودی پرۆسەی ئەفراندن و پرۆسەکانی کات و شوێن، مانا و ناوەڕۆکیان نەدەبوو. جا ئەگەر مرۆڤ توانای کارکردنی نەبێ و سروشتیشی ئامادە نەبێت بۆ دووبارە سازدانەوە، ئەوا تەلاری بەرپرسیارێتی و پابەندبوونی ڕەوشتی دادەڕمێ و لە ئەنجامدا ئەو ئامانجەی گەردوونی بۆ دروستکراوە لەناو دەچێت.

بە گوزارەیەکی تر لە یاساکانی خودا (چ یاسای دروستکردن و چ لۆجیکی دروستکردن) تێدەگەین کە بەدیهاتنی ئەم ئامانجە دەشێت لە کات و شوێنی ئەم جیهانە، واتە لەماوەی نێوان ئەفراندن و ڕۆژی دوایی، ڕوودات.

مرۆڤ وەك بکەری کاری ڕەوشتیی دەبێت توانای گۆڕانکاریی خۆی و هاوڕێکانی و کۆمەڵگا و تەنانەت ژینگەی سروشتیشی هەبێ، لەهەمان کاتدا گیان و هاوڕێکانی و کۆمەڵگا و سروشتیش ئەم گۆڕانکارییە مرۆییە کاریگەرە وەربگرن. ئەم توانا و لێهاتووییە مەرجن بۆ بەرجەستەبوونی یاساکانی خودا و فەرمانەکانی لە گیانی مرۆڤ، لەوانی تردا وەکویەك. واتە بەبێ توانای ڕەوشتیی، مەحاڵە مرۆڤ بتوانێت ڕەفتارێکی ئاکاریی هەبێت، لە ئەنجامدا بوونەوەریش هیچ ئامانجێکی نابێت.

جارێکی دیکە دەڵێین، ئەگەر بوونەوەر وەك دەستکردی خودای پەروەردگار بە دوور لە بێهودەیی و گاڵتەکردن، خودای خاوەن کەماڵی ڕەها، ئامانجێکی هەیە، کەواتە سروشت پێویستە فەرمانبەر و ئامادەبێ بۆ گۆڕان لە جەوهەر و پەیکەر و مەرج و پەیوەندییەکانیدا، بە کردەی ئاکاریی مرۆڤ، وەك مەرجێك بۆ پاراستنی نموونە و مەبەستی مرۆییانە لە سرووشتدا و بۆ بەرجەستەکردنی ئەم مەبەستە لە بووندا.

ئـەم گوتەیـە بەسـەر کـۆی دروسـتکراواندا ڕاسـت دێتـەوە، بەتایبـەت بـە سـەر سروشتی دەروونی و جەستەیی و ڕووحـی مرۆڤـدا، چـونکە هـەر مـەخلوقێك بـەرەو ئامانجی دروستبوونی خۆی ئاڕاسـتە دەکرێـت، کـۆی بوونـەوەریش تـەیارکراوە بـۆ جێگیرکردنی ئـەوەی کـە پێویسـتە ببێـت، یـان باشـتر بڵـێین بـۆ بەرجەسـتەکردنی نموونەی خودایی ڕەها لە سنووری توانستی ئەودا، لە بۆشایی ئەو شـوێن و کاتـەی مرۆڤایەتی تێدا دەژی، واتە لەسـەر زەویـدا. هـەر ئەمەشـە چـەمکی هاوبەشـی ئـەو تەسبیحاتەی هەموو مەخلووقات کۆ دەکاتەوە، وەك خوا دەفـەرموێت: ﴿تُسَبِّحُ لَهُ السَّمَاوَاتُ السَّبْعُ وَالْأَرْضُ وَمَنْ فِيهِنَّ وَإِنْ مِنْ شَيْءٍ إِلَّا يُسَبِّحُ بِحَمْدِهِ وَلَكِنْ لَا تَفْقَهُونَ تَسْبِيحَهُمْ إِنَّهُ كَانَ حَلِيمًا غَفُورًا﴾ (الاسراء: ٤٤).

**٥- بەرپرسیارێتی و لێپرسینەوە:**

لەوەی پێشووتر بۆمان ڕوون بوویەوە کە مرۆڤ بەرپرسیارە لـە گـۆڕینی خـۆی و هاوڕێکـانی و کۆمـەڵگا و ژینگەکـەی، بـە هەماهـەنگی لەگـەڵ نموونـەی خـۆی و هاوڕێکانی و کۆمەڵگا و ژینگەکـەی، بەهەماهـەنگی لەگـەڵ نموونـەی خواپەسـەندی داواکراو. هەروا ڕوون بوویەوە کە مرۆڤ دەتوانێ ئەم کـارە بکـات، چـونکە سروشـت گوێڕایەڵە و ئامادەیە بـۆ کـارتێکردنی مـرۆڤ و بەرجەسـتەکردنی ئامانجەکـەی، لـەم پێشەکیانەی باسـکران دەردەکـەوێ کـە مـرۆڤ ئازادیشـە و بەرپرسیاریشـە، چـونکە پابەنـدبوونی ڕەوشـتی بـەبێ بەرپرسـیارێتی و لێپرسـینەوە لەسـەری مـەحاڵ و ئەستەمە. لە قورئانی پیرۆزدا ئایـەتی زۆر هـەن کـە جـەخت لەسـەر بەرپرسـیارێتی مرۆڤ دەکەنەوە، بەنموونە، فەرموودەی خودا: ﴿لَا يُسْأَلُ عَمَّا يَفْعَلُ وَهُمْ يُسْأَلُونَ﴾ (الأنبياء: ٢٣).

هەروەها: ﴿وَجَعَلُوا الْمَلَائِكَةَ الَّذِينَ هُمْ عِبَادُ الرَّحْمَنِ إِنَاثًا أَشَهِدُوا خَلْقَهُمْ سَتُكْتَبُ شَهَادَتُهُمْ وَيُسْأَلُونَ﴾ (الزخـرف: ١٩). ئایـەتی: ﴿يَسْأَلُونَ أَيَّانَ يَوْمُ الدِّينِ﴾

(الـذاريات: ١٢). هـەروەها ئايـەتی: ﴿لِلَّـذِينَ اسْـتَجَابُوا لِـرَبِّهِمُ الْحُسْـنَى وَالَّـذِينَ لَـمْ يَسْتَجِيبُوا لَهُ لَوْ أَنَّ لَهُمْ مَا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا وَمِثْلَهُ مَعَهُ لَافْتَدَوْا بِـهِ أُولَئِـكَ لَهُـمْ سُـوءُ الْحِسَابِ وَمَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ وَبِئْسَ الْمِهَادُ﴾ (الرعد: ١٨).

جا ئەگەر مرۆڤ بە شێوەیەك و لە شوێنێكدا لەسـەر كردەوەكـانی لێپرسـینەوەی لێ نـەكرێت، ئـەوا زۆر ڕێـی تێدەچـێت ئـەو ئازادییـەی پێـی دراوە خـراپ بـەكاری بهێنێـت، كەواتـە لێپرسـینەوە و بەرپرسـیارێتی هـەڵگرتن مـەرجێكی پێویسـتن بـۆ پابەنـدبوون و پابەنـدكردنی ڕەوشـتی و ئاكـاریی. بنـەمای لێپرسـینەوە لـە خـودی سروشتی پێوەربووندا ڕەگ و ڕیشـەی هەیـە، هـەر ئەمـەش مەبەسـتی ئیسـلامە لـە ڕۆژی حساب (لێپرسـینەوە) ئـەو ڕۆژەی هـەموو مـەردوم بـۆ پـەروەردگاری جیهـان هەڵدەسـتنە سـەر پـێ. لێپرسـینەوەی خـوای پـەروەردگار بـۆ هـەموو مرۆڤایـەتی بنەمایەكی قورئانیی گشتی و ڕەهایە، تەنانەت دەتوانین بڵێین ئەم بنەمایە دەبێتـە ئەو بناغەیەی كە هەموو سیستەمی ئاكاری ئیسلامی لەسەر دادەمەزرێت.

گرنگ نیە ئەم لێپرسینەوەیە لەم ژیانی دنیایەدا هاوشانی كاری مرۆڤ لـە كـات و شوێنی خۆیدا ئەنجام دەدرێ، یا لە ڕۆژی دواییدا، یـان لـە هەردووكیانـدا پێكـەوە، گـرنگ ئەوەیـە كـەس لـە لێپرسـینەوە دەربـازی نابێـت و یاسـای گشـتییە كـە گوێڕایـەڵبوون بـۆ خـودای گـەورە، بـە ناسـینی فەرمانـەكانی و بەرجەسـتكردنی نموونەكەی لە زەویدا، تەنها ڕێگەیەكە بۆ ڕزگاری و بەختەوەری و ئاسـوودەیی، لـە بەرامبەریشـدا، نافـەرمانی خـوای پـەروەردگار مـرۆڤ بـەرەو تیاچـوون و مەینـەت و سەرنگوونی دەبات.[١]

---

[١] ئەگەر مرۆڤ سەرنجێك بدات لە سوورەتە مەككیەكانی قورئان، بۆی ڕوون دەبێتەوە كە پەیوەندی نێوان خودا و مرۆڤ پەیوەندیەكی پەیمانبەستنە، لە پێغەمبەران و پەیڕەوانیان وا دەفامرێت كە ئەم پەیوەندییە پەیوەندیی پەیمان و بەڵێنە و بنەمای ڕەوشتی و ئاینی لای پێشینان لەم گیانە پەیمان بەستووە

ئەم پێنج بنەمایەی باسکران، ڕاستی بەڵگەنەویست و کرۆکی یەکتاپەرستی و پوختەی ئیسلامەتین، بە هەمان ئەندازە گوشراوەی ئاینی ڕاستەقینە و هەموو ئەو نیگایانەی خودان کە نێردراون بۆ پێغەمبەرانی (درودی خوایان لەسەر) .

واتە گشت پێغەمبەران گەلانی خۆیان بۆ ئەم بنەمایە بانگکردووە و تەلاری پەیامی خۆیانیان لەسەر داڕشتوون، بەهەمان شێوە خودای گەورە مرۆڤایەتی لەسەر ئەم بنەمایانە ئەفراندووە، واتە لە ڕشتەی سروشتی مرۆڤدا جێگیرکراون و ئەو فیترەتەیە کە هەرگیز گۆڕانیان بەسەردا نایەت. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًا فِطْرَتَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللَّهِ ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ﴾ (الروم: ٣٠).

بەم شێوەیە خودا دوو سەرچاوەی بە مرۆڤ داوە بۆ ئەوەی بزانێت لەسەر زەویدا پەیامەکەی پێویستە چۆن بێت:

**نیگای دابەزیو، پاشان هۆشیاریی هەڵقوڵاو لە سروشتی خودا کرد.**

کۆی کەلتووری ئیسلامیش لەسەر ئەم پێنج بنەمایە دامەزراوە، کە پێکەوە گەوهەری یەکتاپەرستی نمایش دەکەن. کە ئەویش ڕیشەی سەرەکیی هەموو زانستەکانی ئیسلام و ئاکارەکانی و جوانکارییە تاکی و کۆمەڵایەتیەکانیەتی و لە هەمان کاتدا بناغەی ژیان و کاریگەری ئیسلامە بە درێژایی مێژوو.

پوختەی ئەم پرۆژەیە ئەمەیە کە ناوەڕۆکی ئەزموونی ئاینی ئیسلام بریتیە لە تێگەیشتنی ئەم ڕاستیە کە بوونی ئێمە لەم ژیانەدا پووچ و بێهوودە نیە و بەڵکو بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکە، کە بە مەبەست لەگەڵ ئارەزووبازیی سرووشتیدا

---

سەرچاوەی گرتووە کە بە ڕوونی لە یاسای حامورابی و یاساکانی لیبت عەشتار و هەموو یاساکانی مرۆیی لە سەردەمی کۆندا لای سۆمەری و بابلی و کلدانی و فینیقیەکان هەستی پێ دەکەن، بڕوانە:
Universty Press , 1955 , Princeton , Princdon, New Eastenn … Texts Ancient James B. Prichard.

یەکناگرێتەوە و ڕێگا نادات بە گواستنەوە لە تێرکردنی ئارەزوویەك بۆ تێرکردنی ئارەزوویەکی دیکەی نوێ.

کەواتە ڕاستیەکی کۆتایی ڕەها لە ڕوانگەی دوو یاسای تەواو پێچەوانەی یەکتر، شکڵ دەگرێت: سروشت (گەردوون) یاسای باڵا و شکۆمەند (خودا). موسڵمان لە یاسای باڵا، هەموو ئەو بەهایانە وەردەگرێت کە بڕیار لەسەر سیستەمی سروشت دەدەن و لەگەڵی جۆش دەخۆن. مرۆڤ کاتێك دەبینێت یاسای باڵا تەنها و تەنها بریتیە لە خواوەندی تاك و تەنها، لە ئەنجامدا ئامادەنیە لە ڕەوتی ژیانیدا پەیڕەویی لە هیچ ڕێنماییەك بکات کە لەو یاسایە وەرنەگیرابێت.

لەم سۆنگەیەوە لە شیکاری کۆتاییدا یەکتاپەرستیی پاڵفتە بریتیە لە ڕەتکردنەوەی هەر ئاڕاستەکردنێکی ژیانی مرۆڤایەتی بەهەر یاسایەك جگە لە یاسای ئاکاریی خوداپەسەندانە. ئەمەش مانای ئەوەیە موسڵمان تیۆری چێژ و تیۆری بەختەوەریی و تیۆرییە ئاکارییەکانی دیکە، کە لە یاسای سروشتی خۆی هەڵگوزراون، هەر هەموی بە وڕێنە هەژمار دەکات، لەمەش زیاتر، قبوڵکردنی هەر کامیان بە ڕێنمای ژیانی، دەچێتە دەروازەی شیرك و پەرستنی خودایانی دیکە و لە پەنای خوای گەورەدا دەیانکاتە سەرچاوەی ڕێنمایی و پێوەردانان بۆ کردەوەی مرۆڤ.

کەواتە هاوتا دانان بۆ خودا، لەڕاستیدا تێکەڵکردنی بەها بەراییە بەهرەییەکانە، کە هەر هەمووی ئامرازن، لەگەڵ بەها ئاکارییەکان، کە ئامانجی ئامانجەکان و بەهای ڕەهای کۆتایین. مرۆڤ کە خۆی ڕادەستی خودا کرد، واتە بەبێ تەمومژ ئەو بڕوایەی بۆ دروست دەبێ، کە تەنها خودایە سەرچاوەی پێوەرەکانی ئەو و هیچ ویستێك نیە کە هاوشانی ویستی خودا بێت.

بناغەی هیوای ئاکارییانەی گەردوون، هەمان ڕێنمایی خودا و نموونەی خوداییە و ڕاستی و جوانی و خێرخوازی بریتین لە ناوەڕۆکی ڕوانگەی موسڵمان. ئەم ناوەڕۆکەش بۆ مرۆڤ دەڕۆنە بازنەی مرخەکانی هۆشیەوە.

لە ئەنجامدا مرۆڤی موسڵمان لە ڕێبازەکانی لێکدانەوەی ئایندا کاتێک دەبێتە یاساناس و فیقهزان، کەسێکی بایەخگەرایە و تەنها یەك ئامانجی هەیە، کە بزانێت ئەرك و ئاکاریی دروست چیە؟ بەلای ئەوەوە پاساوهێنانەوە بە بڕوا، تەنها یەك مانای هەیە، ئەویش بیکاتە پێشەکی بۆ چوونە مەیدانی کارکردن بەپێی بڕوا.

لەم مەیدانی کارەدا، مرۆڤ چ ئامانجی بەرزبوونەوە، یان ئامانجی خراپە و غلۆر بوونەوەی خۆی بەدی دەهێنێت، دەشزانێت ئەو وەك مرۆڤ لە نێوان ئاسمان و زەویدا تاقانەیە و تەنها یەك پشتیوانی هەیە، کە ڕێگای بۆ ڕۆشن دەکاتەوە، ئەویش ئەو چاوە بایەخ بینەیە کە هەیەتی بەو ویست و ئیرادەوە کە وزەکانی خۆیی پێ ئاڕاستە دەکات بۆ جێگیرکردنی پەیامەکەی لەسەر زەوی و ئەو ویژدانەیە کە دەیپارێزێت لە گرفتار بوون لە داوی ئارەزووپەرستی و شەیتاندا.

تەنها مرۆڤ لەناو دروستکراوەکاندا ڕووبەڕووی تاقیکردنەوەی گەورە بۆتەوە، خوداش ڕزگاری ناکات بەوەی لەباتی مرۆڤ هەستێت بەم فرمانە.

ئەم تاقیکردنەوەیە لەو سنوورەدا ناوەستێت کە مرۆڤ ئەم سپاردەیەی لەسەر زەویدا هەڵگرتووە و دەبێ هەر خۆیشی بە ئەنجامی بگەیەنێت، بەڵکو لەوە زیاترە و ناتوانێ خۆی لە هەڵگرتنی دەرباز بکات. تەنها بژاردەی بەردەمی ئەوەیە، ئەگەر بە سروشتی خۆی بژاردەیەکی هەبێت، کە ئەرکی سەرشانی جێبەجێ بکات و پێوەی پابەند بێت، یاخود ئامادە بێت گیانی خۆی بەخت بکات و لە پێناویدا شەهید ببێ.

لەم ڕووەوە نمونەیەکی پێشەنگمان لە ڕەفتاری پێغەمبەری خودا (درودی خوای لەسەر) هەیە، کاتێك ئەبوو تالیبی مامی بۆی پێشنیاز دەکات بۆ ئەوەی لەوە زیاتر هۆزی هاشم بە دەست دوژمنەکانیەوە بە خاتر موسڵمان بوونیان لە مەککە مەینەت

نەچێژن، واز لە بانگەوازەکەی بهێنێت، ئەویش لە وەڵامدا بـە مـامی فـەرموو: "والله لو وضعوا الشمس في يميني والقمر في يساري على أن أترك هذا الأمر حتى يظهره الله أو أهلك دونه ما تركته".[1] واتە: سوێند بەخوا ئەگـەر خـۆر لـەلای ڕاسـتم و مـانگ لەلای چەپم دابنێن بۆ ئەوەی واز لەم کـارە بهێـنم، وازی لێ نـاهێنم تـا خـوا سـەری دەخات یان لە پێناویدا دەمرم.

بەڕاستی مرۆڤ بەردەوام لە هەر گۆشەیەکی ڕێبازەکەیدا ڕووبـەڕووی کارەسـاتێك دەبێتەوە، بەڵام ئەمە بـۆ خـۆی مایـەی شـانازییەتی و وەك ئـەفلاتوون وتوویـەتی: "چارەنووسی مرۆڤە کە چاکەی خۆش بوێت".

1 Haykal, Muhammad Husayn: The Life of Muhammad, tr. Ismail R. Al Haruqi. Indianapolis: Amrican Trust Publication. 1976 p.89.

# بەشی دووەم

# تەوحید: کاکڵەی ئیسلام

## یەکەم: گرنگیی یەکتاپەرستی :

هیچ گومانێك نیە لەوەی کە ئیسلام گەوهەری ژیاری ئیسلامییە و لەهەمان کاتدا گەوهەری ئیسلامیش یەکتاپەرستیە واتە گەواهیدان بەوەی کە خودای گەورە تاك و تاقانەیە، ئەفرێنەری ڕەها و باڵایە و پەروەردگار خاوەنی هەموو بوونە. ئەم دوو پێشەکیە دوو گوزارەی بەڵگەنەویستن و هیچ دوودڵییەك ڕوویان تێ ناکات، چ لای ئەوانەی سەر بە ژیاری ئیسلامین، یان ئەوانەی بەشداربوون تیایدا و تەنها خۆرهەڵاتناسان و موژدەدەرە نێردراوەیانەکان و دوژمنانی دیکەی ئیسلام لەم دواییانەدا هەوڵیان داوە لەسەر ئەم دوو گوزارەیە گومان دروست بکەن.

هەرچی ببێ، بەلای موسڵمانانەوە، کەلتووری ئیسلامی و ژیاری ئیسلامی تەنها یەك گەوهەری مەعریفی هەیە ئەویش یەکتاپەرستییە.[1] ئەم گەوهەرە لێکدانەوە و شیکار هەڵدەگرێت، بابەتی ئەم بەشەش بریتیە لە شیکاری یەکتاپەرستی وەك گەوهەری ئیسلام، واتە وەك بەرزترین و باڵاترین پرانسیپی ناوکیی ئیسلام و کەلتوور و ژیارەکەی.

ژیاری یەکتاپەرستی شناسی خۆی لە یەکتاپەرستی وەردەگرێت، یەکتاپەرستی ئەو ڕایەڵەیەیە کە هەموو پێکهاتەکانی ئەم ژیارە پێکەوە دەبەستێت، بە جۆرێك کە جەستەیەکی ئەندامیی تەواوکاریان لێ دروست دەکات، کە ئێمە ناوی دەنێین ژیار.

یەکتاپەرستی توخمە جیاجیاکانی پێکەوە دەبەستێت و ڕەنگی خۆیان پێ دەدات و دووبارە بە شێوەیەکی هەماهەنگ دایاندەڕێژێتەوە کە یەکتری بەهێز دەکەن، پاشان بەبێ ئەوەی سروشتیان بگۆڕێت، گۆڕانکاریان تیادا دەکات و شناسی تازەیان پێ دەبەخشێت و دەیانکاتە پێکهێنەری خۆی.

---

[1] بۆ وردەکاری ئەم بیرۆکەیە بڕوانە: اسماعيل راجى الفاروقى: جوهر الحضارة الاسلامية، مجلة المسلم المعاصر، العدد٢ (١٤٠١ – ١٩٨١) ص١ – ٢٧.

پلەی ئەم گۆڕانكارییە كە ئەم گەوهەرە لە توخمەكانیدا دەیكات لە نێوان پلـەی سادەو پلەی ڕیشەییدا لەسەریەك هێڵ جیاوازە. مەبەستمان لـە گۆڕانكـاریی سـادە بریتیە لە كاركردن لەسەر شكڵی توخمەكە، بەڵام گۆڕانكـاری ڕیشـەیی ئەوەیـە كـە كاردەكاتـە سـەر فرمـانی توخمەكـە، چـونكە فرمانەكەیـە كـە دەبێتـە شـێوەی پەیوەنـدیی نێـوان تـوخم و گەوهـەر. هەرئەوەیشـە هـۆی دامەزرانـدنی زانسـتی یەكتاپەرستی لەلایەن موسڵمانانەوە، پاشـان هـەژماركردنی زانسـتەكانی لۆجیـك و مەعریفە و میتافیزیك و ئاكار بە لقەكانی ئەو.

خـوای پـەروەردگار دەفـەرموێت: ﴿وَمَـا خَلَقْـتُ الْجِـنَّ وَالْـإِنْسَ إِلَّـا لِيَعْبُـدُونِ﴾ (الذاريات: ٥٦). هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ فَمِنْهُمْ مَنْ هَدَى اللَّهُ وَمِـنْهُمْ مَـنْ حَقَّـتْ عَلَيْـهِ الضَّـلَالَةُ فَسِـيرُوا فِـي الْأَرْضِ فَانْظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُكَذِّبِينَ﴾ (النحل: ٣٦)

﴿وَقَضَى رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا إِيَّاهُ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِنْدَكَ الْكِبَرَ أَحَـدُهُمَا أَوْ كِلَاهُمَا فَلَا تَقُلْ لَهُمَا أُفٍّ وَلَا تَنْهَرْهُمَا وَقُلْ لَهُمَا قَوْلًا كَرِيمًا﴾ (الاسراء: ٢٣).

﴿وَاعْبُدُوا اللَّهَ وَلَا تُشْـرِكُوا بِـهِ شَـيْئًا وَبِالْوَالِـدَيْنِ إِحْسَـانًا وَبِـذِي الْقُرْبَـى وَالْيَتَـامَى وَالْمَسَاكِينِ وَالْجَارِ ذِي الْقُرْبَى وَالْجَارِ الْجُنُبِ وَالصَّاحِبِ بِالْجَنْبِ وَابْنِ السَّبِيلِ وَمَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ مَنْ كَانَ مُخْتَالًا فَخُورًا﴾ (النساء: ٣٦).

﴿قُلْ تَعَالَوْا أَتْلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمْ عَلَيْكُمْ أَلَّا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا وَبِالْوَالِـدَيْنِ إِحْسَـانًا وَلَـا تَقْتُلُوا أَوْلَادَكُمْ مِنْ إِمْلَاقٍ نَحْنُ نَرْزُقُكُمْ وَإِيَّاهُمْ وَلَا تَقْرَبُوا الْفَـوَاحِشَ مَـا ظَهَـرَ مِنْهَـا وَمَـا بَطَنَ وَلَا تَقْتُلُوا النَّفْسَ الَّتِي حَـرَّمَ اللَّـهُ إِلَّـا بِـالْحَقِّ ذَلِكُـمْ وَصَّـاكُمْ بِـهِ لَعَلَّكُـمْ تَعْقِلُـونَ﴾ (الانعام: ١٥١).

ئەم ئایەتانەی قورئان ڕوونی دەكەنەوە كە ئامانجی دروستكردنی مـرۆڤ ئەوەیـە كە تەنها خوا بپەرسترێت، چونكە هەر خودای تاقانە شایستەی پەرستنە. كاركردن لەپێناوی خودا بۆ بەدەستهێنانی ڕازیبوونی ئەو، تەنها ئامانجێكە كە پێویستە هـەر

ویستێکی مرۆڤ و هەر کارێکی مرۆڤ ڕووی تێبکات، هەر ئەمەشە پوختەی پەیامی محەمەدی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بەتەواوی کە پوختەکەی لەم فەرموودە نێردراوەی خوادا هاتووە: ﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَنْ يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَنْ يَشَاءُ وَمَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدِ افْتَرَى إِثْمًا عَظِيمًا﴾ (النساء: ٤٨).

بەڵگەش لەسەر ئەوەی کە یەکتاپەرستی تەنها فرمانی خودایی بالاترین و گرنگترینە، ئەو بەڵێنەی خودایە کە لە هەموو گوناهێك خۆش دەبێ جگە لە هاوتا دانان بۆ خوای گەورە و بالا دەست، خودا دەفەرموێت: ﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَنْ يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَنْ يَشَاءُ وَمَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالًا بَعِيدًا﴾ (النساء: ١١٦). هەروەها دەفەرموێت: ﴿حُنَفَاءَ لِلَّهِ غَيْرَ مُشْرِكِينَ بِهِ وَمَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَكَأَنَّمَا خَرَّ مِنَ السَّمَاءِ فَتَخْطَفُهُ الطَّيْرُ أَوْ تَهْوِي بِهِ الرِّيحُ فِي مَكَانٍ سَحِيقٍ﴾ (الحج: ٣١).

ڕوون و ئاشکرایە کە هیچ بابەتێکی تر لە ئیسلامدا ڕاگیر نابێت مەگەر بە یەکتاپەرستی، واتە بە هەر دەستکاریکردنێکی یەکتاپەرستی، خودی تەلاری ئاینەکە بە تەواوی و پابەندبوونی مرۆڤ بە خواپەرستی و گوێڕایەڵی مرۆڤ بۆ فەرمان و ڕێگرییەکانی خوداش بە جاریێ دادەڕمێن. چونکە دەستکاری تەوحید، واتا دوودڵ بوون لەوەی کە خودا یەکە و تاك و تەنها و پەنا بۆ براوە و یار و هەمبازی نیە، لەهەمان کاتدا ئەوەی لێ وەردەگیرێت کە بکەوینە ئەو گومانەی کە کەسانی تر وەك خودا پیرۆز بن، کە ئەمەش واتە دوودڵ بوون لەوەی پێویستە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خودا بین.

بە گریمانە بوونی دوو خودا یان زیاتر، لە ڕووی لۆجیکەوە ئەو ئەنجامە پێویست دەبێ کە دەبێت هەر کامێکیان دروستکراوی سەربەخۆ و پەیڕەوانی خۆی هەبێ و بیەوێ بالاتر بێ لەوی دیکە، قورئان دەرەنجامی ئەم مەحاڵبوونە ئاوا ڕوون دەکاتەوە: ﴿مَا اتَّخَذَ اللَّهُ مِنْ وَلَدٍ وَمَا كَانَ مَعَهُ مِنْ إِلَهٍ إِذًا لَذَهَبَ كُلُّ إِلَهٍ بِمَا خَلَقَ وَلَعَلَا بَعْضُهُمْ عَلَى بَعْضٍ سُبْحَانَ اللَّهِ عَمَّا يَصِفُونَ﴾ (المؤمنون: ٩١).

به نیسبەت مرۆڤەوە بوونی ئـەم خودایانـە هـیچ بایـەخێکی نیـە تـا ئـەو کاتـەی یەکێکیان کۆتایی بەوانی تر دەهێنێت یان ملکەچیان دەکـات بـۆ خواسـتی خـۆی، چونکە ئامانجی سەرەکی پێناسەی "خـودا" کـە دەبـێ بـاڵاتر بێـت، بـەدی نایـەت ئەگـەر وانـەبێ، واتـە بـاڵاترین چـاك و دەسـەڵات و کۆتـا بنـەما دەبـێ تـەنها ئـەو سەرچاوە ڕەهایە بێت کە هەر ئەو سەرەتا و کۆتایە بۆ هەموو شتێك.

خۆ ئەگەر خودایەك هەبێ ملکەچی خودایەکی تر یـان چـەند خودایـەکی لەگـەڵ بن، ئەوا بەردەوام گومانی لەسەر دەبێ... با لەم فەرموودەیەی خودا تێبفکرین:

﴿لَوْ كَانَ فِيهِمَـا آلِهَـةٌ إِلَّـا اللَّـهُ لَفَسَـدَتَا فَسُـبْحَانَ اللَّـهِ رَبِّ الْعَـرْشِ عَمَّـا يَصِـفُونَ﴾ (الأنبیاء: ٢٢). بوونەوەر لە توانایدا نیە گوێڕایەڵی دوو گەورە بێت، یان بـەردەوام لەسـەر دوو یاسـا کـار بکـات و بـەم هەماهەنگییـەی ئێسـتاش بمێنێتـەوە، واتـە ناگونجێـت لـە بوونـدا جگـە لـە یـەك سەرچـاوەی کۆتـایی هـەبێ کـە دروسـتکراوان فەرمانبەری بن و فەرمانی لێ وەربگرن.

پوختەی ئەوەی وتمان: ئیسلامێك بەبێ یەکتاپەرستی بوونی نیە و بـە نـەبوونی یەکتاپەرسـتی نـە تـەنها سـوننەتی پێغەمبەرایـەتی لـە بنەڕەتـدا دادەڕمێـت و ئـەو گومانەی لەسەر ئەو خودا دانراوانە هەیە، دەچێتە سەر پەیامەکانی ئەمانیش.

لێرەوە دەستگرتن بـە بنـەمای یەکتاپەرسـتی دەبێتـە بـەردی بناغـەی هەرچـی شـتێکە کـە پەیوەسـتە بـە خۆپـارێزی و دینـداری و خـودی جوانکارییـەوە. لەبـەر ڕۆشنایی ئەمەدا سروشـتییە کـە یەکتاپەرسـتی کەسـی پابەنـد لـە تـەرازووی خـواو پێغەمبەردا بەرز بکاتەوە بۆ باڵاترین پلە و شایستەی بکات بۆ گەورەترین پاداشت. ﴿الَّذِينَ آمَنُوا وَلَمْ يَلْبِسُوا إِيمَانَهُمْ بِظُلْمٍ أُولَئِكَ لَهُمُ الْأَمْنُ وَهُمْ مُهْتَدُونَ﴾ (الانعام: ٨٢).

لە سەحیحی بوخاری و موسلیمدا لە عوبـادەی کـوری سـامیت دەگێڕنـەوە: کـە پێغەمبەری خودا (درودی خوای لەسەر) فەرمویەتی: "من شهد أن لا اله الا لله وحدة

لا شريك له....وأن محمدا عبده و رسوله وان عيسى عبد الله ورسوله وكلمته القاها الى مريم وروح منه والجنة حق والنار حق أدخله الله الجنة على ما كان من العمل.."

هەروەها لە عتبانی کوڕی مالیك دەیگێڕنەوە کە پێغەمبەری خودا فەرموویەتی: "إن الله حرم على النار من قال لا اله الا الله يبتغي بذلك وجه الله...".

ئەبو سەعیدی خودری دەگێڕێتەوە: (انه قال يا رب علمني شيئا اذكرك به قال قل لا اله الا الله، فقال يارب كل عبادك يقول هذا انما أريد شيئا تخصني به، قال: يا موسى لو أن السموات السبع و عامرهن غيري والأرضين السبع وضعن في كفة، ولا اله الا الله في كفة لمالت بهن لا اله الا الله). تیرمزی لە ئەنەسی کوڕی مالیك دەگێڕێتەوە: (أنه سمع النبي صلى الله عليه وسلم، يروي عن رب العزة في الحديث القدسي: يابن ادم لو أتيت بقراب الأرض خطايا ثم لقيتني لا تشرك بي شيئا لاتيتك بقرابها مغفرة...).

## دووەم: شکۆی خواوەند لە ئاینی جوولەکە و مەسیحیەتدا:

ئیسلام بۆ خۆی تازەترین ئاینی ئاسمانیی جیهانیە و لە هەمان تاقی ڕەگەزی سامیی تیشکی داوەتەوە کە پێشتر ئاینی جوولەکە و مەسیحیەت لێی هەڵقوڵاون، بۆیە پەیوەندیی بەتینی هەیە بەم دوو ئاینەوە. هەرسێکیان چەند ساتەوەختێکی پەیدەرپەی لە هۆشیاریی ڕەگەزی سامیی لە کاروانە درێژەکەیدا هەڵگری پەیامێکی خودایی لەسەر زەوی بوون و پێکەوە دەبنە شەمەندەفەری مێژووی مرۆڤایەتی. لەو ڕوانگەوە کە ئیسلام گەیشت بە جوولەکە و گاور، لە هەمان کاتدا ئەو ڕەخنەیەشی لێ گرتن کە لە ڕەوتی دروستی خۆیان لاداوە و هەوڵیشی لەگەڵدان کە دەرکەوتن و بەرجەستە بوونی مێژوویيان ڕاست بکاتەوە. گەورەترین هەڵە کە هۆشیاریی "سامیی" چ جوولەکە و چ مەسیحی تێی کەوت و لای خوا نابەخشرێت ئەوەیە کە ئەم ئایەتانە باسی دەکەن:

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ آمِنُوا بِمَا نَزَّلْنَا مُصَدِّقًا لِمَا مَعَكُمْ مِنْ قَبْلِ أَنْ نَطْمِسَ وُجُوهًا فَنَرُدَّهَا عَلَى أَدْبَارِهَا أَوْ نَلْعَنَهُمْ كَمَا لَعَنَّا أَصْحَابَ السَّبْتِ وَكَانَ أَمْرُ اللَّهِ مَفْعُولًا (٤٧) إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَنْ يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَنْ يَشَاءُ وَمَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدِ افْتَرَى إِثْمًا عَظِيمًا﴾ (النساء: ٤٧ – ٤٨). ﴿فَبِمَا نَقْضِهِمْ مِيثَاقَهُمْ وَكُفْرِهِمْ بِآيَاتِ اللَّهِ وَقَتْلِهِمُ الْأَنْبِيَاءَ بِغَيْرِ حَقٍّ وَقَوْلِهِمْ قُلُوبُنَا غُلْفٌ بَلْ طَبَعَ اللَّهُ عَلَيْهَا بِكُفْرِهِمْ فَلَا يُؤْمِنُونَ إِلَّا قَلِيلًا﴾ (النساء: ١٥٥).

ئیسلام جەخت دەکاتەوە لەوەی پەیڕەوانی یەهودیەت و مەسیحیەت لەوەدا تووشی هەڵە بوون، کە لە جودایی و باڵایی زاتی خواوەند تێنەگەیشتبوون و تووشی لادان ببون. ئەم هەڵەیە لە تێگەیشتن و لێکدانەوەی نیگای نێرداو بۆیان سەرچاوەی گرتبوو.. هیچ پەیوەندی نەبووە بەو وێنە بنەڕەتیەی بۆ پێغەمبەرانیان هاتبووە خوارەوە. یا باشتر بڵێین ئەم هەڵەیە پەیوەستە بەو بەرجەستە بوونەی دەقەکان لە مێژوودا و بە پیرۆزدانانی ئەو دەقانە و لێکدانەوەی مرۆڤانە بۆ بڕوای خۆیان.

خوا دەفەرموێت: ﴿فَوَيْلٌ لِلَّذِينَ يَكْتُبُونَ الْكِتَابَ بِأَيْدِيهِمْ ثُمَّ يَقُولُونَ هَذَا مِنْ عِنْدِ اللَّهِ لِيَشْتَرُوا بِهِ ثَمَنًا قَلِيلًا فَوَيْلٌ لَهُمْ مِمَّا كَتَبَتْ أَيْدِيهِمْ وَوَيْلٌ لَهُمْ مِمَّا يَكْسِبُونَ﴾ (البقرة: ٧٩). هەروەها دەفەرموێت: ﴿اتَّخَذُوا أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِنْ دُونِ اللَّهِ وَالْمَسِيحَ ابْنَ مَرْيَمَ وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا إِلَهًا وَاحِدًا لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ سُبْحَانَهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ﴾ (التوبة: ٣١).

### ١- ڕەخنەی ئیسلامی لەسەر یەهودیەت:

ئیسلام، یەهوودیەتی لەم بارەوە خوسپاندووە کە سیفەتی باڵا بوون و جیابونی ڕەهای زاتی خواوەندی، دەستکاری کردووە، بەڵگەشیان ئەوەبوو کە کاتێك لە تەوراتدا باس لە پەروەردگار دەکەن، بە ڕێژگەی "کۆ" باسی دەکەن و وا دەزانن، کە کوڕانی خودا لەگەڵ کچانی مرۆڤ هاوسەرگیرییان کردووە، لە ئیسحاحی

شەشەمی سیفری تەکویندا دەخوێنینەوە: "کاتێك مرۆڤەکان دەستیان بەزۆربوون کرد لە زەویدا و کۆمەڵە کچێکیان لەدایك بوون، کوڕانی خودا کچانی مەردوومیان بەجوان بینی و هەڵیان بژاردن و کردنیانە ژنی خۆیان، ئینجا پەروەردگار فەرمووی: گیانی من لە مرۆڤدا، تا سەر ملکەچ ناکات بۆ لادانی ئەو مرۆڤە و ڕۆژەکانی سەدوبیست ساڵ دەبن، لەو ڕۆژانەدا لەسەر زەوی کۆمەڵێك ستەمگەر هەبوون، بەڵام دوای ئەوە کاتێك کوڕانی خودا چوونە لای کچانی مەردوم و منداڵیان لێیان بوو... ئا ئەوانەن دەسەڵاتداران، کە لە دێر زەمانەوە خاوەن ناوون.[١]

ئەوەشیان هەڵبەست کە یەعقووب و ژنەکەی خودایانی لابانیان دزی چونکە بە پیرۆزیان دەزانی، لەم بارەوە هاتووە: "ئیستاش تۆ ڕۆیشتیت، چونکە غەریبیی ماڵی باوکت کردبوو، بەڵام بۆچی خوداکانی منت دزی؟

یەعقوب وەڵامی دایەوە و وتی بە لابان: من ترسام، چونکە وتم پێت: ڕەنگە دوو کچەکەم لێ داگیر بکەیت، ئەو کەسەی خوداکانتی لەلا بدۆزیتەوە ناژی، بەرامبەر براکانم بڕوانە چیم پێیە بیبە بۆ خۆت، یەعقوب نەیدەزانی کە راحیل خوداکانی دزیوە، چونکە زووتر ئەو بتەکانی دزیبوو و خستبوونیە ناو باری حوشترەکە و لەسەریان دانیشتبوو".[٢] هەروەها خودایان وەك خێوێك نیشانداوە کە ڕووبەڕووی یەعقوب دەبێتەوە و پێکەوە زۆران دەگرن و خەریکە بیدات بە زەویدا.

لە ئیسحاحی ٣٢ لە سیفری ئەفراندن: ٢٤ هاتووە کە:

"یەعقوب بە تەنها مایەوە و تا بەرەبەیانی مرۆڤێك زۆرانی لەگەڵ گرت" ٢٥

کە بینی توانای نییە بەسەریدا، دای لە هۆقەی ڕانی، لەم زۆرانەدا هۆقەی ڕانی یەعقوب لە جێ چوو، ئینجا وتی بەڕەڵلام بکە، چونکە بەیان ئەنگوتووە، ئەویش وتی: دەست بەردارت نابم، تا بەرەکەتدارم نەکەی (تا پیرۆزی نەکەی).

---

[١] کتێبی پیرۆز : پەیمانی کۆن.سفری ئەفراندن ١ : ٤-٦

[٢] کتێبی پیرۆز : پەیمانی کۆن , سفری تەکوین ٣٠ : ٣٠ — ٣٤

وتی: ناوت چییه؟ وتـی: یـەعقوب، پاشـان لەمەبـەدواوە نـاوت یـەعقووب نـابێ، بەڵکو ئیسرائیل، چونکه تـۆ لەگـەڵ خـوا و خـەڵك تێکۆشـاویت و توانـات هـەبووە، ئینجا یەعقووب پرسی: تۆ ناوی خۆتم پێ بڵـێ: وتـی: بـۆ لـە نـاوی مـن دەپرسـی؟ لەوێڕا پیرۆزی کرد" ٢٢

وتیان: خودای گەورە بابی پادشای جوولەکەیە.

لە "مەزامیر"دا هاتووە:

من لە ڕووی بڕیاری پەروەردگارەوە هەواڵ دەدەم، پێی گوتم: تۆ کـوڕی منـی و من ئەمڕۆ تۆم بووە.[1]

ئەو پێم دەڵێ: بابی من تۆی.[2]

ئەو خانوویەك بۆ ناوی من دروست دەکات، منیش تەختی پاشایەتی ئەو بۆ هەتا هەتایە جێگیر دەکەم، من بۆ ئەو دەبمە باب و ئەویش بۆ من دەبێتە کوڕ.[3]

لـەوە زیـاتر بڕوایـان وایـە کـە پـەروەرگار بـابی نەتەوەکەیانـە... بـەپێی مانـای پڕاوپڕی وشەکە.

لە "هوشەع"دا دەخوێنینەوە:

"بـەڵام ژمـارەی نـەوەی ئیسـرائیل وەکـو لمـی دەریـای لێ دێـت کـە نـاپێورێ و ناژمێردرێت. لەبری ئەوەی پێیان بگوترێ: ئێوە گـەلی مـن نـین، پێیـان دەگـوترێ: کوڕانی خودای زیندوو.[4]

لە "ئەشعیا"دا هاتووە:

---

[1] مەزمووری دووەم : ٧ — ٨.

[2] مەزمووری، ٨٩ : ٢٦.

[3] اخبار الایام الأول، ١٧ : ١٤. صمویل الثانی: الاصحاح السابع، ١٤ — ١٥، زۆر شوێنی دیکه.

[4] هوشەع: ١ : ١١

چونكه مندالّمان دەبیّ و كوڕ دەبەخشین و سەرۆكایەتی لەسەرشانی دەبیّ و ناودەبریّ بە سەرسامكەر، ئامـاژەدەر، خودایـەكی بە توانـا، بـابی هەمیشـەیی، سەرۆكی ئاشتی.[1]

هەروەها تیایدا دەخوێنینەوە: "تـۆ بـابی ئێمـەیت. ئەگـەر تەنانـەت ئیـبراهیم و ئیسرائیل نەماننـاسیّتەوە، خودایا تۆ بابی ئێمەیت، ناوت لە مێژە هەیە".[2]

وا دەزانن ئەم پەیوەندییە هیچ نەگۆڕاوە تەنانەت كاتێك گرفتـاری و بـەدكاری و پەرستنی خوداكانی دیكە بوون، لە هووشەعدا هاتووە:

"دایكیان چونكە زینای كرد، من وا ڕێگاكەی بە دڕك پەرژین دەكەم و دیواری بۆ دروست دەكـەم تـاوەكو ڕێگاكـانی نەدۆزێتـەوە...بۆ ئـەوەی ئەگـەر گـەڕا بـە دوای خۆشەویستانیدا نەیاندۆزێتـەوە. ئینجـا ناچـار دەڵێـت بـا بڕۆمـەوە بـۆ لای مێـردی یەكەمم، چونكە ئەو كاتە لە ئێستا بۆم باشتر بوو. ئەو نازانێت كـە مـن گـەنمم پـێ داوە، هەروەها ئەو ڕۆن و زیوە زۆرەو ئەو زێرەش كە دایاننابوو بۆ "بەعل".[3]

ئیسلام ڕەخنەی توندی ئاڕاستەی ئەم بۆچـوونە یەهوودیـە كـردووە، كـە گوایـا پەیوەندی خودا و گەلەكەی واداری دەكات كە هەمیشە بەهرەیان بداتیّ، هەرچەندە ئـەوان بكەونـە تـاوان و سەرسـەختی و سـتەمگەری. بـا لـە سـیفری "تەسـنییە" بخوێنینەوە: "بزانە لەبەر چاكەی تۆ نیە كە خودا ئەم زەوییـە باشـەی پێـداوی تـا ببیتە خاوەنی.. چونكە تۆ گەلێكی مل ئەستووری. لە بیرت بیّ چۆن لە بیاباندا لەو ڕۆژەوە كە لە زەوی میسر دەرچووی، چۆن خودا خۆتـت تـووڕە كـرد تـا گەیشـتنە ئەم شوێنە هەر دژی خودا بوون، تەنانەت لە حووریبیش خوداتان تووڕە كرد.[4]

---

[1] اشعیاء : ٩ : ٦-٧

[2] اشعیاء: ٦٣ : ١٦

[3] هوشع : ٢ : ٢ – ١٣.

[4] سیفری تثنیة: اصحاحی نۆیەم : ٥-٩.

له هەمان سفردا هاتووە: "کاتێك خودا دوو تابلۆی سەنگ و پەیمانی پێدام پێی گوتم: هەستە خێرا لێرا برۆ، گەلەکەت کە لە میسر ڕزگارت کردن، گەندەڵ بووە، بە خێرایی لە ڕێگا و سپاردەی تۆ لایانداوە، بۆ خۆیان پەیکەرێکیان داڕشتووە... خودا پێی گوت: ئەم گەلەم بینی، دیم مل ئەستوورە... ئێوە لەو ڕۆژە ناسیومن نافەرمانی خودا دەکەن."[1]

پوختەی قسان: خودایەك بەم شێوەیەی کە ئەم دەقانە باسی دەکەن کۆتکراو بێت، هەرگیز و بە هیچ پێوانەیەك ئەو خواوەندە تاك و باڵا نیە کە هۆشیاری سامیەکان لە بنەڕەتدا ناسیویانە.

## تاوانی مەسیحیەت:

لە تاوان دەرحەق بە خەسڵەتی شکۆمەندیی و جیاوازیی زاتی خودا، مەسیحییەت لە یەهوودیەتی بردۆتەوە، بەڵام کاکڵەی ڕەخنەکانی ئیسلام لە مەسیحیەت، ئەوەیە کە چەمکی ناباڵای خواوەند، کە لە یەهودیەتدا دراوەتە پاڵ پاشا، مەسیحیەت داویەتی بە عیسا (دروودی خوای لەسەر) واتە وێڕای ئەو هێما مەعنەوییەی باس لە فەرمانبەرداری بۆ خواوەند دەکات، هەموو ئەو ناوەڕۆکە ئۆنتۆلۆجیەی پێیداوە کە خەسڵەتی باڵابوون و جودایی لێ دادەماڵێت، کاتێك بڕوای وایە کە خودا و عیسا یەك جەوهەریان هەیە.

ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ئاینزای کاسۆلیکی مەسیحی، خۆی لەم خاڵەوە پێناسە کردووە، کە لە ڕووی جەوهەرەوە عیسا و خودا یەك ماهیەتیان هەیە، خودایەك، کە بە هەموو شێوەیەك جودایە، لە فرەیی خود و خەسڵەت و ئاگایی.

ڕوون و ئاشکرایە کە سەرچاوەی ئەم لادانە نوێیە، لە تایبەتمەندیی باڵابوون و جودایی زاتی خودا، بە درێژایی مێژووی هۆشیاری ڕەگەزی سامیی، بریتی نیە لەو

---

[1] سیفری تثنیة: اصحاحی نۆیەم : ٩-١٤، ٢٤.

میراتەی کە مەسیحییەکان لە جووەکان بۆیان ماوەتەوە، چونکە مەسیحییەکان لەم میراتـە تـەنها چـەمکەکەیان وەرگرتـووە نـەك نـاوەڕۆك، تەنانـەت گنۆسـیەتیش سەرچاوەی ئەم لادانە نیە، چونکە گنۆسییەکانیش بیرۆکەی یەکسانبوونی سروشتی خودا و عیسایان ڕەتکردۆتەوە، بەڵگەشیان لـە بەرامبـەر مەسـیحییەکانەوە لەسـەر تایبەتمەندیی باڵابوونی جودای زاتی خودا، بەوە هێناوەتـەوە کـە: "ئەگـەر ئـازاری چێشتبێ کەواتە خـودا نیـە و ئەگـەر خـوداش بـووبێ، ئـازاری نەچێشـتووە"، واتـە سەرچاوەی ئەم لادانە بریتییە لە کاریگەریی سرووتە نهێنیەکان لەسـەر هۆشـیاریی سامی.

لەم سەرچاوەیەوە مەسیحیەت وێنەی خـودا ئازادراوەکـەی وەرگرتـووە، کـە بـە مەرگ و پاشان بە هەسـتانەوە و گەڕانـەوەی بـۆ ژیـان مـرۆڤ ڕزگـار دەکـات، ئینجـا منــەت و گەورەییەکــەی لــە ڕێگــای ڕازی قوربـانی پــیرۆزەوە دەگوێزرێتــەوە بــۆ بەردەست. ئەم کاریگەرییـە کـە تـەواو دژ بـە بیرۆکـەی بـاڵا بـوون و جـودایی زاتـی خودایـە. بـە شـێوەیەك بەرپرسـە لـە سـەرکەوتنی مەسـیحیەت لـە ناوەنـدەکانی دەرەوەی گـەلانی سـامی لـە کـاتی دروسـتبوونیدا، کـە شـارەزانەبوون لـەوەی کـە خواوەند بە گشتی جودایە لە دروستکراوەکانی.

ئەم فاکتەرە بە هەمان پلە بووەتە هۆی لادانیان کاتێك ژمارەیەك چەمکی عیبری و ئارامی بێ مەبەستیان لێکدایەوە، کە لە ناو هاوچەرخەکانی عیسادا بەکاردەهاتن. بۆ نموونە وشەی "نموونە"، "ئادەمی نموونـە" بـە مانـای کەسـێکی پـەروەردە جـوان و لــە ئەنجامـدا ڕەوشـت بـەرز... بـەڵام ئـەم وشــەیە لای قەشـە "پـۆڵ" ڕەهەندێکی میتافیزیکی شاراوەی وەرگرت و هەر کەسێکی چاك بۆی هەبوو بڵێ من وەك مەسیح دەکەم، واتە ئەم گوتەیە بهێنێتە دی: من و بابم (خودا) یەکێکین، واتە فەرمانبەریی رەهای ویسـتی خـودا، بـەڵام مەسـیحیەکان وا تێگەیشـتن کـە مەسـیح بانگێشەی پیرۆزی بۆ خۆی کردووە.

لەکاتێکـدا وشـەگەلی وەك: گـەورە، پـیرۆز لـەناو سـامییەکاندا بـە هەرکەسـێك گوتراوە، کە دەسەڵاتێکی هەبوو بێ، مەسیحیەکان وا تێگەیشتن، چونکە حەوارییە سـامییەکانی عیسـا ئـەم سـیفەتانەیان داوە پێـی، کەواتـە بـە خودایـان زانیـوە. سەرەنجام دوای ئەوەی پیاوانی ئاینی مەسیح هەموو لێکدانـەوەکانی خۆیانیـان بـە بەڵگەنەویست زانی، هاتن لە کتێبی "پەیمانی کۆن"دا بە دوای بەڵگەیەکدا دەگەڕان بۆ بەڵگە بۆ ئەوەی بسەلمێنن کە زاتی خودا فرەیی تیایە.

بە بیرکردنەوەیەکی دوور لە هـەر وردەکارییـەك ئۆگەسـتین و تریلیـان و خـەڵکی تریش وا گومانیان برد کە هەرچی ڕاناوی کۆ هەیە کـە لـە سـیفری تەکوینـدا باسـی خودا دەکات، بەڵگەیە لەسەر خودایەتیی سێ کەس. وەکو: "خلق الله الانسان علـی صورتە. علی صورة الله خلقه". تا ئیسـتاش ئەمـە بووەتـە بەڵگەیـەکی مەسـیحی و بیرمەندانێکی ناسراو وەکو کارل بـارت بڕوایـان پێیـەتی. کـە بـە بـێ هـیچ شـەرم و شکۆیەك بڕوای وایە کە نێر و مێیەتی لە سروشتی خودا جێگیرە. بە بەڵگەی ئەوەی کە دوابەدوای ئەو بڕگە وەرگێراوەی سیفری تەکوین یەکسەر ئەم بڕگەیە هاتووە:

بە نێر و مێ دروستی کردوون..(١) گوایا ئەمە بڕگەی پێشـووتری ڕوونکردۆتـەوە واتە بەم پێیە ئاماژەیە بۆ نێرو مێیەتی وەك دوو پێکهێنەری وێنەی خودا.(٢)

مەسیحیەکان ئەم بیرۆکەی "خودای ناباڵا"یان بە توندی وەرگرت، بە جۆرێك کە بووە بڕوایەکی نـەگۆڕ لایـان و وای لێ هـات پـۆڵ تیلـیش بـاس لـە جـۆرێکی نـەمرو هەمیشەیی بکات و توانی بڵێ: خواوەندی باڵا و جودا نەناسراوە، ناشناسرێت هـەتا لە شتێکی سروشتی و مێژوویيدا بەرجەستە نەبێ.(٣)

---

١ سیفری تەکوین : ١: ٨.

2 Karl Barth , Charch Dogmatics tr.G.W.Bromley and t.f.F. Torrence, London, T&T.Clark,1960,111,Part 1,pp.190 ff.

3 Paul Tellish , Systematic Theology , Chicago : University of Chicago Press , 1957 Vol.2 p.40.

بیرۆکەی باڵا بوون و ڕەهایی خودا، بەم ئەندازەیە نگرۆ بوو لای مەسیحیەکان.. زمانی دەربڕینی بیرۆکەکەش بوو بە زمانێکی نەگونجاو. هەرچەند مەسیحیەکان وازیان نەهێنا لە بڕوا بە خودای باڵا، بەڵام لە هەمان کاتدا باسی خودایان دەکرد وەك مرۆڤێکی ڕاستەقینە کە بڕوا بە زەویدا و هەر کارێك بکات کە مرۆڤ دەیکات، تەنانەت ئازاری سەرەمەرگیش بکێشێت. بە لۆجیکی ئەوان بێت عیسا (مەسیح) لەیەك کاتدا مرۆڤیشە و خودایشە. هیچ کامیشیان تێنەکۆشاوە بڕوا بە مرۆڤبوون و خودابوونی عیسا پێکەوە بگونجێنێت بەبێ ئەوەی تۆمەتبار بکرێت بە بێدینی و هەڵگەڕانەوە، بۆیە لە باشترین گریمانەدا بەردەوام پەنایان بردۆتە بەر زمانێکی تەمومژاوی فرەمانا... خۆ ئەگەر مەسیحیەك ناچار بکرێت هەڵوێست لەم پرسە وەربگرێت، هیچی بۆ نامێنێتەوە جگە لەوەی بەڕاشکاوی بڵێ بڕوام هەیە بەوەی خودا باڵایە و لەهەمان کاتدا جێگیرە لە دروستکراوانیدا...

بێگومان خەسڵەتی باڵابوونی خودا بەم لۆجیکە، هیچ بنەمایەکی نامێنێت، ئەگەر ئەم ئەنجامەش وەرنەگرین واتە دەبێت واز لەیاساکانی هزری لۆجیکانە بهێنین.

وا دەردەکەوێت مەسیحیەت ئامادەبووە کە لەم بوارەدا بگاتە پێچەوانە و دژە لۆجیك. هەر بۆیە سەبارەت بە بەڵگەنەویست کۆمەڵە پارادۆکسێکی ڕواڵەتییانەی وروژاند و بەرگی یاسایەکی زانستییان لەبەرکرد، بەڵام لە سایەی ئەم یاسایەدا باس لە هەرشتێك شیاوە و قسەلێکردنی هیچ مانایەکی نابێت. چونکە ڕەنگە بۆ بابای مەسیحی ئەم گوزارەیە ڕاست دەرنەچێت کە سێ کوچکەی پیرۆزی "باب و کوڕ و گیانی پیرۆز " ڕێگایەکە بۆ گوزارشت لە خودا.

چونکە ئەگەر ڕاست بێ کە ئەو سێکوچکەیە باشتر لە یەکبوونی خودا گوزارشت لە سروشتی زاتی خودا دەکات، ئەوسا گوزارەی "پلەی باڵاتر لە فرەیی" بۆ زاتی خودا شیاوترە لەوەی بگوترێ "پلەی باشتر". تەنانەت ئەگەر گوتەی سێ کوچکەی

پیرۆز نزم بکەینەوە بۆ ئاستی (زانراوێکی ڕووت)، دیسان هەر وەکو بێ دینیەك دەمێنێتەوە، چونکە بنەمای بەرجەستەنەبوونی خودا وەك بنەمایەکی سروشتی ڕەت دەکاتەوە.

**باڵابوون و جودایی زاتی خودا لە ئیسلامدا:**

لەم پرسەدا ئیسلام کەوتۆتە دژە جەمسەری یەهوودییەت و مەسیحیەت هەردووکیان. ڕایدەگەیەنێت کە پرسی باڵابوون و ڕەهایی زاتی خودا ڕووبەڕووی هەموو مرۆڤێك دەبێتەوە و گرنگە بۆی، هەروەها خودا هەموو مرۆڤی وا ئەفراندووە کە بتوانن، خواوەند بە هەموو باڵایی و ڕەهاییەکەوە بناسن، ئەمە ئەو فیترەتەیە کە خودا مرۆڤی لەسەر ئەفراندووە، کە خاڵی هاوبەشە لە نێوان هەموو ئادەمیزاددا.[1] ئەم سروشتە، توانایەکە کە مرۆڤ خوای پەروەردگاری (لە باڵایی و تاك و تەنهایی و سروشتی بەرزی ) پێ دەناسێت، بە جۆرێك کە جیاوازە لە دروستکراوانی تر. ئیسلام جوداکاریی هیندۆس ناسەلمێنێ لە نێوان مرۆڤەکاندا، کە هەندێکیان دەتوانن لە زاتی خودا ڕابمێنن و باڵایی و ڕەهایی ئەو بناسن و هەندێکی تریان تەنها لە ڕێگەی خودایانی دیکە یا بوتگەلێکەوە دەرکی دەکەن.

جا چونکە تێگەیشتن لە زاتی خودا بەو باڵایی و ڕەهاییە، لە سروشت و فیترەتی مرۆڤدا چێنراوە و لە ئەنجامدا پێویستە هەبێت، ئیسلام هەموو لادانێکی مرۆڤ لە خودا دەباتەوە بۆ پەروەردە و مێژوو، هەروەهاڕوونی دەکاتەوە کە ئەم لادانە، لە کەلتوورێکەوە بۆ کەلتوورێکی تر و لە وەچەیەکەوە بۆ وەچەیەکی تر دەگوێزێتەوە، بە هۆی فەرامۆش و گێلی و ئارەزووپەرستی و بەرژەوەندی بەدەست هاتووە.

---

[1] ڕۆدۆلف ئۆتۆ لەم هەڵوێستە ئیسلامییەوە نزیکبووەتەوە کاتێك جەخت دەکات لەوەی هەموو ئادەمیزاد هێزی هەستی هاوبەشیان هەیە کە ناوەرۆکەکەی لە عەمانۆئیل کانت وەرگرتووە، کە بەو هەستە دەتوانن لە چەمکی پیرۆز تیبگەن لە بوونە غەیبییە ناسروشتییەکەیدا، هەروەها لە هێزی کێشندە و بزوێنەری بۆ ویژدان.

پایــەی یەكــەمی بیروبــڕوای ئیســلامی بریتیــە لــە گەواهیــدان بــەوەی هــیچ پەرستراوێكی ڕاستەقینە نیە جگە لە خودا، موسڵمان لەم گەواهیدانـە وا تێـدەگات، كە خواوەند لە بووندا، لە بڕیـار و لـە فرمانـدا هـیچ هاوتایـەكی نیـە و دیسـان هـیچ دروستكراوێك نییە كە زاتی خواوەنـد نیشـان بـدات یـا بەرجەسـتەی بكـات یـان بـە شێوەیەك هێما بێت بۆی. با لەم بارەوە ئەم ئایەتانەی قورئانی پیرۆز بحوێنینەوە:
﴿وَإِلَهُكُمْ إِلَهٌ وَاحِدٌ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ الرَّحْمَنُ الرَّحِيمُ﴾ (البقرة: ١٦٣). ﴿اللَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّـا هُـوَ الْحَـيُّ الْقَيُّومُ﴾ (آل عمران: ٢).

﴿وَجَعَلُوا لِلَّهِ شُرَكَاءَ الْجِنَّ وَخَلَقَهُمْ وَخَرَقُوا لَهُ بَنِينَ وَبَنَاتٍ بِغَيْرِ عِلْمٍ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى عَمَّا يَصِفُونَ (١٠٠) بَدِيعُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ أَنَّى يَكُـونُ لَـهُ وَلَـدٌ وَلَـمْ تَكُـنْ لَـهُ صَـاحِبَةٌ وَخَلَقَ كُلَّ شَيْءٍ وَهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ (١٠١) ذَلِكُمُ اللَّهُ رَبُّكُمْ لَـا إِلَـهَ إِلَّـا هُـوَ خَـالِقُ كُـلِّ شَيْءٍ فَاعْبُدُوهُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ وَكِيلٌ (١٠٢) لَا تُدْرِكُهُ الْأَبْصَارُ وَهُوَ يُـدْرِكُ الْأَبْصَـارَ وَهُوَ اللَّطِيفُ الْخَبِيرُ﴾ (الانعام: ١٠٠ – ١٠٣).

﴿تُسَبِّحُ لَهُ السَّمَاوَاتُ السَّبْعُ وَالْأَرْضُ وَمَنْ فِـيهِنَّ وَإِنْ مِـنْ شَـيْءٍ إِلَّـا يُسَـبِّحُ بِحَمْـدِهِ وَلَكِنْ لَا تَفْقَهُونَ تَسْبِيحَهُمْ إِنَّهُ كَانَ حَلِيمًا غَفُورًا﴾ (الاسراء: ٤٢ – ٤٤).

هەماهــەنگ لەگــەڵ ئــەم تێڕوانینــە موســڵمانان زۆر ســووربوون لەســەر ئــەوەی بڕواكـەیان لـە نزیـك و دوورەوە تێكـەڵی هـیچ جـۆرە بەرجەسـتەبوونێكی خـودا لـە وێنەیەكدا، یان لە شتێكدا نەبێت، یان تەنانەت لە هۆشیارییاندا سنوورێك بۆ بـاڵایی و ڕەهایی خودا دابنێـت. بگـرە نەیانویسـتووە جگـە لـە زمـانی قورئـان و چـەمك و داڕشتنەكانی، گوزارەیـەكی تـر سـەبارەت بـە خـودا بـەكاربهێنن. واتـە پابەنـدبوون بەوەی خوای گەورە لە نیگای قورئانی دابەزیودا چۆن وەسفی خۆی كـردووە، ئـەم پرانسیپەیان لە هەموو بوارەكانی ژیانیان ڕەچاوكردووە، بەپێی ئـەم وردەكارییـەی خوارەوە.

**باڵا بوون و جودایی خودا لە هونەری ئیسلامیدا:**

موسڵمانان لە هەموو کات و شوێنێکدا زۆر بە توندیی خۆیان دوورگرتووە لەوەی خـودای گـەورە ببەسـتنەوە بـە هـەر وێنـە و شـتێکی بەرهەسـت. ڕووی نـەداوە و نەبینراوە لە هیچ مزگەوتێکدا ڕەبتێك هەبێ لەنێوان مزگەوت و زاتی خودا کرابێـت. دیوار و بنمیچەکەی، یان بە ئایەتی قورئـان، یـا بـە ئەرابیسـکی ڕووت ڕازاوەتـەوە، ئەرابیسك هونەرێکی زەخرەفەیـە لـە وێنـە و شـێوەی قـەدی ڕووەك و گـەڵا و گـوڵ پێکهـاتووە، هونەرمەنـد بـە ئەنقەسـت چـەند بارەیـان دەکاتـەوە و بەرانبـەر دایاندەنێ...

کە واقیعی سروشتی نیشان نادات، واتە هەرگیز ئەو مانایـەی لێوەرناگیرێـت کـە سروشتی دروستکراو بەکاربهێنرێت بۆ نیشاندانی زاتی پیرۆزی خودا. هونەرمەنـدیی موسڵمان لە دیزاینی ئەرابیسکدا چەند شێوازێکی ئەندازەیی بەکاردەهێنێت، کە بـۆ خۆی ڕەتی دەکاتەوە کە سروشت خودای بەرز و پیرۆز نیشان بـدات، ئـەم هونـەرە ئاسۆیەکی بەرفراوانی هەیـە و گوزارشـت لـە ناکۆتـا بـوونی بـواری بیـنین دەکـات و وردەکاری نەقشەکانی وێنایەکی نەبڕاوە دەورووژێنێت، واتە بیرۆکـەی لۆجیکیانـەی درێژبوونەوەی ناکۆتـا بەرهـەم دەهێنێـت... و لـە خەیاڵیشـدا داوا دەکـات کـە ئـەم درێژبوونەوەیە لەودیوی دیزاینی زەمینەکە، یا تابلۆکە، یان ڕوخسار، یان دیوارێکی دیـاریکراو دروسـت بکـات... هەرچـەندە ئەرابیسـك لـە هـەموو هەوڵێکـدا شکسـت دەهێنێت و ناتوانێت بگاتـە ئامـانجی ناکۆتـای خـۆی، بـەڵام دیمـەنێکی خـەیاڵاویی جوان و بێ کۆتا دەداتـە بابەتەکـەی، کـە ئـەویش دەبێتـە ڕوخسـارێك بـۆ بـاڵایی و شکۆی تایبەتمەند و جودا.

پوختەی قسان: هونەرە ئیسـلامیەکان بـە جـۆرێکن کـە دەبنـە وەڵامـدەرەوەی بـاڵابوون و جـودایی خواوەنـد وەك بـەرزترین بنـەمای جوانیناسـی (ئێسـتاتیکا)، لەهـەمان کاتـدا شـێوازەکانی خۆیانیـان وەهـا پـەرە پێـداوە کـە لاسـاییکردنەوەی

سروشــتیان تێــدا نــەبێ و لــە هــەردوو خەســڵەتی "گەشــەکردن و وێنــاکردن" دووربکەونەوە، بەکورتی هـەموو ناوازەییـەکی هونـەرە ئیسـلامیەکان لەوەدایـە کـە هــەموو تواناکــانی جەمسەرســازیی و پێکڤــەبوون و توخمــە سروشــتیەکانی وەك بارسـتە، بۆشـایی، تیشـك، ئـاو و ڕەنـگ و ئـاواز و دەنـگ و دەرکەوتـەکانی دیـار و بەرچاو و تێکڕا بابەتـە سروشـتی و خواکردەکـانی دەگـۆڕن بـۆ چـەند نموونەیـەکی ئاوێزان لە ئاسماندا، کە گوزارشت لە ناکۆتا بوون بکەن و تا ئەوەنـدەی مـن بیـزانم لـەم ڕەچـاوکردنی بنـەمای بـاڵابوون و ڕەهاییـەی زاتـی خودایـە هـیچ هـەڵاوێردێك نەکراوە کە شایانی باس بێت.

### باڵایی و جودایی زاتی خودا لە زماندا، لای موسڵمانان:

موسڵمانان وێڕای جیاوازیی زمان و شێوەزار و زەمینەی نەژاد و کـەلتووریان لـە هەموو جیهاندا بەوپەڕی وردەکاریی و بەهەمان ئەندازە بەردەوام خەسڵەتی باڵایی و جوودا بوونی زاتی خودایان ڕەچاو کردووە بەو شێوەیەی کە قورئانی پـیرۆز باسـی دەکـات، کـە ئەمـەش بـۆ خـۆی مەبەسـتی یاسـا قورئانییەکانـە، کـە لـەم پارچـە ئایەتانەدا ڕوونکراوەتەوە. ﴿إِنَّا أَنْزَلْنَاهُ قُرْآنًا عَرَبِيًّا لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ﴾ (يوسف: ٢).

﴿وَكَذَلِكَ أَنْزَلْنَاهُ قُرْآنًا عَرَبِيًّا وَصَرَّفْنَا فِيهِ مِنَ الْوَعِيدِ لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ أَوْ يُحْدِثُ لَهُمْ ذِكْرًا﴾ (طه: ١١٣).

﴿وَكَذَلِكَ أَنْزَلْنَاهُ حُكْمًا عَرَبِيًّا وَلَئِنِ اتَّبَعْتَ أَهْوَاءَهُمْ بَعْدَمَا جَاءَكَ مِنَ الْعِلْمِ مَا لَكَ مِنَ اللَّهِ مِنْ وَلِيٍّ وَلَا وَاقٍ﴾ (الرعد: ٣٧).

﴿وَلَقَدْ ضَرَبْنَا لِلنَّاسِ فِي هَذَا الْقُرْآنِ مِنْ كُلِّ مَثَلٍ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ (٢٧) قُرْآنًا عَرَبِيًّا غَيْرَ ذِي عِوَجٍ لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ﴾ (الزمر: ٢٧ – ٢٨).

﴿كِتَابٌ فُصِّلَتْ آيَاتُهُ قُرْآنًا عَرَبِيًّا لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ﴾ (فصلت: ٣).

﴿كَذَلِكَ يُوحِي إِلَيْكَ وَإِلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكَ اللَّهُ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ﴾ (الشورى: ٣).

﴿وَإِنَّهُ فِي أُمِّ الْكِتَابِ لَدَيْنَا لَعَلِيٌّ حَكِيمٌ﴾ (الزخرف: ٤).

﴿وَإِنَّهُ لَتَنْزِيلُ رَبِّ الْعَالَمِينَ (١٩٢) نَزَلَ بِهِ الرُّوحُ الْأَمِينُ (١٩٣) عَلَى قَلْبِكَ لِتَكُونَ مِنَ الْمُنْذِرِينَ (١٩٤) بِلِسَانٍ عَرَبِيٍّ مُبِينٍ (١٩٥) وَإِنَّهُ لَفِي زُبُرِ الْأَوَّلِينَ﴾ (الشعراء).

﴿وَمِنْ قَبْلِهِ كِتَابُ مُوسَى إِمَامًا وَرَحْمَةً وَهَذَا كِتَابٌ مُصَدِّقٌ لِسَانًا عَرَبِيًّا لِيُنْذِرَ الَّذِينَ ظَلَمُوا وَبُشْرَى لِلْمُحْسِنِينَ﴾ (الأحقاف: ١٢).

﴿إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ﴾ (الحجر: ٩).

﴿لَا تُحَرِّكْ بِهِ لِسَانَكَ لِتَعْجَلَ بِهِ (١٦) إِنَّ عَلَيْنَا جَمْعَهُ وَقُرْآنَهُ (١٧) فَإِذَا قَرَأْنَاهُ فَاتَّبِعْ قُرْآنَهُ (١٨) ثُمَّ إِنَّ عَلَيْنَا بَيَانَهُ﴾ (القيامة: ١٦ – ١٩)

بە پەیڕەوکردنی ئەم دەقە قورئانیاینە، موسڵمانان تەنها دەقی عەرەبیی قورئانیان بە قورئان زانیوە، جگە لەو، هەموو وەرگێڕانێکی مانای قورئانیان تەنها بە ئامرازێك کە یاریدەدەری تێگەیشتن بێت لەقەڵەمداوە، بەڵام هیچیان نابنە دەقی قورئان و قورئان تەنها بە زمانی عەرەبیی دەخوێنرێتەوە، هەر بەمەشە نوێژ کە پەرستشێکی بنەڕەتیە لە ئیسلامدا بەو شێوەیەی کە پێغەمبەر بۆ ئوممەتەکەی ڕوون کردۆتەوە و بەو فرمانەی کە بە نیگا بۆی هاتووە، پارێزراوە. جگە لەمە قورئان پێکهێنەری هۆشیاریی هەموو ئەو کەسانەیە کە عەرەب نین و موسڵمان دەبن و تێکڕای ئەو گوزارە مەعریفییانەیان پێدەدات کە بیکەنە چوارچێوە بۆ کاروباری ئاینیی و قسەکردن لەسەر هەست و سۆزی ئاینییان بە جۆرێك موسڵمانان هەرچی لەبارەی خودای گەورەوە بڵێن پێویستە لەو سنوورەدا بێت کە قورئان دیاریکردووە و پابەند بێت بە گوزارە قورئانییەکان و بە زاراوە قورئانییەکان و بە دەربڕین و شێوازە ئەدەبییەکەی زمانی عەرەبی. لێرەدا پرسیارێك دروست دەبێت: قورئان بەچ شێوەیەك باسی لە زاتی باڵا و جودا لە سروشتی خودا دەکات؟

لە قورئاندا نەوەدونۆ ناو، یا زیاتری تێدایە، کە باس لە پەروەردگاریی و فەرمانڕەوایی و چاودێریی خوای گەورە دەکات لەسەر بوون. لە هەمان کاتدا

قورئان جەخت دەکاتەوە، کە خودای گەورە: ﴿فَاطِرُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ جَعَلَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجًا وَمِنَ الْأَنْعَامِ أَزْوَاجًا يَذْرَؤُكُمْ فِيهِ لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ وَهُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ﴾ (الشورى: ١١).

وێڕای ئەوەی قورئان هەموو ئەو شتانەی تایبەتی زاتی خودان وەکو گوتار و رووناکی و ڕۆژی لای خودا و ئەم جۆرە شتانە، بە جۆرێك باس دەکات کە نەڕۆنە ریزی گوزارە ئەزموونییەکانەوە کە باس لە ئەفرێنراوان دەکەن. لەم بارەوە با لەم ئایەتەی خودا وردببینەوە: ﴿قُلْ لَوْ كَانَ الْبَحْرُ مِدَادًا لِكَلِمَاتِ رَبِّي لَنَفِدَ الْبَحْرُ قَبْلَ أَنْ تَنْفَدَ كَلِمَاتُ رَبِّي وَلَوْ جِئْنَا بِمِثْلِهِ مَدَدًا﴾ (الكهف: ١٠٩). هەروەها ئەم ئایەتە: ﴿وَيَسْتَعْجِلُونَكَ بِالْعَذَابِ وَلَنْ يُخْلِفَ اللَّهُ وَعْدَهُ وَإِنَّ يَوْمًا عِنْدَ رَبِّكَ كَأَلْفِ سَنَةٍ مِمَّا تَعُدُّونَ﴾ (الحج: ٤٧).

واتە: داوای سزای خێرات لێدەکەن، خوداش وادەی خۆی بەدرۆ ناخاتەوە، بەڵام ڕۆژێك لای پەروەردگارت وەك هەزار ساڵە بەژماردنی ئێوە.

لەم ئایەتانەش وردبینەوە: ﴿يُدَبِّرُ الْأَمْرَ مِنَ السَّمَاءِ إِلَى الْأَرْضِ ثُمَّ يَعْرُجُ إِلَيْهِ فِي يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُ أَلْفَ سَنَةٍ مِمَّا تَعُدُّونَ﴾ (السجدة: ٥).

﴿اللَّهُ نُورُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ مَثَلُ نُورِهِ كَمِشْكَاةٍ فِيهَا مِصْبَاحٌ الْمِصْبَاحُ فِي زُجَاجَةٍ الزُّجَاجَةُ كَأَنَّهَا كَوْكَبٌ دُرِّيٌّ يُوقَدُ مِنْ شَجَرَةٍ مُبَارَكَةٍ زَيْتُونَةٍ لَا شَرْقِيَّةٍ وَلَا غَرْبِيَّةٍ يَكَادُ زَيْتُهَا يُضِيءُ وَلَوْ لَمْ تَمْسَسْهُ نَارٌ نُورٌ عَلَى نُورٍ يَهْدِي اللَّهُ لِنُورِهِ مَنْ يَشَاءُ وَيَضْرِبُ اللَّهُ الْأَمْثَالَ لِلنَّاسِ وَاللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ﴾ (النور: ٣٥).

بەم شێوەیە قورئان زمانێك بەکاردەهێنێت کە ئاماژەی تیایە بۆ دروستکراوانێك — ژمارەو پەیوەندیگەلێکی گەردوونی —، بەڵام بۆ جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی ئەم ژمارەو پەیوەندییانە، تەنانەت بۆ ئاسانکردنیش بەسەر زاتی ڕەهای خودادا ناچەسپێن. بەڵام بە تێپەڕینی کات، هەندێك موسڵمانی ناعەرەب کەوتنە هەڵەی پێکچوواندنەوە (التشبيه)، کاتێك ویستیان پلەیەکی بەرزتر لە پسپۆڕیی و

شارەزایی لە ڕێنمایی قورئان بەدەست بهێنن، ئەو تازە موسڵمانانە کە هاتبوونە ناو ئیسلام لە ئاینگەلێکەوە کە خودا دەچوێنن و بە جەستەی دەزانن، دژواربوو بۆیان کە بەتەواویی لەو ڕەوتی چوواندنەی تێکەڵی ژیرییان ببوو پێش ئیسلامەتیان، وازبهێنن.

موعتەزیلەکان بۆ بەرگریی لە بەرزی و جودایی خودا، ڕاپەڕین و وای بۆچوون کە پێویستە سیفاتی خودا وەك مەجاز و خوازە لێکبدەینەوە و بە ڕواڵەتیی شرۆڤەیان نەکەین، ئەم بیرۆکەیان هێند بە توندیی وەرگرت تەنانەت وتیان کەسانی سەرڕاست تەنانەت لە بەهەشتیشدا ناتوانن پەروەردگار ببینن و پێویستە ئەم دەقە قورئانییەش: ﴿وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَاضِرَةٌ (٢٢) إِلَى رَبِّهَا نَاظِرَةٌ﴾ (القيامة: ٢٢ – ٢٣).

کە موژدەی ئەو بینینە دەدات، وا لێکدانەوەی بۆ بکرێت کە دەلالەتەکەی مەجازییە و ڕاستەقینە نیە، بۆ ئەوەی مانای وشە بە وشەی ئەم چەمکانە نەکرێت.

لەهەمان کاتدا جەماوەری نەتەوەی ئیسلام خەمی ئەوەیان لێ نیشت، کە سەلماندنی ئەم لێکدانەوە مەجازییە لە نرخی چەمکەکە خۆی کەمبکاتەوە و مانا و مەبەستە فەرهەنگیەکەی بەرتەسك بکاتەوە، چونکە تەنها بە لابردنی لەنگەرە فەرهەنگیەکانی چەمك، سنووربەندییەك بۆ مانا و ڕێگرێك بۆ پووچبوونەوەی نامێنێت. کاتی خۆشی یەهوودیەت و مەسیحیەت لە ژێر گوشاری کەلتووری هیلنیستیدا دووچاری ئەم مەترسیە بووە و لە ئەنجامدا گرفتاری زۆر گۆڕانکاری ڕیشەیی هاتوون.[1]

---

[1] بڕوانە: ئەو دیبەیتەی نووسەر لەگەڵ موریس ویلز، پرۆفیسۆری لاهووت لە زانکۆی ئۆکسفۆرد، سەبارەت بە گوزارشت لەلایەنی باڵ و جودای زاتی خودا، لە زماندا.

Word Faithes, Journal of the Congress of Faithes London spring ١٩٧٩ No.١٧.pp , ٢– .١٩

ئەم مەترسییانە سەرەنجام لەلای ئەبو حەسەنی ئەشعەری (٣٢٢هـ – ٩٥٣ز) شکڵی گرت، ئەو ژیانی هرزیی خۆی لەناو موعتەزیلە دەستپێکرد، پاشان لێیان جیابوویەوە و گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە سیفاتی خودا، نە خودی خودان نە جیاشن لە خودا، واتە لەیەك کاتدا لێچوواندن (التشبیە) و داماڵین (التعطیل)ی بە هەڵە دانا، چونکە پێچوواندن لەگەڵ باڵایی و ڕەهایی زاتی خودا ناگونجێ و داماڵینیش ناتەبایە لەگەڵ قورئان کە ئەو سیفەتانەی بۆ خودا داناوە، کە دەگاتە ئەوەی نکوولی لە خودی وەحی بکرێت، سەرەنجام ئەشعەری گەیشتە ئەوەی کە ڕێگای دەربازبوون لەم کێشە هزرییە بریتیە لە:

یەکەم: وەرگرتنی دەقی دابەزیو وەك خۆی واتە وەك دەقێکی مانادار بەپێی مانای زمانەوانیی و فەرهەنگی بڕگەکانی.

دووەم: ڕەتکردنەوەی پرسیاری: چۆن دەکرێ مانای بەرهەستی گشتیی بدرێتە پاڵ خودا؟ چونکە پرسیارێکی ناشەرعییە، ئەم پرۆسەیەشی بەوە ناوزەد کرد، کە چلۆنایەتی تێدا نیە.[1]

ڕوونە کە ئەشعەری ویستوویەتی بڵێت: ئەگەر ئەو کەسەی پرسیاری چلۆنایەتی سیفەتی خودا دەوروژێنێت چاوەڕوانی وەڵامێك بێ هاوچەشنی ئەو وەڵامەی کە جۆری پەیوەندی سیفەت بە بکەری سروشتی شیدەکاتەوە، بێگومان دەکەوێتە لێکچوواندنەوە، تا گەیشتە ئەوەی وتی: کەواتە لە بنەڕەتدا پرسیارەکە بەجێ نیە:

لەهەمان کاتدا وا دەردەکەوێ مەبەستی ئەشعەری ئەوەبووە، بە سەلماندنی جیاوازیی نێوان سیفەت و مەوسووفی باڵا و سیفەت و مەوسووفی سروشتی لەسەر بنەمای داننان بە مانای فەرهەنگیی زمانیی سیفەت و تێگەیشتن لێی و دواتر ڕەتکردنەوەی، هۆشی مرۆڤ پێویستی بە ڕێژگەیەکی نوێ هەیە کە جیاوازبێ لە

[1] بڕوانە: ابو الحسن الأشعري، مقالات الاسلاميين، القاهرة، مكتبة النهضة العصرية، ١/ ٢٢٤ – ٢٢٩.

ڕێژگەی سروشتی و ئەزموونی، هەرچەندە ئەو ڕێژگەیەکی نویٚ و ئامادەی دەست ناکەوێت.

عەقڵ لەوە تێدەگات کە خستنە پاڵی ڕێژگەی سروشتیی ئەستەمە، بەڵام تێگەیشتنی بۆ ئەو سیفەتە هەر بریتیە لەو مانا فەرهەنگییەی کە هەیە، بۆیە خەیاڵ ناچار دەبیٚ ڕێژگەی داواکراو بەرهەم بهێنیٚ، کاتێك دان ئەنیٚ بە جیاوازیی نێوان خستنە پاڵی ئەزموونی و باڵابوونی جودا لە سروشت. لەم وەستانەدا باڵابوون و جودایی جێگیر دەبیٚ لە بۆچووندا، وەك چۆن چەمکی ناکۆتای بەرهەمهاتوو لە هونەری ئەرابیسك کە لەباسکردن نایەت، بەدی دێت.

کەواتە مانای فەرهەنگی دەبێتە لەنگەرگای چەمکەکە، لەهەمان کاتدا خەیاڵ بەدوای ڕێژگەیەکی گونجاودا دەگەڕێت بۆ مانای باسکراو، کە مەحاڵە پێی بگات، لەو نموونە قورئانییانەی کە ئەم مانایە نزیك دەکاتەوە، چوواندنی وشەی خودایە: ﴿أَلَمْ تَرَ كَيْفَ ضَرَبَ اللَّهُ مَثَلًا كَلِمَةً طَيِّبَةً كَشَجَرَةٍ طَيِّبَةٍ أَصْلُهَا ثَابِتٌ وَفَرْعُهَا فِي السَّمَاءِ﴾ (ابراهیم: ٢٤).

لێرەدا وشە وەك درەختە، ڕیشەکانی لە زەویدا جێگیرن و لق و پۆپەکانی کۆتاییان نایەت و دەست ناگاتە لوتکە و بەرزاییەکانی لە ئاسماندا.

## سێیەم: پاراستنی زمانی عەرەبی:

زمانی عەرەبی بە هەموو یاساکانیەوە (مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس کە ڕیشەیان تێدا داکوتاوە) و ملیۆنان مرۆڤ بەشێوەیەکی بەردەوام تا هەنووکە پێی دەئاخفن و ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی زۆربەی کێشەکانی لێکدانەوە، کە دوای ١٤ سەدە لە هاتنە خوارەوەی قورئان ڕووبەڕووی خوێنەری هاوچەرخ دەبنەوە، لەناوبچیٚ.

بەم پاراستنە پیادەکردنی یاساکانی قورئان لە بوارە گۆڕاوەکانی ژیاندا بەردەوام تازە دەبێتەوە. بەهەمان شێوە پەرچڤەی بنەما قورئانییە گشتییەکان بۆ

یاسای دیاریکراوی ورد کە گوزارشت لە فرمان و گرفتە هاوچەرخەکان دەکەن، ڕۆژبەڕۆژ تازە دەبێتەوە. ئێستاکەش تێگەیشتن لە دەربڕینەکانی قورئان و بنەماکانی وەرگرتنی چەمکەکانی هاوشێوەی سەردەمی پێغەمبەر و یارانیەتی پێش ١٤ سەدە، واتە پێوەر و کۆبەندەکانی تێگەیشتن لە قورئان لە سەردەمی پێغەمبەردا بۆ سەردەمی دوای ئەویش کارایە و بۆ تێگەیشتن لە ماناکانی و پراکتیزەکردنی لەسەر زەویدا لەبارە.

کەواتە پێوەری باشی یا خراپی لە پیادەکردنی بنەماکانی قورئاندا لەسەر گرفتەکانی سەردەم، بەستراوە بە تێگەیشتنی ماناکانی قورئان بەو شێوازەی کە پێغەمبەر تێی گەیشتووە. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە توانای توێژەر بۆ تێگەیشتن لە سرووش بەو شێوەیەی کە موسڵمانانی سەرەتای ئیسلام لێی حاڵیی بوون لە مێژووی هزرەکاندا وەك موعجیزە وایە ئەم موعجیزەیەش بەوە پێناسە ناکرێت کە زمانی عەرەبی تایبەتمەندیی خۆی هەیە لە هەردوو ئەرکی دۆزینەوەی مانا و ئەفراندنی مانادا.

ئەرکی دۆزینەوەی مانا پێمان دەڵێ کە مانای شاراوە تەنها بۆ ئەو کەسانە نمایان دەبێ کە خۆیان بۆ تەرخانکردووە و پسپۆڕن لە زانستەکانیدا.

بەڵام ئەرکی ئەفراندن، بۆ خۆی ڕۆڵێکی داهێنەرانەیە و ناتوانرێت لە پێکهێنەرەکانی ئەندێشەی ڕووت جیایی بکەینەوە. جگە لەمە، ئەرکی ئەفراندن پارێزراو نیە لەوەی ڕەنگە بە ڕێژەیی (النسبیة) و خودییبوون (الذاتیة) تۆمەتبار بکرێت بەشێوەیەك کە مەحاڵە بکرێتە بەڵگە بۆ ئیسلام یا بۆ مەسیحیەت، لە هەلومەرجی پشت پێ بەستنیدا هەموو بەڵگەیەك دەبێتە بەڵگەی تاکەکەسی و مێژوویی، گفتوگۆی ئیسلامی – مەسیحی ئەنجامێکی ئەوتۆی نابێت لەکاتێکدا تەنها بۆی هەیە بەو شێوەیە خۆی ناوزەد بکات کە گفتوگۆی دوولایەنە نەك دوو ئاین.

گۆڕانی زمان بابەتێکی حەتمی نیە، چونکە زمانی عەرەبی نەگۆڕاوە، هەرچەند کۆگای وشە بنەڕەتیەکانی کەمێك زیادی کردووە بۆ وەڵامدانەوەی پرسە تازەکان، بەڵام گەوهەری زمان کە بریتییە لە بنیاتی ڕستە و وشەسازیی و پێکهاتە و دەربڕینەکانی بۆ بەستنەوەی جێکەوتەکان و هزرەکان و ڕێگاکانی جوانکاریی ئەدەبی، نەگۆڕاون و وەك خۆی ماونەتەوە، ئەوەی کە گوتراوە هەموو شتێك لە گۆڕاندایە و هیچ شتێك نابێتەوە خۆی، قسەیەکی ڕاست نیە، چونکە بوونی ڕەگەزێکی نەگۆڕ، مەرجە بۆ ئەوەی گۆڕان هەبێ و ناوی بە ناوەڕۆك بێ و بۆ ئەوەی نەڕۆینە ناو تەوژمی گومانێکی فرە توێژ.

ڕێگای دڵنیا و دروست بۆ پێناسەکردنی زمان، بریتییە لە ڕەچاوکردنی ڕێگای زمانزانە موسڵمانەکان، کە بڕوایان بە تەنها یەك فەرمانی زمان هەبوو، کە ئەویش بریتییە لە وەسفکردنی ڕووت. ئەوان ڕوونبێژییان ئاوا پێناسەکردووە کە بریتیە لە "وردەکاری وەسفکردن" و لەئەنجامدا پرۆسەی دانانی فەرهەنگەکانی زمان لە ڕوانگەی ئەوانەوە، لە ژێر ڕۆشنایی و حوکمی "پیرۆز"دا ئەنجام دەدرا، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَعَلَّمَ آدَمَ الْأَسْمَاءَ كُلَّهَا ثُمَّ عَرَضَهُمْ عَلَى الْمَلَائِكَةِ فَقَالَ أَنْبِئُونِي بِأَسْمَاءِ هَؤُلَاءِ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ﴾ (البقرة: ٣١).

ئەو زمانزانانە قۆڵیان لێ هەڵماڵی و لە پێناوی زمانی قورئاندا فەرهەنگ گەلێکی زمانەوانی هێند کامڵیان بەرهەمهێنا، کە هیچ زمانێکی تر بە خۆیەوە نەیدیون و بەم کارەش توانای داهێنانی هۆشی مرۆڤیان لە جێی شیاو دانا.

توانای داهێنان، واتە توانای دۆزینەوەی لایەنەکانی ڕاست، کە بلیمەتەکان پێی دەگەن و کەسانی نزمتر دەرهەقی نایەن و پاش دۆزینەوە بیخەنە بازنەی هۆشیاریی ڕوون. کەواتە هەرچەندە مرۆڤ لە باسکردنی ڕاستیەکانی ناو هۆشیاری خۆیدا وردتربێت، زمان ڕەوانتر و جوانتر و توانای لەسەر ڕێنمایی زیاتر دەبێ. لەم ڕەوتەدا زمانی عەرەبی وەك پسپۆڕییەکی زانستی ڕێك و گشتی بە کراوەیی مایەوە، بۆ

توێژینەوە و پێشکەشکردنی یاسا و ڕێسای ورد، بە جۆرێك ئەگەر کەسێکی زیرەك هەیبێ، دەتوانێت بە نووسەر، یا بە ڕەخنەگری باش بەڵێ: وایە ڕاست دەکەیت.

زۆر سروشتی بوو کە سرووشی قورئانی دابەزیو بە زمانی عەرەبی ڕوون و ڕەوان، هەموو ئەم ئەنجامانەی هەبێت، ئەگەر وانەبا، ماناکان دەگۆڕان و دەستکاریی دەکران، بەڵگەشمان ئەوەیە کاتێك زمانی بنەڕەتی تەورات و ئینجیل و ڕێنماییەکانی زەردەشت و بوودا، فەوتا یا فەرامۆش کرا و گۆڕدرا، ئەوانیش دەستکاری کران تا ئەو ئاستەی چەمکی خواوەندی بەرز و بالاّ و جودا لە سروشتیان بەرباد کرد و گەیاندیانە ئاستێك کە عەقڵی کەمترین توێژەری ئایینناسی وەری ناگرێت.

## چوارەم: بەشداری تایبەتی ئیسلام لە کەلتووری جیهانییدا:

گەوهەری ئەزموونی ئاینیی لە ئیسلامدا بریتیە لە یەکتاپەرستی، گەواهیدان بەوەی جگە لە خودا پەرستراوێکی ڕاستەقینە نیە، ڕەهەندی ڕەسەنی ئیسلامەتی لە یەکتاپەرستیدا کە تازەیە، بەشی نەفیکردنەکەیە لەو شایەتوومانەدا، چونکە: "لا اله إلا الله"، هەموو وەهمەکانی یەهوودیەت و مەسیحیەت و نەفامیی عەرەبەکانی لەرزاند، کە دروستکراوانی دیکەی بە هاوتای خواوەند دادەنا لە پەروەردگارێتیدا. دوای ئەوەی وێنەی بتەکانی نیمچە دوورگەی عەرەبی، کە لە بەرد و تەختە دروستکرابوون، هێنایە خوارەوە بۆ ئاستی شتی بێ زیان و بێ قازانج، ئەو بتانەی کە بەندایەتی و ستایشیان دەکردن و سوژدەیان بۆ دەبردن، هەموویانی نگرۆ کرد بە خوداناسی. بڕوا بە سێ کوچکە "باب و کوڕ و ڕوحولقودوس" لە مەسیحیەتدا، بوونی سێ پیرۆزی کردە گریمانە، کە هەریەکێکیان پڕاو پڕ لای ئەوان خودایە، وتیان خواوەند بووەتە مرۆڤ. بەم گریمانەیە یەکبوونی زاتی خودا و بالاّیی و شکۆ و ڕەهایی ئەویان شێواند. یەهوودییەکان بە ڕێژگەی "کۆ"، باسی خودایان کرد و بە

جووتبوون لەگەڵ کچانی مرۆڤ پەڵەداریان کرد. بەم کارەش یەکبوون و باڵابوون و ڕەهابوون و جووداbوونی خودایان شێواند. تاوانی یەهوود لەسەر ڕەهەندی باڵا و ڕەهای خواوەند، چەند بەرامبەر بوو. ئەو خودایەی کە هەموو شتێکی لە نەبوونەوە هێناوەتە. ئەوان عوزەیر و پاشاکانی یەهوود و هەموو یەهوودیان بە کوڕانی خودا ناوبرد، خوداشیان بە باوکی یەهوود. گوایا پەیوەندی خودا بەوانەوە جیاوازە لە پەیوەندیی بە هەر کەسێکی ترەوە. ئەو کەسانەی پەیمانی کۆنیان پاڵفتە کرد، سەرقاڵبوون بە هەڵبەستنی شتێك کە ڕەگەزی عیبری بە باڵاتر بزانن بەسەر ڕەگەزەکانی تردا.

لێرەوە ئیسلام هەوڵیدا بۆ پاککردنەوەی ئاین لە هەموو ئەو گومانانەی لەسەر یەکبوون و باڵایی و ڕەهایی خودا، بە خوداوە دەیلکێنن. بەم کارەش دوو ئەرکی گەورەی بەجێ گەیاند. داننان بەوەی کە خودای گەورە تاقانە ئەفرێنەری گەردوونە و لە هەمان کاتدا یەکسانکردنی هەموو مرۆڤ بەوەی کە تێکڕا مەخلوقی خودان و هاوبەشن لە هەموو تایبەتمەندییە مرۆیی و سروشتی و گەردوونییەکاندا.

لە ڕووی بەهاکانەوە یەکتاپەرستی بەو گوزارە کورتبڕەی (لا الە الا الله) باسی سێ خاڵ دەکات:

یەکەمیان: ئافەریدە ئەو ماددەیە کە ویستی خواوەند بە ڕەهایی بەرجەستە دەکات و هەموو پێکهێنەرەکانیشی بەو دۆخەی خوا دروستی کردوون ڕوو لە چاکەن، ئەم گەردوونە نەك تەنها باشترین گەردوونێکە کە دەشێت هەبێ، بەڵکو گەردوونێکی کامڵ و بێ کەم و کورتیە، بۆ ئەمەش بەسمانە کە لەم دوو شاهیدە قورئانیە وردبیینەوە:

﴿الَّذِي أَحْسَنَ كُلَّ شَيْءٍ خَلَقَهُ وَبَدَأَ خَلْقَ الْإِنْسَانِ مِنْ طِينٍ﴾ (السجدة: ٧).

﴿الَّذي خَلَقَ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ طِبَاقًا مَا تَرَى فِي خَلْقِ الرَّحْمَنِ مِنْ تَفَاوُتٍ فَارْجِعِ الْبَصَرَ هَلْ تَرَى مِنْ فُطُورٍ (٣) ثُمَّ ارْجِعِ الْبَصَرَ كَرَّتَيْنِ يَنْقَلِبْ إِلَيْكَ الْبَصَرُ خَاسِئًا وَهُوَ حَسِيرٌ﴾ (الملك: ٣ – ٤).

لەڕاستیدا ئامانجی خواوەند لە ئەفراندنی ئەم گەردوونە ئەوەیە، کە مرۆڤ بە ڕوانگە و کردەوە ئاکارییەکانی خۆی، پڕی بکات لە بەها و بایەخ. بۆ پشتڕاستکرنەوەی ئەم گوتەیە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَا بَنِي آدَمَ خُذُوا زِينَتَكُمْ عِنْدَ كُلِّ مَسْجِدٍ وَكُلُوا وَاشْرَبُوا وَلَا تُسْرِفُوا إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ (٣١) قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ اللَّهِ الَّتِي أَخْرَجَ لِعِبَادِهِ وَالطَّيِّبَاتِ مِنَ الرِّزْقِ قُلْ هِيَ لِلَّذِينَ آمَنُوا فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا خَالِصَةً يَوْمَ الْقِيَامَةِ كَذَلِكَ نُفَصِّلُ الْآيَاتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ﴾ (الآعراف: ٣١ – ٣٢).

گەردوونی پڕ لە بەها بەڵگەیەکی دیارە بۆ بوونی خودا...

پاراستنی ئەم گەردوونە و دەوڵەمەندکردنی دەچنە چوارچێوەی سوپاسگوزاری و پەرستنی خودا... واتە هەر بونەوەرێك دەبەرگری بەهایەکی گەردوونی و باڵایە، چونکە ئامرازێکە بۆ چەسپاندنی "ڕەها"، لە بەرامبەر ئەمەدا مەسیحیەت لە پلەو پایەی ئەم جیهانەی کەمکردۆتەوە و بە بوارێکی جەستەیی لەقەڵەمداوە.

لە پلەو پایەی مرۆڤی کەمکردۆتەوە، کە وەك مەخلوقێکی بارکراو بە تاوان باسی دەکات و لە هەمان کاتدا نرخی شوێن و کاتیشی هێناوەتە خوارەوە، گوایا ئەستەمە هەتا هەتایە چەمکی (ڕەها)ی تێدا جێگیر ببێ.

مانای دووەمی شایەتوومانی یەکتاپەرستی ئەوەیە، کە مرۆڤ لەم ژیانەدا ڕووبەڕووی هیچ کێشەیەك نابێتەوە کە نەتوانێ بەدەستی خۆی، خۆی لێ دەرباز بکات. ڕاستە ڕێگای مرۆڤ پڕ لە کۆسپە و بۆی هەیە بە خۆپەرستی خۆی بفەوتێنێت و تەنانەت ئاسانترین ڕێگا بگرێتە بەر بۆ ڕۆچوون لە تەمبەڵی و چێژ و گاڵتە و گەمەدا، بەڵام ئەم شیانەیە مەرج نیە بەهێزتر بێت لە شیانەی ئەوەی کە مرۆڤ ڕێگای جددی بوون و خۆنەویستی و کاری ڕەوشتی بگرێتەبەر.

کەواتە مرۆڤ پێویستی نە بە ڕزگارکەرێکە، نە بە مەسیحێکە، بگرە پێویستیی بە ڕزگاربوونیش نیە. بەڵکو هەر ئەوەی پێویستە کە خۆی تەرخان بکات بۆ پەیامە گەردوونییەکەی لەسەر زەویدا و بەراوردی ڕێز و قەدریشی بەوە دەکرێت، کە تا چەندە ئەم فەرمانەی ڕاستەوخۆ جێبەجێ کردووە. لێرەوە ئیسلام پێچەوانەی مەسیحییەت پێی وایە، کە ڕەوتی گیانپەروەریی بەو مانایەی کە بەبێ بەشداری مرۆڤ لە هاوسەنگیەکانی واقیعیی سروشت و بەبێ تێپەڕاندنی یاسای هۆکاربەندیی سروشت لە هەموو ئاستەکانی کات و شوێندا، بەبێ کاری سیاسی و ئابووریی مرۆڤانە، بەدەستهێنانی ویستی خواوەند قسەی بۆش و بێ مانایە. کەواتە یەکتاپەرستی، بانگهێشتی ئادەمیزاد دەکات بۆ سەرکەوتن نەك بۆ ڕزگاربوون و موژدەی پاداشتیان پێ دەدات لەم جیهان و ئەو جیهانیش بەو ئەندازەیەی کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ کردەوەکانیان بگونجێت.

مانای سێیەمی نوێ کە شایەتوومان لە ئاستی بەهاکاندا گوزارشتی لێ دەکات، بریتیە لەوەی مادام چاکەی پێویست، ویستی خودایە، ئەم ویستەش دەرحەق بە دروستکراوان یەکێکە، چونکە تەنها هی ئەفرێنەرە و پێویستە هەموویان ملکەچی بن، کەواتە نابێت هیچ جیاوازییەك لە نێوان شوێنەکاندا بکرێت وەکو بابەتی کاری ڕەوشت.

عیسا (درودی خوای لەسەر) و نێردراوانی دوای ئەو بە ئەندازەی پێویست ئەم مەبەستەیان جەخت کردۆتەوە. بەڵام پەیڕەوانیان بە تەواوی لێی بێ ئاگابوون، هەر بۆیە پێویست بوو وریابکرێنەوە. لە بەرامبەردا یەهوودیەکان لە بنەڕەتدا دژی ئەم مەبەستە بوون و سەرسەختانە لە دژی کاریان کردووە و بەردەوام بانگەشەیان بۆ پێچەوانەکەی کردووە.

لێرەوە بڕوا بوون بە نەبوونی جیاکاریی لە پنتەکانی کات و شوێندا، کە دەبنە چەق بۆ هێزی دژە سەنتەر لە کاری سیاسیدا و نەبوونی جیاوازی لە نێوان

مرۆڤەکاندا لە ئەنجامدانی کاری ڕەوشتی، بە جۆرێکە کە ڕەوشت ببێتە ژیانێکی گەردوونی و کۆمەڵگایی، ئەم بڕوابوونە وەك داهێنانێکی نوێ بوو، چونکە لە کاتی لەدایکبوونی بزاڤی ئیسلامیدا جێبەجێ نەدەکرا. هەموو ئەوەی وتمان، لە ڕوانگەی نەریتی ئاینی بەرزدا، دەچنە بازنەی بەشداریی یەکتاپەرستی ئیسلام. بەڵام ئەگەر لە روانگەیەکی گەردوونیی فراوانترەوە سەیری بابەتەکە بکەین، دەتوانین بڵێین ئیسلام کرانەوەیەکی ڕاستەقینە بوو چونکە جیهانی لەو چەقبەستوویی و ڕۆچوونە ڕزگار کرد، کە لە ئەنجامی دابەشبوونی جیهان لە نێوان ئاینی هیندیەکان و هیلینیەکاندا خووی پێوەگیرابوو.

لەلایەکەوە بە بڕوای هیندۆسەکان بوونەوەر بۆ خۆی ڕەهایە (براهمایە)، بەڵام نەك لە شێوەی ئایدیاییدا، بەڵکو لە شێوەی بەکەسبووی تایبەت و تاوانباردا، کەواتە لە ڕوانگەی ئەم ئاینەوە بەشبوونی ڕۆحی ڕەهای براهما و لەبەرکردنی بەرگی ماددی، ڕووداوێکی ناخۆشە، واتە لە ڕووی ئاینی و ڕەوشتییەوە پێویستە لێی ڕابکەین و ڕزگارمان ببێ لێی، گەردوون و بوونەوەر لەم ئاینەدا "خراپە"یە، بە پێچەوانەوە بەرزترین بەهرەو چاکە لە مەملەکەتی ڕەهای براهما و نێرڤانادا بوونی هەیە. لە سایەی ئەم بۆچوونەدا، پرۆسەی بوونخوازیی بە چاودێریی مناڵبوون و تێکۆشان بۆ بەرهەمهێنانی خۆراك و بە بەهەشتکردنی ژیان و دروستکردنی مێژوو، هەر هەموو دەبنە کاری خراپ، چونکە حاڵەتی بەشتبوون پەخش و چڕ دەکاتەوە و مەوداکەی فراوانتر دەکات. دیارە تەنها ڕەوشتێکی ئاکاریی کە لەگەڵ ئەم دیدگایەدا یەکدەگرێتەوە بریتییە لە ڕەوشتی تاکگەرایی، کە بوون ڕەتدەکاتەوە.

ئاینی جینی و نێرڤادا لەسەر پابەندبوونیان بەم دیدگا بنەڕەتیەی ئۆپانیشاد مانەوە و هیندۆسیەتیش لە بەرژەوەندی بژاردەی خۆشبەخت قبوڵی کرد و ئاینێکی جەماوەریی وای ڕەواج پێدا کە مەنبووزەکان بەتەمای ڕزگاربوون لە

مەینەتیەکان نەبن، مەگەر لە ڕۆژی دواییدا، لەم ژیانەشدا پێویستە لە شوێنی دیاری کراوی خۆیاندا تێبکۆشن بەبێ کەمترین چێژ و ڕەزامەندیی لەو ئامانجەی بوونیان.

بەهەمان شێوە، ئاینی بووزا ئەم دیدگایەی کردە بناغەی خۆی و ڕوانگەی ئاینیی خۆی لە چەند ئاکارێکی چینی بەرایی و زەمینیدا گەڵاڵە کرد و چەند کەسایەتێکی بەرز و شکۆداری دیاری کرد بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤ لە دەردو ئازارەکانی بوون. ئاینی هیلینی هات بە ئاوێتەیەك لە ئاینی میسری و یۆنانی کۆن و میترایی ئێران و ئاینەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیك "گنۆسیەت"، بزاڤی سامییانەی حەزرەتی عیسای گەمارۆدا. ئامانجی بزاڤەکەی عیسا، پاڵفتەکردنی یەهوودیەت بوو لە پابەندبوونی کتومت و ڕەگەزپەرستی.

بەم ئاوێتەیە پارێزگاری کرد لە چەمك و هزری میسری و یۆنانی، کە خواوەند و گەردوون دەکاتە یەك و خواوەند دەبێتە مرۆڤێك و مرۆڤیش خۆی دەبەستێ بە خوایەتیەوە. لێرەوە بێزاریی لە ستەمی ئیمپراتۆریی و ڕقی گنۆسیەت لە مادده و ژیانی دنیا و هیوای ڕزگاربوون لە ئاینی میترا و یەهوودییەتدا، هەر هەموویان کۆبوونەوە بۆ دروستکردنی ئەو لێکدانەوەی مەسیحیەتی مێژوویی بۆ ئەم بوونەوەرە دەیکات، کە گوایا بوون دابەزینە و گەردوون خراپەیەکی کاتییە و دەوڵەت و کۆمەڵ دەستکردی شەیتانن و ژیانی ڕەوشتمەند بریتیە لە ڕەفتاری تاکگەرایی و ڕەتکردنەوەی ئەم ژیانە.

تەوحید ئەم مانا سێیەمەی هێنا بۆ بووژاندنەوەی بیرەوەری مرۆڤ و بەم مانایە هەموو دروشمەکانی میسر و هیندستانی پووچەڵ کردەوە، کە ڕەها و سروشت، خالق و مەخلووقیان یەکسان دەکرد. جا ئەو یەکسانکردنە، چ بە قازانجی مەخلووق بێت، وەك لە ئاینی میسری و یۆنانی کۆندا هەبوو، چ بە قازانجی خالق بێت، وەك لە هیندستان هەبوو. ئیسلام سەرلەنوێ ڕوانگەی میزۆپۆتامیای دێرینی دووپات کردەوە، کە بڕوای بە جودایی تەواوی خالق و مەخلووق هەیە و مرۆڤ بە

پەرستشکاری خواوەند دەزانێت لە موڵك و مەلـەکوتی ئـەودا. قـەدەریش وابـوو بـۆ سەلماندنی ناوەڕۆکی ئیسـلام، بـە سـوودوەرگرتن لـە ئـەزموونی مێـژوویی، کـە لـە هەمان کاتدا ببێتە داڕێژەری حیکمەتی میزۆپۆتامیای کۆن.[1]

---

[1] بڕوانە سێ بەشی یەکەمی ئەم کتێبە سەبارەت بە ئاینە دێرینەکانی رۆژهەڵاتی نزیك.
Ismael R Al Farooqi.Historical Atlas oF the Religins of the World.New York : the Macmilon Co.1974.

# بەشی سێیەم
# تەوحید بنەمای مێژووە

تەوحيد مرۆڤ پابەند دەكات، كە كارەكانی ئەخلاقی بێت، واتە ئەخلاقییەتێكی وەها كـە شايسـتەبوون و ناشايسـتەبوون بـە ئەنـدازەی ئـەو سـەركەوتنە بپێورێـت، كـە بكەرێكی ئەخلاقیی بەدەستی دەهێنێت لە گۆڕينی ڕەوتی شوێن و كاتدا، سەبارەت بە خۆی و دەورووبەری. ئەو بارگەی ئەخلاقیی نیەت ڕەتناكاتەوە، چونكە ئەو هـەر هەمان پێوانە بـەكاردەهێنێت لـە ئاسـتی ئـەو بـەها كەسـییانەدا، كـە كاريگـەرييان لەسەر هۆشياريی بكەرەكە هەيە، چونكە هيچ ناتەباييەك لە نێوان ئـەم دوو كـارەدا نييە، ئيسـلام لەڕاسـتييدا بارگـەی ئـەخلاقيی نيـەت داوا دەكـات و بـە پێشـمەرجی دادەنێت بۆ چوونە بواری جێبەجێكردنی هەموو ئەو شتانەی كە ئەخلاقييـەتی كـار داوای دەكەن.

**لەم پێگەيەدا، با لە چەند بەڵگەيەكی قورئانيی ورد ببينەوە:**

﴿أَلَا لِلَّهِ الدِّينُ الْخَالِصُ وَالَّذِينَ اتَّخَذُوا مِنْ دُونِهِ أَوْلِيَاءَ مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَـا إِلَـى اللَّهِ زُلْفَى إِنَّ اللَّهَ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ فِي مَا هُمْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْـدِي مَـنْ هُـوَ كَـاذِبٌ كَفَّارٌ﴾ (الزمر: ٣). هەروەها: ﴿بَلَى مَنْ أَسْلَمَ وَجْهَهُ لِلَّهِ وَهُوَ مُحْسِـنٌ فَلَـهُ أَجْـرُهُ عِنْـدَ رَبِّهِ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ﴾ (البقرة: ١١٢).

﴿إِلَّا مَنْ أَتَى اللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ﴾ (الشعراء: ٨٩).

﴿إِنَّ فِي ذَلِكَ لَذِكْرَى لِمَنْ كَانَ لَهُ قَلْبٌ أَوْ أَلْقَى السَّمْعَ وَهُوَ شَهِيدٌ﴾ (ق: ٣٧).

ئيسلام بەم كارەی ڕێگريـی دەكـات لـەوەی كـە كـاری ئـەخلاقيی ببەسـتێت بـە دەرەنجامەكەيەوە، يان بە قازانجەكەيەوە، بەبێ گوێدانە گەورەيی پاڵنەرەكەی.

لەسەر بنەمای ئەوەی وترا، ئيسلام لە موسڵمان چاوەڕێی ئـەوە دەكـات كـە لـە ڕەوتی كات و شوێندا دەخالەت بكات. واتە دوای شايەتوومان بە بەندايەتی بۆ خودا و خۆتــەرخانكردن و ژيــان و وزەبـەكارهێنان بـۆ خواپەرسـتی و قــايلبون بــەوەی پێويسـتە ويسـتی خـودا لـەم ژيـانی دنيايـە كاريگـەر بێـت بـە كـات و شـوێنيەوە،

موسڵمان ڕێگایەکی نییە جگە چوونە بواری کار و مێژوو. بۆ ئـەوەی وەرچـەرخانی باشیان تێدا بکات.

موسڵمان ناتوانێت خەڵوە بکێشێت و ڕاهیبانە بـژی، مەگـەر وەك ڕاهێنانێـك بـۆ کۆنترۆڵی نەفس و بەرزەفتیی خود،تەنانـەت لـەم حاڵەتەشـدا ئەگـەر ڕیازەتکێشـان نەیگەیاندە مەبەست و سەرکەوتنی زیاتری لە وەرچەرخانی کات و شوێن بەدەست نەهێنا، کارەکەی مایەپووچە و جۆرێکە لە خود سەنتەریی نائەخلاقیی، چونکە ئەو کاتە وەرچەرخانی خود بۆ خۆی دەبێتە ئامانج، نەك ببێتە ئامادەگییەك بۆ گۆڕینی جیهان بەرەو جیهانێکی هاوشێوەی نموونەی ڕەببانی. قورئانی پیرۆز سەبارەت بـە پاساوی ئەم ژیانی دنیایە زۆر دوواوە، بۆ نموونـە بـەو مەیدانـەی وەسـفکردووە کـە مرۆڤ ئەرکە گەردوونییەکەی تیا جێبەجێ دەکات، هەروەها ئەم جیهانەی بەو بوارە ناوزەد کردووە کە پێویسـتە تێبکۆشـێت بـۆ بـەدیهێنانی بـوونی ڕەهـا تیایـدا، ئـەو کەسەش کە دەبێ ئەم ئەرکە جێبەجێ بکات مرۆڤە.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿الَّذِي أَحْسَنَ كُلَّ شَيْءٍ خَلَقَهُ وَبَدَأَ خَلْـقَ الْإِنْسَـانِ مِـنْ طِينٍ﴾ (السجدة: ٧). ﴿رَبَّنَا مَـا خَلَقْـتَ هَـذَا بَاطِلًـا سُـبْحَانَكَ فَقِنَـا عَـذَابَ النَّـارِ﴾ (آل عمران: ١٩١).

بەم وشانە خوای گەورە ئامانجی گەردوونی بە شێوەیەکی گشتی دیاریکردووە.

سەرکەوتن و پێشبڕکێ بۆ چاکەکردن و بەختەوەریی و باقی گوزارەکانی تـر کـە قورئان بەکاری هێناون بۆ ئامانج لەم بوونە تەنها یەك ناوەڕۆکی هەیە، کـە ئـەویش گۆڕینی بەرەنجامەکانی بوونە، وەك پیاوان و ژنان و شار و وڵاتان.

**لەم ڕووەوە با ئەم ئایەتە بخوێنینەوە:**

﴿وَإِلَى ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَالِحًا قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُمْ مِـنْ إِلَـهٍ غَيْـرُهُ هُـوَ أَنْشَـأَكُمْ مِنَ الْأَرْضِ وَاسْتَعْمَرَكُمْ فِيهَا فَاسْتَغْفِرُوهُ ثُمَّ تُوبُوا إِلَيْهِ إِنَّ رَبِّي قَرِيبٌ مُجِيبٌ﴾ (هود: ٦١).

له نمایش و دیارکردنی ئەو کەسانەی دین بە درۆ دەخەنەوە، ئـەم فەرمایشـتەی خوا دەخوێنینەوە: ﴿أَرَأَيْتَ الَّذِي يُكَذِّبُ بِالدِّينِ (١) فَذَلِكَ الَّذِي يَدُعُّ الْيَتِيمَ (٢) وَلَا يَحُضُّ عَلَى طَعَامِ الْمِسْكِينِ (٣) فَوَيْلٌ لِلْمُصَلِّينَ (٤) الَّذِينَ هُمْ عَنْ صَلَاتِهِمْ سَاهُونَ (٥) الَّذِينَ هُمْ يُرَاءُونَ (٦) وَيَمْنَعُونَ الْمَاعُونَ (٧)﴾ (الماعون: ١ – ٧).

ئاشکرایە پڕکردنەوەی فەزای شوێن و کاتی ئەم جیهانـە بـە بـەها، تەنانـەت بـە بەهای ماددی خۆراك، بەشێکی گرنگی دین نیە بە تەنها، بەڵکو هـەموو ئەرکـەکانی دین کۆ دەکاتەوە، هەربۆیە کاروباری ئاخیرەت لە ئیسلامدا بە تـەواوی جودایـە لـە ئاخیرەتی نێو یەهوودیەت و مەسیحیەت.

لە ئاینی جوودا " شانشینی خواوەنـد " کـە دەبێتـە جێگـرەوەی دۆخـی بابـای عیبرانی لە تاراوگـە، شانشـینی داودە، بـە یـادەوەری رابـردوو، لـە خەیاڵـدانی ئـەو کەسانەدا کـە لـە دەسـتیانداوە و ئـەو کەسـانەش کـە هەنووکـە لـە نـزمترین پلـەی کۆیلایەتی و هەژاریدان. هەرچی گرنگیدانی ئاینی مەسیحیشە بەوەیـە کـە دژایـەتی خـود خولگـەیی جووەکـان بکـەن کـە ڕەگەزپەرسـت و ڕواڵـەتخواز و بەسـتراون بـە زەوییەوە. لێرەوە پێویست بوو ئاینی مەسیح ڕەنگ و ڕوخسارێکی ڕووحی بدەن بە شانشینی داود و دووری بخەنەوە لە شوێن و کاتی ئەم ژیانی دونیایـە، کـە ئەڵبەتـە ئەم ڕەوتە بە کردەوە لە یەهوودییەتی دواییندا هەبوو، بەڵام مەسیحیەت گشتاندنی زیاتری بۆ کرد، تا ببێتە ڕێگایەك بۆ ڕزگاریی ڕەگەزی مرۆڤایەتی و پاككردنەوەی لە لچکان بە زەوییەوە. لە هەردوو حاڵدا (شانشینی خواوەند) دەبێتـە جیهـانێکی تـر. ئەم دنیایەش دەبێتە شانۆیەکی کاتیی بۆ تـزار و شـەیتان و جەسـتە، وەك ئـەوەی لێدێت کە لە ئینجیلدا دەخوێنینەوە:

لەسەر زەوییەك کە گەنجینەکان دەدزرێن ژەنگ هەڵدێنن و دزەکان دەیدۆزنـەوە و دەیبەن، گەنجینە دروست مەکەن، بەڵکو لە ئاسمان گەنج دابنێن کە نە دەڕزێ و

نه ژەنگ دێنیٚ و نه دز دەیدۆزێتەوه و نه دەیبات، چونکه لەو شوێنەی گەنجینەی تۆی لێیه دڵی تۆش لەوێیه.[1]

ڕوانگەی ئیسلام بۆ دوارۆژ بەپێی ڕەوتی مێژوو شکلی نەگرتووه، واته ڕوانگەیەکی مێژوویی نیه، بەڵکو بەتەواوی له قورئاندا دروست بووه و هیچ پەیوەندیەکی به دۆخی پەیڕەوانیەوه نیه، وەك له یەهودیەت و مەسیحیەتدا دیمان.

ژیانی دوارۆژ له ڕوانگەی ئیسلامەوه، به لوتکەی ڕەوشتی و ئاکاریی ژیانی ئەم جیهانه تەماشا کراوه و پێکهاتووه له سیستەمی پاداشت و سزا، لەم ڕوانگەیەدا گوتەی دووباره هێنانەوەی ئەم جیهانه جێگەی نابێتەوه به شانس و ئەندازەگیری مرۆڤەکان جیاواز له بارودۆخی خراپی ئێستایان.

ئەم جیهانەی دنیا تاقانه شانشین و تاقانه فەزای شوێن و کاته بۆ مرۆڤ، هەرچی دەبیٚ ڕوودەدات، پێویسته ڕووبدات و ڕەنگه ڕووبدات له ڕێگای جێنشینایەتیەوه. هەرکاتێك ئەم جیهانه گەیشته کۆتاییەکەی، تەنها ڕووداوی شیاو ئەوەیه که خوای پەروەردگار کردەوەکانی مرۆڤ یەکلایی دەکاتەوه و پاداشت و سزا جێگیر دەبێت. ئەم کارەش به شێوازێکی جیاواز له ژمێریاری و پاداشت و سزای ئەم جیهانه بەڕێوه دەچێت و بەدەر له توانای زانینی مرۆڤ، ئەڵبەته به هەڵاوێرکردنی ئەو باسکردنه مەجازییەی له ڕێگەی سرووش دابەزیوەوه و زانیومانه.

لەسەر ئەم بنەمایه، کاروباری ئەم جیهانه له ڕوانگەی ئیسلامەوه گرنگیەکی زۆر جیددی هەیه. مێژوو بۆ موسڵمان زیندووه، به هەمان شێوه که بۆ کۆمۆنیستێك زیندووه، بەو جیاوازییەوه که موسڵمان دەزانیٚ که ئەو بۆ خۆی (نەك ڕەها) بەرپرسه له دروستکردنی مێژوو و دڵنیاشه لەوەی که هەر چارەنووسێك که خوا بۆ مێژووی داناوه له کۆتاییدا ئەنجامی ڕاستەوخۆی ڕەفتاری خۆیەتی له مێژوودا، چ

[1] انجیل متی، ئیسحاقی شەشەم : ١٩ — ٢١.

لەسەر ئاستی تاکە کەس بێ، یان لەسەر ئاستی کۆمەڵ بێ. لە حاڵێکدا کە کۆمۆنسیت مێژوو بە هێزی ڕەها دەبینێ واتە هێزێکی پێویستە، لە بەرامبەردا کریستیان مێژوو بە شتێکی بێ جێ و نا پێویست و شەڕخواز ناوزەد دەکات. بەڵام بۆ موسڵمان، مێژوو شانۆیەتی، کەرەستەیەتی و شوێنی ئەزموونکردنیەتی و کاکڵەی سروشت و ئامانجی بوونی سروشتە. کەوابێ لای ئیسلام، مرۆڤی پابەند بە ئیسلام، مرۆڤێکی کارا و جیددییە لە گەردووندا، کە بیر لە ئەفراندن دەکاتەوە و زمانی پاراوە بە ستایشی خودا و شایەتیدان لەسەر ئەوەی کە ئەم گەردوونەی بە گاڵتە و بێ هوودە دروست نەکردوە، مرۆڤی موسڵمان کەسێکە لەو کەسانەی:

﴿الَّذِينَ يَذْكُرُونَ اللَّهَ قِيَامًا وَقُعُودًا وَعَلَى جُنُوبِهِمْ وَيَتَفَكَّرُونَ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَذَا بَاطِلًا سُبْحَانَكَ فَقِنَا عَذَابَ النَّارِ﴾ (آل عمران: ١٩١).

دەچێتە ناوجەرگەی پڕ لە مەترسی ژیان و بەوپەڕی توانا لە پرۆسەکانی سروشت و مێژوودا بەشدار دەبێ و خۆشحاڵە کە باسی دەسکەوتەکان و تەنانەت شکستەکانی ئەو لە مێژوودا بکرێت، بەم پێیە یەکتاپەرستی وا دەکات لە موسڵمان کە خۆی بە بزوێنەری مێژوو ببینێ، چونکە ئەو تەنها جێنشینێکە کە دەتوانێت ویستی خودا لە مێژوودا جێبەجێ بکات. هەر ئەمەش تاقانە ڕوانگەیە کە دەتوانێت ڕاڤەی ڕێگای پێغەمبەر و یاران و شوێنکەوتووانی بکات لە سەرەتای ئیسلامدا. ئەو پەیامەی هاتە خوارەوە بۆ سەر پێغەمبەر، لە ئەشکەوتی حیرا، لە ڕێگای ئەمانەتداری وەحی (جوبرەئیل) ەوە، ئەوی ناردە مەککە بۆ ئەوەی کار بکات و مرۆڤ و مێژوو بگۆڕێت.

پەیامەکە لەوی نەخواستووە کە وابەستە بێت بەو دۆخەوە کە وەریگرتووە تیایدا، فێری ئەوەشی نەکردووە کە خۆزگا بۆ دووبارەبوونەوەی بخوازێت، یان دووبارەی بکاتەوە، یاخود یارانی بانگ بکات لەبەر خاتری خۆیان بیانەوێت، بە پێچەوانەی هەموو ئەمانەوە، پەیامەکەی زۆر بە ڕوونی فرمانی پێداوە کە

سەرلەنوێ جیهانی کات و شوێنی ڕاستەقینە بنیات بنێتەوە، بە جۆرێك کە گوزارشت لە نموونەی خودایی بکات. ڕەنگە ئەمەش کۆتا جیاکەرەوە بێت لە نێوان ئەزموونی محەمەد و ئەزموونی عیسا "سڵاوی خوایان لەسەر"، وەك ئەوەی مەسیحییەت لێی تێگەیشتووە. لەکاتێکدا ئەزموونی محەمەد، جەخت لەسەر بەها کەسییەکانی عیسا دەکاتەوە، لەهەمان کاتدا ئەو ڕوانگە سەلمێنراوەی خۆی کردۆتە پێش مەرج، کە لەگەڵبوون و خۆشەویستی و توانەوەو ژیان لەگەڵ خودا، هیچ مانایەکی نیە ئەگەر ئەم جیهانی دنیا و ئەم مێژوو، ئەم ماددەیە بەرز نەکاتەوە و پڕیان نەکات لە بەها، تا بتوانن گوزارشت لە ویستی خودا بکەن. هەر لەبەر ئەم هۆیەش بوو، وێڕایی ئەزموونی ئاینی، کاتێك مامی داوای لێکرد واز لە گۆڕانکاریی ڕیشەیی مەککە و ئەم جیهانە بهێنێت بەهۆی ئیسلامەوە، پێغەمبەری خودا (درودی خوای لەسەر) لە وەڵامدا فەرمووی: "بەو خودایەی کە گیانی منی بەدەستە، ئەگەر خۆر بخەنە لای ڕاستم و مانگ بخەنە لای چەپم، بۆ ئەوەی واز لەم کارە بهێنم، من وازی لێناهێنم تا ئەو کاتەی خوا سەری دەخات یان لە پێناویدا تیا دەچم". پێغەمبەری خودا (درودی خوای لەسەر) ڕادەستی دوژمنەکانی نەبوو، لەگەڵیان نەرێنی نەبوو، خۆیشی نەخستە پێگەی قوربانییەوە، بەڵکو سوور بوو لەسەر ئەوەی لە زیرەکی و پلاندا، لە بەکارهێنانی هۆکاری شیاودا، لە سەرووی ئەوانەوە بێت، هەر بۆیە کۆچی کرد بۆ مەدینە و لە هەفتەی یەکەمی گەشتنیدا یەکەمین دەوڵەتی ئیسلامی دامەزراند و دەستوورەکەشی بۆ دانا، کە ناسراوە بە سەحیفەی مەدینە. پەیامی ئەو بەڵێ تەنها وەرگرتن و گەیاندنی سرووش بوو، بەڵام پەیامەکەی ناوکدار بوو، خۆیشی یەکەمین جێبەجێکاری فەرمان و ڕێگریی و داخوازیەکانی بوو.

ناوەڕۆکی پەیامەکە لەسەری پێویست کرد، کە لە پرۆسەکانی سروشتدا، لە ژیانی گەلەکەی و تێکڕای مرۆڤایەتی دەستی هەبێت، بۆ ئەوەی گۆڕانکاریی

پێویسـت بـەدیبهێنێت. گیـانی پێغەمبـەر گەڕایـەوە بـۆ لای ئەفرێنـەری، دوای ئەنجامدانی ئەرکی ڕێنمایی و دامەزراندنی ڕێبەرایەتی لە هەموو لایەنێکی ژیاندا، لـە چ لایەنێکەوە زیاتر تایبەتـە تـا لایەنـە سـەربازی و سیاسـی و ئابوورییـەکان. ئـەم ڕێبەرایەتیـە دوورگـەی عـەرەبی یەکخسـت و ئامـادەی کـرد بـۆ ئـەوەی دەسـتێکی سەیری هەبێت لە سـازدانی مێـژووی جیهانـدا. جێـی سـەرنجە مـەرگ کاتێـك بـووە میـوانی کـە سـوپایەکی بـەهێز و تـەبای هـەبوو، کـە ئامـادە بـوو پـەیامی ئیسـلام هەڵبگرێ بۆ دوورتر لە دوورگەی عەرەب.

لە ڕێنمایی پێغەمبەر و پـەیڕەوی کـردن لێـی لـەو حەماسـەتەی بـۆ پەیامەکـەی هـەیبوو، ئەوەنـدە توێشـوویان وەرگـرت کـە موسـڵمانانی یەکـەم یەکسـەر و بـەبێ دوودڵی هەڵمەتیان برد بۆ بواری مێژووسازیی، لە هەموو بوارەکاندا، داب و نەریت و عـورفی نـاوخۆیی و شـێوە ژیـانی ڕۆژانـەی هـەموو نـەژاد و کـەلتوورەکانیان و سەرلەبەری کەلتووری کۆمەڵگاکانیان، تەنانەت نەخشە و سنوور و ئاسـۆی گونـد و شار و ئیمپراتۆریەکانیان گۆڕی.

با گوێ شل بکەین بۆ وتە بەناوبانگەکەی عوقبەی کـوڕی نـافیع، کاتێـك لەسـەر کەنارەکانی ئۆقیانووسی ئەتڵەس بوو: "ئەی ئۆقیـانووس، ئەگـەر بـزانم لـەو دیـوی تۆوە سـەرزەویەکی تـر هەیـە لەسـەر پشـتی ئەسپەکەم دەپەڕیمـەوە لێـت". ئـەم نموونەیە باس لە گیانی ئەو نەوە نوێیە دەکات، کە لە ئامێزی ئیسـلامدا پـەروەردە بوو. موسڵمان بڕوای وابوو کە پەیامەکەی جیهانییە و ئـەو ئیرادەیەشـی هـەبوو کـە دەتوانێت دڵنیابێ لەوەی بە تەواوترین شێوە بە ئەرکی سەرشـانی هەسـتاوە، ئـەم ئەرکە ڕەنگێکی ئاکاریی و ئاینی هەبووە، چونکە پاڵنەری موسـڵمان ئـەوە نـەبووە کە ببێتە خاوەنی پۆستێکی سیاسی، یان دەسکەوتێکی ئابووری دەست بکەوێت.

ئەو لە پێناوی ئامانجێکدا هەستا، کـە هەوڵبـدات بـۆ دامەزرانـدنی سیسـتەمێکی نوێی جیهانی لەسەر زەوی، کە هیچ ستەمێك لە سزای دادگەرانـە دەربـازی نـەبێ و

ئازادیی بۆ ئاڵوگۆڕی بیروڕا فەراهەم بێ و ئادەمیزاد توانای قەناعەت پێکردن و قەناعەت وەرگرتنی هەبێ و سەرەنجام ئیسلام بتوانێت هەموو مرۆڤایەتی بانگهێشت بکات بۆ یەکتاپەرستی و یەکبوونی ڕاستی و بەهاکان.

تەنانەت ئەگەر خودی مێژوو نەبایەو هاواری لە موسڵمان نەکردبا، کە دووبارە دروستی بکاتەوە، موسڵمان لە ئاستی خۆیەوە مێژووی دروست دەکرد. موسڵمان هاوچەشنی زیندووی بێدار "حي بن يقظان" دوای خواناسین و شارەزابوون لە ویستی خودا، ئەرکی سەرشانیەتی کە لە قەدی درەختەکان کەشتی دروست بکات، بۆ ئەوەی لە دەریاکان بگوزەرێ و گۆشەگیریی تاکەکەسی خۆی بشکێنێ و بە دوای کۆمەڵگا و جیهاندا بگەڕێت و مێژوو بسازێنێت.

# بەشی چوارەم

# تەوحید وەك دەستپێکی مەعریفە

## یەکەم: نا بۆ گومانگەرایی و نا بۆ بڕوای مەسیحییان:

ڕەوتی گومانگەرایی لە جیهانی ئەمڕۆماندا بەگشتی، تا ئاستێکی مەترسیدار گەشەی سەندووە، بەتایبەتی لە خۆرئاوا، بە شێوەیەك کە بووەتە ڕەوتی زاڵ لە ناوەندی خوێندەوارانـدا، تـا دەگـات بـە ناوەنـدی خـەڵکی گشـتی کـە چـاو لـە ڕۆشنبیرانیان دەکەن، بڵاوبوونەوەی ئـەم ڕەوتـە، تـا ئەندازەیـەك دەگەڕێتـەوە بـۆ سەرکەوتنی زانست بە ڕوانگەی خۆرئاواییەکەی، گوایا عەقڵی ئەزموونگەر بەردەوام سەردەکەوێ بەسەر عەقڵی ئایندا.

خۆرئاوا ڕەواجـی بـەم پێناسـەیە داوە بـۆ عـەقڵی ئـاینی، کـە ئـەو عەقڵەیـە کـە پابەندە بە دەستووراتی کڵێسا و گۆشەنیگاکانی.

لە مێژە لەلای ئەزموونگەران، کڵێسا مایەپووچ بووە لە فێرکردنی ڕاستیەکاندا بە سەرچاوە ناناسرێت، لەوە زیاتر کڵێسا هیچ ڕۆژێك شیاوی ئەوە نەبووە کە خـاوەنی بەڵگە و مەرجعیەت بێت. دروست لەبەرئەوەی ئایدۆلۆژییانە هەڵوێستی وەرگرتووە، واتە دامەزراوە لەسـەر قبـووڵکردنی چـەند گریمانەیـەکی دیـاریکراو بـە بـێ ئـەوەی بخرێتە ژێر ئەزموون و شیکاریی ڕەخنەگرانـە. تـاکو ئێسـتاش جیهـانی خۆرئـاوا و پەیڕەوانی سەرمەستی ئەم سەرکەوتنە ئاسانەن کە عەقڵی زانستی لەسەر کڵێسـای مەسـیحی بەدەسـتی هێنـا، لـە ژێـر کاریگـەریی خومـاری زانسـتدا بـە هەڵپـەڕین، گەیشتوونەتە گشتاندنێکی درۆینە و دوولایەنە، کە ئەگەر هەموو زانسـتێکی ئـاینی، بڕوایی بێ، کەواتە هەموو ڕێگاکانی گەیشتن بـە ڕاسـتی پێویسـتە ئـەزموونکراوبن و بەڵگە و پاساوی کۆتایی لە واقیعی بینراوەوە ڕێـك وەکـو ئـەزموونێکی ڕێـك و پێـك وەربگرێت، لەمەشەوە بە بێ وەستان دەگەنە ئەو ئەنجامەی هەر شتێك بەم ڕێگایە سەلماندنی بـۆ نـەکرێت جێگـەی گومانـە و مـادام ناتوانێـت لێـی دڵنیـابین، کەواتـە درۆینەیە.

لای ئەزموونگەرایان، چەمکی "بڕوایی" واتە بڕوا بە بۆچوونێك کە ئەزموون ناکرێت، بەم پێناسە بڕوا کردەوە یان بڕیارێکە کە دەبێتە بنەمای ئەوەی کەسێك شتێکی درۆینە بەڕاست بزانێ و ببێتە کۆسپێك لە ڕوانگەی عەقڵەوە.

پاسکاڵ بەم شێوەیە باسی بڕوا دەکات کە وەکو گرەوکردن وایە لەسەر شتێك کە هەتا هەتایە ڕاستیەکەی لە دەست مرۆڤ ڕادەکات. لەناو مەسیحیەکاندا بێ بڕواکانیان، بڕوای مەسیحی دەشوبهێنن بەو بڕوایەی کەسێکی کوێر لە ژوورێکی تاریکدا بە بوونی پشیلەیەکی ڕەش هەیەتی لە حاڵێکدا کە پشیلەی هەر تیا نەبێ.

لە لوتکەی ئەم سەر مەستیە بەسەر زانستدا، لە سەدەی نۆزدەیەمدا، پیاوی ئاینی مەسیحی شلیرماخەر برا مەسیحیەکانی خۆی لە ڕەتکردنەوەی کەسانی نەیاردا بەوە ئامۆژگاری کرد، کە ڕاستی مەسیحی لەسەر واقیع دانامەزرێت، واتە لەسەر واقعێك کە سەرنج و ڕەخنە هەڵبگرێ، بەڵکو لەسەر ئەزموونی خودی مرۆڤ دادەمەزرێت. وا دەردەکەوێت کە شۆڕشی ڕۆمانسی، هەژموونی خۆی بەسەر هۆشیاری ئەوروپادا سەپاندو لەم ڕوانگەیە ڕۆمانسیەدا هەموو شتێك بە زاتی خودایشەوە، پشت دەبەستێ بە هەستی ئەو کەسەوە کە بڕوا ئەزموون دەکات. هەربۆیە پێویستە موسڵمان کە باسی بڕوای خۆی دەکات، چەمکی عەقیدە و ئیمان بەکارنەهێنێ، چونکە لە ئەزموونی خۆرئاوادا چەواشاکاری زۆریان لەسەر کراوە، چونکە ئەم چەمکانە کاتێك بە زمانی ئینگلیزی لە مانای گشتیاندا بەکاردەهێنرێن، لەگەڵ چەمکی حەقیقەت نەبوون و شیانەیی و گومان و هەڵە ئاوێتە بوون و کاریگەری ئەم چەمکانە تەنها دەرهەق بە کەسێکی دیاریکراو، یان گرووپێکی دیاریکراو ڕاست دێنەوە، تەنانەت لە حاڵەتی کۆتایدا ئەم چەمکانە تەنها ئەو مانایە دەگەیەنێ کە ئەو کەسە یان گرووپە بڕوایان بە ڕاستی گریمانە، یان هەواڵێکی دڵنیاکەر هەیە و هەرگیز ئەو مانایانەشت لێ وەرناگرێت ئەو گریمانەیە یان ئەو گوزارشتە ڕاستە.

ئاشكرایه پێناسەی ئەزموونگەرانی خۆرئاوایی بۆ بڕوا، پێچەوانەی واتاکەیەتی، چونکە چەمکی "ئیمان" واتە بڕوا لە ئەمن، واتا ئارامش داتاشراوە. کەواتە ئەو هەواڵانەی بڕوای لەسەر دروست بووە لە واقیعدا ڕاستن و بە جیددی وەریگرتوون و بە ڕاستیان دەزانێت. لە زمانی عەرەب و ئیسلامدا ڕێی تیدەچێت بە کەسێت بڵێی درۆزن یان دووڕوو، بەڵام ناکرێ بە ئیمان بگوترێ درۆینە، بەو مانایە کە بابەتەکەی نیە یان جیاوازە لەوەی دەیڵێت، هەر بۆیە ئیمان و یەقین هاو واتان. ڕێی تێ دەچێت مرۆڤ پێش ئەوەی بگات بە دڵنیایی، گومان لە ڕاستیەك بكات، بەڵام کە دڵنیا بوو، ئەوسا ڕاستیەکە جێگیر دەبێت و وەکو ئەوە وایە هەستی پێ بکات. لەم بارەوە با لەم فەرموودانەی خوای گەورە قوڵ بینەوە:

﴿كَلَّا سَوْفَ تَعْلَمُونَ (٣) ثُمَّ كَلَّا سَوْفَ تَعْلَمُونَ (٤) كَلَّا لَوْ تَعْلَمُونَ عِلْمَ الْيَقِينِ (٥) لَتَرَوُنَّ الْجَحِيمَ (٦) ثُمَّ لَتَرَوُنَّهَا عَيْنَ الْيَقِينِ﴾ (التكاثر: ٣ – ٧).

لە دڵنیایدا راستی گومان هەڵناگرێت، هەرکەسێکیش بەردەوام بێت لەسەر گومان تیایدا، هەر ئەوەندە بەسە پێی بڵێین: ئەمە کێشەی خۆتە و بڕۆ خۆت چاك بکە. کەواتە یەقین بریتیە لەوەی ڕاستی بە شێوەیەك تەواو جێگیر ببێ، سەرەنجام بڕوا دان پێدانانێکی ڕەهایە، کە هیچ سێبەرێکی گومان و بۆچوون و دڵەڕاوکێی لەسەر نەبێ بەم پێیە بڕوا کارێك یا بڕیارێك نیە کە خاوەنەکەی شتێکی وەرگرتبێ بەبێ ئەوەی بە دروستی بزانێت، یا متمانەی پێی هەبێت، گرەوکردن نیە لەلایەن کەسێکەوە بەوەی چارەنووسی خۆی بە شتێکی ترەوە ببەستێتەوە. بڕوا ئەو حاڵەتەیە کە بۆ مرۆڤ دروست دەبێ کاتێك ڕووبەڕووی ڕاستیەك دەبێتەوە و قەناعەت بە ڕاستی و ڕەوابوونی دەکات.

لە سروشتدا بڕوا دەشوبهێنێت بەو دەرەنجامە ئەندازەییەی لە ڕووی دراو پێشەکییە لۆجیکیەکانیەوە مرۆڤ بەڕاست و تەواوی دەزانێت، یا بڵێین وەك ئەوەی

قورئان وێنای دەکات بۆمان، دەرخستنی شتێکە کە گومان لەسەر بوونی هەبووە و نیشاندانیەتی بۆ خەڵك هەتا هەموویان ببینن و هەستی پێ بکەن.

بە پێچەوانەی بڕوای مەسیحی، بڕوای ئیسلامی ئەو ڕاستییەیە کە عەقڵ دڵنیا دەبێ لێی، تەسلیمبوونی بێ بیرکردنەوە نیە، کە پشت دەبەستێ بە سادەیی و زوو بڕواپێ کردنی، لە ئیسلامدا ڕاستییەکانی بڕوا و گوزارەکانی، ڕاز و مەتەڵی نالۆجیکی نین کە لێیان شارەزا نەبین، بە پێچەوانەوە کۆمەڵە ڕاستیی و گوزارەیەکی ژیرانە و ڕەخنەگرانە، کە زووتر گومانیان لێکراوە و پاش ئەزموونکردن مرۆڤی بڕوادار لێیان دڵنیا دەبێت و چیتر پێویستیان بە بەڵگەی زیاتر نیە بۆ سەلماندنیان، کەواتە هەرکەس دانیان پێدا بنێت ئەوە کەسێکی ژیرەو هەرکەسیش بەردەوام بێ لە نکوولی کردن ژیر نیە. کەواتە ئەم وێنەیە بەسەر بڕوای مەسیحیدا ڕاست دەرناچێت بەپێی پێناسەکەی. بەڵام لە ڕوانگەی ئیسلامەوە یەقین ئاوەڵناوێکی پێویستە بۆ بڕوا، هەر ئەمەش ئەنجامی ئەو وەسفەی خوای گەورە بۆ ئیسلامی دەکات، کاتێك دەفەرموێت: ﴿وَقُلْ جَاءَ الْحَقُّ وَزَهَقَ الْبَاطِلُ إِنَّ الْبَاطِلَ كَانَ زَهُوقًا﴾ (الاسراء: ٨١).

هەروەها کە دەفەرموێت: ﴿لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَدْ تَبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ فَمَنْ يَكْفُرْ بِالطَّاغُوتِ وَيُؤْمِنْ بِاللَّهِ فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَى لَا انْفِصَامَ لَهَا وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ (البقرة: ٢٥٦).

عەقڵانیبوونی ئیسلام ئەوەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوپەڕی ئەو توانا ڕەخنەیەی کە ژیریی مرۆڤ هەیەتی و لە بەڵگەی پێچەوانە باکی نیە و نایەوێ لەسەر ڕەفز و ڕاز دابمەزرێت و بانگەوازی خۆی لەسەر سۆزی دەروونی، یا لەسەر گومان و دڵەڕاوکێی ناخێك و ئارەزووکردنی جۆرێك لەڕاستیەکان بنیات نانێ، چونکە بانگەوازەکەی گشتی و ئاشکرایە و ڕووی گوتاری لە هۆشە و دەیەوێ بەڕاستی قایل ببێت و نایەوێت بە زۆری زۆرداریی شتێك، کە سەرووی توانای ئەوە.

## دووەم: بڕوای ئیسلامی گوزارەیەکی مەعریفییە:

پوختەی ئەوەی وتمان ئەمەیە کە بڕوا تەنها گوزارەیەکی ڕەوشتی نیە، بەڵکو بە پلەی یەکەم گوزارەیەکی مەعریفیە. واتە چەمکێکە پەیوەستە بە مەعریفەوە، هەروا بەو گوزارانەی دەبنە بنەما بۆی، لەبەرئەوەی سروشتی ناوەڕۆکەکەی هاوچەشنی سروشتی یەکەمین بنەمای لۆجیك و مەعریفە و میتافیزیك و ئاکارناسی و جوانی ناسیە، کەواتە کاریگەری ئەو لەسەر بڕوادار وەکو کاریگەریی ڕووناکی وایە کە هەموو شتێك ڕۆشن دەکاتەوە.

ئیمان وەکو ئەبو حامیدی غەزالی باسی دەکات، دۆزینەوەیەکە کە هەموو زانیاری و ڕاستیەکان لە شوێنی گونجاو دادەنێت، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی دروست بفامرێن.[1]

بڕوا بناغەی لێکدانەوەی ژیرانەیە بۆ بوون و یەکەمین پرانسیپە بۆ هۆش و ناشێت نالۆجیکی و ناعەقڵانی بێت، ئەگینا دژ بە خۆی دەوەستێتەوە. لەڕاستیدا ئیمان پرانسیپی یەکەمی عەقڵانی بوونە، هەربۆیە ڕەتکردنەوە و لە دژ وەستانی ئیمان، دابەزینە لە ئاستی بیرکردنەوەی دروست و تەنانەت ئاستی مرۆڤبوونیش.

کاکڵەی یەکتاپەرستی وەکو دەستپێکی مەعریفە ئەوەیە کە ئیقرار بکەیت کە خودای گەورە هەر ئەو حەق و ڕاستەقینەیە و تاك و تەنها و بێ هاوتایە، لە هەناوی ئەم ئیقرارەدا، ئەوە هەیە کە پێویستە لە کاتی هەر جیاوازیی و هەر گومانێکدا بگەڕێتەوە بۆ لای خودا، بۆ ئەوەی بڕیاری کۆتایی لەسەر بدات، چونکە هیچ شتێك نیە پێوانە بکرێت و بڕیاری کۆتایی لەسەر نەدرێت.

بەم پێودانگە، یەکتاپەرستی واتە ڕاستی شیاوە بۆ ئەوەی بزانرێت و مرۆڤ دەتوانێت پێی بگات.

---

[1] لەمبارەوە غەزالی دەڵێت: بڕوا دژ بە بەڵگەی عەقڵ نیە و ڕەتی ناکاتەوە، بەڵکو پشتگیری لێ دەکات.

هەر ڕەوتێکی گوماندار ئەم ڕاستیە ڕەت بکاتەوە دژە بە یەکتاپەرستی و سەرچاوەکەشی تەنبەڵییە لە کۆشش و گەڕان بە دوای ڕاستیدا، تا کۆتایی و پەلە کردنە لە بڕیاری نەگەیشتن بە ڕاستی. ئەم گوماندارییە کە دەبێتە بنەمایەکی مەعریفی، بانگەواز دەکات بۆ نائومێدی و لەسەر پێش داوەرییەك دامەزراوە، کە گوایا مرۆڤ لە خەونێکی هەتا هەتاییدا دەژی، کە ناتوانێت ڕەوا و ناڕەوا لە یەکتر جیا بکاتەوە و ڕێگایەکە لە پووچگەرایی و دژە، بایەخی جیا نابێتەوە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە تێگەیشتن لە بەهاکان واتە قبوولکردنی ئەو ڕاستییەی کە مرۆڤ دەتوانێت بگات بە ڕاستییەکانی ئەو بەهایانە و ناشکرێت لەدروستیی هیچ گوزارەیەکی بەهادار دڵنیا ببین بەبێ وەڵامدانەوەی پرسیارگەلێکی وەکو:

ئایا ئەو شتەی پێی دەڵێن بەها، لەڕاستیدا بەهایە؟

ئایا ئەو بەهایە لە حاڵەتێکی دیاریکراودا هەیە، یان پێشێلکراوە؟

ئایا ئەو حاڵەتە دیاریکراوە هەمان وەسفی هەیە لە واقیعی ڕاستەقینەدا؟

تا نەشتوانین وەڵامی دڵنیاکەرەوە لەسەر ئەم پرسانە بدەینەوە، واتە تا ڕاستەقینەیان نەزانین، تێگەیشتن لە بەها دادەڕمێ.

نرخی بەها و ئامادەگی بەها لە شوێنێکی دیاریکراودا وەك هەر دراوێکی دیکە، جێگەی گومان لێکردن دەبن.

لێرەوە ئەگەر مرۆڤ گریمانەیەکی دژ بە گومانگەرایی نەبێ، واتە وێڕای هەموو ئەو شێواندنانە بەلایەوە گەیشتن بە ڕاستی مومکین نەبێ، لەو حاڵەتەدا پووچگەرایی دەبێتە ئەنجامێکی حاشا هەڵنەگر.

## سێیەم: یەکتابوونی خودا و یەکتابوونی ڕاستی:

داننان بە یەکتابوونی خودا، واتە داننان بە بوونی ڕاستی و یەکتابوونی ڕاستی، ئەم دوانە یەکتابوونی خودا و یەکتابوونی ڕاستی، دوو شتی پێکەوەبەستراون، چونکە دوو ڕووی یەك ڕاستەقینەن، ئەمەشمان کاتێك بۆ دەردەکەوێت، کە لەلای خۆمان ڕاستیی بە تایبەتمەندیی گوزارەی تەوحید دانابێ، واتە خواوەندی بەرز تاك و تەنها و بێ وێنە و هەمبازە، چونکە ئەگەر ڕاستی تاقانە و یەکتا نەبایە، دەکرا وتەی "خودا تاك و تەنهایە" ڕاست بێ و شتێکی تر و هێزێکی تریش خودایە، دیسان ڕاست بێ. کەواتە یەکتابوونی حەقیقەت و ڕاستی، نەك تەنها یەکتابوونی خودای لێ دەخوێندرێتەوە، بەڵکو هەردوو بەشەکەی شایەتوومان، واتە هەر دوو ڕەهەندی نەریێ و ئەرێکەی ناواخنی (لا اله الا الله)ی پێ جێگیر دەبێت.

تەوحید وەك بنەمای میتۆدۆلۆجی لە سێ بنەمای مەعریفەتناسی دروست دەبێت:

یەکەم: ڕەتکردنەوەی هەر شتێك لەگەڵ حەقیقەت نەگونجێت.

دووەم: نەهێشتنی دژایەتییە کۆتاییەکان.

سێیەم: کرانەوە بە ڕووی بەڵگەی نوێ و بەڵگەی پێچەوانە.

بنەمای یەکەم ڕووکەشی و فێڵبازیی لە ئیسلام دوور دەخاتەوە، چونکە هەموو شتێکی ناو ئایین دەخاتە بەر دەست بۆ لێکدانەوە و ڕەخنەلێگرتن، واتە لە ڕوانگەی ئیسلامەوە ئەوەندە بەسە کە بسەلمێت بابەتێك لەگەڵ ڕاستەقینەی جێگیر یەکناگرێتەوە، یان لەگەڵی ناگونجێت بۆ ئەوەی بڵێین ئەو بابەتە بەتاڵە. ئیدی ئەو بابەتە یاسا بێت، بنەمایەکی ڕەوشتی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی بێت، یاخود گوزارەیەك بێت سەبارەت بە بوون.

ئەم بنەمایە مرۆی موسڵمان دەپارێزێت لەوەی بە ئارەزوو بدوێت، یاخود بەبێ بەڵگە لاف زانین لێبدات.

قورئـــان ڕایدەگەیـــەنێت هـــەر قســـەیەك بەرمـــەبنای بەڵگـــەی ڕوون نـــەبێ و نەچەسپێت، حسابی تەنها بۆچوونێکی بۆ دەکرێ، کـه خـودا فـەرمانمان پێـدەدات لێی بەدوور بین. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اجْتَنِبُوا كَثِيرًا مِنَ الظَّنِّ إِنَّ بَعْضَ الظَّنِّ إِثْمٌ وَلَا تَجَسَّسُوا وَلَا يَغْتَبْ بَعْضُكُمْ بَعْضًا أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَنْ يَأْكُلَ لَحْمَ أَخِيهِ مَيْتًا فَكَرِهْتُمُوهُ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ تَوَّابٌ رَحِيمٌ﴾ (الحجرات: ١٢).

لەگەڵ ئەمەشـدا دەتـوانین پێناسـەی موسـڵمان بکـەین بـەو کەسـەی کـە تـەنها ڕاستی دەڵێت و تەنها نوێنەرایەتی ڕاستیی دەکات، تەنانەت ئەگەر لـەو پێناوەشـدا ڕووبەڕووی مەترسـیش ببێتـەوە، چـونکە دووڕوویـی و تێکـەڵکردنی حـەق و باتـڵ و دانـانی بـەهای ڕەوشـتیی لـە خـوار بەرژەوەنـدی خـودی و بەرژەوەنـدی هـۆزەوە، شتێکی زۆر بێزراو و قێزەونە لە ڕوانگەی ئیسلامەوە.

بنەمای دووەم تایبەت بە لاریبوون لە دژایەتی ڕەها، مرۆڤ دەپارێزێ لە دژگـۆیی سـادە لەلایـەك و دژگـۆیی ڕواڵـەتی لەلایـەکی تـرەوە. ئـەم بنەمایـەش کرۆکـی عەقلانیبوونە. بەبێ ئەمەش هەر دەبێ بکەویتە ناو گومانگەراییەوە.

قایلبوون بە دژگۆیی کۆتایی واتە بوونی دوودڵ کە مەحاڵە ڕاستەقینەی هیچیان بزانین، بەڵام خۆ بڕاوەتەوە کە لە بیرکردنەوە وتارەکانی مرۆڤدا دژگۆیی هەیە. هەر لێرەوە ئەم پرسـیارە دروسـت دەبێـت: ئایـا دەکـرێ لـە دژگـۆیی دووربکەوینـەوە؟ ئەگەر دژەگۆیی ڕوویدا چۆن لیی دەرباز ببین؟ هەڵوێسـتی ئیسـلامیانە لـەم پرسـە ئەوەیە کە بێگومان ڕێگای دەربازبوون لە دژەگـۆیی هەیـە، کـە بریتییـە لـە بـوونی بنەمایەکی دیکە، یا ڕاستییەکی دیکە، کە هـەموو دژەکـان لـە خۆیـدا کۆبکاتـەوە و دژایەتییان نەهێڵێت و جیاوازییەکانیان لا ببات.

ئەم لۆجیکە سەبارەت بـەو دژایەتییـە ڕواڵەتییـەی لـە نێـوان عـەقڵ و وەحییـدا بەرچاو دەکەوێ ڕاستە، چونکە ئیسلام نەتەنها شییانەی لۆجیکییانەی بـوونی ئـەم دژایەتییە ڕەتناکاتەوە، بەڵکو ئەم بنەما دووەمە کە ئێمە ڕوونی دەکەینەوە دەداتە

دەستی مرۆڤایەتی و بە بەڵگەوە ڕێنمایی دەکات بۆ ئەوەی هەرکاتێك لە تێگەیشتنی مرۆڤدا دژەگۆیی دروستبوو لێی دەربچێت.

هەڵبەت لێرەدا بوارێك بۆ زاڵکردنی عەقڵ، یا وەحی بەسەر ئەویترياندا، نابێ بۆ لابردنی ئەو دژەگۆییەی وێنا دەکرێ، چونکە ئەگەر وەحی پێشبخرێ، ئەوا بنەمایەکمان نابێت بۆ جیاکردنەوەی وەحیەك لە وەحیەکی تر، یان بانگەوازی وەحیەك لە بانگەوازێکی تری ئەو وەحیە، لە هەمان کاتدا دژەگۆییە سادەکان و جیاوازییەکان ناتەباییە ڕواڵەتییەکانی دەقێك کە دوو ڕوونکردنەوە، یان دوو هەڵوێستیان تێدایە و پێیان وایە هەردووکیان بە وەحی نێردراون، بە گرێ کوێرە دەمێننەوە، جگە لەوەی وەحیەکمان دەستناکەوێ کە خۆی بێبەش بکات لە ڕێکارێك بۆ گونجانی لەگەڵ خۆیدا و بۆ هەماهەنگبوونی تەواوی پێکهاتەکەی خۆی. لەلایەکی ترەوە، ڕەنگە وەحی لەگەڵ عەقڵ، واتە لەگەڵ ئەنجامەکانی شیکاریی عەقڵ و تێگەیشتنی مەعریفییانەی عەقڵ تێکبگیرێ، کە لەم جۆرە حاڵەتەشدا ئیسلام ڕایدەگەیەنێت کە ئەم تێکگیرانە تاسەر نییە و کەسی لێکۆڵەر ڕێنمایی دەکات بۆ یەکێك لەم بژاردانە:

یان دووبارە پێداچوونەوەی تێگەیشتن لە وەحی، یان پێداچوونەوەی ئەو دەرەنجامە عەقڵییانەی پێیان گەیشتووە، یان ئەنجامدانی هەردوو کارەکە. تەوحید کە بۆخۆی بنەما و بناغەی یەکتابوونی ڕاستییە، ئەم تێکگیرانە بە کاتیی دەزانێت و داوامان لێدەکات جارێکی تر لەو گوتەزایانەی بە ڕواڵەت ناتەبان تێبفکرین بەو بڕوایەوە کە هەبێ و نەبێ ڕەهەندێکی دیکە هەیە کە لێکۆڵەر هەژماری نەکردووە، واتە ئەگەر هەژماری بکات، ئەو ناتەباییەی وێناکراوە لە میان نامێنێت.

بەهەمان شێوە، ئەو کەسەش کە پێی وایە ناتەباییەك هەیە بانگێشت دەکات بۆ دووبارە خوێندنەوەی وەحی، نەك پێداچوونەوەی وەحی بۆ جارێکی تر، چونکە ڕەنگە لە خوێندنەوەی پێشوودا مانایەکی شاراوە و نادیاری لەدەستچووبێ، کە

ئەگەر وردبایەوە لێی، ئەو ناتەباییە ڕواڵەتییەی بۆ دروستنەدەبوو. ئەم جۆرە حەواڵەکردنە بۆ عەقڵ، یان بۆ تێگەیشتن لە دوور و نزیکەوە، پەیوەندیی نییە بە هەماهەنگی خودی وەحیەوە، بەڵکو وابەستەیە بە گونجانی ڕاڤە و تێگەیشتنی ئێمەوە بۆ وەحی. وەحی زۆر باڵاترە لەوەی مرۆڤ یاریی پێبکات، بەڵام ئەوەندە هەیە ئەم پێداچوونەوەیە وامان لێدەکات کە تێگەیشتنمان بۆ وەحی شان بە شان بڕوات لەگەڵ ئەو بەڵگەگەلەی عەقڵ کەشفی کردوون. لەلایەکی دیکەوە قایلبوون بەوەی تێکگیران یان ناتەبایی ڕواڵەتی بۆ هەمیشەیە و کاتیی نییە، شتێکە کە تەنها عەقڵە لاوازەکان بە ڕەوای دەبینن و نیشانەی عەقڵانیبوونی مرۆڤی موسڵمانیش ئەوەیە کە بڕوای هەیە بە یوکتبوونی هەر دوو سەرچاوەکەی حەقیقەت: وەحی و عەقڵ. بنەمای سێیەمی تەوحید لەڕووی یەکتابوونی ڕاستییەوە بریتییە لە کرانەوە بۆ وەرگرتنی بەڵگەی نوێ یا بەڵگەی پێچەوانە، یان هەردووکیان. تەوحید موسڵمان دەپارێزێت لە لیبراڵیزم و دەمارگیری و ڕەوتی پارێزکارانەی گەیەنەر بە چەقبەستوویی و دەستی دەگرێ بۆ فروتەنی لە هزردا و فەرزی دەکات لەسەری لە کۆتایی هەر سەلماندن و ڕەتکردنەوەیەکدا بڵێ: خوداوەند زاناترە، چونکە ئەو قەناعەتی وایە کە ڕاستیی زۆر لەوە گەورەترە کە مرۆڤ بتوانێت بەردەوام لە هەموو لایەنەکانی شارەزا بێت.

خواوەند دەفەرموێت: ﴿وَحَاجَّهُ قَوْمُهُ قَالَ أَتُحَاجُّونِّي فِي اللَّهِ وَقَدْ هَدَانِ وَلَا أَخَافُ مَا تُشْرِكُونَ بِهِ إِلَّا أَنْ يَشَاءَ رَبِّي شَيْئًا وَسِعَ رَبِّي كُلَّ شَيْءٍ عِلْمًا أَفَلَا تَتَذَكَّرُونَ (٨٠) وَكَيْفَ أَخَافُ مَا أَشْرَكْتُمْ وَلَا تَخَافُونَ أَنَّكُمْ أَشْرَكْتُمْ بِاللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ عَلَيْكُمْ سُلْطَانًا فَأَيُّ الْفَرِيقَيْنِ أَحَقُّ بِالْأَمْنِ إِنْ كُنْتُمْ تَعْلَمُونَ (٨١) الَّذِينَ آمَنُوا وَلَمْ يَلْبِسُوا إِيمَانَهُمْ بِظُلْمٍ أُولَئِكَ لَهُمُ الْأَمْنُ وَهُمْ مُهْتَدُونَ﴾ (الأنعام: ٨٠ – ٨٢).

هەروەها دەفەرموێت: ﴿اللَّهُ الَّذِي خَلَقَ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ وَمِنَ الْأَرْضِ مِثْلَهُنَّ يَتَنَزَّلُ الْأَمْرُ بَيْنَهُنَّ لِتَعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ وَأَنَّ اللَّهَ قَدْ أَحَاطَ بِكُلِّ شَيْءٍ عِلْمًا﴾ (الطلاق: ١٢).

تەوحید کە جەخت دەکاتەوە لەسەر یەکتابوونی خودا بە ڕەهایی، لەهەمان کاتدا جەخت دەکاتەوە لەسەر یەکتابوونی سەرچاوەکانی حەقیقەتیش بە بەڵگەی ئەوەی خودا ئەفرێنەری سروشتە و مرۆڤیش زانیارییەکانی خۆی لە سروشت وەردەگرێت، بابەتی زانیاریش هەمان نیشانە و یاساکانی خودان کە لە سروشتی کردگاردا بڵاوبوونەتەوە. لە بەڵگە و نیشانە قورئانییەکان سەبارەت بەم پرسە ئەم ئایەتانەی پەروەردگارن:

﴿وَفِي الْأَرْضِ آيَاتٌ لِلْمُوقِنِينَ﴾ (الذاريات: ٢٠).

﴿هُوَ الَّذِي جَعَلَ الشَّمْسَ ضِيَاءً وَالْقَمَرَ نُورًا وَقَدَّرَهُ مَنَازِلَ لِتَعْلَمُوا عَدَدَ السِّنِينَ وَالْحِسَابَ مَا خَلَقَ اللَّهُ ذَلِكَ إِلَّا بِالْحَقِّ يُفَصِّلُ الْآيَاتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ (٥) إِنَّ فِي اخْتِلَافِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ وَمَا خَلَقَ اللَّهُ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَتَّقُونَ﴾ يونس).

خواوەند بە یەقین هەموو ئەم نیشانە و بەڵگە و یاسایانە دەزانێت، چونکە خۆی ئەفراندوونی، دڵنیاشین لەوەی کە بە هەمان ئەندازە خودا خۆی سەرچاوەی وەحیی دابەزێنراوە، زانستی خودا گشتیی و ڕەهایە، ئەو زانستەش کە هی مرۆڤە لە خوداوە پێیدراوە، لەو شاهیدە قورئانییانەی ئەم مەبەستە ڕوون دەکەنەوە، فەرموودەی خودایە: ﴿وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَةً قَالُوا أَتَجْعَلُ فِيهَا مَنْ يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ الدِّمَاءَ وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ قَالَ إِنِّي أَعْلَمُ مَا لَا تَعْلَمُونَ (٣٠) وَعَلَّمَ آدَمَ الْأَسْمَاءَ كُلَّهَا ثُمَّ عَرَضَهُمْ عَلَى الْمَلَائِكَةِ فَقَالَ أَنْبِئُونِي بِأَسْمَاءِ هَؤُلَاءِ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ (٣١) قَالُوا سُبْحَانَكَ لَا عِلْمَ لَنَا إِلَّا مَا عَلَّمْتَنَا إِنَّكَ أَنْتَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ﴾ (البقرة: ٣٠ – ٣٢).

﴿كَمَا أَرْسَلْنَا فِيكُمْ رَسُولًا مِنْكُمْ يَتْلُو عَلَيْكُمْ آيَاتِنَا وَيُزَكِّيكُمْ وَيُعَلِّمُكُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَيُعَلِّمُكُمْ مَا لَمْ تَكُونُوا تَعْلَمُونَ﴾ (البقرة: ١٥١).

﴿وَلَا تَتَمَنَّوْا مَا فَضَّلَ اللَّهُ بِهِ بَعْضَكُمْ عَلَى بَعْضٍ لِلرِّجَالِ نَصِيبٌ مِمَّا اكْتَسَبُوا وَلِلنِّسَاءِ نَصِيبٌ مِمَّا اكْتَسَبْنَ وَاسْأَلُوا اللَّهَ مِنْ فَضْلِهِ إِنَّ اللَّهَ كَانَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمًا﴾ (النساء: ٣٢).

﴿وَحَاجَّهُ قَوْمُهُ قَالَ أَتُحَاجُّونِّي فِي اللَّهِ وَقَدْ هَدَانِ وَلَا أَخَافُ مَا تُشْرِكُونَ بِهِ إِلَّا أَنْ يَشَاءَ رَبِّي شَيْئًا وَسِعَ رَبِّي كُلَّ شَيْءٍ عِلْمًا أَفَلَا تَتَذَكَّرُونَ﴾ (الانعام: ٨٠).

﴿اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ (٣) الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ (٤) عَلَّمَ الْإِنْسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ﴾ (العلق).

خواوەند لە ڕوانگەی ئیسلامەوە، نە فێڵبازە و نە کینەدۆزە و نە دەیەوێ مرۆڤ گومڕا بکات، نە وەك مرۆڤەکانە کەسێك هەر کاتێك ویستی زانین و ویست و بڕیار و فەرمانەکانەکانی بگۆڕێ و ڕاستیان بکاتەوە.

خودا لە تەواوێتی و هێز و زانیندا ڕەهایە و شکۆدار و ڕێزمەندە و بێهاوتایە و بیسەر و بینایە و بالاترە لەوەی هەڵە بکات و هەرکاتێك یەکێك لەم سیفەتانە بوونیان نەبێ ناتوانین قسە لەسەر خودای تاك و تەنها و ڕەها و باڵا و جودا بکەین.

چوارەم: لێبوردەیی

تەوحید داننانە بەوەی کە هیچ پەرستراوێکی ڕاستەقینە نییە خودا نەبێ، وەك وتمان ئەمەش بەو مانایە دێت کە تەنها خواوەندی بەرز باڵاترین سەرچاوەی هەموو چاکەیەك و هەموو بەهایەکە. ئەمەش ئەوە دەخوازێ کە بڕوا بە خودا بەرزترین چاکەیە و هەموو چاکەیەك چاکبوونی خۆی لەو وەردەگرێت، واتە هەر خودایە کە چاکبوون دەدا بە چاك و بەهابوون دەدات بە بەها، ناشێت هیچ گومانێك بکەین لەوەی سەرچاوەی چاکە دەبێت خۆیشی چاك بێت. مرۆڤ بەردەوام پێویستە لەوە تێبگات خوا هەر نەخشەیەك دابنێ لەبەر ئەنجام و ئامانجێکی باش دایدەنێ، کە

جڵەوەکـەی و کۆتاییەکـەی بەدەسـت خۆیەوەیـە و هـەر قسـەیەکیش پێچـەوانەی ئەمەبێت لەگەڵ تەوحید یەکناگرێتەوە.

هەر لەبەر ئەمەشە قورئان بە تەواوی قەدەغەی کردووە کە مرۆڤ گومانی خراپی بە خودا هەبێت، با لە سوورەتی فەتح ئەم ئایەتە بخوێنینەوە: ﴿وَيُعَذِّبَ الْمُنَافِقِينَ وَالْمُنَافِقَاتِ وَالْمُشْرِكِينَ وَالْمُشْرِكَاتِ الظَّانِّينَ بِاللَّهِ ظَنَّ السَّوْءِ عَلَيْهِمْ دَائِرَةُ السَّوْءِ وَغَضِبَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ وَلَعَنَهُمْ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَهَنَّمَ وَسَاءَتْ مَصِيرًا﴾ (الفتح: ٦).

هەرکەسیش لـە خـۆڕا و تـەنها بـەگومان ئـەم کـارە بکـات، قورئـان سـەرکۆنەی دەکات، چونکە خواوەند مرۆڤ نەخوڵقاندووە بۆ ئەوەی سزای بدات، یاخود گومڕای بکات. لەهەمان کاتدا نیعمەتەکانی بەهرەی زانین و غەریزە و چـێژی پێنـەداوین بـۆ ئەوەی ئێمە لە ڕاستەڕێ بەرکەنار بین. ئـەوەی بـە هەسـتەکانمان دەیـزانین کاتێـك ڕاستە کە هەستەکانمان ڕاست و دروست و بێ کـەموکورتی بـن، هەرچـیش لـە بـەر دیدی گشتیدا ڕابوەستێت بە دروست هەژمار دەکرێ، تا مەگەر بەڵگەیەکی پێچەوانە هەبێت. بەهەمان شێوە، هەر شتێك بە غەریزە و بە ئارەزوو دەمانەوێ، لە بنەڕەتدا چاکە، بەو مەرجەی خواوەند بە ڕاشکاویی لێمانی یاساغ و حەرام نەکردبێت.

تەوحید داوامان لێدەکات لە هەردوو بواری زانست و ئاکاردا گەشبین بـین، ئەمـە ئەو شتەیە کە ناوی لێدەنێین لێبوردەیی. گەشبینی لە ڕووی زانسـتییەوە بریتییـە لە وەرگرتنی ئەوەی کە هەیە، تا بەڵگەیەکمان دەستدەکەوێت لەسەر ساختەبوونی، بەڵام گەشبینی وەك بنەمایەکی ئاکاریی، بریتییـە لـە وەرگـرتنی ویسـتراو، تـا ئـەو کاتەی بە بەڵگە دەسەلمێت کە ئەو شتە شیاوی ویسـتن نیـە، بنـەمای یەکـەم پێـی دەوترێت بنەمای دروست (الصحيح) و هی دووەمیش بە بنەمای ئاسانکاریی (اليسر) نـاوزەد دەکرێـت. هـەردوو بنەماکـە مرۆڤـی موسـڵمان دەپـارێزن لـە داخرانـی و لـە خۆپـارێزیی لەناوبـەر لـە کـاتی مامەڵـەکردن لەگـەڵ بـوون، هـانی دەدەن لەسـەر ئامـادەگیی و وەڵامدانـەوەی پێداویسـتییەکانی ژیـان و ئـەزموونی نـوێ، هـەروەها

لەسەر دەستدان لە پێدراوە تازەکان بە هۆشێکی وردبین و بەشدارییەکی بنیاتنەرانەوە، لێرەوە ئەم دوو بنەمایە، ئەزموون و ژیانی مرۆڤ دەوڵەمەند دەکەن و ئەو توانایەی پێدەدەن کە کەلتوور و ژیارەکەی بەردەوام بەرەو پێش ببات.

چەمکی لێبووردەیی وەك بنەمایەکی میتۆدۆلۆجیی وەرگیراو لە ناوەڕۆکی تەوحید، ئەو مانایە دەگەیەنێت کە خوای پەروەردگار بۆ هەر نەتەوەیەك پێغەمبەرێکی ناردووە لە خودی خۆیان، بۆ ئەوەی فێریان بکات کە هیچ پەرستراوێکی ڕاستەقینە نییە خودا نەبێ و بانگیان بکات بۆ پەرستن و بەگەورە زانینی ئەو خودایە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنْسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ﴾ (الذاريات: ٥٦).

بۆ ئەوەی هۆشیاریان بکاتەوە و بیانترسێنێت لە خراپەکاریی و بایسەکانی:

﴿وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ فَمِنْهُمْ مَنْ هَدَى اللَّهُ وَمِنْهُمْ مَنْ حَقَّتْ عَلَيْهِ الضَّلَالَةُ فَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانْظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُكَذِّبِينَ﴾ (النحل: ٣٦).

لێبووردەیی لەم بوارەدا واتە دڵنیابوون لەوەی کە خودا بە هەموو مرۆڤێك سروشتێکی پاك و ساغی بەخشیوە، کە توانای دینی حەقناسین و دەرکی خواستی ئیلاهی و ڕێنمایی ڕەبانییان پێدەدات، لەهەمان کاتدا داننانە بەوەی فرەیی ئاینەکان دەگەڕێتەوە بۆ مێژوو، وێڕای هەموو فاکتەرە کاریگەر و بارودۆخە جۆراوجۆرەکانی شوێن و کات و وێڕای هەموو لایەنگیریی و سۆزداریی و بەرژەوەندییەکی بەدەستهێنراو. لە پشتی ئەم فرەییە ئاینییەوە، ئاینی ڕاست و دروست هەیە، کە دەبێتە نوێنەری ئەو سروشتەی خواوەند مەردومی لەسەر خوڵقاندووە و هەر منداڵێکی لەسەر لەدایك دەبێ پێش ئەوەی کەلتوورێکی وا وەربگرێ کە بیباتە سەر پەیڕەویی لە ئاینێکی تر. لەم وێستگەیەدا ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) دەخوێنینەوە کە دەفەرموێت:

"بعثت بالحنيفية السمحاء أو على ملة ابراهيم". لێبوردەیی داوا لە موسڵمان دەکات کە مێژووی ئاینەکان بە وردی بخوێنێت، بۆ ئەوەی دوو ئامانج بەدەست بهێنێت:

یەکەمیان: دۆزینەوەی ئەو لایەنە ڕاستەی سروشتی بنەڕەتی کە لەم ئاینانەدا هەیە، کە خواوەند لە هەموو کات و شوێنێکدا هەموو پێغەمبەرانی بۆ ڕوونکردنەوەی ناردووە. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًا فِطْرَتَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللَّهِ ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ﴾ (الروم: ٣٠).

دووەمیان: جەختکردنەوە لەسەر ئاینی ڕاست و دروست و ڕاکێشانی خەڵك بۆی بە ڕاستترین و گونجاوترین بەڵگە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُمْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ﴾ (النحل: ١٢٥).

لە ڕوانگەی ئاینەوە، بە پێی گرنگی و لە پێشتربوون لە پەیوەندییە مرۆییەکاندا، بنەمای لێبوردەیی لە پلەی یەکەمدایە بەبێ ڕکابەر. بۆ ئەوەی ئەو ڕووبەڕووبوونەوە و یەکدی تاوانبار کردنەی لە نێوان ئاینەکاندا هەیە بگۆڕێت بۆ باس و لێکۆڵینەوەی زانستی سەبارەت بە دروستبوون و گەشەی ئاینەکان، بەمەبەستی جیاکردنەوەی پێکهاتە ڕەسەنە خواناردووەکە، لەو پێلکاوە مێژووییانەی دواتر خراوەنەتە سەری.

سەبارەت بە ڕەهەندی ئاکاریی لێبوردەیی کە بواری دووەمە و زۆریش گرنگە، ئاسانکاریی مرۆی موسڵمان دەپارێزێت لە هەموو ئەو ڕەوتانەی دژ بە ژیانن و کەمترین بەش لە گەشبینی پێویست بۆ هەستکردن بە هاوڕێبوون و دروستی و هاوسەنگیی بۆ دەستەبەر دەکات، وێڕای هەموو ئەو مەینەتی و بەڵایانەی لە واقیعی ژیانی مرۆڤایەتی لەسەر زەویدا گرفتاریان دەبێت، چونکە خواوەند ڕوونی کردۆتەوە:

﴿فَإِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا (٥) إِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا﴾ (الانشراح: ٥ – ٦).

هەروەها: ﴿يُرِيدُ اللَّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ﴾ (البقرة: ١٨٥).

فـەرمانی پێـداوین وردببینـەوە لـە هـەموو قسـەیەك و دڵنیـاببین ئـەو سـا بڕیـار بدەین: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنْ جَاءَكُمْ فَاسِقٌ بِنَبَإٍ فَتَبَيَّنُوا أَنْ تُصِيبُوا قَوْمًا بِجَهَالَةٍ فَتُصْبِحُوا عَلَى مَا فَعَلْتُمْ نَادِمِينَ﴾ (الحجرات: ٦).

زانا ئوسووڵییەکانی شارەزا لە فیقھ، پێش ئـەوەی بڕیار بـدەن بـە چـاکیی یـان خراپیـی، لەسـەر هـەر شـتێکی ڕێپێـدراو و ویسـتراو، کـە هـیچ دژایەتیـەکی لەگـەڵ حوکمی خودایی ڕاشکاو و بەڵگەنەویستی ئاینی نەبێت، پەنایان بردووە بۆ ئەزموون و تاقیکردنەوە.

# بەشی پێنجەم
# تەوحید: بنەمای غەیب:

تیۆریکاری هیندۆسی کاتێك سەبارەت بە دروستبوونی گەردوون بیر دەکاتەوە، سروشت بە ڕووداوێکی شووم دێتە بەرچاوی، کە براهمای ڕەها گرفتاری بووە،[1] چونکە ئەو پێی وایە هەر دروستکراوێك بە شتبوونێکی ئەو ڕەهایەیە. پرۆسەی بە شتبوون لە گەردووونناسی هیندۆسیدا، ڕووداوێکە کە ناوەڕۆکەکەی نەرێنییە، لەبەرئەوەی لە کەماڵی رەها کەم دەکاتەوە، لێرەوە بابای هیندۆسی هەموو شتێکی ناو سروشت بە دەرچوو لە حاڵەتی دروست هەژمار دەکات، چونکە لە فۆڕمێکی دەستکرددا بەندکراوە و تامەزرۆیە بۆ ڕزگاربوون لێی و گەڕانەوە بۆ بنەچەکەی کە براهمای ڕەهایە.

تا کاتێکیش لەم جیهانەدا بە ئەفرێندراوی بمێنێ ملکەچ دەبێ بۆ یاسای کارما و بەپێی ئەم یاسایە و بە ئەندازەی بڕوابوونی بە بنەمای یەکەمی ئەفراندن و پابەندبوون پێیەوە گەشە دەکات، یان زیاتر ڕۆدەچێت. بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە بوونی ئەو تەنها و تەنها ڕووداوێکی خەماوییە بۆ ڕەها. هەرچی گەردووونناسی

---

[1] گەردوون ئافەریدە، یان وەك بیریارە هیندۆسییەکان پێیان خۆشە کە ناوی بنێن: جیهانی دەرکەوتن و تەجەللای بەراهەمای موتڵەق، لە شیکاریی کۆتاییدا شتێکی ڕاستەقینە نیە، واتە نزمبوونەوەی موتڵەقە و دوورکەوتنەوەیە لە کەماڵی موتڵەق، واتە لادانێکی ناپیرۆزە و ژمارەیەك ئەدەبیاتی هیندۆسی جەختی لێدەکەنەوە، بیرۆکەکە لە سەدەکانی هزری میانەی هیندۆسیدا بە وردەکارییەکی زیاترەوە لەسەر دەستی سانکرا و ڕامنۆجا وا گەلاڵە بووە، کە ئەم جیهانە جەستەی خواوەندە و ئەم جەستەیەش تا ئەو ڕادەیەی پەیوەندیی بە گیانەوە هەیە بوونێکی سەربەخۆیە، لە سەردەمی نوێدا لەلایەن چەند بیرمەندێکەوە بە وریاییەکی زیاترەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم بیرۆکەیە کراوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:
Svetasvatara, iv, pp.9-10.

بۆ نموونەی هزری هیندۆسی میانە، بڕوانە:

-Brhadaranyaka Upanisad , 3.7.3.
-Radhakrishnan , S.Indian Philosophy , London : Allen and Unwin , 1951. Vol.1.pp.38-39, 197.
-Hiriyanna.M. Outlines of Indian Philosophy , London , Allen and Unwin , 1961, pp.63-65

مەسیحییە سروشت بە دروستکراوی خودا دادەنێ و بڕوای وایە لە سەرەتاوە سروشت کامڵ بووە، بەڵام بە تاوانکاریی خراپ بووە و بووەتە هێزێکی شەڕانی، لە نامەی پۆڵسدا بۆ خەڵکی ڕۆما هاتووە:

"لەبەر ئەمە وەك شتێك بە تاقە مرۆڤێك تاوان هاتە جیهان و بە تاوانیش مەرگ هات و مەرگ بەم شێوەیە هەموو مرۆڤی گرتەوە، چونکە هەموو مرۆڤێك هەڵەی کرد، چونکە تا پێش ناموسیش لە جیهاندا هەڵەکردن هەر هەبووە، وێڕای ئەوەی تا ناموس نەبێ هیچ هەڵەیەك هەژمار ناکرێت".[1]

لەبەر ئەوەی خراپەی سروشت لە بووندا بنەڕەتییە و یەکانگیر بووە دەبینین خواوەند بە خۆی لە پرۆسەی ڕزگارکردنی مرۆڤدا لە جەستەی مەسیحدا بەرجەستە بووە و لەخاچدراوە و مردووە و لەپاش ئەم پرۆسەی ڕزگارکردنە لە ڕووی تیۆرییەوە مەسیحییەت دڵنیا نیە لەوەی جارێکی تر سروشت کامڵ ببێت، بەڵام بە کردەوە عەقڵی مەسیحیی بەردەوام وا سەیری گەردوونی کردووە کە لە تاواندا ڕۆچووە و سروشتیش هێزێکی شەڕخوازە. واتە ئەو دوژمنایەتیە زۆرەی کە گنۆسیەت هەیەتی گوازرایەوە بۆ مەسیحییەت و ئەمانیش هاتن ڕق و دوژمنایەتییان بۆ سروشت و ژیانی دنیا چەند بەرامبەر کرد لەبەر ئەوەی ئەم دووانە ڕۆمانەکانیان تەواو سەرقاڵ کردبوو، ئەوانیش ڕۆمەکانیان بە دوژمنی پلەیەکی خۆیان دەزانی.

مەسیحییەت سروشتیان، بە هەموو توانستە ماددیەکانیەوە و بەهەموو ڕەوتەکانیەوە، شانشینی شەیتان دانا هەرجۆرە مەیلێکیش بۆی لە ڕووی ماددییەوە خاوەنەکەی لەو جیهانەی تر دوور دەخاتەوە و دەیبات بۆ جیهانی جەستە و تاوان. لەڕووی واقیعیشەوە سروشت بۆخۆی واتە گرفتار بوون بە خەڵەتاندنی سیاسەت و دەسەڵاتخوازی و خۆسەلماندن و ڕێبازی تزاریی. کەواتە بەم پێناسە مەسیحییە

[1] رسالة برلس الرسول إلى أهل رومية: ٥ : ١٢-١٤

بێت هەر جۆرە هەوڵدانێك بـۆ ڕێكخسـتنی بزاڤـی مێـژوو بـەرەو گـۆڕینی جەوهـەری سروشت بێهوودەیە.

**لەم بارەوە با نموونە گەلێك لە ئینجیلی مەتا بخوێنینەوە:**

"بۆیـە پێتـان دەڵـێم بـۆ ژیـانی خۆتـان گرنگـی مـەدەن بـەوەی دەیخـۆن و دەیخۆنەوە، بۆ جەستەشتان گرنگی مەدەن بەوەی دەیپۆشن، مەگەر ژیان گـرنگتر نییە لە خواردن و جەستەش باشـتر نیـە لـە پۆشـاك؟ سـەیری باڵنـدەكانی ئاسمـان بكەن نە كشتوكاڵ دەكەن و نە درەو و نە بـەروبووم لـە كۆگاكـان عـەمبار دەكـەن، كەچی باوكتان لە ئاسمان ڕۆزییان دەدا، مەگەر ئێوە لەوان باشتر نین؟".

بە درێژایی هەزار ساڵ یان پتر هـزری مەسـیحی سروشـتی وەك دژە جەمسـەری نیعمەتی خودا پێشكەشكردووە و وای لێڕوانیون كە دوو دژن كە قـەت كۆنابنـەوە و هەوڵ بۆ هەركامیان بدەی واتە ئـەویتریانت پێشـێل كـردووە. بـەڵام دواتـر لـە ژێـر كاریگەری هزری ئیسلامی بـە پلـەی یەكـەم و بزاڤـی ڕێنیسـانس و ڕۆشـنگەریی بـە پلەی دوو و دواتر فەلسەفەی سیكۆلاستیك، مەسیحییەت لەسەر ژیان كرایەوە و بـە ئەرێنی بۆ ژیانی ڕوانـی. هەرچـەندە ئەمـە نـەبووە هـۆی ئـەوەی عـەقڵی مەسـیحی بەتەواوی واز لە ڕەتكردنەوەی جیهـانی دنیـایی و سـەركۆنەكردنی بهێنێـت، بـەڵكو تەنها ڕۆڵـی هـەبوو لـەوەی دەسـتبەرداری قووڵبوونـەوە لـەم پرسـە ببێـت. پاشـان ڕەوتی سروشتگەرایی سەبارەت بە هەڵوێستوەرگرتن لە سروشـت و جیهـان عـەقڵی مەسیحییەتی داگیر كرد، بگرە هەندێك جاریش هاوكـات لەگـەڵ سـەركەوتنی بزاڤـی ڕۆمانسـی و سـیكۆلاریزم پـاش شۆڕشـی فەڕەنسـا لـە سـەردەمی نوێـدا هـەژموونی بەسەرەوە دانا. لە ئیسلامدا سروشت هەم ئافەریدەی خودا هـەم بـەهرەو نیعمـەتی ئەوە. لەو ڕووەوە كە ئەفرێندراوە ئامانجدارە و كامڵ و ڕێكوپێكە. لـەو ڕووەشـەوە كە بەخششێكی خوداییە واتە خێـر و بەهرەیـەكی پـاك و پاڵفتەیـە و خراوەتـە ژێـر دەسەڵاتی مرۆڤ. ئامانجی ئەمەش واداركردنی مرۆڤە بۆ كردنی چـاكە و بـەدیهێنانی

بەختـەوەری و سـەرفرازی. ڕوانـینی ئیسـلام بـۆ سروشـت لـە سـێ وەسـفدا پوخـت دەبێتەوە: سیستەم و ئامانجداری و خێرمەندیی.

## یەکەم: گەردوونی تۆکمە:

لە دەرەنجامەکانی شایەتوومانی (لا الـه الا الله)، ئیقرارکردنـە بـەوەی کـە تـەنها خواوەندی تاك و تاقانە ئەفرێنەرە و هەموو شتێکی بەخشیوە بە ئەفرێنـەرەکانی و هەموو هۆکار و بایسەکانی گەردوون دەگەڕێنـەوە بـۆ لای ئـەو و چارەنووسـی هـەر ئافەریدەیـەك بـۆ لای ئـەوە، بـە تـەنها خواوەنـدی گـەورە و باڵادەسـت یەکـەمین و دواهەمینە.

هاتنــە مەیــدانی ئــەم شــایەتوومانە بــە ئــازادی و دڵنیاییــەوە، هــەروەها بــە تێگەیشتنی ناوەرۆکیـەوە واتـە دەرککـردن بـەو ڕاسـتییەی کـە هـەموو ئـەو شـت و ڕووداوانـــەی دەوروبـــەرمان و هەرچـــی لـــە بـــوارە سروشـــتی و کۆمەڵایـــەتی و دەروونییەکاندا دێنە ئارا، هەرهـەمووی دەسـتکردی خـودان و بەرهـەمی ئـەو یاسـا بەربڵاوانەی ناو گەردوون و دەسەڵات و فەرمانی پەیتاپەیتای بێ چوون و چـرا و بـۆ جێگیرکردنی ئامانجی ویستی ئەون. بەڵام لەلایەکی ترەوە، ئەمە بەو مانایە نیە کـە خواوەند بەرپرسە لە کردەوەکانی ئێمە، چـونکە خۆمـان بەرپرسـی ئـەوەین، بۆیـە دەبێ بڕوامان وابێ کـە قورسـایی و سـووکیی کردەوەکانمـان لـە تـەرازووی ئاکـاردا دەچێتە بازنـەی بەرپرسـیارێتی تاکەکەسـی خۆمانـەوە و بـەس. هەرچـەندە هێـزی ئەفراندنی بوون و نەبوونی هەر شتێك تایبەتە بـە خـودای گـەورە و هـەر ئـەو بـەبێ هـەمباز و هاوتـا دەیجووڵێنێـت. مرۆڤـەکان دەسـتیان لـە خولّقاندنـدا نییـە، واتـە دەسـەڵاتی ژیانـدن و مرانـدنیان نیـە، هـەر چـەندە وەك هۆکـاری مرانـدن و ژیانـدن دەردەکەون.

هەر کە مرۆڤ ئەم شایەتوومانەی سەلماند ئـەم دەرککردنـە دەبێتـە سروشـتێکی دووەم بۆی و لە هەموو کارێکیدا پێوەی وابەستە دەبێت بە جۆرێك کـە لـە هـەموو ڕەهەندەکانی ژیانیدا دەبێتە سێبەر بۆی. کاتێکیش ئیقـرار دەکـات بـە کاریگـەریی خودا لە هەموو شت و ڕووداوێکدا، کەواتـە هەسـت بـە ڕێنمـایی خـودا دەکـات و لـە بوونەوەردا لـەدووی بەڵگـە و یاسـاکانی دەگـەڕێت. دەرەنجـامی ڕەچـاوکردنی ئـەم ڕاستییەش لە سروشتدا ئەوەیـە، کـە تێبکۆشـێت بـۆ شـارەزابوون لـە زانسـتەکانی سروشت.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَفِي الْأَرْضِ آيَاتٌ لِلْمُوقِنِينَ (٢٠) وَفِـي أَنْفُسِـكُمْ أَفَلَـا تُبْصِرُونَ﴾ (الذاریات: ٢٠ – ٢١).

﴿هُوَ الَّذِي جَعَلَ الشَّمْسَ ضِيَاءً وَالْقَمَـرَ نُـورًا وَقَـدَّرَهُ مَنَـازِلَ لِتَعْلَمُـوا عَـدَدَ السِّـنِينَ وَالْحِسَابَ مَا خَلَقَ اللَّهُ ذَلِكَ إِلَّا بِالْحَقِّ يُفَصِّلُ الْآيَاتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُـونَ (٥) إِنَّ فِـي اخْتِلَـافِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ وَمَا خَلَقَ اللَّهُ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَتَّقُونَ(٦)﴾ (یونس).

ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە خواوەند سروشتی تەنها لەسەر بنـەمای ئـەو یاسـایانە ئەفراندووە کە هیچ دەستکاری و گۆڕانێکیان تێدا ناکرێ و بەهرەی خوداین بەسەر ئێمەوە.

خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿سُنَّةَ مَنْ قَدْ أَرْسَلْنَا قَبْلَـكَ مِـنْ رُسُـلِنَا وَلَـا تَجِدُ لِسُنَّتِنَا تَحْوِيلًا﴾ (الاسرا: ٧٧).

﴿مَا كَانَ عَلَى النَّبِيِّ مِنْ حَرَجٍ فِيمَا فَرَضَ اللَّهُ لَهُ سُنَّةَ اللَّهِ فِي الَّذِينَ خَلَوْا مِنْ قَبْـلُ وَكَانَ أَمْرُ اللَّهِ قَدَرًا مَقْدُورًا﴾ (الاحزاب: ٣٨).

﴿سُنَّةَ اللَّهِ فِي الَّذِينَ خَلَوْا مِنْ قَبْلُ وَلَنْ تَجِدَ لِسُنَّةِ اللَّهِ تَبْدِيلًا﴾ (الاحزاب: ٦٢).

﴿فَلَمْ يَكُ يَنْفَعُهُمْ إِيمَانُهُمْ لَمَّا رَأَوْا بَأْسَنَا سُنَّتَ اللَّهِ الَّتِي قَدْ خَلَتْ فِي عِبَادِهِ وَخَسِـرَ هُنَالِكَ الْكَافِرُونَ﴾ (غافر: ٨٥).

﴿فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًا فِطْرَتَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللَّهِ ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ﴾ (الروم: ٣٠).

﴿اسْتِكْبَارًا فِي الْأَرْضِ وَمَكْرَ السَّيِّئِ وَلَا يَحِيقُ الْمَكْرُ السَّيِّئُ إِلَّا بِأَهْلِهِ فَهَلْ يَنْظُرُونَ إِلَّا سُنَّتَ الْأَوَّلِينَ فَلَنْ تَجِدَ لِسُنَّتِ اللَّهِ تَبْدِيلًا وَلَنْ تَجِدَ لِسُنَّتِ اللَّهِ تَحْوِيلًا﴾ (فاطر:٤٣).

لەلایەکی ترەوە لێکۆڵینەوەی یاساکانی خودا لە دەروون و لە کۆمەڵدا سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان دەخوازێت، جا کە گەردوون بە گشتی هەمووی دەرکەوتەی یاسا و فرمان و ویستی خودا بێ کە هەموو بوونەوەرەکانی لەسەر ئەفراندووە، کەواتە لە ڕوانگەی موسڵمانەوە گەردوون دەبێتە شانۆیەکی زیندووی وا کە هەموو جووڵەیەك تیایدا کردە و ویستی خودایە و خودی شانۆ و ئەکتەرەکانیش بەپێی یاساکانی خودا و لە دەستپێکی ئەوانەوە لێکدەدرێنەوە. لێرەوە مانای تەوحیدی خواوەند ئیقرارکردنە بەوەی کە تەنها خواوەند بە بێ هەمباز و یاوەر هۆکاری یەکەمە بۆ بوون و توانای خودا هەرگیز بەدوور نییە لە هەرچی لە بوونەوەردا دێتە ئارا و ڕێگایەك نییە بۆ ئەوەی خودا بە هۆکاری ناڕاستەوخۆ بزانین بەو شێوەیەی بیکاتە خودایەك کە دەستی لە مەخلووقات هەڵگرتبێ و وازی لە بوونەوەر هێنابێ لە خۆوە کاربکات و پێویستی بە خودا نەبێ. لەبیرکردنی ئەم ڕاستییە، فەیلسووفانی خستە هەڵەوە، کاتێك وتیان پەیوەندیی هۆکاربوون لە خوداوە گواستراوەتەوە بۆ دروستکراوانی و بوونەوەریان هاوشێوەی کاتژمێرێك هاتە بەرچاو کە دوای دروستکردنی پێویستی بە دەستوەردانی سنعەتکارەکەی نیە و بۆخۆی کاردەکات و ڕۆڵ دەبینێت.

زانایانی کەلام ئەم بۆچوونەی فەیلەسووفانیان هەڵوەشاندەوە و ئێمەش هاوڕایانین، لەبەر ئەوەی خواوەندی ئێمە خودایەکە زیندووە و هەرچی بووێت دەیکات، کارایی و دەستکاریی ئەو لە هەموو ڕووداوەکانی بووندا بەردەوام بوونی هەیە، هەر شتێکیش بە پێی پەیوەندیی خواکردی هۆکاربوون ڕوو بدات، واتە توانا

و ویستی خودایە لە هەموو کات و شوێنێك جێبەجێ دەبێ و جڵەوی گۆڕینی هەر شتێك بەدەست خۆیەتی. هەر ئەویشە دواهەمین بکەری کۆی ڕووداوەکان و هۆکاری کۆتایی هەر بوونەوەرێك.

لەم ڕەوشەدا با لەم فەرموودەیەی خودا ورد ببینەوە:

﴿أَمَّنْ جَعَلَ الْأَرْضَ قَرَارًا وَجَعَلَ خِلَالَهَا أَنْهَارًا وَجَعَلَ لَهَا رَوَاسِيَ وَجَعَلَ بَيْنَ الْبَحْرَيْنِ حَاجِزًا أَإِلَهٌ مَعَ اللَّهِ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ﴾ (النمل: ٦١).

﴿اللَّهُ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَرْضَ قَرَارًا وَالسَّمَاءَ بِنَاءً وَصَوَّرَكُمْ فَأَحْسَنَ صُوَرَكُمْ وَرَزَقَكُمْ مِنَ الطَّيِّبَاتِ ذَلِكُمُ اللَّهُ رَبُّكُمْ فَتَبَارَكَ اللَّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ﴾ (غافر: ٦٤).

با لەم ئایەتەش ڕابمێنین: ﴿أَيْنَمَا تَكُونُوا يُدْرِكْكُمُ الْمَوْتُ وَلَوْ كُنْتُمْ فِي بُرُوجٍ مُشَيَّدَةٍ وَإِنْ تُصِبْهُمْ حَسَنَةٌ يَقُولُوا هَذِهِ مِنْ عِنْدِ اللَّهِ وَإِنْ تُصِبْهُمْ سَيِّئَةٌ يَقُولُوا هَذِهِ مِنْ عِنْدِكَ قُلْ كُلٌّ مِنْ عِنْدِ اللَّهِ فَمَالِ هَؤُلَاءِ الْقَوْمِ لَا يَكَادُونَ يَفْقَهُونَ حَدِيثًا﴾ (النساء: ٧٨).

لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی وتمان، تەوحید بێچوون و چرا، واتە ڕەتکردنەوەی بوونی هەر هێزێکی کاریگەریی تر کە هاوبەش بێت لەگەڵ خودای ئەفرێنەری بوونەوەر، کە لەسەر یاساگەلێکی ئەبەدیی نەگۆڕاو خولقاندوویەتی. لەسەرووی ئەمەوە واتە ئیقرارکردن، هەر بەشدارییەك لەهەر هێزێکی سروشتییەوە سەرەنجام وا لە ژێر فرمان و دەسەڵاتی خوای گەورەدا، واتە جێگایەك نامێنێت بۆ ساختەکاریی جادووگەریی و تەڵەکەبازیی و گیانە شەڕخوازەکان و هەر جۆرە وێناکردنێکی ئەفسووناوی وەك دەستوەردانی خودسەرانەی هەر مەخلووقێك لە کاروبارەکانی سروشتدا. بە زمانێکی دیکە، تەنها بە تەوحید جیاکاریی نێوان سروشت و خودایانی ساختە و ڕۆحیانەتە داتاشراوەکانی ناو ئاینە بەراییەکان و خورافەگەرایی کەسانی سادە و نەزان جێگیر دەبێت.

شێخ محەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب لە پەڕاوی (التوحيد)دا زۆر بەجوانی ئەوەی ڕوونکردۆتەوە کە هەر جۆرە خورافات و کارێکی جادووگەرانە و ساختەگەرایی، هەم خاوەنەکەی و هەم ئەو کەسەش کە مامەڵەی پێدەکات و بڕوای پێدەهێنێت، دەخاتە ناو شیرك و هاوتاپەرستیی و بەزاندنی سنووری تەوحیدە. بەم شێوەیە، تەوحید کە دامەزراوە لەسەر بەندایەتی هەموو بوونەوەر بۆ خودای پەروەردگاری جیهانیان، ئەو هەلەی ڕەخساند بۆ عەقڵی ئەفسانەساز و یەخسیری ئەفسانەی ئاینی، کە گەشە بکات و گۆڕانی بەسەردا بێت. وەك چۆن هەلی ڕەخساند بۆ گەشەسەندنی زانستە سروشتیی و ژیارییەکان لە ئامێزی دیدگایەکی ئاینیی گەردوونی ئەوتۆ کە هەر جۆرە پەیوەندییەکی نێوان موقەددەس و سروشت بە تێکڕا و بە وردەکاریی ڕەتدەکاتەوە.

تەوحید بەم ڕێکارە گرنگترین مەرجی پێویست بۆ گەشەکردنی زانستە سروشتییەکان دەستەبەر دەکات، کە ئەویش سەلماندنی ڕووی دنیایی و عەلمانیی سروشتە. هەڵبەت لە مێژووی زانستدا مەبەست لە چەمکی عەلمانیبوون یان دنیاییبوونی سروشت، هەر ئەوەبووە کە سروشت ڕزگار بکەن لە زۆر لەو هۆکارە خوراڤ و شەبەح و ڕۆحیانەتە شەڕخوازانە خورافەباوەڕان و بازرگانانی فاڵچی و کاهینان بە درۆ و بوختان ڕووداوە سروشتییەکانیان پێ تەفسیر دەکرد.

زانست هیچ پێویستی بە ڕەتکردنەوەی کاری خودا نییە لە سروشتدا، بەڵکو پێویستی بەوەیە سروشت لە ئەفسانە ڕۆحیانەت و شەبەحە کاریگەرەکان دەرباز بکات، کە بە ساختەکاریی و بێ بەڵگە و هەڕەمەکی دەیانووت کاریگەرییان لەسەر سروشت هەیە. بە پێچەوانەوە کاریگەری خودا لە سروشتدا هەڕەمەکی نییە، بەڵکو بەپێی یاساگەلێکی نەگۆڕ و بێ بەدیلە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَهَلْ يَنْظُرُونَ إِلَّا سُنَّتَ الْأَوَّلِينَ فَلَنْ تَجِدَ لِسُنَّتِ اللَّهِ تَبْدِيلًا وَلَنْ تَجِدَ لِسُنَّتِ اللَّهِ تَحْوِيلًا﴾ (فاطر: ٤٣).

خودا دوژمنی سروشت نییه، هەر ئەوەیە کە یاساکانی ئەو پێشمەرجی پێویستن بۆ زانستەکانی سروشت. لەبەر ئەوەی ئەگەر زانا زانیتەکەی لەسەر ئەو گریمانەیە دانەنێت کە هەمان هۆکار بەردەوام هەمان ئەنجامی دەبێت، کە ئەمەش دەرەنجامی نەگۆڕیی و بەردەوامبوونی یاساکانی خودان لە گەردووندا، ئەوا زانست ناتوانێت ڕۆڵ و ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات.

تەوحید هەموو تاڵەکانی هۆکارمەندیی (سەبەبیەت) کۆدەکاتەوە و دەیانگێڕێتەوە بۆ خودا، نەك بۆ هێزگەلێکی شاراوە. بەم کارەش لە هەموو ڕووداوێك و هەر شتێکی ڕێکخراودا هێزی کارای سەبەبیەت دەبێتە تاڵێکی نەپچڕاو لە ڕووی ئەزموونگەرییەوە، ئەم تاڵە نەپچڕاوەی سەبەبییەت، کۆتاییەکەی لای خودایە و لای ئەویش دەمێنێتەوە، ئەمەش بەمانای ئەوەیە نابێت لە دەرەوەی هێزی خودا، هیچ هێزێکی تر هەبێ کە دەستکاری هێزی ئەم هۆکارە کاریگەرە بکات، کە تیایدایە و بڕیار وایە کە پەیوەندی نێوان بەشەکانیشی هۆکارمەند بێ و شیاوی سەرنجدان و سەلماندن بێت بە ئەزموون. کە دەشڵێین یاساکانی سروشت یاساگەلێکی خودایی نەگۆڕن، مەبەستمان ئەوەیە کە خودا تاڵەکانی ئەم سەبەبیەتە بە پێی هۆکارگەلێکی سیستماتیك دەجووڵێنێت، ئەم سیستمەش تەنها و تەنها بەرەنجامی پەیوەندییەکی نەگۆڕی نێوان هۆ و هۆدارە، نەگۆڕیی ئەم پەیوەندییەی نێوان عیللەت و مەعلوول وایکردووە سەرنج و دۆزینەوە و پاشان زانست کارێکی مومکین بێت.

زانست شتێك نیە زیاتر لە گەڕان بە دوای ئەو پەیوەندییە سەبەبیەی لە سروشتدا چەندبارە دەبێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو پەیوەندییە سەبەبیانەی تاڵێکی سەبەبیەت پێکدەهێنن، لە پەیوەندییە سەبەبییە هاوشێوەکاندا دووبارە دەبنەوە، سەلماندنی بوونی ئەم جۆرە پەیوەندییە هاوشێوەیە لەگەڵ دۆزینەوەی یاساکانی سروشت، کە ئەمەش پێشمەرجە بۆ ئەوەی هێزەکانی سەبەبییەت لە سروشتدا

کۆنترۆڵ و ئەندازەگیری وەربگرن، وەك مەرجێکی پێویست بۆ بەهرەمەندبوونی مرۆڤ لێیان و پاشان گریمانەی هەموو ئەو تەکنۆلۆژییانەی مرۆڤ داهێنانیان بۆ دەکات. زانایانی تازەی خۆرئاوا، بوونی خوایان ڕەتکردەوە و جیاکارییان کرد لەنێوان خودا و سروشتدا، وەك ئەوەی ئەو کارە ڕێی تێبچێت. هۆی ئەم کارەشیان ئەو ڕقە زۆرەیان بوو لە کڵێسای مەسیحییەت کە بەناحەق خۆی تاقە دەسەڵاتداری بواری مەعریفە دانابوو، لە مەعریفەی سروشتیشەوە، هەڵبەتە زانستەکانی سروشت نەیدەتوانی بەوشێوەیە لە خۆرائاوا پێشبکەوێ ئەگەر ئەم هەنگاوەی نەنایە.

هەزار ساڵ دەبوو کە مەسیحییەکان بەبۆنەی هەژموونی کڵێساوە هیچ زانستێکیان بەرهەم نەهێنابوو و لە ئەنجامی ڕێبازی جیاواز و لاهووتی بەرجەستە بوو، هەروەها ڕێنماییە پاوانخوازییە هەرەمەکییەکانی لە پرسەکانی زانستی سروشتیدا، ڕێگایان گرتبوو لە هەر جۆرە هەوڵێك بۆ جووڵاندنی گیانی زانستی. کڵێساش پشتگیریی دەکرد لە ئەفسانە و خورافات. پێی وابوو لابردنی ئەفسانە و خورافات مەترسییە بۆ دەسەڵاتی ئەو، هەر بۆیە بۆ پارێزگاری لە بوونی خۆی هەوڵی لەناوبردنی زانایانی دا، وێڕای ئەمە لە ململانێی زانایان و کڵێسادا، زاناکان وردە وردە سەرکەوتن و کڵێسا شکستی هێنا.

زاناکان لەوەدا سەرکەوتنیان بەدەستهێنا، کە هەژموونی کڵێسایان بەسەر زانستی سروشتەوە نەهێشت و دەستکەوتەکەیان لەم ڕووەوە ڕەوا و ئێجگار گرنگ بوو، بەڵام ئەو شتەی کە زانست پێویستی بوو بۆ ئەوەی ڕۆڵی خۆی ببینێ و گەشە بکات، هەر ئەوە نەبوو کە سروشت ڕزگاری ببێت لە ڕۆحیانەت و خێو و نیشاندەری هێزە شاراوەکان و گیانە خوداییە ئەفسانەییەکان و باقی ڕەگەزە جادووییە درۆینەکان. زانست لە پشتی زانستیی کردنی سروشتەوە پێویستی بەو گریمانە بوو کە سروشت بەپێی یاساگەلێکی ڕێکوپێك کار دەکات و بۆ خۆی سیستەمێکی جێگیرە، کە ئەمەش بە ڕەهایی بابەتێکی بنەڕەتییە بۆ زانست و مەحاڵە زانست بە

بێ ئەمە بوونی هەبێت، بۆ نموونـە ئەگـەر وا دابنـێین کـە سروشـت ڕەفتـارێکی بـێ بەرنامە و سەیر و سەمەری هەیە و پشت بە ڕێکەوت دەبەستێت.

تەلاری زانست لەسـەر ئـەو گریمانەیـە بینـا دەکرێـت کـە هـەر جارێـك هۆکارێـك فەراهـەم ببێـت، ئـەوا دەرەنجامەکەشـی پەیـدا دەبێـت. ئـەوەی کـە زانایـان وەك یاسـایەکی سروشـتی دروسـت دۆزیویانەتـەوە، پوختـەی چـەمکەکەی ئەمەیـە کـە هەرکات هەمان هۆکار فەراهەم بوو، جارێکی تر هەمان دەرەنجام حاسـڵ دەبـێ بـە بێگومان.

پرسیار ئەمەیە: سەرچاوەی ئەم گریمانەیە چییە؟ هەندێك لە زانایانی خۆرئـاوا، بەتایبەت ئەوانەی دوای سەدەی نۆزدەیەم ژیاون وتیان: ئـەم پێکهاتـە ڕێکوپێکـەی سروشت دەتوانین بە ئیسـتیقرا، واتـە بـە خوێندنـەوەی یـەك بەیـەکی دیاردەکـانی خـودی سروشـت، بـە سـەرنجی تاقیگـەریی بـزانین، پـێش ئـەوان بـە هـەزار سـاڵ فەیلەسووفە موسڵمانەکان هەمان قسەیان کرد، بەڵام غەزالی هەردوو بۆچـوونەکەی هەڵوەشاندەوە. غەزالی لە کاتی هەڵوەشاندنەوەی قسەکەیان ڕاسـتی وت کـە مـرۆڤ لەگەڵ زانایان دەتوانێت لە داتاکانی جێی سەرنجی سروشت هەڵێنجان بکات و بڵێ: (س) هات بە دوای (ص)دا، یاخود (ص) چەند جار بـەدوای (س)دا هـات لـە چـەند ئـەزموون تاقیکردنـەوەی پێشـوودا، بـەڵام گـوزارەی (س) دوای (ص) هـات زۆر جیاوازە لەوەی بڵێین (س)، بـوونی داوە بـە (ص)، یـاخود هۆکـار بـووە لـە بـوونی ئەودا، یان بڵێین (س) بەردەوام دێت بـەدوای (ص)دا، چـونکە ئـەنجامێکی حـەتمی ئەوە، وێڕای ئەمە هاوشێوەی ئەم پەیوەندییە هۆکارییـە و توانـای پێشـبینیکردنی هەمان ئەو شتەیە کە زانست بە دوایدا دەگەڕێ و هەر زانایەکیش گریمانەی دەکـات لە ناو هۆکارەکان و دەرەنجامەکاندا.

زانایانی فەلسەفەی زانست لە سەدەی بیستەم ئەم بڕیـارە پێشـینەی زانایانیـان ئابڕووبرد و لەسەر ئەم بنەمایە زانایان فرووتەنی زیاتریان نوواند و زۆریان گەڕانەوە

بۆ ئایین و بۆ خودا، پاش ئـەوەی تیـۆریی ڕێـژەیی ئەنیشـتاین و بنـەمای ناحـەتمی بوون کە هایسزنبرگ پێی گەیشتبوو، بڕوای ئـەوانی بـە سیتسـمی سروشـت بـەرباد کرد. لە پلەی یەکەمدا گەورەیی بـۆ فەلسـەفە دەگەڕێتـەوە کـە تـوانی لەسـەر ئـەم بازدانە ئیستیقرائییە گومـان بورووژێنێـت. سۆفیسـتێکی وەکـو سـانتیانا متمانـەی زانایانی بە سیستەمی گەردوونی بە بەشـێك لـە بـڕوای حـەیوانی نـاوزەد کـرد، ئـەم متمانەیەشـی لـەو ڕووەوە بەسـووك زانـی، چـونکە هـیچ بنەمایـەکی ئـەزموونکردنی نەبوو لە واقیعدا. دەبینین سانتیانا هەمان ڕەخنەی ئاڕاستە کرد، کە پێشتر غەزالی ڕووبـەڕووی فەیلەسـووفان و زانایـانی سـەدەی پێنجـەمی کۆچـی کردبوویـەوە بـە جیاوازییـەکی کـەم، سـانتیانا واژەی بـڕوای حـەیوانی لـە نموونەکـەی پـاولۆف وەرگرتبوو کە هێندە وەك شاهید هێنراوەتەوە خەڵکی بێزار کردووە، گوایا سەگێك هەر کاتێك گوێی لە زەنگ بایە خواردنی دەبینی، ئیتر وا تێگەیشت کـە ئـەو زەنگـە هۆکاری خواردنەکەیە.

ئێمەی موسڵمان وای دەبینین کە هۆکاری ئەم سیستەمە گەردوونییـە خودایـە و بـەس، بوونـەوەریش بوویـە بوونـەوەر و نـەبووە گـەڕەلاوژێ، چـونکە خواوەنـد یاساکانی خۆی تێدا پەخشکرد کە تێکڕا یاساگەلێکن بە سەرنج و بیرکردنەوە دێنـە دەرککردن و دەدۆزرێنەوە وەك چەند هێزێك کە خودا بە مرۆڤی داون، تا بە خۆیان و بە کردەوەکانیان توانای سەلماندنی خۆیانیان هـەبێت، کەواتـە ئیسـلام کۆسـپێك نییە لەڕێی زانستدا، بەڵکو ئیسلام بەگشتی و تەوحید بەتایبەتی، مەرجی زانستن.

کەواتە موسڵمان بەتەواوی دڵنیایە لەوەی کە تەنها خـودا بـەرزترین هۆکـار و تاقانـە بکەرە کە هەموو بوونەوەرێك و هەرچیەکیش پەیدا دەبێ لە بوونـدا بـە بـەهرەی ئـەوە. لێرەڕا لە ڕوانگەی تەوحیـدەوە، سروشـت شایسـتەیە بـۆ ئـەوەی سـەرنجی لـێ بـدرێ و شیکاری زانستی بۆ بکرێ و ئەوەش کە پێی دەڵێن: بازدانی ئیسـتیقرایی، بـەلای زانـای

موسـڵمانەوە هـەرگیز بـازدان نییـە بـەو ئەندازەیـەی کـە هـەنگاوێکی تـرە لـە پێوانـەی لۆجیکیدا، کە پێشەکییە گەورەکەی بریتییە لە: (لا اله الا الله).

## دووەم: گەردوونی ئامانجدار:

سیستەمی سروشت تەنها بریتی نییە لە سیستەمی ماددی هۆکار و هۆدارەکـان کە سیستەمێکە شوێن و کـات و بـاقی کەتەگۆرییـەکان بـۆ ئێمـەی ڕووندەکەنـەوە، وێڕای ئەمە سروشت مەیدانێکە بە هەمان ئەندازە بۆ ئامانج، چونکە هەر شتێکی ناو سروشت بگریت خاوەن ئامانجێکە، هەرکات بەدیهات کۆی سیستەمەکە دەوڵەمەنـد و هاوسەنگ دەبێت. هەموو شتێك لـە بووندا لـە وردە بەردێکـەوە لـە دۆڵێکدا، لـە بچووکترین زینـدەوەری ئاوییـەوە، کـە لەسـەر ڕووی زەریاکانـەوە هەڵواسـراوە، لـە مێکوتـە میکرۆبێکـەوە لـە هـەناوی سیسـرکێکدا، تـا کاکێشـان و خۆرەکانیـان، تـا درەختـە زەبەلاحـەکانی سـنەوبەر، تـا نەهـەنگ و فیلـەکان، بـە تێکڕایـی هـەر ئافەریدەیەك بـە خـودی دروسـتبون و گەشـە و ژیـان و مردنـی ئـەو ئامانجـە بـەدی دەهێنێت کە خوا بۆی دروستکردووە و پێویستە بۆ باقی دروستکراوەکان.

ئەو پشت بەیەك بەستنە لە نێوان ئافەریـدەکان هەیـە و ئـەو پێکـەوە گونجـاوە تەواوەی پێکهێنەرەکانی بوون، نمایشی دەکەن، دەبێتە بنەڕەت بۆ بوونـەوەر، بـۆ بوون لەم پێگەیەدا، با ئەم فەرموودانەی خودا بخوێنینەوە:

﴿إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ﴾ (القمر: ٤٩).

﴿وَإِنْ مِنْ شَيْءٍ إِلَّا عِنْدَنَا خَزَائِنُهُ وَمَا نُنَزِّلُهُ إِلَّا بِقَدَرٍ مَعْلُومٍ﴾ (الحجر: ٢١).

﴿لَقَدْ أَحْصَاهُمْ وَعَدَّهُمْ عَدًّا﴾ (مريم: ٩٤).

ئەمەیە دەرەنجامی ئەو هاوسەنگییە ژینگەییەی مرۆڤی هاوچەرخ بەتازەکی لێی ئاگادار بووە، لە ئەنجامی ئەو مەترسییەی بە ئالوودەبوونی ژینگـەی ئـەم ڕۆژگـارە دروستبووە و زۆری هێنـاوە، موسـڵمان چـەند سـەدەیەکە لـەم چـەمکە ئاگـادارە و

هەمیشە بەو شێوەیە لە خۆی ڕوانیوە کە ئەو سەنتەری ئەم هاوسەنگییەیە و بەشێکە لێی وەك هەر ئافەریدەیەکی تر. ڕاستییەك هەیە هەر توخمێك لە دروستکراوان خۆراك دەداتە توخمێکی تر و ئەویش لەسەر توخمێکی سێیەم دەژی، ئەم ڕاستییە بێگومان ئاماژەیە بۆ زنجیرەیەك ئامانجی پێکەوە بەستراو، کە لەناو زیندەوەرە باڵاکاندا زۆر بە ڕوونی دیارە و تێبینیکردن و ڕاستاندنی و سەرنجدان لە هەموو ڕەهەندەکانی لە وردە زیندەوەرەکانی وەکو قەوزە و میکرۆب و ئەنزیمەکان، کە بە چاوی سەر نابینرێن زۆر ئەستەمە، بەڵام ئەم زنجیرە ئامانجە پێکەوە بەستراوە لە هەموو ئەو جیهانانەدا بە هەمان ئەندازە لە واقیعدا بوونی هەیە.

ئاستێکی سێیەم هەیە کە دۆزینەوەی لەو دووانەی پێشوو ئەستەمترە کە بەستراوە بە سیستەمەکانی خۆراکی ڕووەك و زیندەوەرەوە کە بریتییە لە زنجیرەیەك پشتبەستن بە یەکتر لە هەناوی چالاکیی هەموو زیندەوەران و هەموو چالاکییەکانی دیکە، چ ئەوانەی پەیوەندییان بە خۆراکەوە هەیە و چ ئەوانەی پەیوەندییان نییە، هەروەها کار و کاردانەوەی نێوان توخمەکان لەسەر وشکانی بێت، یان لە ناو ئاو یان لە ئاسماندا، یان قەوارەکانی فەزای دەرەوە. تاکو ئێستا زانیارییەکانمان لەسەر ئاڵۆزییەکانی ژینگەی سروشت زۆر سادە و بەرایین، ئەوەی کە زانستە سروشتییەکان بۆمانی دەرخستووە بەسە بۆ هێنانە بەرچاوی پێکهاتەی هەموو سیستەمەکە. بوونەوەر کە سیستەمێکی ئامانجدارە دەمانخاتە بەردەم دیمەنێکی شکۆدار، قەوارەی گەردوون و هەراوی ئەو لە ئاستی گشتیدا و وردەکارییەکانی لەسەر ئاستی هەندەکیدا و ڕەنگی تەواو و فرە ئاڵۆزی هاوسەنگییەکانی دڵ و گیان یەخسیر و سەرسام دەکات و ژیریی بە سۆز و میهر و سەرسامییەوە دادەنێت بە بچوکیی خۆی لەبەرامبەریاندا ئاگادارە لە نرخ و بەهایان. با لەم فەرموودەیەی خوا ڕابمێنین:

﴿وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الرُّوحِ قُلِ الرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّي وَمَا أُوتِيتُمْ مِنَ الْعِلْمِ إِلَّا قَلِيلًا﴾ (الاسراء: ٨٥). ﴿تَبَارَكَ الَّذِي بِيَدِهِ الْمُلْكُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (١) الَّذِي خَلَقَ الْمَوْتَ وَالْحَيَاةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا وَهُوَ الْعَزِيزُ الْغَفُورُ (٢) الَّذِي خَلَقَ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ طِبَاقًا مَا تَرَى فِي خَلْقِ الرَّحْمَنِ مِنْ تَفَاوُتٍ فَارْجِعِ الْبَصَرَ هَلْ تَرَى مِنْ فُطُورٍ (٣) ثُمَّ ارْجِعِ الْبَصَرَ كَرَّتَيْنِ يَنْقَلِبْ إِلَيْكَ الْبَصَرُ خَاسِئًا وَهُوَ حَسِيرٌ﴾ (الملك: ١ – ٤).

﴿الَّذِينَ يَذْكُرُونَ اللَّهَ قِيَامًا وَقُعُودًا وَعَلَى جُنُوبِهِمْ وَيَتَفَكَّرُونَ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَذَا بَاطِلًا سُبْحَانَكَ فَقِنَا عَذَابَ النَّارِ﴾ (آل عمران: **١٩١**).

جا کە خودا ئەم جیهانەی بۆ ئامانجێك خوڵقاندووە، واتە جیهان جوانیی و شکۆی خۆی لەو ئامانجەوە وەردەگرێت کە لە پێناویدا دروستکراوە.

مانایەك نییە بۆ وتەی شاعیر کاتێك سەرسامیی خۆی بۆ گوڵێك دەردەبڕێت:

"ئای لە جوانیی ئەم گوڵە کە ڕووی خودا تییدا جیلوەی داوە".

مانایەکی نییە جگە لەوەی کە ئەو گوڵە خزمەت بە ئامانجەکانی مرۆڤ و مار و مێروو دەکات بە بۆن و بەرامە و جوانییە ئاشکراکەی. ئەمە ئامانجگەلێکە خودا بەهرەمەندی کردوون لێی و بە تەواوترین شێوە بەدیدێنن. بە جۆرێك هەموو ئەوانەی چاوی بینایان هەیە گەورەیی دەسەڵات و توانستی تەواوی شاکاریی خودایی تیا دەبینن.

## سێیەم: سروشت وەك موڵکی ڕاستەقینەی خودا:

بنەمای ئیسلامیی لەسەر دوو پایە دامەزراوە:

یەکەمینیان: پایەیەکی میتافیزیکی نەبینراوە، کە بریتییە لەوەی هەرچی لە بووندایە موڵکی خودای گەورەیە.

ئەویتر بریتییە لە ڕەهەندی ڕەوشتیی مرۆڤ کاتێك مامەڵە لەگەڵ دروستکراوان دەکات. بەو بەڵگەیەی کە ئیسلام مرۆڤ فێری ئەوە دەکات کە سروشت خوڵقێنراوە

بۆ ئەوەی شانۆیەك بێت بۆ كارەكانی و كێڵگەیەكە تیایدا نەشونوما دەكات و لە نیعمەتەكانی خودا بەهرەمەند ببێت، بۆ ئەوەی لێوەشاوەیی ڕەوشتی خۆی بسەلمێنێت، ئەم بنەمایە وابەستەیە بە چوار دراوەوە:

یەكەمیان ئەوەیە كە سروشت موڵكی خودایە نەك مرۆڤ، مرۆڤیش لەلایەن خوداوە مافی پێدراوە كە لێی بەهرەمەند ببێ بەو شێوەیەی كە خودا بۆی دیاریكردووە، داواشی لێكراوە چاودێری ئەو شتە بكات كە وەك سپاردەیەك خراوەتە ژێر دەستی، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِلَى ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَالِحًا قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُمْ مِنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ هُوَ أَنْشَأَكُمْ مِنَ الْأَرْضِ وَاسْتَعْمَرَكُمْ فِيهَا فَاسْتَغْفِرُوهُ ثُمَّ تُوبُوا إِلَيْهِ إِنَّ رَبِّي قَرِيبٌ مُجِيبٌ﴾ (هود: ٦١).

هەروەها: ﴿آمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَأَنْفِقُوا مِمَّا جَعَلَكُمْ مُسْتَخْلَفِينَ فِيهِ فَالَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ وَأَنْفَقُوا لَهُمْ أَجْرٌ كَبِيرٌ﴾ (الحديد: ٧).

﴿وَلِلَّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ (آل عمران: ١٨٩).

﴿لِلَّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا فِيهِنَّ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ (المائدة: ١٢٠).

﴿وَلِلَّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَيَوْمَ تَقُومُ السَّاعَةُ يَوْمَئِذٍ يَخْسَرُ الْمُبْطِلُونَ﴾ (الجاثية: ٢٧).

هیچ گومانێك لەوەدا نییە مافی سوودمەند بوون لە سروشت ئەو مافە نادات بە مرۆڤ كە وێرانی بكات یان بەشێوەیەك بەكاری بهێنێت، كە هاوسەنگیی ژینگەیی تێكبدات، یان لەناوی ببات. مافی سوودمەند بوون تەنها شتێكە كە موڵكی مرۆڤ بێت، مافێكی تاكەكەسییە كە خوداوەند لەگەڵ هەموو كەسێكدا لە كاتی لەدایكبوونیدا تازەی دەكاتەوە. ئەم مافە بریكاری و بەمیراتبردن قبووڵ ناكات و ڕێگاش بە كەس نادات كە نەهێڵێت كەسانی تر لێی سوودمەند بن لە داهاتوودا. واش دانراوە لە كاتی مردندا مرۆڤ كە بەفرمانی خودا بۆتە جێنشینی نەك

سـەرزەوی، بـەڵکو جێنشـینی گـەردوون ئـەم سـپاردەیە ڕادەسـتی پـەروەردگار بکاتەوە.

دووەمیان ئەوەیە کە سیستەمی سروشت بە جۆرێك ڕەخسێنراوە بۆ مـرۆڤ کـە بتوانێت هەر گۆڕانکارییەکی ویست تیایدا ئەنجامبدات، چونکە خودا سروشتی وەها خوڵقانـدووە کـە گـوێ بەفـەرمان بـێ و وەرگـری دەسـتکارییەکانی مـرۆڤ بێـت لـە کارەکانیدا، وێڕای ئەوەی دەشێت زنجیرەی پەیوەندییـە سـەبەبییە سروشـتییەکان بە کردەی مرۆڤ گۆڕانی بەسەردا بێ و هیچ مەیدان و بوارێکیش نییە لە سروشتدا کە نەچێتە چوارچێوەی ڕەخساو بۆ تێکۆشانی مرۆڤەوە.

بۆ نموونە ئاسمان بە خۆرەکانیەوە بە مانگەکانیەوە بە ئەستێرەکانیەوە، زەوی و دەریاکان بە هەموو ناواخنیانـەوە بەردەسـتی مـرۆڤن بـۆ ئـەوەی بیاندۆزێتـەوە و سوودیان لێ وەربگرێ و چێژیان لێ ببینێ و بیریان لێبکاتەوە.

﴿وَلَقَدْ جَعَلْنَا فِي السَّمَاءِ بُرُوجًا وَزَيَّنَّاهَا لِلنَّاظِرِينَ﴾ (الحجر: ١٦).

﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنْ كُنْتُمْ فِي رَيْبٍ مِنَ الْبَعْثِ فَإِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ تُرَابٍ ثُمَّ مِنْ نُطْفَةٍ ثُمَّ مِنْ عَلَقَةٍ ثُمَّ مِنْ مُضْغَةٍ مُخَلَّقَةٍ وَغَيْرِ مُخَلَّقَةٍ لِنُبَيِّنَ لَكُمْ وَنُقِرُّ فِـي الْأَرْحَـامِ مَـا نَشَـاءُ إِلَـى أَجَلٍ مُسَمًّى ثُمَّ نُخْرِجُكُمْ طِفْلًا ثُمَّ لِتَبْلُغُوا أَشُدَّكُمْ وَمِنْكُمْ مَنْ يُتَوَفَّى وَمِنْكُمْ مَنْ يُرَدُّ إِلَـى أَرْذَلِ الْعُمُرِ لِكَيْلَا يَعْلَمَ مِنْ بَعْدِ عِلْمٍ شَيْئًا وَتَرَى الْأَرْضَ هَامِدَةً فَـإِذَا أَنْزَلْنَـا عَلَيْهَـا الْمَـاءَ اهْتَزَّتْ وَرَبَتْ وَأَنْبَتَتْ مِنْ كُلِّ زَوْجٍ بَهِيجٍ﴾ (الحج: ٥).

﴿هُوَ الَّذِي جَعَلَ الشَّمْسَ ضِيَاءً وَالْقَمَـرَ نُـورًا وَقَـدَّرَهُ مَنَـازِلَ لِتَعْلَمُـوا عَـدَدَ السِّـنِينَ وَالْحِسَابَ مَا خَلَقَ اللَّهُ ذَلِكَ إِلَّا بِالْحَقِّ يُفَصِّلُ الْآيَاتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ﴾ (يونس: ٥).

﴿قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ اللَّهِ الَّتِي أَخْرَجَ لِعِبَادِهِ وَالطَّيِّبَاتِ مِـنَ الـرِّزْقِ قُـلْ هِـيَ لِلَّـذِينَ آمَنُـوا فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا خَالِصَةً يَوْمَ الْقِيَامَةِ كَذَلِكَ نُفَصِّلُ الْآيَاتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ﴾ (الاعراف: ٣٢).

کەواتـە هـەموو ئافەریـدەکان بـۆ قـازانجی مرۆڤـە و چـاوەڕێن تـا مـرۆڤ لێیـان بەهرەمەند بن بەپێی توانستی ئەندازەگیریی تەواو و بەرپرسانە کاریان تێدا بکات.

خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿أَلَمْ تَرَوْا أَنَّ اللَّهَ سَخَّرَ لَكُمْ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَأَسْبَغَ عَلَيْكُمْ نِعَمَهُ ظَاهِرَةً وَبَاطِنَةً وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يُجَادِلُ فِي اللَّهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ وَلَا هُدًى وَلَا كِتَابٍ مُنِيرٍ﴾ (لقمان: ٢٠).

﴿وَسَخَّرَ لَكُمُ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ دَائِبَيْنِ وَسَخَّرَ لَكُمُ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ﴾ (ابراهيم: ٣٣).

﴿وَهُوَ الَّذِي جَعَلَكُمْ خَلَائِفَ الْأَرْضِ وَرَفَعَ بَعْضَكُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَاتٍ لِيَبْلُوَكُمْ فِي مَا آتَاكُمْ إِنَّ رَبَّكَ سَرِيعُ الْعِقَابِ وَإِنَّهُ لَغَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ (الانعام: ١٦٥).

﴿أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ سَخَّرَ لَكُمْ مَا فِي الْأَرْضِ وَالْفُلْكَ تَجْرِي فِي الْبَحْرِ بِأَمْرِهِ وَيُمْسِكُ السَّمَاءَ أَنْ تَقَعَ عَلَى الْأَرْضِ إِلَّا بِإِذْنِهِ إِنَّ اللَّهَ بِالنَّاسِ لَرَءُوفٌ رَحِيمٌ﴾ (الحج: ٦٥).

﴿وَسَخَّرَ لَكُمْ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا مِنْهُ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ﴾ (الجاثية: ١٣).

ئەندازەگیریی مرۆڤ دەبێتە جیاکەرەوە و تەنها ئامڕازی کارای دەستتێوەردانە، بەڵام ئەوەشمان لە بیر نەچێت کە هیچ شتێك نیە کە مرۆڤ دەستبەردار بکات لە بەرپرسیارێتی سەبارەت بەوکارەی کە بەرامبەر بە هەموو ئافەریدە دەیکات.

سێیەمیان ئەوەیە کە لە سوودمەندبوون و چێژوەرگرتن لە سروشت، مرۆڤ داوای لێکراوە بە شێوەیەکی ئاکارمەند ڕەفتار بکات واتە دزی و فێڵ و زۆرکردن و گلدانەوە و گەنج هەڵگرتن و بێگارکردن و خۆپەرستی و خۆگێلکردن لە ئاتاجییەکانی خەڵك، هەر هەموویان کۆمەڵە خەسڵەتێکن کە شایستەی ئەوێك نین کە جێنشێنی متمانەپێکراوە لە زەوی خواوەنددا و لە حەرامە قەتعییەکانن.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يُرِيدُونَ أَنْ يَخْرُجُوا مِنَ النَّارِ وَمَا هُمْ بِخَارِجِينَ مِنْهَا وَلَهُمْ عَذَابٌ مُقِيمٌ (٣٧) وَالسَّارِقُ وَالسَّارِقَةُ فَاقْطَعُوا أَيْدِيَهُمَا جَزَاءً بِمَا كَسَبَا نَكَالًا مِنَ اللَّهِ وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ (المائدة: ٣٧ – ٣٨).

﴿وَيْلٌ لِكُلِّ هُمَزَةٍ لُمَزَةٍ (١) الَّذِي جَمَعَ مَالًا وَعَدَّدَهُ (٢) يَحْسَبُ أَنَّ مَالَهُ أَخْلَدَهُ (٣) كَلَّا لَيُنْبَذَنَّ فِي الْحُطَمَةِ (٤) وَمَا أَدْرَاكَ مَا الْحُطَمَةُ﴾ (الهمزة: ١ – ٥).

﴿أَرَأَيْتَ الَّذِي يُكَذِّبُ بِالدِّينِ (١) فَذَلِكَ الَّذِي يَدُعُّ الْيَتِيمَ (٢) وَلَا يَحُضُّ عَلَى طَعَامِ الْمِسْكِينِ (٣) فَوَيْلٌ لِلْمُصَلِّينَ (٤) الَّذِينَ هُمْ عَنْ صَلَاتِهِمْ سَاهُونَ (٥) الَّذِينَ هُمْ يُرَاءُونَ (٦) وَيَمْنَعُونَ الْمَاعُونَ (٧)﴾ (الماعون: ١ – ٧).

ئیسلام دەستبڵاوی دەبوغزێنێت و زیادەڕەویی و خێرکردنی ڕیایی حەرام دەکات، کەلتووری ئیسلامیی لەگەڵ هیچکام لەو خەسڵەتانە یەکناگرێتەوە و موسڵمانی پارێزکار خۆی لە هەژاریی و نەداریی دوور دەگرێت و خاوەنی قەناعەتە و نیعمەتی خودا نمایش دەکات و زمانی پاراوە بە سوپاسگوزاری خودا لەسەر ڕزق و ڕۆزییەکانی بۆی.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَآتِ ذَا الْقُرْبَى حَقَّهُ وَالْمِسْكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ وَلَا تُبَذِّرْ تَبْذِيرًا (٢٦) إِنَّ الْمُبَذِّرِينَ كَانُوا إِخْوَانَ الشَّيَاطِينِ وَكَانَ الشَّيْطَانُ لِرَبِّهِ كَفُورًا (٢٧)وَإِمَّا تُعْرِضَنَّ عَنْهُمُ ابْتِغَاءَ رَحْمَةٍ مِنْ رَبِّكَ تَرْجُوهَا فَقُلْ لَهُمْ قَوْلًا مَيْسُورًا (٢٨) وَلَا تَجْعَلْ يَدَكَ مَغْلُولَةً إِلَى عُنُقِكَ وَلَا تَبْسُطْهَا كُلَّ الْبَسْطِ فَتَقْعُدَ مَلُومًا مَحْسُورًا (٢٩) إِنَّ رَبَّكَ يَبْسُطُ الرِّزْقَ لِمَنْ يَشَاءُ وَيَقْدِرُ إِنَّهُ كَانَ بِعِبَادِهِ خَبِيرًا بَصِيرًا﴾ (الاسراء: ٢٦ – ٣٠).

هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَهُوَ الَّذِي أَنْشَأَ جَنَّاتٍ مَعْرُوشَاتٍ وَغَيْرَ مَعْرُوشَاتٍ وَالنَّخْلَ وَالزَّرْعَ مُخْتَلِفًا أُكُلُهُ وَالزَّيْتُونَ وَالرُّمَّانَ مُتَشَابِهًا وَغَيْرَ مُتَشَابِهٍ كُلُوا مِنْ ثَمَرِهِ إِذَا أَثْمَرَ وَآتُوا حَقَّهُ يَوْمَ حَصَادِهِ وَلَا تُسْرِفُوا إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ﴾ (الانعام: ١٤١).

هەروەها: ﴿يَا بَنِي آدَمَ خُذُوا زِينَتَكُمْ عِنْدَ كُلِّ مَسْجِدٍ وَكُلُوا وَاشْرَبُوا وَلَا تُسْرِفُوا إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ (٣١) قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ اللَّهِ الَّتِي أَخْرَجَ لِعِبَادِهِ وَالطَّيِّبَاتِ مِنَ الرِّزْقِ قُلْ هِيَ لِلَّذِينَ آمَنُوا فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا خَالِصَةً يَوْمَ الْقِيَامَةِ كَذَلِكَ نُفَصِّلُ الْآيَاتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ (٣٢) قُلْ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَالْإِثْمَ وَالْبَغْيَ بِغَيْرِ الْحَقِّ وَأَنْ تُشْرِكُوا بِاللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ سُلْطَانًا وَأَنْ تَقُولُوا عَلَى اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ﴾ (الاعراف: ٣١ – ٣٣).

بابەتی چوارەم و کۆتایی ئەوەیە کە ئیسلام فەرمان دەدات بە گەڕان بەدوای یاساکانی خودا لە بوونەوەرداو تێگەیشتن لێیان، نەك تەنها ئەو یاسایانەی کە زانستە سروشتییەکان پێکدەهێنن، بەڵکو بە هەمان ئەندازە ئەو یاسایانەش کە شکڵ دەدەن بە جوانیی سروشت و سیستەمە گشتییەکەشی، واتە ئەو یاسایانەی خەرمانەی ڕێز دەکاتە چوارچێوە بۆ ئەو سروشتەی کە خوا ئەفراندوویەتی و کارەکانی بەڕێوە دەبات و ویستەکانی تێدا بەرجەستە دەبن، کەواتە پێویستە خۆی بپارێزێت لە خراپ بەکارهێنان و زەوتکردن و بە بێگارگرتنی، هەر چەندە سروشت بەردەستی مرۆڤە بۆ سوودمەندبوونی.

ئەم هەستیاربوونە بەرامبەر سروشت و چاودێریکردنی نەرم بۆی وەك باخچەیەك، دارستانێك، ڕووبارێك و کێوێك ئەوە دەخوازێت کە لەگەڵ هەموو شتێکدا بە پێی ئەو ئامانجە مامەڵە بکرێ کە خودا بۆی خولقاندووە.

# بەشی شەشەم

# تەوحید بنەمای ڕەوشت

تەوحيد ئەو ڕاستييە دەچەسپێنێت کە خوای تاك و یەکتا مرۆڤی لە جوانترین شێوەدا ئەفراندووە تا خودا بپەرستێت. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿الَّذِي أَحْسَنَ كُلَّ شَيْءٍ خَلَقَهُ وَبَدَأَ خَلْقَ الْإِنْسَانِ مِنْ طِينٍ (٧) ثُمَّ جَعَلَ نَسْلَهُ مِنْ سُلَالَةٍ مِنْ مَاءٍ مَهِينٍ (٨) ثُمَّ سَوَّاهُ وَنَفَخَ فِيهِ مِنْ رُوحِهِ وَجَعَلَ لَكُمُ السَّمْعَ وَالْأَبْصَارَ وَالْأَفْئِدَةَ قَلِيلًا مَا تَشْكُرُونَ﴾ (السجدة: ٧ – ٩).

﴿وَذَكِّرْ فَإِنَّ الذِّكْرَى تَنْفَعُ الْمُؤْمِنِينَ (٥٥) وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنْسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ (٥٦) مَا أُرِيدُ مِنْهُمْ مِنْ رِزْقٍ وَمَا أُرِيدُ أَنْ يُطْعِمُونِ (٥٧) إِنَّ اللَّهَ هُوَ الرَّزَّاقُ ذُو الْقُوَّةِ الْمَتِينُ﴾ (الذاريات: ٥٥ – ٥٨). ﴿لَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنْسَانَ فِي أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ (٤) ثُمَّ رَدَدْنَاهُ أَسْفَلَ سَافِلِينَ (٥) إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ فَلَهُمْ أَجْرٌ غَيْرُ مَمْنُونٍ﴾ (التين: ٤ – ٦). کەواتە پاساوی بوونی مرۆڤ بریتییە لە گوێڕایەڵیی خودا و جێبەجێکردنی فەرمانەکانی، دیسانەوە تەوحید ئەو ڕاستییە دووپاتدەکاتەوە کە کاکڵەی ئەم ئامانجە بریتییە لەوەی خودا مرۆڤی کردۆتە جێنشین لەسەر زەویدا.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿هُوَ الَّذِي خَلَقَ لَكُمْ مَا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا ثُمَّ اسْتَوَى إِلَى السَّمَاءِ فَسَوَّاهُنَّ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ وَهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ (٢٩) وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَةً قَالُوا أَتَجْعَلُ فِيهَا مَنْ يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ الدِّمَاءَ وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ قَالَ إِنِّي أَعْلَمُ مَا لَا تَعْلَمُونَ﴾ (البقرة: ٢٩ –٣٠).

لەسەر داخوازیی ئەم بڕیاری جێنشینایەتییەیە وەك قورئان ڕوونیکردۆتەوە، خوای گەورە سپاردەیەکی سەنگینی وای خستۆتە سەرشانی مرۆڤ کە ئاسمانەکان و زەوی نەیانتوانیوە و سڵیان لێکردووە.

خودای گەورە لەمبارەوە دەفەرموێت: ﴿إِنَّا عَرَضْنَا الْأَمَانَةَ عَلَى السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَالْجِبَالِ فَأَبَيْنَ أَنْ يَحْمِلْنَهَا وَأَشْفَقْنَ مِنْهَا وَحَمَلَهَا الْإِنْسَانُ إِنَّهُ كَانَ ظَلُومًا جَهُولًا﴾ (الاحزاب: ٧٢).

ناوەڕۆکی ئەم سپاردە خواییە بریتییە لە پاراستنی بەشە ڕەوشتییەکەی ویستی خودا، ئەویش بەپێی سروشتەکەی پێویستە ئازادانە بەدی بێت، مرۆڤیش تاقە ئافەریدەیەکە کە بەجۆرێك دروستکراوە کە شایستەی ئەو کارە بێت. بەدیهاتنی ویستنی خودا بە یاسا گەردوونییەکانی ناو سروشت لە سنووری بەهای بەرایی یان بەرژەوەندیدا دەوەستێت و بەرز نابێتەوە بۆ ئاستی بەها ڕەوشتییەکە، تەنها مرۆڤە کە بەو توانایەی هەیەتی لەسەر کردن یان نەکردن و ئەو هەڵوێستە میانەیەی نێوان کردن و نەکردن وەریدەگرێ، شایستەگی ئەوەی هەیە کە ئەو ویستە لە ڕووە ڕەوشتییەکەوە بەدیبهێنێت، کەوابێ ئەو ویستنە ئازادەی مرۆڤ بەکاری دەهێنێ و مامەڵەی پێدەکات لەگەڵ فەرمانی خودا، بووەتە هۆی ئەوەی هەولەکانی بارگەی ڕەوشتییان پێوەبێت.

## یەکەم: مرۆڤنەوازی ئیسلام:

تەوحید فێرمان دەکات کە خوداوەند بە میهر و بەزەییە و هەموو شتێکی لەبەر ئامانجێك خولقاندووە، کەواتە مرۆڤی بە گاڵتە و بێ بایس دروستنەکردووە، لەو بەڵگە قورئانییانەی ئەم مانایە دەدەن بەدەستەوە:

﴿أَيَحْسَبُ الْإِنْسَانُ أَلَّنْ نَجْمَعَ عِظَامَهُ﴾ (القيامة: ٣).

﴿أَيَحْسَبُ الْإِنْسَانُ أَنْ يُتْرَكَ سُدًى﴾ (القيامة: ٣٦).

﴿أَفَحَسِبْتُمْ أَنَّمَا خَلَقْنَاكُمْ عَبَثًا وَأَنَّكُمْ إِلَيْنَا لَا تُرْجَعُونَ﴾ (المؤمنون: ١١٥).

﴿وَمَا خَلَقْنَا السَّمَاءَ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا لَاعِبِينَ﴾ (الانبياء: ١٦).

﴿وَمَا خَلَقْنَا السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا لَاعِبِينَ﴾ (الدخان: ٣٨).

خواوەند بەهرەگەلی هەست و ژیریی و تێگەیشتنی بە مرۆڤ بەخشیوە، لەسەرووی ئەمەشەوە جەستەی ڕێکوپێك کردووە و لە ڕووحی خۆی تێ دەماندووە بۆ ئەوەی بۆ هەڵگرتنی ئەم ئەرکە گرنگە شیاو بێت، کە بریتییە لەوەی بە ئازادیی

و هەڵبژاردنی خۆی گوێڕایەڵیی خودا بکات. خوای گەورە و باڵادەست دەفەرموێت: ﴿أَيَحْسَبُ أَنْ لَمْ يَرَهُ أَحَدٌ (٧) أَلَمْ نَجْعَلْ لَهُ عَيْنَيْنِ (٨) وَلِسَانًا وَشَفَتَيْنِ (٩) وَهَدَيْنَاهُ النَّجْدَيْنِ﴾ (البلد: ٧ – ١٠). هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي خَالِقٌ بَشَرًا مِنْ صَلْصَالٍ مِنْ حَمَإٍ مَسْنُونٍ (٢٨) فَإِذَا سَوَّيْتُهُ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِنْ رُوحِي فَقَعُوا لَهُ سَاجِدِينَ﴾ (الحجر: ٢٨ – ٢٩).

کەواتە هەر ئەم ئەرکە گرنگەیە بووەتە هۆی ئەفراندنی مرۆڤ و هەر ئەویشە کۆتا ئامانجی بوونی مرۆڤایەتی، واتە بریتییە لە ناوەڕۆکی پێناسەی چەمکی مرۆڤ و مانای ژیان و بوونی ئەو لەسەر زەوی. لەسەر ئەم بنەمایەش مرۆڤ ئەرکێکی گەردوونی ئێجگار گرنگ لەئەستۆ دەگرێت، کەواتە هەرگیز بوونەوەر بەم شێوەیەی ئێستا نەدەبوو ئەگەر ئەو بەشە باڵایە لە ویستی خودا نەبایە، کە ئەویش پێگەی هەوڵ و کاری بارگاوی مرۆڤە بە ئاکار و ڕەوشت، چونکە هیچ دروستکراوێکی دیکە ناتوانێ لە باتی مرۆڤ ئەو کارە بکات، کاتێکیش دەوترێ مرۆڤ بەرزترین مەخلووقە، بێگومان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە تەنها مرۆڤ دەتوانێ ئەم ئەرکە جێبەجێ بکات، بەو مانایەی کە مرۆڤ بە کردەو بەکاری ڕەوشتمەندی خۆی دەبێتە تاقانە پردێکی گەردوونیی بۆ هێنانی بەشی ڕەوشتمەندی ویستی خودا، کە لە هەردوو بەشی ئەفراندن، واتە بەرایی و بەرزەوەندیی باڵاترە بۆ ناو جیهانی شوێن و کات، تا ئەیکات بە مێژوو.

ئەو بەرپرسیارێتییەی بەتەنها لە سەرشانی مرۆڤە، تا ئەو ڕادەیەی وا لە بواری کردە و شانۆی ناو سنووری توانا و وزەی ئەودا، هیچ سنوورێکی نییە لە هەموو بوونەوەردا، چونکە کردەی ڕەوشتمەند تایبەتە بە هەموو ڕەگەزی مرۆڤەوە، شانۆ و بابەتەکەشی هەموو ئەوەیە کە لە ئاسمانەکان و زەویدایە، واتە مرۆڤ بەرپرسە لە هەموو ڕووداوێك کە لە بوونەوەردا ڕوودەدات، تەنانەت ئەگەر لە دوورترین خاڵیشدا بێت، بەرپرسیارێتییەکە گەردوونی و گشتییە و تەنها ڕۆژی پەسڵان کۆتایی دێت.

بەرپرسیارێتی بناغەی مرۆڤبوونی مرۆڤ و کاکڵەی مانا و ناوەڕۆکیەتی، وەرگرتنی ئەم باری بەرپرسیارێتییەش پلە و پایەیەکی بەرزتری پێدەدات لە باقی ئافەریدەکان بە فریشتەکانیشەوە، لەبەر ئەوەی تاقە دروستکراوێکە کە بۆ ئەو کارە شیاو بێت. لێرەشەوە گرنگیی گەردوونیی مرۆڤ شکڵ دەگرێت. ئەم مرۆڤنەوازییەی ئیسلام زۆر جیاوازە لە مرۆڤنەوازیی دیدگا مرۆییەکانی دیکە.

بۆنموونە، ژیاری یۆنانی فەلسەفەیەکی مرۆیی بەهێزی وای بەرهەمهێنا کە خۆرئاوا وەریگرت و کردییە نموونەی سەرمەشقی خۆی لە سەردەمی ڕێنیسانسەوە، بەڵام دامەزراندنی ئەم فەلسەفە مرۆییە یۆنانییە، لەسەر بناغەیەکی پەرگیری سروشتگەرا گەیاندیە ئەوەی نەك تەنها مرۆڤ، بەڵکو خەسڵەتە خراپەکانیشی بکات بە خودا، ئەمەشە هۆکاری سەرەکیی ئەوەی کە بابای یۆنانی زۆر بەلایەوە ئاسان بوو، خوداکانی خۆی وا وێنا بکات کە کۆمەڵە کائینێکن کە بەردەوام فێڵ لە یەکتر دەکەن و خەریکی پیلانگێڕین و هیچ پارێزێکیان نییە لە زینا و دزیی و لاقەکردنی خزمان و دەستدرێژی و غیرەکردن و تۆڵەسەندنەوە و هەرچی ڕەفتاری دڕەندانەی لەو شێوە هەیە! ئەم فەلسەفەیە پێی وابوو ئەم کردەوە و هەستانە لە هەمان مادە دروستبوون کە ژیانی مرۆڤی لێدروستکراوە، هەر بۆیە هەموویان سروشتین و حاڵیان وەك سیفەتە بەرز و شیاوەکانە، جا لەبەرئەوەی خەسڵەتەکان باش و خراپیان هەر سروشتین، ئەو بڕوایە بڵاوبوویەوە کە پێویستە لە پیرۆزییدا یەکسان بن و شایستەی ئەوەبن مرۆڤ لە جوانییان ڕابمێنێ و ڕێزیان بگرێ و وەك نموونەی بەرزی خۆی ڕەچاویان بکات.(١)

لە لایەکی ترەوە مەسیحییەت لە ساڵە بەراییەکانی دروستبوونیدا، چاوی بڕییە ڕەتکردنەوەی ئەم فەلسەفە مرۆییە یۆنانییە ڕۆمانییە و لە هەڵوەشاندنەوەیدا

[1] G.Murry,Five Stages of Greek,op.cit.,PP.65-66&P.73.

گەیشتە ئەوپەڕی هێڵی دژایەتیی، کە بە پاساوی تاوانی یەکەمجار پلەی مرۆڤی هێنایە خوارەوە و بە کائینێکی نزمی لەقەڵەمدا.[1]

نزمکردنەوەی مرۆڤ بۆ ئاستی خوارەوەی تاوانە گەردوونییە ڕەها و سروشتییە حەتمییەکەی یەکەمجار، کە هیچ کەسێك ناتوانێت بە هەوڵی خۆی لێی ڕزگاری ببێ، پێشمەرجی لۆجیکییە بۆ بڕواهێنان بە بەرجەستبوونی خواوەند و ئازارکێشانی و پاشان مردنی بۆ شۆردنەوەی تاوانی مرۆڤ، بە گوزارەیەکی دیکە، قایلبوون بەوەی تاوانی مرۆڤ پێویستی بە کردەی خودا هەیە، واتە تاوان تەنگانەیەکی هێندە ڕەهایە کە مەحاڵە غەیری خودا کەسێك بتوانێت مرۆڤی لێ ڕزگار بکات، بەم جۆرە ڕەنگێکی ڕەهایان دا بە تاوانی مرۆڤ بۆ ئەوەی شایستەی ئەوە بێ خودا لە خاچ بدرێ بۆی. لەو بەڵگانەی لەسەر ئەم قسەیە هەن لە پەیمانی نوێدا لە نامەی پۆڵس بۆ خەڵکی ڕۆما دەخوێنینەوە:[2]

"کەواتە چی؟ ئایا ئێمە باشترین؟ ئەڵبەتە نەخێر. لەبەر ئەوەی ئێمە سکاڵامان کرد کە جووەکان و یۆنانییەکان هەموویان لە ژێر تاواندان، ١٠ وەکو نووسراوە: "یەك کەسیش چاکەکار نیە. ١١ نە ئەو کەسەی تێدەگات نە ئەو کەسەی داوای خودا دەکات. ١٢ هەموو کەس لایدا و پێکەوە خراپ بوون. کەسێك نیە چاك بکات تەنانەت یەك کەسیش. ١٣ گەروویان گۆڕێکی کراوەیە. بە زمانیان پیلانیان گێڕا. ژاری ماریان لە ژێر لێودایە. ١٤ زاریشیان پڕە لە نەفرین و لە تاڵیی. ١٥ پێیان خێرایە بۆ خوێنڕشتن. ١٦ لاقەکردن و دوورکەوتنەوە لە ڕێیاندایە. ١٧ ڕێگای ئاشتیان نەناسیوە. ١٨ ترسی خودایان لەبەرچاو نییە".

هەروەها دەخوێنینەوە:

---

[1] Astugustine De Dlversi Quaestionibus,AdSimplicianum.Ist١٠/٤٠١.

[2] بڕوانە : العهد الجديد، رسالة بولس الرسول الى اهل رومية الاصحاح الثالث، ٩ – ١٨، ٢٣ – ٢٦.

٢٣ چونكه هەموو هەڵەیان كرد و شكۆی خودایان لا نەبوو،٢٤ بیانووی بەلاشیان بەوە دەهێنایەوە كە یەسووعی مەسیح وەكو نیعمـەتێك كراوەتـە فیـدایان، ٢٥ كـە خودا وەك شۆردنەوەی تاوانەكەیان پێشكەشی كرد تا بڕوا بێنن بـە خوێنەكـەی بـۆ دەرخستنی چاكەی ئەو لە پێنـاوی خۆشـبوون لـە گوناهـانی پێشـووتر بـە مۆڵـەتی خودا. ٢٦ بۆ دەرخستنی چاكەی ئەو لە كاتی ئێستادا بـۆ ئـەوەی چـاكەكار بێـت و پاساو بێنێتەوە كە ئەو كێیە . بە بڕواهێنان بە یەسووع".

**هەروەها لە ئیسحاحی پێنجەمدا دەخوێنینەوە:**

"٢٠ نامووس هات بۆ ئەوەی تاوان زۆر ببێت. بەڵام كە تاوان زۆر بوو نیعمەتیش ئێجگار زۆر بوو. ٢١..........".[١]

ئاینی هیندۆسی مرۆڤایەتی پۆلێنكرد بۆ چەند دەستەیەكی كۆمەڵایەتی داخراو، زۆرینەی مرۆڤی خستۆتە ناو نزمترین دەستەوە: دەستەی دەركراوان بۆ ئەوانەی كە لەدایكبووانی هیندستانن، یاخود تیپی مالیتخای ئالوودە، یـان پیسـبووان لـە ڕووی ئاینییەوە بۆ گەلانی دیكەی جیهان، لەم جیهانەدا هیچ دەرفەتێك نیە بـۆ دەسـتەی خوارتر و ئالوودە، كە بەرز بێتەوە بۆ ڕیـزی دەسـتەی بەرەهەمـەنی خۆشـبەخت و باڵا، تەنها ڕێگایەك بۆ گواستنەوە بریتییـە لـە تەناسـوخ، ئـەویش لـە دوای مـەرگ، بەڵام لە دنیادا هیچ چارەیەكی نیە جگە لەوەی مرۆڤ سەر بەو دەستە و تاقمە بێـت كە تیایانـدا لـەدایكبووە، كـاری ڕەوشـتمەندی هـیچ كەسـێك كاریگـەریی نابێـت بـۆ دیاریكردنی پێگە و پلەی ئەو، تا لەم جیهانەدا بژی.

لـە دوای ئەمانــەوە ئـاینی بـوودابیش بـڕوای وایـە كـە ژیـانی مـرۆڤ و هــەموو دروستكراوان، بریتییە لە مەینەتی و لانەوازیی بە بەردەوامی. بوون بۆ خۆی شەڕ و

[١] بڕوانە: العهد الجدید، رسالة بولس الرسول إلى أهل رومیة: الاصحاح الخامس :٢٠–٢١.

نەهاتییە. کەواتە تاقانە واجبی ماناداری سەرشانی مرۆڤ ئەوەیە، کە هەوڵی ڕەوشتمەند بدات بۆ ڕزگاربوون لە بوون لەڕێی کۆنترۆڵی خود و کاری ژیرانە.

بە تەنێ مرۆڤنەوازیی تەوحید دەبێتە ئەو بەهایەی ڕێز لە مرۆڤ دەگرێ وەکو مرۆڤێك و وەك دروستکراوێك بە بێ ئەوەی بیکاتە خودا، یان سووکایەتی پێبکات، جگە لەوەی ئەم مرۆڤنەوازییەی تەوحیدە، کە بەهای مرۆڤ دیاری دەکات لەڕێێ خەسڵەتەکانیەوە، لەو خاڵە ئەرێنییەشەوە هەڵسەنگاندن بۆ مرۆڤ دەکات، کە بڕوای وایە سروشتی خواکردی مرۆڤەکان یەکسانە بۆ ئەوەی ئامادەیان بکات بۆ ئەرکە پیرۆزەکەیان، هەر ئەویشە گەورەیی و ئایدیاڵەکانی ژیانی مرۆڤ دیاریدەکات بە ناوەڕۆکێك کە لەگەڵ ژیانی سروشتیدا هاوچەشن بێت، واتە خۆی لەو سروشتە گێل نەکات، سەرەنجام لە یەك کاتدا پشت لە ژیان نەکات و ڕەوشتمەندیش بێت.

لە ڕوانگەی ئیسلامەوە، جیاکردنەوەی ڕەوشت لە ئایین مەحاڵە، چونکە ڕەوشت بە گشتی بەرمەبنای ئایین دامەزراوە.

عەقڵی موسڵمان هیچ دوالیزمەیەکی دژ بەیەك ناناسێت وەکو ئاینی/ سیکۆلار، پیرۆز و ناپیرۆز، کڵێسا و دەوڵەت، واژەکانی زمانی عەرەبی کە زمانی دایکی ئیسلامە لەم جۆرە دوالیزمەیان تێدا نییە. لێرەوە بنەمای یەکەمی مەعریفەی ئیسلامی بریتیە لە یەکبوونی حەق، وەك چۆن سەرەتای ژیانی مرۆڤایەتی دەگەڕێتەوە بۆ یەك کەس کە ئادەمە (سڵاوی خوای لەسەر بێ)، بە هەمان شێوە سەرەتای یەکەمی بوون، یەکتابوونی خوای پەروەردگارە. هەموو ئەم سێ یەکەیەش پێکەوە وەها بەستراون کە قبووڵی جیابونەوە ناکەن. ئەم یەکبوونە بریتییە لە باڵاترین بنەمای بوون.

لەبیرمان نەچێت، ئەو پرسەی کە ئیسلام بزاڤی بۆ کرد و بۆی هەستا، سەلماندنی بوونی خودا نەبوو، لەبەر ئەوەی ئیسلام لەو خاڵەوە کەوتەڕێ کە مرۆڤ کائینێکی دیندارە و لە هۆشیاریی ئەودا بەردەوام خودا ئامادە و زیندووە، بەڵام

بەســـەرنجدان لـــەو تێکـــەڵکردنی خـــوای ڕاســـتەقینە و ئافەریـــدە و هێزگـــەل و ئارزووبازییـــەی بـــەردەوام زۆرینـــەی خـــەڵك تێیدەکـــەون و دەبێتـــە هـــۆی تێکـــدانی یەکتاپەرستییان، دەبینین بانگەوازی ئیسلام بۆ تەوحید بزاڤێکی تازە بوو.

ئیسلام لە پەنای تێکۆشانی بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی و مێژووەکەی، لەو زەرەر و زیانەی لە بواری تەوحیددا دووچاری بووە، جـەخت لـەو ڕاسـتییە ئەکاتـەوە، کـە هەردوو جۆری تەوحیدی ئولووهییەت و ڕبوبیەت، بـۆ ئـادەمی بـاوکی مرۆڤایـەتی و وەچەکانی دوای خۆی ناسراوبوون و لەو ساتەوەختانەدا کە تەوحید ڕۆشن نەبووە، نەبوونی تەوحید بە لادانی مرۆڤ لە ڕاستەڕێ هەژمار کراوە.

هەستکردن بە ئامادەگی ئەم یەکبوونە لە ژێرییدا، ئیسـلام نـاوی دەنـێ ئیمـان، یان ئەزموونی، ئاینی، یان یەقین. ئەم کارەش کردەیەکی بڕوایی، یان بڕیارێـك نیـە کـە مـرۆڤ بـە بـێ بەدەسـتهێنانی بەڵگەیـەکی یەکلاکـەرەوە لەسـەر ڕاسـتی و دروستییەکەی بیـدات. لـە هـەمان کاتـدا بڕیارێـك نییـە کـە بـەبێ بەڵگـەی تـەواو و دڵنیایی پشتی پێببەسترێ. گرەوێکیش نییە وەك ئەو گـرەوەی پاسـکال وتـی. بـە پێچەوانەوە، بابەتێکە هێندە بەڵگەدار و ڕاستە، مرۆڤ ناتوانێت ڕادەستی نـەبێ وەك چۆن ناتوانێت ڕادەستی ئەنجامی بیردۆزەیەکی ئەندازەیی نەبێت. ئیسلام پێی وایە دەرککردنی یەکتایی خودا لەلایەن مرۆڤەوە، وەك ئاگابوونیـەتی لـە زانیارییـەك کـە قـابیلی ڕەتکردنـەوە نییـە. کەواتـە ڕاسـتەقینەی تەوحیـد ڕاسـتییەکی عـەقڵانی و ڕەخنەیی و حەتمییە ڕێك وەك هەموو زانیارییە واقیعییەکانی بوونەوەر.

مانای یەکتایی خودا ئەوەیە، کە هیچ پەرستراوێکی ڕاستەقینە نییە خودا نـەبێ و لە بووندا هیچ بوونەوەرێك نییە لەو بچێ لەهەر پلەیەکدا بێت. هەر بۆیە هـەمباز و هاوشێوەی نیە و هەرخۆی ئەفرێنەری هەموو کائیناتـە و خـاوەن و بەهرەبـەخش و ڕۆزیدەر و داوەرە، هەرچی بووێت دەیکات و فەرمانڕەوای سروشتە و ڕەفتاری مرۆڤ دەپێوێ، خودا خەیری باڵاترە.

ئەم هۆشیارییەی مرۆڤ لەسەر خۆی و جیهانی دەوروبەری، یەکسەر ڕۆح و گیانی داگیر دەکات و دەبێتە خاوەنی، بە جۆرێك کە پڕی دەکات لە ترس و هیوا پێکەوە. ئەگەر ئەم هۆشیارییە گیانی مرۆڤ دابگرێ، وای لێدەکات هەموو ژیانی بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە، بە وردترین ڕازە تایبەتەکانیەوە لە سێبەری چاودێریی خودادا بەسەربەرێ، کە هیچ تۆزقاڵێکی زەوی و ئاسمان لە زانستی ئەو ون نابێت. بە پێی ئەو پێوەرانەی لەگەڵ ویستی خودا هەماهەنگن و پەیوەندییان بە کۆی بوونەوەرەوە هەیە و لە ساتی هەستکردن بە لێپرسینەوەیەکی نزیك و دادگەرانەی ڕەها، کە چاوەڕێی دەکات. وەك دەبینین مومکین نییە وێنای بارودۆخێك بکەین کە لەم بارودۆخە تەواوتر بێت، چ لە ڕووی کۆنترۆڵی خودەوە، یان لە ڕووی هاندانی کاریگەریەوە.

لە ڕوانگەی ئەم هۆشیارییەوە، سەبارەت بە یەکبوونی خودا، هەموو شتێك بە ئامانجدار دەبینێت. کە لە هەموو کات و شوێنێکدا خودای ئەفرێنەر چاودێریی دەکات. بوونەوەر بە یاسایەکی ئۆتۆماتیکی و حەتمیەتێکی هەڵهاتوو لە چارەنووسێکی نادیارەوە بەرێوە ناچێت. قەت وەك کاتژمێرێك نییە کە دوای دروستکردنی بۆخۆی بەبێ چاودێری وەستاکەی کاربکات، بەڵکو بە چاودێری و بڕیاری خواوەندی بەهرەبەخش کار دەکات، کە لە سەرەتاوە ویستوویەتی بواری کات و شوێن بداتە دەستی مرۆڤ جگە لەو مادەیەی کە لە ڕووی وجودییەوە دەبێتە هۆکاری کارابوونی ئەو لە بوونەوەردا.

لەم سۆنگەیەوە دەروازەکانی زانستی سروشتی و مرۆیی و تەکنۆلۆژیا، تا ئەوپەڕی سنوورەکانی ئەزموونگەریی توانای مرۆڤ بۆی کراوەن بەبێ ئەوەی بکەوێتە کەمترین نامۆیی و جیابێتەوە لە جیهانی بەهاکانی ڕەوشت و جوانی. لەم دیدگایەدا ڕاستی و بەها وەك یەك دراو کە سەرچاوەکەی خودایە و ویستی ئەو جێگیر دەکات، پێکەوە دەگونجێن.

هەر لەم دیدگایەشدا، جیهانی دنیایی جیهانێکی زیندووە، چونکە هەر زەڕەیەکی بە فرمانی خودا دەجووڵێ و پشت بە خودا دەبەستێ و بەهایەك بەدیدەهێنێت کە خودا دەیەوێت. ئەمەیە بەکورتی کاکڵەی شەریعەت و کەلتوور و شارستانێتی، موسڵمانان ناوی دەنێن تەوحید، واتە یەکتایی خودا و یەکبوونی حەق و یەکبوونی ژیان. ئەم سێ یەکبوونە، بریتین لە پایەی سەرەکیی تێگەیشتنی ئەوان لە ڕاستی و لە ژیریی و لە هیوا و لە کاری دەستەجەمعییان. لە ژێر ڕۆشنایی ئەم یەکبوونەدا، دەکرێ وەڵامی ئەو پرسیارە تایبەتە بدرێتەوە کە مرۆڤ پێویستە چیبکات لەم ژیانەدا؟

## دووەم: ئامانجی دروستکردنی مرۆڤ:

زانستی ئاکار و ڕەوشتی ئیسلامی لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی وتمان بەوە دەستپێدەکات، کە ئەو ئامانجە دیاری بکات کە خوای گەورە مرۆڤی بۆ دروستکرووە. پرسیارەکە ئەمەیە: پاساوی بوونی مرۆڤ چییە؟ لەبەر چ ئامانجێك خودا دروستیکردووە و بۆچی بەردەوام لە ژیان و مێژوودا پشتگیریی لێدەکات؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، ئیسلام گوزارە ئاینییەکان و گوزارە سامییە دێرینەکان بەکاردەهێنێت و دووپاتیدەکاتەوە کە خودا مرۆڤی بۆ ئەوە خوڵقاندووە کە خواپەرستی بکات. خوای گەورە لە پەیامی دابەزیوی خۆیدا دەفەرموێت: ﴿وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنْسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ﴾ (الذاريات: ٥٦).

ئەم قسەیە بە دەربڕینی فەلسەفییانە هێندە بەرزە وەك ئەوەی بڵێت: ئامانجی بوونی مرۆڤ بەدیهێنانی چاکە و خێری بالاترینە، یان بڵێین پڕکردنی بوونە بە بەهاکان.

بە ڕوونی دەردەکەوێت کاکڵەی مەبەست کە لێرەدا دووپاتدەکرێتەوە، بریتییە لە ئامانجداربوونی ژیانی مرۆڤ، ڕەتکردنەوەی ئەم ئامانجدارییە وەك ئەوەیە کە

گومان بكرێ له بوونی هەر مانایەكی ئەم ژیانە. ئەم بابەتە جیاوازە لـە پرسـی ئـەو دەمەدەمێیەی سەبارەت بەمانای ژیانی دنیا هەیە: ئایا پاڵەوانێتییە یان دینداریيە؟ یان ژیانە بەپێی ئارەزوو؟ چونكە ئەم پرسە لە بنەڕەتدا ناوروژێنرێـت تـا سـەرەتا ئیقرار نەكرێ بەوەی كە ئەم ژیانە ئامانجێكی دەبێ هەبێ، واتە داننـان بـەوەی كـە ژیانی مرۆڤ مانادارەو خێری تێدایە.

هەبوونی ئەم مانایە و هەبوونی ئەو خێرەی، كە بـەرزترین ئامـانجی ئافەریدەیـە لە ڕوانگەی ئیسلامەوە، واتە ویستی خودا دەبێ جێگیر ببێ. لـە دەرەوەی جیهـانی مرۆڤ ئەم ویستە خوداییە بە شێوەیەكی نەویستانە (لا ارادی) بە گشـتیبوونی یاسـا خوداییە گەردوونییەكان بەدی دێت و لە ڕەهەندێكی ژیانی مرۆڤیشدا لەو شوێنانەدا كە پەیوەستە بە فەرمانی ئەندامەكانی جەستە و دەروون بە نەویستانە بەدی دێت، بەڵام لە ڕەهەندی پەیوەست بە فرمانە ڕەوشتییەكاندا بە ویستنی ئازاد بوون پەیدا دەكات. كە دیارە بەم فەرمانە ڕەوشتیانەیە كە بەها ڕەوشتییەكان دروسـت دەبـن، كە ئەمانیش باڵاترین پێكهێنەری بوون و كاكڵەی دەستوور و فرمانە خوداییەكانن.

لە ناواخنی ئیرادەی خودادا، چەند دەسـتوور و فرمانێـك هـەن، كـە تایبـەتن بـە سیسـتەمێكی نـزمتر سـەبارەت بـە كاروبـاری خـۆراك و گەشـە و نیشـتەجێبوون و پشوودان و سێكس و هاوشێوەی ئەمانە، چونكە هەرچی لە بووندایـە پشـكێكی لـە ئامانجی خودایی ئەفراندن هەیە و بە پێی سیستەمێكی پلەبەندی گونجاو بەشـداری لە بـەدیهاتنی دەكـات و لـەم ڕەوشـەدا مـرۆڤیش هاوبەشـیی دەكـات لـە بـەدیهاتنی ویسـتنی خـودا، بـەڵام دەبـێ ئـەوەش بـزانین كـە پـەیامی مـرۆڤ دەكەوێتـە بـواری ڕەوشـتییەوە كـە بـەبێ كـردەوەی ئـازادی بەرپرسـانە ویسـتی خـودای تێـدا بـەدی نایەت، واتە لە هەلومەرجێكدا كە ڕێی تێبچێت مرۆڤ نافەرمانی خواوەند بكات. هەر ئەمەشە بووەتە مایـەی ئـەو قسـەیە كـە دەڵـێین مـرۆڤ بـە فـەرمانی خـودا بووەتـە جێنشین لەسەر زەوی، لەبەر ئەوەی مرۆڤ تاقـە ئافەریدەیەكـە كـە دەتوانێـت بـەها

ڕەوشتییە بەرزەکان پیادە بکات و هەر ئەویشە دەتوانێت پیادەکردنەکەی بکاتە ئامانجی خۆی لە هەموو بووندا، بەتایبەت لە ڕەهەند و بەشە ڕەوشتییەکەیدا، لە دراوەکانی شوێن و کاتدا و بیانکاتە واقیعێکی کردەیی ژیان.

خوای گەورە لە دەقێکی قورئانیی کاریگەردا پێمان دەڵێ کە سپاردەی خستە بەردەم ئاسمانەکان و زەویی، بەڵام ئەوان لێی ترسان و تەنها مرۆڤ بوو کە چووە ژێربار و وەریگرت. خوا دەفەرموێت: ﴿إِنَّا عَرَضْنَا الْأَمَانَةَ عَلَى السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَالْجِبَالِ فَأَبَيْنَ أَنْ يَحْمِلْنَهَا وَأَشْفَقْنَ مِنْهَا وَحَمَلَهَا الْإِنْسَانُ إِنَّهُ كَانَ ظَلُومًا جَهُولًا﴾ (الاحزاب: ٧٢).

لە شوێنێکی تردا قورئان پێمان دەڵێت کە فریشتەکان سەریان سوڕما کاتێك خوا لەبارەی دروستکردنی ئادەمەوە هەواڵی پێدان وەك ئافەریدەیەکی جیاواز لەوان، کە توانای کردنی کاری باش و کاری خراپیشی هەیە و بۆی ڕوونکردنەوە کە زانستی ئەوان بڕ ناکات و پلەیەکی بالاتری دا بە مرۆڤ. خوا دەفەرموێت: ﴿وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَةً قَالُوا أَتَجْعَلُ فِيهَا مَنْ يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ الدِّمَاءَ وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ قَالَ إِنِّي أَعْلَمُ مَا لَا تَعْلَمُونَ﴾ (البقرة: ٣٠).

توانای مرۆڤ لەسەر خراپەکاریی مەترسیەکی چاوەڕوانکراوە لەسەر بوونەوەرانی گەردوون، بەڵام ئەم مەترسییە بەراورد ناکرێ بەو بەڵێنە گەورەیەی کە ڕەنگە مرۆڤ بتوانێت جێبەجێی بکات بە بەکارهێنانی ئەو بەهرەیەی لە ئازادیی دەستی دەکەوێت. قورئان لێرەدا دەیەوێ جەخت لەو ڕاستییە بکاتەوە کە تەنها مرۆڤە دەتوانێت بەهای ڕەوشتی جێگیر بکات، چونکە لەناو ئافەریدەکاندا تەنها ئەوە ئازادیی پێویستی بۆ ئەم کارە هەیە و تەنها ئەوە ڕێی تێدەچێ کە بکۆشێت بۆ جێگیرکردنی ڕشتەی بەهاکان بە گشتی، بە حوکمی ئەوەی ژیریی و ڕوانینی پێویستی بۆ ئەم ئەرکە هەیە. خواوەند لە ساتەوەختی دروستکردنیەوە بەهرەی پێداوە و پشکێك لە دانایی داوەتێ و پێگەی ئەوی لە هی فریشتە بەرزتر داناوە و

فرمانی پێکردوون له ڕووی ڕێزەوە سوژدەی بۆ ببەن. ﴿وَعَلَّمَ آدَمَ الْأَسْمَاءَ كُلَّهَا ثُمَّ عَرَضَهُمْ عَلَى الْمَلَائِكَةِ فَقَالَ أَنْبِئُونِي بِأَسْمَاءِ هَؤُلَاءِ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ (٣١) قَالُوا سُبْحَانَكَ لَا عِلْمَ لَنَا إِلَّا مَا عَلَّمْتَنَا إِنَّكَ أَنْتَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ﴾ (البقرة: ٣١ – ٣٤).

له ڕوانگەی ئەوەی وترا هیچ سەیر و سەمەرە نییە کە لە ڕوانگەی ئیسلامەوە مرۆڤ بە گەورەترین ئافەریدە و بالآتر له فریشتەکان هەژمار دەکرێت، هەموویشی دەگەڕێتەوە بۆ پەیام و چارەنووسە ڕەوشتییە ناوازەکەی.

## سێیەم: ئەستۆپاکیی مرۆڤ:

ئیسلام پێی وایە مرۆڤ بە پاکیی لەدایك دەبێت و دوای لەدایکبوون نەخشەڕێگای ژیانی خۆی دەکێشێت، نەك پێش ئەوە. کەواتە باب و دایك و مام و خاڵ و پێشینان و برا و خوشك و دراوسێ و کۆمەڵگاکەی هەر چۆن بن، مرۆڤ بە پاکیی و بەبێ تاوان لەدایك دەبێت. واتە ئیسلام بە تەواوی بیرۆکەی بوونی تاوانێکی بەرایی و گوناهێکی بەمیراتبراو ڕەتدەکاتەوە و قبووڵ ناکات کەس لە باتی کەسێکی تر بەرپرسیار بێت، یان تاوانی گوناهێکی پێشتری کەسێك یان هۆزێك، یان جیهانێك، پێش لەدایکبوونی خۆی لەئەستۆ بگرێت. له نموونەکانی قورئان کە ئەم ڕاستییە نمایش دەکەن:

فەرموودەی خودا: ﴿لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا لَهَا مَا كَسَبَتْ وَعَلَيْهَا مَا اكْتَسَبَتْ﴾ (البقرة: ٢٩٦). هەروەها: فەرموودەی: ﴿أَمْ لَمْ يُنَبَّأْ بِمَا فِي صُحُفِ مُوسَى (٣٦) وَإِبْرَاهِيمَ الَّذِي وَفَّى (٣٧) أَلَّا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى (٣٨) وَأَنْ لَيْسَ لِلْإِنْسَانِ إِلَّا مَا سَعَى (٣٩) وَأَنَّ سَعْيَهُ سَوْفَ يُرَى (٤٠) ثُمَّ يُجْزَاهُ الْجَزَاءَ الْأَوْفَى (٤١) وَأَنَّ إِلَى رَبِّكَ الْمُنْتَهَى﴾ (النجم: ٣٦ – ٤٢).

قورئان جەخت دەکاتەوە کە مرۆڤ بە لاپەڕەی سپی و تۆمارێکی پاك لە تاوانەوە لەدایك دەبێت، کە ئەویش بەرمەبنای سەربەخۆیی و تایبەتمەندیی کەسێتی مرۆڤ

دامەزراوە، با کەلامی خودا بخوێنینەوە: ﴿إِنَّا أَنْزَلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ لِلنَّاسِ بِالْحَقِّ فَمَنِ اهْتَدَى فَلِنَفْسِهِ وَمَنْ ضَلَّ فَإِنَّمَا يَضِلُّ عَلَيْهَا وَمَا أَنْتَ عَلَيْهِمْ بِوَكِيلٍ﴾ (الزمر: ٤١).

هەروەها: ﴿وَقُلِ الْحَقُّ مِنْ رَبِّكُمْ فَمَنْ شَاءَ فَلْيُؤْمِنْ وَمَنْ شَاءَ فَلْيَكْفُرْ إِنَّا أَعْتَدْنَا لِلظَّالِمِينَ نَارًا أَحَاطَ بِهِمْ سُرَادِقُهَا وَإِنْ يَسْتَغِيثُوا يُغَاثُوا بِمَاءٍ كَالْمُهْلِ يَشْوِي الْوُجُوهَ بِئْسَ الشَّرَابُ وَسَاءَتْ مُرْتَفَقًا﴾ (الكهف: ٢٩).

قورئان ڕایدەگەیەنێت کە هیچ مرۆڤێك باری تاوانی هیچ کەسێکی تر جگە لە خۆی هەڵناگرێت. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قُلْ أَغَيْرَ اللَّهِ أَبْغِي رَبًّا وَهُوَ رَبُّ كُلِّ شَيْءٍ وَلَا تَكْسِبُ كُلُّ نَفْسٍ إِلَّا عَلَيْهَا وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى ثُمَّ إِلَى رَبِّكُمْ مَرْجِعُكُمْ فَيُنَبِّئُكُمْ بِمَا كُنْتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ﴾ (الانعام: ١٦٤). هەروەها دەفەرموێت: ﴿أَمْ لَمْ يُنَبَّأْ بِمَا فِي صُحُفِ مُوسَى (٣٦) وَإِبْرَاهِيمَ الَّذِي وَفَّى (٣٧) أَلَّا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى (٣٨) وَأَنْ لَيْسَ لِلْإِنْسَانِ إِلَّا مَا سَعَى (٣٩) وَأَنَّ سَعْيَهُ سَوْفَ يُرَى (٤٠) ثُمَّ يُجْزَاهُ الْجَزَاءَ الْأَوْفَى﴾ (٣٦ – ٤١).

هەر کەسێك بەرپرسە لە کردەوەی خۆی باش بێ یان خراپ، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَكُلَّ إِنْسَانٍ أَلْزَمْنَاهُ طَائِرَهُ فِي عُنُقِهِ وَنُخْرِجُ لَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ كِتَابًا يَلْقَاهُ مَنْشُورًا (١٣) اقْرَأْ كِتَابَكَ كَفَى بِنَفْسِكَ الْيَوْمَ عَلَيْكَ حَسِيبًا (١٤) مَنِ اهْتَدَى فَإِنَّمَا يَهْتَدِي لِنَفْسِهِ وَمَنْ ضَلَّ فَإِنَّمَا يَضِلُّ عَلَيْهَا وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّى نَبْعَثَ رَسُولًا﴾ (الاسراء: ١٣ – ١٥). هەروەها: ﴿مَنْ عَمِلَ صَالِحًا فَلِنَفْسِهِ وَمَنْ أَسَاءَ فَعَلَيْهَا وَمَا رَبُّكَ بِظَلَّامٍ لِلْعَبِيدِ﴾ (فصلت: ٤٦).

خودا هەرگیز سەرکۆنەی کەس ناکات لە سەر تاوانی کەسێکی تر و هیچ کەسێکیش ناتوانێت لەوبارەوە سوودو زیانی بۆ کەسێکی تر هەبێت، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قُلْ لَا تُسْأَلُونَ عَمَّا أَجْرَمْنَا وَلَا نُسْأَلُ عَمَّا تَعْمَلُونَ﴾ (سبأ: ٢٥).

هەروەها دەفەرموێت: ﴿فَالْيَوْمَ لَا يَمْلِكُ بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ نَفْعًا وَلَا ضَرًّا وَنَقُولُ لِلَّذِينَ ظَلَمُوا ذُوقُوا عَذَابَ النَّارِ الَّتِي كُنْتُمْ بِهَا تُكَذِّبُونَ﴾ (سبأ: ٤٢).

پوختەی قسان ئیسلام بەرپرسیارێتی مرۆڤ تایبەت دەکات بە کردەوەکانی خۆیەوە و بەس و چەمکی کاری مرۆڤانەش بەم شێوەیە دیاری دەکات، کە بریتییە لەو کارەی مرۆڤی پێگەیشتووی ژێر بە هۆشیاریی و ویستی ئازادەوە ئەنجامی دەدات، کە بەو کارە دەتوانێت هەندێك گۆڕانکاریی لە ڕەوتەکانی کات و شوێندا بکات، لە هۆشیاریی ئاکاری ئێمەدا جێگیرە کە تاوان و بەرپرسیارێتی دوو گوتەزای ڕەوشتین، کە بوونیان تەنها بە کردەوەی ئازادانە و هۆشیارانەوە بەندە. لە بەرامبەردا کۆمەڵێك بیرمەندی مەسیحی هاوچەرخ هەوڵیاندا بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی بنەمای تاوانی بەرایی لەسەر بنەمایەکی گوزارەیی نویێ و وایان دانا کە ئەم بنەمایە دەرەنجامی دەستکەوتەکانی زیندەوەرناسان و دەروونناسان و شیکاریی ئەوانە بۆ سروشتی مرۆڤ.

ئەوان وتیان چەند نیشانەیەك هەیە کە پێکەوە دەبنە بەڵگە لەسەر تاوانی بەرایی یەکەمجار، کە ئەوانیش بریتیین لەو سیفەتانەی مرۆڤ وەکو ژیاندۆستی و ویستی مانەوە و تێرکردنی مرخەکان و ئارەزووی چێژ و پشوودان و هێزخوازی و خۆپەرستی، وێڕای ئەو ڕاستییە نەگۆڕەی کە مرۆڤ پارێزراو نیە لە گوناه و خەسڵەتەکانی جیاوازن لە سیفاتی خودا. لە هەموو ئەمانەوە ئەمەیان هەڵێنجا کە هەموو ئەم مەیلە سروشتیی یان دەروونییانە، ڕوو دەکەنە خود سەنتەری مرۆڤ[١].

ئەوەی گومانی تێدا نییە، چەمکی مرۆڤ هەموو ئەو زانیارییە بەرهەستە پێش لەدایکبوونی دیارکراوانە دەگرێتەوە کە زانایانی بیووشیمی و دەروونناسی و پاتۆلۆژی و فسیۆلۆژی توێژینەوەی لێدەکەن، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین تێکڕای ئەم زانیارییانە ئەندامی بن یان دەروونی، سروشتی بن یان پێویست، مرۆڤ بە

---

1 Barth.Church Dogmatics , Part 1,Chap.IV.,Chap.XIV ,PP.358 ff.Tillich,Systmatic Theology,Vol.2 ,PP.44ff,REINHOLD Niebhur, The Nature and Destiny of Man :A Christian Interpretion , New York :Scribner ,1946.PP.254, 263-269.

ئیختیاری خۆی بەدەستی نەهێناون، بۆ نموونە منداڵ و پیاوی پێگەیشتوو لە ژێر فەرمانی جەستەی خۆیاندان، واتە منداڵەکە ناتوانێت بە کێوێکدا سەر بکەوێ و گەورەکەش توانای نییە فیلێك هەڵبگرێت، لەم ڕووەوە پێچەوانەی لۆجیکە کە بڵێین منداڵەکە گوناهبارە لەبەر ئەوەی ناتوانێت بە کێوەکەدا سەربکەوێ، یان پیاوەکە تاوانبارە لەبەر ئەوەی ناتوانێت فیلەکە هەڵبگرێت. قورئانی پیرۆز جاڕ دەدات کە هیچ کەسێك پرسیاری شتێکی لێ ناکرێ کە لەسەرووی توانای ئەوەوە بێت، خوا دەفەرموێت: ﴿لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا لَهَا مَا كَسَبَتْ وَعَلَيْهَا مَا اكْتَسَبَتْ﴾ (البقرة: ٢٩٦).

بەم جۆرە ئەستۆپاکیی مرۆڤ لەگەڵ حەتمیەتی دروستبوون و سروشتیبووندا هەماهەنگ دەبێ و ئەم حەتمیەتە هەرگیز نابێتە بنەمایەکی دروست بۆ تاوانبارکردن، چونکە بەرپرسیارێتی ڕەوشتیی بە پێی توانای مرۆڤ بۆ بەکارهێنانی تۆکمەی هێز و وزە سروشتییەکانی دیاری دەکرێت، بەمەبەستی بەدیهێنانی ئەو ئامانجەی بە ئەنقەست هەوڵی بۆ دەدات، واتە هەرکاتێك توانا نەبوو ئەوا ئازادیی نابێت و سەرەنجام بەرپرسیارێتی و گوناهیش نابن.

لایەنگرانی هاوچەرخی تاوانی بەرایی، عادەتیان کردووە بە پاساوهێنانەوە بۆ بیردۆزەکەیان، بە پەنابردن بۆ گوتەزای غەریزە و مرخی سروشتی و بەناوبانگترین بەڵگەشیان وا هێناوەتەوە کە دەڵێن: سەرنج بدە لە خودسەنتەری منداڵێکی تازە لەدایکبوو، چ جای پیاوێکی پێگەیشتوو. لەسەرووی هەموو ئەو بەڵگانەوە کە بیرمەندانی نوێی لایەنگری بۆچوونی تاوانی بەرایی خستوویانەتە ڕوو، ئەو بۆچوونەی پۆڵ تیلچە کە بە زمانێکی ڕازاوە و دەربڕینێکی بەرزەوە پێناسەی دەکات و دەڵێت: تاوانی بەرایی بریتییە لە تاوانی تاکەکەس، کە دروستبووە لە

گواستنەوەی مرۆڤ لە جەوهەرەوە بۆ وجوود، مەبەستی لە جەوهەر ئەوەیە کە پێشتر مرۆڤ بیرۆکەیەك بووە لە ئەندازەگیریی خوداییدا.[1]

هیچ جیاوازییەکی نیە لەم جۆرە بیرکردنەوە، ئەو بۆچوونەی لای هەندێك لە بیرمەندانی هیندستان بڵاوە، کە گوایا مرۆڤ بە گوتاما بوودا شەوە، بەڵکو هەموو سروشت، شەڕانییە و بوونێکی ناڕاستەقینەیە[2].

## چوارەم: ئەفراندن لەسەر شێوەی خودا:

قورئان لەگەڵ دیدگای یەهوودییەت و مەسیحییەت هاوڕایە لەوەدا کە مرۆڤ لەسەر چێوەی خواوەند دروستکراوە، لەو بەڵگە قورئانییانەی بۆ ئەم بابەتە دەهێنرێنەوە، فەرموودەی خودایە: ﴿فَإِذَا سَوَّيْتُهُ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِنْ رُوحِي فَقَعُوا لَهُ سَاجِدِينَ﴾ (الحجر: ٢٩). هەروەها: ﴿اللَّهُ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَرْضَ قَرَارًا وَالسَّمَاءَ بِنَاءً وَصَوَّرَكُمْ فَأَحْسَنَ صُوَرَكُمْ وَرَزَقَكُمْ مِنَ الطَّيِّبَاتِ ذَلِكُمُ اللَّهُ رَبُّكُمْ فَتَبَارَكَ اللَّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ﴾ (غافر: ٦٤). هەروەها: ﴿خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بِالْحَقِّ وَصَوَّرَكُمْ فَأَحْسَنَ صُوَرَكُمْ وَإِلَيْهِ الْمَصِيرُ﴾ (التغابن: ٣).

بەڵام قورئان هاوڕایە لەگەڵ یەهوودییەت و پێچەوانەی مەسیحییەتە، کاتێك ئەم شێوەیە بە سروشتێکی بەردەوامی هەموو مرۆڤێك هەژمار دەکات، واتە بەشێکی نەپچڕاوە لە سروشتی ئەو و ناشێت لە دەستی بدات، هەرگیز هاوڕای مەسیحییەت نەبووە کە پێی وایە مرۆڤ پێش تاوانەکەی شێوەیەکی سروشتی خودایی هەبووبێ و دوای تاوان شێوەیەکی ڕەوشتی پەیدا کردبێ، نەشهاتووە بارێکی وجوودیی بەسەر

---

[1] Tillich ,Systmatic Theology ,Vol.2,PP. 29-44.

[2] T.R..V.Maurti ,The Central Phlosophy of Buddhism , London :Allen and Unwin ,1955.PP.330-331 , Radhakrishnan,Indian Phlosophy ,pp.362ff.

هیچییاندا یان هەردووکیاندا بهێنێ، وەك ئەوەی چەمکی لاهووتییانەی: یاسای خودا/ یاسای تاوان ئاماژەی بۆ دەکات.

جیاکاریی مەسیحییەت بۆ ئەم دوو شێوەیە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی پێویستیان بووە تاوان بە بابەتێکی وجوودیی هەژمار بکەن بۆ ئەوەی هەموو مرۆڤێك بگرێتەوە و ببێتە تەنگژەیەکی پێویستی وا کە هیچ مرۆڤێك نەتوانێت بە هەوڵی تایبەتی خۆی لێی دەرباز ببێ، بۆ ئەوەی بەرجەستەبوونی مەسیح وەك کارێکی ڕەوا و پێویست دەربکەوێ، لەمبارەوە با پەیمانی نوێ بخوێنینەوە:

١٩ لەبەر ئەوەی من ئەو کارەی چاکەی دەمەوێت نایکەم، بەڵکو ئەو خراپە دەکەم کە نامەوێت. ٢٠ جا ئەگەر ئەوەی کە نامەوێ دەیکەم کەواتە ئەوە من نیم کە دەیکەم، بەڵکو ئەو تاوانەیە کە لە مندا نیشتەجێیە دەیکات. ٢١ کەواتە کاتێك دەمەوێ کاری باش بکەم سرووشتێك هەست پێدەکەم، کە خراپە لەلام ئامادە دەبێت. ٢٢ لە ئەنجامدا من بە یاسا (سرووش)ی خودا دڵخۆش دەبم بەپێی مرۆڤی ناوەوەم. ٢٣ بەڵام من nامووس و سرووشتێکی تر دەبینم لە ئەندامەکانمدا کە لەگەڵ nامووسی زەینم دەجەنگێت و ڕامدەکێشێت بۆ یاسای تاوان، کە هەیە لە ئەندامەکانمدا. ٢٤ ئای بۆ من، منی مرۆڤی بەدبەخت! کێ لە جەستەی ئەم مەرگە ڕزگارم دەکات؟ ٢٥ سوپاسی خودا دەکەم بە یەسووعی مەسیح کە خودامانە! کەواتە من بە زەینی خۆم خزمەت بە یاسای خودا، بەڵام بە جەستە خزمەتی یاسای تاوان دەکەم[1].

ئیسلام بە هیچ کام لەم قسانە قایل نییە، بەڵکو پێی وایە هەموو مرۆڤێك بەردەوام شێوەی خودایی بەرجەستە دەکات.

---

[1] St.Augustine , " Against Two letters of Pelagians ",Nicene and Post Nicene Fathers , Grand Rapids ,Michigan : Wm.B.Eerdmans Publishing Co.,1978,First Series ,Vol.P.378.

هەروەها بڕوانە: العهد الجديد، رسالة بولس إلى أهل رومية، الإصحاح السابع: ١٩ – ٢٥.

هزری ئیسلامیی ڕوانگەی فەلسەفیی خۆی بۆ بنەڕەتی مرۆڤ لەسەر ئەو بنەمایە دادەمەزرێنێت، کە خودای گەورە ئەوی لەسەر شێوەی خۆی دروستکردووە.

قورئان دووپاتیدەکاتەوە کە مرۆڤ گیانێکی پێبەخشراوە و وا پێناسەی دەکات کە لە ڕووحی خوداوەیە، خودا دەفەرموێت: ﴿وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي خَالِقٌ بَشَرًا مِنْ صَلْصَالٍ مِنْ حَمَإٍ مَسْنُونٍ (٢٨) فَإِذَا سَوَّيْتُهُ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِنْ رُوحِي فَقَعُوا لَهُ سَاجِدِينَ﴾ (الحجر: ٢٨ – ٢٩).

لێرەوە گیانی مرۆڤی شیکارکرد بۆ پێکهێنەرێکی زیندەوەرانە، کە هەست و حەزەکانی لێوەردەگرێت و پێکهێنەرێکی هزریی، کە ژیریی خۆی لێ بەدەستدێنێت.

قورئان باسی ئەم بەهرە خوداییانەی کردووە بۆ مرۆڤ، لەلایەکەوە هەستەکانی داوەتێ و لەلایەکی ترەوە توانایەکی شایستەی متمانە و هاوچەشنی وەحی، بۆ گەردوونناسی و خوداناسی.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ إِنَّ السَّمْعَ وَالْبَصَرَ وَالْفُؤَادَ كُلُّ أُولَئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْئُولًا﴾ (الاسراء: ٣٦). هەروەها: ﴿ثُمَّ سَوَّاهُ وَنَفَخَ فِيهِ مِنْ رُوحِهِ وَجَعَلَ لَكُمُ السَّمْعَ وَالْأَبْصَارَ وَالْأَفْئِدَةَ﴾ (السجدة: ٩). هەروەها: ﴿سَنُرِيهِمْ آيَاتِنَا فِي الْآفَاقِ وَفِي أَنْفُسِهِمْ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ الْحَقُّ﴾ (فصلت: ٥٣).

فەیلەسووفە موسڵمانەکان کۆدەنگن لە سەر یەکسانیی عەقڵ لەلایەك و وەحی لەلایەکی تر. ئەو بەشەی کە مرۆڤ پێی دەبێتە خودایی، عەقڵە کە بۆ خۆی فوویەکە لە ڕووحی خودا و ئەو توانستەیە کە مرۆڤ هاوچەشنەکەی خۆیی پێ دەناسێت، واتە مرۆڤ لەڕێی عەقڵەوە دەتوانێت پەروەردگاری بناسێت. ئەم شێوە خوداییە لە هەموو مرۆڤەکاندا بە یەکسانیی هەیە و مەحاڵە لەناو ببرێت، یان لەدەست بچێت و کاکڵەی مرۆڤبوونی مرۆڤیش لەو دروستدەبێت و پاکترین و بایەخدارترین شتێکە کە مرۆڤ هەیەتی، چونکە فوویەکە لە ڕووحی خودا و لە حاڵی نەبوونیدا مرۆڤ وەك نەبوو وایە و هەرکاتێکیش لاواز ببێت مرۆڤ بە گێل و شێت

ناوزەد دەکرێت. ڕوانگەی مرۆڤناسیی ئیسلامییانە لە هەڵوێستی سەبارەت بە عەقڵ لەگەڵ ڕوانگەی فەلسەفیی یۆنان، واتە ڕوانگەی سوکرات و ئەفلاتوون و ئەرەستۆ یەکدەگرێتەوە، هەرچەندە ئەو جیاوازییەیان هەیە کە لای یۆنانییەکان گەوهەر و ناوەرۆکی عەقلانییەت بریتییە لە کەلتوور، بەڵام لای موسڵمانان بریتییە لە تەقوا و پاریزکاریی.

کاتێکیش وردی دەکەینەوە دەبینین، کە تەقوای ئیسلامیی باڵاترە لە کەلتووری یۆنانیان، چونکە داننان بە پەروەردگاریێتی خودا، بەوەی کە هەر خودا ئەفرێنەر و خاوەن و داوەرە، بۆخۆی بەرزترین پلەی عەقلانییەتێکە کە مرۆڤ ناسیوویەتی.

یەکەم: جیاوازیی ڕیشەیی ئیسلام و ڕوانگەی مرۆڤناسیی یۆنان لەوەدایە کە یۆنانییەکان لەو کاتەدا کە بڕوایان بە مرۆڤبوونی هاوڵاتییە ئازادەکان هەبووە، کۆیلەکانیان لە پلەیەکی نزمتر لەوان پۆلێن دەکرد.

دووەم: جیاوازیی ئیسلام و ڕوانگەی جووەکان بۆ مرۆڤ لەوەدایە بە هەمان ئەندازە کە بڕوایان بە یەکسانیی وێنەی خودا لە سروشتی هەموو مرۆڤێکدا هەیە جیاکاریی لە نێوانیاندا دەکەن، بەپێی لەدایکبوون و تەبیعەت و خۆیانیان بە خاوەنی پێگەیەکی هەڵبژاردە لەقەڵەمداوە.

سێیەم: جیاوازیی ئیسلام و ڕوانگەی مەسیحییەتیش لەوەدایە کە مەسیحییەت پێیوایە هەموو مرۆڤەکان خاوەنی یاسایەکی سروشتین، بەڵام ئەو کەسەی کە مەسیحییە لەبەر ئیمانەکەی و شۆردنی تایبەتی (تەعمید)، خاوەنی یاسایەکی خودایی تایبەتمەندە.

هەرچی سیکۆلاریزمی ئەوروپاییشە، کە شووناسی خۆی تەنها لە کەلتووری ئەوروپا وەردەگرێ، خەڵکی ئاسیا و ئەفەریقا و کەسانی نائەورووپی بە گشتی، لە ئاستێکی نزمتر لە هەموو مرۆڤ دادەنێ، تەنانەت پێشەوای گەورەی ڕۆشنگەریی ئەوروپا عەمانۆئیل کانت، کە بانگەشەی عەقڵی پوختی دەکرد بەو هەموو ژیرییەوە

که هەیبوو، نەیتوانی بیگەیەنێتە کۆتاییەکی لۆجیکییانە، ئەمیش ئاستێکی نزمتری بۆ ئاسایی و ئەفەریقییەکان دانا. بەپێچەوانەی هەموویان، ئیسلام هەموو مرۆڤەکان وەکویەك دەبینێت و خودای گەورە لە قورئاندا وەها باسی مرۆڤایەتی دەکات کە: ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ﴾ (الحجرات: ١٣).

هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَكُمْ مِنْ تُرَابٍ ثُمَّ إِذَا أَنْتُمْ بَشَرٌ تَنْتَشِرُونَ (٢٠) وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُمْ مَوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ (٢١) وَمِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَانِكُمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِلْعَالِمِينَ﴾ (الروم: ٢٠ – ٢٢).

پاش ئەوەی قورئان ئەو ڕاستییە جێگیر دەکات، کە هەموو مرۆڤایەتی دەگەڕێنەوە بۆ ئادەم و حەوا و بناغەی جیاکاریی نێوان مرۆڤەکانیش بریتییە لە تەقوا و پارێزکاریی. ئەم پرسیارە کاریگەرە ئاڕاستە دەکات: ﴿قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ﴾ (الزمر: ٩).

لە حەجیماڵئاواییدا وەحی دێتە خوارەوە بۆ پێغەمبەر و تیایدا ئاماژە دەکات بۆ تەواوبوونی دین. لەم ساتەوەختە گرنگەدا، پێغەمبەر بە گونجاوی زانیی بیری موسڵمانان بهێنێتەوە (کە زۆربەیان بە ڕەگەز و هەمووشیان بە کەلتوور و زمان عەرەب بوون)، کە هیچ عەرەبێك لە هیچ عەجەمێك بەرزتر نییە مەگەر بە تەقوا نەبێ.[1] هێزی دووەمی پێکهاتەی گیانی مرۆڤ لە ڕووی ژیرییەوە بریتییە لەوەی کە مرۆڤ توانای هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی هەیە، فەیلەسوفانی موسڵمان سووربوون لەسەر پێناسەکردنی ئەم هێزە بە (قەدەر)، یان توانای ئەنجامدانی کار، بەڵام پیاوانی ئایین بە کەسب ناساندوویانە، واتە توانای بەدەستهێنانی سەرەنجامی کار،

[1] بڕوانە: امين دويدار : صور من حياة الرسول، القاهرة، دار المعارف بمصر، ١٣٧٢هـ/١٩٥٣م، ص٥٩٣.

لەبەر ئەوەی تەنها زاتی خودایان بە خولقێنەری کار داناوە، جیاوازیی نێوان قەدەر و کەسب پەیوەستە بە وردەکاریی داڕشتنی ئاینییەوە. هەرچەند لە ڕەهەندیی ئاستی ئاکارییەوە، ئەم دوو چەمکە هاوشێوەن، چونکە هەرکامیان بگری هەمان کاریگەریی دروست دەکات، کە بریتییە لە بەرپرسیارێتی مرۆڤ لە کردەوەکانی. لێوەشاوەیی مرۆڤ بەوە شکڵدەگرێ، کە مرۆڤ توانای ناسینی چاکە، یان ویستی خواوەندی هەیە و لە بارێایەتی کە فەرمانی خودا جێبەجێ یان ڕەتبکاتەوە و دەتوانێ بەرپرسی کارەکانی بێت، خوداوەند بە بێ جیاکاری و هەڵاواردن ئەم لێوەشاوەییەی بە مرۆڤەکان بەخشیوە.

لە ئیسلامدا باسێك لە رزگاربوونی لاهووتی نییە، چونکە لە ڕوانگەی ئیسلامەوە ڕزگاربوون چەمکێکی ئاینی نەگونجاوە و لە زاراوە ئیسلامییەکاندا هاوتایەکی نییە.

مرۆڤ ڕووبەڕووی هیچ تەنگانەیەك نەبۆتەوە تا پێویستی بە ڕزگارکردن بێ. بەڵێ یەکەمین مرۆڤ کە ئادەمە گوناهێکی کرد کە لە درەختە یاساغەکەی خوارد، بەڵام کە تۆبەی کرد و گەڕایەوە بۆ لای خودا، لێی وەرگیرا و خوا لێی خۆشبوو.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَقُلْنَا يَا آدَمُ اسْكُنْ أَنْتَ وَزَوْجُكَ الْجَنَّةَ وَكُلَا مِنْهَا رَغَدًا حَيْثُ شِئْتُمَا وَلَا تَقْرَبَا هَذِهِ الشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ الظَّالِمِينَ (٣٥) فَأَزَلَّهُمَا الشَّيْطَانُ عَنْهَا فَأَخْرَجَهُمَا مِمَّا كَانَا فِيهِ وَقُلْنَا اهْبِطُوا بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ وَلَكُمْ فِي الْأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ وَمَتَاعٌ إِلَى حِينٍ (٣٦) فَتَلَقَّى آدَمُ مِنْ رَبِّهِ كَلِمَاتٍ فَتَابَ عَلَيْهِ إِنَّهُ هُوَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ (٣٧) قُلْنَا اهْبِطُوا مِنْهَا جَمِيعًا فَإِمَّا يَأْتِيَنَّكُمْ مِنِّي هُدًى فَمَنْ تَبِعَ هُدَايَ فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ﴾ (البقرة: ٣٥ – ٣٨).

تاوانی ئادەم تاوانێکی ئاساییە، کە بەپێی ئەندازەگیریی ئاکاریی یەکەمین هەڵە و یەکەمین خراپە و یەکەمین تاوان بوو کە مرۆڤێك ئەنجامی دەدا، بەڵام هەرچەندە لە جۆری خۆیدا یەکەمین بوو لە هەموو ڕوویەکەوە لەڕاستیدا تاوانی تاقە مرۆڤێك بوو، کە دەچێتە خانەی بەرپرسیارێتی تاکەکەسییەوە و کاریگەرییەکەی

ناگوێزرێتەوە بۆ کەسێکی تر، نەك تەنها هیچ کاریگەرییەکی لەسەر گەردوون نەبووە، بەڵکو تەنانەت بۆ خودی گرۆی ئادەمزادیش کاریگەریی نەبووە، واتە نەبووەتە هۆی دابەزینی نرخی ئادەم و غەیری ئادەمیش. بەڵێ بووە هۆی دابەزینی ئادەم لە بەهەشتەوە بۆ زەوی، بەڵام هیچی لە سروشت و لە توانا و لە پەیمان و پەیام و چارەنووسی ئەو نەگۆڕی.

کەواتە مرۆڤ نەکەوتووە و دانەڕماوە تا پێویست بە ڕزگارکردن، یان بە فیدیە هەبێ، باشتر وایە بڵێین مرۆڤ فەرمانێکی خودایی داخوازییکاری ڕووی تێکردووە، سەبارەت بەوەی دەبێ بیکات و بەهای ئەویش وا لە گرەوی گوێڕایەڵی، یان ڕەتکردنەوەی ئەو فەرمانەدا، لەم ڕوانگەوە ئیسلام بیرۆکەی کەوتنی مرۆڤ ڕەتدەکاتەوە و بێ تاوانی ئەو دەسەلمێنێت، واتە جەخت لە چەمکی سەرفرازیی و بەختەوەری مرۆڤ دەکاتەوە، نەك چەمکی ڕزگاربوونی.

لەسەرووی ئەمانەوە، مادام مرۆڤ بارمتەی کردەوەی خۆیەتی، کەواتە سەرلەبەری سەرکەوتن و شکستەکانی بەستراون بە کارەکانیەوە و هیچ ڕەبتێکیان بە پیرۆزکردن و میانجیگەریی کەسێکی ترەوە، یاخود بە ئەنجامدانی سرروتگەلی نهێنی و پیرۆزەوە، یا بڵێین بە ئەندامێتی دەزگایەکی ڕۆحی وەك کڵێساوە نیە، واتە لە ئیسلامدا نە میانجیگەریی هەیە و نە سرووتی نهێنی.

فەرمانی ئاکاریی و داخوازییکار کە رووی لە مرۆڤە، ئاوڕ لە ڕابردوو نادات‌ەوە و پەیوەندیی بە ڕووداوێکەوە نییە کە لە ڕابردوودا ڕوویدابێ، جا ئەو ڕووداوە ئاماژە بێت بە دابەزین، یان بە فیداکردن لەسەر دەستی کەسێکی تر.

سەرچاوەی ئەم کارە وەك ڕووداوەکانی ڕابردوو نییە، بەڵکو بەستراوە بە ڕووداوێکی هەنووکەیی، یان داهاتووەوە، لێرەوە ئیسلام هیچ پاساودانێکی نییە بەناوی ئیمانەوە و هیچ مێژوویەکی نییە بۆ ڕزگاربوون، تەنها رابردوویەکی پەیوەندیدار کە ئیسلام پێی قایل بێت بریتییە لە سرووشی دابەزیوی خودا و ئەو

سەرکەوتن و شکستانەی کە مرۆڤ لە ڕابردوودا لە ئەنجامی گوێڕایەڵیی فەرمانە خوداییەکانی ناو وەحی، یان شکاندنی ئەو فەرمانانە، بەدەستی هێناون.

لە ڕوانگەی موسڵمانەوە، ڕەوشتبەرزیی مرۆڤ لە بڕوای ئەو بە ڕووداوێکی ڕزگاربوونی ڕابردوو پەیدا نابێت، بەڵکو لەوەوە پەیدا دەبێت کە بڕوای وایە خودای لەگەڵە. هەستکردن بە بوونی خودا لەم ڕوانگەیەوە، بە مانای بوونی حەق و بەها دێت، کە مرۆڤ گەورەیی و تێکۆشانی خۆی لەسەر ئەم دووە بنیات دەنێت. ڕاستیی ئەم بۆچوونە بەندە بەوەی مرۆڤ چۆن کات و شوێن بە شێوەیەکی ئەرێنیی دەجووڵێنێت بۆ بەرجەستەکردنی ویستی خودا لە گەردووندا. بڕوا و هەموو ئەو هێزە مرۆییانەی دەبنە هۆی تێگەیشتن لە بەها و پەیوەندییە بەهامەندەکان و دیاری و تایبەتکردنی بابەتەکان پێکەوە ڕێخۆش دەکەن بۆ واقیعێکی ژیاریی. وێڕای ئەمە، ئیسلام جەختدەکاتەوە لەوەی کە خودی گیانپەروەریی بەو هەموو گەورەیی و شکۆمەندییەوە کە هەیەتی تا نەبێتە واقیعێکی هەستپێکراو و لە کۆمەڵە پیاوو ژنیکی سەرزەویدا بەرجەستە نەبێت، وەکو شتێکی نەبوو وایە.

لە دیدی ئیسلامەوە مرۆڤ کە لەدایك دەبێت لەسەر ڕۆخی دەروازەی ڕەوشتمەندی ڕادەوەستێت، لە ڕەهەندی ئاکارییەوە نە شتێکی بە قازانج بۆی و نە شتێکی بە زیان لەسەر دەنووسرێت. ئەرکی ئەو بریتییە لە کردنی کارێکی ئەرێنی، کارێکی نوێ نەك ڕزگاربوون لە بارێکی قورسی ڕابردوویەك. ڕەوشتمەندیی موسڵمان بەتەواویی ڕوو لە داهاتووە، تەنانەت ئەو کاتەش کە زۆر کۆنسێرڤاتیڤ و چەقبەستووە. لەم ڕووە ئەرێنییە ڕەوشتییەوە، موسڵمان بزاڤ و زیندوویی خۆی وەردەگرێت، واتە لەگەڵ ڕزگارکردنی ئەو لە بار و کۆتەکانی ڕابردوو، موسڵمان دەبێتە نموونەی چالاکیی و ڕوو لە ژیانکردن و دەبێتە دوژمنی وازهێنان لە دنیا و بەسووکزانینی پێگەی مێژوو.

## پێنجەم: کاراکردن:

بە ناردنی عیسا پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بۆ سەر گەلی یەهوود، ڕوانگەی دەروونگەرایی ڕەوشتیی کە ئەرمیای پێغەمبەر و پیاوانی ئاینیی سامی نەژادی دوای ئەو بانگەشەیان بۆ دەکرد، گەیشتە کۆتایی لۆجیکی خۆی. واتە بەناردنی عیسا لە بەرامبەر زیادەڕەویی فریسییی و سەدووقییەکان، کە زۆر گرنگییان بە ڕواڵەتی دەرەکی و توێکڵ دەدا، ڕەوشتمەندیی نیەتی تاکەکەس بەهێزتر بوو، سروشتی بوو کە ئەم زیادەڕەوییە بە دژەکەی ڕووبەڕووی ببنەوە بۆ ئەوەی لەسنوور دەرچوونە گومڕاکەرەکەی ڕیسوا بکرێت.

عیسا هات مرۆڤایەتی فێری ئەم بنەمایە کرد کە ڕەنگی ئەخلاقیی هەر کردەوەیەك تەنها بە نیەت و پاڵنەرەکەی دەپێورێت نەك بە پێی ئەو ئەنجام و چارەنووسەی بە پێودانگی قازانج لێی حاسڵ دەبێت. عیسا بە چەند نموونەیەکی جوان ڕوونیکردەوە ئەو شتەی کە بە ڕواڵەت خراپە، ڕەنگە لەڕاستیدا خراپ نەبێت، لەبەر ئەوەی پاڵنەرەکەی باش بووە، کەواتە ئەگەر نیەت پاك بوو، بۆ خودا بوو دڵیش بە خۆشەویستی و گوێڕایەڵی خودا وابەستەبوو، ئەوا کارەکەش پەسەندە و خاوەنەکەشی ڕزگار و ئاسوودە دەبێت.

لەم دەستپێکەوە قەشە ئۆگەستین دەیتوانی بڵێت: "خودات خۆش بووێ و هەرچیت دەوێ بیکە".

ئەمانۆئیل کانتیش دەیتوانی بڵێ: ئەو شتەی کە بە ناوەڕۆك و خودیی خۆی خێرە، بریتییە لە نیەتی پاك. لێرەوە پەیامی خێرخوازی عیسا جەختکردن بوو لەسەر ناخی مرۆڤ، واتە گۆڕانکاریی ڕیشەیی مرۆڤ، ئەم ڕەوشتمەندییە لە دوور و نزیکەوە ئەوەی لێ نافامرێت کە هیچکام لە ئەنجامەکانی کاری ئەخلاقی و ژیانی دنیا و کات و شوێن و مێژوو بەکەم بزانرێت، بەڵام خاڵی هێزی ئەم ڕەوشتمەندییە لەوەدایە کە بڕیاری کۆتایی بدەیت بە پاڵفتە و پاککردنەوەی نیەت، کە دەبێتە

سەرچـاوەی هــەر کارێــك، کــاتێکیش لەســەر ڕێگــای ڕاســتە کــە چــاکەکردنی ئەخلاقییانەی بەلاوە بریتی بێت لەو حاڵەتەی کە نیـەت لـە خۆشویسـتنی خـوداوە سەرچاوە دەگرێـت، چـونکە هـەر پێشـێلکردنێکی ئـەم بنەمایـە واتـە پێشـێلکردنی نرخی ئـەخلاقی هـەر کارێك، هـەر ئەمـەش وەڵامـی عیسـا پێغەمبـەر بـوو بـۆ هـەر مەیلێکی خۆبەستنەوە بە ڕواڵەتی دەرەکیی، کە ئەو کات زۆر بەربڵاو بوو، هەروەها بۆ جۆش و خرۆش سەبارەت بەو شەریعەتەی ڕۆحی تێدا نەمابوو.

ئیسلام دانینا بەو سرووشەدا کە بۆ عیسا هـات و زۆر بـە گرنگییـەوە لایـەنگیری کرد لەو ڕێنماییە ڕەوشتیانەی ئەو هێنای، لە پێناوی بەهێزکردنی ئەم ڕوانگەیەشدا فەرمانی بە پەیڕەوانی خۆیدا کە پێش دەستکردن بە هەر کارێکی ئەخلاقی و ئاینی گرنگ بڵێن: نیەتمە ئەم کارە بۆ خودا دەکەم. چ ئەو کـارە فـەرمانێکی ئـاینی بێـت یان لابردنی زیانێك بێت لەسەر شەقامی گشتی و ڕایگەیانـد کـە هـیچ کارێـك بـەهای ئەخلاقی نیە ئەگەر بـەو نیەتـە دەسـتپێنەکات و مەبەسـتەکەی خـوای پـەروەردگار نەبێت. بەم شێوەیە ئیسلام ڕەنگێکی دامەزراوەیی بەخشی بە نیەتی پاك، هێندەی نەمابوو لەم نێوەندەدا خـەڵك پابەنـد بکـات بـە درکانـدنی بـۆ ئـەوەی هەمیشـە لـە فاکتەری ئەخلاقییدا ئامادەگیی هەبێت، یەهوودیـەتیش بـە کاریگـەریی ئیسـلام لـە سەدەکانی ناوەڕاستدا ئەم نەریتەی پەیڕەو کرد.

وێڕای ئەوەی وتمان، ئیسلام لە سنووری نیەتهێناندا نەوەستا، بەڵکو لەوە زیاتر ڕەوشتەمەندیی بەست بە ئەنجامدانی کاریشەوە، واتە پاش ئەوەی ڕوونیکردەوە کە هیچ کارێك بەهای ئەخلاقیی نابێت ئەگەر بەرمەبنای نیەتێکی پاك دانەمەزرابێت، بە درێژایی ڕێگا ڕێنمایی مرۆڤی کرد بۆ ئەوەی لە نیەتەوە بگوێزێتەوە بۆ کردەوە، لـە جیهانی هەستکردنی کەسییەوە بە کات و شوێن بۆ بواری کـار و مەیـدانی سـازدانی مێژوو، چونکە بەهاکان و ویستی خودا تەنها لە سنووری نیەتی پاکدا ناوەسـتن کـە

مـرۆڤ هـەیبێت، بـەڵکو پێویسـتە مرۆڤـ ئـەو نیەتـە پاکـە لەسـەر زەویـی واقیعـدا بەرجەستە بکات.

مرۆڤ تاقە ئەفرێنراوە کە خودا بۆ کاراکردنی ئەو بەهایانە و ئەو ویستە خوداییـە بـە شـێوەیەکی ئازادانـە و تـەنها لەبـەر خـودا، خوڵقاندویـەتی. لێیـەوە ئـەرکی سەرشانیەتی کە دروستکراوەکان بجووڵێنێت و دووبارە سروشت ساز بکاتـەوە بۆ ئەوەی لەناو سروشتدا و بە خودی سروشـت ڕەهەنـدی ڕەوشـت بەرجەسـتە بکـات، بەپێی ئەو نموونـە خواپەسـەندەی مـرۆڤ لـە ڕێگـای سرووشـەوە فێـری بـووە، ئـەو هەنووکە داوای لێکراوە کە وزەی دروستکراوان لە دۆخی شاراوەوە بهێنێتـە دۆخـی دەرکەوتن و جێگیر بوون، بە ئەندازەی سەرکەوتنی لەم کارەدا، پلەی سەرکەوتن و بەختەوەریی ئەخلاقی ئەو پێوانە دەکرێت.

هەرچەندە نیەتی پاك وەك مۆڵەتێك وایە بۆ چوونە نـاو بـواری هـەوڵ و تـەقالای ئەخلاقییانە، بەڵام کـاراکردن و بەرجەسـتەکردنی ڕەهـای ئـەم نیەتـە لـە مێـژوودا، بۆخۆی موڵەتی چوونە بەهەشتە بە هۆی ئەو نزیکییەی بۆ مرۆڤ حاسـڵ دەبێـت لـە پەروەردگاریەوە، کە ئەمەش هەرگیز بەمانای گەڕانەوە نییە بۆ ئیتیکی چارەنووسە پراگماتیی و هەلپەرستییەکان، لەبەر ئەوەی نیـەتی پـاك پێشـمەرجە و ئـەنجامیش زیادەیەکـە کـە ئیسـلام هـەوڵی بـۆ دەدات و نابێتـە جێگـرەوەی نیـەت و لێیشـی کەمناکاتەوە.

ئەخلاقیـەتی عیسـای پەیامبـەر (سـڵاوی خـودای لەسـەر) بەڕاسـتی ئـەوەی ڕوونکـردەوە کـە ویـژدانی کەسـیی مـرۆڤ دەبێتـە داوەری کۆتـایی لەسـەر بـاری ڕەوشـتیی ئـەو سـەبارەت بـە ژیـانی لەسـەر زەویـدا، چـونکە تـەنها ویژدانـە کـە سنوورەکانی نیەت و حەقیقەتی نیەت پێدەزانێت و تـەنها بـە بڕیـاری ئـەو دەکـرێ قـەوارەی دروسـت بـە نیـەت بـدرێت، لـە بەرامبـەردا کـردەوە بۆخـۆی ئاشـکرا و خۆبەخشانەیە و لە خاوەنەکەی تێپەڕ دەبێت، کەواتە دیارە و بە چـاو دەبینرێـت و

به ئامرازی دەرەکی پێوانە دەکرێت، جا ئەو کارە پەیوەندی بە خودەوە هەبێت، یان بەویترەوە، یان بە سروشتەوە فەرق ناکات. لە پەیڕەویی ئەم ڕاستییەدا پێویستە بە شەریعەت ڕێکبخرێت و بە دام و دەزگای گشتی یان بە دەوڵەت یان ئەوەی پێی دەوترێ خیلافەت بەڕێوەببرێت و لە کاتی ناکۆکییەکانیشدا لە ڕێگای دەسەڵاتی گشتی دادەوەرییەوە یەکلایی بکرێتەوە. وێڕای ڕەچاوکردنی هەموو ئەوانەی وتران، ئیسلام ڕایگەیاند کە پێویستە بڕوا و کردەوە متوربە بکرێن، بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەوەیە کە لە زۆر شوێنی قورئاندا بڕوا و کردەوی چاك پێکەوە بەستراون، بۆ نموونە ئەم ئایەتانەی خوارەوە:

﴿فَأَمَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ فَيُوَفِّيهِمْ أُجُورَهُمْ وَيَزِيدُهُمْ مِنْ فَضْلِهِ وَأَمَّا الَّذِينَ اسْتَنْكَفُوا وَاسْتَكْبَرُوا فَيُعَذِّبُهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا وَلَا يَجِدُونَ لَهُمْ مِنْ دُونِ اللَّهِ وَلِيًّا وَلَا نَصِيرًا﴾ (النساء: ١٧٣).

﴿إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ إِنَّا لَا نُضِيعُ أَجْرَ مَنْ أَحْسَنَ عَمَلًا﴾ (الكهف: ٣٠).

﴿وَأَمَّا مَنْ آمَنَ وَعَمِلَ صَالِحًا فَلَهُ جَزَاءً الْحُسْنَى وَسَنَقُولُ لَهُ مِنْ أَمْرِنَا يُسْرًا﴾ (الكهف: ٨٨).

﴿وَمَا أَمْوَالُكُمْ وَلَا أَوْلَادُكُمْ بِالَّتِي تُقَرِّبُكُمْ عِنْدَنَا زُلْفَى إِلَّا مَنْ آمَنَ وَعَمِلَ صَالِحًا فَأُولَئِكَ لَهُمْ جَزَاءُ الضِّعْفِ بِمَا عَمِلُوا وَهُمْ فِي الْغُرُفَاتِ آمِنُونَ (٣٧) وَالَّذِينَ يَسْعَوْنَ فِي آيَاتِنَا مُعَاجِزِينَ أُولَئِكَ فِي الْعَذَابِ مُحْضَرُونَ﴾ (سبأ: ٣٧ – ٣٨).

فەرمانەکانی خودا بۆ مرۆڤیش کە کاری چاك بکەن لەوە زیاترن کە دیارییبکرێن و هیچ دوودڵییەك ناهێڵنەوە بۆ واجببوونی. لەبەرامبەردا قورئان بە هەمان ئەندازە جەخت دەکاتەوە لەوەی کە خودا لە تەوەزەلی و دانیشتن خەشمگینە و ئیسلام هەر جۆرە گۆشەگیریی و دوورەپەرێزیی و دابڕانێك لە کارکردن مەحکووم دەکات،

تەنانەت ئەو کاتەش کە مرۆڤ دەیەوێ لە ڕێگای ئەمانەوە فەزیلەتە ئەخلاقییەکانی خۆی گەشە پێبدات وەك ئەوەی سەبارەت بە ڕەهبانییەتی مەسیحی لە ئارادایە.

خوای گەورە لەم بارەوە دەفەرموێت: ﴿ثُمَّ قَفَّيْنَا عَلَى آثَارِهِمْ بِرُسُلِنَا وَقَفَّيْنَا بِعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ وَآتَيْنَاهُ الْإِنْجِيلَ وَجَعَلْنَا فِي قُلُوبِ الَّذِينَ اتَّبَعُوهُ رَأْفَةً وَرَحْمَةً وَرَهْبَانِيَّةً ابْتَدَعُوهَا مَا كَتَبْنَاهَا عَلَيْهِمْ إِلَّا ابْتِغَاءَ رِضْوَانِ اللَّهِ فَمَا رَعَوْهَا حَقَّ رِعَايَتِهَا فَآتَيْنَا الَّذِينَ آمَنُوا مِنْهُمْ أَجْرَهُمْ وَكَثِيرٌ مِنْهُمْ فَاسِقُونَ﴾ (الحديد: ٢٧).

هەروەها: ﴿لَا يَسْتَوِي الْقَاعِدُونَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ غَيْرُ أُولِي الضَّرَرِ وَالْمُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنْفُسِهِمْ فَضَّلَ اللَّهُ الْمُجَاهِدِينَ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنْفُسِهِمْ عَلَى الْقَاعِدِينَ دَرَجَةً وَكُلًّا وَعَدَ اللَّهُ الْحُسْنَى وَفَضَّلَ اللَّهُ الْمُجَاهِدِينَ عَلَى الْقَاعِدِينَ أَجْرًا عَظِيمًا﴾ (النساء: ٩٥).

## شەشەم: ئوممەتبوون و ئوممەتگەرایی:

لەوەی پێشتر باسمان کرد ڕوونبووەوە بۆمان، کە گۆڕینی نیەت بۆ کردەوە وا دەخوازێت کە مرۆڤ واز لە بەرژەوەندیی خۆی بهێنێت لە پێناوی بەرژەوەندیی ئەویتردا، خۆ ئەگەر ئەویتر سروشت بێت کاری ئیسلامییانە ئەوەیە کە جیهان بگۆڕیت بۆ بەهەشت.

کەواتە بەدەستهێنانی هەر زانست و تەکنۆلۆژییایەك بۆ بەدیهێنانی ئەم گۆڕانکارییە دەبێتە ئەرکێکی ئاینی هەر موسڵمانێك. کاتێکیش مەبەست لەویتر مرۆڤ یان چەند کەسێکی دیکە بێت ئەوسا کاری ئیسلامییانە بریتییە لە گۆڕینی گرۆی مرۆڤایەتی بۆ ژمارەیەك پاڵەوان و کەسانی پیرۆز و بلیمەت، کە ویستی خودا لەواندا لە ژیان و چالاکییاندا بەدی هاتبێت. بەڵام سەرقاڵبوون بە بەرژەوەندیی خەڵکانی ترەوە، مەبەستی ئوممەتگەرایی نیە، ئەویترگەرایی ئەخلاقی یان گرنگیدان بە

بەرژەوەنـدی خـەڵك، دەكـرێ جێـی گرنگیـدانی ڕاهیبـانی نـا ئوممەتگـەراش بێـت. نموونەی زۆریش لەم بارەوە لە واقیعدا هەیە.

پێداویسـتیی مەسـیحییەت بـۆ نموونـەی ئـەم ئـەویتر گەرایيـە خۆبەخشـانە لـە بەرایيـەكانی دەركەوتنیـدا لـە میسـر كاتێـك دەركـەوت كـە روانگـەی دنیانەویسـتی هاوبەشی (باخمیۆس) زاڵبوو بەسەر زوهدی تاكەكەسی ئەنتۆنیۆسدا.[1]

ئیسلام هات بیرۆكەی ئوممەتی خستە ناو كرۆكی گرنگیـدانی خـاوەن كـارەوە و لەسەری فەرزكرد كە خەڵكی تـر لـەو كـارەدا بەشـداری پێبكـات و ئامانجیشـی لـەم كارە ئەوەبوو كە كار بكاتـە كـارێكی پێكـەوەیی و دەسـتەجەمعی. لەهـەمان كاتـدا خـودی مرۆڤـی تـاك یـان كۆمـەڵانی تـر ڕابكێشـێت بـۆ بەشـداریی كـارا لـەو كـارەدا هــەتاوەكو شایســتەی هــەر پاداشــت و ســزایەكی ئــەخلاقی بــن كــە لــەو كــارە بەدەسـتدێت، جـا ئەگـەر كـاری خۆبەخشـانە و ئیسـارگەرانە نەبێتـە ڕێگایـەك بـۆ پاڵفتــەكردنی ڕەفتــاری مــرۆڤ یــان نــەتوانێت كــەمالی مرۆڤایــەتیی لــە پێگــەی بەركارییەوە بەدیبهێنێت ئەوا كۆمەڵگای ڕێكخراوی تۆكمەش كە هەموو ئەندامەكانی ئەندامی كاریگەرن بە حـوكمی عـادەت، یـان نـەریت، یـان لـە ترسـی دیكتـاتۆرێكی سیاسی ناتوانێت ئەم ئامانجە بەدەست بێنێت.

ئەمەش دەگەڕێتەوە بـۆ ڕاسـتییەك مـادام ئـەو ئامانجـەی دەمانـەوێ بەدەسـتی بهێـنین ئامـانجێكی ئەخلاقییـە و تـەنها كەسـێك دەتوانێـت بەدەسـتی بهێنێـت كـە خاوەنی ئازادیی ئەخلاقی بێت، كەواتـە كـار هـیچ پشـكێكی لـە سـیفەتی ئـەخلاقی نابێت ئەگەر ئازادانە نـەبێ و بـە مەبەسـتی ڕەزامەنـدی خـودا نـەبێت. دیسـان هـەر كارێك بەبێ ویست ئەنجام بـدرێ یـان هـەر كـارێكی دەسـتەجەمعی لـە ژێـر زەبـری

---

1 The New Schafft-Herzok Enciclopedia of Religious Knoweldge ,ed.Samuel Macauley Jacson, Grand Rapiids,Mitchigan : Baker Book House , 1977 , s.v. Monasticism , Vo;.8PP.462-463.

دەرەکیدا بێت هیچ بەهایەکی ئەخلاقییان نابێت، کەواتە تەنها ئەو کارەی کە بکەرەکەی بتوانێت بیکات یان پێچەوانەکەی بکات و بەرمەبنای دید و ویستی ئازادانەی خۆی بێت خاوەنی بەهای ئەخلاقییە. لەبەر ئەمەیە ئیسلام مرۆڤ ڕێنمایی دەکات بۆ بانگکردنی مرۆڤانی دیکە و فێرکردن و هوشیارکردنەوەیان و بۆ جوڵاندنیان بەپێی پێویست بۆ هاوبەشبوون لە هەموو کارەکانی لە پێناوی هەمان ئامانج.

لەکاتێکدا دەکرێت بە زۆر و زەبر لەسەر خەڵك بەها و بەرژەوەندیی لە سروشتدا بەدی بهێنرێت و دەشکرێ بە سیستمێکی بەهێز ئامانجی ئیسارگەرانە و ئەخلاقی بەسەر مرۆڤەکاندا بسەپێنرێت، بەڵام لە هەردوو حاڵەتەکەدا کارەکە ناڕەوشتیین. ئەوەی ئیسلام دەیەوێت بە وردی جێگیر ببێت بریتییە لە ئیتیکی کارکردن. تەنها ڕێگایەکیش بۆ ئەمە نزیکبوونەوەیە لە خەڵکانی دی بە قەناعەتپێکردنیان بەوەی کە پێویستە حەزیان لەو جۆرە کارە ئەخلاقییانە بێت. جا کە قەناعەتیان کرد ئەوسا خۆیان دێنە پێشەوە و دەچنە ناوی و بەهاکان لە سەرزەوی بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە و هۆشیارانە بەرجەستە دەکەن. جا لەبەر ئەوەی بەدیهێنانی ویستی خودا ئەرکێکە کۆتایی نایەت و پەیوەستە بە هەموو مرۆڤ و هەموو چالاکییەکانی لە کات و شوێندا، کۆمەڵگە بەردەوام، وەکو پێناسەی ئیسلام بۆی، تێدەکۆشێت بۆ قایلبوون و قایلکردن و دۆزینەوەی بەهاکان و بەرجەستەکردنیان لە واقیعدا. هەر ئەم جۆرە کۆمەڵگەیەشە کە دامەزراوە لەسەر پێگەیشتوویی و ژیریی تەواو، نەك کۆمەڵگەی تەقلیدیی تەسکی دامەزراو بەرمەبنای خزمایەتی، ئەم کۆمەڵگەیەش هەر ئەو ئوممەتەیە کە ئیسلام دەیەوێ بۆ مرۆڤایەتی بەرهەمی بهێنێت.

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿كُنْتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَلَوْ آمَنَ أَهْلُ الْكِتَابِ لَكَانَ خَيْرًا لَهُمْ مِنْهُمُ الْمُؤْمِنُونَ وَأَكْثَرُهُمُ الْفَاسِقُونَ﴾ (آل عمران: ١١٠).

کۆبەندی ئەندامانی ئەم ئوممەتـە هەماهەنگییانـە لـە سـێ ڕەهەنـدی: ژیریـی – دیگا، نیەت – ویست، دەسکەوت– کار دا و پایە و کۆڵەکەی ئوممەتیش بریتییە لە برایەتی ئیسلامی، کە بزاڤێکی بەردەوامە لە چوارچێوەی شەریعەتدا. ئەم ئوممەتـە وەك قوتابخانەیەك دەیەوێ بەردەوام ژیریی قایـل بکـات و مەیدانێکـە بـۆ وەرزشـی دڵ، کە ویستی مرۆڤ تیایدا بە بێ پسـانەوە وا لـەژێر ڕاهێنـان و پاڵفتەکردنـدا. لـەم مەیدانەدا بە کارایی و ئازایەتی چارەنووس جێگیر دەبێت و پرۆسەی سازدانی مێژوو ئەنجام دەدرێت.

بـە پێچـەوانەی تیۆرییـە سیاسـییە لیبراڵـەکان، تیـۆری ئوممەتگـەرایی لەسـەر حکومەت گەورەترین ئاست نەك نزمترین ئاست دادەمەزرێت، میرایەتی لە سـێبەری ئەم حکومەتەدا هی خودایە و سەروەری هی شەریعەتەکەی ئەوە، نـەك بـۆ ویسـتی زۆرینـەی بـێ بەڵگـە و بـێ پاسـاو، هـەروەها بـاڵاترین چـاکە ئەوەیـە نموونـەی خواپەسـەندانە بەرجەسـتە بکرێـت، نـەك بەختـەوەری بـەو شـێوەیەی ئەنـدامانی کۆمەڵگە وێنای دەکەن، تاکی موسڵمان کە دەبێتە ئەندامی ئەم ئوممەتە لە شێوەی سەربازی زۆرەملێ نییە، بەڵکو سەربازێکی خۆبەخشە بۆ ژیان کە بەردەوام ئامادە دەکرێت بۆ بەرجەستەکردنی ڕەها لەسەر زەوی واقیع. کەواتە ئوممەت کۆمەڵگـەی کاری گشتییە نەك توتالیتاری، کارێك کە خەڵکی پسپۆڕ بـە ویسـتی ئـازاد دەیکـەن نـەك بـە سـەپاندن. وردەکـاریی ئـەم دیدگایـە لـەو ڕاسـتییە ڕاشـکاوەی قورئانـەوە هاتووە کە ژیانی مرۆڤ لەسەر زەوی بێهوودە نیە و خودی بـوونیش گەمەیـەك نیـە، بەڵکو بابەتێکی تەواو جیددییە. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ لَآيَاتٍ لِأُولِي الْأَلْبَابِ (١٩٠) الَّذِينَ يَذْكُرُونَ اللَّهَ قِيَامًا

وَقُعُودًا وَعَلَى جُنُوبِهِمْ وَيَتَفَكَّرُونَ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَـذَا بَاطِلًا سُبْحَانَكَ فَقِنَا عَذَابَ النَّارِ﴾ (آل عمران: ١٩٠ – ١٩١). هەروەها: ﴿وَمَا خَلَقْنَا السَّمَاءَ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا لَاعِبِينَ﴾ (الأنبياء: ١٦). موسڵمانی وابەستە بە ئوممەتەكەی مرۆڤێكی جیددی خاوەن پرسە و لە پێناوی پرسەكەیدا دەژی، خوا دەفەرموێت: ﴿الَّذِي خَلَقَ الْمَوْتَ وَالْحَيَاةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا وَهُوَ الْعَزِيزُ الْغَفُورُ﴾ (الملك: ٢).

ئەمە بەو مانایە دێ كە كە ئەركی مرۆڤ لەسەر زەویدا بە زۆر شتی ناخۆش گەمارۆ دراوە، بەڵام ژیانی مرۆڤ لە سایەی تاقیكردنەوەدا جێی شانازییە و لەم ڕووبەڕوونەوەدا توێشووی مرۆڤ بریتییە لە پابەندبوونی بە ویستی خوداوە، كەواتە هەستكردنی مرۆڤ بەوەی كە هەمیشە خودای گەورەی لەگەڵە، تەنها هەستێكی بۆش نییە، چونكە ئەو لە ژێر ڕۆشنایی ئەم پێكڤەبوونە خۆی بە میانجییەكی گەردوونی دەبینێت كە خوای پەروەردگار گەردوونی پێسپاردووە و دەتوانێت مێژووی گەردوون بجووڵێنێت.

## حەوتەم: جیهانگەرایی:

ویستی خودا لەبەر ئەوەی گشتگیرە، هەموو مرۆڤەكان، هەموو كاتەكان و هەموو شوێنەكان دەگرێتەوە، بوونەوەر هەر هەمووی ملكەچە بۆی، گرۆری مرۆڤایەتی لە ڕووی فەرمانی دروستبوونەوە بەركاری ئەم ویستەیە، بەڵام لە ڕووی فەرمانی تەكلیف و ڕەوشتەوە بكەرێكی خاوەن ویستە، زەویش دانراوە بۆ تێكۆشانی مرۆڤ لەمسەر و ئەوسەریدا. تێكڕای ئادەمیزاد داوایان لێكراوە كە زەویش و خۆیشیان بگۆڕن، ئەم جیهانگەراییەی ئیسلام ڕەهایە و هەڵاواردنی تێدا نییە، چونكە خودا پەروەردگاری جیهانییانە و خاوەنی هەموویانە.

بژاردەی بەردەستمان بریتییە لەوەی یان دەبێ هەموو بوونەوەر لە ژێر چەتری سیستمی ئیسلامی جیهانیدا بێ، یان دەبێت لە دەرەوەی بێت، هەر ئەمەش بووە

هۆکاری دەرەنجامی تیۆری ئیسلامیی کلاسیك کە جیهانی دابەشکرد بۆ وڵاتی ئیسلام و وڵاتی جەنگ، چونکە بژاردەی سێیەممان نییە لە نێوان سیستمێکدا کە دامەزراوە لەسەر ئازادی و بەرپرسیارێتی و ئاشتی ئەخلاقییانە و سیستمێك کە دامەزراوە لەسەر پایەگەلێکی دژ بەمانە، کەواتە خاڵی هاوبەش نییە لە نێوان پابەندبوون و پابەندنەبوون بە شەریعەت.

بەهەمان شێوە کە تاك پێویستە لەخۆی تێپەڕێ و گرنگی بەویتر بدات، کۆمەڵیش دەبێ لەخۆی تێپەڕبێ و سەرقاڵی کاروباری کۆمەڵانی تر بێت، گۆشەگیری بۆ تاکەکان و کۆمەڵگاکان جۆرێکە لە کەمتەرخەمی ئەخلاقی و بەدرەفتاری. لەوەش زیاتر گۆشەگیری لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی ستەم و دەستدرێژی و تاوان و برسێتی و نەزانی و پاشگەزبوونەوە لە کاراکردنی بەهاکان لە زەوی واقیعدا هەر هەمووی بە تاوانی گەورە هەژمار دەکرێن و بەسووك ڕوانینە لە فەرمانی خودا، ڕەوتی سەگپیشەیی خۆپەرستانەی گومانبازانە وا لە جەمسەری دژی ئەو جەختکردنە قورئانییەی کە دەڵێت بوونەوەر ئامانجدارە و هەموو شتێکی ناو بوونەوەریش ئامانجێکی هەیە. دژی ڕاستەقینەی جیهانگەرایی بریتییە لەو ڕەوتە تایبەتگەرە پاوانخوازەی لە ڕابردوودا شێوەی تاکگەرایی و هۆزگەرایی هەبووە و لە مێژووی هاوچەرخدا شێوەی ڕەگەزپەرستی و ناسیۆنالیزمی وەرگرتووە.

هەڵبەت نەریتی عیبری یەهوودیی، هەرگیز لەم خڵتە تایبەتگەرە ڕزگاری نەبووە، لافلێدەرانیان وتوویانە کە ئەوان گەلی هەڵبژێردراوی خودان بەبێ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ هۆکارێکی عەقڵی یان ئەخلاقی، بەڵکو تەنها بە ئیدیعای هەڵبژاردنی خودایی، ئەویش بەبێ بەڵگەهێنانەوە، وەچەکانیشیان لەم سەردەمەدا پشتیان بەمە بەستووە، کە هەمان پێگەی پێشینانیان بۆ ماوەتەوە، کە هێشتا هیچ گەلێك لە

غەیری خۆیان ئەمەیان بۆ نەسەلماندوون.[1] مەسیحییەکانیش بە تێکڕایی لە مێژووی خۆیاندا چوون بە پێشوازیی ئامۆژگاری پۆلسەوە کە "لە مەسیحدا جیاوازییەك نیە لە نێوان یەهوودییەك و یۆنانییەك". با ئەو وەسیەتە بخوێنینەوە: "نە یەهوودی نە یۆنانی، نە کۆیلە نە ئازاد، نە نێر و نەمێ، چونکە هەمووتان یەکێکن لە مەسیح یەسووعدا، جا ئەگەر ئێوە بۆ مەسیح بن، کەواتە لە وەچەی ئیبراهیمن و بە پێی بەڵێن میراتگرن".[2]

ئەمە سەرەڕای ئەوەی پێویستە بیپەزێرین کە گرۆپێك لە مەسیحییان، لە قەشە ئۆگەستینەوە تا جەنگی خاچ دروشمەکان، بە مارتین لۆسەر و جۆن کالڤین و بزاڤی خۆپاککەرەوەی ئەمەریکیشەوە، هاتن بنەمای قەزاو قەدەر و چارەنووسی لەوەپێش دیاریکراویان بەکارهێنا وەك سەرپۆشێك بۆ ڕەگەزپەرستییەکی توندوتیژ، لە دژی ئەوانەی جیاوازبوون لەوان، بە مەسیحی و نامەسیحییەوە، تەنانەت ڕەفتاری مەسیحییەکان لە ناوخۆیاندا بەرامبەر بە مەسیحییانی ئاسیایی و ئەفەریقی لە سەدەکانی دواییدا بە جۆرێك بوو، کە نە پۆڵس لێی ڕازییە و نە مەسیح (درودی خوای لەسەر)، کاتێك داوایان لێکرد گرنگییەکی زیاتر بە هۆزەکەی خۆی بدات، چونکە لە نەوەی ئیبراهیمن، لە وەڵامدا فەرمووی: "بیر مەکەنەوە کە لە دڵی خوتاندا بڵێن: ئێمە ئیبراهیم باوکمانە، چونکە من پێتان دەڵێم: خوا دەتوانێت لەم بەردانە نەوە بۆ ئیبراهیم دروست بکات".[3]

---

[1] بۆ نموونە بڕوانە:

Robert Gordis.A Faith for Moderns , New York : Bloch Publishing ,1971, PP.322.

بۆ ڕوونانی قووڵتری ئەم بابەتە بگەڕێوە بۆ دوو بەشی کۆتایی کتێبی :

Martin Buber , On Judiaism , New York : Schocken Books , 1972.

[2] بڕوانە: العهد الجدید، رسالة بولس الرسول الى اهل غلاطیة: الاصحاح الثالث : ٢٨-٢٩.

[3] بڕوانە: العهد الجدید، انجیل متی: الاصحاح الثالث ٩-١٠.

بـەڵام ئیسـلام بـەردەوام پـەیامێك بـووە بـۆ جیهانییـان و تۆمـاری موسـڵمانان سەبارەت بە یەکسانیی نێوان مرۆڤەکان هێندە سپی و ڕۆشن بووە کە تۆماری هـیچ نەتەوەیـەکی تـری پێناگـات. ئیسـلام لـە ئایـەتی موحکـەمی قورئانـدا بـە روونـی و بەهێزەوە جێگیری دەکات کە: ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا﴾ (الحجرات: ١٣).

هەروەها: ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ﴾ (النساء:١).

لە دیدی ئیسلامەوە هەموو تایبەتمەندی و هێزێکی پێکهێنەری مرۆڤایەتی مـرۆڤ بە شێوەیەکی خواکرد لە هـەموو کەسـێکدا هەیـە و ڕێگـا بـە هـیچ جیاکارییـەك لـە بەرامبەر هیچ کەسێکەوە نادرێت بە پاساوی ئەوەی گوایا ئەو تایبەتمەندی و هێزانە لەو کەسەدا بوونیان نیە، یان لە سەردەمێکدا هەبووە و پاشان بە هۆی تاوانێکـەوە لەدەستیداوە، یاخود پێشینانی ئەو کەسە یان هاوڕێکانی تاوانێکیان کردووە.

ئیسلام بنەمای یەکسانیی نەبەستووەتەوە بە شارستانێتییەك، یان کەلتوورێکی دیـاریکراوەوە، چـونکە بنـەما ئەخلاقییـە پێکهێنـەرەکانی مرۆڤایـەتی لـە ڕوانگـەی ئیسـلامەوە نـەگۆڕن و سـەلمێنراون بـۆ هـەموو مرۆڤێـك، تەنانـەت ئەگـەر ئـاینێکی دیکەی هەبێت جیا لە ئیسلام یاخود سەر بە کەلتوورێکی تر، شارستانێتییەکی تر و هی سەردەمێکی تر بێت. بگرە ئەگەر زووتر یان ئێستاش کۆیلە بێـت لـە ئـەنجامی کردەوەی هۆزەکەی لە مێژوودا، لە سەحیحی بوخاریدا هاتووە کە پێغەمبەری خودا (درود و سڵاوی خوای لەسەر) فەرموویەتی: "كل مولود يولـد علـى الفطـرة فـأبواه يهودانه او ينصرانه او يمجسانه".

پوختـەی قسان، جیهانگەرایی ئیسلام بەرزترە لە هـەموو جیاکارییـەکانی نێـوان مرۆڤ و هەموویان دەباتەوە بۆ ئەو سروشـتە بنەڕەتییـە بەراییـەی هـەموو منـاڵێکی لەسـەر لـەدایك دەبێـت، لـەوێوە جیهانگـەرایی دیـاری دەکـات کـە مـرۆڤ بـە پێـی سروشـتەکەی چـی دەسـتکەوتووە، یـان دەتوانێـت چـی بەدەسـتبهێنێت بـەپێی

لەدایکبوونەکەی. ﴿فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًا فِطْرَتَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللَّهِ ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ﴾ (الروم: ٣٠).

ئەوەی گومانی تێدا نییە کە ئیسلام لە نێوان مرۆڤەکاندا جیاکاریی دەکات لەسەر بنەمای زانیاریی و حیکمەت و خۆپارێزیی و فەزیلەت و پایەداریی و کارە باشەکان و رووکردنی دەروونی و ڕواڵەتی لە ڕەزامەندیی خودا. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَا يَسْتَوِي الْقَاعِدُونَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ غَيْرُ أُولِي الضَّرَرِ وَالْمُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنْفُسِهِمْ فَضَّلَ اللَّهُ الْمُجَاهِدِينَ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنْفُسِهِمْ عَلَى الْقَاعِدِينَ دَرَجَةً وَكُلًّا وَعَدَ اللَّهُ الْحُسْنَى وَفَضَّلَ اللَّهُ الْمُجَاهِدِينَ عَلَى الْقَاعِدِينَ أَجْرًا عَظِيمًا﴾ (النساء: ٩٥).

زۆر بە ڕوونییش لە ئیسلامدا ئەم جیاکارییە مەرجدار کراوە بەوەی کە ئەو کەسەی لەسەر ئەو خەسڵەتە دامەزراو بێت و لە دانایی و تەقوا و چاکێتی و کاری باشدا لە بەرزبوونەوەدا بێت. ﴿هَا أَنْتُمْ هَؤُلَاءِ تُدْعَوْنَ لِتُنْفِقُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَمِنْكُمْ مَنْ يَبْخَلُ وَمَنْ يَبْخَلْ فَإِنَّمَا يَبْخَلُ عَنْ نَفْسِهِ وَاللَّهُ الْغَنِيُّ وَأَنْتُمُ الْفُقَرَاءُ وَإِنْ تَتَوَلَّوْا يَسْتَبْدِلْ قَوْمًا غَيْرَكُمْ ثُمَّ لَا يَكُونُوا أَمْثَالَكُمْ﴾ (محمد: ٣٨).

هەموو ئاینە نێردراوەکانی خودا وتوویانە کە پەیوەندیی نێوان خودا و مرۆڤ پەیوەندیی پەیمانە، بە پێی ئەم پەیمانە مرۆڤ پەروەردگارەکەی دەپەرستێت و لە بەرامبەردا خودا بەهرەگەلی کشتووکاڵ و وەچە و خۆشگوزەرانیی و بەختەوەریی پێ دەبەخشێت. مرۆڤ ئاگادارە لەوەی کە ئەم پەیمانە ئەگەر پێوەی پابەند نەبێ خوا بڕیاریداوە بیگۆڕێت، واتە ئەگەر مرۆڤ واز لە پەرستنی خودا بهێنێت لە بەرامبەردا گرفتاری مەینەتی و سزای خودایی دەبێت.

یەهوودیی و مەسیحییەکان تاکڕەوانە ئەم پەیوەندەیان لە پەیوەندییەکی پەیمانی دوولایەنە گۆڕیوە بۆ پەیوەندییەکی وەعد و بەڵێنی یەك لایەنە، واتە لە ڕوانگەی یەهوودیەتەوە ئەم بەڵێنە بریتییە لەوەی کە خودا لەلایەن خۆیەوە

پابەندبووە بە زاڵکردنی یەهوودییەکان بەسەر خەڵکانی تردا بەبێ ڕەچاوکردنی پابەندبوون یان نەبونیان بە تەقوا و چاکەکارییەوە، واتە ئەم وەعدە بە زاڵکردنە هەر دەمێنێت، هەرچەندە ئەوان ببنە نەوەی خراپەکاران و خودایانی دیکەش غەیری خودا بپەرستن، وەك ئەو گوزارشتەی لەسەر زمانی یوشەع هاتووە.

لای مەسیحییەتیش ئەم پەیوەندییە وەعدەیەکی خودایی یەکلایەنەیە کە خودا مرۆڤی هاوتای خۆی خۆش بوویت و بەفیدای ببێت، وێڕای گوناهبارییەکەی، بەڵکو بە هۆی گوناهبارییەکەیەوە. هەرچی ئیسلامیشە دروست وەك ئەوەی لە میزۆپۆتامیای کۆن هەبوو، پەیوەندیی نێوان خودا و مرۆڤ پەیوەندییەکی پەیماننامەیەکی دەبەرگری پابەندییەکی ئاڵوگۆڕکراوی دوولایەنەیە، مرۆڤ پابەندە خوداپەرستی بکات، خوداش پاداشتی دەداتەوە لەسەری. خۆ ئەگەر مرۆڤ مەرجی گرێبەستەکە تێکبدات، خودای گەورە سزای دەدات و پێچەوانەکەشی ڕاستە. لە بەڵگە قورئانییەکان بۆ ئەم مەبەستە:

﴿إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَالَّذِينَ هَادُوا وَالنَّصَارَى وَالصَّابِئِينَ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَعَمِلَ صَالِحًا فَلَهُمْ أَجْرُهُمْ عِنْدَ رَبِّهِمْ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ (٦٢) وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَاقَكُمْ وَرَفَعْنَا فَوْقَكُمُ الطُّورَ خُذُوا مَا آتَيْنَاكُمْ بِقُوَّةٍ وَاذْكُرُوا مَا فِيهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾ (البقرة: ٦٢ – ٦٣).

إِنْ أَحْسَنْتُمْ أَحْسَنْتُمْ لِأَنْفُسِكُمْ وَإِنْ أَسَأْتُمْ فَلَهَا فَإِذَا جَاءَ وَعْدُ الْآخِرَةِ لِيَسُوءُوا وُجُوهَكُمْ وَلِيَدْخُلُوا الْمَسْجِدَ كَمَا دَخَلُوهُ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَلِيُتَبِّرُوا مَا عَلَوْا تَتْبِيرًا (٧) عَسَى رَبُّكُمْ أَنْ يَرْحَمَكُمْ وَإِنْ عُدْتُمْ عُدْنَا وَجَعَلْنَا جَهَنَّمَ لِلْكَافِرِينَ حَصِيرًا﴾ (الاسراء: ٧ – ٨).

## هەشتەم: ئەرێنی بوونی ژیانی دنیا:

لە ناوەڕۆکی ئەزموونی ئاینیی ئیسلام، ئەوە دەفامرێت کە خودای گەورە مرۆڤی جێگیر کردووە لەسەر زەوی تا بیکاتە شانۆی پەرستشی خۆی، جا مادام خوای گەورە فێڵ لە مرۆڤ ناکات و هیچ کینەیەکی لەو نییە، کەواتە دەبێ پەرستشی مرۆڤ لە سنووری تواناکانیدا بێت، ئەمەش کاتێکە کە پێکهێنەرەکانی جیهانی ئەم ژیانە لە ژێر فەرمانیدا بن و کار و کردەوەی مرۆڤ وەربگرن، هەروەها ئەو گۆڕانکارییە بەرەو نموونەی نێردراوی خودا بپەزێرن.

ئەم بڕیار و ڕێکخستنە خوداییەش ئەوە دەخوازێت کە مرۆڤ و باقی بوونەوەر تەواو پێکەوە گونجاو و تەبا بن.

بە پێچەوانەی هزری هیندۆسی گوماناوی و بە دژی بوودایی و جینیی، ئیسلام پێی وانیە کە ئەم جیهانی دنیایە دژ و پێچەوانەی بەرژەوەندیی و سەرکەوتنی ئاینی بێت، واتە پێویستە قەبووڵ بکرێ و لەبەر خودی خۆی دژایەتی نەکرێت، چونکە گەردوون بە پێچەوانەوە ئەستۆپاك و خێرخوازە و بە جۆرێك دروستکراوە کە مرۆڤ بەئاسانی بەکاری بهێنێ و چێژی لێوەربگرێت، لە دروستبوون و پێکهاتەی گەردووندا، شەڕ و خراپەکاریی بوونی نیە، چونکە شەڕ دەرەنجامی خراپ بەکارهێنانی دراوەکانی گەردوونە لەلایەن مرۆڤەوە، تەنها خراپەیەکیش کە پێویستە ڕەتبکرێتەوە و دوژمنایەتی بکرێت بریتییە لە بەکارهێنانی دراوەکانی بوون بە ڕێگایەکی نائەخلاقییانە، هەر ئەمەشە هۆکاریی ئەوەی کە ئەخلاقییەتی ئیسلام لەسەر بنەمای دنیا نەویستی بینا نەکراوە.

بەشێك لە ڕێنماییەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بۆ یارەکانی ئەوەبوو کە لە پەرستندا زیادەڕەویی نەکەن و دوورنەکەنەوە لە هاوسەرگیری و زیادەڕەویی نەکەن لە ڕۆژووگرتن و شتەکان بەشووم نەزانن و ڕووتاڵ نەکەن و لە ڕەمەزاندا بەزوویی ڕۆژوو بشکێنن و پێشیخەن بەسەر نوێژی مەغریبدا و پاکژیی جەستە و

دەمودانیـان بپـارێزن، خۆبڕازێننـەوە و بـۆنی خـۆش لـە خۆیـان بـدەن و جـوانترین پۆشاك لەبەر بکەن کاتێك دەڕۆن بۆ نوێژی جەماعەت و هاوسەرگیری بکـەن و مـافی پشوودان و نووستن بدەن بە لاشەی خۆیان و بـە وەرزش و هونـەر خۆیـان دڵخـۆش بکەن.

ئیسلام بە تەبیعەت فەرمان بە موسڵمان دەدات کە توانستەکانی بـەهێز بکـات و لــە خــۆی و لــە سروشــت و لــە جیهــانی دەوروبــەری تێبگــات و پێداویســتییە سروشتییەکانی وەك خۆراك و ماوا و سێکس و فرەبوون تێـر بکـات و هاوسـەنگی و هاودەنگیی لە پەیوەندییەکانی خۆی و مرۆڤەکانی تر و سروشـتدا بـەدی بهێنێـت و زەوی بکاتە باخێکی میوەدار و کێڵگەیەکی بەپیت و گوڵزارێکی قەشەنگ و باس لـە تێگەیشـتن و پێداویسـتی و ئارەزووەکـانی بکـات و لـە چـەند بەرهـەمێکی جوانـدا بەرجەسـتەیان بکـات. هـەموو ئەمانــە دەڕۆنــە نـاو چـەمکی مێـژوو و چـەمکی کەلتوورەوە، چونکە ناوەڕۆکی ویستی خودا و بەردەوامبوون لەسەری ئەوەیـە، کـە مێژوو دروست بکەیت و بە جوانترین شێوەی شیاو کەلتوور دابهێنیت.

کەواتە بەلای ئیسلامەوە، هەر کارێك شتێکی هەرچەند کەم بخاتـە سـەر بـەهای تێکڕایی گەردوون، دەچێتە ناو چەمکی خواپەرستییەوە، بـەو مەرجـەی لـەپێناوی ڕەزامەندیی خودا ئەنجامدرابێت، لەسەر ئەم بنەمایە، موسـڵمان بـە کـەمی نازانێـت ئەگەر گرنگی بە جەستەی بدات، یان حەزەکانی خۆی تێر بکات، چـونکە ئـەو وەك موسـڵمانێکی هۆشـیار پێـی وایـە کـە ئـەم تێرکردنـە پشـکێکی کەمـە لـە چـاو ئـەو نیعمەتانــەی لــە بەهەشــت چــاوەڕێی دەکــەن، ئەگــەر ئــەو بــەردەوام بێــت لــە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی پەروەردگار، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قُلْ مَنْ حَـرَّمَ زِينَةَ اللَّهِ الَّتِي أَخْرَجَ لِعِبَادِهِ وَالطَّيِّبَاتِ مِنَ الرِّزْقِ قُلْ هِيَ لِلَّذِينَ آمَنُوا فِي الْحَيَـاةِ الـدُّنْيَا خَالِصَةً يَوْمَ الْقِيَامَةِ كَذَلِكَ نُفَصِّلُ الْآيَاتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ﴾ (الاعراف: ٣٢).

هەروەها قورئان چەند جار دەستوورمان پێدەدات: ﴿يَا بَنِي آدَمَ خُذُوا زِينَتَكُمْ عِنْدَ كُلِّ مَسْجِدٍ وَكُلُوا وَاشْرَبُوا وَلَا تُسْرِفُوا إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ﴾ (الاعراف: ٣١).

ئەمەش بە ڕوونی دەمانگەیەنێتە ئەوەی کە لە پرۆسەی گۆڕینی سروشتدا کار و سەرکەوتن و دەسکەوت، گەورە و شکۆمەندن، و پێویستە زەوی بکێڵرێت بۆ ئەوەی بەروبوومی هەبێت. بەم شێوەیە بۆ جارێکی تر بنەمای نزیکبوونەوە لە خودا شکڵ دەگرێت، بەو شێوەیەی کە میزۆپۆتامیای دێرین زانیویانە و لە ئەنجامیدا زەوی دەبێتە مێرگێکی ڕازاوەی وەها کە مرۆڤ هەموو ئەو خۆراك و چێژەی پێویستیەتی تێیدا دەستی دەکەوێت.

قورئان جەختدەکاتەوە کە خودا بوونەوەری بۆ مرۆڤ خولّقاندووە و هەرچی لە بووندایە بە فەرمانی خودا ڕەخسێنراوە بۆ ئەو، تا بەکاریان بهێنێ و لێیان بەهرەمەند ببێت، واتە ئۆقیانووسەکان، ڕووبارەکان، کێوەکان، ئاسمانەکان، خۆر و مانگ، هەر هەموویان بۆ سوودمەندبوون و جوانی مرۆڤ دروستکراون، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿هُوَ الَّذِي أَنْزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً لَكُمْ مِنْهُ شَرَابٌ وَمِنْهُ شَجَرٌ فِيهِ تُسِيمُونَ (١٠) يُنْبِتُ لَكُمْ بِهِ الزَّرْعَ وَالزَّيْتُونَ وَالنَّخِيلَ وَالْأَعْنَابَ وَمِنْ كُلِّ الثَّمَرَاتِ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَةً لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ (١١) وَسَخَّرَ لَكُمُ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ وَالنُّجُومُ مُسَخَّرَاتٌ بِأَمْرِهِ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَعْقِلُونَ (١٢) وَمَا ذَرَأَ لَكُمْ فِي الْأَرْضِ مُخْتَلِفًا أَلْوَانُهُ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَةً لِقَوْمٍ يَذَّكَّرُونَ (١٣) وَهُوَ الَّذِي سَخَّرَ الْبَحْرَ لِتَأْكُلُوا مِنْهُ لَحْمًا طَرِيًّا وَتَسْتَخْرِجُوا مِنْهُ حِلْيَةً تَلْبَسُونَهَا وَتَرَى الْفُلْكَ مَوَاخِرَ فِيهِ وَلِتَبْتَغُوا مِنْ فَضْلِهِ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ (١٤) وَأَلْقَى فِي الْأَرْضِ رَوَاسِيَ أَنْ تَمِيدَ بِكُمْ وَأَنْهَارًا وَسُبُلًا لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ (١٥) وَعَلَامَاتٍ وَبِالنَّجْمِ هُمْ يَهْتَدُونَ (١٦) أَفَمَنْ يَخْلُقُ كَمَنْ لَا يَخْلُقُ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ (١٧) وَإِنْ تَعُدُّوا نِعْمَةَ اللَّهِ لَا تُحْصُوهَا إِنَّ اللَّهَ لَغَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ (النحل: ١٠ – ١٨).

هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَاللَّهُ جَعَلَ لَكُمْ مِنْ بُيُوتِكُمْ سَكَنًا وَجَعَلَ لَكُمْ مِنْ جُلُودِ الْأَنْعَامِ بُيُوتًا تَسْتَخِفُّونَهَا يَوْمَ ظَعْنِكُمْ وَيَوْمَ إِقَامَتِكُمْ وَمِنْ أَصْوَافِهَا وَأَوْبَارِهَا وَأَشْعَارِهَا

أَثَاثًا وَمَتَاعًا إِلَى حِينٍ (٨٠) وَاللَّهُ جَعَلَ لَكُمْ مِمَّا خَلَقَ ظِلَالًا وَجَعَلَ لَكُمْ مِنَ الْجِبَالِ أَكْنَانًا وَجَعَلَ لَكُمْ سَرَابِيلَ تَقِيكُمُ الْحَرَّ وَسَرَابِيلَ تَقِيكُمْ بَأْسَكُمْ كَذَلِكَ يُتِمُّ نِعْمَتَهُ عَلَيْكُمْ لَعَلَّكُمْ تُسْلِمُونَ﴾ (النحل: ٨٠ – ٨١).

نەتەوەی ئیسلامیی پێشوازییەکی باش دەکات لە پەیوەندیی مرۆڤ بە دەسەڵات و دامەزراندنی دەسەڵاتەوە. پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) دەفەرموێت: "من مات وليس في عنقه بيعة مات ميتة جاهلية"، واتە: هەر کەس بمرێت و پەیمانی پێشەوای لە ئەستۆ نەبێ بە نەریتێکی جاهیلییانە مردووە. خودا خۆی بڕیاریداوە دەوڵەت و سیستمی سیاسی و بەشداریکردن لە کاری سیاسی ئەرکێکی ئاینی بێت، کەواتە کاری دەسەڵاتدار بریتییە لە جێبەجێکردنی شەرعی خودا و ئەرکی خەڵکیش بریتییە لە گوێڕایەڵیی ئەو شەرعە و دڵسۆزیی و ئامۆژگاریی بۆ دەسەڵاتدار وهاوکاریکردنی بۆ بەرپاکردنی شەریعەت، ئەرکی دەسەڵاتدار و خەڵکیشە پێکەوە هەوڵەکانیان چڕ بکەنەوە بۆ قووڵکردنەوەی ئەم پراکتیزەکردنە، بۆ ئەوەی بەگشتیی پێوەی پابەند بن و بە ئاسۆییش پراکتیزەکردنەکەی فراوانتر ببێت، هەتا جیهانیبوونەکەی دەستەبەر ببێت، هەر ئەمەشە بەرجەستەکردنی کۆتایی ئەو ڕەهایەی کە ئیسلام هەوڵی جێگیرکردنی دەدات و ڕایدەگەیەنێت، کە کارێکی مومکینە لەم زەوییەدا و لەم ژیانی دنیایەدا.

لە دیدگای ئیسلامەوە جێگایەك نییە بۆ مەملەکەتی خواوەند، کە ببێتە جێگرەوەی ئەم مەملەکەتە مرۆییە دنیاییە، وەك چۆن جێگایەك نیە بۆ قۆناغێکی ڕزگاربوون، تاکو ئەو شتەی لێرە ناکرێ بێتەدی، لەو جیهانەی تردا بە خێرێکی باڵاتر بەدی بێت، لەسەر حسابی ئەم جیهانە. لەهەمان کاتدا ئیسلام بە گشتی و بە وردەکاریی ڕەتیدەکاتەوە جیهانگەلێکی تر هەبێت جیاواز لەم جیهانە و لەگەڵ ئەم ڕەتکردنەوەیە جێگایەك نیە بۆ سزا و ئەشکەنجەدانی جەستە و ڕەتکردنەوەی ژیان و ڕەهبانییەت و دنیانەویستی. لەم ڕەتکردنەوەیە و لە جەختکردنەوەی لەسەر ژیان

لەم جیهانەدا، ئیسلام گەشتۆتە ئاستێك كە تۆمەتباركراوە بەوەی كە دنیاگەرایەكی ڕووتە.

لەڕاستیشدا ئیسلام دنیاگەرای ڕووت، بـەڵكو دنیاگەرایـەكی پاڵفتـەكراوە، ئەمـە دروست ئەو ڕۆڵەیە كـە ئاگـاداربوون لـە پێكڤـەبوونی خـودا و گیانپـەروەریی ژیـانی ئیسلامییانە دەیبینێت، كەواتە ئیسلام ڕێنماییمان دەكات بۆ ئەوەی تاقە ڕابـەرمان بۆ دنیاویسـتی جێبـەجێكردنی فـەرمانی خـوا بێـت بـە تێكۆشـان و پابەنـدبوون بـە سنوورەكانی ڕەوشت كە بـریتین لـە فـەرمان و ڕێگرییـەكانی خـودا، ئەمەیـە مانـای دروستی عیرفان و گیانپەروەری ئیسلامییانە، كە جۆرێك نیە لە ژیانێكی دابڕاوانە بۆ نوێژ و زیكركردن، جەسـتە بـەختكردن لەبـەر ڕۆح، ڕەتكردنـەوەی خـود و دنیـاش، خۆبەستنەوە بە مەملەكەتێك كە هیـوای دروسـتبوونی نیـە لـە شـوێن و كـاتی ئـەم دنیایەدا.

نەخێر بە پێچەوانەی هەموو ئەمانەوە گیانپەروەرییەكە كە بەتەواوی و بە پـاكی چێژ وەربگریت لە ژیانی ئەم دنیایە و لەهـەمان كاتـدا هـەوڵی بـەردەوام بـدەیت بـۆ چاككردن و ڕێكخستنی بە بنەماگەلێكی ڕەوشتی، دژ بە زیادەخۆری و بریندارکردن و ستەم و ڕقلێبوون و جیاكردنەوە.

# بەشی حەوتەم
# تەوحید بنەمای سیستمی کۆمەڵایەتی

## یەکەم: ناوازەیی ئیسلام:

لە ناو هەموو ئاین و شارستانێتییەکانی جیهاندا دەکرێ بڵێین ئیسلام لە ڕەهەندی کۆمەڵایەتییەوە ناوازەیە بە ڕەهایی، بۆ نموونە بە بەراورد بە ئاینەکانی دیکە، ئیسلام بەو شێوەیە ئاین پێناسە دەکات کە حاڵەتێکی تایبەتمەندە بە خودی ژیان و کات و شوێنی ژیان و پرۆسەی مێژوو لە هەمان کاتدا ڕایدەگەیەنێت کە ژیان بێ تاوان و خێرەومەندە و جێی بایەخدانە، لەبەر ئەوەی ئافەریدەی خودایە و بەهرە و بەخششی ئەوە. لێرەوە ئیسلام ڕایدەگەیەنێت کە خودی کاروباری ژیان و پرسی کات و شوێن و پرۆسەی مێژوو، هەر هەموویان وان لە بەستێنی ئایندا، واتە ئەگەر مرۆڤ باش دەستکارییان بکات، دەبنە بناغەی پارێزگاریی و سەلاحەت و ئەگەر بە پێچەوانەی ویستی خوداشەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکات، دەبنە کرۆکی بەدئەمەکی و خراپەکاری.

کەواتە ئیسلام پەیوەندییەکی توندوتۆڵی هەیە بە هەموو دراوەکانی کات و شوێن و تێدەکۆشێت بۆ کۆنترۆڵکردنی هەموو ئەو شتانەی پەیوەستن بە مێژوو، بە دروستکراوان، بە نەژادی مرۆڤیشەوە، هەر بۆیە هەرچی توخمێکی ناو سروشتە بەلایەوە باش و خێر و بایەخدارە و ناکرێت بە هیچ شێوەیەك تەقوا و شکۆ لەسەر ڕەتکردنەوەی بنیات بنرێت.

ئیسلام لە مرۆڤ داوا دەکات کە بە زەویدا بڕۆن و چالاك بن بۆ بەدەستهێنانی خێرو بێرەکانی خۆراك و ئاو و جێی مانەوە و حەوانەوە و بۆ ئەوەی جیهانی دنیا بکەنە بەهەشت و چێژ وەربگرن لە هاوسەرگیری و دۆستایەتی و خۆشییەکانی ژیان، زانستەکان گەشە پێبدەن و فێری ببن و سوود لە سروشت وەربگرن، پێکەوە پەیوەندییان هەبێ و بنیاتی کۆمەڵایەتی و سیاسی دابمەزرێنن، هەموو ئەم کارانەش بەو شێوەیە بکەن کە خودا لە خۆیان ڕازی بکەن و هیچ جۆرە فێڵ و درۆیەك دزی و سوخرەگیرییەك نەکەن و ستەمیان بۆ هیچ کەس و دراوسێیەك و بۆ سروشت و

مێژوو نەبێت. هۆکاری وردی ئەوەش کە ئیسلام مرۆڤی ناوناوە جێنشین ئەوەیە، کە مرۆڤ ئەگەر بەم ئەرکانەی هەستا بەشێوەیەکی ڕاست و دروست واتە ویستی خواوەندی جێبەجێ کردووە.

وەك لە ناو ئەم باسەدا دواتر دەردەکەوێت، ئیسلام ئەم ئامانجانەی سەرەوە بە ئامانجی سروشتی هەموو مرۆڤێك هەژمار دەکات، کە دەکەونە چوارچێوەی ئەو مافە مرۆییانەی تێدەکۆشێت بۆ مسۆگەرکردنیان و تیۆری کۆمەڵایەتیی خۆی بەرمەبنای بەدیهێنانی ئەم ئامانجە دادەمەزرێنێت، جەختدەکاتەوە لەسەر پێویستبوونی سیستمی کۆمەڵایەتی هەر کاتێك مرۆڤ ویستی ئەم ئامانجە بە هەر ئەندازەیەك بەدی بهێنێت.

لە تەنیشتی ئەو ڕاستییەی کە کۆبوونەوەی مرۆڤەکان بابەتێکی سروشتییە ئیسلام ئەوەشی دەخاتە سەر کە زۆر پێویست و بەڵگەنەویستیشە، چونکە سیستمی کۆمەڵایەتی یا وردتر بڵێین، نەتەوە و وڵاتی ئیسلام بریتییە لە بەرزترین ئامانجی ئیسلام لە ژیانی دنیادا بە هەموو کات و شوێنێکیەوە، پەیوەندیی نەتەوەش بە ئاینی ئیسلامەوە نەتەنها ژیانبەخشە، بەڵکو یەکلاکەرەوەیشە. ئەوەی جێی سەرنجە، کە بەشێکی کەم لە شەریعەتی ئیسلام دەڕواتە بواری سرووت و پەرستن و ڕەوشتە تاکەکەسییە پوختەکانەوە، بەشی زۆری شەریعەت بریتییە لە موعامەلات، کە بە ناوەڕۆك کاروباری کۆمەڵایەتین.[1]

ئەمە بەو مانایە دێت، کە بەشی زۆری یاساکانی شەریعەت سەبارەت بە سیستمی کۆمەڵایەتین، لەگەڵ ئەمەشدا لایەنە کەسییەکانی ناو حوکمە تایبەتەکانی

[1] ئەگەر یاساکانی پەیوەست بە دەوڵەت و خێزان و دەسەڵاتی دادوەری و سزادان، کە بەهەمان ئەندازە لکاون بە باری کۆمەڵایەتییەوە بخەینە سەر موعامەلات بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە هەموو یاساکانی شەریعەتی ئیسلام بێجگە لە ژمارەیەکی کەم، کە تایبەتن بە سرووت و کاروباری تایبەت، هەر هەمووی یاسای ڕێکخستنی کاروبارە گشتییە کۆمەڵایەتییەکانن.

پەرستنەکان و سرووتەکانیش خاوەنی ڕەهەندی کۆمەڵایەتیی زۆر گرنگن کە ئەگەر ئەو ڕەهەندە لاواز یان ئینکار بکرێت، دەبێتە هۆی لەکارخستنیان بە حوکمی ئەو سروشتەی هەیانە. ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە هەندێك پەرستندا ڕوونە وەك حەج و زەکات، بەپێی سروشت و دەرەنجامیان، لە حاڵێکدا ڕەنگە ئەو ڕەهەندە لە هەندێکی تردا بەو شێوەیە ڕوون نەبێت، وەك نوێژ و ڕۆژوو. بەڵگەشمان ئەوەیە کە موسڵمانان کۆدەنگن لەوەی هەر نوێژێك خاوەنەکەی لە خراپە دوورنەخاتەوە، لای خوا وەرناگیرێت و ئەو حەجەیش کە بەرژەوەندی و قازانجی کۆمەڵایەتی بۆ حاجییەکە نەبێت، حەجێکی تێر و تەواو نییە.

لێرەدا با فەرموودەی خودا سەبارەت بە نوێژ بخوێنینەوە: ﴿اتْلُ مَا أُوحِيَ إِلَيْكَ مِنَ الْكِتَابِ وَأَقِمِ الصَّلَاةَ إِنَّ الصَّلَاةَ تَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنْكَرِ وَلَذِكْرُ اللَّهِ أَكْبَرُ وَاللَّهُ يَعْلَمُ مَا تَصْنَعُونَ﴾ (العنكبوت: ٤٥).

سەبارەت بە حەجیش با ئەمە بخوێنینەوە: ﴿وَإِذْ بَوَّأْنَا لِإِبْرَاهِيمَ مَكَانَ الْبَيْتِ أَنْ لَا تُشْرِكْ بِي شَيْئًا وَطَهِّرْ بَيْتِيَ لِلطَّائِفِينَ وَالْقَائِمِينَ وَالرُّكَّعِ السُّجُودِ (٢٦) وَأَذِّنْ فِي النَّاسِ بِالْحَجِّ يَأْتُوكَ رِجَالًا وَعَلَى كُلِّ ضَامِرٍ يَأْتِينَ مِنْ كُلِّ فَجٍّ عَمِيقٍ (٢٧) لِيَشْهَدُوا مَنَافِعَ لَهُمْ وَيَذْكُرُوا اسْمَ اللَّهِ فِي أَيَّامٍ مَعْلُومَاتٍ عَلَى مَا رَزَقَهُمْ مِنْ بَهِيمَةِ الْأَنْعَامِ فَكُلُوا مِنْهَا وَأَطْعِمُوا الْبَائِسَ الْفَقِيرَ﴾ (الحج: ٢٦ – ٢٨).

پوختەی قسان سیستمی کۆمەڵایەتی وەك دڵ وایە لە ئیسلامدا و هەمیشە وا لە پێش بابەتە کەسییەکانەوە، ڕاستە ئیسلام کاری تاکەکەسی کردۆتە پێشمەرجی کاری کۆمەڵایەتی، بەڵام پێیوایە هەر کەسایەتییەك لە سنووری کارە کەسییەکاندا بوەستێت و تێنەپەڕێت بۆ کاری کۆمەڵایەتی ئەوە لە ڕێگای ڕاست لایداوە.

ئیسلام هاوڕایە لەگەڵ هەموو ئەو ئاینانەدا کە گرنگی دەدەن بە چاندنی بەها کەسییەکان و بڕوای وایە کە ئەم بەهایانە (لە پێش هەموویانەوە لەخواترسان و دڵسۆزیی و دڵپاکی و خۆبەکەمزانی و خێرویستی و پابەندبوون بەخێر و هەموو ئەو

بەهایانەی وەك كانت دەڵـێ دەبـەرگری خێـر ویسـتین و هـەموو ئـەو بەهایانـەی لـە زاراوەی كلاسیكی مرۆڤی دۆستی هەمواندا جێی دەبێتـەوە)، بـە شـێوەیەكی ڕەهـا پێویستن و بەڵكو مەرجی هەموو گـەورەیی و چـاكەیەكن، بـەڵام ئیسـلام پێـی وایـە هەموو ئەم بەهایانە و هـەوڵ بۆیـان بـە نـەزۆكی دەمێننـەوە ئەگـەر هـەڵگرەكانیان زیادەیەكی كردەیی نەخەنە سەر چاكەی خەڵك و بەرژەوەنـدیی نـاو كۆمـەڵگا، لـەم ڕوانگەیەوە ئەم ڕاستییانەی خوارەوە دروست دەبن:

**١- جیابوونەوە لە ئاینەكانی هیندستان:** هەندێك لە ئاینەكان، بەتایبەت ئـاینی هیندۆسی و بوودایی، ژیانی دنیا بە شەڕ دەبینن و چاویان لەسەر دژەكەیەتی، واتە لەسەر ڕزگاربوونە لێی و هەر ئەوەش بە ڕزگاری و ڕەهایی دەزانن.

جگە لەمە بابـەتی ڕزگـارییش بـە كـارێكی تاكەكەسـی لەقەڵەمـدەدەن، چـونكە ڕزگاربوون بە حاڵەتێكی ڕۆشنبوونەوە پێناسە دەكەن، كە هـەر دەبێـت حاڵـەتێكی تایبەتی تاكەكەس بێت، هەرچی جۆشخواردنە لەگەڵ دراوە دنیاییەكان بەمەبەستی دەوڵەمەند، یان زیادكردنیـان و چـڕكردنەوەی شـتەكان لـە چوارچـێوەی دنیـادا بـە خراپ و بە شەڕ دەزانن.

ئەم ئاینانە هەرگیز ڕێگا بە پەیڕەوەكانیان نادەن كە تێكـەڵی ژیـانی دنیـا بـبن، مەگـەر بـە دیـوە نەرێنییەكەیـدا، واتـە مەگـەر بـۆ ئـەوەی بـە تـەواویی لـە كـۆت و بەندەكانی، یان لە یاسای هەمیشەیی خودیی ڕزگاریان ببێت، ئیتر ئـەم ڕزگاربوونـە بۆ تاكە بكەرێك بێت وەك لە هیندۆسییدا هەیە، یان بۆ ژمارەیەك بكەر و چـالاكوانی پەیامـدار بـێ، وەك لـە بووداییـدا بـوونی هەیـە جیـاوازی نیـە، چـونكە لـە هـەردوو حاڵەكەدا ڕەهەندی تاكەكەس نەتەنها لە پێشە، بەڵكو بۆخۆی پرۆسـەی ڕەوشـت و ڕزگاربوون بە تەواوی پێكدەهێنێت.

لـە ڕوویـەكی تـرەوە كـاری كۆمەڵایـەتیی مـرۆڤ، چ لـە بـواری ئابووریـدا، یـان سیاسیدا، لە ڕوانگەی هیندۆسییەوە بە شەڕ و خراپ دانراوە، چـونكە بـە سروشـت

دەبێتــە هــۆی درێژبوونــەوەی تەمــەنی ئــەم جیهانــە، واتــە درێژەکێشــانی ژیــانی بایۆلۆجی و مادی و ئابووری و سیاسی و زۆربوونەکەشی مسۆگەر دەکات.(١)

ج ـ ئێستا کە دەبینین هیندۆسییەکان سیستمێکی کۆمەڵایەتییان بەرهەمهێناوە (دەوڵەت و ئیمپراتۆری و شارستانێتی و کۆمەڵگایەکی مرۆیی تایبەت) و تا هەنووکە بەردەوامە، ئەم کارەیان پێچەوانەی ڕوانگە ڕۆشنگەرییە هیندۆسییەکەیە.

خۆ ئەگەر سیستمی کۆمەڵایەتی هیندۆسی لە ڕوانگەی نەریتی ئاینی خۆیانــەوە بنەمایــەکی بــۆ ڕێپێــدان هــەبووبێ، کــە بریتییــە لــە پێویســتبوونی ڕێگاچــارەیەکی مامناوەنـد بەرامبــەر شــتێکی حــەتمی و حاشــاهەڵنەگر وەکــو چاوپۆشــییەك ئەگــەر نەبوایە حاڵی بەرەهمــەن باشــتر دەبــوو، لەبەرامبــەردا بوودایــیەکان بــۆ ســەلماندنی هەوڵی سیاسییانە دەتوانن نموونە بە ئەشۆکا بهێننەوە، کە هەوڵیدا یارمەتی خەڵك بــدات بــۆ ڕزگــاریی دڵخــوای خۆیــان لــەم ژیانــە. لــەم بــارەوە بــوودا سیســتمێکی کۆمەڵایەتی ڕێکخســت کــە بــە ســانگا دەناســرێت و یەکــەمین کۆڕبەنــدی ڕاهیبــان و هەڵوەدایانی ڕزگاری بووە.(٢)

**٢ـ جیابوونەوە لە یەهوودییەت:** لە جەمسەری ئەوسەری ڕەنگی ئاینەکانەوە، لە خاڵێکی تەواو پێچەوانەی ئاینــە هیندییەکانــەوە حــاڵی عیبرییــەکان دەبیــنین، وەك ئەوەی خۆیان دەبینن و بەپێی ئەوەی لە تۆماری ڕوانگەی خۆیان لە کتێبی پــیرۆز، یان تەوراتدا هاتووە، گەلێکن جیاواز لە ڕەگەزی مرۆڤ، ئەوان کوڕ و کچی خواوەندن و ئەم پەیوەندییە تایبەتەیان بەخوداوە ئەوە دەخوازێت کە جیــاواز بــن لــە هــەموو مرۆڤایەتی، ئەو شــەریعەتش کــە نێــردراوە بۆیــان، تــەنها بەســەر ئەوانــدا جێبــەجێ دەبێت و کەسانی تر ناگرێتەوە، ئەو سیستمە کۆمەڵایەتییەش کە لەو شەریعەتە و

---

[1] Mutri , The Central Philosophy ,P.19 & Robert Zaehner ,Hinduism ,New York :Oxford University Press,1966,pp125-126.
[2] John B.Noss , Man ,s Religious.New York : Macmillan , 1974 ,pp 126-127.

فرمـان و ڕێگرییـەکانی پەیـدا دەبـێ، تایبـەت بـە خۆیانـە و هـی کەسـی تـر نییـە، ئاینەکەشیان ئاینی خێڵە و سوود و زیانیشی بە پێی سوود و زیانی ئەو خێڵە دیاری دەکرێـت. ئـەم سیسـتمە کۆمەڵایەتییـە بنەمایـەکی بـایۆلۆجی هەیـە، یـەهوود ئـەو کەسانەن کـە بـە یەهوودییـەت لـەدایك دەبـن، کەواتـە زۆر بـە جیـددی ڕێگـری لـەو کەسانە دەکرێت کە دەیانەوێت ببن بە جوو، بۆ ئـەو بـوون بـە یـەهوودی کـەمترین بواری پێ بدرێت، کە ئەمەش وێنەیـەکی ڕەگەزپەرسـتیی نەفامانەیـە جگـە لـەوەی خاڵییە لە هـەر جـۆرە بەهایـەکی پـیرۆزی وەك جـوامێری و ئازایـەتی و پیـاوەتی و بەخشندەیی، کە لە خراپەی پێکهات کەمدەکەنەوە.

مێژووی عیبری وەکـو لـە وێنـە ئایدیاڵەکـەی و ئـەو پیرۆزییـە ئاساییەی لـەڕێی تەوراتەوە پێیدراوە و وەك ئەوەی لە پێشـبینی و ئـەدەبیاتی نـاو پـەیمانی دێرینـدا دەرکەوتووە، پڕە لە پێچەوانە و دژی ئەو بایەخانە.[1]

عیبرانییەکان و وەچەکانیان لە یەهوود، لە هیچ کۆششێك درێغیان نەکردووە بـۆ هێشـتنەوەی خێڵایـەتی لەسـەر حسـابی شـکۆ و دادگـەری و هەوڵیانـداوە ڕەگـەزی خۆیان بپارێزن بـاوەکو لـەو پێناوەشـدا واز لـە تـەقوا و فەزیڵـەت بهێـنن. تەنانـەت کاتێك پێویستە تۆزی ئیبراهیم بپارێزن، سنووری پیرۆزترین شەریعەتی تایبـەت بـە نەوەی ئیسرائیل پێشێل دەکرێ وەك حەرامکردنی زینـای مەحرەمـەکان و زینـا بـە شێوەیەکی گشتی.

**با لە سیفری تەکوین بخوێنینەوە:**

لووت لە سووغەر بەرزبوویەوە و لە شاخ نیشتەجێ بوو، دوو کچەکەشـی لەگـەڵ بـوو، چـونکە ترسـا لـە سـووغەر نیشـتەجێ بێـت ٣١، خـۆی و دوو کچـەکەی لـە ئەشکەوت نیشتەجێ بوون، کچە گەورەکەی بە بچووکەکەی وت: باوکمان پیر بـووە

---

[1] بڕوانە: د.اسماعيل راجي الفاروقي، أصول الصهيونية في الدين اليهودي، القاهرة: المعهد العالي للدراسات العربية، ١٩٦٣.

و له زەویشدا پیاوێك نییە بێتە لامان وەك نەریتی هەموو زەوی.٣٢ وەرە با عارەقی بدەینێ و لەگەڵی بخەوین و وەچەیەك لە باوكمان زیندوو بكەینـەوە.٣٣ ئـەو شـەوە عارەقیان بە باوكیان نۆشی و گەورەكە چـووە ژوورەوە بـۆ لای و لەگـەڵی خـەوت و باوكی نە بە لەگەڵ خەوتنەكە و نە بە هەستانەكەی نەزانی. ٣٤ بۆ سـبەینێ ڕوویـدا كە گەورەكە وتی بە گچكەكە: من دوێ شەو لەگـەڵ بـاوكم خـەوتم. ئەمشـەویش بـا عارەقی پی بنۆشـین و تـۆیش بـڕۆ ژوورەوە لەگـەڵی بخـەوە بـا لـە باوكمـان وەچـە زیندوو بكەینەوە. ٣٥ لەو شەوەشـدا عارەقیـان نۆشـاند بـە باوكیـان و گچـكەكەش هەستا لەگەڵ باوكی خەوت بە بێ ئەوەی بە لەگەڵ خەوتن و هەستانی بزانێـت. ٣٦ دوو كچەكەی لووت لە باوكیان دووگیان بوون. ٣٧ گەورەكەیان كوڕێكی بـوو ناوینـا موئاب كە تا ئەمڕۆ باوكی موئابییەكانە. ٣٨ و بچووكەكەش كوڕێكی بوو ناوینـا بـن عەممی، كە باوكی بەنو عەمونەكانی ئەمڕۆیە.(١)

٣- **جیابوونەوە لە مەسـیحییەت:** ئـاینی مەسـیحییەت لـە سـەرەتای بوونیـەوە نموونەی كاردانەوە بوو لەسەر ئەم خۆپەرستییە ترسناكەی یەهوودییان كە لە كاتی هاتنی حەزرەتی عیسادا (سـڵاوی خـوای لەسـەر) بەتـەواوی چەقیبەسـتبوو لەسـەر دەقەكان و هیچ پەیوەندییەكیان بـە ڕۆحـی ئـەو دەقانـەوە نـەبوو، لێـرەوە دەبـوو بانگەوازی عیسا هەم جیهانی و هەم تاكەكەسی بێت، واتە ڕووی لە ناخی مرۆڤ بێت، هەستیاری عیسـا سـەبارەت بـە خراپـەكاریی ڕەگەزپەرسـتیی جووەكـان، گەیشـتە ئەوەی هەر پێشنیارێك بۆنی كەمترین ڕێز و بەگەورەدانان بۆ خزمـەكانی ئـەوی لـێ بێـت بـەهۆی خزمایەتییـەوە، تـووڕە و خـەشمگینی دەكـرد، بـا لـە ئینجیلـی مـەتا بخوێنینەوە:

---

(١) بڕوانە: الكتاب المقدس سفر التكوين، الاصحاح التاسع عشر، ٣٠ – ٣٨.

٤٦ لەو کاتەدا قسەی بۆ خەڵکانێك دەکرد دایك و براکانی لە دەرەوە وەستابوون، دەیانویست قسەی لەگەڵ بکەن. ٤٧ یەکێك پێی وت: ئەوە دایك و براکانت لە دەرەوە وەستاون دەیانەوێت قسەت لەگەڵ بکەن. ٤٨ ئەو وتی بەو کەسە: کێ دایکی منە و کێن براکانی من؟ ٤٩ ئینجا دەستی درێژکرد بۆ لای شاگردەکانی و وتی: ها دایك و براکانم. ٥٠ چونکە ئەو کەسەی ویستی خودای من کە لە ئاسمانەکانە جێبەجێ دەکات دەبێتە برا و خوشك و دایکی من[١].

**هەمان بابەت لە ئینجیلی مەرقوسیشدا هاتووە.[٢]**

ئەم بانگەوازە تەواو ئەخلاقییەی عیسا وا چاوەڕوان دەکرا گەشە بکات و ببێتە بانگەوازێکی ڕیفۆرمخواز بۆ ڕاستکردنەوەی زیادەڕەوییەکانی یەهوود و پەیڕەوانیشی هەر سامییەکان واتە فەلەستینی و دراوسێکانیان بن، بەلام ئەم بانگەوازە پاش زاڵبوونی یۆنانییەکان بەسەریدا گۆڕدرا بۆ ئاینێکی گنۆسیی دیکە.[٣] خودای سامییەکان بووە باب لە سێ کوچکەیەکی پیرۆزدا، کە کوچکەی دووەمی شکڵ و شێوەی میترا و ئەدۆنیسی وەرگرت، دەمرێ و هەڵدەستێتەوە بۆ پێشکەشکردنی ڕزگار بوون لەڕێی هەناسەپێدانەوە.[٤]

بانگەوازی عیسایی کە ڕووی وتاری لە ناخی مرۆڤە لەگەڵ تایبەتمەندیی ڕق و کینەی نەشیاو بۆ ماددە، کە سیفەتی گنۆسییەتە یەکیان گرت لە ئەنجامدا ڕەوتی ڕەخنەگەریی لە سیاسەتی خێڵگەرایی یەهوودییەت گۆڕدرا بۆ ڕیسواکردنی خودی

---

[١] العهد الجديد، انجيل متى: الاصحاح الثاني عشر، ٤٦ – ٥٠.

[٢] العهد الجديد : انجيل مرقص، الاصحاح الثالث، ٣١ – ٣٥.

[3] Franz Cumont , Oriental Religions in Roman Paganism, New York : Dover Publications ,1956, P.210.

[4].,P.117,P 134 Ibid.

M.John Robertson, Pagan Christ ,Secaucus,N.J.:University Books ,1911,PP.108 FF.

Carl Cleman , Primitive Christianity and Its Non Jowish Sources ,Tr.Robert G.Nisbet, Edinburg : T & T. Clark , 1912 ,PP. 182 FF.

دەوڵـەت و سـەروبەری ژیـانی سیاسـی، جیاکردنـەوەی هاوڵاتیـان و کۆیلـەکان و بڕوابـوون بـە نـەبوونی شـیاوێتی شارسـتانیی و سیاسـی بـۆ کۆیلـەکان، بوونـە سەرەتایەك بۆ جیاکردنەوەی کڵێسا و دەوڵەت.

ڕاستە کڵێسای مەسیحی بۆ ماوەیەك هـەژموونی سیاسـی هـەبووە و تیـۆری دوو شمشێر بەگشتی قەبووڵ کراوە لایان، بـەڵام ئـەم هـەژموون و تیۆرییـە پێچـەوانەی ویـژدانی ئەسـڵیی مەسـیحیەت بـوون، ئـەو ویژدانـەی لـە کەسـێکی وەك لۆسـەردا یاخیبوونی ڕاگەیاند و مەسیحیەتی گێڕایەوە بـۆ ئـەو قەفـەزەی بنـەمای یەکـەمینی بۆی دروست کردبوو. حاڵی حازر مەسیحییەکت بە دەگمـەن دەسـت دەکـەوێت کـە بڕوای بەو تیۆرییـەی پەیوەنـدی نێـوان دەوڵـەت و کڵێسـای سـەدەکانی ناوەڕاسـت هەبێت، چونکە ئێستا هیچ مەسیحییەك نەماوە کە ڕازی بێت کڵێسا هـیچ پشـکێکی لە ژیانی سیاسی هەبێت جگە لەوەی ڕەخنەگربێت لە دەرەوە.(١)

هەنووکـە لای مەسـیحییەت تیۆرییـەك سـەبارەت بـە کۆمـەڵگا بـوونی نیـە، تاوانبـارکردنی کـات و شـوێن و پرۆسـەی سیاسـەتکردن و خـۆلاکردن لـە هـەموو چـالاکییەکی دنیـایی و هـەژمارکردنی خـودی سیسـتمی کۆمەڵایـەتی، بـە شـتێکی لاوەکی و بێسوود لە پرۆسەی ڕزگاریدا، هەموو ئەمانە ڕێگرن لەوەی کە مەسیحیەت تیۆرییـەکی لـەمبارەوە هـەبێت، جگـە لـەوەی کـە بوترێـت سیسـتمی کۆمەڵایـەتی ناتوانێـت شـتێکی خـراپ نـەبێت و جگـە لـەوەی ئـەو سیسـتمە جیابکرێتـەوە لـە سیسـتمی بـەهرەی خـودایی، تەنانـەت بـوونی دنیـایی کڵێسـا، (نـەك بوونـە هەمیشەییەکەی وەك نوێنەری جەستەی مەسیح، کە ئەویش نە بەشێکە لەم جیهانە و نە بەشێکە لەناو جیهاندا)، تەنها نەوازشـێکی کاتییـە، لـەو سـاتە وەختانـەدا کـە ڕەوتی ژیانی ڕۆژانە بە کاری خێرخوازی و ئیمانەوە بەڕێوەدەچێت، بـەڵام ئەمـەش

[1] Carl Barth , Against the streem ,London : SCM Press, 1954, PP. 29-31.

بەبێ ڕەچاوکردنی کاری بەرنامەدار و یاسا وەك دوو بابەتی گرنگ، بەڕەچاوکردنی خودی مێژوو وەك شتێکی ناپەیوەست و بێهوودە.

دەبێ قبووڵی بکەین کە ژمارەیەك بیرمەندی مەسیحیی لە ئەورووپا و ئەمەریکای باکوور لە سەردەمی شۆڕشی پیشەسازییەوە، زۆر شێلگیرانە گەڕاون بۆ نەخشەگەلێکی بالاتر سەبارەت بە دادگەریی کۆمەڵایەتی و لەم ڕووەوە هەندێکیشیان داڕشتووە، لەگەڵ ئەمەشدا ئەوەی لەم بوارەدا بەدەستیان هێناوە، مەسیحیەتی لەم دژایەتییەی ژیانی دنیا دەرباز نەکردووە. وێڕای گرنگیی کارەکەیان و ئەو سوودە زۆرەی کە هەیبوو لە سووکردنی باری مەینەتی هەژاران و سازدانی جۆرێك هەستکردن بە دادگەریی و ڕەوشتبەرزی لە سیستمی سیاسیدا، بەڵام لە ڕووی هزری و مەعریفییەوە هیچ بەهایەکی نییە[1]. چونکە هیچ کامیان ئەو ئازایەتیەی نەبوو کە کارێك بکات بۆ ڕیفۆرمکردن لە پرانسیپە لۆجیکییەکانی بڕوای مەسیحییەتدا. کە ئەوانیش بریتین لە سروشتی خواوەند و ئامانج لە بوون و سروشت و چارەنووسی مرۆڤ. تا ئەم ڕیفۆرمەش نەکرێت، هزری مەسیحیی بەردەوام ناتەبایە لەگەڵ خۆی، دەسکەوتی هەرچەند بێت لە داڕشتنی پرۆژەگەلی دادگەریی کۆمەڵایەتیدا.

**٤- جیابوونەوە لە سیکۆلاریزمی مۆدێرن:** زۆر بە ڕوونی دیارە کە سیستمی کۆمەڵایەتی ئیسلام تەواو پێچەوانەی سیکۆلاریزمی نوێیە، سیکۆلاریزمی نوێ تێدەکۆشێت بۆ ئەوەی ئاین هیچ ڕۆڵێکی نەبێت لە جێگیرکردنی هەرشتێکی وابەستە بە ژیانی گشتییەوە، بەڵگەش بەوە دەهێنێتەوە وەك لە مێژووی سیکۆلاریزمی خۆرئاوادا دەرکەوتووە، کە ئاین بە قازانجی یەك کەرتی ناو کۆمەڵ تەواو دەبێ کە بریتییە لە کڵێسا لەسەر حسابی ئەوانی تر، لەبەر ئەوەی پێکهاتەی ناوخۆی کڵێسا و بڕیاردان تیایدا سوڵتەگەرانەبوو، لە هەمان کاتدا کۆمەڵگا هیچ

[1] Al Farouqi , Christian Ethics ,PP.279 FF.

نوێنەرایەتیەکی لە کلێسادا نەبوو، بۆیە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتیی گەیشتبووە ئاستی سەرکێشی و جۆرێك بوو لە جۆرەکانی بێگاریی و چەوساندنەوەی خەڵك لەلایەن گرووپێکی تایبەتەوە.

ئەم بەڵگەیە بەتەواوی سەبارەت بە خۆرئاوا ڕاستە، لەوڕووەوە کە کلێسای کاسۆلیکی تەنها توێژێك بووە لە دانیشتووان و مەسیحیەتی کاسۆلیك خۆی وەك سەرچاوەی دەسەڵاتدار و خاوەن بەرژەوەندیی تایبەت لەسەر حسابی باقی خەڵك جێگیر کردبوو، ئەم کلێسایە چەندین سەدەی درێژخایەن هەژموونی بەسەر دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریی ئەورووپاوە هەبوو، بۆیە سروشتی بوو کە هەر بزاڤێکی ڕزگاریخوازی کۆمەڵایەتی سیاسی و ئابووری، شێوەی بزاڤێکی تێکۆشانی دژ بە کلێسا وەربگرێت[1].

لە سەدەیەکی دواتردا سیکۆلاریزم بەرنامەی خۆی لەسەر ئەو بانگەشەیە دامەزراند، کە کاروباری گشتی بە پێی ئەو بەهایانە دانەنرێت کە لە ئاینەوە هەڵقوڵاوون، گوایا ئاین سەرچاوەیەکی متمانەپێکراو نییە[2]. سیکۆلاریزم پێی وابوو کە ئاین سەرچاوەیەکی ناعەقڵانی و خورافییانەیە، لەسەر چەند گوتەزایەکی بێ بەڵگە دامەزراوە، ئەم تۆمەتانە ئەگەر ڕووبەڕووی مەسیحیەت، یان ئەو ئاینانەی بڕوای خۆیان بە بێ بەڵگەی دروست داناوە، یاخود ئەو ئاینانەی بە قۆناغێکی لاوازیدا تێدەپەڕن، بکرێنەوە، دەشێت مرۆڤ لێیان تێبگات، بەڵام هەرگیز لە دوورو نزیکەوە ناشێت بدرێن لەو ئاینانەی بڕواکانیان لەگەڵ سروشت و فیترەت گونجاون،

---

[1] بۆ زانیاری وردتر سەبارەت بە لیستی بیردۆزە و تیۆریسیەنەکانی لایەنە ئابووریی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاکارییەکانی ڕیفۆرم لە خۆرئاوا بگەڕێوە بۆ زاراوەی اصلاح و بزاڤەکانی اصلاح لە بەرگی نۆیەم، ل٤١٧ – ٤١٨، مەوسوعەی:

The New Schaff – Hertozog Encyclopedia of Religions Nnowledge.

[2] New York : Macmillan ,1965.Harvex Cox , The Secular City.

واتە ئەو ئاینانەی پێوەرە عەقڵییەکان بە دروست دادەنێن بە گشتی، هەروەها نابێ ڕوو بکاتە ئەو ئاینانەی خاوەنی بزاڤی بووژاندنەوەن و دەیانەوێت لە دۆخی چەقبەستن و لاوازی دەرباز بن و بە پرۆژەی عەقڵانی و ڕەخنەگرانە گوتەکانیان وا دابڕێژن کە بەها مرۆییە ڕاستەقینەکان بەرجەستە بکەن.

لە زۆربەی کاتەکاندا سیکۆلاریزم لەسەر پایەگەلێکی ڕووکەش وەستا بوو، کاتێك وتی کە ئەو لەگەڵ سەردەمی زانست و واقیعیەت و پێشکەوتن یەکدەگرێتەوە، لە هەمان کاتدا ئاینی تۆمەتبار کرد بەوەی کە برەو دەدات بە بەهاگەلێکی دژ بەم بەهایانە، کە دیارە ئەم بۆچوونانە دوورن لە ڕاستییەوە و لە زۆربەی کاتەکاندا دووڕووانە دەردەکەون، چونکە کۆمەڵگایەك نیە کە لاف ئەو لێبدات کە بەڕەهایی بەهاکان لە کاروباری خۆی دووردەخاتەوە، یان بە بەهاگەلێکی وەرنەگیراو لە کەلەپووری ئاینییەکەی، خۆی بەڕێوە دەبات.

## دووەم: تەوحید و کۆمەڵگەرایی:

دەرەنجامی وتنی شایەتوومان (لا اله الا الله) بریتییە لە بڕوا بە خودا، کە هەر ئەو خولقێنەر و خاوەن و داوەری هەموو بوونەوەرە بەبێ هەمباز و هاوتا، ئەمەش واتە داننان بەو ڕاستییەدا کە مرۆڤ بۆ ئامانجێك دروستکراوە، چونکە کاری خودا ناشێت بێهوودە بێت و ئەم ئامانجانەش بریتییە لە وەدیهێنانی ویستی خودا سەبارەت بەم جیهانە، کە ژیانی مرۆڤ کردوویەتی بە شانۆی کردەوەی ئازاد و بەرپرسانەی خۆی، کە ئەمەش لە موسڵمان دەخوازێت بە جیددیەتەوە لە کات و شوێنی ژیان بڕوانێت، لەبەر ئەوەی سەرکەوتن و شکستی ئەو بەستراوە بە ڕەنگدانەوەی یاسا گەردوونییەکانی خودا لەو ساتە وەختانە و ئەو شوێنانەی ئەوی تێدا دەژی، خودای گەورە فەرمانی بەوداوە ئەم ئەرکە بە هاوکاری براکانی ئەنجام بدات.

له سایەی یەکتاپەرستیدا، ژیانی موسڵمان چاودێری و ڕێنماییەکی بەردەوامی لەسەرە، چونکە خودا هیچ شتێکی لە زەوی و ئاسماندا لێ شاراوە نیە و مرۆڤ هەرچییەك بکات چاکە بێت یان خراپە، بۆی تۆمار دەکرێت و ویستی خودا زۆر پەیوەندی بەم کارەوە هەیە و پێویستە مرۆڤ ڕەچاوی ویستی خودا بکات، بگرە ئامانجی ژیانی مرۆڤ لەسەر زەوی بۆ ئەوەیە کە ئەم یاسا خوداییە گەردوونییانە لە هەموو گۆشە و کەنارێکی جیهاندا بەرجەستە بن، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلْتَكُنْ مِنْكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ (١٠٤) وَلَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ تَفَرَّقُوا وَاخْتَلَفُوا مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْبَيِّنَاتُ وَأُولَئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾ (آل عمران: ١٠٤ – ١٠٥).

ئەم فەرمانەی خودایە، کە بووەتە پەیماننامە بۆ پێکهێنانی ئەم ئوممەتە و سەرچاوەی دەستوور بۆی، ئوممەت وەك کۆبەندێکی مرۆڤانە لەپێناوی بەدیهێنانی ویستی خودا لەسەر زەمین. ئەم ئوممەتە دامەزراوەیەکی گەردوونییە لەو ڕووەوە کە دەبێتە ئامڕازێکی وەها کە ڕەهەندی ڕەوشت وەك بەرزترین بەشی ویستی خودا دەگۆڕێت بۆ مێژوویەك، جالەبەر ئەوەی لە کاری ئەخلاقیدا پێویستە بکەر ئازادیش و جێی متمانە بێت کەواتە ئوممەتیش وەك کۆکەرەوەی ئەم بکەرە بەرەوشت و متمانەپێکراوانە پێویستە کراوە و ئازاد بێت و تەنها یەك رابەری هەبێت کە ئەویش ویستی خودایە، ئەو ویستەی کە بووەتە مایەی بوونی خودی مرۆڤ. با لە قورئانی پیرۆز ئەم وتەیەی خودا بخوێنینەوە: ﴿كُنْتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ﴾ (آل عمران: ١١٠).

ویستی خودا بە قورئانی پیرۆز و بە سوننەتی ڕاست و پاکی پێغەمبەر ڕوونکراوەتەوە، ئەم ویستە لە سروشتدا بڵاوبۆتەوە و بە کردەوە و بە ئەزموون بوونەتە یاسای نەگۆڕ، کە دەکرێ بە عەقڵ بدۆزرێنەوە و بخرێنە کار، لە هەمان کاتدا دەشێت یاساگەلێکی شاراوە بن و مرۆڤ لەڕێی توانستەکانی بۆچوون و

ژێرییەوە هەڵبگۆزرێن و لێیان قووڵ ببنەوە، وێڕای هەموو ئەمانە، ویستی خـودا بـە شێوەیەکی ڕوون و ڕەوان لە دەقی قورئاندا بەو زمانە عەرەبییە ڕوونە دەرکەوتووە و خودی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) بە ڕێگا و رەوشتی خۆی و بـە گوتـار و کردەوەکانی، نموونەی بەرجەستەکردنی واقیعی پێشکەش کـردووە، لەسەردەسـتی خۆی و یاران و شارەزایانی ئیسلام ناوەرۆکی ئەم ویسـتە ئیلاهییـە وەك دەرکەوتـە قورئانی و نەبەوییەکە کراونەتە ڕاستەشەقامی ڕێنمایی و بۆ ڕەوتی ژیـانی ڕۆژانـەی مرۆڤ. لەکاتێکدا شەریعەت لە رێژگە پێوانەییەکەیدا بە نەگۆڕ و پیرۆز دەزانین، بەڵام لە ڕێژگە ڕێنماییەکەیدا قابیلی ئەوەیە لەگەڵ پێداویستی و هەڵوێستەکانی دادگەری و دادخوازیـدا یەکبگرێتـەوە، بـە جۆرێـك کـە بەرژەوەندییـە مـادی و ئـەزموونی و ڕۆحییەکانی هەریەك لە تاك و ئوممەت بەدی بهێنێت.

ئەمەش بەومانایە دێت، کە شەریعەت لە ژێر کۆنترۆڵی دەسـەڵاتدار یـان خەڵکـدا نیە، لەبەر ئەوەی هەر کام لەمانە ملکەچن بۆ بڕیاری شەریعەت و دەسەڵاتدار تەنها جێبەجێکاری شەریعەتە و خەڵکیش چ بریکاری کارا بن یان لەسەر کردەوەی خەڵك ئـارامگر بـن، تـەنها ئـامڕازی جێبـەجێکردنی ئـەو شـەریعەتەن لـە سـاتەوەختێکی دیـاریکراوی کـات و شـوێندا. ئوممـەت کۆمەڵەیـەکی یاسـادانەر نییـە کـە یاسـا بخوڵقێنێت و یاسـاش گوزارشـت لـە ویسـتی گشـتی جـەماوەر ناکـات، بـەڵکو یاسـا سەرچاوەکەی خودایە و لەم ڕووەوە باڵایە و باڵادەسـتی نیـە، کـاتێکیش موسـڵمان دەڵێـت: حـوکم تـەنها هـی خودایـە و خـودا پـەروەردگاری جیهانیانـە و خـاوەنی هەرچییەکە کە لە ئاسمانەکان و زەویدایە و کەس بۆی نییە قسە لە بڕیاری خـودادا بکات و ئەمەش کرۆکی ئەزموونە ئاینییەکەیەتی، مەبەستی ئەوەیە ڕاییگەیەنێت کە پابەنـدە بـە ویسـتی خـودا و فـەرمانڕەوایی ڕەهـای ئـەوی بەسـەر هـەموو دروستکراوەکاندا قبووڵکردووە. بەم تێگەیشتنە، شەریعەت تاکە خاوەنی دەسەڵاتی سیاسییە لە ناو ئوممەتدا، نەك دەسەڵاتدار، کە تەنها جێبەجێکاریەتی و بەس. لەم

ڕوانگەوە ئوممەت دەبێتە بەڕێوەبەری حکومەتی یاساگەلێکی شەرعی، واتە وەك کۆمارێکی لێدێت کە فەرمانڕەواییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شەریعەت.

ڕوون و ئاشکرایە، کە ئوممەت حکومەتی پیاوە ئاینییەکان نییە لەو ڕووەوە کە کەس بۆی نییە خۆی بە پیرۆز دابنێت و بەناوی خوداوە حوکم بکات، حکومەتێکی دیموکراسی، یان کەمینەی دەوڵەمەند، یان تاکەکەسی ڕەها نییە. کەواتە نە گرووپێك لە خەڵك و نە هەموو خەڵکیش ئەو مافەیان نییە کە ببنە سەرچاوەی یاسا، تا لە ئەنجامدا بڵێین ئامانجی حوکمی سیاسی ڕازیکردنی ئەو کەسە، یان ئەو گرووپە، یان کۆی خەڵکە، چونکە سەرچاوەی شەرعی بوونی ئوممەت و کارەکانی ئەوەیە کە فەرمانەکانی خودا جێبەجێ بکەن، هەرکاتێکیش جێبەجێکردنی یاساکانی شەریعەت بەسەر هەموو کاروبارەکانی ئوممەتدا پەکخرا، ئەوا ئوممەت تایبەتمەندییە ئیسلامەکەی لەدەست دەدات و قابیلی ئەوەیە شۆڕش بەسەر دۆخە ڕۆچووەکەیدا بکرێت، بەڵکو لەو حاڵەتەدا شۆڕشکردن دەبێتە واجبێك لەسەر هاوڵاتیانی موسڵمان، بۆ وەڵامدانەوەی فرمانی خودا: ﴿وَلْتَكُنْ مِنْكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾ (آل عمران: ١٠٤).

## سێیەم: چەند ناوەڕۆکێکی تیۆریی:

بەدیهێنانی ویستی خودا و بەرجەستەکردنی بەهاکان لە واقیعدا پێویستی بە بوونی ئوممەتە واتە بوونی پێکهاتەیەکی مرۆیی پێکەوە بەستراو کە بەپێی بڕیاری خودا کار بکات، پێداویستیی بوونی ئوممەت دەگەڕێتەوە بۆ ئەم ڕەهەندانەی خوارەوە کە هەر هەموویان دەرەنجامی سروشتیی ئەزموونی ئاینین لە ئیسلامدا:

١ـ ڕەنگی گشتی ژیانی ئیسلامییانە: ڕەوشتمەندبوونی نیەت پەیوەستە بە ئەندازەی پابەندبوونی خاوەنەکەی پێیەوە لەو ساتەوەختەدا کە هێشتا دەرینەبڕیوە، پاشان پەیوەستبوونی بەنیەتەوە لە کاتی هۆشیارییدا، لەم قۆناغەدا

هـيچ حوكمێـك نـادرێ بەسـەر نیەتـدا جگـە لەلایـەن ویـژدانی خـاوەن نیـەت و پـەروەردگاری زانـاوە، ئەمـەش بـەمانای ئـەوە دێـت مـادام ئـەو نیەتـە کـارێکی تاکەکەسی و خودییە کەواتە هیچ کەسێك بێجگە لە خاوەنەکەی ئاگاداری پاکیی دڵ و ڕاستگۆیی پاڵنەر و نـاخی ئـەو نییـە، هـەر ئەمەشـە هۆکـار کـە پێویسـتە هـەموو سیسـتمێکی کۆمەڵایـەتی دامـەزراو لەسـەر نیـەتی ئـەخلاقی پشـت ببەسـتێت بـە سیستمێکی شەرەف، کە بەردەوام ویژدانی کەسەکە ببێتە داوەر و هیچ کەسێکیش بۆی نەبێ ڕۆڵی بەستنی ئەم نیەتـە ببینێـت، جگـە لـە ڕۆڵـی ئامۆژگـاری، تەنانـەت کاتێك بکەرێك بڕیاری ویژدانی خـۆی پێـدەگات کـە تاوانبـارە، هـەر ویـژدانی خـۆی دەبێتـە دادوەر بەسـەریەوە کـە ئایـا حوکمەکـەی جێبـەجێکردووە یـان نـا؟ ئـەو پرۆسەی گۆڕانکارییەی دەمانەوێت لە هەر ئاستێکدا بێت، پەیوەندیی بە ویژدانـەوە هەیە، بە ویژدان دروستدەبێت و لە ویژداندا لەڕێی ویژدانەوە شـکڵ دەگرێـت، واتـە تاقە بڕیاردەری تاوان و چاکە هەر ویژدانە، لێرەدا بوونی دراوسێ یان کەسانی دیکە گرنگ نیە، بەڵکو کافییە بیرۆکەی بوونیان هەبێت، چونکە تەنها بوونیان لـە هـزر و (لانی کەم خەیاڵدانی) خاوەن نیەتدا بەسە بۆ ئەوەی ویستەکەی، یان کردەوەکەی، یان نیەتەکـەی ئەخلاقییانـە بێـت، بـەڵام وادیـارە لـە ئیتیکـی کارکردنـدا بابەتەکـە پێچەوانەیە، چونکە لە بواری کارکردندا دراوەکـانی کـات و شـوێن هەڵدەدرێتـەوە و کارەکان پێوانە دەکرێن و لەسەر ئەو بنەمایە هەر کارێك شایستەی وەسپکردن یـان خوسپکردنە و یاساش نە تەنها ڕەوایە، بەڵکو پێویستیشە، لەبەر ئەوەی هـەرکارێك پێویسـتی بـە دامـەزراوەکانی توێژینـەوە هەیـە و یاسـادانان و بانگـەواز و دەزگـای دادوەریی فرە ئاست و پلەبەند و میکـانیزمی جێبـەجێکردن، هـەموو ئـەم دەزگـا و میکانیزمانەش لە پێکهێنەرەکانی کۆمەڵ– ئوممەتن و وان لە ڕیـزی ئەرکەکانیانـدا، ئەم دەزگایانە هەرگیز و بەهیچ شێوەیەك لە ویژدان بێنیـاز نـابن، بـەڵکو بـەردەوام ویژدان رۆڵی دەبێت تیایاندا بەهەمان شێوە کە لە ئیتیکی نیەتدا ڕۆڵی هەبوو بـەس

ئەوەیە کە میکانیزمی یاسادانان و دادوەریی و جێبەجێکردن خراوەتە سەری لە کۆمەڵگادا بۆ ئەوەی حوکمی ڕووکەشی ژیانی مرۆڤ بکات، هیچ کام لەم میکانیزمانەی باسمان کرد، حوکمی نیەتی ئەو خەڵکە ناکات، تەنها بۆ ئەو کاتانەیە کە ئەو خەڵکە لە ڕشتەی هۆکاربەندیی بوونەوەر لادەدەن و بۆ ئەوەیە کە بیاجووڵێنن بەو ئاڕاستەیەی کە هاوسەنگیی گەردوونیی سروشت بەهێزتر یان زیانبار بکەن، واتە ئیسلام یاسای داناوە بۆ حوکمکردن لەسەر ڕووکەشی ئەودیوی ویژدان، لەهەمان کاتدا دادوەری و دەوڵەتیشی بنیاتناوە بۆ حوکمکردن لەسەر دەرەوەی پەرستگاکان و پیاوانی ئاینیشی کردووە بە نموونە پێگەیشتن و مامۆستا و ڕێنما.

٢ـ پێویستی دارشتەیەکی کۆمەڵایەتی دیار و راستەقینەو بەرجەستە: دەرەنجامی ڕوانگەی ئیسلام بۆ بابەتی ئەخلاقییانەی ئاینی ئەوەبوو کە گۆڕانکاری لە دراوەکانی کات و شوێن بکرێ و ئەو ئەمانەتەی مرۆڤ هەڵیگرتووە ڕەنگ و شێوەیەکی ئەخلاقیی هەیە، کەواتە مەحاڵە ئیسلام بوونی هەبێت ئەگەر مرۆڤ و ژیانی دنیا بوونی نەبێت، دیسان مەحاڵە گۆڕانکاری بەسەر شوێندا بێت تا پەیوەندیی نێوان کات و شوێن و ڕەگەزی مرۆڤایەتی (بەکاربەریان) توانای ئەم گۆڕاندنەی نەبێت، هەروەك چۆن گۆڕانی زەوی کارێکی نەزۆك دەبێت ئەگەر مرۆڤ مافی بەهرەمەندبوونی لێنەبێت، چونکە لەم حاڵەتەدا یەکجار زیاتر ڕوونادات، ئەڵبەت پرۆسەی گۆڕانکاری وەك ئیسلام دەیەوێت ناتوانێت بەردەوام بێت ئەگەر مرۆڤ هەموو بەرهەمەکانی ئەو گۆڕانکارییە بەکارنەهێنێت، واتە ڕەگەزی مرۆڤایەتی پێویستە هەبێت و پێویستە بکۆشێت و ماندوو ببێت و چێژیش وەربگرێت، کە بێگومان ئەم ڕەگەزە بەبێ سیستمێکی کۆمەڵایەتی ناتوانێ بژی و بەردەوام بمێنێتەوە، کەواتە بەشە ئەخلاقییەکەی ویستی خودا تەنها لە ئەگەری بوونی پەیوەندگەلێکی مرۆییانەی ئاڵوگۆڕکراودا دەشێت پەیدا ببێت دروست وەك ئەو

پەیوەندیگەلەی لە نێوان ئەندامانی سیستمێکی کۆمەڵایەتیدا بوونی هەیە. بابەتی هەر بەهایەکی ئەخلاقیش کە ورد دەبینەوە بریتییە لە تۆڕی پەیوەندییە مرۆیی و مامەڵەکانی نێوان کەسەکان، بۆ نموونە ئەگەر پرۆسەکانی کڕین و فرۆشتن و ئاڵوگۆڕی کاڵا و خزمەتگوزاری نەبێت، جێگایەك بۆ قسەکردن لەسەر ڕاستڕەویی و سپاردەپارێزی نامێنێتەوە و کاتێکیش کەلوپەل زۆر بێت و خەڵك دابەش نەبن بۆ کەسانی سەروەتمەند و خەڵکانی هەژار، واتە ئەگەر خەڵکی مەینەتبار و نیازمەند بوونیان نەبێت، بوارێك بۆ خێر و چاکەکردن نابێت، کەواتە وەك ئێستا دەزانین بوونی کۆمەڵ مەرجی پێویستی ئەخلاقیبوونە، کەواتە کۆمەڵ دەبێتە بوارێك بۆ پێکەوە مامەڵەکردنی کۆمەڵە کەسانێکی ئازاد، کە لە ناوخۆیاندا بە نۆرە یەکتری هەڵاوێرد دەکەن بۆ چاکەکردن. باشترە بڵێین: کۆمەڵگا مەرجە بۆ سەرکەوتنی ئاینیی، لەبەرامبەردا مومکین نیە کۆمەڵ ببێت یان بۆ ماوەیەکی زۆر بمێنێتەوە بەبێ ئەخلاق، چونکە لە حاڵەتێکی وەهادا چارەیەك نامێنێت جگە لەوەی کە تۆماس هۆبز هۆشداری پێداوە کە بریتییە لە جەنگی هەموان لە دژی هەموان، تەنانەت باندە پیاوکوژەکان ئەگەر بیانەوێت بمێننەوە پێویستیان بەوە هەیە سیستمێکی ئەخلاقی بۆ تاکەکانیان دابمەزرێنن.

٣ـ پەیوەندیی بەهادارەکان: بۆ جێگیرکردنی ویستی خودا، پێویستە لێی شارەزا بین، شارەزایی پێویست بۆ ئەم کارە لە ئاستی تاکەوە بۆ ئاستی کۆمەڵ جیاوازە، لەبەر ئەوەی ویستی خودا سەبارەت بە ئەرکە تاکەکەسییە دیاریکراوەکان جیاوازە لە ویستی خودا سەبارەت بە ئەرکە کیفائییە دەستەجەمعییەکان، لەبەر ڕۆشنایی ئەم دراوانەی خوارەوە:

ئەلف ـ جیاوازی بەهای وەرگیراو لە هەوڵی تاکەکەسی و هەوڵی دەستەجەمعی: هەوڵی کۆمەڵ لە پێناوی بەهاکاندا ئەنجامی جیاوازی هەیە لە هەوڵی تاکەکەس بۆیان، چونکە لە کۆمەڵگادا پێگەی هەر بەهایەکی دیاریکراو لە پەیژەی بەهاکاندا

جیاوازه له ڕوانگەی تاکەکەس بۆی، لەو ڕووەوە کە بەرژەوەندی کۆی کۆمەڵ پێویستی دەکات جارێکی تر چاوبخشێنرێتەوە بە هەموو شتێکدا، کە ئەمەش بەمانای دروستبوونی پەیوەندگەلێکی بەهاداری تازەدێت لە نێوان بەها جیاوازەکاندا، ڕەنگە زۆر دژایەتی دێرین کۆتایی پێبێت و ڕەنگە بەهاگەلێکی تازە جێگیر ببێت، کە نەدەتوانرا بیری لێبکرێتەوە لەلایەن تاکەکەسەوە.

ب ـ جیاوازی نێوان ئەوەی پێویستە ببێ و ئەوەی ڕەنگە ببێت: لەکاتێکدا ئەوەی پێویستە ببێت تەنها پشت بە بەها دەبەستێت و دەبێتە نموونە بۆی، بەها لە ئاستی ئەرکدا پەیوەندییەکی توندوتۆڵی هەیە بەو بابەتانەوە کە هەن و دەشێت بگۆڕدرێن. بەها کە ئامانجی یەکەمی زانستی ئەخلاقە، بەتەواوی بەدینایەت ئەگەر ڕەچاوی هەموو ئەڵتەرناتیڤەکان نەکرێت لە ئاستی ئەو بایەخەدا کە پێویستە کاری بۆ بکرێت، پێکهاتەی ئەم ئەڵتەرناتیڤانەش بەپێی شانۆی دروستبوونیان دەگۆڕێن، کەواتە شانۆی کۆمەڵ تەنها زیادبوونی ژمارە نییە.

ج ـ گرنگیی کرانەوە سەبارەت بە تێکڕای کاریگەریی بەهاکان: لەبەرئەوەی بەهاکان کاریگەرن و خەڵکانی تر دەجووڵێنن بەرەو لای ئەو کەسانەی سەرەتا کاری لێکردوون، زۆر جار بە ئاشکرا دەردەکەون، کەواتە سنووردارکردنی ئەم کاریگەرییە هەر چۆنێك بێت دەبێتە هۆی زیانبار بوونی بەهای تێکڕایی بوون، ئەمەش چونکە تێگەیشتنی دەستەجەمعی و بەکارخستنی جوانکارانە، بۆی هەیە بوارێك بدۆزێتەوە بۆ هۆکار و دەرەنجامەکان، کە سەرەتا بە بیری هیچ کەسێکدا نەهاتووە.

د ـ سوود و قازانجی ئەم پارادۆکسە وجوودییەی نێوان دید و بەدیهێنان کە زۆر زیاترە لەو گفتوگۆ تیۆرییانەی سەبارەت بەم پرسە دەشێت بێنە باسکردن.

٤- لە چوارەمین و کۆتایەمین دیدگای پێشوودا ئاماژەمان کرد بۆ ئەوەی کە بەدیهێنانی ویستی خودا بێگومان کارێکی کۆمەڵگاییە، کۆکردنەوەی ئەم دیدگایە

لەگـەڵ دوو بەڵگەنەویسـتی ڕەوشـتمەندبوونی کـار و بـوونی راسـتەقینەی تـۆڕێکی کۆمەڵایەتی پێگەیشتوو لە هەناویدا سێ بنەمای سەرەکی هەیە کە کار دەکەنە سەر ڕەفتاری کۆمەڵی موسڵمان و چالاکی و ژیانیشی، ئـەم سـێ بنەمایـەش بـریتین لـە: جیهانیبوون، گشتیبوون و ئازادبوون.

ئەلف ـ تایبەتنەبوون: دیاریکردنی شوناسی بەها بە ویستی خـودا، ئـەم بەهایـە ڕزگار دەکات لە هەموو ئەو ڕێکخەرە تایبەتانەی خەڵکانێك خوویان گرتبوو بـەوەی بیانکەنـە پێـوەر و سەرچـاوەی بـەها، وەکـو هـۆز، ڕەگـەز، خـاك و کـەلتوور. لـەو ڕووەوە کە خودا پـەروەردگاری بـێ هاوتایـە و هەرچـی غـەیری ئـەوە دروسـتکراوی خودایە و سیستمی خودا جیایە لە سیستمی دروستکراوەکانی، کە هەر هەموویان لە ئافەریدەبووندا یەکسـانن، کەواتـە وای بـۆ دەچـین کـە یـەکتابوونی خـودا بـەمانای یەکتابوونی ئافەریدە و یەکتابوونی بەهایە، ئەمەش دەبـەرگری ئـەو ڕاسـتییەیە کـە بەها بۆ هەموانە و سەربەخۆیە لـە هـەموانیش و دەسـتووری ئەخلاقییانـە و ئـەرکی ئەخلاقییانە هەردووکی دەکەوێتە سەرشانی هەموو مرۆڤەکان بە یەکسانی، چـونکە وەك دروستکراوی خودا دراوەتە پاڵیان.

وەك چـۆن یاسـا و ڕێسـا گەردوونییـەکانی نـاو سروشـت بەسـەر هـەموو بوونەوەرەکانـدا جێبـەجێ دەبێـت و لـە ئەنجامـدا بوونـەوەر دەکاتـە گـەردوونێکی ڕێکوپێك، بە هەمان شێوە ویستی خودا بەسەر هەموو مرۆڤەکاندا جێبەجێ دەبێت و هەر جۆرە هـەڵاواردنێك لـە نێـوان مرۆڤێـك و مرۆڤێکـی تـر سـەبارەت بـە ئـەرکی ئەخلاقییانە بە پێشێلکردنی یەکبوونی بەها و سـەرەنجام بـە پێشـێلکردنی بنـەمای یەکتاپەرستیی هەژمار دەکرێت، کەواتە بەها و فەرمانە ئەخلاقییـەکان بـۆ هـەموان وەك یەکە، ناشێت بە هـیچ شـێوەیەك تایبـەت بکرێـت بـە توێـژ و گرووپێکـەوە، چ ئەوەی بسەپێنرێت یان پێویستە بۆ خۆی ببێت یـان واجـب بکرێـت، خـوای گـەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا لَقُوا الَّذِينَ آمَنُوا قَالُوا آمَنَّا وَإِذَا خَلَوْا إِلَى شَيَاطِينِهِمْ قَالُوا إِنَّا مَعَكُمْ

إِنَّمَا نَحْنُ مُسْتَهْزِئُونَ﴾ (البقرة: ١٤). هەروەها دەفەرموێت: ﴿مَنْ عَمِلَ صَالِحًا مِنْ ذَكَرٍ أَوْ أُنْثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُ حَيَاةً طَيِّبَةً وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُمْ بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ (النحل: ٩٧).

﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يَظْلِمُ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ وَإِنْ تَكُ حَسَنَةً يُضَاعِفْهَا وَيُؤْتِ مِنْ لَدُنْهُ أَجْرًا عَظِيمًا﴾ (النساء: ٤٠). هەروەها: ﴿لَا خَيْرَ فِي كَثِيرٍ مِنْ نَجْوَاهُمْ إِلَّا مَنْ أَمَرَ بِصَدَقَةٍ أَوْ مَعْرُوفٍ أَوْ إِصْلَاحٍ بَيْنَ النَّاسِ وَمَنْ يَفْعَلْ ذَلِكَ ابْتِغَاءَ مَرْضَاتِ اللَّهِ فَسَوْفَ نُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا﴾ (النساء: ١١٤).

**ئەم پرانسیپە دوو ئەنجامی هەیە بۆ کۆمەڵگای موسڵمان:**

١ـ کۆمەڵگای موسڵمان ناتوانێت لە ئەندامانی هۆزێك، ئوممەتێك، ڕەگەزێك، یان گرووپێکدا کورت ببێتەوە، بەڵکو دەبێت ئەو کۆمەڵگایە لە شوێنێکدا بە تاکە کەسێك دەستپێبکات. بۆی هەیە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لە ناوچەیەکی دیاریکراودا لەبەر دیدگاگەلێکی ستراتیژیی چەند کۆت و بەندێك ڕەچاو بکات و دابنێت، بەڵام وەك پرانسیپ ناتوانێت دەرگای ئەندامێتی بە ڕووی هیچ کەسێکدا دابخات، یان ئاسوودە ببێت تا ئەو کاتەی هەموو مرۆڤایەتی دەگرێتەوە، ئەگینا ئەو کۆمەڵگایە ئەگەر ڕێگری لە بەئەندامبوونی هەر مرۆڤێك بکات، ئەوا خیانەتی لە مایەی بوونی خۆی کردووە، چونکە هەموو مرۆڤێك شایستەیە بۆ ئەم ئەندامێتییە و بە حوکمی ئافەریدەبوون و لەدایکبوونی لەسەر فیترەت مافی تێدا هەیە.

٢- پێویستە کۆمەڵگای موسڵمان هێندە فراوان ببێت تا هەموو گرۆی مرۆڤایەتی بگرێتەوە، ئەم کۆمەڵگایە خەیاڵی ئاسوودە نابێت مەگەر بە تێکۆشان بۆ ئەم ئامانجە و مەگەر بە گەیشتن پێی، لەبەر ئەوەی کاتێك کۆمەڵگا لە موسڵمانبوون و شەرعییەت وەرگرتنەکەی لە ئیسلامدا ڕاستە کە بەباشی وەڵامی بانگەوازی خودا بداتەوە، با لێرەدا ئەم فەرمودەیەی خودا بخوێنینەوە: ﴿آمَنَ الرَّسُولُ بِمَا أُنْزِلَ إِلَيْهِ

مِنْ رَبِّهِ وَالْمُؤْمِنُونَ كُلٌّ آمَنَ بِاللَّهِ وَمَلَائِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِنْ رُسُلِهِ وَقَالُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا غُفْرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ﴾ (البقرة: ٢٨٥).

ئەم بانگەوازەی خودا بانگەوازێك نییە تەنها بۆ بوون، یان بۆ دەوڵەمەندی مادی و هەوڵدان بۆ بەختەوەری تاکەکەس، یان بۆ بوونێکی ئیسلامییانەی گرووپێك لە مەردوم، بەڵکو بانگەوازێکە بۆ گۆڕینی هەموو مرۆڤەکان و هەموو شوێنەکان و هەموو کاتەکان. ئەم کۆمەڵگا موسڵمانە لە یەك کاتدا هەم ئامرازە و هەم ئامانج، ئامرازە کاتێك مەوداکەی نزیکتر بێت لە گۆی زەوی و ئامانجە کاتێك هەموو جیهان دادەگرێت.

بیردۆزە قازانج ویستەکای ناو کۆمەڵ لەگەڵ ڕوانگە ئیسلامییەکە ناتەبایە، چونکە ئەو بیردۆزانە کۆمەڵ بە ئامێرێك بۆ مانەوەی ماددییانە و ئامرازێکی کاری پسپۆڕانە لە پێناوی ژمارەیەکی زیاتر لە هۆکارەکانی ئاسوودەیی وێنا دەکەن، هەرچەند ئەم ئامانجانە ڕەگەزگەلێکی گرنگن بۆ گەشەسەندنی کۆمەڵگای ئیسلامی، ئەگەر بکرێنە دەستپێك بۆ تێگەیشتن لە بایسەکانی بوونی کۆمەڵگا دەمانخاتە تراویلکەی دیدگایەکی ناتەواوەوە.[1] هەرچی بیردۆزەکانی ترە کە مەبەستیان نییە کۆمەڵگا فراوانتر ببێت چ لەو پنتەوە دەستپێبکات کە گەلێکی هەڵبژاردە، یان ڕەگەزێك، یان زمانێك، یان کەلتوورێکی بەرزتر هەیە، هەر هەموویان بیردۆزەی ڕێژەیین و لەگەڵ جیهانگیری ئیسلام و یەکتاپەرستی دژ دەوەستن.

موسڵمانان لەو دوو ئەنجامەی پێشتر باش تێگەیشتن و بە درێژایی مێژوو بەمانای وشە بەرجەستەیان کردن. قورئانی پیرۆز بەبێ پێچ و پەنا دەڵێت کە هەموو مرۆڤەکان لە ئادەم و حەواوە هاتوونەتە خوار، پاشان زۆر بوون و گەلان و نەتەوەکانیان پێکهێناوە.داواشیان لێدەکات پێکەوە هاوکار بن و یەکتری دەوڵەمەند

[1] Harold a.Larrable ,Reliable Knowledge ,New York : Houghton Mifflin Company ,1945 ,PP.305-306

و بەهێز بکەن، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ﴾ (الحجرات: ١٣).

ئەم ئایەتە و هاوچەشنەکانی لەسەر زاری هەموو موسڵمانێك دووبارە دەبێتەوە، جگە لەوەی لە قورئاندا ئایەتگەلێکی زۆر هەیە کە جەخت دەکەنەوە لەسەر بەکام گەیشتنی بڕوادانی چاکەکار و خۆپارێز و بۆ خودا سوڵحاو و هەڵیبواردوون لە چارەنووسی خراپ و ئەو زیانمەندییەی یەخەی مرۆڤەکانی تر دەگرێتەوە. بەهەمان شێوە پێغەمبەری خودا (دروود و سڵاوی خوای لەسەر) دەفەرموێت: "أيها الناس كلكم لآدم و ادم من تراب لا فضل لعربي على اعجمي إلا بالتقوى و العمل الصالح".

خێڵگەرایی و ناسیۆنالیزم زۆر بەڕوونی لەگەڵ ئەم بنەما خەملێنراوانەی بوونەتە مەبنای کۆمەڵگای موسڵمان دژ و ناتەبان. ئەو دووانە هاوچەشنی یەکترن، هەرچەندە چەمکی خێڵگەرایی ئاماژەیە بۆ قەوارەیەکی بچووکتر و سنووردارتر لە چەمکی نەتەوە، بەڵام هەردووکیان، نەتەوە و خێڵ، بڕوایان وایە کە بەها تایبەتە بە ئەندامانی گرووپێك و بەس، چونکە ئەوانن کە ئەم وەسفەیان کردووە بەبەردا و ئەوان سازاندوویانە و بوونەتە سەرچاوە بۆی، لۆجیکی ئەم بڕوایە، ماف دەدات بە هەر گرووپێك کە هەر کات بیەوێت پێوەری تایبەت و بەهای تایبەت بۆ خۆی دابنێت، چونکە گرووپی مرۆیی تەنها یەك گرووپ نییە، چونکە بەپێی ئەم بۆچوونە کە باڵاترین پێوەر بۆ هەر بەهایەك لەلایەن گرووپەوە دادەنرێت، ئەوا هەر چەند کەس لە مرۆڤەکان بۆیان هەیە کۆببنەوە و ئیددیعای ئەم مافە بکەن بۆ خۆیان، لەبەر ئەوەی پێویستە لە ڕێژەیی بوون فرەیی دروست ببێت، کە ئەمەش بەناچاری جیاوازیی و پەرتەوازەیی لێ بەرهەمدێت، بەبێ ئەوەی کەسێك هەبێت نێوانی ئەم هەموو گرووپە دژ و ناتەبایانە ڕێکبخات بە بەردەوامی و بتوانێت پابەندیشیان بکات، کاتێکیش ململانێکان چارەسەر نەکرێن بەوەی گۆشەنیگای لایەنەکان لە پاڵ

یەك دابنرێن و هاوهێز بن، یان گرووپێك ئارەزوومەندانە گوێڕایەڵی گرووپێکی دیکە بێت، ئەوا بە مانای وشە ململانێ وەك دەرەنجامێکی حەتمی ڕوودەدات.

خێڵگەرایی و نەتەوەگەرایی لەسەر ئەو گریمانەیە دروستدەبێت، کە هەر گرووپێك بۆخۆی سەرچاوەی بالآی بەها تایبەتیەکانیەتی و لە دەرەوەی ئەو گرووپە هیچ پێوەرێك بوونی نییە، کە پابەندی بکات و پشتی پێ ببەستێت، بۆ ئەوەی پرس و کێشە هاتووەکانی نێوان خۆی و گرووپەکانی تری پێ ڕاست بکاتەوە، کەواتە ململانێی نێوان ئەم گرووپانە، سروشتیان وەهایە کە قەت چارەسەر نەبێت. جا هەر لایەنێك بەپشتبەستن بە پێوەرە تایبەتەکەی پێی وابوو کە ململانێکە لە ناوەڕۆکدایە، ئەوسا ڕێگایەك نامێنێت بۆ چارەسەرکردنی جگە لە زاڵبوونی لایەنەکان لەڕێی بەکارهێنانی هێزەوە، کە ئەمەش شکست و لەناوچوونی یەکێکیانی لێ دروست دەبێت.

ئەم بەها ڕێژەییانە، دەرفەتێك نادات بە دروستبوونی ئاشتی تەنانەت بۆ لایەنی سەرکەوتووش، کە دوژمنەکەی شکستداوە، چونکە هەمیشە لەناو کۆمەڵدا گرووپێك هەیە کە دەتوانێت دۆزی خۆی بنیات بنێت و بە یەکپارچەیی خۆی داکۆکی لێبکات، لە هەمان کاتدا هەر گرووپێکی تر بۆی هەیە خۆی ڕێکبخات و خاوەنی دۆزێکی جیاواز بێت، بۆیە گرووپی گەورەتر و بەهێزتر لە ڕووبەڕووبوونەوەی گرووپە جیابووەکاندا ڕێگایەك لەبەردەمیدا نامێنێت بۆ بەرگری لە خۆی جگە لە هێز، لە کۆتاییەکانی سەدەی حەوتەمی زاینیدا کە هۆزەکان و تیرەکانی ناو یەك هۆز کێبڕکێیان دەکرد و تێکدەگیران و هیوایەك بە ئاشتبوونەوەیان نەبوو، ئیسلام ڕووبەڕووی دۆخەکە وەستایەوە، بەهەمان شێوە لە سەردەمی ڕیفۆرمخوازییەوە مێژووی ئەوروپا لە ململانێدا بووە، تەنها جیاوازی ئەوەبووە کە لایەنەکانی ململانێ لە ئەوروپا گەورەتربوون.

پوختەی پرۆژەکە ئەمەیە، کە مەحاڵە لە ئیسلامدا جیاکاریی بکرێت لە نێوان مرۆڤێك و مرۆڤێکی تردا، کۆمەڵگای موسڵمان کراوەیە و هەر مرۆڤێك بۆی هەیە بچێتە ناوی موسڵمان بێت، یان هاوپەیمان، لەلایەکی دیکەوە ئەرکە لە سەرشانی کۆمەڵی موسڵمان کە تێبکۆشێت بۆ ئەوەی هەموو گرۆی مرۆڤایەتی بگرێتەوە، ئەگینا ناتوانێت خۆی بە موسڵمان بزانێت، خۆ ڕەنگە وەك کۆمەڵێکی موسڵمان هەر بمێنێت، بەڵام چاوەڕوان بکات کۆمەڵگایەکی تر موسڵمان یان ناموسڵمان بیگرێتە خۆی.

ب - پەیوەندگیریی هەموو شتێك: دەتوانین چەمکی کردەیی دووەمی یەکتاپەرستی لەناو کۆمەڵدا بەوە دیاریبکەین کە پێویستە بڕیاری کۆمەڵی موسڵمان بە سەر هەموو بازنە و لایەن و خەمەکانی ژیانی مرۆییدا پراکتیزە بکرێت. چونکە ویستی خودا، یان بەها، هەموو چاکەیەك لەخۆ دەگرێت لە هەر کوێ بێت، بێگومان چاکەش بوونێکی گشتگیری هەیە و دەکرێت لە هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی مرۆڤدا بەدیبهێنرێت، ئەمەش دەخوازێت کە دەبێ کۆمەڵگا هەوڵبدات ویستی خودا لە هەموو بوارە بەردەستەکانی ژیاندا بەرجەستە بکات بۆ ئەوەی باشتریان بکات، لەمبارەوە تێدەگەین بۆچی خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿الَّذِينَ إِنْ مَكَّنَّاهُمْ فِي الْأَرْضِ أَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ وَأَمَرُوا بِالْمَعْرُوفِ وَنَهَوْا عَنِ الْمُنْكَرِ وَلِلَّهِ عَاقِبَةُ الْأُمُورِ﴾ (الحج: ٤١).

گشتگیری ئەم ئەرکە هەرگیز بەو مانایە نییە کە کۆمەڵگای موسڵمان ڕیزبەندییەکانی دیارینەکات و کەسیش قسە نەکات لەسەر تایبەتکردنی بودجەی گونجاو لە تێکڕای توانستەکانی ئوممەت بۆ بانگەواز و بەرگری و فێرکردن و گەشەی ئابووری. سەبارەت بەمە زانا موسڵمانەکانی بواری فیقه و ڕەوشت پۆلێنکردنێکی لەبار پێشکەش دەکەن، کە هەموو چالاکییەکانی مرۆڤ دەخەنە ناو یەکێك لەم دەستانەوە: فەرز، حەرام، مەندووب، مەکرووه و موباح. شەریعەتی

ئیسلام یاساگەلێکی بۆ ڕێکخستنی دوو دەستەی یەکەم هێناوە و سەبارەت بە مەکرووهـ و مەندووبیش نموونەیەکی ڕەفتاری بەرجەستەی وەك پێغەمبەر و یارانی نیشانداوە و داوای لە موسڵمانان کردووە بە پیاوان و ژنانەوە کە چاویان لێبکەن، جگە لەمانە ئیسلام شێوە ژیانێکی گەشەپێداوە کە لە ڕێگەی هونەری میللی و شیعر و دەستەی گەڕۆك و بۆنەی کۆمەڵایەتی گشتییەوە بڵاوبۆتەوە.

هەرچەند ئەم پێوەرانە پلەی زۆرکردنیان، سزای ئەو کەسەیش کە پێشێلیان دەکات، هەروەها ئەندازەی ستایش و پاداشتی ئەو کەسەی پابەندە پێیانەوە جیاوازە، بەڵام لەو ڕووەوە یەکسانن، کە ئیسلام پەیوەستە بە هەموو ئەو چالاکییانەوە کە ئەو پێوەرانەیان بۆ دانراوە، خۆئەگەر چالاکییەکانی کۆمەڵی موسڵمان تەنها بوارێك و دوو بواری ژیان بگرێتەوە ئەوا بۆی نییە ئیدیعای ئیسلامەتی بکات، لە حاڵەتێکی وادا کۆمەڵ تا ئاستی یانەی سەندیکایەکی گشتی، یان کۆمەڵەیەکی هەرەوەزی دێتە خوارەوە، کە پاساوی بوونی بریتییە لە تێرکردنی نیازێك یان زیاتر، لە نیازە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتووری و سیاسییەکانی ئەندامەکانی. هەماهەنگی کۆمەڵی موسڵمان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کۆمەڵێکی بڕوادارە و تێدەکۆشێت بۆ بەدیهێنانی وێنەی خۆی، بە کاری خۆی و بە هۆی دەوڵەتەوە، ئەم تایبەتمەندییە گشتگیرەشی تەنها خەونێکی کۆمەڵ نییە و ببڕێتەوە، بەڵکو بناغەی سیاسەتی کارگێڕیی دەوڵەت (خیلافەت)یشە.

لە خۆرئاوا ئەم هەماهەنگییە لە نێوان دەوڵەت و کۆمەڵدا بوونی نییە، چونکە ئەو ڕۆڵەی سپێردراوە بە دەوڵەت جیایە لەوەی دراوە بە کۆمەڵ. لەکاتێکدا کۆمەڵگا خۆرئاواییەکان دەسەڵاتێکی زۆریان هەیە لە بەدیهێنانی پێکەوەگونجانی هاوڵاتیان و هاوهزریی تازەهاتوواندا، دەبینین دەسەڵاتی دەوڵەتەکان سنووردارە، کە ئەمەش بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی دێرینی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و ململانێی بنەماڵە پاشاییەکان و دەرەبەگەکان و کڵێسا و جەماوەر، لە

ئەنجامدا بزاڤی دەستوورخوازیی خۆرئاوا، ئەو ڕەوتەی وەرگرت کە دەسەڵاتی دەوڵەت کورتبکاتەوە بۆ کەمترین ئاستی فەرمانڕەوایی پێویست، بۆ مسۆگەرکردنی ئاشتی ناوخۆیی و بەرگریی کارا لە بەرامبەر دەرەوە و فەراهەمکردنی لانی کەمی خزمەتگوزارییە پێویستەکان بۆ خۆشگوزەرانی گشتی. خۆرئاوا تەنها ماوەیەکی کەم لەمەو بەر ئاشنا بووە بە چەمکەکانی بیمەی کۆمەڵایەتی هەژاران و مافی پشوودان و بەهرەمەندبوون لە کاتی بێکاریی و چاودێریکردنی پیشەسازی و خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان.

سنووردارکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت لە ڕابردوودا لەسەر ئەو گریمانەیە دامەزراوە کە حاڵەتی پێش دروستبوونی دەوڵەت، حاڵەتێکی باشە و پێویستی بە دەستوەردانی کۆمەڵی ڕێکخراو نییە، یاخود حاڵەتەکەی خراپە و پێویست دەکات دەسەڵات بەو ئەندازەیە دەستوەردان بکات، کە کۆنترۆڵی سەرکێشییەکانی بکات.

هەڵبەت ئەو ڕوانگە خۆرئاواییە بۆ حاڵەتی پێش دەوڵەت کە گوایا سروشت خراپ بووە، لەلایەن گومانگەرایانەوە پشتگیری لێکرا بەوەی کە باشە نەناسراوە و فرەیی ئارەزووەکان و ئامانجە ڕەوشتیەکان ڕاستییەکی بەڵگەنەویستە و تاکە ئەڵتەرناتیڤی سەرکێشی دەسەڵات بریتییە لە سەلماندنی بنەمای: لێیگەڕێ کار بکات و لێیگەڕێ با تێپەڕێت. هیچ کام لەم دوو بناغەیەش لەگەڵ ڕوانگەی ئیسلامییدا یەکناگرێتەوە کە هەموو شتێکی ناو سروشت بە باش و بێتاوان هەژمار دەکات و پێویستی بە دووبارە ڕێکخستنەوە هەیە بەو شێوەیەی کە نموونە ئایدیالە ئیلاهییەکە بەدیبهێنێت. ویستی خودا لەم ڕوانگەیەوە لە دوو ڕێگای عەقڵ و سرووشەوە دەشێت بزانرێت، مرۆڤیش کاتێك ئەم ئەرکە جێبەجێ دەکات ڕەنگە ڕاستی بپێکێت، یان هەڵەی بکات، بەڵام لە هەردوو باردا، هەر بەرپرسیارە.

ج ـ بەرپرسیارێتی: ناوەڕۆکی سێیەمی تەوحید سەبارەت بە کۆمەڵ بریتییە لە بنەمای بەرپرسیارێتی، چونکە گشتگەرایی ڕەنگە ببێتە تۆتالیتاریزم و کۆمەڵگا لە

هەوڵـەكانی بـۆ بـەدیهێنانی بەهایـەكی ڕەوشـتی دابماڵێـت، بۆیـە پێویسـت دەكـا بنەمایەكی تـر هـەبێت بـۆ پاراسـتنی كۆمـەڵ لـەوەی بكەوێتـە نـاو یاسـاغەوە، لـەو بـارەوە ئیسـلام فێرمـان دەكـات كـە مـرۆڤ موكەللەفـە، واتـە داوای لێكـراوە كـە تێبكۆشێت بۆ بەدیهێنانی ویستی خودا، ئەم تەكلیفـەش لەسـەر فیترەتـی خـواكرد دامـەزراوە و خـاڵی هاوبەشـی نێـوان هـەموو مرۆڤەكانـە، ئـەم هەسـتە خـواكرد و سروشتییە كە قابیلی پاڵفتەكردنیشە، بریتییە لەو هێزەی مرۆڤ خوای پێدەناسێت و دەركی ئەوەی پێدەكات كە چۆن ویستی خودا پڕاوپڕی شێوەی ئایدیاڵی ژیانی ئەو بێت لەسەر زەویدا. ئیسلام لە سـنووری موكەللـەف بـوون و بەرپرسـیارێتی مرۆڤـدا ناوەستێت، بەڵكو پێی وایە كە قەت تەكلیف لـە سەرشـانی مـرۆڤ لاناچـێت تـا ئـەو كاتەی منداڵ نەبێ و بە گەواهیدانی كەسانی شارەزا و پسپۆڕ ناتەوان نەبێت.

ئیسلام چاوەڕوانە لە هەموو تاكێكی موكەللـەف، كـە هۆشـیارانە بـاری كەسـیی خۆی هـەڵبگرێت، پێگـەی ئـەویش بـە ئەنـدازەی بـەجێهێنانی بەرپرسـیارێتییەكەی دیاری دەكات، هەموو ئەم وێناكردنەش لە سروشتی ئەو سپاردەیەوە وەردەگیرێـت كە خوا سـپاردوویەتی بـە مرۆڤـ، گومـانی تێـدا نییـە كـە خـوای گـەورە دەتوانێـت جیهانێك بخوڵقێنێت كە هەموو بەهاكانی تێدا بێـت، هەروایشـە بوونـەوەر لایـەنێكی تایبەتی هەیە كە بریتییە لە سروشت (تەبیعەت) كە ملكەچە بۆ فەرمانی پێكهێنان، بەتەنها مرۆڤە كە خودا بەشێوەیەكی جیاواز خوڵقاندوویەتی و ئـەو لوتفـەی لەگـەڵ كردووە، كە ئازاد بێت لـە گوێڕایـەڵی، یـان نافـەرمانی دەسـتوورەكانی خـودا، بـەم جۆرەش توانای ئەوەی پێداوە كە بەرپرسی كارەكانی بێت.

ئەم بەرپرسارێتییە گەوهەری ئەخلاقیبوونیەتی، ئەگەر نەبێت هیچ كارێك بەهای ئەخلاقی نابێت و بەشی باڵای ویستی خـودا بـەبێ ئـەو بەدینایـەت، نەبوونیشـی بـە واتای بەتاڵكردنەوەی ویسـتی خـودا دێـت، خودایـەكیش لەگـەڵ ئـەم بەفیڕۆدانـەی

ویستەکانی چاوپۆشی بکات، ئەو خودایە تاك و تەنها و پەنابۆبراوە نییە کە تەوحیدی ئیسلامیی دەیناسێت و پێناسەی دەکات.

بۆیە پێویستە کاری گشتی و گەردوونی کۆمەڵی موسڵمان و بەدیهێنانی بەها، کارێکی بەرپرسانە بێت هەتاوەکو بەهای ئەخلاقی هەبێت، قورئانی پیرۆز جەخت دەکاتەوە لەسەر سروشتی کەسیی بەرپرسیارێتی و ڕەتی دەکاتەوە هیچ کەس بتوانێت لەباتی کەسێکی تر بەرپرسیارێتی هەڵبگرێت، چ ئەو کارە کارێکی باش بێت یان کارێکی خراپ، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قُلْ يَا أَيُّهَا النَّاسُ قَدْ جَاءَكُمُ الْحَقُّ مِنْ رَبِّكُمْ فَمَنِ اهْتَدَى فَإِنَّمَا يَهْتَدِي لِنَفْسِهِ وَمَنْ ضَلَّ فَإِنَّمَا يَضِلُّ عَلَيْهَا وَمَا أَنَا عَلَيْكُمْ بِوَكِيلٍ﴾ (یونس: ١٠٨). هەروەها دەفەرموێت: ﴿مَنِ اهْتَدَى فَإِنَّمَا يَهْتَدِي لِنَفْسِهِ وَمَنْ ضَلَّ فَإِنَّمَا يَضِلُّ عَلَيْهَا وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّى نَبْعَثَ رَسُولًا﴾ (الاسراء: ١٥). دەفەرموێت: ﴿فَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُ (٧) وَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُ﴾ (الزلزلة: ٧ – ٨).

لەسەر ئەم بنەمایە خوای پەروەردگار بڕیاری داوە کە زۆرلێکردن لە ئایندا نییە.

﴿لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَدْ تَبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ﴾ (البقرة: ٢٥٦). هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَآمَنَ مَنْ فِي الْأَرْضِ كُلُّهُمْ جَمِيعًا أَفَأَنْتَ تُكْرِهُ النَّاسَ حَتَّى يَكُونُوا مُؤْمِنِينَ﴾ (یونس: ٩٩).

ئیسلام بەپێویستی داناوە بۆ ئەوەی هەرکارێك سەنگی ئاینی هەبێت دەبێت خاوەنەکەی لەسەر نیەت بنیاتی نابێت، واتە لەسەر بڕیارێکی ناوەکی تاکەکەسی، کە دەبێتە بەڵگە لەسەر ویستن و بەرپرسیارێتی ئەو. بەرپرسیارێتی لە ڕوانگەیەکی ئەخلاقی، واتە لە تێگەیشتنی بەهاکان و داخوازیی بەهاکان لەبازنەی (دەبێ چۆن بێت) و (دەبێت چی بکرێت) بەپێی ڕیزبەندییە دروستەکانی، سەرچاوە دەگرێت.

دەشێت کەسێك ناچار بکرێت کە کارێك بکات، بەڵام کەس ناتوانێت ناچاری بکات کە لە شتێك تێبگات، کەواتە بەرپرسیارێتی ئەخلاقیی گرەنتییەکی تایبەت

دەبەخشێت بە مرۆڤ، کاتێك مرۆڤ ناچار دەکرێت بەرپرس نابێت و لەڕاستییدا بنەمای ئەخلاقی پێشێل دەکرێت، گریمان زۆرلێکردن بۆ تێگەیشتن لە بەهاکان مەحالّ بێت، بەڵام دەکرێت هان بدرێت لەسەر گەورەیی و شکۆ بەفێرکردنی، لە ڕێگای چەمکەکانی، دراوەکانی، یان لەڕێی لۆجیکەوە، یان بوونی سەرمەشقی جوانەوە. لەبەر ڕۆشنایی ئەمانەدا، ئەرکی کۆمەڵگای موسڵمان ئەوەیە کە یارمەتی مرۆڤایەتی بدەن بۆ تێگەیشتن لەم بەهایانە و پاشان بەرجەستەکردنی ئەو بەهایانەی ویستی خودا دادەمەزرێنن لەسەر زەویدا. ئەمەیە پەروەردە لە جوانترین و گەورەترین ماناکانیدا.

کۆمەڵی موسڵمان قوتابخانەیەکە هەموو گەردوون دەگرێتەوە، هەموو هەوڵێك تیایدا وا هەژمار دەکرێت کە پەروەردەیی بێت. لەو ڕووەوە کە ئامانجی کاری پەروەردەیی بەدیهێنانی بەهایە، کەواتە هەر بەرهەمێکی لێ دروست ببێت بەرپرسانە و ئەخلاقییانە دەبێت، ئەمەش تاکە ڕێگایە بۆ بەدیهێنانی بەشی باڵاتری ویستی خودا لەسەر زەوی. ئەوەی وتمان ناوەڕۆکی تەوحید بوو سەبارەت بە تیۆری کۆمەڵایەتی، ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەم ناوەڕۆکانە ئوممەتێك دروست دەکات بە پێکهاتەیەکی مەدەنی، ئۆرگانێك و یەکگرتوو، ئوممەتێك کە سنووردار نییە بە خاکێك، بە گەلێك بە کەلتوورێك، بە رەگەزێك، ئوممەتێکی جیهانی و گشتگیر و بەرپرسیار لە ژیانیدا، وەك قەوارەیەکی ڕەچاوکراوی هاوبەش و وەك ژیانی هەر تاکە کەسێکیش لە تاکەکانی. ئەم ئوممەتە پێکهێنەرێکی بنەڕەتییە بۆ بەدیهێنانی بەختەوەری دنیا و ئاخیرەتی هەر کەسێك، هەروەها بۆ بەرجەستەکردنی ویستی خودا لەسەر زەوی و لە ژیانی دنیادا بە هەموو کات و شوێنێکیەوە.

# بەشی هەشتەم

# تەوحید: بنەمای ئوممەت

## یەكەم: چەمكی ئوممەت:

پوختەی قسـەی پێشـوومان ئـەوەبوو كـە سیسـتمی كۆمەڵایـەتی ئیسـلامیی لـە جۆری خۆیدا ناوازەیە، تا ئەو ئاستەی هیچ كـام لـەو زاراوانـەی ناسـراون لـە زمانـە خۆرئاواییەكانـدا شـیاو نـین بـۆ گوزارشـتكردنی، بـۆ نموونـە چـەمكی سیسـتمی كۆمەڵایەتی لە زمـانی ئینگلیزیـدا واتـە سیسـتمی ئـەو بـەها و پرانسـیپانەی ژیـانی كۆمەڵگایەك بەڕێوە دەبەن، سیسـتمی هـەر بـەها و پرانسـیپێك دەشـێت ناوبنرێـت سیستمی كۆمەڵایەتی، ئەو بەها و پرانسیپانە هەرچی بن، تەنانەت ئەو دۆخەیش كە دەكرێت بە پشێوی ناوببرێت شـكڵ و سیسـتمێكە بـۆ ژیـانی كۆمەڵایـەتی. لێـرەوە دەگونجێت قسە لەسەر سیستمی كۆمەڵایـەتی سـەرمایەداریی، یـا كۆمۆنیسـتی، یـا دیموكراتی، یان فاشیستی، یـا سیسـتمی كۆمەڵایـەتی ئینگلیـزی، یـان ئەمـەریكی، هیندی، فەڕەنسی یان چینی بكرێت.

كە دێینە سەر وەسفی كۆمەڵایـەتی، كـە داتاشـراوە لـە وشـەی كۆمـەڵ، ماناكـە سـنووردارتر دەبێـت، چـونكە چـەمكی كۆمـەڵ دەمانبـات بـۆ كۆبوونەوەیـەكی ئارەزوومەندانەی وا كـە دەیـەوێت ئامـانجی دیاریكراو بـەدیبهێنێت، پێویسـتە ئـەم چـەمكە تێكـەڵی چـەمكی گـرووپ نەكـەین، كـە ئـەمیش بـەمانای كۆبوونـەوەی ئارەزوومەندانەی كۆمەڵێك مرۆڤی هاوڕەگەز و هاوزمان و هاومێـژوو و هاوكـەلتوور و هاوجوگرافیایە، كە دەشێت چەمكی كۆمەڵ هەمان چەمكی گرووپ بێـت و دەشـێت جیاوازیش بن. نموونەی یەكبوونی ئەم دوو چەمكە حاڵەتی ئینگلیزی و فەڕەنسـییە و نموونـەی جیاوازیشـیان حاڵەتـەكانی ئـەڵمانی و سـلاڤی و چـینییە، ئەنـدامێتی گرووپ، سروشتی و حەتمییە، بێجگە لە حاڵەتەكانی چوونە ناو گرووپ بە كۆچكردن و ڕەگەزنامـە وەرگـرتن و هاوكـەلتووری فـەرمی، بـەڵام ئەنـدامێتی نـاو كۆمـەڵ بـە پێچەوانەوە هی ساتەوەختی ئێستایە، چونكە بەرهەمی بڕیارە، هەر ئەمەش بووەتە هۆكاری ئـەوەی بـەردەوام چوارچێوەی هاوبەشـی هەیـە بـۆ هـەموو تاكـەكانی نـاو

گرووپ، چوارچێوەكان جۆراوجـۆرن لـە بەرژەوەنـدیی ئابوورییـەوە دەسـتپێدەكات وەك ئەو بەرژەوەندییەی ئەندامانی كۆمەڵـەی هـەرەوەزیی نیشـتەجێبوون پێكـەوە دەبەسـتێت، تـا دەگـات بـە سیسـتمی بـەها كەلتوورییـەكان، كـە لـە سـاتەوەختی دیاریكردنی چینێك، یان گرووپێك ڕەچاو دەكرێت.(١)

بە دەگمەن قـەوارەی سیاسـی پڕاوپـڕی كۆمـەڵ بێـت، سـەرەڕای بـوونی چـەند حاڵــەتێكی تایبــەتی وەك سویســـرا و یۆگۆســـلاڤیا و یــەكێتی ســۆڤیەت، كــە هەرهەموویان حاڵەتی تـازە و بەرهـەمی فاكتـەری تایبـەتن، بـەڵام زۆربـەی قـەوارە سیاسـیەكان ئەگـەر بـە تـەواوی پڕاوپـڕی چـەمكی گـرووپ نـەبن لانـی كـەم تـا ئەندزەیەكی زۆر پڕاوپڕن، لـەم ڕاسـتییەوە ڕەوایـە قـەوارەی سیاسـی بـە نوێنـەری گەلێك لەچاو بگرین، لەسەر ئەم بنەمایە بوو كە تیۆری سیاسیی خۆرئاوا بۆی لووا، كـە پێناسـەی دەوڵـەت بكـات و بڵێـت: هەرێمێكـە سـنووری دیـاریكراوی هەیـە و گرووپێكی دیاریكراو لەسەری دەژین و دەسەڵاتێكی خاوەن سەروەری فەرمانڕەوایی تێدا دەكات، بە جۆرێك كە بڕیارەكانی ئیلزامین.(٢)

---

١خۆرئاوا لە سەردەمی نوێدا پێداویستی هاوبەش و بڕیاری تێركردنی كردۆتە بناغەی دامەزراندنی یەكێتییە ئابوورییەكان وەك كۆمپانیا بازرگانییەكان، دەزگا و كۆمەڵە هەرەوەزییەكان بە هەموو جۆرەكانیەوە لە بوارەكانی سپاردە و گەنجینە و بەكاربەری و نیشتەجێبوون و ماركێتین و هاوچەشنەكانی، بەڵام قەت ئەمانەی نەكردووە بە بناغە لە دروستكردنی دەوڵەتاندا، چونكە خۆرئاوا وایداناوە كە دەوڵەت تەنها دەبێت لەسەر تایبەتمەندی ڕەگەزی هاوبەش بۆ باری سروشتی و بەردەوام بۆ باری پەیڕەو دابمەزرێت. بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە:

Robert K.Merton , Social Theory and Social Structure , Glencoe,111.: The Free Press , 1962 ,P 393.

٢ ئەمە پیناسەی كلاسیكیی دەوڵەتە لە كەلتووری خۆرئاوادا و پێچەوانەی پێناسەی دەوڵەتی ئیسلامییە كە بە خاك و ڕەگەز و كەلتوور و ئاین و سنووری سیاسی دیاری ناكرێت. لەم بارەوە بڕوانە:

Gorge H Sabine , A History of Political Theory , New York ,PP.764-765 & James B.Hastings , Encyclopedia of the Social Sciences ,s.v. “The State”.

له ئیسلامدا دوو چەمك هەیە كە دەشوبهێن بە چەمكی گرووپ، ئەوانیش چەمكی گەل و میللەتن، ئەڵبەت بەكارهێنانیان وەك ئاماژە بۆ كۆمەڵ دژوارە، ئەگەر ماناكەنیان كەمێك نەگۆڕین، واتە بەبێ تێكدانی هۆشیاریی ئەو كەسانەی پێیان دەڵێین: گەل، یان میللەت. بۆ نموونە هەر یەك لە عەرەب و تورك و فارس بە گەل یان میللەت هەژمار دەكرێن، ئەگەر مەبەستمان ئەوەبێت كە باسیان بكەین وەكو گرووپێكی جیاواز لە یەكتر و و پەنجە بخەینە سەر جیاوازییەكانیان لە ڕووی زمان و جوگرافیا و ڕەچەڵەك و ئەم جۆرە شتانە، بەڵام ناكرێت پێیان بڵێین كۆمەڵگا چ جیا بن لە یەكتر و چ پێكەوە بن، تا ئەو كاتەی كۆمەڵگا تایبەت نییە بەوانەوە و خەڵكانێكی تری تێدایە وەك مالییەكان و هیندییەكان و سلاڤی و هۆسا و پانتۆ و خەڵكانی تریش. جا چونكە هەموو ئەو گرووپانە و ئەوانی دیكەش پێكەوە هاوبەشن لە ئیسلام و كەلتوور و شارستانێتییەكەیدا، كەواتە بەشی لێكدانەبڕاوی ئوممەتی یەكپارچەی ئیسلام و كۆمەڵگای ئیسلامیی یەكگرتوون، لەبەر ئەوەی ئوممەت كۆمەڵگایەكی جیهانییە و بواری ئەندامێتی تیایدا بەرفراوانە و بە ئەندازەیەك فرە ڕەنگە كە هەموو ڕەگەز و گرووپەكان دەگرێتەوە، پابەندبوونیان بە ئیسلامیشەوە دەیانبەستێتەوە بە سیستمێكی كۆمەڵایەتی دیاریكراوەوە. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ هَـٰذِهِۦٓ أُمَّتُكُمْ أُمَّةً وَٰحِدَةً وَأَنَا۠ رَبُّكُمْ فَٱعْبُدُونِ﴾ (الانبياء: ٩٢). هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَإِنَّ هَـٰذِهِۦٓ أُمَّتُكُمْ أُمَّةً وَٰحِدَةً وَأَنَا۠ رَبُّكُمْ فَٱتَّقُونِ﴾ (المؤمنون: ٥٢).

چەمكی ئوممەت لەوەی وترا قووڵترە، چونكە هەر تاكێكی ناو گرووپە موسڵمانەكان لە خودی خۆیدا بە ئوممەت هەژمار دەكرێت، چونكە بەڵگەنەویستە و لە ڕووی شەرعیشەوە وایە كە لە هەلومەرجی نەبوونی حكومەت و دەزگایەكی شەرعی بەتوانا بۆ پراكتیزەكردنی شەریعەتی ئیسلامیدا، هەر تاكێك بەرپرسە لەوەی بەناوی ئوممەتی جیهانییەوە بدوێت و لەباتی ئەو كار بكات و نوێنەرێكی

کارای ئەو ئوممەتە جیهانییە کۆبەندە بێت و بەرپرسیارێتی کار لەم ئاقارەش لەئەستۆ بگرێت، پاساوی ئەمەش ئەو ڕاستییەیە کە ئەوان هەموو پێکهێنەرە گرنگەکانی کەلتوور و شارستانێتی و کۆی پێوەرەکانی گەورەیی و ڕیزبەندیی کۆمەلایەتی و هەڵسەنگاندنی کاروباری تاکەکەسی و ناو کۆمەڵ و جڤاتییەکان لە ئیسلام وەردەگرن.

لێرەوە تا ڕادەیەکی زۆر ڕەوایە کە تاك و گرووپەکان شوناسی خۆیان بە ئیسلام دیاری بکەن، کە هەر هەموویان لەبری ئەو بنەمایانەی دەیانکات بە گرووپێك لە گرووپەکان، بە برایەتی ئیسلامیی جیهانیی پێکەوە دەبەستێت، دیاریکردنی شووناسی ئیسلامەتی هەرگیز تێکناگیرێت لەگەڵ هەست بەخۆکردنی هەریەك لەو گرووپانە. شناسی کۆکەرەوەی ئیسلامەتی ئەو ڕەگەزە جیاوازانەی تایبەتن بە گرووپێك ڕەتناکاتەوە، بەڵام تا ئەندازەیەك لە گرنگییەکەی دێنێتە خوارەوە، کاتێك بەراوردیان دەکەین بەو خاڵە هاوبەشانەی لەگەڵ گرووپەکانی تر بەهۆی ئیسلامەوە هەیانە، ئەم جیاوازییانە دەمێنن، بەڵام دەخرێنە شوێنی دروستی خۆیانەوە.

چەمکی ئوممەت قابیلی تەرجەمە کردن نییە و پێویستە ئەسڵە عەرەبییە ئیسلامییەکەی بپارێزرێت.، چونکە ئەم چەمکە هەرگیز هاوواتای چەمکەکانی (گەل) و (نەتەوە) و (دەوڵەت) نییە، کە بەردەوام بەپێی ڕەگەز و جوگرافیا و زمان و مێژوو، یان بە ئاوێتەیەك لەمانە دیاریدەکرێن، وێڕای ئەوەی چەمکی ئوممەت چەمکێکە لەمپەری لۆکاڵی تێدەپەڕێنێت و ناکرێت بە لێکدانەوەی جوگرافیایی پێناسە بکرێت، واتە هەرێمی ئەم چەمکی ئوممەتە تەنها گۆی زەوییش نییە، بەڵکو هەموو گەردوون و بوونەوەرە، لەلایەکی دیکەوە ئوممەت لە تاقە ڕەگەزێکدا کورت نایەت و وا لە سەرووی هەموو ڕەگەزەکانەوە و وا لە هەموو مرۆڤایەتی دەڕوانێت کە هەر کەسێك ئەندامێکی هەنووکەیی، یان داهاتووی ئەم ئوممەتەیە، دیسانەوە ئوممەت هاوواتای دەوڵەتیش نییە، لەبەر ئەوەی ئوممەت قەوارەیەکی جیهانیی

سەرووی دەوڵەتانە و چەند دەوڵەتێك لەخۆی دەگرێت. بە هەمان شێوە ئوممەت هەموو تاکەکانی لەخۆ دەگرێت، تەنانەت ئەگەر ملکەچی سەروەریی تاقە دەوڵەتێك، یان خودی دەوڵەتی ئیسلامیش نەبن، ئوممەت بەم پێناسەیە جۆرێکە لە نەتەوە یەکگرتووەکان، بە یەك ئایدۆلۆژییای بەهێز و گشتگیر و حکومەتێکی جیهانی و سوپایەکی جیهانی بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی، واتە تەنها ئوممەت دەبێتە سیستمی کۆمەڵایەتی ئیسلام، ئوممەتبوون ئەو بزاڤەیە کە لە پێناویدا تێدەکۆشێت و بۆ بەرجەستەکردنی ئامانجەکانی لەسەرزەویدا هەوڵ دەدات.(١)

## دووەم: سروشتی ئوممەت:

أ- ئوممەتێکی تێکۆشەر دژ بە ڕەگەزسەنتەریی: سیستمی کۆمەڵایەتی ئیسلام سیستمێکی گەردوونییە و هەموو جۆرەکانی مرۆڤ لە ئامێز دەگرێت بەبێ جیاوازیی و هەموو مرۆڤێك تیایدا ئەندامە بە حوکمی لەدایکبوونی، واتە ئەو یەکێك لەم دوانەیە، یان هەنووکە ئەندامە، یان دەشێت ببێتە ئەندام و ئەرکی سەرشانی ئەندامانی ترە کە قایلی بکەن بۆ ئەندامێتی.(٢)

ئیسلام دان بەو ڕاستییەدا دەنێت کە مرۆڤەکان بە سروشت لەسەر بنەمای خێزان و هۆز و نەتەوە کۆدەبنەوە و هەموو ئەم ڕشتانە بە ئافەریدە و بڕیار و ئەندازەگیریی خودا دەزانن.

---

[1] Ismael R.Al Farouqi , On Arabism : Urubah and Religion : An Analysis of the Fundamental Ideas of Islam as Its Highest Movement of Conciousness: A mstrdam :Dgambatan ,1962,Chap.VI.

[٢] هەموو مرۆڤێك بەبێ هەڵاواردن داوای لێکراوە ئەحکامی شەریعەت و فەرمانەکانی خودا جێبەجێ بکات، چونکە ئامانج و بەهاکانی ئیسلام بۆ هەموانە، لێرەوە موسڵمانان کە بڕوایان هەیە بەوەی کە وەحیی نێردراو، پێوەری هەموو شتێکە، واجبە لەسەریان کە هەموو مرۆڤیك بانگ بکەن بۆ ئیسلام. بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بەم خاڵە بڕوانە:

Ismael R.Al Farouqi , “ On the Nature of Islamic Daawah “International Review of Mision.Vol.65, No.260 , October 1976.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ﴾ (الحجرات: ١٣)، بەڵام ئیسلام ڕەتی دەکاتەوە کە ئەم ڕشتە دەستەجەمعییانە کۆتا ئاست بن و ببنە چوارچێوەی کۆتایی و دوا پێوەری خێر و شەڕ بن لای مرۆڤ، هەروەها لەکاتێکدا ئیسلام دێت مەودای شەرعیی خێزان وا گەورە دەکات تا هەموو خزمەکان و هەموو ئەوانەی ڕەبتێکیان بە مرۆڤەوە هەبێت هەر چەندە دووریش بن، بگرێتەوە و پەیوەندییەکانی میراتبردن و هاوپشتیی نێوانیان بە یاساکانی شەریعەت ڕێکدەخات، لە هەمان کاتدا ئەو ئەرکە دەخاتە سەرشانی کۆبەندە گەورەکانی وەکو هۆز و نەتەوە، کە لە پێناوی بەرژەوەندیی هەمواندا تەواوکار و هاوکاری یەکتر بن.

شەریعەت لە هەموو مرۆڤایەتی بە تاك و گرووپەکانیەوە باڵاترە و فرەیی ڕەگەز بە ڕاستییەکی جێکەتووی ناو بازنەی ڕەوا دادەنێت، هەڵبەت لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا، بگرە لەوە زیاتر، ئیسلام پێیوایە ئەمە پرسێکی دنیاییە و ملکەچە بۆ یاساکانی شەریعەت، هەرکاتێك ڕەگەزگەرایی ببێتە ڕەگەزسەنتەریی، ئیسلام ڕەتی دەکاتەوە بە گەڕانەوە بۆ سەردەمی نەفامیی، یان بە کوفری دادەنێت، چونکە لە هەناویدا سەرچاوەیەکی دیکە بۆ یاسا بۆ پێوانەکردنی خێر و شەڕ بریار دەدات، کە ئەویش ڕەگەزگەراییە.

بەڵی لە ڕوانگەی فیقهییەوە ڕیزبەندییە ڕەگەزییەکان دەکەونە جوغزی ڕێپێدراوەوە، لەلایەکەوە بە دوو بازنەی حەرام و مەکرووهـ و لەلایەکی ترەوە بە دوو بازنەی واجب و مەندووب سنووربەند کراون. ئیسلام لاریی نییە لەوەی ڕەوتێکی ڕەگەزگەرا بگاتە ئاستێك کە دەوڵەتێکی تایبەت، یان خیلافەتێکی تایبەت بەخۆی دابمەزرێنێت، بەو مەرجەی بەتەواویی پابەند بێت بە شەریعەتەوە، لە سەردەمیی ماوەردییەوە، فیقهی ئیسلامیی دانیناوە بە ڕەوایەتیی ئەم بابەتەدا، ئەم ئەرکی پابەندبوون بە شەریعەتەوە پێویستی دەکات لەسەر هەر قەوارەیەکی

ڕەگــەزیی خــاوەن ســەروەریی، کــە خولّقانــدنی ئاشــتی و جــەنگ ببەســتێت بــە بەرژەوەندیی هەموو ئوممەتەوە، بە بـەڕێوەبردنی کاروبارەکانیـەوە، بـەجۆرێك کـە هیچ زیانێك بەوانی دیکە نەگەیەنێت و چاکەی پێوەبێـت بـۆ ئـەوان. لـەودیوی ئـەم سنووربەندییەوە، ئیسلام هیچ سازشێك ناکات لەگەڵ هیچ ڕەوتێکی داخراو و لەسەر موسڵمان واجب دەکات کـە هـەر هـەموویان بـە هـەموو تواناکەیـەوە لـە هـەرکات و شوێنێکدا سەرهەڵبدات، لە دژی بوەستن.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِنْ طَائِفَتَانِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ اقْتَتَلُوا فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا﴾ (الحجرات: ٩).

شەرعی خودا بۆ هەموو مرۆڤێك یەکێکـە، چـونکە تاقـە سەرچـاوەیەکی هەیـە، ئـەویش خـودا خۆیـەتی، جـا چـۆن خـودا تـاك و تەنهایـە و پـەروەردگاری هـەموو مەخلوقێکـە بـە مرۆڤیشـەوە، کەواتـە شەرعەکەشـی بـە نیسـبەت هەموانـەوە هـەر یەکێکە و تیایدا خودا هیچ جیاکارییەکی بۆ کەسێك نەکردووە و کەسێکیشی هەڵاوێر نـەکردووە لـەوەی کـە دەبێـت ملکەچـی بێـت. ئیسـلام ئـەم ڕەگەزسـەنتەرییە بـەو شێوەیە بە ترسناك دەزانێت، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە جیاکاریی واتە دەستدرێژیی بۆ سەر پرانسیپی باڵابوونی خودا خۆی، واتە مادام ئێمـە خـودا بـە کۆتـا ڕاسـتی و کۆتا داوەر و سەرەنجام هەر ئـەو کۆتـا بنـەما و کۆتـا پێـوەر و کۆتـا سەرچـاوەیە، کەواتە دەبێت بڕیاری لەسەر هەموو مرۆڤەکان وەك یەك بێت.

گریمانەی جیاکردنەوەی گرووپێکی ڕەگەزیی لەلایـەن خـوداوە، بـە جۆرێـك کـە پەیوەندیی ئەو بە خودا و بە شەریعەت و بە سیستمی گەردوون و یاسـاکانی سـزا و پاداشـتەوە، جیـاواز بێـت لـە پەیوەنـدیی گرووپێکـی تـر بەوانـەوە، دەبێتـە هـۆی بەربادانی گەورەیی و شکۆی تایبەتمەندی خودا. ئەو قسەیەش کە دەڵێت: ڕاستیی کۆتایی چەند ڕاستییەکە، دژەوتارێکە کـە حـەق نییـە هـیچ حسـابێکی بـۆ بکرێـت. هەرچی پەیوەندییەکی لەم بابەتە ڕەگەزییەی دیکەش هەیە، چ مرۆییانـە بێـت وەك

فەلسەفەی بەختەوەریی، یان کەلتووری بێت، وەك فەلسـەفەی پراگمـاتی و نەریتـە لیبراڵییـە ئـەنگلۆ ساکسـۆنیی و بـاقی نەتـەوەکان، یـان سۆفیسـتایی بێـت، وەك ڕەگەزگەرایی هەژمار دەکرێت.(١)

أ- ئوممـــەتی جیهانگـــەرایی: سیســـتمی کۆمەڵایـــەتی ئیســـلامیی، ڕەوت و ڕووگەیـەکی جیهـانیی هەیـە، خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ فَأَصْلِحُوا بَيْنَ أَخَوَيْكُمْ﴾ (الحجرات: ١٠). هەروەها دەفەرموێت: ﴿إِنَّ هَذِهِ أُمَّتُكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَأَنَا رَبُّكُمْ فَاعْبُدُونِ﴾ (الانبياء: ٩٢).

هەرچەندە ئەم سیستمە کۆمەڵایەتییە ڕەنگە لە گەلێك، یان گرووپێکـی گـەلان، یـان تـەنها لـە ژمارەیـەك تاکەکەسـدا، بەرجەسـتە ببێـت، بـەڵام لـەو ڕووەوە کـە تێدەکۆشێت هەموو ڕەگەزی مرۆڤایەتی بگرێتەوە، هەر بەیەك سیستم دادەنرێت.

لێرەوە کاتێك بە زمـانی ئیسـلام دەدوێـین، ڕێگـا نادرێـت بـاس لـە سیسـتمێکی کۆمەڵایەتی عەرەبی، یان تورکی، یان فارسی، یان پاکستانی، یان مالیایی بکرێـت، بەڵکو تەنها یەك سیسـتم هەیـە، ئـەویش سیسـتمی کۆمەڵایـەتی ئیسـلامییە. بـەڵێ دەکرێ ئەم سیستمە لە دەوڵەتێکەوە، یان لـە گرووپێکـەوە، دەسـتپێبکات، بـەڵام ئەگەر بەردەوام هـەوڵ نـەدات کـە هـەموو ڕەگـەزی مرۆڤایـەتی کۆبکاتـەوە لـە ژێـر سـایەی خۆیـدا، ئـەوا شوناسـە ئیسـلامییەکەی لەدەسـت دەدات، لەبـەر ئـەوەی کۆمەڵگای جیهانیی ئەو نموونە ئیسلامییەیە کە بـە ناونیشـانی ئوممـەتی جیهـانیی کۆکەرەوە باسی لێدەکرێت.

ئـەم نموونەیـە سـەرقاڵبوون نیـە بـە ڕابردوویەکـەوە کـە کـاتی بەسەرچـووبێت، لەهەمان کاتدا نموونەیەکی کۆن نییە کە بگەڕێتـەوە بـۆ سـەدەکانی ناوەڕاسـت کـە لەگـەڵ داواکارییـەکانی ئێسـتا ڕێکنەبێتـەوە، بەڵگـەشمان ئەوەیـە کـە نموونـەی

---

[1] Ismael R.Al Farouqi , " The Metaphisical Status of Values in the Western and Islamic Traditions" STUDIA Islamica, Fascicule xxviii ,1968,PP.29-62.

کۆمـەڵگای جیهـانیی پـازدە سـەدەی لـە دەسـەڵاتی ئیمپراتـۆری ڕۆم تـا سـەدەی ڕۆشنگەریی خاياند. خۆرئاوا لە سایەی ڕوانگەی ڕۆشـنگەریی شۆڕشـی فەرەنسـاوە ئـەو هەوڵدانـەی بـینی بـۆ دووبـارە هێنانـەوەی، دواتـریش چـەند هـەوڵێك درا بـۆ هێنانەوەی بەپێی ڕوانگە جیهانییەکانی هەر یەك لە دیموکراسیەت و کۆمۆنیزم، هەر جارەش ئەم نموونەیـە ڕووبـەڕووی تێکـدان و پێشـێلکردن و لـەناوبردن و لـەڕێلادان دەبویەوە لەسەر دەستی نەیارەکانی، کە مەبەستمان لایەنگرانی تایبەتمەنـدبوون و ناسیۆنالیزم و لەناوبردنی ڕەگەزییە.

گرنگە ئەوەش بڵێین، کە هیچ کام لەم بزاڤانە، دوژمـنی نموونـەی جیهـانی نـین، تەنانەت لە بەرامبەریشیەوە ناوەستن لەبەر خودی خۆی، بە بەڵگەی ئـەوەی هێـزە ڕەگەزگەراکان کە لە سەدەی ڕیفۆرمـدا هـەموو خـەڵکیان لـە دەوری پێشـەواکانیان کۆدەکردەوە، لەڕاستیدا دژی ئەو تێکدانانە بوون کە کڵێسا دەرحەق بەم نموونەیـە ئەنجامیدا. بەهەمان شێوە هێزە ناسیۆنالیستەکان دژایـەتیی نمونـەی ڕۆشـنگەریی شۆڕشی فەڕەنسایان نەکرد، بەڵکو دژی پرۆسەی تێکدانی ئەم نموونەیـە وەسـتان، کە فەڕەنسای داگیرکەر پەیڕەوی دەکرد.

دارمانی ئەم نموونەیە دوای جەنگی جیهـانیی یەکـەم و دووەم، دەگەڕێتـەوە بـۆ پیلان و مانۆڕەکانی زایۆنیزم و ئیمپریالیزمی نوێ. بە وتەیەکی دیکە شکسـتی ئـەم نموونەیە تائێستا، دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی پشتگیریی لە دەوری و هەناسەی کورتی لایەنگرەکانی. واتە بڕوای جەماوەریی خۆرئاوا بـەم نموونەیـە بـەردەوامبوو تـا ئـەو ساتە وەختەی دواهەمین مشتی کوشـندەی بەرکـەوت لەلایـەن ڕەوتـی گومانگـەرای هاوچەرخەوە، کە نەك لەو سنوورەدا نەوەستا کە پیرۆزیی لە هەموو شتێك دامـاڵی، بەڵکو ڕەتیشی کردەوە کە هیچ شتێك خاوەنی مانای دیار و وردکراوەی خۆی بێت.

ج - ئوممـەتی گشـتگیریی: سیسـتمی کۆمەڵایـەتی ئیسـلام گشـتگیرە، واتـە دامـەزراوە لەسـەر ئـەوەی کـە ئیسـلام پەیوەسـتە بـە هـەموو بوارەکـانی چـالاکیی

مرۆڤەوە، بناغەی ئەم سیستمە کۆمەڵایەتییە بریتییە لە ویستی خودا کە توند وابەستەیە بە هەموو دروستکراوێکەوە، لەو ڕووەوە کە خوای پەروەردگار بەهرەمەندیی کردووە بە یاسا و پێکهاتە و فەرمانێك. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿تَبَارَكَ الَّذِي نَزَّلَ الْفُرْقَانَ عَلَى عَبْدِهِ لِيَكُونَ لِلْعَالَمِينَ نَذِيرًا (١) الَّذِي لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَلَمْ يَتَّخِذْ وَلَدًا وَلَمْ يَكُنْ لَهُ شَرِيكٌ فِي الْمُلْكِ وَخَلَقَ كُلَّ شَيْءٍ فَقَدَّرَهُ تَقْدِيرًا﴾ (الفرقان: ١ – ٢).

لەکاتێکدا ئیسلام خاوەنی بەرنامەیەکی جیهانگیرە و ڕێنمایی و بەرنامەکانی بۆ هەموو مرۆڤەکانە، بە حوکمی ئەوەی مرۆڤن، لە هەمان کاتدا گشتگیریشە، واتە بۆ هەموو بوارێکی ڕەفتاریی مرۆیی، یاسایەکی تایبەتی داناوە، خۆئەگەر بوارێك هەبێت بەبێ تەشریع، ئەوا واجبی کردووە لە سەرشانی موسڵمانان کە یاسا و ڕێسایەکی وای بۆ دابنێن کە هەماهەنگ بێت لەگەڵ شەریعەتدا، بۆ ئەوەی کاتێك ڕووبەڕووی کێشەکانی ڕۆژانەی دەبنەوە بەتەواویی شەریعەت پراکتیزە بکەن، چونکە ئیجتیهاد فەرزێکی گشتییە لەسەریان. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم ڕاستییە، پەروەردگار لە قورئانی جێگیری خۆیدا دەفەرموێت: ﴿وَمَا مِنْ دَابَّةٍ فِي الْأَرْضِ وَلَا طَائِرٍ يَطِيرُ بِجَنَاحَيْهِ إِلَّا أُمَمٌ أَمْثَالُكُمْ﴾ (الانعام: ٣٨).

گومان لەوەدا نییە کە مرۆڤەکان بەو هەموو سروشتە جەستەیی و کەسێتی و کۆمەڵایەتی و ڕۆحییانەوە کە هەیانە، خاوەنی دەستوورێکی خودایین، کە دەبێت جێبەجێی بکەن و هەموو چالاکییەکانیان بەبێ جیاکاریی وان لە ژێر قەزا و قەدەریی ئیلاهیدا و بۆیان نییە بیر لە هیچ هەوڵێك بکەنەوە لە هیچ بوارێکدا کە نەچێتە ژێر یەکێك لە حوکمەکانی شەریعەت، کە وەك ڕاستەهێڵێکی پەیوەست وان و بە واجب دەستپێدەکات و بە حەرام کۆتایی دێت. لەنێوان حەڵاڵ و حەرامیشدا پلەکانی مەکرووهـ و واجب و مەندووب دێت، وێڕای ئەوەی لە نیشانەکانی ژیریێتی و

جوانبینیی مرۆڤ ئەوەیە، بازنەی موباحیش بە پێی توانا واڕێکبخرێت کە لەگەڵ خواستی ئیسلامدا بگونجێت.

ئەو بنەما فیقهییەش کە دەڵێت: ئەسڵ وایە هەر شتێك حەلاڵ بێت جگە لەو شتانەی بە دەقێك حەرام کراون، مەبەستی ئەوەیە ڕێگری بکرێت لە فراوانکردنی بازنەی حەرامەکان بە تۆپزیی و بە ناڕەوا، نەك مەبەست ئەوەبێت کە یاساکان بەشێوە دروستەکەیان جێگیر نەبن.[1] کەواتە پێویستە یاسا ئیسلامییەکان بەوشێوەیە شیکاریی و هەڵگۆزین و وردبوونەوەیان بۆ بکرێت و مەودایان بۆ دیاری بکرێت، کە هەموو ڕووداوێك ڕێکبخەن، ئەگینا سەرەنجام ئەو پرانسیپەی کە شەریعەت لەسەر گشتگیریی ویستی خودا دامەزراوە دەبێتە جێی گومان. ئەمەش ئەو ڕاستییە دەگەیەنێت کە باشترین سیستمی کۆمەڵایەتی ئەو سیستمەیە کە زۆرترین ئەندازەی شیاو لە چالاکییەکانی مرۆڤ دەگرێتەوە، نەك کەمترین و باشترین حکومەتیش حکومەتی بەرزترین ئاستە نەك نزمترین.

با ئەوەمان لەبیر بێت، کە سیستمی کۆمەڵایەتیی ئیسلامیی، سیستمی تەنها یانەیەك یان کۆمەڵگایەکی خوێندەوار، ژوورێکی بازرگانی، سەندیکایەکی کرێکاران، کۆمەڵەیەکی هەرەوەزیی بەکاربەران، یان حیزبێکی سیاسیی بە چەمکە خۆرئاواییەکەی نییە، بەڵکو وەك ئەوەیە کە شێخ حەسەن بەننا عادەتی پێوەکردبوو دەیووت: چەمکێکە ئەمانە هەمووی دەبەردەگرێت و زۆریش فراوانترە،

[1] ئەمە یەکێکە لە پرانسیپە گشتییەکانی یاسای ئیسلامی، یان ناونراو بە بناغە گشتییەکان. بڕوانە: صبحي المحمصاني، فلسفة التشريع في الاسلام بيروت، دار العلم للملايين، ١٣٨٠هـ/ ١٩٦١م، ل٢٦ و دواتری. عەبدولوەهاب خەللافیش ناویان دەنێت بە: القواعد الاصولية التشريعية. بڕوانە: عبد الوهاب خلاف: علم أصول الفقه، القاهرة – دار القلم، ١٣٩٢ هـ/ ١٩٧٢، ل١٩٧ و دواتر.

هۆکارەکەشی بەوردی ئەوەیە کە بریتییە لە پەیوەستبوونی ویستی خودا بە هەموو شتێکی بوونەوە.[1]

گشتگیریی سیستمی کۆمەڵایەتیی ئیسلام، تایبەت نییە بە چالاکییە مرۆییەکان و ئامانجەکانی لە ئێستادا بە تەنها، بەڵکو هەموو چالاکییەکان لە هەموو شوێن و کاتێکدا دەگرێتەوە، وێڕای هەموو ئەو مرۆڤانە کە ئەو چالاکییانە ئەنجامدەدەن و بە ئەندامی دانەبڕاوی پێویست هەژمار دەکرێن. لەکاتێکدا کە موسڵمانان هەموویان بە سەربازی بەرنامە و پرۆژەکانی دادەنێت، ناموسڵمانەکانیش بە ئەندامی کاندیدکراو دەزانێت کە پێویستە قایل بکرێن بۆ ئەوەی بێنە ناوی، کەواتە ئەم سیستمە سیستمێکی ناکۆتایە، لەبەر ئەوەی ژیان و چالاکیی ئەم زەوییە کۆتاییان نایەت، ئەرکی ئەم سیستمە ئەوەیە کە کار بکات لە هەموو بوونەوەرێك، لە هەموو جێگیر و بزۆکێك، چ بێ گیان بێت یان لە دروستکراوانی دیکە بێت، یاخود مرۆڤ بێت، نێر بێت یان مێ، تاك بێ یان گرووپ، کە باشتر و تەواناترە بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجەی خوا بۆی ئەفراندووە. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا مِنْ دَابَّةٍ فِي الْأَرْضِ وَلَا طَائِرٍ يَطِيرُ بِجَنَاحَيْهِ إِلَّا أُمَمٌ أَمْثَالُكُمْ﴾ (الانعام: ٣٨).

ڕزگاری و سەرکەوتن ئەوەیە کە زەویی بکەیتە بەهەشتی خودا. (هەر ئەمەیشە چەمکی قورئانیی ئاوەدانکردنی زەوی واتە دووبارە سازاندنەوەی)، پاشان مرۆڤەکان بگۆڕدرێن بۆ پاڵەوان و بلیمەت و خواناسانێك کە شەریعەتی خودا جێبەجێ دەکەن. دەبێت ئەوەش بزانین کە بەدەستهێنانی ئەم کارە بەشێوەیەکی نائەخلاقی قەت نابێتە سەرکەوتن، چونکە سەرکەوتن ئەوەیە کە ئەم گۆڕانکارییانە لەگەڵ شەریعەتی خودا ڕێکبێتەوە و پاڵنەرەکانی لە پراکتیزەکردنیانەوە سەرچاوە بگرێت.

---

[1] بۆ زیاتر بڕوانە: اسحاق موسى الحسيني، الاخوان المسلمون، بيروت، دار بيروت للطباعة والنشر، ١٩٥٥، ل٧٩.

د ـ ئوممەتی ئازادیی: سیستمی کۆمەڵایەتیی لە ئیسلامدا سیستمێکی ئازادە، چونکە سیستمی کۆمەڵایەتی ئەگەر بە زەبری هێز دابمەزرێت، یان بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکانی، زۆر لە مرۆڤەکان بکات، سیفەتی ئیسلامەتیی خۆی لەدەستدەدات، بەڵێ هەندێك جار کۆنترۆڵ پێویست دەبێت، بەڵام کاتێك ڕەوایە کە تایبەت بێت بە کاتی جێبەجێکردن و لەو سنوورەدا بوەستێت، پێش ئەو کاتە ئیسلام سەبارەت بە یاسا بەرزەفتییەکان فەرمان دەدات بە شوورا و ڕاوێژ و لە هەر ئاستێکیشدا بن بە یاسای کاتییان دادەنێت و دەیانبەستێت بە چەند پرۆژەیەکی دیاریکراوەوە. کەواتە کە بەرزەفتیی بووە یاسا دەرەنجامەکەی بریتییە لە کاراکردنێکی سەرکەوتووی نموونەی خودایی، هەرچەند نرخی ئەم کاراکردنە دەبێت بە نرخێکی پراگماتییانەی نائەخلاقیی، چونکە مەرجی ئەوەی کاراکردن نرخێکی ئەخلاقی هەبێت ئەوەیە، کە بکەر بە بڕیارێکی ئازاد هەستێت بەو کارە و بڕیارەکەشی لەوەوە هاتبێت کە بۆخۆی بەو نرخە یان بەو نموونە خوداییەی دەبێت بەرجەستە بکرێت پابەند بێت. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّا أَنْزَلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ لِلنَّاسِ بِالْحَقِّ فَمَنِ اهْتَدَى فَلِنَفْسِهِ وَمَنْ ضَلَّ فَإِنَّمَا يَضِلُّ عَلَيْهَا﴾ (الزمر: ٤١).

گومانی تێدا نییە کە ئیسلام هەوڵ بۆ هەردوو نرخەکە، قازانجویست و ئەخلاقییەکە دەدات، بەڵام ڕێگا بە یەکەمیان نادات لەسەر حسابی دووەمیان و هیچ ڕێزێك بۆ قازانج دانانێت ئەگەر نرخە ئەخلاقییەکەی لەگەڵ نەبێت. کەواتە لە ڕوانگەی ئیسلامەوە تەنها ئەو کاراکردنە بەنرخە کە هەر دوو نرخە ئەخلاقی و قازانجویستەکەی تێدا بێت پێکەوە. خوای گەورە ئەم وانەیەی زۆر بەجوانی فێر کردووین لە قورئانی پیرۆزدا، ئەوەتا کاتێك خوای گەورە فریشتەکان ئاگادار دەکاتەوە کە مرۆڤ دروستدەکات و دەیکاتە جێنشین لەسەر زەوی: ﴿وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَةً﴾ (البقرة: ٣٠)، فریشتەکان لایان سەیر بوو لە حاڵێکدا ئەوان سەرپێچی لە هیچ فەرمانێکی خودا ناکەن و ئەوەی پێیان دەوترێت

جێبەجێی دەکەن، ﴿إِنَّا عَرَضْنَا الْأَمَانَةَ عَلَى السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَالْجِبَالِ...﴾ (الاحزاب: ٧٢).

جا ئەگەر مرۆڤەکان پارێزراوبان و توانای کاری خراپیان نەبایە، واتە وەك فریشتە بوونایە ئەوسا کارەکانیان پڕاوپڕی ویست و فەرمانی خوا دەبوو، بەڵام ئەخلاقیی نەدەبوون، لە حاڵێکدا ئەخلاقیبوون باڵاترین بەشی ویستی خودابیە، لێرەوە بە تەئکید کاری ئەخلاقیی بەرزترین شتێکە کە لە مرۆڤ داواکراوە، بەڵگەشمان ئەوەیە هەر ویستێك فەرمان بە کاری ئەخلاقی نەکات ناکرێت ویستێکی خودایی بێت، چونکە ئەگەر وابێت لەگەڵ خۆی تێکدەگیرێت. قورئان لە شوێنێکی تردا بە هەمان جوانیی ئەم ڕاستییە دووپات دەکاتەوە، بەڵام ئەمجارە ویژدانیش دەهەژێنێت، کاتێك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّا عَرَضْنَا الْأَمَانَةَ عَلَى السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَالْجِبَالِ فَأَبَيْنَ أَنْ يَحْمِلْنَهَا وَأَشْفَقْنَ مِنْهَا وَحَمَلَهَا الْإِنْسَانُ إِنَّهُ كَانَ ظَلُومًا جَهُولًا﴾ (الأحزاب: ٧٢).

دیارە ویستی خودا لە ئاسمانەکان و زەویدا بەفەرمانی ڕەتنەکراوەی خودا سەبارەت بە ئەفراندن جێبەجێ دەبێت، کە هیچ ئافەریدەیەکی ناو ئاسمان و زەوی لە سایەیدا یارای ئەوی نییە ئازاد بێت لە کردن یان نەکردنی، لێرەوە ئەو کارانەی مەخلوقات کە ویستی خودا بەرجەستە دەکەن، وەسف ناکرێن بەوەی کە کاری ئەخلاقیین، تەنها مرۆڤە کە بکەرێکی ئەخلاقییە، چونکە ئەو تەنها مەخلوقێکە کە لە بەرامبەر فرمانی تەکلیفیی خوداوە سەرپشك دەکرێت و هەر ئەمەشە ڕازی ئەوەی کە تەنها مرۆڤ ئەمانەت و سپاردەی خودای لەسەر شان هەڵگرتووە.

مادام وادارکردنی مرۆڤ بۆ کاراکردنی بەها بەزەبر و زەنگ نابێت، کەواتە دەبێ هانبدرێت بۆ ئەوەی خۆی ئازادانە و سەرپشکانە بەدەستی بهێنێت، واتە بۆ ئەوەی خستنەکاری بەها ئەخلاقییەکان بێت دەبێت هاندانی مرۆڤ بۆی لە سنووری فێرکردنی بەها و قەناعەتپێکردنیدا بوەستێت و نموونە داواکراوەکان لەگەڵ فەرمانە

تەکلیفییەکانی خودا بەراورد بکرێت. لە ژێر ڕۆشنایی ئەمەشدا سیستەمی کۆمەڵایەتی ئیسلامی زیاتر لە بازنەیەکی توێژینەوە، یان قوتابخانەیەکی بەرفراوان دەچێت، کە ئەرکی حکومەت لە سایەیدا دەبێتە: فێرکردن و پەروەردە و قەناعەتپێکردن و هاندان و ڕۆشنگەری و پێشەنگایەتی.

هـ ـ ئوممەتی پەیام: ڕوون و ئاشکرایە کە ئوممەت شتێکی زیادەی سروشتیی نیە کە بەڕێکەوت دروست بووبێت، لەپێناوی خودی خۆی، یان باشتر بڵێین لەبەر خاتری یەکێك لە پێکهێنەرەکانی دروستنەبووە، بەڵکو دروستبووە بۆ ئەوەی ئامڕازێك بێت بۆ ویستی خودا، کە دەیەوێت بەشێوەیەکی هەستپێکراو لەم ژیانی دنیایە بە کات و شوێنیەوە لەڕێی ئەم ئامرازەوە بەدی بهێنێت.

کەواتە ئوممەتە کە دەبێتە تاکە ئامێزی کۆتا پەیامی خودایی و تاکە ئامڕازی چەسپاندنی ویستی خودا و ئەو خاڵەیە کە خودایی و گەردوونی تیایدا بەیەك دەگەن و بوونەوەر لەوێوە ڕەوتی بێکۆتایی خۆی بەرەو جێبەجێکردنی ویستی خودا دەستپێدەکات، قورئانی پیرۆز بە جوانی ئەمە ڕووندەکاتەوە کە خودا ئەم ئوممەتەی دەرهێناوە بۆ خەڵك تا وشەی خودا باڵاترین وشە بێت.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّا عَرَضْنَا الْأَمَانَةَ عَلَى السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَالْجِبَالِ فَأَبَيْنَ أَنْ يَحْمِلْنَهَا وَأَشْفَقْنَ مِنْهَا وَحَمَلَهَا الْإِنْسَانُ إِنَّهُ كَانَ ظَلُومًا جَهُولًا﴾ (الاحزاب: ٧٢).

## سێیەم: دینامیزمە ناوخۆییەکانی ئوممەت:

أ- ئیسلام بەبێ ئوممەت بوونی نیە: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلْتَكُنْ مِنْكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾ (آل عمران: ١٠٤). ئەم ئایەتە پیرۆزە روونیدەکاتەوە کە موسڵمانان فەرمانیان پێدراوە کە لە خۆیان ئوممەتێك دروست بکەن، واتە پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیی ڕێکخراو بە شێوەیەکی تایبەت، ئەم دەقە قورئانییە هۆکاری ئەم فەرمانەی لەخۆگرتووە، کە بریتییە لە بانگەشەکردن بۆ خێرخوازیی و فەرمان بە چاکە و ڕێگرتن لە خراپە، ئاشکراشە کە هەر ئەم هۆکارەیە کە دەبێتە ئەو بایس و ئامانجە کۆتاییەی کە پێویستە ئوممەت جێبەجێی بکات، لە هەمان کاتدا هۆکارێکی تریش هەیە کە لە دوای پەیدابوونی ئوممەت دێتە ئاراوە واتە کاتێك فەرمان بە چاکە و ڕێگرتن لە خراپە مومکینە و جێگیر دەبێت، کە ئوممەت بۆخۆی بوونی هەبێت، لەبەر ئەوەی تەنها ئوممەتە کە سەرچاوەی ماف و ئەرکەکانی موسڵمانە و دەبێتە ئەو پەیکەرەی کە دەشێت تیایدا ئەو ماف و ئەرکانە بەرجەستە بن. لەسەر ئەم بنەمایە بوو کە پێغەمبەری خودا بڕیاریدا کە نابێت سێ کەس لە بیابانێکدا پێکەوە بن ئەگەر یەکێك نەکەنە فەرماندەی خۆیان، ئەمەش لەبەر ئەوەیە مادام ئامانجی ئەوان بەرپاکردنی سرووتەکانی ئاین و جێبەجێکردنی فەرمانەکانی خودا و پراکتیزەکردنی دادوەریی و بەرپاکردنی یاسا و سزاکان و بەدیهێنانی بەختەوەریی دنیا و ئاخیرەتە، کەواتە پێویستە لە چوارچێوەی ئوممەتێکدا ڕێکبخرێن، واتە لە کۆمەڵێکی ئۆرگانیکدا کە دارای فەرماندەیی و حوکمڕانی بێت. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِالْبَيِّنَاتِ وَأَنْزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَالْمِيزَانَ لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ وَأَنْزَلْنَا الْحَدِيدَ فِيهِ بَأْسٌ شَدِيدٌ وَمَنَافِعُ لِلنَّاسِ وَلِيَعْلَمَ اللَّهُ مَنْ يَنْصُرُهُ وَرُسُلَهُ بِالْغَيْبِ إِنَّ اللَّهَ قَوِيٌّ عَزِيزٌ﴾ (الحديد: ٢٥).

﴿إِنَّا أَنْزَلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ لِتَحْكُمَ بَيْنَ النَّاسِ بِمَا أَرَاكَ اللَّهُ وَلَا تَكُنْ لِلْخَائِنِينَ خَصِيمًا﴾ (النساء: ١٠٥).

﴿وَأَنِ احْكُمْ بَيْنَهُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَهُمْ وَاحْذَرْهُمْ أَنْ يَفْتِنُوكَ عَنْ بَعْضِ مَا أَنْزَلَ اللَّهُ إِلَيْكَ فَإِنْ تَوَلَّوْا فَاعْلَمْ أَنَّمَا يُرِيدُ اللَّهُ أَنْ يُصِيبَهُمْ بِبَعْضِ ذُنُوبِهِمْ﴾ (المائدة: ٤٩).

هەندێك كەس ڕەنگە بڵێن: جێگیرکردنی بەها کەسییەکان پێویستی بە ئوممەت نییە، تەنانەت ڕەنگە هەندێك كەس پێچەوانەکەی بڵێن کە کۆمەڵگا ئەم ئامانجە تێکدەدات، لەبەرئەوەی بەرزترین نما بۆ شکۆمەندیی ڕەوشتیی ئەوەیە کە ڕاز و نهێنیی بێت لە نێوان بەندە و پەروەردگاریدا، وەڵامی ئێمەی موسڵمان بۆ ئەم قسەیە ئەوەیە کە ئەم قسەیە گوزارشت لە ڕوانگەیەکی مەسیحی دەکات، لە حاڵێکدا کە ئیسلام وەك چۆن جەخت لەسەر بەها تاکەکەسییەکان دەکاتەوە و لە یەك واژەی ئیخلاس (واتە نیەت و ڕاستگۆیی و خواویستی و پاکی و ئەمانەتداری و هاوشێوەکانیدا) پوختی دەکاتەوە، بە هەمان پلە ڕێگریی لە ڕەهبانییەت، واتە گۆشەگیری دەکات، با ئەم ئایەتانەی خودا بخوێنینەوە: ﴿ثُمَّ قَفَّيْنَا عَلَى آثَارِهِمْ بِرُسُلِنَا وَقَفَّيْنَا بِعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ وَآتَيْنَاهُ الْإِنْجِيلَ وَجَعَلْنَا فِي قُلُوبِ الَّذِينَ اتَّبَعُوهُ رَأْفَةً وَرَحْمَةً وَرَهْبَانِيَّةً ابْتَدَعُوهَا مَا كَتَبْنَاهَا عَلَيْهِمْ إِلَّا ابْتِغَاءَ رِضْوَانِ اللَّهِ﴾ (الحديد: ٢٧).

ناوازەیی ئیسلام لەم بوارەدا لەوەدایە کە ئیخلاسێك حسابی بۆ دەکرێت کە پەرچڤە بکرێت بۆ کارێکی بەرچاوی هەستپێکراو لە کات و شوێنی خۆیدا، وێڕای ئەوەی کۆمەڵگاش فەرمان دەکات بەم جۆرە ئیخلاسە. لە بەرامبەردا لە ناو مەسیحییەتدا بەپێی ئەو تێگەیشتنە کلاسیکییەی مەسیحییەت کە لەسەر دەقەکانی ئینجیلی مەتتا و مەرقوس و لۆقا دامەزراوە، هەم کۆمەڵگا و هەم دەوڵەتیش بە مەملەکەتی قەیسەر هەژمار دەکرێت.

**له ئینجیلی مەتتادا دەخوێنینەوە:**

١٥ ئەوکاتە فریسییەکان ڕۆیشتن و ڕاوێژیان کرد کە بە وشەیەك ڕاوی بکەن (بیگرن). ١٦ شاگردەکانیان لەگەڵ هیرۆدیسیەکان نارد بۆ لای و پێیان وت: ئەی فێرکار، دەزانین تۆ ڕاستگۆیت و ڕێگەی خوا بەتەواویی دەزانیت و حساب بۆ کەسیش ناکەیت، چونکە تۆ تەماشای دەمووچاوی خەڵك ناکەیت. ١٧ دەپێمان بڵێ: پێت چۆنە؟ ئایا ڕەوایە سەرانە بدرێت بە قەیسەر یان نە؟ ١٨ یەسووع بە پیسیی ئەوان ئاگادار بوو و پێی وتن: بۆچی تاقیم دەکەنەوە ئەی ڕیابازەکان؟ ١٩ مامەڵەی سەرانەم نیشان بدەن، ئەوانیش دیناریێکیان نیشاندا. ٢٠ جا پێی وتن ئەم وێنە و نووسینە هی کێیە؟ ٢١ وتیان هی قەیسەرە، پاشان وتی پێیان: کەواتە ئەوەی هی قەیسەرە بیدەن بە قەیسەر و ئەوەش هی خودایە بیدەن بە خودا.[١]

هەمان مەبەست بە کەمێك جیاوازییەوە لە هەردوو ئینجیلی مەرقوس و لۆقاشدا هاتووە.[٢]

جیهانی مەسیحیی چەند هەوڵێکی بەخۆوە بینی بە مەبەستی بەستنەوەی ڕەوشتی مەسیحیی بە کۆمەڵگاوە و پاشان تێیدا پراکتیزەی کرد، بەتایبەتی لە پاش بزاڤی ڕیفۆرم، کە کالڤین بووە نموونەیەکی پێشەنگ بۆی، بەڵام ئەم هەوڵانە لەلایەن زۆرینەوە تێکڕا ڕەتکرانەوە و هەرگیز نەبوونە بەشێك لە بڕوای ئەرسەدۆکسەکان، مەگەر تەنها لای لایەنگرەکانی. ویژدانی مەسیحیش هیچ جووڵەیەکی نەکرد بۆ ئەوەی پەیوەندیی ڕێنماییەکانی مەسیحییەت درێژبکاتەوە بۆ بواری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و یاسای گشتی، مەگەر دوای ئەوەی شۆڕشی پیشەسازیی لە ئینگلتەرا گەیشتە ئاستێکی زۆر توند و نزم لە بە سوخرەگرتنی مرۆڤ، هەرچەند ئەم گرنگییەش نەبووە حاڵەتێکی گشتگیر مەگەر لە بیست ساڵ و

---

[١] انجیل متی، الاصحاح ٢٢ : ١٥–٢١.

[٢] انجیل مرقس، الاصحاح ١٢ : ١٣–١٧. و انجیل لوقا، الاصحاح ٢٠ : ٢٠–٢٥.

سیی ساڵی کۆتاییدا نەبێ، وەك كاردانەوەيەك بەرامبەر ڕەگەزپەرستی و كۆمۆنیزم و جەنگی جیهانیی دووەم، تەنانەت لەم ئاستەشدا عەقڵی مەسیحیی ئەوەشی هەڵنەبژارد كە ڕەوشتگەرایەكی مەسیحیی هاوچەشنی ئوممەت دابمەزرێنێت، واتە لەكاتێكدا كە پێداویستیی ڕەهەندی سیاسیی و كۆمەڵایەتیی بۆ ڕێنماییەكانی مەسیحی سەلماند، بەڵام جەختكردنی لەسەر ئەم پەیوەندییە لەو ڕووەوە كە دژایەتی كردەوەی قەیسەرە دنیاویستەكان بوو، جۆرێك تەمومژاوی بوو، چونكە هەرگیز بەو قەیسەرانەی نەوت كە پێویستە چی بكەن؟[1]

بەڵام لە ئیسلامدا هەموو شتێك وابەستەیە بە خوداوە و دەكەوێتە سنووری فەرمانە ئیلاهییەكانەوە و ئوممەت مەرجێكی پێویستە بۆ هەموو پارێزكاری و شكۆمەندییەك. هەر ئوممەیشە بایسی ئەو فەرموودەیەی خودا: ﴿وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ﴾ (التوبة: ٧١).

قورئانی پیرۆز ئەم بابەتە لە چەند دەقێكی فەرماندەر، ڕێلێگر، ڕێنموونكار و ئامۆژگاردا باشتر ڕووندەكاتەوە كاتێك باس لە ئەزموونی ئوممەتێكی تر دەكات.

بۆ نموونە لە دەقێكی فەرماندەردا دەڵێت: ﴿وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى﴾ (المائدة: ٢). لە دەقی ڕێلێگردا: ﴿وَلَا تَعَاوَنُوا عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ﴾ (المائدة: ٢).

لە ڕووی پەند و عیبرەتیشەوە دەفەرموێت: ﴿لُعِنَ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ عَلَى لِسَانِ دَاوُودَ وَعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ ذَلِكَ بِمَا عَصَوْا وَكَانُوا يَعْتَدُونَ﴾ (المائدة: ٧٨).

هەر لەبەر ئەمەش بوو كە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) ئوممەتی هۆشیار كردووتەوە كە: "ئەگەر خراپەیان بینی و نەیانگۆڕی خوای گەورە لەلای خۆیەوە سزایان دەدات". ئەم حوكمەش بەو لۆجیكە ڕاڤەی بۆ كراوە كە ئەگەر ئەو خراپەیە بە نهێنی ئەنجام بدرێت ئەوا تەنها بكەرەكانی ئازار دەبینن، بەڵام هەر كات بكەرەكەی بە ئاشكرا كردی و ڕێگری لێنەكرا، ئەوا زیانەكەی دەگات بە هەموان.

---

[1] Barth , Against the Streem ,PP.29-31.

لەمبارەوە وەك تیرمزی لە پێغەمبەری خوداوە دەگێڕێتەوە کە: "والذي نفسي بيده لتأمرن بالمعروف و لتنهون عن المنكر أو ليوشكن الله أن يبعث عليكم عذابا من عنده ثم تدعونه فلا يستجاب لكم".[1] واتە: سوێند بەو خودایەی گیانی منی بەدەستە، دەبێ فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە بکەن، ئەگینا زۆر نزیکە خودا سزایەکتان لەلای خۆیەوە بەسەردا بهێنێت، پاشان نزای بۆ لا بکەن، بەڵام ئەو وەڵامتان نەداتەوە.

ئێمە دەتوانین بە شیکاریی هۆشیاریی ئەخلاقیی و ئەخلاقی تاکەکەسی پاساوی زیاتر بۆ بوونی ئوممەت بەدەست بهێنین، چونکە هۆشیاریی ئەخلاقی پەردە لەسەر ئەو ڕاستییە لادەدات کە فەرمانی ئەخلاقیی یەکپارچەیە و ئەو ناوەڕۆکانەی لێی وەردەگیرێن تەنها کاتێك پراکتیزە دەبن و ماناشیان دەبێت، کە بڕۆنە ناو تۆڕی پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤ و سروشت کە بکەری ئەخلاقی لەو نێوەندەدا دەژی.

ڕاستییەك هەیە کە پەرستنی خودا لە بەدیهێنانی ویستی ئەودا بەرجەستە دەبێت و بەهاکانیش سەر بەو ویستەن، واتە هەر شتێك گەوهەری خۆی لەو ویستە خوداییە وەردەگرێت، لێرەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی مادام بایسی بوونی مرۆڤ لەسەر زەوی بریتییە لە خواپەرستی، کەواتە پێویستە لەسەر مرۆڤ کە سەنگەرنشین بێت لە مەیدانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە مرۆییە ئاڵوگۆڕکراوەکاندا، کە بتوانێت بەها ئەخلاقییەکان لەڕێی ئەوانەوە بەرجەستە بکات.

دروست وەك چۆن مەحاڵە گیانێك لە جەستە جیاببێتەوە و پەیوەندیی بە کات و شوێنەوە نەمێنێت، کە بەها سوودبەخشەکان بەرجەستە بکات، بە هەمان شێوە خەیاڵە چاوەڕێ بکەین ئەو بەها ئەخلاقییانە لەسەر زەویدا لەلایەن کەسێکەوە بەرجەستە ببێت کە لە ئەشکەوتێکدا گۆشەگیرەو خەریکی پەرستشە، بەڵام هیچ

---

[1] بۆ وردەکاری زیاتر بڕوانە: تفسير القرآن العظيم: اسماعيل ابن كثير، بيروت دار المعارف، ١٣٨٨ – ١٩٦٩، ج٢، ل٨٣ – ٨٤.

پەیوەندییەکی بازرگانی، دۆستایەتی، زاوایەتی، دراوسێیەتی، بەرهەمهێنان؟، بەکاربردنی کاڵای مادیی جەنگ و ئاشتی، ئەزموون و فەرمانڕەوایی، پەیام و فێرکردن، گەشتیاری و چێژبینین لە جوانی ڕەبتی برایەتی بە مرۆڤەکانی ترەوە نیە. ئەم بەها ئەخلاقییانە وەك گەوهەرگەلێکی ئایدیاڵ و باڵا و دوورەدەست دەمێننەوە، ئەگەر بێتو لە جەرگەی پەیکەری پەیوەندییە مرۆییەکاندا لە هەموو بوارەکانیدا کارا نەکرێن، ئەخلاقیبوون ئەم پەیوەندییانە دەخوازێت و ئەگەر ئەم پەیوەندییانە نەبن، ئەخلاقیبوون مەحاڵە، وازهێنان و جێهێشتنی پەیوەندییەکی مرۆیی لەگەڵ بوون، دەرەنجامەکەی ئەوەیە کە بەهای وابەستە و کاراکراوەکانی لەسەر زەوی پەیدا نابن، واتە ژیانی تەنهایی ئەو کەسەی ڕەوتێکی تاکەکەسی هەیە، یان پەرستش دەکات و دنیانەویست و گۆشەگیرە، لە شیکاریی کۆتاییدا، جیهانی بەهاکان تەسك دەکاتەوە، چونکە ئەم جۆرە ژیانە لەو خاڵەوە دەستپێدەکات کە بەهاکانی ناو هۆشیاری و گیانی مرۆڤ هەر ئەوانەن کە لە تەنهایی و گۆشەگیری ئەودان و هەر ئەوانیش جیهانی بەهاکان پێکدەهێنن و هەر ئەوانیش ئەو بەها بەرزانەن کە دەبێ بەهاکانی تری بۆ فیدا بکرێت.

تایبەتکردنی جیهانی بەها بە بەها تاکەکەسییەکان، لەڕاستیدا تانەدانە لەو ڕاستییەی کە بەهاگەلێکی تریش هەن و بۆخۆی دەبێتە ڕەوتێکی ئەخلاقیی تاکڕەوانەی سنووردار و زۆرەملێ، لەهەمان کاتدا قایلبوون بە بەختکردنی باقی بەهاکان لە پێناوی ئەم بەها تاکەکەسییانە لە هەناویدا، جۆرێك لە هەستنەکردن هەیە بەو هێزە بزوێنەرە ڕاستەقینەی لە بەهاکانی تردا بوونی هەیە و بڕیارێکی ساختەیە لەسەر زنجیرەبوونی، بەهاکان بگرە ڕەتکردنەوەی ئامانجی کۆتایی ئەو بەهایانەیە، لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕاستییەدا هیچ سەیر نییە هەموو ئەو عابید و

زاهیدانەی مێژوو کە ژیانی گۆشەگیرییانەی هەڵبژاردووە، ژیانێکی پڕ لە ناخۆشی و زیادەڕەویی و ناهەمواریان هەبووە.(١)

کاتێك لە دەروازەیەکی تاکەکەسییەوە ڕەهەندی ڕەوشتیی دیاریدەکرێت، ڕەوتێکی تاکڕەوانەی لێدروستدەبێت، کە ئەنجامی لۆجیکەکەی دەبێتە: خۆپەرستی، لەبەرئەوەی ئەم دیاریکردنە لە شیکاری کۆتاییدا پشتدەبەستێت بە چوارچێوە ناوخۆییەکانی بکەری ئەخلاقیی، کە تەنها ویژدان فەرمانیان بەسەردا دەکات، جاری واش هەیە ئەو کەسە ڕوودەکاتە جوانترین و خۆبەخشانەترین بەها، بەڵام ئەو شتەی کە ویستی ئەو بەئەخلاقیی دەکات، نە جوانیی ناوەڕۆکە و نە نیەتپاکییەکەیەتی بەرامبەر ئەویتر، بەڵکو ئەو شێوازەیە کە لە واقیعدا بەرجەستەی دەکات، کەواتە ئەگەر مرۆڤ بڕیاری ناوەکیی خۆی بکاتە یەکەمین و تاقانە داوەر بۆ پێکهاتە ڕەوشتییەکەی، ئەوا دەبێتە کەسێکی خۆپەرست، کە بەردەوام لە خەمی خۆیدایە، هەرچەندە کەسێك بێت بلێت سەرقاڵبوون بە خود، لە مەیلێکی خەڵکویستانەوە سەرچاوە دەگرێت، وەك ئەوەی لە حاڵی کەسێکی سەرمەشقدا دەردەکەوێت کە لەسەر ڕای خۆی جێگیرە، کە ئەمە ڕووبەڕوو دەبێتەوە بە سەلماندنی ئەو ڕاستییەی کە هەرچەندە ڕەفتاری ئەخلاقیی تەواو وابەستە بە سروشت و بە مرۆڤەکانی دیکەوە گەورەتر بێت، گەرموگوڕیی ئایدیاڵبوونی ئەو ڕەفتارە کەم دەبێتەوە چ بۆ بکەرە ئەخلاقییەکە و چ بۆ ڕەگەزی مرۆڤ، لێرەوەیە کە خاوەنی ئەم بۆچوونە ئایدیاڵیزمی بەلاوە باشترە لە چوونە بازنەی واقیع بە کردەوە.

بە درێژایی مێژوو و لە هەموو سەردەمەکاندا، نموونەی ئەو کەسانەی بانگەشە دەکەن بۆ ئەوەی کە دیاریکردنی کاری ئەخلاقیی بە بڕیاری ناوەکییە بریتیبووە لە

---

1 William James, The Varieties of Religious EXPERIENSE , New York : Menter Books , New American Library ,1953 ,PP. 269 PP.276FF.

گۆشەگیران و عابیدان لەناو هەموو گەلاندا، ئەمانیش کەسانێك بوون کە بنەمای ڕەوشتییان گۆشەگیری لە دنیا، دوژمنایەتی دنیا، وازهێنان لە دنیا، بارهێنانی خود و سەخت ژیان بووە.

لەناو خەڵکی بژاردە و ئاساییدا وا زانراوە کە ئیسلام ئاینێکە هەردوو ژیانی تایبەتی و گشتی دەبەرگرتووە بۆ تاك و بۆ دەوڵەت و بۆ هەموو ڕێڕەوەکانی ژیانی ڕۆژانە، بۆ ڕامانی بەرز لە ئاسمانەکان و زەوی، لێرەوە تەسەور ناکرێت ئیسلامێك هەبێت بەبێ بوونی خەڵکانێك لە پێکهاتەکەیدا، کە تان و پۆی پەیوەندیی ئەوان ببەستێتەوە بە سروشت و بە خەڵکانی ترەوە کە کاریگەرییان لەسەر یەکدی هەبێت ئەمان بۆ ئەوان و ئەوان بۆ ئەمان تەواوکەر بن. فەرموودەیەکی بەناوبانگی پێغەمبەر هەیە: "الدین المعاملة"، کە گوزارشت دەکات لەوەی ئیسلام ڕوویکردووەتە کاروباری دنیایی خەڵك. باشترە بڵێین: دین ئامۆژگاری و دڵسۆزییە، واتە ڕاوێژکردنە لەگەڵ کەسانی تر لە پێناوی چاکەدا، ئەم ڕاستییە گوزارشتێکی دیکەشی هەیە لە تاسە و سۆزی حەیی کوڕی یەقەزان (زیندووی بێدار)دا، کە پاش دۆزینەوەی ڕاستیی و گەیشتنی بەو بەختەوەرییەی کەسێك بە هەوڵی خۆی پێیدەگات، وەك زووتر ڕوونمان کردەوە، دەیەوێت لەناو چمارەیەك مرۆڤدا ژیان بباتە سەر.[1]

ب ـ ئوممەتێکی یەکپارچەیە و نابێت بە دوو: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ هَذِهِ أُمَّتُكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَأَنَا رَبُّكُمْ فَاعْبُدُونِ﴾ (الأنبياء: ٩٢)... مانای ئەم فەرمانە خوداییە ئەوەیە کە پێویستە بڕواداران خاڵێکی تاقانەی جێگیر بوون بۆخۆیان دابنێن تا لە دەوری کۆببنەوە، لەسەر تاقە ئامانجێك لەسەرووی هەر شتێکی ترەوە

---

1 Ibn Tufail , Hayy Ibn Yaqzan ,TR. George N.Atiah , In A Sourcebook in Mediieval Political Phlosophy , ed.Ralph Lerner and Muhsin Mahdi , Glencoe ,iii : The Free Press, 1963.

تەبا بن، هەروەها بەهایەکی کلیل شێوە و بەنامیی دابنێن و بۆ کۆکردنەوەی هەموو چالاکییەکان لە سایەیدا کە ئەویش بریتییە لە پەرستنی خودای تاك و تەنها، چونکە ئوممەت یەك بوونی هەیە و دەبێت بەردەوام بە یەکپارچەیی بمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی خودا یەکە، پەرستنی خودا یەکە، ویستی خودا سەبارەت بە ڕەگەزی مرۆڤ هەر هەمووی لە هەموو شوێن و کاتێکدا وەك لە قورئانی پیرۆز و سوونەتی پێغەمبەردا هاتووە و لە شەریعەتدا خەملێوە، هەر هەمووی یەکە. هەموو مرۆڤەکانیش لە بەرامبەر خوداوە یەکسانن، واتە ویستی خودا سەبارەت بە هەموویان بە تاك و بە گەلانەوە بەڕەهایی، هەر یەکە. خودا لە هیچ گەل و نەتەوەیەك تەکلیفێکی زیاتر، یان کەمتر لە گەل و نەتەوەیەکی تر ناکات، لێرەوە بنەمای یەکبوونی ئوممەت بنەمایەکی ئاینی و ئەخلاقییە، بایۆلۆجی، یان جوگرافی، یا سیاسی، یان زمانەوانی و کەلتووری نیە. هەر بۆیە پێغەمبەر جوولەکەی بە یەك ئوممەت ناونا، هەرچەندە ئەوان لە هەمان گەڕەکدا دەژیان کە موسڵمانانی تێدا بوون و سەر بەهەمان گرووپی سیاسی و زمانەوانی و کەلتووری بوون، بەڵام لەبەر ئەوەی بڕوای ئاینی و ئەخلاقییان جیاواز بوو، پێغەمبەر ئەوانی بە ئوممەتێکی سەربەخۆ دانا. ئیسلام بڕوای نییە بەوەی کە ئوممەت لەسەر بنەمای پەیوەندیی خزمایەتی، یا جوگرافیا، یا سیاسەت، زمان و کەلتوور دابمەزرێت، بەڵکو تەنها داندەنێت بەو ئوممەتەدا کە بەرمەبنای ئاین دامەزرابێت، بە گوزارەیەکی دیکە ئیسلام ڕای لێنییە کە مرۆڤەکان بەپێی قەوم و ڕەگ و دەوڵەت و کیشوەر دابەش بکرێن، وەك ئەوەی لە کەلتووری نوێی خۆرئاوا پێناسە کراوە. ئەوەی گوترا ئەو ڕاستییە ڕەتناکاتەوە کە یەکبوونی ئاینی ئوممەت دەشێت بەهێز بکرێت بەم شێوە لاوەکییانەی تری یەکبوون، کە باسمان کرد، پێکەوە ببنە تەواوکەری یەکدی. لەو ڕووەوە کە یەکبوونی فەزای شوێن، جوگرافیا، زمان و کەلتوور، خزمایەتی و ڕەگ، دەشێت (و لەڕاستیشدا هەروایشە)، یەکبوونی ئاینیی بەهێز بکات. یەکێك لە

پرانسیپەکانی شەریعەتی ئیسلامە، کە (**الاقربون أولى بالمعروف**)ە، واتە: ئەوکەسانەی نزیکترن لەپێشترن بۆ چاکە لەگەڵ کردن، بەڵام لەبیرمان نەچێت لەم بارەوە ئیسلام هەرگیز ڕێگە نادات کە هیچ جۆرێك لە خزمایەتییە مادییەکان ڕەفتاری تاك، یان گرووپی موسڵمان دیاری بکات، بە جۆرێك کە لەسەرووی فاکتەری ئاینی و ئەخلاقییەوە بێت، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ﴾ (الحجرات: ١٣).

ئاشکرایە کە خزمایەتی سروشتی پاشکۆی فەزیلەت و پارێزگارییە و بە بەراورد بە بەهای ئەخلاقیی و لێهاتوویی تاکەکەسی، لە پلەی دووەمدایە نەك بە پێچەوانەوە. بناغەی ئوممەت کە وابێت، نە پرسی لەدایکبوونە و نە جوگرافیا و نە زمان، چونکە هەموو ئەم فاکتەرانە بەدەرن لە خواستی تاك و لە حوکمی پێداویستیدان، بەڵام ئوممەت وەك برایەتییەکی ئاینی و ئەخلاقیانە، پەیوەندییەکی ئاوادانەیە لە نێوان چەند کەسێکدا بەمەبەستی بەرجەستەکردنی جیهانی بەهاکان و بە چەمکی ئیسلامییانەی کلاسیکیش مەبەستەکەی بەدەستهێنانی بەختەوەریی هەر دوو جیهانە بۆ خۆیان و بۆ تێکڕای مرۆڤایەتی، مرۆڤیش لەناو ئەم ئوممەتەدا بە ڕێکەوتی کوێر لە دایك نابێت کە هیچ ئازادییەکی نەبێت، بەڵکو مرۆڤێکی پێگەیشتووە و بۆخۆی بڕیاری ئەندامێتی ناو ئوممەت دەدات. کەواتە ئوممەت گرووپێکی سروشتکرد نییە، بەڵکو کۆمەڵگایەکە لەسەر بڕیاری ئازاد دامەزراوە.

لەگەڵ دەستپێکردنی بزاڤی ئیسلام پاش کۆچکردن بۆ مەدینەی ڕووناك، لە ساڵی یەکەمی کۆچیدا، هەم خێڵ وەکو شێوەی سادەی گرووپی سروشتیی مرۆڤ، هەم ئیمپراتۆرییەت وەك کۆمەڵگایەکی سیاسیی دامەزراو لەسەر ڕەگ و زمان و کەلتوور و مێژوو ناسران و گەشەیان کرد. ئیسلام هات هەردووکیانی پێکەوە ڕاماڵی و لە ژێر ئاڵای ئاینی و ئەخلاقیی شەریعەتدا، کۆمەڵگایەکی پاك و ئازادی لەسەر

بنەمای برایەتی جیهانی دامەزراند و هەموو مرۆڤایەتی بانگهێشت کرد کە بێنە ناوی.ئەم کارە تا ئێستاش گەورەترین داهێنانە لە مێژووی کۆمەڵایەتی مرۆڤدا. بەڵێ مەسیحییەت توانی کۆمەڵگایەك بەرپا بکات کە ئاین و ڕەوشت لە پایەکانی بوون، بەڵام ناوەڕۆکی ئاینی و ئەخلاقیی پێویست بۆ نەسرانیکردنی ئەو کۆمەڵگایە بەداخەوە تا نزمترین ئاست تەسککرایەوە، کاتێك کورتیان کردەوە لە بڕوایەکدا کە ئەزموون هەڵناگرێت و لە ئەخلاقییەتی نیەتدا لە پاکترین فۆرمیدا، کە هەردووکیان دوو بابەتی نهێنی و ناوەکیین و بۆ جیبّەجێکردن و ڕەخنە و نرخاندن بە تەواویی پشت بە ویژدانی تاك دەبەستن.

بە تەنها پێدانی ڕەنگێکی گشتی و کۆمەڵگەیی بەرجەستە بە ناوەڕۆکی مەسیحیەت، جیهانی مەسیحی والێکرد بەسەر خۆیدا دابەش ببێت و هەندێکیان گەڕانەوە بۆ ئەو فۆڕمە کۆمەڵگەییانەی پێش هاتنی مەسیحیەت لەسەر پەیوەندییە سروشتییەکان دامەزرابوون. ئەم دابەشبوونانەی کە زۆر زوو لە کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونی نیقیە و خەلەقدۆنی دەرکەوتن، تا ڕادەیەکی زۆر ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان نەریتە سامییەکان و خێڵگەرایی گریکەکانی دەرخست، بە هەمان شێوە دابەشبوونی گەورەی ساڵی ١٠٥٨ گوزارشتی لە جیابوونەوەی خۆرهەڵات و خۆرئاوا کرد. لە کۆتاییدا ڕەوتە ناسیۆنالیستییەکانی ئەڵمان و ئینگلیز و هۆڵەندا و ئیتاڵیاش لە ژێر سایەی بزاڤی ڕیفۆرمی سەدەی شازدەیەم زۆرترین پشکی هەبوو بۆ جێگیرکردنی کۆبەرهەمی ئەو نەوەدو پێنج تێزەی ڕاهیبی کاسۆلیکی مارتین لۆسەر پێشنیازیکرد، ئەو کەسەی کە شۆڕشی کرد بەسەر سەرۆکەکانی خۆیدا.

لە ئیسلامدا هەر جۆرە جیاوازی و پەرتەوازەییەك لە ئایندا و خۆجیاکردنەوەی ئەخلاقییانە لە ئوممەت، کارێکی ناڕەوایە و هەر تەفرەقەیەك لە ئاینی ئوممەتدا، بیدعەت و گومڕاییە، چونکە ئوممەت لە هەستی دینداریی و ئەخلاقییدا وەك تەلاری قورقوشمین یەکپارچە و نەگۆڕە، جگە لەمە، هەر قسەیەکی تر بکرێت، واتە ڕێگادان

بـه موسـڵمانان ده پـەیڕەویی بکـەن لـە ئـاینێکی تـری بێجگـە لـە ئیسـلام، یـان بنەماگەلێکی ئەخلاقیی جیاواز لە بنەما ئەخلاقییە ئیسلامییەکان، کە ئەمە شتێکە عـەقڵ قبـووڵی ناکـات، وێـڕای ئەمـە، هـەبوونی دەرفـەت بـۆ پلـۆرالیزمی ئـاینیی ئەخلاقیی لەناو ئیسلامدا، واتە وازهێنان لە تەوحید، تا دەگاتە ئەوەی بیسـەلمێنین کە ڕەوایە دوو ڕوانگەی دژ بەیەك سـەبارەت بەڕاسـتی پێکـەوە بـن، ئەمـە دیـدێکی ڕەخنەگرانـە نییـە، چـونکە پرسـەکە ئـەوە نیـە کـە دەشـێت قسـەیەك هـەبێت و قسەیەکی تریش هەبێت دژی بوەستێت، بـەڵکو پـەیوەسـتە بـە بـوونی ڕاسـتییەکی باڵای کۆکـەرەوەوە، کـە بتـوانین بەشـێوەیەکی ڕەخنـەیی لێـی شـارەزا بـبین و بـە گەڕانەوە بۆی قسە دژەکان نزیك ببنەوە و جیاوازییەکان ڕاست بکرێنەوە.

هەڵوێستی ئیسلام بە ڕۆشنی ئەوەیە کە نابێـت چـەند ڕاسـتییەکی بـاڵا هـەبێت، قەت دژی ئەوە ناوەستێت کە چەند ڕوانینێك هەبێت سەبارەت بەیەك ڕاستیی بـاڵا، هەر ئەوەندەیە داوا دەکـات کـە ئـەم ڕوانینانـە بەرپرسـانە بـن، هـەر بۆیـە ئیسـلام میکانیزمی ئیجماعی داناوە بۆ ئەوەی ببێتە چوارچێوە بۆ ئەو ڕوانینە.

لەکاتێکدا فیقهی ئیسلامی ڕەوایی دەدات بە موجتەهیدی نوێگـەرا لـە ئیجمـاعی ئوممەت دەربچێت، لە هەمان کاتدا لەسەری پێویست دەکات کە بە بەدەسـتهێنانی ئیجمـاع لەسـەر بۆچـوونەکەی تێبکۆشـێت، ئـەگینا بۆچـوونەکەی وەك بیدعەیـەکی ناپەسەند دەمێنێتەوە.

ئەوەشمان لەبیر نەچێت یەکبوونی ئـاینی و ئـەخلاقی ئوممـەت بـە مانـای ئـەوە نییە کە ڕێگا بە فرەیـی ئیـداریی نـەدرێت لـە مـەودای شـوێنی جوگرافیـدا، چـونکە مومکینە بەپێی پێویسـت و کـارایی دابەشـبوونی ئیـداریی لـەناو ئوممەتـدا ئـەنجام بدرێت، وەك ئەوەی قوتابخانەی فیقهی شافیعی سەبارەت بە سەرەتای ڕەمـەزان و شـەوال بـۆ دەسـتپێکردنی ڕۆژوو و جـەژن و دەرکردنـی سـەرفیترە، بڕیاریـداوە بـە دابەشکردنی ئیداریی، بۆ هەر ناوچەیەك تا دەگاتە ٢٤ فرسەخ واتە ١٩٢ کیلۆمەتر.

دەتوانین بڵێین بەبێ شاردنەوە، کە ئەو پێشکەوتنە تازانەی بواری تەکنۆلۆژیای پەیوەندیی هەموو جیهانی وەك یەك ناوچە لێکردووە، هەر چۆنێك بێت کارگێڕیی گشتی تەنها وابەستە نییە بە توانای پەیوەندییکردنەوە، هەروەها دەکرێت بڵێین، کە ئوممەت ئێستاکەش دابەشبوونی کارگێڕیی قبووڵ دەکات بەو ئەندازەیەی کە بتوانێت ڕۆڵی خۆی بە کارایی و کاریگەرانە ببینێت، لەمبارەوە نابێت ئەوەش لەبیر بکەین کە سەربەخۆیی کارگێڕی لە چوارچێوەی دابەشکارییەکی کارگێڕیی ئوممەتدا، بە مانای سەربەخۆیی یاسایی هیچ ناوچەیەك نییە، لەبەرئەوەی یاساسازیی لە ئیسلامدا وا لە ژێر کۆنترۆڵی سیستمێکی یاسایی تێرو تەواودا و لە سایەی ئەم سیستمەدا جیاکاریی لە نێوان بنەما گشتییەکان و پراکتیزەکردنیان بەڕێوە دەچێت. کەواتە بوارێك بۆ گۆڕینی ئەو بنەما گشتییانە نامێنێت، چونکە لە لایەکەوە لای خوداوە هاتوون و لەلایەکی تریشەوە هۆش و ژیریی پەسەندیان دەکات. ئاسۆی داهێنانی مرۆڤ تایبەت بەو بنەمایانە لەو سنوورەدا دەوەستێت کە بنەمای گشتی، یان بەها دەبێتە ڕێنمایەکی بەرجەستە و دیاریکراو بۆ ڕەفتار، ڕۆڵی عەقڵی مرۆڤیش بە گوزارەیەکی دیکە، بریتییە دارشتنی پرانسیپەکانی شەریعەت لە فۆرمی بنەماگەلێکی یاسایی رێنما و فەرماندەر، پاشان جێبەجێ و پراکتیزەکردنیان، تەنها رێژگەیەکی پێوانەیی بۆ ئەم بنەما ڕێنما و فەرماندەرانە ئەوانەن کە سوننەتی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) هێناونی، چونکە ڕەزامەندیی خودایان بەدەستهێناوە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِمَنْ كَانَ يَرْجُو اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ وَذَكَرَ اللَّهَ كَثِيرًا﴾ (الاحزاب: ٢١).

هەرچی نموونەی ڕێنمایی دیکەیە کە عەقڵی هەر مرۆڤێکی دیکە دەیبەخشێت، هەوڵێکی مرۆییە کە دەشێت هەڵە بێت، بۆیە دەبێت تاقیبکرێتەوە بۆ ئەوەی لەلایەکەوە بیسەلمێنین لەگەڵ تێکڕای قورئان و سونەت دەگونجێت، هەروەها بۆ

بەدەستهێنانی کۆڕای ئوممەت لەسەری لەلایەکی ترەوە، چونکە هەوڵی داهێنەرانەی هەر گرووپێك لە ئوممەت، چ بە داڕشتنی نموونەیەکی ڕێنما، یان بە پراکتیزەکردنی، لە بۆچوونێك زیاتر نیە کە ئەو گرووپە بانگەشەی بۆ دەکات سەبارەت بە شەریعەتی ئیسلام، پێویستە بۆخۆیان کە پێشنیازیان کردووە، هەوڵی گشتاندنی بدەن، واتە هەموو موسڵمانانی جیهان قایل بکەن بەوەی کە دروستە، خۆ ئەگەر بینییان لەم مشتومڕەی لەسەری دروستبووە، ڕای گشتیی موسڵمانانی جیهان بە توندی ڕێگرە لێی، ئەوا ئەرکی سەرشانیانە دەستبەرداری بن.[1]

لەم ساتەوەختە مێژوویەی ئێستادا نەبێت، ئوممەت بە درێژایی مێژووەکەی قەوارەیەکی یەکپارچە و تۆکمە بووە لەو ڕووەوە کە بەتەواویی ملکەچی فەرمانی شەریعەتی ئیسلام بووە، بەڵام لە ڕووی سیاسییەوە ئەم ئوممەتە تەنها لە سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشیدین و ئەمەویدا، واتە لە ساڵی ١٠ کۆچییەوە تا ١٣١ کۆچی/ ٦٣٢-٧٤٩ زاینی، لە قەوارەیەکی خاوەن سەروەریی یەکپارچەدا بووە. دوای ئەوە بۆ ماوەی پتر لە ١٢ سەدە، یەکەی سیاسیی فرە جۆری هەبووە لەهەمان کاتدا هەمیشە یاسادانان یەکپارچە بووە و جیهانی ئیسلامیی لەم یاسایەوە دەزگا و سیستەمە ئەخلاقییەکەی و شێوەی ژیان و کەلتوورەکەی وەرگرتووە و لەسەر بنەمای ئەم یەکبوونی یاسادانانە هەموو موسڵمانان لە ڕەگ و توخمە جیاوازەکانەوە پەروەردە بوون و لە بۆتەیەکی بڕوایی و برایەتییەکی پابەنددا بە هەمان بنەما و بەهای بەرز تواونەتەوە، ئەم یەکبوونە یاساییەی ئوممەت بە درێژایی ١٤ سەدەی مێژووی ئیسلامیی بەرامبەر هەموو مەترسییەکی پارچە پارچەبوون، لەناویشیاندا داگیرکاریی دەرەکی، خۆی ڕاگرتووە.

---

[1] ئەمەش تاقانە ڕێگایە بۆ کۆکردنەوەی ئیجتیهادی داهێنەرانە و دینامیك و ئیجماع و کۆڕایی وەك ئامانجێکی دڵخواز بەهەمان پلە، چونکە هەم ئیجتیهاد و هەم ئیجماع دوو بەهای دانەبڕاون لە ڕوانگەی گشتگیری ئیسلام و سیستەمە پێوانەییەکەی.

بەڕاستی دەتوانین بڵێین کە شەریعەتی ئیسلامیی لە یەك کاتدا هەم سەرەڕمی یەکبوونی ئیسلامیی بووە و هەر ئەویشە ئوممەت دەکاتە یەك جەستەی برایەتیی ڕاستەقینەی جیهانی، کە چوونە ڕیزی بۆ هەموو مرۆڤێك ئاوەڵایە، چ ئەو ئەندامبوونە مومکین بێت بە لەدایکبوون تیایدا، چ بە بڕیارێکی تاکەکەسی ئەخلاقی ئازاد بێت.[1]

### ج ـ سروشتی یەکبوونی ئوممەت:

١ـ یەکبوونی ئوممەت گشتگیرە: هیوادارین کەس پێویستی بە بەڵگە نەبێت لەسەر ئەوەی کە ئیسلام سیستمێکی گشتگیرە بۆ ژیان، چونکە ئیسلام ژیانی دنیا دابەش ناکات بۆ (ئاینیی) پیرۆز و دنیایی ئالوودە. ژیانیش دابەش ناکات بۆ ئاینی و عەلمانی، مرۆڤیش ناکاتە دوو بەش: پیاوانی ئاینی و ڕەشۆکی خەڵك، بەڵکو هەموو ئەم پۆلێنکردنانە بە ساختە و ناسروشتی و بێ لۆجیك دەبینێت، چونکە هەموویان لە ڕووی مێژووییەوە لە دووتوێی نەریتگەلێکی نائیسلامی، بە پلەی یەکەم وابەستە بە مەسیحییەت دروستبوون، لە ئەنجامی ئەو دوژمنایەتییە ڕیشەدارەی لە نەریتی ڕۆمانیی ئیمپراتۆریدا، لە نێوان گەورەکان و کۆیلەکان هەبوو، ئەو نەریتەی کە بۆخۆی لە مەسیحییەتدا لەدایکبوو و پاشان لە سایەیدا گەورەبوو.

ئیسلام پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە بە فەلسەفەی ئایینەوە، واتە بە بالاترین بنەمای میتافیزیکەوە، هاوشانی ئەوەی وابەستەیە بە وردترین وردەکارییەکانی ڕەوتی ژیانی ڕۆژانەی تاکەکەسەوە. لە قورئانی پیرۆزدا سەلماندنی ئەو ڕاستییە دەخوێنینەوە، کە بوون دوو لایەنی هەیە: بوونی ئەفرێنەری بالا و بوونی ئەفرێنراوی بەرچاو، هەروەها سەلماندنی سروشت و چارەنووسی مرۆڤ، ئازادیی و

---

[1] دەکرێت لێرەدا پێچوواندن بکەین لەنێوان ڕۆڵی پێکبەستنی شەریعەتی ئیسلام و ڕۆڵی یاساکانی سۆلۆن کە گرووپە ئەفریقییە پەرتەوازەکانی دەوروبەری دەریای ئیجەی پێکەوە بەست و هەموویانی لە یەکێتییەکی کەلتووریدا کۆکردەوە.

بەرپرسیارێتی مرۆڤ، ڕێکوپێکی بوونەوەر، یەکبوونی ماف و بەها، لە هەمان کاتدا فەرمان بە وەڵامدانەوەی سڵاو بە شێوەی جوانتر یان لانی کەم، وەك خۆی دەخوێنینەوە: ﴿وَإِذَا حُيِّيتُمْ بِتَحِيَّةٍ فَحَيُّوا بِأَحْسَنَ مِنْهَا أَوْ رُدُّوهَا إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ حَسِيبًا﴾ (النساء: ٨٦).

فەرماندراوە بە مۆڵەت وەرگرتن کاتی چوونەماڵی خەڵك: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَدْخُلُوا بُيُوتًا غَيْرَ بُيُوتِكُمْ حَتَّى تَسْتَأْنِسُوا وَتُسَلِّمُوا عَلَى أَهْلِهَا ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ (٢٧) فَإِنْ لَمْ تَجِدُوا فِيهَا أَحَدًا فَلَا تَدْخُلُوهَا حَتَّى يُؤْذَنَ لَكُمْ وَإِنْ قِيلَ لَكُمُ ارْجِعُوا فَارْجِعُوا هُوَ أَزْكَى لَكُمْ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ﴾ (النور: ٢٧ – ٢٨).

فەرمان بە دەنگ نزمکردنەوە کاتی قسەکردن لەگەڵ خەڵك: ﴿وَلَا تُصَعِّرْ خَدَّكَ لِلنَّاسِ وَلَا تَمْشِ فِي الْأَرْضِ مَرَحًا إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ كُلَّ مُخْتَالٍ فَخُورٍ (١٨) وَاقْصِدْ فِي مَشْيِكَ وَاغْضُضْ مِنْ صَوْتِكَ إِنَّ أَنْكَرَ الْأَصْوَاتِ لَصَوْتُ الْحَمِيرِ﴾ (لقمان: ١٨ – ١٩).

قورئان و سوننەتی پێغەمبەر لەنێوان ئەم دوو جۆرە ئامۆژگارییانە، پێکەوە سیستمێکی تەواو و تێروتەسەل سەبارەت بە کاروبارە سیاسی و ئابووریی و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکان دەدەنە ئوممەت. ڕاستە قورئان هەموو وردەکارییەکانی باسنەکردووە، بەڵام هەموو بنەماکان و هەندێك وردەکاریی داوە بە مرۆڤایەتی وەك نموونە. لە هەندێك بواریشدا زیاتر ڕوونکردنەوەی داوە، بەپێی پێداویستییە مرۆییەکان لە ڕووی وردکردنەوە و کورتبڕییەوە، سوننەتیش ڕێڕەوی قورئانی گرتووە، هەرچەندە قورئان و سونەتی نەبەوی نەچوونەتە ناو هەموو وردەکارییەکانی ژیان، بەڵام دەبەرگیریی قورئان بۆ هەموو بوون ڕاستیەکی بێ چوون و چرایە و هەر شتێکیش قورئان و سوننەت بە ڕاشکاویی وردیان نەکردبێتەوە، ئەرکی وردکردنەوە و دیاریکردنی دراوەتە دەستی موسڵمانان خۆیان، دیارە ئەوانیش ئەم کارەیان بە جوانترین شێوە ئەنجامداوە و باشترین سیستمی

یاسـایی کـە مـرۆڤ بەدرێـژایی مێـژوو ناسـیبێتی ئـەمان لـە قورئـان و سـوننەت هەڵیانگۆزیوە.[1]

بناغەی هزریی ئەم گشـتگیرییەی ئیسـلام بـۆ هـەموو بـوون بـەم شـێوەیەی کـە باسمـانکرد، بریتییـە لـەو ڕاسـتییەی کـە دەبـێ هـەر چـالاکییەکی مرۆیـی هـەڵگری بەهایەك بێت، جا کە ئامانجی بوونی ئوممـەت بەرجەسـتەکردنی بـەها بێـت لەسـەر زەوی، لەم ڕووەوە پێویستە لەسەری تا پێی دەکرێـت تێبکۆشـێت بـۆ زیـاترکردنی هەلومەرجی بەدیهێنانی ئەم ئامانجە، ئەمـەش بـەو مانایەیـە کـە ئوممـەت بـۆ هـەر چالاکییەکی مرۆیی خاوەنی بڕیارە و تا شەریعەت دەبەرگری هەموو شتێك بێت ئەوا باڵی جێبەجێکار و دادوەریی ئوممەت هەموو چالاکییەکانی مرۆڤ دەگرێتەوە بە بـێ جیاکاریی.

٢ـ ئومەتێك بە ناوەرۆکێکی بەرجەستەوە: دەشێت ڕەنگی گشتیی هەر یەکەیەك ڕواڵەتی و داماڵراو ئەبستراکت بێت. لەڕاستیدا تا پلەی گشتگیری زیاتر بێت ڕەنگـی ڕواڵەتی و داماڵراویی بەسەریدا زاڵتر دەبێت. هەڵبـەت ڕێـی تێدەچـێت ئاینێـك، یـان ڕوانگەیەکی گەردوونی و ئەخلاقیی، لە چەند وشەیەکی کەم و ڕووتیدا جێبکرێتـەوە تـا بگاتـە ئـەوەی مانـای نـەبێت، لەبەرئـەوەی هـەموو مانایـەك هەڵـدەگرێت، لـە بەرامبەردا سیفەتی گشتگیریی ئیسلام، بەو مانایە نییە کە ناوەڕۆکە بەرجەستەکەی لەدەست بدات، بە پێچەوانەوە، ئەم سیفەتە هەماهەنگـە لەگـەڵ ژمارەیـەك یاسـای ڕێنما کە دەبنە چوارچێوە بۆ هـەموو ویسـتێکی ئەخلاقییانـە، لـەو بوارانەشـدا کـە ناکرێت چالاکییە مرۆییەکان بە یاسا حوکم بکرێن، چەند پەندێکی بیستراومان هەیە کە دەبنە ڕێنما بۆ ئەو چالاکییانە بە هەموو ڕەهەند و وردەکارییەکانیانەوە.

---

[1] قورئان و سوننەت دوا سەرچاوەن بۆ هەموو یاسایەکی ئیسلامیی و تۆماری فراوانی شەریعەت هەموو بوارەکانی ئەخلاقی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی گرتۆتەوە ڕوون و ئاشکرایە بنەمای هەر یاسایەکی ڕێنمای ئیسلامییش دەبێ بگەڕێتەوە بۆ دەقێك لەم دوو سەرچاوە سەرەکییە.

نموونـەی زۆرمـان هەیـە بـۆ ڕوانگـە گشـتگیرە بـیٚ ناوەڕۆکـەکان، بـۆ نموونـە بیرمەندی هیندۆسی خەڵوەکێش مەبەستی لە وشەی ئۆم هەموو شتێکە لەم دنیا و ئـەودیوی دنیـاش. لـە بەرامبەریـەوە سـۆفی موسـڵمانی خـەڵوەکێش وشـەی هـو بـەکاردەهێنێت. یـەکێك لـە گەمـەی دڵخـوازی فەیلەسـووفانیش ئەوەیـە کـە ڕووتکردنەوەکانیان بەرز بکەنـەوە بـۆ ئاسـتێك کـە تاقانـە ڕێژگەیـەك بدۆزنـەوە بـۆ هەموو شتەکان، بەڵام ڕاستییەکی خەماوی هەیە لەم بـوارەدا، ئـەویش ئەوەیـە کـە مرۆڤـەکان لـە سـایەی ئـەم زاراوە کلیلییـە یـەك بڕگەییـەدا، بـوارێکی فراوانیـان دۆزیوەتەوە بۆ ئەوەی لەسەر هێڵێکی پەیوەست دابەش بن کە لە ژیانی پاکییـەوە دەسـتپێدەکات و بـە ژیـانی خراپـەکاریی و بتپەرسـتی کۆتـایی دێـت، هـەر بۆیـە هیندۆسیی و سۆفییەکانیش باش دەزانن، ئەو زاراوەیەی بەکاری دەهێـنن مـومکین نیە گرەنتی بدات کە نەهێڵێت مەردوم لە ڕێگای ڕاست لابدەن.

بەهەمان شێوە، لەکاتێکدا ئامـانجی سـەرەکیی عیسـا (سـڵاوی خـوای لێبێـت) ئەوەبوو کە پابەندبوونی ڕواڵەتی و چەقبەستوو بە دەقەکانی شەریعەت، یان باشتر بڵێین چەقبەسـتووی یـەهوود لەسـەر تێگەیشـتنی شـەریعەت کـە تەنانـەت هـەموو شـتێکی ناماددیشـیان بـە مـاددی دەزانـی کۆتـایی پێبهێنێـت، حەوارییـەکانی ئـەو بژاردەیان وەرگرت کە ڕوانگە ئەخلاقییەکەی عیسا کە لەبنەڕەتـدا لـە خـواوە بـۆی هاتبوو بگۆڕن بـۆ سیسـتمێکی ڕەهـا کـە هـەموو فەزیلـەتێك تیایـدا وەك بابـەتێکی تاکەکەسی پەیوەندیی بە ناخی مرۆڤەوە هەبێت و وشەی مەحەببەتیان خستە جێی ئـەو هێمایـەی کـە بیرمەنـدە هیندۆسـییەکە هـەموو ڕاسـتییە هیندۆسـییە میتافیزیکییەکانی تیا کۆکردبووەوە، مەسیحییەکانیش هەموو شتێکیان خستە نـاو وشەی مەحەببەتەوە و ئەم وتەیەی قەشە ئۆگەستین: "خوات خـۆش بـویٚ و چـیت دەویٚ بیکە" بوو بە بنەمایەکی ڕەفتاری بـۆ هـەموو مرۆڤێـك تـا بیکاتـە پاسـاو بـۆ کردنی هەر شتێك کە پێی خۆشە.

بەڵگەنەویستە کە خوای گەورە ئاگادارە بە ناوەڕۆکی هەموو ڕووداوەکان لە مێژووی ئاینەکاندا و هەموو ئەو تەڵە و پیلانانەش دەزانێت کە لەم ژیانەدا ڕووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوە، لە هەمان کاتدا وەك ئایەتگەلێکی زۆری قورئانی پیرۆز دووپاتی دەکەنەوە شارەزایە بە خاڵە لاوازەکانی دینداریی مرۆڤ. لەم ڕووەوە تاقە بابەتێکی سروشتی ئەوەیە کە لە ئیسلامدا، وەك ئاینێك کە هاتووە بۆ ڕاستکردنەوەی ئاین لەو لار و لەوێرییانەی لە مێژوودا پێوەی لکاون، خودا مرۆڤایەتی منەتبار نەکردووە بەوەی کە تەنها بنەمایەکی گشتی یان زیاتری پێداوە، بەڵکو وێڕای ئەوە ناوەڕۆکی فەزیلەت و چوارچێوەکەیشی و هەموو ئەو فەرمان و ڕێگرییانەش بۆ داناوە کە پەیوەندییان پێوە هەیە. لەو حاڵەتانەشدا کە دەقێکی تایبەت نییە سەبارەت بە بابەتێك، داوای لە مرۆڤ کردووە کە بۆخۆی لەدووی ئەو بنەما فەرماندەرە بگەڕێ و داییمەزرێنێت.

ئیسلام بەم کارەی کە گشتگیری و ناوەرۆکی پێکەوە بەستووە، زۆر بە ڕوونی دەبێتە یەکەیەکی تۆکمەی تەواو هەماهەنگ، کە تێدەکۆشێت بۆ بنیاتنانی سیستمێکی یەکانگیر و وردەکار و تەواوکاری وا کە ژیانی مرۆڤ لە بێشکەوە تا گۆڕ ڕێکدەخات. ناموسڵمانەکان ئەم ڕەخنەیە لە شەریعەت دەگرن کە یاسایەکی گشتگیرە[1]، هەڵبەت لەم وەسفکردنەی شەریعەتدا ڕاستیان گوتووە، چونکە ئەم کۆبەندییەی ئیسلام بۆ گشتگیری و ناوەڕۆك ڕاستییە و قسە هەڵناگرێ، بەڵام ئەم سیفەتە بۆخۆی نیشانەی جیاکەرەوە و مایەی ناوازەیی و تایبەتبوونیەتی.

٣ـ ئوممەتێکی دینامیك: سیستمێکی دامەزراو لەسەر یەکبوونێکی تۆکمە و هەماهەنگییەکی گشتی و بەپێی پێناسەکەی تایبەتمەند و داخراو بەرامبەر هەر شتێکی دەرەکی و نامۆ. ئەمە کاکڵەی ڕەخنە و توانجی خۆرهەڵاتناسانە لەسەر

---

[1] William MacNeil , The Rise of the West , Chicago University Press , 1964 , s.v. “The Shariah”.

گشتگیریی و ناوەڕۆکی شەریعەت، بە بۆچوونی ئەوان، شـەریعەت وەك سیسـتمێکی تەواو و کاملّ دەشێت لە مێژووی خۆیدا ساتەوەختێکی شکۆدار بەدیبهێنێت، کە قـەت دووبـارە نەبێتـەوە ئـەویش سـاتەوەختی گەیشـتنێتی بـە لوتکـە، کـاتێکیش گەیشتە ئەم لوتکەیە، چارەیەکی نابێت بێجگە لە شۆڕبوونەوە و نگرۆبوون، چونکە لەوە تێدەپەڕێت کە بۆ هەتاهەتایە تازە ببێتەوە، سیسـتمی گشـتگیر و هەماهـەنگ ناتوانێت گۆڕان بەسەر خۆیدا بهێنێت بۆ ئەوەی لەگەلّ بابەتـە تازەکـان بگونجێـت، ناچارە ڕێگریی بکات لە نوێبوونـەوە و هـەموو گۆڕانکارییـەکیش بـە بیدعـە ڕەچـاو بکـات، ئـەم ڕەخنەیـە لـەجێی خۆیـدا ڕاسـتە، نابێتـە تـوانج لـە شـەریعەت، بـەو ئەندازەیەی کە دەبێتە ڕەخنـە لەسـەر فەقیهـە موسـڵمان و پـەیڕەوەکانیان کـە بـە ئەنقەست کۆسپیان لەبەردەم شەریعەت دروستکردووە بـۆ ئـەوەی گەشـە نـەکات و بابەتە نوێیەکان نەخوێنێتەوە، ڕاستییەکەشی ئەوەیە کە پێشینانمان لە سەدەکانی ناوەڕاسـتدا ئیسـلامیان بـە ڕێگایـەدا بـرد کاتێـك دەرگـای ئیجتیهادیـان داخسـت و بڵاویان کردەوە کە ئیجماع بریتییە لە ئیجمـاعی سـەدەی یەکـەم، واتـە سـەحابە و تابیعین و لێرەوە ئیدی ڕێگا بە نوێبوونەوە نادرێت، ئێمە دەتوانین هەنووکە لەگەڵ بۆچـوونی ئـەوان هاوسـۆز بـین و لەبـەر ڕۆشـنایی پێداویسـتییەکانی ئـەو ڕۆژگـارە پاساویان بۆ بهێنینەوە، بەڵام دەرحەق بە موسڵمانی هاوچەرخ هیچ ژیرانە نییە کـە بە ڕێگای ئەواندا بڕوات و هەمان هەڵوێستی لەسەر ئیجتیهاد هەبێت، ئوسـوڵزانەکان کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا یاساکانی شەریعەتیان داڕشـت و گەیاندیانـە بـەرزترین لوتکەی تەواوێتی، سووربوون لەسـەر ئـەوەی کـە یاسـاکانیان وردتـرین میکـانیزمی تێدابێت بۆ ئەوەی شەریعەت خۆبەخۆ نوێ ببێتەوە. لە هەمان کاتدا یاسای کاملّ و میکانیزم و هۆکاری نوێبوونەوە و ڕێکاری باشترکردنی یاسا و پارێزگاری لێکـردن و بەکارهاتنی بۆ هەموو شوێن و کاتێکیان بەخشی بە موسڵمانان، لە سەردەمێ نوێدا، جگـە لـە چـەند هـەوڵێکی کـەم، موسـڵمانان هـیچ سـوودێکیان لـە میکـانیزمی

نوێبوونەوەی خودیی شەریعەت (واتە ئیجتیهاد، ئیجماع، ئیستیسحاب، ئیستیحسان و بەرژەوەندییە ڕەهاکان و هاوشێوەکانیان) وەرنەگرت، ئێمە لێرەدا نامانەوێت ئەم میکانیزمە شیکار بکەین، تەنها ئەوەمان لا پێویستە کە بنەمای تیۆریی ئەم بابەتە ورد بکەینەوە.

ئیسلام ئاینی میانڕەوییە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَكَذَلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ وَيَكُونَ الرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا وَمَا جَعَلْنَا الْقِبْلَةَ الَّتِي كُنْتَ عَلَيْهَا إِلَّا لِنَعْلَمَ مَنْ يَتَّبِعُ الرَّسُولَ مِمَّنْ يَنْقَلِبُ عَلَى عَقِبَيْهِ﴾ (البقرة: ١٤٣). بەم پێیە ئیسلام کۆکەرەوەی گشتی و تایبەت، گشتگیر و دیارکراو، فۆرم و ناوەرۆك، یەکتای هەماهەنگ و فرەو هەمەجۆر، تاك و ناوازەیە و هەر ئەمەش سەرچاوەی هێزیەتی.

ئیسلام بنەمای گشتیمان دەداتێ لە هەمان کاتدا ڕێمان پێدەدات لە کاتی ناچارییدا لێی دەربچین، واتە کاتێك ڕووبەڕووی لەدەستدانی بەهایەکی بالاتر دەبینەوە، دەکرێ واز لە بەهایەکی کەمتر بهێنین کە لە هەناوی ئەو بنەما گشتییەدا جێی دەبێتەوە. بۆ نموونە قورئان ڕێگریی کردووە لە دزی و کوشتن و خواردنی گۆشتی بەراز و فەرمانیداوە بە نوێژ و ڕۆژوو و ڕێزی دایك و باب و تەنانەت حەجیش، ئیسلام ڕێگایداوە بە دەرچوون لەم ڕێگریی و فەرمانانە هەرکاتێك جێبەجێکردنیان بووە هۆی لەناوچوون و پێشێلکردنی بەهایەکی ئیسلامیی بالاتر، یان بووە مەترسی لەسەری، تەنها بنەمایەك کە چاوپۆشی تێدا ناکرێت تەوحیدە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَنْ يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَنْ يَشَاءُ وَمَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدِ افْتَرَى إِثْمًا عَظِيمًا﴾ (النساء: ٤٨). هەروەها دەفەرموێت: ﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَنْ يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَنْ يَشَاءُ وَمَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالًا بَعِيدًا﴾ (النساء: ١١٦). بەم کرانەوەی ئیسلامە بەرامبەر دەستکاریکردنی

یاساکانی دینامیزمی ئیسلام شکڵ دەگرێت، ڕاستە ئیسلام ژووری زۆری داوە بە مرۆڤ کە دەرگاکانی داخراون، بەڵام لە هەمان کاتدا کلیلی دەرگاکانیشی پێداوە.

موسڵمانانی سەدەکانی دوایی، کە ئەم کلیلانەیان بەکارنەهێناوە و خۆیانیان لەناو ئەو ژوورە داخراوانەدا زیندانی کردووە، بەرپرسیارێتییەکە دەکەوێتە ئەستۆی خۆیان، جگە لە بنەما و دەستپێکی تەوحید، هیچ بنەما و دەستپێکێکی تر ئەو حورمەتە ڕەهایەی نییە، لەبەر ئەوەی ئیسلام ئاینی هاوسەنگیی و میانڕەوییە، وەك چۆن لە هونەری ئیسلامیدا بە ئەدەبیاتیشەوە کە لەسەر هەمان بنەمای هاوسەنگیی دامەزراوە، گەوهەری بەهاکانی بەردەوام پەیوەستە بە هاوسەنگییەکی ورد لە نێوان دوو خراپەدا، یان بڵێین پێکهاتەیەکی وردی بەها جیاوازەکانە.

ئیبن تەیمییە بە شێوازێکی جوان باسی ئەمەی کردووە لە کتێبی " السياسة الشرعية"دا: "ئیسلام ئاینی میانەیە، نە زیادەڕەویی تێدایە و نە کورتبڕی. ئەمەش ئەو تایبەتمەندییەیە کە ڕێگا دەدات بە ئیسلام خۆی ناوبنێت ئاینی فیترەت، واتە ئاینی ژیان بەو شێوەیەی کە خودا لەسەری ئەفراندووە".

یەکێك لەو بەڵگانەی دەهێنرێنەوە بۆ هاوسەنگیی و میانڕەویی و دینامیزمی ناوازەی ئیسلام، ئەو وەڵامەیە کە پێغەمبەری گەورەمان دایەوە بە کۆمەڵێك موسڵمان کە لەڕووی خوێنگەرمییانەوە بۆ ئاینەکەیان هاتن و یەکێکیان وتی: من لە ئێستاوە بڕیارمداوە هەموو ڕۆژێك بەڕۆژوو بم و ئەویتریان وتی: دەبێ هەموو شەوێك شەونوێژ بکەم و سێیەمینیش وتی: من بەتەواوی لە ژن دووریی دەگرم. پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لە وەڵامیاندا فەرمووی: "بەڵام من بەڕۆژوو دەبم و دەشیشکێنم و نوێژ دەکەم و دەشخەوم، ژنیش مارە دەکەم، هەر کەسێکیش لە سوننەتی من پشت هەڵبکات لە من نییە".

دەقی قورئانیی زۆرمان هەیە کە ناکرێ لێرە هەموویان بهێنین، کە جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە گەوهەری ئیسلام بریتییە لە حوکمی دروست و هێمنانە

سەبارەت بەو بابەتانەی شییانەی خێر و شەڕیان یەکسانە، یەك لەو بەڵگە قورئانییە بەهێزانە سەبارەت بە میانڕەویی ئیسلام، ئەو ئایەتەیە کە خاڵی میانەی نێوان ڕژدی و دەستبڵاوی پەسەند دەکات کاتێك خوا دەفەرموێت: ﴿وَلَا تَجْعَلْ يَدَكَ مَغْلُولَةً إِلَى عُنُقِكَ وَلَا تَبْسُطْهَا كُلَّ الْبَسْطِ فَتَقْعُدَ مَلُومًا مَحْسُورًا﴾ (الاسراء: ٢٩).

ئەم بابەتانە هەموو خێر و بێرێکی سەرزەوی دەگرێتەوە، کە قورئان تەنها چەند نموونەیەکی باسکردوون، وەك: ژن و منداڵ و زێڕ و زیو و ئەسپ و ئاژەڵ و کشتوکاڵ، بەم شێوەیە هەموو ئەو بابەتانەی لە هۆشیاری مرۆڤدا بەستراون بە ژیانی دنیا کۆکردۆتەوە، خوای گەورە لە شوێنێکدا ئەم خێر و بێرانە باسدەکات لە ڕوانگەی ئەو خراپیانەوە کە هەیانە و هۆشداری دەدات بە مرۆڤایەتی کە ئاگاداریان بن:

﴿زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ الشَّهَوَاتِ مِنَ النِّسَاءِ وَالْبَنِينَ وَالْقَنَاطِيرِ الْمُقَنْطَرَةِ مِنَ الذَّهَبِ وَالْفِضَّةِ وَالْخَيْلِ الْمُسَوَّمَةِ وَالْأَنْعَامِ وَالْحَرْثِ ذَلِكَ مَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَاللَّهُ عِنْدَهُ حُسْنُ الْمَآبِ (١٤) قُلْ أَؤُنَبِّئُكُمْ بِخَيْرٍ مِنْ ذَلِكُمْ لِلَّذِينَ اتَّقَوْا عِنْدَ رَبِّهِمْ جَنَّاتٌ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَأَزْوَاجٌ مُطَهَّرَةٌ وَرِضْوَانٌ مِنَ اللَّهِ وَاللَّهُ بَصِيرٌ بِالْعِبَادِ﴾ (آل عمران: ١٤ – ١٥).

لە جێگایەکی تردا سەرنجمان ڕادەکێشێت بۆ ئەو لایەنە باشەی ئەم شتانە هەیانە و پشتگیریی دەکات لەوەی موسڵمان بچێت بە دوایاندا:

﴿قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ اللَّهِ الَّتِي أَخْرَجَ لِعِبَادِهِ وَالطَّيِّبَاتِ مِنَ الرِّزْقِ قُلْ هِيَ لِلَّذِينَ آمَنُوا فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا خَالِصَةً يَوْمَ الْقِيَامَةِ كَذَلِكَ نُفَصِّلُ الْآيَاتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ﴾ (الاعراف: ٣٢).

قورئانی پیرۆز بەم شێوازە یاسایەکی فەرماندەرمان پێدەدات بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پۆتانسێڵی خێر و شەڕ، کە لەم خێر و بێرانەدا هەیە و بۆمان ڕوون دەکاتەوە، کە ئەگەر مرۆڤ شتەکان بە پێودانگی ئارەزووی خۆی ببینێت، بە

پێچەوانەی ئەو بەرنامەیەی کە خودا ڕوونیکردۆتەوە ئەمە ڕاپێچی دەکات بۆ ناڕەحەتی و تەنگیی، چونکە خراپەی کاڵای دنیایی لەوەدایە کە لە شوێنی شیاودا نەبێت، واتە ئەو کاتەیە کە مرۆڤ ئەو کاڵایەی بەلاوە گرنگتر بێت لە ڕەزامەندیی خودا و پێغەمبەر و گیانی خۆی و هەرچی هەیە بیکاتە قوربانی ڕێگای ئەو کاڵایە. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قُلْ إِنْ كَانَ آبَاؤُكُمْ وَأَبْنَاؤُكُمْ وَإِخْوَانُكُمْ وَأَزْوَاجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ وَأَمْوَالٌ اقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَارَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَاكِنُ تَرْضَوْنَهَا أَحَبَّ إِلَيْكُمْ مِنَ اللَّهِ وَرَسُولِهِ وَجِهَادٍ فِي سَبِيلِهِ فَتَرَبَّصُوا حَتَّى يَأْتِيَ اللَّهُ بِأَمْرِهِ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ (٢٤) لَقَدْ نَصَرَكُمُ اللَّهُ فِي مَوَاطِنَ كَثِيرَةٍ وَيَوْمَ حُنَيْنٍ إِذْ أَعْجَبَتْكُمْ كَثْرَتُكُمْ فَلَمْ تُغْنِ عَنْكُمْ شَيْئًا وَضَاقَتْ عَلَيْكُمُ الْأَرْضُ بِمَا رَحُبَتْ ثُمَّ وَلَّيْتُمْ مُدْبِرِينَ﴾ (التوبة: ٢٤ – ٢٥).

ئاشکرایە کەئەم ناوەندی زێڕینە خاڵی میانەی دوو بەهای جیاوازە: زیادەڕەوی و کورتبڕی. لەهەمان کاتدا هاوسەنگی لەنێوان دووجۆر تێکۆشان بۆبەدەستهێنانی هەمان بەها دروست دەکات، بەوەی کەلەگەڵ باقی بەهاکاندا دەیگونجێنێت و بە هەرکامێکیان بەهای شایستە دەدات.

٤ـ ئوممەتی ئۆرگانیك: ئوممەت یەکەیەکی ئۆرگانیکە، واتە لە جەستەیەك دەچێت کە هەموو ئەندامەکانی لە پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕ و تەواوکاریی لە ناوخۆیاندا پێکەوە بەستراون و وابەستەن بە خودی جەستەکەوە. هەر ئەندامێك کە ئەرکی خۆی جێبەجێ دەکات خۆمەت بە ئەندامێکی تر و کۆی جەستەکەش دەکات. لەبەرامبەردا کاری هەموو جەستەش دەکەوێتە خزمەتی یەك بە یەکی ئەندامەکانی، یەك لەو وەسفانەی خودا پارێزکارانی سەرکەوتووی پێ پەسەند دەکات ئەوەیە کە دەفەرموێت: ﴿وَفِي أَمْوَالِهِمْ حَقٌّ لِلسَّائِلِ وَالْمَحْرُومِ﴾ (الذاريات: ١٩)، هەروەها بەم شێوە پەسەندی یارانی پێغەمبەر دەکات: ﴿مُحَمَّدٌ رَسُولُ اللَّهِ وَالَّذِينَ مَعَهُ أَشِدَّاءُ عَلَى الْكُفَّارِ رُحَمَاءُ بَيْنَهُمْ﴾ (الفتح: ٢٩). پێغەمبەری خودا ناوجەرگەی ڕاستیی پێکاوە کە پەسەندی ئوممەتی کردووە و فەرموویەتی: "ئەوان

وەك تەلاری قورقوشمین وەهان یەکتری توند دەکەنـەوە"، هـەروەها شـوبهاندوونی بە جەستەیەك هەر كات ئەندامێکی ئازار بچێژێت باقی ئەندامـەکانی بـۆی دەکەونـە لەرزو تاو شەونخوونی بۆ دەکێشن. ڕەنگە ئەو فەرموودەیەی پێشـوو کـە ئوممـەتی چـوواندووە بـە جەسـتە، باشـترین وەسـف بێـت بـۆ کۆمـەڵگای موسـڵمان، چـونکە جەستەی ئەندامی زیندووە و ژیانیشی لە ئەندامی بونیایەتی، ئایا ئـەم پەیوەنـدیی ئاڵوگۆڕی متمانەیە لەنێوان ئەندامەکانیدا، هۆکارەکانی مانەوە بە تێکـڕای جەسـتە دەبەخشێت، تا وەکو جەستەش هۆکـاری مانـەوەی ئـەو ئەندامانـە لـەو وەربگـرن؟ لێرەوە ئەندامیبوون جۆرە ژیانێـك نییـە و بـەس، بـەڵکو خـودی ژیانـە، جـا ئەگـەر ئوممەت ئەم خەسڵەتەی نەبێت، واتە دەبێت پشتاوپشت بگەڕێتەوە بـۆ سـەردەمی نـەفامیی پـێش ئیسـلام، بگـرە سیسـتمی ئوممـەتی ئۆرگـانیکیش بۆخـۆی لەسـەر گریمانەی ئەندامێتیی بۆ خێڵ بنیاتنراوە، کە ناتوانێت بەبێ ئەو بمێنێـت، ئوممـەت تەنها و تەنها پێکهاتەیەکی گـەورەترە کـە چـەمکی خێڵـێ پـێ فـراوان دەبێـت، تـا هــەموو مرۆڤایــەتی بگرێتــەوە، لێــرەوە ئینکــاری ئۆرگــانیبوون، یــان ئینکــاری پێداویسـتی بـە ئوممـەت، واتـە سـەلماندنی ئـەوەی کـە وا باشـترە مرۆڤـەکان هـیچ پەیوەندێکیان نەبێت و لە یەکتری دابڕێن، بە جۆرێك نە تـەنها ئیسـلامەتی دەبێتـە مەحاڵ، بەڵکو شارسـتانێتیش بـە هـەمان ئەنـدازە مـەحاڵ دەبێـت و خـودی ژیـانی مرۆڤایەتیش مەحاڵ دەبێ و جێگای بیرکردنەوەی تیا نابێتەوە، ڕێی تێدەچـێت لـە ئەندازەی متمانەکردن بە یەکتریدا زیادەڕۆیی هەبێت، بۆ نموونە دەشێ چـڕیی ئـەم متمانەیـە بگاتـە ئاسـتێك کـە تـاك تـەنها قـەڵغانێك بێـت لـە پێکهاتـە و ئـامێرێکی گـەورەتردا، کـە هـیچ گرنگییـەك بـە گـەورەبوون و جـێگیر بـوون و بەدەسـتهێنانی بەختـەوەری ئـەو نـادات، هۆشـیاریی مـرۆڤ بـەردەوام لـەژێر بـاری ئـەم چوارچـێوە بەرزەفتییانە و ئەم ڕەوتە گرووپگەرایەدا ناڵاندوویەتی، چ لە ڕۆژگاری خێڵدا بووبێ، یان شارستانییەت، یان ناسیۆنالیزم و کۆمەڵگەی گەردوونی. تەنها دەریچـەیەك بـۆ

ڕزگاربوون لەم بەڵایەش کە ئیسلام دەیخاتە ڕوو جارێکی تر دەیڵێم بریتییە لە هاوسەنگیی، چونکە ڕایدەگەیەنێت کە ئەو بۆ قازانج و بەرژەوەندی هەردوولا، تاك و کۆمەڵ تێدەکۆشێت. ئیسلام ڕێگای خۆی دەبڕێ کە ڕێگایەکی میانەیە لە نێوان تاکگەرایی مەسیحییەت و خێڵگەرایی یەهودییەت و نەفامیی پێش ئیسلامدا، جەخت دەکاتەوە لەسەر میانڕەویی و هەردوو خدەی ناپەسەندی زیادەڕۆیی و کورتبڕیی لە دوو جەمسەری پەیوەستی پەیوەندییە مرۆییەکاندا ڕەتدەکاتەوە.

٥- شیانەی ئوممەتسازیی: ئەفراندنی ئوممەتێك بەو شێوەیەی ڕوونمان کردەوە، نە تەنها کارێکی شیاوە، بەڵکو تاقە مەرجی سەرکەوتن، بگرە تاقە مەرجی دروستکردنی مێژووشە، چونکە بە درێژایی مێژوو نەبووە، کۆمەڵگەیەك، ئاینێك، خێڵێك، دەوڵەتێك و ئیمپراتۆرییەتێك، یان مێژوویەك دروستکرابێت، یا مێژوویەك خوڵقابێت و سەرکەوتنێك بەدەستهاتبێت، بەبێ بەرجەستەبوونی گیانی ئوممەتێك. هەرچەندە زیاتریش هەست بەو ئوممەتە کرابێت، دەستکەوت و کاریش زیاتر و بەردەوامتر بووە و هەرچەند پلەی ئەم هەستەش کەمتر بووبێت، سەرکەوتن کاتی بووە و شکستیش گەورەتر بووە. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەم گیانی نەتەوەیە گرەنتییە تەنانەت بۆ سەرکەوتنی شەیتانیش با سەرکەوتنەکەش کاتیی بێت، چونکە ئەگەر شەیتان و دەست و پێوەندەکەیشی مەرجەکانی ئوممەت بەدەست بهێنن بێ یەك و دوو ئەمانیش سەردەکەون با وەکو سەرکەوتنەکە یەکلا کەرەوە و بۆ هەمیشە نەبێت لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، نموونەش بۆ ئەمە زایۆنییەکان، ئیسپانییەکان بە سەرکردایەتی فەردیناند و و ئیزابیلا لە ئیسپانیا دەریانکردین، ئینگلیز و فەڕەنسییەکان خاکیان داگیر کردین، مەغۆل ملیۆنەها مرۆڤیان سەربڕی و زۆربەی شارەکانیان سووتاندین، هەموو ئەمانە لە ڕابردوو و ئێستادا سەرکەوتوو بوون، چونکە زیاتر پابەندبوون بە چەمکی ئوممەت تا موسڵمانان، یان بڵێین بە بەراورد بە موسڵمانانی ئەمڕۆ. ئەمە خاڵی لاوازیی ئێمەیە بەڕاستی، ئەدەبیاتی نوێ

زۆر جـار پرسـیارێك دەورووژێنێـت کـە وەڵامەکـەی دژوارە: بۆچـی ئەگـەر ئێسـتا موسڵمانێك هاوار بکات: موسڵمانان فریام کەون.. کەس فریای ناکـەوێ؟ لەڕاسـتیدا هۆکارەکـەی ڕوونـە، کـە ئـەو گیانـە نـەماوە و نـەمانتوانیوە مـەرج و بنـەماکانی بەدەستبهێنین.

پرسیارێك هەیە کە نـاکرێ هەنووکـە نەیکـەین: چـۆن هەسـت بکـەین بـە بـوونی نەتەوە؟ یان وەك من ناوم ناوە: ئوومەتگەرایی؟

گریمان دەزانین ماهیەتی ئوممەتگەرایی چیە و دەشـزانین پـەیام و ئایـدۆلۆژیای ئیسلام چییە، با سەرنج بـدەین لـە پرسـیاری کردەیـی: چـۆن ئـەم ئوممەتگەراییـە دروست بکەین و پلە بـە پلـە دەوڵەمەنـدی بکـەین؟ سـۆفییەکان هـەموو لێهـاتوویی خۆیان بۆ ئەم پرسیارە تەرخانکرد، لە هەمان کاتدا ئامانجی کۆتاییان لێ نـەبینی! پاشان ئیبن باجە هات لە کەموکورتییەکانی ئەوان وردبوویەوە و تێزەکەی خۆی بە نـاوی "تـەگبیری تاقانـە = تـدبیر المتوحـد"ی نووسـی. ئـەو تێـزەی کـە ئێمـەی مێژوونووسی هزر دەتوانین زاراوەی "سۆفیزمی کۆمەڵگەرا" ی بۆ مـۆر بکـەین، کـە نزیکترین نموونەی ئەم سۆفیزمە کۆمەڵگەرایە لە سەردەمی نوێدا، بریتییە لە بزاڤی سنووسییەکان.

پرسی چـۆنیەتی دووبـارە هێنانـەوەی گیـانی ئوممـەت لـە نـاو دوو موسـڵماندا، پەیوەسـتە بـە پرسـی چـۆنیەتی بـەدیهێنانی پەیوەندییـەکی کیمیـایی وەهـا کـە خۆشەویستیی و هاو وەسـیەتیی و هـاورێگریی و برایـەتی و هاوکـاری و فێربـوون و پێکەوەیی و ڕاستگۆیی بۆ یەکتر و خووگرتن بە یەکتری لە نێوانیاندا دروست ببێت، هەروەها پەیوەستە بـەجۆرەکانی کـار و بێکـاریی، واقیعیبـوون و واقیعـی نـەبوون، چالاکبوون و پاسـیڤبوون، کـە دەشـێت بـەردی بناغـەی ئوممـەت پێکبهێنێـت، کـە ئەمەش پێکهات، ئەوسا بەهاکان و پاشانیش خودی ئوممەت دروست دەبێت.

بەکورتی ئەم پرسیارە لەسەر ئەم بیرۆکەیە دەچەرخێت، کە بە چ شێوەیەك خۆشەویستیی و دۆستییەکی دوو لایەنە لە نێوان دوو کەس، یان زیاتر مومکینە دروست ببێ؟ ئەم گۆڕانکارییە لە مرۆڤدا هەرگیز مرۆڤێك ناتوانێت بیکات، بەڵکو تەنها خودا دەیکات، وەك لە پتر لە سەد ئایەتی قورئان بەڕاشکاویی باسی دەکات.

چونکە هیدایەت و پێکەوەبەستنی دڵان و سینەگوشادیی و مەیل پەیداکردن بەرەو ئوممەتگەرایی، هەر هەمووی تەنها و تەنها بەدەستی خودایە و لەمبارەوە مرۆڤ تەنها ئەوەی پێدەکرێ کە ئەو نیەتەی هەبێ، کە لەم ئاڕاستەیەدا هەلومەرجی ماددیی شیاو بۆ کارو ویستی خودا فەراهەم بکات، هەر چەندە ڕێی تێدەچێ ئەم ئامادەییەی مرۆڤ بۆ وەرگرتنی کاری خودا، ئەم بەرهەمەی نەبێت، لەکاتێکدا کە ئەو دەستپێشخەرییەی مرۆڤ لووتبەرزانە و لەخۆبایی بوونی پێوە بێت، بەڵام هەر کات تێکەڵی فرووتەنی و ملکەچبوون بێ بۆ ویستی خودا ئەوا ئەنجامەکەی سەرکەوتن دەبێ، ئەگینا فەرمانی خودا لەسەر کاری مرۆڤ لادەچێ و بەهەمان ئەندازە مرۆڤ سەرپێچی لێدەکات. لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی وتمان، دەتوانین پرسیارەکەمان بەم شێوەیە دابڕێژینەوە: ئەو کارە و ئەو هەڵوێستە دیاریکراوە چییە کە بۆی هەیە ببێتە هەلومەرجی ماددیی بەرجەستە بۆ ئەو بڕیارە ئیلاهییەی کە گیانی ئوممەتگەرایی دروست دەکات؟

تەنها وەڵامی شیاو لێرەدا ئەمەیە، کە دەبێ مرۆڤەکان بگەن بە یەکتر و پێکەوە خودای خۆیان بناسن و بپەرستن و پێکەوە لەدووی دانایی و زانست بگەڕێن و پێکەوە کاربکەن و ئەنجامە بەرجەستەکان بەدەستبێنن، سەرەنجام پێکەوە بخۆن و ئاهەنگ بگێڕن و چێژ وەربگرن و ژن و ژنخوازی بکەن، جا ئەگەر بە دڵسۆزییەوە برۆنە ناو ئەم هەموو چالاکییانەوە و هیچ ئامانجێکیان نەبێت جگە لە ڕەزامەندی خودا، ئەوا بە دڵنیاییەوە بناغەی ئوممەتگەرایی دروستدەبێت و ڕێگایەتی تریان نییە بۆ دروستبوونی ئەم پەیوەندییە ئەمە نەبێت کە وتمان.

حەق وایە هەرچی کۆبوونەوەی کۆمەڵگای ئیسلامییە، چ ناوچەیی و چ لۆکاڵی و چ هەرێمی و چ نیشتمانیی، هەروەها هەرچی دیدار و کۆڕی ڕێکخراوو سەنتەرە ئیسلامییەکان هەیە، لە هەموو جیهاندا، هەنگاوێك بێت بەم ئاڕاستەیە، بەڵام هێشتاکو ئەم کۆبوونەوە و دیدارانە پچڕ پچڕ و ناتەواون، نە بەردەوامییان هەیە و نە ڕۆشنگەرانە ئەنجام دەدرێن و کارێك کە ئێمە پێویستمانە و لە هەموو ئەوەی تا ئێستا کردوومانە گرنگترە بریتییە لە بە دامەزراوەکردنی کۆبوونەوەی بەرەو ئوممەتچوون (ئوممەتگەرایی).

بۆ گەیشتن بەم ئامانجە پێشنیاز دەکەین کە هەر موسڵمانێك خۆی ئامادە بکات بۆ ئەوەی ڕۆژێك سەرکردە بێت و لەسەرووی بەرژەوەندی خۆی و خێزانەکەی زیاتر پابەند بێت بە ئیسلامەوە و لە هەمان کاتدا کار بکات بۆ دامەزراندنی پەیمانێکی بەهێز و ڕێکی بخات و سەرکردایەتیشی بکات، ئەم پەیمانە بەهێزەش ببێتە پەیوەندییەکی نێوان دە کەسی پێگەیشتوو، خۆیان و خێزانەکانیان و تەنها یەك ئامانج و یەك پاساویشی هەبێت، کە ئەویش ئیسلامە. موسڵمانی کارا ناوی ئەو دە کەسە تۆمار بکات و بانگیان بکات و بیکاتە ئەرکی سەرشانی خۆی کە پەیوەندیی بەردەوامی هەبێت، لەلایەکەوە لەگەڵ ئەوان و لەلایەکی ترەوە لە نێوان ئەوان و دامەزراوەکانی دیکەی ئوممەتدا کە بواریان فراوانترە. برای موسڵمانی کارا، دەتوانێت هەموو شەوێکی هەینی دیدارێك بۆ گرووپەکەی خۆی ڕێکبخات، واتە شەوانی هەینی ئەندامان و خێزانەکانیان بانگ بکات بۆ دیدارێکی برایانەی ئیسلامییانە، کە سێ یان چوار کاتژمێر بخایەنێت و دەبەرگری نوێژی خەوتنان و خوێندنی جزئێك لە قورئانی پیرۆز و لێکدانەوەی چەند بابەتێکی پەیوەست بە ئیسلام بێت، پاشان پێکەوە شتێك بخۆن بەمەبەستی یەکترناسین و ژیانی پێکەوەیی، هەرکام لە چوار ڕەگەزە گرنگیی خۆی هەیە، بەڵام پێویستە وا ڕێکبخرێت کە ئاسان بێت و دووبارەبوونەوەی تیا نەبێت، ئەوەی کە نەگۆڕە

نوێژەکەیە، بەڵام دەکرێ سێ ڕەگەزەکەی تر (خوێندنەوەی قورئان و زانیارییە ئیسلامییەکە و نانخواردنەکە) بێ ئەندازە گۆڕانکاریی و فرەیی تیا بکرێت و ئەگەر بکرێ پیویستە ئەو دیدارە لە هەینییەکی تردا لە ماڵی ئەندامێکی تر بێت تا وای لێبێت دەرفەت بە هەر ئەندامێك بدرێت کە لە ماڵی ئەودا ساز بکرێت و باشترین شێوە ئەوەیە هەر جارەی لە ماڵی ئەندامێکی ئەو گرووپە بێت.

دەبێ موسڵمانی کارا لە هەڵبژاردنی ئەندامانی گرووپەکەی ڕەچاوی دووریی نێوان ماڵی خۆی و ئەوان بکات و پەیوەندییە زمانی و کەلتووری و باکگراوندە ڕەگەزی و ئەتنییەکان و ئاستی ڕۆشنبیریی نەکاتە بنەما بۆ جیاکاریی نێوان مرۆڤەکان، چونکە بەردەوام لە ڕابردوو و لە ئێستاشدا کرۆکی هێزی کۆمەڵگای موسڵمان لەوەدایە، کە کراوە و فرە ڕەگەز و فرە کەلتوورە و گرنگی بە ڕەنگی مرۆڤ نادات و خۆی ڕزگار کردووە لە کەلێنی نێوان نەوە و وەچەکان. لە هەمان کاتدا پێویستە لەو دیداری هەینییەدا مناڵەکان و باپیرەو داپیرەکانیش وەك ئەندامە سەرەکییەکان ئامادە بن. ئەوەی لەم بارەوە پشتی پێ دەبەسترێ چ تایبەت بە دیداری هەینی، یان هەر چالاکییەکی دیکە، لە شار و گوند و دەوڵەتدا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر جۆرە کەمتەرخەمی و گێلیی و سەرکێشی و جیابوونەوە و دژایەتییەك، ئەوەیە کە موسڵمانی کارا دەبێ ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات، کە ئەویش بریتییە لە لایەنگریی ڕاستی و هاندان و دڵنەوایی و دەستپێشخەری و سەرکردایەتی و بەرپرسیارێتی تاکەکەسی، وەك تاقە پەناگەیەك بۆی.

تا ئەم پەیمان و دەستانەش زۆرتر بن، زیاتر پێویستیان هەیە بە ڕێکخستن و پلاندانان بۆ پێداویستییەکان و پاشان جێبەجێکردنیان، هەروەها بۆ ئاڵوگۆڕی ئەزموون لە نێوانیاندا.

لەگەڵ دروستبوونی کۆڕی سەرکردە لێهاتووەکان و فەراهەمبوونی زانیاری و هەژموون و دارایی، چ بە زوویی، یان دواتر بێت، پێویستە بارەگایەکی گشتیی بۆ

سەرکردایەتی هەموو بزاڤی ئیسلامیی دابمەزرێت، کە کۆڵی قورسی ئەم سەرکردایەتییە دەکەوێتە سەر شانی ئەو. شانبەشانی ئەمە، دەبێ ئەڵقەی خولی زانستیی بۆ موسڵمانانی کارا بکرێتەوە بۆ ئەوەی ئەزموونی خۆیان بگۆڕنەوە و ڕاهێنان بکەن بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکەکانیان بە لێهاتوویی و سەرکەوتوویی زیاترەوە. دەکرێ سەرکردایەتی ئیسلامیی، هەر ناوەندێکی جوگرافی وانەی هەفتانە بداتە گرووپەکانی ناوخۆی بە چاپکراوی و تەنانەت ئەو قورئانەی لە دیدارەکاندا دەخوێندرێتەوە دیاری بکات، بۆ ئەوەی هەڵبژاردنەکان ڕەوتێکی ڕێکخراو وەربگرن و هاوتای ڕووداوە گرنگەکانی لای موسڵمانان لە هەموو شوێنێك بڕۆنە پێشەوە.

لەگەڵ فرەتربوونی گرووپ و دەستەکان، دەست دەکرێت بە دامەزراندنی پەیکەری ڕێکخستنی زیاتر، بۆ نموونە هەر دە گرووپ یەك خێزان و هەر دە خێزان ناوچەیەك و هەر دە ناوچە کۆمەڵەیەك پێکدەهێنن و لەسەر ئاستی هەر کام لەمانە دەزگایەکی کارگێڕی بۆ چاودێریکردنی لقەکانی بەستێنە جوگرافییەکەی دروست دەکرێت و ئەم ڕێکخستن و چوارچێوەیەش بەپێی پێویست گەشەی پێدەدرێت.

ئێستا با نەیەین لە بۆشاییدا چەند پەیکەرێك دروستبکەین کە سوودێکیان نابێت، بەڵکو با گرنگیی بدەین بۆ ڕێخۆشکردن بۆ پەیکەرگەلێکی وەها کە لە هەناوی ڕووداوە واقیعییەکانەوە پەیدا دەبن.

ئەو پرسیارەی کە پێویستە لە هەموو بارێکدا بیکەین ئەمەیە: کە چۆن ئەم ڕاستییانە لەسەر زەوی بخولقێنین؟

جارێکی تریش وەڵام ئەمەیە، کە پێویستە موسڵمان هەموو کارێکی ڕەوا لەگەڵ برا موسڵمانەکانی بکات و پێویستە موسڵمانان لە هەموو شتێکدا هاوبەش و هاوکار بن، لە پەرستندا، لە پەروەردەی ئیسلامیی بەردەوامدا، لە فەرمان بە چاکە و ڕێگریی لە خراپەدا.

# بەشی نۆیەم
# تەوحید بنەمای خێزان

## یەکەم: ئاوابوونی ئەستێرەی دەزگای خێزان لە جیهاندا:

### ١ـ یەکسانی:

کۆمۆنیستەکان بە ئەنقەست نەخشەیان کێشا بۆ ئەوەی کۆمۆنی سەرەتایی لە باتی خێزان دابنێن، بە ئیلهام وەرگرتن لە سەرەتا و بنچینەی کۆمەڵ و ئایدیالی ژیانی مرۆڤایەتییان واوێنا کرد کە مرۆڤەکان لە شوێنی هاوبەش بحەوێنەوە و لە هەیوانی گشتییدا پێکەوە نان بخۆن و وەچەکانیان بە منداڵی دەوڵەت دابنێن. هەرچەند کێڵگەی هەرەوەزییان دامەزراند، بەڵام زۆر بە زوویی تێگەیشتن کە بەرنامەی دەستە جەمعیی بۆ ژیانی تاکەکەسی و تایبەت، ئەنجامەکەی هەر شکست دەبێت، بۆیە خێزان بە شێوە تەقلیدییەکەی مایەوە و ئەرکی خۆی بەجێهێنا، بەڵام کاتێك دەوڵەت هەندێك ئەرکی باوکانەی گۆتە ئەستۆ، کە باوك و دایك بە حوکمی سۆزی باوکایەتی و دایکایەتی بۆ منداڵەکانیان دەیکەن، خۆشیان دەوێن و چاودێرییان دەکەن، بووە هۆی لاوازبوونی پەیوەندیی خێزانی، لە سایەی ئەم گۆڕانەدا بناغەیەك بۆ پەیوەندیی نێوان ئەندامانی خێزان نەما، بێجگە لە بیرەوەری ئەو کاتانەی کە خێزان بەخێوی دەکردن و بە منداڵیی لە ئامێزی دەگرتن.

لە ئەوروپای ڕۆژئاوا و ئەمەریکای باکوور، فاکتەری زۆر پەیدا بوون بۆ داخورانی پەیوەندییە خێزانییەکان، لەوانە کۆچی بەلێشاو بۆ شارە گەورەکان، کە کەس کەس ناناسێت، لە پێناوی پەیداکردنی کار و تێکەڵبوونی دوو ڕەگەز، و داڕمانی ڕەوشت و سەربەخۆیی ئابووری ژنان و گیانی سەرکێشی تاکگەرایی و بڕوابوون بە ڕەهایی سروشت لە ناخدا.

بڵاوبوونەوەی فاحیشەکاریی و بێ بەندوباریی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم گوزارشت دەکات لەو هەڵدێرە خەمناکەی دەزگای خێزانی پێگەیشت، چونکە پتر لە نیوەی منالەکانی ناو شارەکانی ئێستا منالی ناشەرعین و خێزان وەکو خێزانێکی حەیوانیی لێهاتووە، واتە تەنها کاتێك بەردەوام دەبێت کە

مناڵەکانی لەڕووی مادییەوە توانایان نەبێت و پێویستیان بە چاودێریی بەردەوامی باوك و دایك هەبێت، هەرکاتێکیش گەورە بوون و ئەو پێویستییەیان نەما، ئەڵقەی خێزان دەپچڕێت. لەمەش دژوارتر و تاڵتر، سەرقاڵبوونی باوك و دایك لە دەرەوە بە کارەکانیان و ماندووبوونی جەستەییان و ئەو فشارانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، پاڵیان پێوە دەنێت کە لە دەرەوەی ماڵ بە دوای تێکردنی سۆزدارییاندا بڕۆن، ئەمەش پەیوەندیی خێزانیی لاواز کردووە، تەنانەت لەو ماوەیەشدا کە مناڵەکان زۆر پێویستیان بە خێزانە.

ئەنترۆپۆلۆجیستەکانیش ڕۆڵیان هەبوو لەم نگرۆبوونەی خێزان، کاتێك نەوەی نوێیان فێری ئەوە کرد کە جۆرەکانی تری پەیوەندییش ڕێیان تێدەچێ و لە ناو زیندەوەران و مرۆڤە بەراییەکاندا سەرکەوتوو بووە، ئەمانە مێشکی مرۆڤیان بەوە شۆردەوە کە بەردەوام دەگەڕانەوە بۆ جیهانی گیانلەبەران و دەرەنجامی توێژینەوەکانیان بەسەر دۆخی مرۆڤەکاندا دەسەپاند، بە جۆرێك ئیتر نەیاندەتوانی تێبگەن لەوەی کە جیاوازیی نێوان گیانلەبەر و مرۆڤ، تەنها جیاوازیی سروشتی نین، گەردەلوولی بیردۆزەکەیان کە بەرمەبنای گومان دامەزراوە، ئەوەی بڵاوکردەوە کە فۆڕمە نایەکسانەکانی پەیوەندیی مرۆڤایەتی نێوان ژن و پیاو وەك سیستەمی دایکسالاریی و فرەمێردی سەردەمێك بۆخۆیان بناغە و بنەما بوون، تا ئەو کاتەی خێزان لە پێگە کلاسیکییەکەی لادرا، واتە کاتێك وەك ناونیشانی شکۆ ڕەچاوکرا و نەدەکرا وازی لێ بهێنرێت.

لە هەردوو جیهانی کۆمۆنیست و خۆرئاوا گۆڕانێکی ڕیشەیی بەسەر خێزاندا هات و ئەمڕۆشی بەسەرەوە بێت خێزان بەدەست ئەو لاوازییەوە دەناڵێنێت، کە دووچاری کۆمەڵ بووە، واتە هەم کاریگەریی داناوە و هەم کەوتۆتە ژێر کاریگەریی لاوازبوونی ڕەوشت و لێکترازانی کۆمەڵ و بەردەوامبوونی نەریت، کاتێك دەگوێزرێتەوە لە وەچەیەکەوە بۆ وەچەیەکی تر، لەم دوالیزمەی خێزان و ژیارەدا

بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی کامیان هۆکارە و کامیان هۆدارە ئـەوەی گومـانی لەسـەر نییە ئەوەیە کە چارەنووسی ژیار و خێزان ئەوەیە یان دەبێ هـەردووکیان پێکـەوە هەسـتنەوە، یـان دەبـێ پێکـەوە داڕمێن. لـەم نێوەنـدەدا تـەنها لـە کۆمـەڵگاکانی جیهـانی ئیسـلام و جیهـانی سـێیەم تـاکو ئێسـتا خێـزان پێگـەی بـەڕێزی خـۆی پاراسـتووە و ئەمـەش پەیوەسـت بـووە بـە ڕادەی پارێزگارییـان لـە شناسـیان لـە بەرامبەر هێرشی هەر دوو ئایدۆلۆژیای خۆرئاوا و کۆمۆنیزمەوە.

خێزانی موسڵمان دەزگایەکە کە دەرفـەتێکی باشـتری هەیـە بـۆ مانـەوە، لەبـەر ئـەوەی پشـتی بـە شـەریعەت بەسـتووە و پەیوەندییـەکی تۆکمـەی هەیـە بـە تەوحیدەوە، کە کرۆکی ئەزموونی ئاینی ئیسلامە.

## دووەم: خێزان وەك یەکەی دامەزراندن:

خوای گەورە وای خواستووە بۆ مرۆڤ کە پێویستە هاوسەرگیریی بکەن، زۆر ببن و پێکەوە بژین، پاشـان شـانۆیەکی پەیوەنـدیی پێکبهێـنن، کـە ئەمـەش بـە مانـای دەستەبەرکردنی لایەنی ئاکارییە لە ویستی ئیلاهی بە بڕیار و کارێکی مرۆڤانە، ئـەم شانۆیە بۆی هەیە لە چوار ئاست پێکبێت:

خـود، خێـزان، خێـڵ، یـان گـەل، یـان نەتـەوە، پاشـان ئوممـەتی جیهـانیی کۆکـەرەوە. پێویسـتیی ئاسـتی یەکـەم بەڵگەنەویسـتە، چـونکە بـەدیهێنانی هـەر بەهایەکی ئەخلاقیی داخوازیی کەسێك، تاکێك، مرۆڤێك دەکـات کـە پەیوەندییـەکی ئەخلاقی هەبێت لەگەڵ خودی خۆی، خۆی بناسێت و پارێزگاری لە خۆی بکات، لە هەمان کاتدا خۆی بەهێز بکات و مل بدات بـە داخوازییـەکانی بـەها ئەخلاقییـەکان، ئەمانە مەرجگەلێکن کە ژیان ڕادەگرن.

ئاستی سێیەم (خێڵ و گەل و نەتەوە) لەبەر ئەوەی لە هەمان سروشتی ئوممەتە و بریتییە لـە تـۆڕێکی پەیوەنـدیی نێـوان کەسـانێك کـە پەیوەندییـەکی خزمایـەتی

ڕاستەوخۆیان نییە، یاخود پەیوەندییەکە دوورە و تەنها لە وێناکردن دەچێت تا لە واقیعێکی هەستپێکراو، ئاستێکی پێویست نییە. لەم ڕوانگەوە دەبێتە ئاستێکی داخراو، کە هیچ شتێك بۆ پەیوەندیی نێوان تاك و ئوممەت زیاد ناکات و تەنها ئەرکێکی هەیە کە پەیوەندیی نێوان ئەندامانی خێڵ و گەل و نەتەوە لەناو خۆیاندا کورت بکاتەوە و نەهێڵێت درێژ ببێتەوە بۆ ناو کەسانی تر.

بە پێچەوانەی ئەمەوە، ئوممەت پەیوەندییەکان لەسەر بنەمای ئاین دادەنێت و دەرگای ئەندامێتی دەخاتە سەرپشت بۆ هەرکەس بیەوێت ئەندام بێت، بەبێ ڕەچاوکردنی زێد و فاکتەرە کۆمەڵایەتییە گۆڕاوەکانی وەکو زمان، مێژوو، یان ڕەنگ. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلْتَكُنْ مِنْكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾ (آل عمران: ١٠٤). هەروەها دەفەرموێت: ﴿إِنَّ هَذِهِ أُمَّتُكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَأَنَا رَبُّكُمْ فَاعْبُدُونِ﴾ (الانبياء: ٩٢).

کەواتە پەیوەندیی ناو ئوممەت زیاتر مرۆڤانەیە و زیاتر شکۆی مرۆڤ دەپارێزێت، لە حاڵێکدا ئەو پەیوەندییەی بنەماکەی یەکبوونی خێڵ، یان ڕەگەز، یان نەتەوە بێت، ئەم شکۆیە پێشێل دەکات، لەبەر ئەوەی پەیوەندییەکە لەسەر بنەمای دەرهاویشتەیەکی بەستراو دامەزراوە و مرۆڤ هیچ ڕۆڵێکی تێدا نابینێت، بەڵکو لەبەر ئەوەی لەوێ لەدایکبووە لەسەری فەرزکراوە. هەر ئەمەشە هۆکار بۆ ئەوەی کە ئیسلام نایەوێ پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان لەسەر ڕشتەی ڕەگەز و خێڵ ڕێکبخات، لەباتی ئەمە بەرمەبنای ئوممەتی کۆکەرەوە دایدەڕێژێت، لەم بارەوە چەند فەرموودەی خودامان هەیە: ﴿إِنَّ هَذِهِ أُمَّتُكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَأَنَا رَبُّكُمْ فَاعْبُدُونِ﴾ (الانبياء: ٩٢). ﴿كَانَ النَّاسُ أُمَّةً وَاحِدَةً فَبَعَثَ اللَّهُ النَّبِيِّينَ مُبَشِّرِينَ وَمُنْذِرِينَ وَأَنْزَلَ مَعَهُمُ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ لِيَحْكُمَ بَيْنَ النَّاسِ فِيمَا اخْتَلَفُوا فِيهِ﴾ (البقرة: ٢١٣).

وَإِنَّ هَذِهِ أُمَّتُكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَأَنَا رَبُّكُمْ فَاتَّقُونِ (٥٢) فَتَقَطَّعُوا أَمْرَهُمْ بَيْنَهُمْ زُبُرًا كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ﴾ (المؤمنون: ٥٢ – ٥٣). لە بەرامبەردا دەفەرموێ: ﴿إِذْ

جَعَلَ الَّذِينَ كَفَرُوا فِي قُلُوبِهِمُ الْحَمِيَّةَ حَمِيَّةَ الْجَاهِلِيَّةِ فَأَنْزَلَ اللَّهُ سَكِينَتَهُ عَلَى رَسُولِهِ وَعَلَى الْمُؤْمِنِينَ وَأَلْزَمَهُمْ كَلِمَةَ التَّقْوَى وَكَانُوا أَحَقَّ بِهَا وَأَهْلَهَا وَكَانَ اللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمًا﴾ (الفتح: ٢٦).

خێڵگەرایی لە سەردەمی پێش ئیسلامدا لە ئامێزی نەفامی و دواکەوتندا بڵاوبوویەوە، نەتەوەپەرستی و ڕەگەزپەرستی کە پەروەردەی ئەون بوون بە ڕشتەی پێوانەی زاڵی هەردوو ئیمپراتۆری ڕۆم و فارس، کە پێش ئیسلام هەبوون و دواتر ئیسلام هات فیشەکی بەزەیی پێوەنان و ڕیشەی دەرهێنان لەبەر ئەوەی بەرپرس بوون لە هەموو ئەو خراپەکارییانەی دەرحەق بە مرۆڤ دەکران.

لەمەوە دەگەین بەوەی کە خێزان تاقە دەزگای کۆمەڵایەتیی کۆتاییە، کە لەلایەکەوە پشت دەبەستێت بە تاك و لەلایەکی ترەوە بە ئوممەت، هەر بۆیە لە سیستمی قورئانیدا بەدەق گرنگییەکی تەواوی پێدراوە: ﴿وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُمْ مَوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ﴾ (الروم: ٢١).

ئیسلام پەیوندیی سێکسی لە نێوان ژن و مێرد بەخراپ دانانێت، بەڵکو بە ڕەوا و بە پاکو پێویستیشی دەزانێت و بگرە لەوە زیاتریش ژن و مێردەکان ڕادەسپێرێت، کە بە تەواوی مافی یەکتر بدەن لەمبارەوە: لە قورئاندا دەخوێنینەوە: ﴿نِسَاؤُكُمْ حَرْثٌ لَكُمْ فَأْتُوا حَرْثَكُمْ أَنَّى شِئْتُمْ وَقَدِّمُوا لِأَنْفُسِكُمْ وَاتَّقُوا اللَّهَ وَاعْلَمُوا أَنَّكُمْ مُلَاقُوهُ وَبَشِّرِ الْمُؤْمِنِينَ﴾ (البقرة: ٢٢٣). هەروەها: ﴿وَالْمُطَلَّقَاتُ يَتَرَبَّصْنَ بِأَنْفُسِهِنَّ ثَلَاثَةَ قُرُوءٍ وَلَا يَحِلُّ لَهُنَّ أَنْ يَكْتُمْنَ مَا خَلَقَ اللَّهُ فِي أَرْحَامِهِنَّ إِنْ كُنَّ يُؤْمِنَّ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَبُعُولَتُهُنَّ أَحَقُّ بِرَدِّهِنَّ فِي ذَلِكَ إِنْ أَرَادُوا إِصْلَاحًا وَلَهُنَّ مِثْلُ الَّذِي عَلَيْهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ (البقرة: ٢٢٨).

بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە ئیسلام تێرکردنی سێکسی نێوان ژن و مێرد بە تاقە بنەما نازانێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجی هاوسەرگیری، بە پێچەوانەوە ئەو

هاوسەرگیرییەی تەنها بەرمەبنای سێکس و خۆشەویستی رۆمانسی بێت بە کورت و ناکامڵ دادەنێت، لەمبارەوە پێغەمبەری خودا (درووود و سڵاوی خودای لەسەر) دەفەرموێت: "ألاَ واسْتَوْصُوا بالنِّساءِ خَيرًا، فإنّمَا هُنّ عَوانٌ عِنْدَكمْ لَيْسَ تَمْلكُونَ مِنْهُنّ شَيْئاً غَيْرَ ذلكَ، إلاّ أنْ يَأْتِينَ بِفَاحِشَةٍ مُبَيّنَةٍ، فَإنْ فَعَلْنَ فَاهجُرُوهُنّ في المضَاجِعِ وَاضْرِبُوهُنّ ضَرْبًا غَيْرَ مُبَرّحٍ، فَإنْ أطَعْنكُمْ فَلاَ تَبْغُوا علَيْهِنّ سَبِيلاً. ألاَ إنّ لَكُمْ عَلَى نِسَائِكُم حَقّاً، ولِنسَائِكمْ عَلَيْكُمْ حَقاً، فَأَمّا حَقكّمْ عَلَى نِسَائِكُمْ فَلاَ يُوطِئنَ فُرُشَكُمْ مَنْ تَكْرَهُونَ ولاَ يَأْذَنّ في بُيُوتِكُمْ لِمَنْ تَكْرَهُونَ، ألاَ وحَقهُنّ عَلَيْكُمْ أنْ تُحسِنُوا إلَيْهِنّ في كِسْوَتِهِنّ وطَعَامِهِنّ".

واتە: وریا بن لەناو خۆتاندا ڕاسپاردەی باشتان سەبارەت بە ژنان هەبێت، چونکە ئەوان لای ئێوە بارمتە و ئەمانەتن لەوە زیاترتان نییە بەسەریانەوە، مەگەر تاوانێکی ئاشکرا ئەنجام بدەن، ئەگەر خەتایەکیان کرد جێگەیان لێ جیا بکەنەوە و بە بێ زیان لێیان بدەن، ئەگەر هاتنە سەر ڕێی گونجان لەگەڵتان ئەوا بۆتان نییە هیچ بکەن بەرامبەریان، ئێوە مافتان هەیە بەسەریانەوە و ئەوانیش مافیان هەیە بەسەرتانەوە، مافی ئێوە لەسەریان ئەوەیە کە جێنووستنی ئێوە لە خەڵك بپارێزن و کەسانێك نەهێننە ماڵتان کە ئێوە پێتان ناخۆشە، مافی ئەوانیش ئەوەیە کە چاك بن بۆیان لە پۆشتەکردن و تێکردنیان. ئێوە وەك ئەمانەتی خودا ئەوانتان وەرگرتووە و داوێنی ئەوانتان بە وشەی خودا بۆ حەڵاڵ بووە.

کەواتە هاوسەرگیریی تۆڕێکی فراوانی پەیوەندییە مرۆییەکان دروستدەکات کە دەبێتە تەوەری بەشێکی زۆر کردەی ئەخلاقی، لەبەرامبەر خێزاندا بەخێوەکەری خێزان بەرپرسی یەکەمی ئەرکەکانی منداڵخستنەوە و خۆشەویستی و هاوسۆزی و ڕاوێژ و ڕێنمایی و پەروەردە و هاوکاری و سۆزە، خزمانیش لە فەرمانە خوداییەکانی قورئاندا سەبارەت بە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی پێگەیەکی بەرزیان پێدراوە، بەڵگەشمان زۆری ئەو ئایەتانەیە کە فرێزی ( اولوا القربى)ی تێدایە، بۆ

نموونە ئەم ئایەتە: ﴿لَيْسَ الْبِرَّ أَنْ تُوَلُّوا وُجُوهَكُمْ قِبَلَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ وَلَكِنَّ الْبِرَّ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَالْمَلَائِكَةِ وَالْكِتَابِ وَالنَّبِيِّينَ وَآتَى الْمَالَ عَلَى حُبِّهِ ذَوِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ وَالسَّائِلِينَ وَفِي الرِّقَابِ وَأَقَامَ الصَّلَاةَ وَآتَى الزَّكَاةَ وَالْمُوفُونَ بِعَهْدِهِمْ إِذَا عَاهَدُوا وَالصَّابِرِينَ فِي الْبَأْسَاءِ وَالضَّرَّاءِ وَحِينَ الْبَأْسِ أُولَئِكَ الَّذِينَ صَدَقُوا وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُتَّقُونَ﴾ (البقرة: ١٧٧). هەروەها: ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَاءً وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا﴾ (النساء: ١). هەروەها: ﴿لِلرِّجَالِ نَصِيبٌ مِمَّا تَرَكَ الْوَالِدَانِ وَالْأَقْرَبُونَ وَلِلنِّسَاءِ نَصِيبٌ مِمَّا تَرَكَ الْوَالِدَانِ وَالْأَقْرَبُونَ مِمَّا قَلَّ مِنْهُ أَوْ كَثُرَ نَصِيبًا مَفْرُوضًا (٧) وَإِذَا حَضَرَ الْقِسْمَةَ أُولُو الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينُ فَارْزُقُوهُمْ مِنْهُ وَقُولُوا لَهُمْ قَوْلًا مَعْرُوفًا﴾ (النساء: ٧ – ٨).

تا دەگاتە ئەوەی بڵێین بۆ بەدیهاتنی ویست و ئیرادەی خودا لە خوڵقاندنی مرۆڤ لەم ژیانەی دنیا، پێویستە خێزان هەبێت، بەبێ بەدیهاتنی ئیرادەی خوداش، مومکین نیە تەوحید و یەکتاپەرستی هەبێت. لەبەرئەوەی مانای شایەتیدانمان بە یەکتابوونی خودا، ئەوەیە کە دان بنێین بەوەدا کە پێویستە گوێڕایەڵی فەرمانی خودا بین و جێبەجێی بکەین لەو ڕووەوە کە مایەی خێر و بە ئامانج گەیشتنی مرۆڤەکانە، ئەمەش ئەوە دەخوازێت کە هەموو فەرمانێکی تەکلیفی خودا بە ئەرکێکی پێویست ڕەچاو بکەین کە ئەمەش ڕۆڵی دەبێت لە هەوڵدانمان بۆ فەراهەمکردنی ئەو کەرەستانەی کە بەهاکانی ناو فەرمانەکان بەرجەستە دەکەن، چونکە هەموو ئەم بابەتانە پێکەوە گرێدراون و لێك جودا نابنەوە و هیچیان بەبێ ئەوانی تر دەستەبەر نابێت، ڕاستییەکەی ئەوەیە کە خودا لە مرۆڤ تەنها داوای بەرجەستەکردنی ئەم بەهایانەی نەکردووە، بەڵکو لەگەڵ ئەمەدا ئامرازی بەدیهاتن و یاسا و ڕێسا و پێداویستیی جێبەجێکردنیشی بۆ ڕوونکردوونەتەوە، کە ئەوانیش

بریتین لە خێزان و تۆڕ و ئەو پەیوەندییانەی لە خێزانەوە پەیدا دەبن. دەكرێت نیازی مرۆڤ بۆ كۆكردنەوەی تەوحید و خێزان بە بەڵگەی ژیریی بسەلمێنین، كە ئەویش بریتییە لەوەی خودا هەردوو بابەتەكەی بە درێژیی و بە وردەكاری باسكردووە، كە ئەمەش بۆ خۆی بەڵگەیە بۆ ئەوەی لە ڕووی لۆجیكییەوە هەردووكیان پێویستن، كەواتە بەبێ خێزان ناشێت یەكتاپەرستی لە سەرزەویدا بوونی هەبێت.

جێی سەرنجە كە خودای گەورە تایبەتمەندی داوە بە خێزان بەوەی كە وێڕای وردەكارییەكانی پەیوەندیی خێزانی، بنەما گشتییەكانی ڕێكخستنیشی ڕوونكردۆتەوە، وەك لە یاساكانی هاوسەرگیری و جیابوونەوە و میراتدا ڕوون دەبێتەوە، لە بوارەكانی دیكەی وەكو باری ئابووری و سیاسی، قورئان تەنها بە باسی بنەما گشتییەكان پەسندەی كردووە و نەچۆتە ناو وردەكارییەكانەوە.

## سێیەم: كێشەگەلێكی هاوچەرخ:

### ١- یەكسانیی ژن و پیاو:

هیچ جێی گومان نییە كە خودای گەورە بڕیاریداوە ژن و پیاو لە ماف و ئەركەكاندا و لە بەرپرسیارێتییە ئاینی و ئەخلاقی و شارسانییەكاندا یەكسان بن، لەمبارەوە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿مَنْ عَمِلَ صَالِحًا مِنْ ذَكَرٍ أَوْ أُنْثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُ حَيَاةً طَيِّبَةً وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُمْ بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ (النحل: ٩٧)، بەڵام ئەم بنەما گشتییە هەندێك هەڵاواردنی سنوورداری هەیە كە ئەركی باوكایەتی دایكایەتی دەیانخوازێت.

خوای پەروەردگار لە زۆر ئایەتدا بنەمای یەكسانی پیاو و ژنی لە ئاستی دینداریدا ڕوونكردۆتەوە، وەك ئەو ئایەتەی پێشوو هێنامان و ئەو ئایەتەی كە دەفەرموێت: ﴿وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ

عَنِ الْمُنْكَرِ وَيُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَيُطِيعُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ أُولَئِكَ سَيَرْحَمُهُمُ اللَّهُ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ (٧١) وَعَدَ اللَّهُ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَمَسَاكِنَ طَيِّبَةً فِي جَنَّاتِ عَدْنٍ وَرِضْوَانٌ مِنَ اللَّهِ أَكْبَرُ ذَلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ﴾ (التوبة: ٧١ – ٧٢). هەر ئەم ئایەتانە یەکسانی نێوان پیاو و ژن دووپات دەکەنەوە لەسەر ئاستی ئەخلاقیش بە هەمان شێوە.

لە هەمان کاتدا قورئانی پیرۆز یەکسانیی پیاو و ژنی لەسەر ئاستی مافە شارستانییەکانی سەلماندووە، لە بەڵگەکانی قورئان بۆ ئەمە، ئایەتی: ﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِذَا جَاءَكَ الْمُؤْمِنَاتُ يُبَايِعْنَكَ عَلَى أَنْ لَا يُشْرِكْنَ بِاللَّهِ شَيْئًا وَلَا يَسْرِقْنَ وَلَا يَزْنِينَ وَلَا يَقْتُلْنَ أَوْلَادَهُنَّ وَلَا يَأْتِينَ بِبُهْتَانٍ يَفْتَرِينَهُ بَيْنَ أَيْدِيهِنَّ وَأَرْجُلِهِنَّ وَلَا يَعْصِينَكَ فِي مَعْرُوفٍ فَبَايِعْهُنَّ وَاسْتَغْفِرْ لَهُنَّ اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ (الممتحنة: ١٢). هەروەها ئایەتی: ﴿وَلَا تَتَمَنَّوْا مَا فَضَّلَ اللَّهُ بِهِ بَعْضَكُمْ عَلَى بَعْضٍ﴾ (النساء: ٣٢). ئایەتی: ﴿وَالسَّارِقُ وَالسَّارِقَةُ فَاقْطَعُوا أَيْدِيَهُمَا جَزَاءً بِمَا كَسَبَا نَكَالًا مِنَ اللَّهِ﴾ (المائدة: ٣٨).

وێڕای ئایەتی: ﴿الزَّانِيَةُ وَالزَّانِي فَاجْلِدُوا كُلَّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا مِائَةَ جَلْدَةٍ﴾ (النور: ٢).

تۆمەتدان لە ئیسلام، گوایا بەپێی ئایەتی ٣٤ لە سوورەتی نیساء، پیاو و ژنی وەك یەك دانەناوە، بە کەمێك بیرکردنەوە دەرەوێتەوە، سەرەتا با دەقی ئایەتەکە بهێنین و وردەکاری تێدا بکەین: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاءِ﴾ (النساء: ٣٤).

سەرەتا دەبێ ئەوە بڵێین کە ئەم ئایەتە تایبەتە بە پەیوەندیی نێوان ژن و مێرد و بڕایەوە، بەڵگەشمان بۆ ئەمە وا لە دووتوێی پاشماوەی دەقی ئایەتەکەدا کە قیوامەی بەستۆتەوە بە چەند مەرجێکەوە، کە هەر هەموویان پەیوەستن بەو پەیوەندییە خێزانییەی لە سەرەتا ئایەتەکەدا باسکراوە، بەڵام تۆمەتسازەکان وادیارە خۆیان لە بەشی کۆتایی ئایەتەکە گێل دەکەن، بۆ ئەوەی دەرفەت بدەن بەو گشتاندنەی کە هیچ پاساو و بەڵگەیەکی نییە. بێگومان سەبارەت بە پەیوەندیی

خێزانیی پیاوان لەپێشترن، بە حوکمی ئەوەی سیستەمی باوکسالاری تاقانە فۆرمی جـێگیرە کـە مـرۆڤ خـووی پێـوە گرتـووە و لـە سـەرەتای دروسـتبوونیەوە پاراستوویەتی. جگە لەوەی خێزان ماڵێکە کە پێویستی بە کەسێکە داکۆکی لێبکات و پێداویسـتییەکانی ژیـانی بـۆ دابـین بکـات و ڕەنجـی بـۆ بـدات و لـە دەرەوەش بـەردەوام بـۆی تێبکۆشـێت، ڕوون و ئاشـکرایە کـە ئامـادەیی پیـاو بـۆ هـەڵگرتنی بەرپرسیارێتی لـە هـی ژن زیـاترە، لـە لایـەکی تـرەوە لێکدانـەوەی ئـەم ئایەتـە بـە شـێوەیەك کـە گوایـا بڕێتـە خانـەی یەکسـان نـەبوونی ژن و پیـاوەوە. لەگـەڵ ئایەتەکانی دیکە ناتەبایە، کە هەر هەموویان پێچەوانەی ئەو مانایەن کە ئاماژەمـان بـۆ کـرد و تێکـڕا جـەخت لەسـەر یەکسـانبوونی ژن و پیـاو دەکەنـەوە لـە هـەموو ئاستەکانی ژیاندا واتە لە ئاینداریی و ئەخلاق و ژیانی شارستانیدا.

### ٢- جیاکاریی و تەواوکاریی نێوان ڕۆڵی ژن و پیاو:

لە ڕوانگەی ئیسلامەوە ژن و پیاو بۆ دوو ئەرکی جیاواز، بەڵام تـەواوکاری یـەکتر ئەفرێنراون. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَا تَتَمَنَّوْا مَا فَضَّلَ اللَّـهُ بِـهِ بَعْضَـكُمْ عَلَـى بَعْضٍ لِلرِّجَالِ نَصِيبٌ مِمَّا اكْتَسَبُوا وَلِلنِّسَـاءِ نَصِـيبٌ مِمَّـا اكْتَسَـبْنَ وَاسْأَلُوا اللَّـهَ مِـنْ فَضْلِهِ إِنَّ اللَّهَ كَانَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمًا﴾ (النساء: ٣٢).

کەواتە ئەرکی دایکایەتی کە بـریتین لـە چـاودێریی مـاڵ و پـەروەردەی منـداڵ و ئـەرکی باوکایـەتی، کـە بریتییـە لـە پاراسـتنی مـاڵ و دابینکردنـی پێویسـتییەکانی بژێویی، وایخواستووە کە ژن و پیاو پێکهاتەی جەستەیی و دەروونـی و سـۆزدارییدا جیاواز بن. ئیسلام ئەم جیاکارییە بەپیرۆز دادەنێت و بە پێویستیشـی دەزانێـت بـۆ ئەوەی هەم ژن و هەم پیاو، بوونی خۆیان بسەلمێنن.

خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿فَاسْتَجَابَ لَهُمْ رَبُّهُمْ أَنِّي لَـا أُضِـيعُ عَمَـلَ عَامِـلٍ مِنْكُمْ مِنْ ذَكَرٍ أَوْ أُنْثَى بَعْضُكُمْ مِنْ بَعْضٍ فَالَّذِينَ هَاجَرُوا وَأُخْرِجُوا مِـنْ دِيَـارِهِمْ وَأُوذُوا

فِي سَبِيلِي وَقَاتَلُوا وَقُتِلُوا لَأُكَفِّرَنَّ عَنْهُمْ سَيِّئَاتِهِمْ وَلَأُدْخِلَنَّهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ ثَوَابًا مِنْ عِنْدِ اللَّهِ وَاللَّهُ عِنْدَهُ حُسْنُ الثَّوَابِ﴾ (آل عمران: ١٩٥).

بێگومان جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان ئەوەی بڵێی ڕۆڵی ژن جیاوازە لە ڕۆڵی پیاو و ئەوەی بڵێی ژن و پیاو لە یەك دادەبڕم لەسەر بنەمای ڕەگەز جیایان دەکەمەوە! چونکە ڕۆڵی ژن وەك ڕۆڵی پیاو هەردووکیان وان لە ژێر قەڵەمڕەوی یاساکانی ئاین و ئەخلاقدا بەبێ جیاوازی، کەواتە پێویستە هەردووکیان هەرچی زیرەکی و بەهرەو وزە و توانایان هەیە بەکاری بهێنن بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە. لەلایەکی ترەوە جیاکردنەوەی ئەم ڕۆڵانە نە پەیوەستە بە بواری ئەو چالاکییانەوە کە ڕۆڵی ژن و پیاو تێکدەئاڵێنن و نە پەیوەستیشە بەو چالاکییانەی ترەوە کە ئەو دوو ڕۆڵە تێکنائاڵێنن، واتە دەکرێت ئافرەت هەندێك کار ئەنجامبدات کە لەبنەڕەتدا پیاوانەن، بە پێچەوانەشەوە هەر ڕاستە، واتە دەکرێ هەر کامێکیان بگوازێتەوە بۆ فەزای چالاکیی ئەویتر ئەگەر توانستی سروشتی بۆ ئەو کارە هەبێ و کارەکەش شیاوو لەبار بێت، یان زەروورەتێك بیکاتە کارێکی سوودبەخش، بەو مەرجەی ئەو جیاکارییە سەرەکییەی خوای پەروەردگار سپاردوویەتی بە سروشتی ئەوان لەناو نەبات. هەر قسەیەکیش پێچەوانەی ئەمە بێت لەگەڵ ئەم ڕاستییە چەسپاوە حاشاهەڵنەگرە ڕێکنابێتەوە کە قورئان هەموو مافێکی شارستانیی بۆ ژن جێگیر کردووە.

### ٣- بێ حیجابی و گۆشەگیری:

ئیسلام نایەوێت ژن خۆی لە کۆمەڵ بەدوور بگرێ بە ڕوواپۆشین، یان لەچواردیوارێکدا بێ لە حەرەمسەرا بژی، بەڵگەشمان ئەمەیە کە ئیسلام مافی داوە بە ژن کە بەشدار بێت لە فەرمانڕەواییدا. خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِذَا جَاءَكَ الْمُؤْمِنَاتُ يُبَايِعْنَكَ عَلَى أَنْ لَا يُشْرِكْنَ بِاللَّهِ شَيْئًا وَلَا يَسْرِقْنَ وَلَا يَزْنِينَ وَلَا يَقْتُلْنَ أَوْلَادَهُنَّ وَلَا يَأْتِينَ بِبُهْتَانٍ يَفْتَرِينَهُ بَيْنَ أَيْدِيهِنَّ وَأَرْجُلِهِنَّ وَلَا يَعْصِينَكَ فِي

مَعْرُوفٍ فَبَايِعْهُنَّ وَاسْتَغْفِرْ لَهُنَّ اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ (الممتحنه: ١٢). هەروەها مافی داوەتیێ بەشدار بێت لە ژیانی گشتیدا: ﴿وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَيُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَيُطِيعُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ أُولَئِكَ سَيَرْحَمُهُمُ اللَّهُ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ (٧١) وَعَدَ اللَّهُ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَمَسَاكِنَ طَيِّبَةً فِي جَنَّاتِ عَدْنٍ وَرِضْوَانٌ مِنَ اللَّهِ أَكْبَرُ ذَلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ﴾ (التوبة: ٧١ – ٧٢).

ڕوون و ئاشکرایە کە ئەم بەشدارییە لەگەڵ گۆشەگیری و ڕووبەند و نیقاب یەکناگرێتەوە و بە بوونی ئەم دوانە بەشداریکردن بوونی نابێت، بەڵام ئەوەی کە ئیسلام بە پلەی یەکەم خۆی لێدەپارێزێت بریتییە لە ڕووت و قووتی و بێ حیجابیی کە سەردەکێشێت بۆ بڵاوبوونەوەی بەدڕەوشتیی و خراپەکاریی.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قُلْ لِلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ وَيَحْفَظُوا فُرُوجَهُمْ ذَلِكَ أَزْكَى لَهُمْ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا يَصْنَعُونَ (٣٠) وَقُلْ لِلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَى جُيُوبِهِنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا لِبُعُولَتِهِنَّ أَوْ آبَائِهِنَّ أَوْ آبَاءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ أَبْنَائِهِنَّ أَوْ أَبْنَاءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ إِخْوَانِهِنَّ أَوْ بَنِي إِخْوَانِهِنَّ أَوْ بَنِي أَخَوَاتِهِنَّ أَوْ نِسَائِهِنَّ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُنَّ أَوِ التَّابِعِينَ غَيْرِ أُولِي الْإِرْبَةِ مِنَ الرِّجَالِ أَوِ الطِّفْلِ الَّذِينَ لَمْ يَظْهَرُوا عَلَى عَوْرَاتِ النِّسَاءِ وَلَا يَضْرِبْنَ بِأَرْجُلِهِنَّ لِيُعْلَمَ مَا يُخْفِينَ مِنْ زِينَتِهِنَّ وَتُوبُوا إِلَى اللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَ الْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾ (النور: ٣٠ – ٣١).

هەروەها دەفەرموێت: ﴿يَا نِسَاءَ النَّبِيِّ لَسْتُنَّ كَأَحَدٍ مِنَ النِّسَاءِ إِنِ اتَّقَيْتُنَّ فَلَا تَخْضَعْنَ بِالْقَوْلِ فَيَطْمَعَ الَّذِي فِي قَلْبِهِ مَرَضٌ وَقُلْنَ قَوْلًا مَعْرُوفًا (٣٢) وَقَرْنَ فِي بُيُوتِكُنَّ وَلَا تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ الْجَاهِلِيَّةِ الْأُولَى وَأَقِمْنَ الصَّلَاةَ وَآتِينَ الزَّكَاةَ وَأَطِعْنَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ إِنَّمَا يُرِيدُ اللَّهُ لِيُذْهِبَ عَنْكُمُ الرِّجْسَ أَهْلَ الْبَيْتِ وَيُطَهِّرَكُمْ تَطْهِيرًا﴾ (الأحزاب: ٣٢ – ٣٣).

له دوو ئایەتی ٣٠ و ٣١ دوو فەرمانی خودایی هاتووە، یەکەمیان بە یەك ئەندازە بۆ ژن و بۆ پیاو، بگرە بۆ پیاو بەهێزترە، سەرەتا فەرمان دەدات بە پیاوان کە ئاگایان لە چاویان و لە داوێنیان بێت پێش ئەوەی فەرمان بدات بە ژنان، دووەمینیان تایبەتە بە یاساکانی جوانی دەرخستن و سنوورەکانی، کە ئەمە ڕووی لە ژنانە و تایبەتە بەوان. ڕاستییەکەی ئەمەیە کە قورئان فەرمان دەدات بە ژن کە جەستەی دابپۆشێت، بەڵام بە ڕاشکاویی ئەو ئەندامانە هەڵاوێرد دەکات، کە نەریتی کۆمەڵ پێی ڕەوایە دەربکەون هەر کاتێك پێویست بوو ژن ڕۆڵ ببینێت و چارەنووسی خۆی لە ژیاندا دیاریبکات بەو شێوەیەی کە ئیسلام دیاریکردووە.

ئینجا لەبەر ئەوەی بە ئەنقەست دەرخستنی جوانیی و نواندنی خشڵ و زێوەر لەلایەن ئافرەتەوە سەردەکێشێت بۆ گومڕایی و لادان، هەر بۆیە ئیسلام یاساغی کردووە، بە هەڵاواردنی منداڵی بچووك و کەسانی مەحرەمی پێگەیشتوو وەك باوك و برا و مام، بەو شێوەیەی کە ئایەتی ٣١ سوورەتی نوور ڕوونی کردۆتەوە.

خۆپاراستن لە لادان و گومڕاییش ئایدیالێکی ئەخلاقیی بەرزە و هیچ دژایەتییەکی نیە لەگەڵ ئەوەی کە ژن ئەرکەکانی سەر شانی لە ناو کۆمەڵدا جێبەجێ بکات، هەر چۆنێك بێت لە سەردەمی پێغەمبەرەوە لە مێژووی ئیسلامدا بەردەوام ژنان ڕوخسار و دەست و پێیان دەرخستووە لەو کاتانەدا کە ئەرکە ئیسلامییەکانیان جێبەجێ دەکەن، تەنانەت لە ماڵی خواشدا.

٤ـ هاوسەرگیری و جیابوونەوە:

هاوسەرگیریی ئەرکێکی ئاینی و ئەخلاقییە لەسەر پیاوان و ژنان، خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُمْ مَوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ﴾ (الروم: ٢١).

پێویستە بە مارەیی زۆر و قورس و بە نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوون و خوێندەواریی و نەبوونی هەلی کار، بەربەست نەخرێتە بەردەم هاوسەرگیری پیاوان

و ژنان، کە ئەمانە لە خۆرئاوا هەموو بوونەتە کۆسپی بەردەم هاوسەرگیری، لەبەر ئەوەی خۆرئاوا بایەخێکی زۆر دەدات بە دەسکەوتی مادی و لەبەرامبەردا هیچ گرنگییەك بە داوێنپاکی نادات، لەوکاتەوە کە دەزگای خێزان گۆڕاوە و بووەتە خێزانێکی ناوکیی (واتە بچووك)، لەسەر ئەوانەی نیازی هاوسەرگیرییان هەیە بووە بە ئەرك پێش ئەوەی هاوسەرگیریی بکەن دەبێ لە ڕووی ئابوورییەوە سەربەخۆ بن.

بە پێچەوانەی ئەمەوە خێزانی موسڵمان خێزانێکی بەربڵاوە، کە باوکان و باپیران و هاوسەران و نەوەکانیان دەگرێتەوە و ئیسلام بژێویی بۆ ژن دەستەبەر کردووە، پێش هاوسەرگیریی لەسەر شانی سەرپەرشتیارەکەیەتی و دوای هاوسەرگیرییش لەسەر هاوسەرەکەی.

لەو ڕووەشەوە کە سەرپەرشتیی خێزانی خستۆتە ئەستۆی خاوەنی خێزان، ئەرکی بژێویی ئافرەتانی ناو خێزانێشی داوە بە ئەو، دەرەنجامی ئەم فراوانیی و دابینکردنی بژێوییەش بەم شێوەیە ئەوەیە کە زۆربەی ژنان و پیاوانی موسڵمان لە تەمەنێکی زوودا دەتوانن هاوسەرگیریی بکەن، لەبەرئەوەی لە سەرەتاوە پەیوەندییەك لە نێوان هاوسەرگیریی و سەربەخۆیی ئابووریی هاوسەرەکەدا نییە.

بەڵام دەردی چاولێکەریی خۆرئاوا، بە داخەوە گەنجی موسڵمانیشی گرتەوە، لەمبارەوە ئامارگەلێکی ترسناك هەیە، چونکە هەنووکە لەناویاندا بووە بە باو کە دەبێ سەرەتا سەربەخۆیی ئابووریی بەدەستبێنن و هاوسەرگیریی بۆ دوای ئەو کارە دوابخەن، ئەم گۆڕانکارییە نەتەنها مایەی نیگەرانییە، بەڵکو تراژیدییشە، لەبەر چەند سەرنجێك:

أ ـ سەربەخۆیی ئابووریی کەسێك لە خودی خۆیدا نابێتە عەیب، بەڵام ئەو پێوەرەی کەوا لە پشتیەوە، جگە لە شەڕ شتێکی دیکە نییە و چوونە ژێر سایە و ڕەچاوکردنی وەك بەهایەکی بەرز، کە پێویستە هەوڵی بۆ بدەین بە مانای ڕوانگەیەکی مادییانەیە بۆ ژیان لەسەر زەوی. بڕواپێهێنانیشی واتە بەباشتر زانینی

خێزانی ناوکی لە خێزانی بەربڵاو، کە ئەمەش دەمانگەیەنێت بە ڕەوتێکی تاکگەرایی و خۆپەرستانەی پەرگیرانە، لێرەوە قایلبوون بە لەپێشبوونی سەربەخۆیی ئابووریی زۆر جار دەبێتە سیمایەکی سەرەکیی کەسی نارێك و پێك کە ئامادەیی نییە بۆ سنووربەندییەکان.

**ب ـ دواخستنی هاوسەرگیریی هەرکام لە ژن و پیاو ڕووبەڕووی لادان دەکاتەوە، چونکە هاوسەرگیریی قەڵایەکە بۆ داوێنپاکی.**

ت ـ خێزانی بەربڵاو و هاوسەرگیریی زووبەزوو بووك و زاوا ناخاتە بەردەم داواکاریی مەحاڵ و دژوار، چونکە لە ژێر سایەی خێزانی بەربڵاودا ژن و مێرد دەتوانن بەردەوام برۆنە قوتابخانە و شوێنی کار، چونکە هەموو کاتێك خزمان و خۆشەویستانیان لە ماڵەوەن و کاروباری ئەوان و چاودێری منداڵەکانیان لەئەستۆ دەگرن. لەبەر ڕۆشنایی ئەم سەرنجانە ئیسلام داوا لە موسڵمانان دەکات کە بە زووی هاوسەرگیری بکەن و ژیانی ناو ئامێزی خێزانی بەربڵاو هەڵبژێرن بە بەردەوامی.

**٥- خێزانی بەربڵاو:**

خوای پەروەردگار خێزانی بە نموونە بەربڵاوەکەی فەرمانپێداوە، شەریعەتی ئیسلامیش ئەم خێزانەی بە کۆمەڵە یاسایەك بۆ دیاریکردنی خاوەن فەرزەکان و سیستمی بژێودان و میراتگرتن پاراستووە.[1] بە شێوەیەکی گشتی ماف بژێوی دەگاتە هەموو خزمێك هەر چەندە پلەی خزمایەتییەکەی دوور بێت، بەو مەرجەی کە موحتاج بێت و پیاوێکی پێگەیشتووی بەتوانای لەو کەسە نزیکتر نەبێت، لە بژێویدا باپیران و نەوەکان و مامەکان و نەوەکانیان لە پێشترن و خزمایەتی لای باوکیش دەچنە پێش خزمایەتی لای دایکەوە، خێزانی بەربڵاو بەم پێیە نزیکەی

---

[1] بۆ وردەکاری یاساکانی میرات دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ هەر سەرچاوەیەکی فیقهی ئیسلامی، بۆ نموونە کتێبی: الفقه على المذاهب الأربعة، عبد الرحمن الجزيري، القاهرة: مطبعة مصطفى محمد، د.ت.

بیست کـەس دەگرێتـەوە کـە لـە کۆمەڵگەیـەکی نیشـتەجێبووندا پێکـەوە دەژیـن و پێکەوە نان دەخۆن و لەیەك دیوەخاندا پێشوازیی لە میوان دەکـەن و هەمووشـیان لە دەوری گەورەترینیان کۆدەبنەوە، لەم جـۆرە خێوانـەدا کێشـەی کـەلێنی نێـوان تەمەنەکان بوونی نیـە، چـونکە سـێ جـۆر تەمـەنی تێدایـە، کـە ئەمـەش بـەردەوام ڕێخۆش دەکات بۆ گەورە بوونی مناڵەکان و گواسـتنەوەی کـەلتوور بـە جۆرێـك کـە نەریت و کەلتووری تێدا دەگوێزرێتەوە بەبێ ئەوەی لادانێکی بەرچاو ڕووبـدات و لـە سایەیدا بە شێوازێکی ڕەسەن، ڕابردوو بە ئێستا و دواڕۆژەوە دەبەستێت.

تایبەتمەندییەکی تری خێزانی بەربڵاو ئەوەیە بەردەوام هاوڕێیەتیـەکی خێـرا بـۆ هەر ئەندامێك فەراهەم دەکات هەر کات بیەوێت، واتـە بـەپێی خواسـت و سروشـتی خۆی هەلی هەڵبـژاردنی دەداتـێ، بـۆ نموونـە لـە باوەشـی ئـەم خێزانـەدا هەمیشـە کەسێك هەیـە کـە ئامادەیـە بـۆ یـاریکردن یـان گاڵتـە و قسـەی خـۆش، یـان ڕاوێـژ پێکردن، یاخود بۆ بیرکردنەوەی هاوبەش تەنانـەت بـۆ پێکـەوە گریـان و خۆزگـە و هیواخواستنیش، کە ئەمەش پێداویستییەکی سەرەکییە بۆ بەدەسـتهێنانی دەروون دروستیی مرۆڤ. لەبەر ئەوەی لە خێزانی بەربڵاودا هەمیشە منداڵێـك و کچێکی گـەنج یان کوڕێکی گەنج و هەروەها کەسێکی بەتەمەن هەیە کە دانایی و ئەزموونی زیاترە لە ئەندامەکانی دیکە. خێزانی بەربڵاو بەرپرسـیارێتی و خۆبەخشـیی ئـاڵگۆڕکراو لـە نـاو ئەندامـەکانی فـەرز دەکـات کـە ڕەنگـە ئەمـەش لـە تایبەتمەنـدیی ئـەوان کـەم بکاتەوە، بەڵام ئەوەش بزانین کە سروشتی ژیانی ئەم دنیا وەهایە کە ڕێگە نادات بە هیچ مرۆڤێك بەبێ یاسـا و دەسـتوور و خۆبەخشـیی لـەم جیهانـەدا بـژی وەك بڵێـی کەسێکی تاقانە بێ یان هەر بۆ خۆی دروستکرابێت.

کەواتە بۆ مرۆڤیش وەها سوودبەخشە کە خۆی لەسەر بەرپرسـیارێتی ڕابهێنێـت و لە پێناوی ئەوانی تردا خۆی بەخت بکات و قوربانی بدات و بۆ ئێمەش وا باشـترە

که فێر ببین چۆن لەسەر دەستی خۆشەویستەکانمان و لەناوماڵەکانمان خۆمان کۆنترۆڵ بکەین، نەك لەسەر دەستی کەسانی نامۆ پێمان.

٦- ژنی خاوەن پیشە و ژنی خاوەنکاری موسڵمان:

چاولێکەریی زۆر ژنی موسڵمان لە ژنی خۆرئاوایی، کاتێك تێدەکۆشن بۆ پیشەیەك کە سەربەخۆیی ئابووری و ئازادیی تاکەکەسی تیا بەدەست بهێنن، گەیشتۆتە ئاستێك کە پێویستی دەکات هەڵوێستی ئیسلام لەمەڕ ئەم پرسە ڕوونبکەینەوە.

بێگومان ئەرکی سەرەکیی زۆرینەی زۆری ژنانی موسڵمان ئەوەیە، کە یەکلا ببنەوە بۆ پیشەی هەمیشەیی خۆیان کە ئەوەیش ژنی ماڵ و دایکبوونە، کە ئەمەش دەخوازێت بیر بهێنینەوە کە ئەم پیشەیە پێویستی بە شیاندنێکی تایبەتی هەیە کە هاوتەریبە یان بڵێین زیاترە لەو شیاندنەی کە پێویستە بۆ هەر پیشەیەکی تر لە دەرەوەی ماڵ. ئەم پیشە شکۆمەندەی ژن، جاروبار بەوە دەشێوێنرێت کە تەنها وەك چێشتلێنان و بەجێهێنانی کاروباری ناوماڵ وێنا دەکرێت، لە حاڵێکدا ئەم ئەرکە پەیوەندیی هەیە بە چاودێریی مرۆڤە گەورە و بچووکەکانەوە و بۆخۆی قورسترین پیشەی سەر زەوییە. لێرەوە پیشەیەکە پێویستی بە بەرزترین پلەی پێگەیشتن و دانایی و زیرەکیی و چێژی هونەری و داهێنان و بیرتیژیی و ئەزموون هەیە، کە لە توانای مرۆڤێکدا هەبێت، هەلی ڕاهاتن لەسەر هەموو ئەمانەش بەستراوە بە دەرفەتی کات و توانای ئافرەتەکەوە بۆ فێربوونی زانستەکانی ماڵداریی و پەروەردە و ئەدەبیات و هونەر و مێژوو و دەروونناسی و ڕۆشنبیریی.

وێڕای ئەوەی ماڵداریی و دووگیانی و شیردان پیشەی گشتیی ژنن، بەڵام ئەمانە هەموو توانا و وزەیەکی ئەو بە درێژایی ژیانی سەرف ناکەن، جگە لەوەی ئەندامێتی ژن لە خێزانە بەربڵاوەکەیدا، لەو کاتەوە تیا لەدایکبووە، لەو خێزانەش کە پاس هاوسەرگیریی بۆتە ئەندام تیایدا، کۆمەڵێك یاریدەدەر بۆ ئەرکەکەی فەراهەم دەکات

و کـاتی دەسـتبەتاڵییەکی زیاتریشـی دەداتـێ، گرنگییـدانی ژن بـە منـاڵبوون و پەروەردەی منداڵ هەر دوو دەهە یان لانی زۆر سی ساڵی لێدەگرێت و دوای ئـەوەی لە مناڵبوون ڕادەوەستێت و ڕەنگە دوای ئەوەش سی ساڵی تریش بژی، ئایا ڕەوایە ئەم کاتە بەنرخە لە ژاوەژاوی خێزانیدا بەفیڕۆ بدرێت، لەکاتێکدا کە دەکرێ ئەم وزە و بەهرەیە بۆ خزمەتی ئوممەت ئاڕاستە بکرێ؟ بە هـەمان شـێوە ژنـی وا هەیـە کـە خوا بۆی تەقدیر کردوون، کە هاوسەرگیری نەکەن یان مناڵیان نەبێ یان لە سـایەی خێزانێکـی بـەربلاودا نـەژین، دە ژیـانی ئەمانـە چـۆن ڕێـك بخرێـت و سـوودیان لـێ ببینرێت لە ڕوانگەی ئیسلامەوە؟

وەڵامەکەی ئەمەیە کە ئەرکی سەرشانی هەر مرۆڤێکە ژن و پیاو بـەبێ جیـاوازی کـە فـەرزی پەرسـتنی خـودای پـەروەردگار جیبـەجێ بکـات و سـوودی هـەبێت بـۆ ئوممەتەکەی بەپێی ئەوپەڕی بەهرەو تواناکانی، ئـەم کـارەش هەنووکـە لـە هـەموو کاتێك پێویستترە، بە ڕەچاوکردنی ئەو لاوازیـی و خەواڵوویـیـەی ئوممـەت گرفتـاری بـووە، چـونکە ئـەم ئوممەتـە پێویسـتی بـە کۆششـی هـەموو ڕۆڵەیـەکی هەیـە و هەلومەرجی ئێستاشمان وا دەخوازێت کە هـەر ئافرەتێك پیشـەیەکی هـەبێت لانـی کەم لە بەشێکی ژیانیدا . کە دەکرێت کاتی خوێندنی بێت، یـان کـاتی دایکایـەتی، ئەگـەر لـە سـایەی خێزانێکـی گـەورە و بـەربلاودا ژیـا، یـان دوای منـاڵبوون و دوای پەروەردەکردنی مناڵەکانی.

کەواتە ئەرکی یەکەمینی جـێ بایـەخی ئـافرەتی موسـڵمان ئەوەیـە کـە ڕاهێنـان بکات بۆ ئەوەی موسڵمانێکی خاوەن کار بێـت، لـە پێنـاوی بێدارکردنـەوەی عـەقڵی خۆی و پاراوکردنی بە حیکمەتی ئیسـلام و بەدەسـتهێنانی بـەرزەفتی و مەشـقێکی خودی لە کاری ئیسلامی و شیاندنێکی دەروونی بۆ ئەو کارەی کـە برازـی ئیسـلامی پێی دەسپێرێت.

لـەم ڕووەوە ئـافرەت داوای لێـدەكرێت كـە ئـەو هونەرانـە فێربـبێـت كـە چـۆن هیممەتبەرزی لەناو موسڵمانانـدا بڵاو بكاتەوە و چۆن فێریان بكات و چۆن ئامادەیان بكات بۆ خزمەتی دینی خودا.

هەروەها دەبێ تێبكۆشێت بۆ پەرەپێدانی تواناكانی كاری هەرەوەزی لە گوند و شاردا، بۆ ئـەوەی لـە ڕێگـەی كارەكەیـەوە بتوانێـت ڕێنمـایی مرۆڤـەكان بكـات بـۆ ئەركەكانیان و بـە فێركـردن و سەرمەشـقی جـوان یارمـەتییان بـدات، هـەروەها بـۆ ئەوەی وەك موسڵمانێك ئەو ئەركانەی لەسەر شانی ئەون بەرامبەر خودا و ئوممـەت جێبەجێیان بكـات. ڕاسـتییەكەی ئەوەیـە كـە هـەموو بوارەكـانی چـالاكی مـرۆڤ بـۆ ئـافرەتی موسـڵمان كراوەیـە و خۆیشـی پێویسـتیەتی، بگـرە هەنـدێك پیشـە هەیـە دەكرێ بە تـەواوی قۆرخ بكرێت بۆ ئافرەتان. كۆمەڵگای موسڵمان زۆرترین پێویستی هەیە بۆ ژنی موسڵمانی خاوەن كار، بە ئاستێك زۆر بەرزتر لەوەی كە هەر هەوڵێكی ئامادەكاری هاوچەرخ وێنای دەكات.

# بەشی دەیەم

# تەوحید: بنەمای سیستمی سیاسی

تەوحید جەخت دەکاتەوە لە یەکبوونی ئوممەت: ﴿إِنَّ هَذِهِ أُمَّتُكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَأَنَا رَبُّكُمْ فَاعْبُدُونِ﴾ (الانبیاء: ٩٢).

هەروەها جەختدەکاتەوە لەوەی کە هەموو موسڵمانان لە ئیسلامدا کۆدەکاتەوە، بریتییە لە برایەتی و یەکتر خۆشەویستن لەبەر خودا و ڕاوێژ و یەکتر ڕاسپاردن بۆ دادگەریی و سیفەتی ئارامگرتن: ﴿إِنَّ الْإِنْسَانَ لَفِي خُسْرٍ (٢) إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ (٣)﴾ (العصر: ٢ – ٣). ﴿ثُمَّ كَانَ مِنَ الَّذِينَ آمَنُوا وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ وَتَوَاصَوْا بِالْمَرْحَمَةِ﴾ (البلد: ١٧).

موسڵمانان دەستیان بە دینی خوداوە گرتووە و بۆخۆشیان وەك یەك جەستەن، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا وَاذْكُرُوا نِعْمَتَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنْتُمْ أَعْدَاءً فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ فَأَصْبَحْتُمْ بِنِعْمَتِهِ إِخْوَانًا وَكُنْتُمْ عَلَى شَفَا حُفْرَةٍ مِنَ النَّارِ ...﴾ (آل عمران: ١٠٣).

سەرەنجام هەموویان فەرمانبەری خودا و پیغەمبەری خودان: ﴿يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْأَنْفَالِ قُلِ الْأَنْفَالُ لِلَّهِ وَالرَّسُولِ فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَصْلِحُوا ذَاتَ بَيْنِكُمْ وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ﴾ (الانفال: ١). هەروەها: ﴿قُلْ أَطِيعُوا اللَّهَ وَالرَّسُولَ فَإِنْ تَوَلَّوْا فَإِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْكَافِرِينَ﴾ (آل عمران: ٣٢).

**ئەمەیە کرۆکی پەیوەندیی بەهێزی نێوان تەوحید و کۆمەڵگە.**

ڕوانگەی ئوممەتی ئیسلام و هەروەها هەست و ویست و کردەشی یەکە و یەکپارچەیە، ئەندامانی ئەم ئوممەتە لەسەر کۆدەنگییەکی هزری و بڕیاردان و هەڵوێست بە یەك گەیشتوون و بوونەتە یەکدەست، هەر ئوممەت بۆ خۆی ڕشتەیەکی پێکەوەبەستراوی مرۆڤن، کە کۆدەنگییەکی سێ لایەنە گرێیان دەدات: عەقڵ و دڵ و دەست، ئەم برایەتییە گشتی و جیهانیشە و بڕوای بە جیاکاریی لەسەر بنەماگەلی ڕەنگ و شوناسی ڕەگەزی نییە، لەم ڕوانگەیەدا مرۆڤەکان

یەکسانن و تەنها پێوەر بۆ باشتربوون تەقوا و پارێزکارییە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ﴾ (الحجرات: ١٣).

ئەرکی سەرشانی هەر ئەندامێکە کە لەو زانست و هێز و خۆراکەی بەدەستی هێناوە و ئەو هۆکارانەی ئاسوودەیی دەبەخشن، کەسانی تر بەشداریی پێبکات، ئەو کەسەش کە دەسەڵاتی بەدەستە و سەرکەوتووە و بەرەوپێشچووە پێویستە هاوکاریی خەڵکی دیکەش بکات بۆ ئەوەی ئەوانیش وەك ئەو بەدەستی بهێنن، خوای گەورە لەمبارەوە دەفەرموێت: ﴿وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ أَنْ صَدُّوكُمْ عَنِ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ﴾ (المائدة: ٢).

لە ژێر ڕۆشنایی ئەمەدا، سیستمی سیاسیی ئیسلام دەبێتە سیستمی کۆمەڵێك مرۆڤ، کە ئەوەیان هەڵبژاردووە و ژیانی خۆیان بە پێی بەهاکانی ئوممەت و پرانسیپەکانی ببەن بەڕێوە و هەوڵیش بدەن حوکمی مرۆڤەکانی تریش بکەن بە هەمان پێوەر، ئەوان ڕەنگە سەر بە هەرێمی جۆراوجۆر و گرووپی جیاواز بن، بەڵام لەبەرئەوەی سەر بە یەك ئوممەتن، شەریعەت دەبێتە باڵاترین داوەر بۆیان و قسەی کۆتایی دەکات لەسەر جیاوازییەکانیان، ئەم ئوممەتەش لەسەر هیچ یەك لە ڕەگەز، هەرێم، زمان، سەروەریی سیاسیی و سەربازیی و تەنانەت لەسەر مێژوو و ڕابردوو دانەمەزراوە، بەڵکو ئوممەتێکە تەنها و تەنها لەسەر ئیسلام دروستبووە، هەر کەسێکیش ئیسلام بە ئایین هەڵدەبژێرێت و بە حوکمی شەریعەت ڕازیی دەبێت، بە سروشتی حاڵی خۆی دەبێتە ئەندامی ئەم ئوممەتە، هەر ئەمەشە دەرەنجامی پایەی یەکەم لە پایەکانی ئیسلام، واتە شایەتیدان لە سەر ئەوەی خودایەك نییە جگە لە ئەڵڵا و موحەممەد نێردراوی خودایە، کەواتە ئەندامێتییەکە لەمەز یاتر داوای هیچ ناکات، ئەم شایەتوومانە هەموو مرۆڤێك ئامادە دەکات، بۆ ئەوەی

هەموو فەرمانەکانی ناو شـەریعەت جێبـەجێ بکـات و لـە تێکـڕای مـاف و جیاووکـە جێگیرەکانی ناو شەریعەت بەهرەمەند ببێت.

موسڵمان لە هەر کوێیەکی سەرزەویش نیشتەجێ ببێت، هیچ لۆمەیـەکی لەسـەر نابێت، ئەگەر یاساکانی ئەو شوێنە جێبەجێ بکات، بەمەرجێك ئەو یاسایانە لەگـەڵ شەریعەت ناکۆك نەبن و کاریگەرییان لەسەر ژیانی تایبەتی ئەو نەبێت، بەڵام کاتێك لەو یاسایانەدا یاسایەك پێچەوانەی ئیسلام بێت، ئەو کاتـە سەرپشـکدەبێت لـەوەی یان ئەو وڵاتە جێبهێڵێت و بچێتە وڵاتێکی ئیسـلامیی، یـاخود شـان بداتـە بـەر ئـەو دەرەنجامە نەرێنییانەی لەسەر ژیانی تایبەتی ئـەو دروسـت دەبێـت، بـەو هیوایـەی ئامانجگـەلێکی گـرنگتری ئیسـلامیی یـان نائیسـلامیی بـەدیبهێنێت. لـەم حاڵەتـەدا ئوممەت ناچار نییە و پێویست ناکات دەستوەردان بکەن لە پێناوی ئەودا.

ئەوەشمان لەبیر بێت، ئـەرکی سەرشـانی هـەموو موسـڵمانێکە کـە بانگـەواز بـۆ ئیسلام بکات و تێبکۆشێت بۆ بەرپابوونی ئوممـەت لـە وڵاتەکەیـدا، هـەر کـاتێکیش موسڵمانان زیاد بوون و بوونە زۆرینـە لـەو شـوێنەدا، ئـەوا پێویسـتە کـار بکـەن بـۆ ئەوەی شەریعەت ببێتە یاسای ئەو وڵاتە.

## یەکەم: تەوحید و جێنشینایەتی:

ئوممەت وەك ئەوەی نیشانەکانیمان پێشتر خستەڕوو، ئامرازیکە بـۆ سـەرلەنوێ داڕشتنەوەی جیهان، یان بڵێین ڕێکاری ڕیفۆرمی جیهانە کاتێـك دەمانـەوێ ویسـتی خودا جێبەجێ بکەین، ئوممەت بریتییە لە جێنشینایەتی بە فەرمانی خـودا لەسـەر زەویدا، چونکە ئەم سیفەتە کە لە بنەڕەتدا خودا داویەتی بە مرۆڤی تاك، پێویسـتە بڵاوببێتەوە بۆ ئوممەت، لەبەر ئەو هۆیانەی پێشتر پوختمان کردەوە.

ئوممـــەت لـــە ڕووی ســـەروەریی و دام و دەزگـــا و دەســـەڵاتی پێویســـت بـــۆ بەکارهێنان، یەکسانە بە دەوڵەت، بەڵام ڕاسـتترە لـە ڕوانگـەی سیاسـییەوە کاتێـك

ئاماژە بۆ ئوممەت دەکەین، زاراوەی خیلافەت بەکاربهێنین نەك دەوڵەت، چونکە زاراوەی خیلافەت بە نەریتە ئیسلامییەکە و بە تەوحید نزیکترە بەپێی جێکەوتنی چەند ڕێنماییەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی قورئان.[1]

بەڵام دەوڵەت چەمکێکی نوێیە، کە لە ڕووی ناوەڕۆك و لێکەوتەکانییەوە ڕیشەیەکی جیاوازی هەیە لە چەمکی قورئانییانەی خیلافەت، کە بۆخۆی بایسی بوونی خودی ئوممەتە، کاتێکیش چەمکی دەوڵەت وەك هاوواتای خیلافەت بەکاردەهێنین، پێویستە ئاگاداریی ئەو جیاوازییە ڕیشەییە ببین کە لەنێوان چەمکی ئوممەت و چەمکی دەوڵەت بە ناوەڕۆکە خۆرئاواییەکەی هەیەتی، لەو کاروبارانەدا کە پەیوەندییان هەیە بە بەکارهێنانی سەروەرییەوە لەلایەن ئوممەتەوە، دیارە ئوممەت و دەوڵەت هاوچەمکن، کە ئەمەش یەکێکە لە پایەکانی جێنشینایەتی ئوممەت، بۆیە پێشنیاز دەکەین لە دەروازەی شیکاریی ناوەڕۆکی تەوحیدەوە، بەپێی تیۆریی سیاسی، بڕۆینە ناو شیکاریی چەمکی خیلافەتەوە، لەم ڕووەوە خیلافەت کۆدەنگییەکی سێ لایەنەیە: ڕوانگە، ویست و کار، ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوە:

**١ـ کۆدەنگیی ڕوانگە:**

کۆدەنگیی ڕوانگە بریتییە لە کۆدەنگیی عەقڵ، یان ئاگایی، لە سێ توخم پێکهاتووە:

**أ- <u>ناسینی بەها پێکهێنەرەکانی ویستی خودا</u>:** ئاشکرایە کە ئەم ناسینە سیستماتیك و مێژووییە و ناوەڕۆکەکەشی سروشتێکی بێ کۆتایی هەیە، لێرەوە ناتوانرێت بە تەواوی بفامرێت، بەڵکو ئەوەی دەشێت و دەبێت بە تەواویی لێی

---

[1] لەو ئایەتانەدا کە ئاماژە بە چەمکەکانی خیلافەت و خولەفا و خلیفە و یستخلفکم و هاوچەشنەکانی کراوە ئاماژەی پێکراوە. بڕوانە مادەی (خلف) لە کتێبی: المعجم المفهرس لألفاظ القرآن الكريم، محمد فؤاد عبد الباقي، القاهرة، دار الكتب المصرية، ١٣٦٤هـ.

بفامرێت بریتییە لە گەوهەر و ناوکەکەی. ئەم ناوکەش بۆخۆی بنیات و ڕێبازێکە بۆ پێکەوەبەستن و دیاریکردنی پەیژەی ڕیزبەندییەکان و بەڵگەهێنانەوە، بۆیە هەر کە مرۆڤ باش لەم ناوکە بەم مانایە تێگەیشت یەکسەر دەتوانێت ئەو چەمکە گشتییە ناکۆتایە کە سەرەتا دەرکی پێنەدەکرد بدۆزێتەوە و پێناسەشی بکات، ئەم بۆچوونە تایبەت بەسەر ئەو زانستەدا ڕاست دێتەوە کە بە بەها ڕێکخراوە، کە سەرچاوەکانی بریتین لە وەحی (قورئان و سوننەتی دروست)، پاشان عەقڵ، لەلایەکەوە لە ڕێی تێگەیشتنی پرۆسەکانی لۆجیك و زانینەوە، لەلایەکی گشتیشەوە بە تێگەیشتنی واقیع، واتە میتافیزیك و سروشت و مرۆڤناسی و دەروونناسی و زانستی ئاکار و زانستە کۆمەڵایەتییەکان، مەرجیش نییە تێگەیشتنی ئەم ڕوانگەیە چ لە ڕێی وەحیەوە، یان لەڕێی پرۆسەی عەقڵکارییەوە، لەسەر ڕێبازێکی ئەکادیمی، واتە لەسەر ڕێکارێکی ڕێکخراوی ڕەگەزدۆزیی بۆ ناوەڕۆکەکەی دامەزرابێت، چونکە دەستگرتن بە ڕشتەی ئەم ڕوانگەوە، کارێکی بەڵگەنەویستە و دەکرێت هەر بە فیترەت مرۆڤ تیشکێکی دەرککردنی وای دەستبکەوێت کە پێدەشتی هەموو بوارێکی بۆ ڕوون ببێتەوە، ئەمەش بە کێشانی وێنەیەکی پەیوەندیی خۆی و ئیسلام، با ئەم وتارەی خوای گەورەمان بێتەوە یاد کە دەفەرموێت: ﴿وَلْتَكُنْ مِنْكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾ (آل عمران: ١٠٤).

**ب ـ <u>شارەزایی لە دەرهاویشتەی بەها بنەڕەتییەکانی ویستی خودایی، لەسەر ڕەوتی مێژوو</u>:** زانینی دەرهاویشتەی جێبەجێکردنی بەها ئیسلامییەکان لەسەر زەوی واقیع بەرامبەر بە ڕەوتی مێژوو، بۆخۆی پرسێکی ئەزموونییە بە پلەی یەکەم.[1] لەبەر ئەمەش بوو موسڵمانانی پێشین لە ئەزموونی ژیانی پێغەمبەر و

---

[1] گرنگیدانی ئیسلام بە پیادەکردنی بنەماکانی لەسەر زەوی واقیع، بووەتە هۆی ئەوەی وەك ئاینێکی کردەیی ناوبانگی هەبێت، بەتەواوی جیا بێت لە ئاینە خەیاڵییە ئایدیالەکان.

هەڵوێستە نایابەکانی یارانی ئەو، تویێشوویان وەردەگرت، کە هیچ کۆمەڵگایەکی دیندار بیٚ نیاز نابێت لەم نموونە پراکتیکیانە کە هەڵگری بەهای زیندوون و دینداران دەخەنە بزاڤ بۆ ئەوەی لە ڕامان و سەرنجدان لە بەهای ئاینەکەیانەوە بڕۆنە ئاسۆی بەرزی ناسینی ئەو بەهایانە بە بەرجەستەیی لە واقیعدا. ئەم نموونە و سەرمەشقە بەرجەستانە لە بواری بەهاکاندا، کاریگەرییەکی پەروەردەیی گرنگ و شایانیان هەیە لە دڵ و دەروونی پەیڕەواندا و بەجۆرێك توانای هەژاندنی ویژدان و بیرەوەری ئەوانی هەیە، کە زۆر زیاترە لە توانای هەر پرۆگرامێکی سیستماتیك و تیۆری، کە بە خوێندن حاسڵ دەبێت. پوختەی قسان ئەوەیە کە بۆچوون و ئەزموونکردن وەکو یەك گرنگن بۆ بەدیهێنانی ڕوانگەی پێویست بۆ جێنشینایەتی.

ت ـ **شارەزایی لە ئێستا:** ئەو ڕوانگەیەی لە تێگەیشتنی ڕێکوپێکی بەهاکان و لە ئەزموونی دەرکەوتنە مێژووییەکانی دروست دەبێت، بە ناتەواویی دەمێنێتەوە تا ئەو ساتەوەختەی شارەزایی لە ئێستا و لە چۆنیەتی سەرلەنویٚ بەرجەستەکردنیان لە ئێستادا پەیدا دەبێت، دیسان لەبەر ئەوەی نابێت خیلافەت چاوی هەر لەسەر رابردوو بێت، پێویستە لە ئێستادا بژی و کار لە ئێستا و ئاییندە بکات و ئەو شێوازەش دیارییکات کە بۆ تەرخانکردنی سەرچاوە کردەییەکان فەراهەم دەبێت بۆ ئەو بەهایانەی کە دەمانەوێت جێگیر ببن هەروەها لەو شێوازەکانی کاریگەریی هەلومەرجی ئێستا لەسەر ڕیزبەندیی بەهاکان تێبگات لەو کاتەدا کە هەوڵ دەدریٚ بۆ بەرجەستەکردنیان لە واقیعدا، کۆدەنگیی ڕوانگە وەك ئەو پێناسەیەی پێشتر بۆمان کرد سەرچاوەیەکی متمانەپێکراوە لە ئایینناسیدا، پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) فەرموویەتی: "إن الله قد أجار أمتي أن تجتمع على ضلالة".[1] واتە:

---

[1] الضياء المقدسي، أبو عبد الله محمد بن عبد الواحد بن أحمد الحنبلي. الأحاديث المختارة، تحقيق: عبد الملك بن عبد الله بن دهيش، مكة المكرمة، مكتبة النهضة الحديثة، ط١، ١٤١٠هـ، ج٣، ص١٠٦، حديث رقم ٢٥٥٩.

"خوای گەورە ئوممەتی منی پاراستووە لەوەی کە لەسەر گومڕایی پێکبێن". ئەم فەرموودەیە خەرمانەیەکی پیرۆزیی داوەتە ڕوانگەی ئوممەت، وێڕای ئەمە ئیسلام ئەم ڕوانگەیە بە قسەیەکی یەکلاکەرەوەی کۆتایی هەژمار ناکات، بەڵکو قابیلی ئەوەیە بەردەوام ڕووبەڕووی پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندن ببێتەوە.[1] شەرعزانە موسڵمانەکان ئەم کرانەوەی ڕوانگەی ئوممەتەیان بۆ پیاچوونەوە و هەڵسەنگاندن، لە میکانیزمی ئیجتیهاددا دامەزراندووە، کە ئەویش لەسەر ئەم گریمانەیە وەستاوە کە هەر موسڵمانێکی ژیر دەتوانێت، بەڵکو ئەرکی سەرشانیەتی کە ڕشتەی بەهاکان و ڕاستییەکانی واقیعی ئیسلامیی پێکەوە بگونجێنێت، بە هەندەکی بێت یان بە گشتی، ئیجتیهادیش بە سروشت دەبزوێ و داهێنەرە و بەردەوام عەقڵی ڕۆشنگەر کۆنترۆڵی دەکات، پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) بەم فەرموودەیە ستایشی ئیجتیهادی کردووە: "إذا حكم الحاكم فاجتهد فأصاب فله أجران وإذا اجتهد فأخطأ فله أجر".[2] واتە: "ئەگەر دادوەرێك حوکمی کرد و ئیجتیهادی کرد، ئەگەر ڕاستییەکەی پێکا دوو پاداشتی هەیە و ئەگەر نەیشیپێکا یەك پاداشتی هەیە". ئیجتیهاد و ئیجماع دوو جەمسەری پێکهێنەری بزاڤی گەشەسەندنی ئیسلامیین لە جیهانی هزردا، لەوکاتەدا کە ئوممەت شکۆی ئیجماع و کۆدەنگیی ڕادەگرێت و بە ئەوپەڕی تێکۆشان بەمەبەستی تێگەیشتنی دادەنێت لە هەمان کاتدا ئەو کۆدەنگییە بەردەوام قابیلی پیاچونەوەی بە وزەی داهێنەرانەی ئیجتیهاد،

---

[1] ئیسلام هەرگیز وتەی گەل و وتەی خودا بە یەك ئاست دانانێت، بەردەوام دەبێت وتەی گەل بەرەهایی ملکەچی وتەی خودا بێت، هەر کاتێکیش لەگەڵ ئەو بگونجێت دەبێتە بەڵگەیەکی ڕەچاوکراو و ئەگەر ناکۆکیش بێت لەگەڵ وتەی خودا ئەوا پووچ دەبێتەوە.

[2] نەسائی لە ئەبوهورەیرە گێڕاویەتەوە، بڕوانە: النسائي، ابو عبدالرحمن احمد بن شعيب. سنن النسائي الكبرى، تحقيق: عبد الغفار سليمان البنداري وسيد كسروي حسن، بيروت: دار الكتب العلمية، ط١، ١٤١١/١٩٩١م، ج٣، ص٤٦١، حديث رقم ٥٩٢٠.

لەوکاتەشدا کە ئوممەت ڕێز لە ئیجتیهاد دەنێ وەکو ئامانجێکی بەرزی داواکراو لە تێگەیشتن، دیسان ئەو ئیجتیهادە قابیلی پاڵفتەکردن و ڕەخنەگرتنە و دەبێ هەموو برا موسڵمانەکان ئەنجامەکەی بە دروست بزانن و تەنها کاتێك پەسەند دەکرێت کە کۆدەنگیی ئوممەتی لەسەر بێت.

**٢ـ کۆدەنگیی ویست کە بریتییە لە کۆدەنگیی توانست:** کە دوو پێکهێنەری سەرەکیی هەیە:

*** دەمارگیریی و هەستی هاوبەش:** لەسەر ئەم بنەمایە، موسڵمانان بەڵێن بە یەکتری دەدەن کە یەك وەڵامیان هەبێت بۆ ڕووداوەکان و ئەو هەڵوێستانەی دێنە ڕوویان و لە گوێڕایەڵیی خودادا یەکدەست بن.

*** سیستەم:** واتە بەرپاکردنی سیستەمێکی دامەزراوەیی کە بتوانێت بڕیارەکانیان بسازێنێت و بگات بە هەموو موسڵمانان و ئامادەیان بکات بۆ فەراهەمکردنی پێویستییەکانی بانگەوازی ئیسلامیی، هەروەها باری بەهاکانیش چۆن پێویستە وەها پەرچڤە بکات بۆ نەخشەی کاری تاك و گرووپ و سەرکردەکانیان.

هەڵبەت دەمارگیری و پێکڤەبوونی کۆمەڵایەتی، یەکسان نیە بە کۆدەنگیی ویست و ناشبێتە دەرەنجامێك بۆی، هەر چەند دەشێ و پێویستە بەبۆنەی ئەوەوە بەهێز و قووڵ بکرێتەوە. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەم دەمارگیرییە بەبێ ئیجماع و کۆدەنگیی شتێکە وەك مەحاڵ، پێکڤەبوونی کۆمەڵایەتی بارمتەیە بە بوونی هێڵێکی هاوبەش، بەڵام دەمارگیریی جگە لە کۆدەنگیی ڕوانگە و بینین پێکهێنەرگەلێکی دیکەشی هەیە، چونکە دەمارگیریی کاتێك خۆی دەنوێنێت کە بڕیاری دابێت لەگەڵ برافەکە یەك ماهیەتی هەبێت، لێرەوە مرۆڤ تەواوی چارەنووسی خۆی دەبەستێت بە کەشتیی ئوممەتەوە، پاشان وەڵامی ئەرێنی بانگەواز و هەموو پێویستییەکانی دەداتەوە بە گوفتار و بە کردار.

خودی ئەم بڕیارەش لەسەر زنجیرەیەکی دوور و درێژ لە گۆڕانکاریی دەروون دادەمەزرێت، کە مرۆڤ لەڕێی ئەوانەوە شوناسی خۆی بە ئوممەتەکەی دیاریدەکات و لە کۆتاییدا بە ئاگاییەوە هەوڵی جێبەجێکردنی ئەم ویستە دەدات، کاتێك شوناسی خۆی دەبەستێتەوە بە خیلافەتەوە، کە خیلافەت نووکە ڕم و شەمەندەفەری بزاڤی ئوممەتە لە مێژووسازیدا.

دەشێت ئەم گۆڕانکارییە دەروونییە، کاتێك ئامادەسازیی بۆ کرا ببێتە جێی بایەخی پاڵفتە و تەژیکردن، بە پەروەردە و فێرکردن و گەشەپێدان، وەك چۆن دەشێت ئەم ئامادەییە بە شێوەیەکی خۆڕسك هەر لە لەدایکبونەوە پەیدا ببێت و پاشان لە چەند بازنەیەکی خێڵەکی داخراودا چاودێری بکرێت، پاشان لەگەڵ گەورەبوونیدا سەرهەڵدانی دەمارگیرانە و کوێرکوێرانە بەرهەم بهێنێت بۆ ئەوەی مرۆڤ شوناسی خۆی بەپێی خێڵ و ڕەگەز دیاری بکات، ئەمە ئەو مانایەیە کە ئیبن خەلدوون بە بنەمای پێکڤەبوونی کۆمەڵایەتی داناوە.[1]

لەبەر ئەوەی ئیسلام ئەم جۆرە پێکهێنەرە ماددییانەی بەجێهێشتووە و لەجێی ئەواندا پەیوەندییەکی داناوە کە لەسەر پایەی بڕوای تەوحید دامەزراوە، دەمارگیریی بۆ ئیسلام بووەتە بەرهەمی پرۆسەیەکی نوێ، کە بریتییە لە سەرلەنوێ داڕشتنەوەیەکی چالاك و بەردەوامی گیان، تا ئەو فۆڕمە وەربگرێت کە خوای گەورە ویستوویەتی. دەبێ ئەم دەمارگیرییەش زادەی ویستێکی وابێت کە بەردەوام لە پرۆسەی وەرگرتن و گەشە و کامڵبووندا بێت، دەمارگیریی ئیسلامیی جیاوازە لەو دەمارگیرییانەی ناویستراون و تەنها بە خۆڕسك دروستدەبن، دیسان جیاوازە لەو دەمارگیرییەی زادەی هەستی نەتەوەییە، هاوشێوەی بزاڤی نەتەوەیی ڕۆمانسییانەی ئەورووپا، ئەم هەستە واباوە کە هەستێکی نائاگایانە بێت و ئەنقەست

[1] ابن خلدون، عبد الرحمن.المقدمة، القاهرة : مطبعة مصطفى محمد، (د.ت)، ص١٢٧ و دواتر.

نــەبێت، بــەڵکو هــەڵێنجراو و شــاراوەیە و پاســاوی بــۆ ناهێننــەوە و هاوشــێوەی دەمارگیری خێڵەکییە.

لەبەرامبەردا، دەمارگیریی ئیسلامیی خەسڵەتی ئەنقەستبوونی هەیـە و بـەڕوونی دەتــوانین وەك كــارێكی ئەخلاقییانــە و بەرپرســانە ڕاڤــەی بكــەین، چــونكە وەك پەیمانێك وایە كە مرۆڤ دەیدا بەخۆی، كە لە ژێـر ڕۆشـنایی درەوشـاوەی تەوحیـد و ڕووناكی تـەواوی ماناكانیـدا بچێتە ڕیـزی كاروبـاری ئوممەتـەوە، جـوانترین وێنـە و فۆڕمیشی لە (لبیك)ی حاجیانی مەككـە و كـاتی تـەواف ئـەوان لـە دەوری كەعبـەدا دەردەكەوێت، یان كاتێك بەرەو عەرەفات دەڕۆن و یەكدەنگ دەڵـێن: "لبیـك اللـهم لبیك، لبیك لا شریك لـك لبیـك، ان الحمـد والنعمـة لـك والملـك، لا شـریك لـك". ئـەم دەمارگیرییــە تــەواو پێچــەوانەی ئــەو دەمــارگیریی و هەڵبژاردنەیــە كــە تەوەرەكــەی بریتییە لە خاك، یان ڕەگەز، یان كەلتوور، وەك ئەوەی ناسیۆنالیزمەكانی ئەوروپای لەسەر بوون بە درێژایی چەند سەدە.(١)

لەبــەر ئــەوەی دەمــارگیریی ئیســلامیی پێكهێنــەرێكی ســەرەكیی ئوممــەتێكی جیهانییە، كـە بەشـێكی بـەرفراوانی سـەرزەویی گرتۆتـەوە، كەواتـە ناكرێـت تـەنها ببەسترێتەوە بە واقیعی موسڵمان لەساتەوەختی كەسیی ئێستایدا و بەس، لەلایەكی تریشەوە ناكرێت ببێتە تـەكانێكی بـێ كـۆنترۆڵ كـە موسـڵمان هەرچـۆن و هـەركات ویســتی و هەلومــەرجی بــۆ لــووا، وەڵامــی هەڵوێســت و ڕووداوەكــانی پێبداتــەوە، دەمارگیرییەك لەم چەشنە بێت دەبێتە پشێوییەك بە ڕەهەندێكی جیهانیی.

بۆ ئەوەی ئەم دەمارگیرییە جیهانی و بەرپرسانە بێت، پێویستە وەها ڕێكبخرێت كـە لەگـەڵ دەمـارگیریی موسـڵمانانی تـردا بگونجێـت، لـە ڕووی كـات و ئامـانج و ئاڕاستەوە و لە كـارێكی هـەرەوەزیی لەگـەڵ ئـەوانی دیكـەدا پیـادە بكرێـت. ئەمـە

---

1 Al Faruqi , Chtistian Ethics , chap.I,VIL, see also
-Al Faruqi , Urubah and Religion,P206 ff.

یەکێکە لە دەرکەوتەکانی "سیستەم"، کە دەبێتە هۆی فەراهەمکردنی دەزگای ئیجماعی ئیسلامی، بۆ تێگەیشتن لە بنەما و ناوەڕۆکی تەوحید. پێشینانمان لە هەوڵەکانیان بۆ ڕەچاوکردنی سیستەم، باش تێگەیشتبوون، کە پێویستە هەر موسڵمانێك، یان مامۆستا بێ، یان خوێندکار و شارەزاییەکی باشی لە زۆرینەی قورئان و ژیاننامەی پێغەمبەر و یارانی هەبێ و بەردەوام بێ لە کۆبوونەوە لە گەڕەکەکەیدا، لەگەڵ هاوگەڕەك و خەڵکەکەی هاوکار بێ و لەپێناوی خودا کاریان لەگەڵ بکات و پارێزگاری لە نوێژی جەماعەت بکات لە مزگەوتی گەڕەك.

لە نوێژی بەکۆمەڵدا ڕێکبوونی ڕیز و شان بەشانبوون و پێ بەپێ بوون هەر هەموویان هێمان بۆ ڕێخۆشکردن هەتا موسڵمانان پەیوەندییەکی زیندوویان هەبێ و پێکەوە ببنە یەك ماهیەت، واتە هەرەوەزیی کۆی ئەندامانی ئوممەت بە مانای ڕاستەقینە و کاریگەریی قووڵ دانان لەسەر مرۆڤی خواپەرست لەوکاتەدا کە لە میحرابدا وەستاوە و ملکەچە بۆ ئەو ڕاستییەی کە تەنها خودا پەروەردگار و گەورە و ڕاگری ئەوە، ئامانجی هەموو ئەمانەش دانانی بناغەیە بۆ ڕێکخستنی دامەزراوەیی خیلافەت. جاران مزگەوتی جامیعە، ڕووگەی چالاکیی ئیسلامی و سەنتەری میکانیزمی فریاکەوتن بوو، ئێستاش دەبێ وابێت، لە مزگەوتدا موسڵمان بارەها پەیوەندیی زیندووی بە براکانیەوە لە ژێر چەتری تەوحید بۆ حاسڵ دەبێ و ڕۆژانە ژەمە خۆراکی ڕۆحی و ئاکاری و سیاسی وەردەگرێت. بەپێی ئەزموونی کردەیی ئیسلامی، دەشێ ئەم خۆراکە وابکات لە هەر موسڵمانێك کە هەست دەکات زانست و داناییەکی باشتری هەیە، ئەو زانست و داناییە بگەیەنێت بە براکانی، تەنانەت بە جێنشین و (دەسەڵاتداریش). خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُمْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ﴾ (النحل: ١٢٥). لە فەرموودی پیرۆزی پێغەمبەریشدا پلەی جیهادی ڕێگەی خودا دراوە بە ئامۆژگاریی، وەك لەم فەرموودانەدا هاتووە: "والذي نفسي بيده لتأمرن بالمعروف و لتنهون عن المنكر و

لتأخذن على يد المسيء و لتأطرنه على الحق أطرا أو لتقصرنه على الحق قصرا أو ليضربن الله بقلوب بعضكم على بعض". واتە: سوێند بەو خودایەی گیانی من بەدەستە، دەبێ فەرمان بە چاکە بدەن و ڕێگریی لە خراپە بکەن و دەستی خراپەکار ببەستن، یا بەتەواوی بیهێننەوە بەلای ڕاستیدا یان بیوەستێنن، ئەگەر وانەکەن خودا دلتان دەدات بە دڵی یەکتردا.

"لتأمرن بالمعروف ولتنهون عن المنكر أو ليوشكن الله أن يبعث عليكم عذابا من عنده ثم لتدعنه فلا يستجاب لكم".

دەبێ فەرمان بە چاکە بکەن و ڕێگری لە خراپە بکەن، ئەگینا زۆر نزیکە خودا سزایەکتان بدات لەلای خۆیەوە، ئەوسا لێی دەپاڕێنەوە و وەڵامتان ناداتەوە.

"أفضل الجهاد كلمة حق عند سلطان جائر".[1] واتە: "باشترین جیهاد وتنی قسەی حەقە لەبەردەم دەسەڵاتدارێکی ستەمگەردا". ئەم پەیوەندیی و پێکەوەبوونە لە نوێژی هەینیدا دەگاتە لوتکە کە وتاری ئیمامەکە دەبێتە پایە بۆی، ئەم وتارە سەبارەت بە هەلومەرجی هەنووکەیی و ئەو کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسییانەیە کە ڕووبەڕووی کۆمەڵی موسڵمان دەبنەوە، مەبەستیش لەوەی کە ئایەت و فەرموودە دەبێ وەك ڕووکن لە دووتوێی وتارەکەدا هەبن ئەوەیە، کە لە پرسەکانی واقیعدا بگەڕێینەوە بۆ حیکمەتی ئیسلام و بیانبەستینەوە بەو حیکمەتەوە. نەریتی تایبەت وابووە کە دەسەڵاتدار یان فەرمانڕەوا بۆخۆی

[1] ڕەخنەگرتنی ڕەوا لە دەسەڵاتدار دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو کەسەی لە پێناوی قسەی حەقدا بمرێت پلەی شەهیدی هەبێت و ئەو کەسەش کە هەوڵنادات بۆ ڕێگاگرتن لە ستەمکار، تاوانبار و شایانی سزابێت لای خودا، سەبارەت بە سێ فەرموودەکەش بە ڕیز سەیری ئەم سەرچاوانە بکە:

* السجستاني، سنن ابي داود، سەرچاوەی پێشوو، ج٢، ص٥٢٤، ٥٢٥، حديث رقم ٤٣٣٦ و ٤٣٣٧.

* الترمذي، ابو عيسى محمد بن عيسى السلمي، الجامع الصحيح "سنن الترمذي"، تحقيق: أحمد محمد شاكر وآخرون، بيروت: دار احياء التراث العربي، (د.ت) ج٤، ص ٤٦٨، حديث رقم ٢١٦٩.

* البيهقي، شعب الايمان، سەرچاوەی پێشوو، ج٦، ص٩٣، حديث ٧٥٨١.

پێشنوێژیی هەینی بکات، ئامانجەکەشی ئەوە بووە سەبارەت بەو گفتوگۆیانەی لەو هەفتەیەدا ئاڵوگۆڕ دەکرێ، کۆدەنگییەك دروست ببێ و بخرێتە بواری جێبەجێکردن و ئەو خاڵانەش کە بە هەڵپەسێراوی ماونەتەوە وردبوونەوەیان لەسەر بکرێت، لە هەمان کاتدا سەرکردایەتی بدرێتە دەستی ئەو کەسەی کە خەڵکی ئەو شوێنە لەسەری کۆك دەبن، جگە لە پێشنیازی چارەسەر بۆ پرسە ڕوونراوەکان و ئەزموونکردنی ئەو چارەسەرانە.

لە ڕوانگەی ئیسلامییەوە، هەموو ئەم کارانە دەچنە ڕیزی پەرستنەوە، چونکە ئامانجی هاتنە خوارەوەی قورئان تەنها و تەنها بریتییە لە گۆڕینی زەوی و مرۆڤ، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَهُ مُعَقِّبَاتٌ مِنْ بَيْنِ يَدَيْهِ وَمِنْ خَلْفِهِ يَحْفَظُونَهُ مِنْ أَمْرِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُوا مَا بِأَنْفُسِهِمْ وَإِذَا أَرَادَ اللَّهُ بِقَوْمٍ سُوءًا فَلَا مَرَدَّ لَهُ وَمَا لَهُمْ مِنْ دُونِهِ مِنْ وَالٍ﴾ (الرعد: ١١). هەروەها دەفەرموێت: ﴿الَّذِينَ إِنْ مَكَّنَّاهُمْ فِي الْأَرْضِ أَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ وَأَمَرُوا بِالْمَعْرُوفِ وَنَهَوْا عَنِ الْمُنْكَرِ وَلِلَّهِ عَاقِبَةُ الْأُمُورِ﴾ (الحج: ٤١).

گەوهەری پەرستن ئەوەیە کە خزمەتێکی هەستپێکراوت هەبێ لە موڵکی خوادا کە زەوییە، وەك باخەوانێك کە بەکرێ کار دەکات، ئەوە نیە ڕاهیبێك بیت و لە چۆڵەوانییەکدا لەسەر ستوونێك کاری پاڵەوانان بکەی، یان وەك ڕێبەرێکی گۆڕۆی ئۆپانیشادی وابیت، یان ئارەزوو بمرێنیت و مافی جەستەت نەدەیت و پشت لە ژیانی دنیا بکەی، جیهان و مێژوو بەسووك بزانیت، وەك هەر زاهیدێکی ترادیسیۆنی ئاینەکان.

### ٣ـ کۆدەنگیی کار:

کۆدەنگیی کار ئەوپەڕی دەرکەوتنی ئەو توانستانەیە کە باسمان کردن لە ڕووداوێکی کردەییدا، تەوەری ئەم کۆدەنگییەش بریتییە لە پراکتیزەکردنی ئەو ڕێکارەی کە کۆدەنگیی ڕوانگە و ویستی لەسەر دروستبووە لە بواری

جێبەجێکردندا، کە ئەمە بۆخۆی پرۆسەیەکی بێ کۆتاییە هاوشێوەی ئەو بزاڤە هەتاهەتاییەی لە کارلێکی نێوان ئیجماع و ئیجتیهاددا دروست دەبێت، ئامانجەکەشی ئەوەیە کە مرۆڤی چاکەکار بکاتە شیاوی چوونە بەهەشت.

واتە ئەرکی سەرشانی مرۆڤ ئەوەیە کە ویستی خودا بکات بە واقیعێکی کردەیی ژیان لەسەر زەوییدا بە ڕەگەزەکانی کات و شوێنەوە، ئەم ئەرکەش تا هاتنی ڕەستاخێز کۆتایی نایەت، ناوەڕۆکی ئەم ئەرکە تێرکردنی نیازمەندییە مادییەکانی ئوممەتە، وێڕای فەراهەمکردنی ئەندازەیەکی شیاو لە خوێندن بۆ هەموو تاکێك بەپێی تواناکانی، تاوەکو کەسایەتییەك بۆخۆی بەدیبهێنێت، لە هەمان کاتدا ئامادەکردنی هەموو ئەو ئامرازە ماددی و مەعنەوییانە کە پێویستن بۆ داکۆکیی لە ئوممەت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنانی بێگانە و بەرجەستەکردنی ئیرادەی خودا لە هەموو جێیەکی ئاوەدانی ئەم جیهانەدا.

تێرکردنی پێویستییەکانی ماددی ئوممەت پەیوەستە بە کرۆکی ویستی خوداوە، پاشان بە کرۆکی ئاینیشەوە. لەبەر ئەوەی خودا مرۆڤی بۆ خواپەرستی خوڵقاندووە بە بەڵگەی ئایەتی: ﴿وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنْسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ﴾ (الذاريات: ٥٦). جێبەجێکردنی ئەم ئەرکەش بەوەیە کە مرۆڤ جێنشین و ڕاسپێردراو بێ و بە شێوەی کرێکار لە موڵکی خودا کار بکات، وەك خودا دەفەرموێت: ﴿وَإِلَى ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَالِحًا قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُمْ مِنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ هُوَ أَنْشَأَكُمْ مِنَ الْأَرْضِ وَاسْتَعْمَرَكُمْ فِيهَا فَاسْتَغْفِرُوهُ ثُمَّ تُوبُوا إِلَيْهِ إِنَّ رَبِّي قَرِيبٌ مُجِيبٌ﴾ (هود: ٦١). لێی دەفامرێت کە خودا داوای لە مرۆڤکردووە لە پێناوی ڕەزامەندیی خودا زەوی بکێڵێت و لە توخمەکانی سروشت و سەرچاوەکانی بەهرەمەند ببێ و شارستانێتی گەشە پێبدات، لێرەدا بەڵێنی خودا دێت: ﴿وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِي الْأَرْضِ كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ

الَّذِي ارْتَضَى لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُمْ مِنْ بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْنًا يَعْبُدُونَنِي لَا يُشْرِكُونَ بِي شَيْئًا وَمَنْ كَفَرَ بَعْدَ ذَلِكَ فَأُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ﴾ (النور: ٥٥).

له تەنیشت جەختكردنەوەی ئەم ڕوانگەیە، قورئانی پیرۆز هەژاریی بە بەڵێنی شەیتان ناوزەد دەكات: ﴿الشَّيْطَانُ يَعِدُكُمُ الْفَقْرَ وَيَأْمُرُكُمْ بِالْفَحْشَاءِ وَاللَّهُ يَعِدُكُمْ مَغْفِرَةً مِنْهُ وَفَضْلًا وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ﴾ (البقرة: ٢٦٨).

بگرە قورئان ئاین و تێركردنی برسی و پارێزگاریی لە لاوازی خستۆتە پاڵ یەك: ﴿أَرَأَيْتَ الَّذِي يُكَذِّبُ بِالدِّينِ (١) فَذَلِكَ الَّذِي يَدُعُّ الْيَتِيمَ (٢) وَلَا يَحُضُّ عَلَى طَعَامِ الْمِسْكِينِ (٣) فَوَيْلٌ لِلْمُصَلِّينَ (٤) الَّذِينَ هُمْ عَنْ صَلَاتِهِمْ سَاهُونَ (٥) الَّذِينَ هُمْ يُرَاءُونَ (٦) وَيَمْنَعُونَ الْمَاعُونَ (٧)﴾ (الماعون: ١ – ٧).

كە خودا مرۆڤی كردۆتە جێنشین لەسەر زەویدا، ئەو دەرەنجامەی هەیە كە مرۆڤ بۆی هەیە لە خۆشیی و چێژەكانی سەرزەویی بەهرەمەند ببێت، بەتایبەت ئەگەر ئەركی پەرستنی خودا جێبەجێ بكات، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ اللَّهِ الَّتِي أَخْرَجَ لِعِبَادِهِ وَالطَّيِّبَاتِ مِنَ الرِّزْقِ قُلْ هِيَ لِلَّذِينَ آمَنُوا فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا خَالِصَةً يَوْمَ الْقِيَامَةِ كَذَلِكَ نُفَصِّلُ الْآيَاتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ﴾ (الاعراف: ٣٢).

ئێمە لە ڕوانگەی ئاینیی خەڵكی میزۆپۆتامیاوە دەبینین كە پرۆسەی ئەفراندنی مرۆڤ ئەوی كردۆتە خزمەتگوزارێك لە كێڵگەی خودا، ئەم ڕووداوەش خاڵی دەستپێكردنی كشتوكاڵی ڕێكخراو و بەربەست سازیی و تۆڕەكانی ئاوەڕۆ و ئاودێریی و سایلۆ دروستكردن بۆ كۆكردنەوەی دانەوێڵەو فەرمانڕەوایی گوند و شار و پارێزگا و خەڵك و جیهان بووە، تا دەگەینە ئەوەی بڵێین كە خودی ئەفراندن دەرهێنانی مرۆڤ بووە لە پشێویی و دامەزراندنی سیستەمی گەردوونیی بووە.[1]

عەقڵی سامیی هەرگیز ڕەفتاری ئەو پەرستشكارەی پەسەند نەكردووە كە ژیانی دنیا و مافی جەستە ڕەتدەكاتەوە و هەروەها قەت سێكس و منداڵبوون و خۆراك و

---

[1] Pritchard, Ancient Near Eastern Texts, p.60.

پشوودانی له خودی خۆیاندا به خـراپ نـەزانیوە، بـەڵکو خـراپ بریتییـە لـە خـراپ بەکارهێنانی ئەم دیاردە سروشتییانە، نەك خودی دیاردەکان، بـەڵکو چـاندنی ئـەم تـۆوی دنیانەویسـتی و ڕەتکردنـەوەی ژیـانی دنیایـە، دەخرێتـە پـاڵ کەلـەپووری گنۆسیی، کە بە مـیرات بـۆ مەسـیحیەت ماوەتـەوە و بـڕوای بـە تێپەڕانـدنی مـاددە هەیە. ڕۆژووگرتن جگە لەوەی پایەیـەکی ئیسـلامە، بـەڵام دوو ئامـانجی سـەرەکیی هەیە: خووگرتن بە کۆنترۆڵی خود و یارمەتیدانی بێنەوایان.

خوای پەروەردگار لە هەمان ئایەتدا کە ڕۆژووی تێدا فەرز کردووە، جەختی لەوە کردۆتەوە کـە دەبـێ بـە خۆرئـاوابوون ڕۆژووەکـە کۆتـایی پێبێـت و بگەڕێنـەوە بـۆ خواردن و خواردنەوە و باقی خۆشییەکانی تری ژیـان، خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿أُحِلَّ لَكُمْ لَيْلَةَ الصِّيَامِ الرَّفَثُ إِلَى نِسَائِكُمْ هُنَّ لِبَاسٌ لَكُمْ وَأَنْتُمْ لِبَاسٌ لَهُنَّ﴾ (البقـرة: ١٨٧).

ئەو پرسیارەی پێویستە ئێستا بیخەینە ڕوو: ئەو پێداویستییە مادديانە چین کە دەبێ خیلافەت دەستەبەریان بکات بۆ مرۆڤ تا ئێمەش بڵـێین بـە ئـەرکی سەرشـانی خۆی هەستاوە؟ دیاریکردنی نـزمترین ئاسـت بـۆ ئـەوەی خیلافـەت ئـەنجامی بـدات ئاسـانە کـە بریتییـە لـە ئاسـتێکی بـژێویی وەهـا کـە برسـێتی و نەخۆشـی و درمـە لەناوبـەرەکان بەتــەواوی بنـبڕ بکـرێ لەسـەر ئاسـتی هــەموو مرۆڤایـەتی، بـەڵام دیاریکردنی باڵاترین ئاست کە خیلافەت بیکات ئەوە کارێکی مەحاڵە، چونکە تـەنها خودا دەزانێت چ توانستێك لە سروشتدا هەیە کە بشێت مرۆڤ سوودی لێ ببینێـت و تـا شـارەزایی مـرۆڤ سـەبارەت بـە یاسـاکانی خـودا لـە بوونـەوەردا (کـە هــەموو بوونـەوەرەکانی لەسـەر خولقانـدووە و بـۆ مرۆڤـی تـەرخانکردوون) زیـاتر بێـت، ئەندازەی بەهرەمەندبوونی ئـەو لـە سروشـت و لـە هێـزە بەرهەمهێنـەرەکانی زیـاتر دەبێت.

قورئان بۆمان ڕوون دەکاتەوە، کە هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە بە فەرمانی خودا خراوەتە خزمەتی مرۆڤ. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿اللَّهُ الَّذِي سَخَّرَ لَكُمُ الْبَحْرَ لِتَجْرِيَ الْفُلْكُ فِيهِ بِأَمْرِهِ وَلِتَبْتَغُوا مِنْ فَضْلِهِ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ (١٢) وَسَخَّرَ لَكُمْ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا مِنْهُ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ﴾ (الجاثية: ١٢ – ١٣). هەروەها دەفەرموێت: ﴿هُوَ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَرْضَ ذَلُولًا فَامْشُوا فِي مَنَاكِبِهَا وَكُلُوا مِنْ رِزْقِهِ وَإِلَيْهِ النُّشُورُ﴾ (الملك: ١٥).

پێغەمبەری خودا (درودی خوای لەسەر) هەڕەشە دەکات لەو کەسەی خۆی بە تێری شەو دەکاتەوە، بەڵام دراوسێکەی برسییەتی و ئەمیش پێی دەزانێت. ئەنەس لە فەرموودەیەکی قودسییدا دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر): "ما آمن بي من بات شبعاناً و جاره جائع الى جنبه و هو يعلم به".[١] واتە: "بڕوای بە من نییە کەسێك شەو بە تێری بباتەسەر و بشزانێت دراوسێکەی لە پەنای ئەودا برسییەتی". وتەکەی پێشەوا عومەریشمان هەیە: "دەترسم ئاژەڵێك لە دوورترین شوێنی عێراق سەرسم بدات و لە قیامەتدا خودا پرسیارم لێبکات ئەی کوری خەتتاب بۆچی ڕێگات بۆ تەخت نەکردووە؟".[٢]

بێگومان ئیسلام فەرمانیداوە بە چاکەکردن لەگەڵ خەڵکی دیکە، وەك هەر ئاینێکی تر، کە ئەم چاکەیەی ناوناوە (صدقة) وەك چەمکێکی پەیوەست بە ڕاستییەوە (صدق)، واتە ویستوویەتی بیکاتە نیشانەو ئاماژەیەك بۆ ڕاستگۆیی کەسە بەخشەرەکە، جگە لەمە ئیسلام پێش ئاینەکانی دیکە کەوتووە، بەوەی زەکاتی لە شێوەی ئەندازەگیرییدا فەرز کردووە، بۆ نموونە بۆ پارە چلیەك، بۆ

---

[١] تەبەرانی لە ئەنەسی کوری مالیك گێراویەتەوە، بڕوانە: الطبراني، ابوالقاسم سليمان بن احمد بن ايوب. المعجم الكبير، تحقيق حمدي بن عبد المجيد السلفي، الموصل: مكتبة العلوم والحكم، ط٢، ١٤٠٤هـ/١٩٨٣م، ج١، ص٢٥٩، حديث رقم ٧٥١.

[٢] هيكل، محمد حسين، الفاروق عمر، القاهرة: مطبعة مصر، ١٣٦٤هـ، ج٢، ص٢٠٠.

سامان و ماڵی تر مەرج و ڕێژەی دیاریکراوی داناوە و بەدەستهێنان و دابەشکردنیشی خستۆتە ژێر باری یاسایەکی گشتیی و ناویشی لێناوە زەکات، واتە بۆ ڕازاندنەوە و پاڵفتەکردن، بۆ ئەوەی جەخت بکاتەوە لەوەی کە سامانی مرۆڤ پاك نابێت تا بەشێکی لێ نەدات بە نیازمەندان، کاتێك ساڵی بەسەردا دێتەوە یان کاتی خەرمانکردن، وێڕای هەموو ئەمانەش بڕیاریداوە کە هەژاران خاوەن مافن لە ماڵی دەوڵەمەندان و ئەوەی پێیان دەدرێت ئەوە نیە کە پاشماوەیان پێ بدرێت بۆ ئەوەی نەمرن لە برسیدا، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَالَّذِينَ فِي أَمْوَالِهِمْ حَقٌّ مَعْلُومٌ (٢٤) لِلسَّائِلِ وَالْمَحْرُومِ﴾ (المعارج: ٢٤ – ٢٥).

ئیسلام قۆرخکردن و گەنجینەکردن و ڕیباشی حەرامکردووە، لەبەر ئەوەی هۆکاری سەرەکین بۆ خستنە ژێر بێگاری مرۆڤ لەلایەن مرۆڤی ترەوە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿الَّذِي جَمَعَ مَالًا وَعَدَّدَهُ (٢) يَحْسَبُ أَنَّ مَالَهُ أَخْلَدَهُ﴾ (الهمزة: ٢ – ٣).

هەروەها دەفەرموێت: ﴿الَّذِينَ يَأْكُلُونَ الرِّبَا لَا يَقُومُونَ إِلَّا كَمَا يَقُومُ الَّذِي يَتَخَبَّطُهُ الشَّيْطَانُ مِنَ الْمَسِّ ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُوا إِنَّمَا الْبَيْعُ مِثْلُ الرِّبَا وَأَحَلَّ اللَّهُ الْبَيْعَ وَحَرَّمَ الرِّبَا فَمَنْ جَاءَهُ مَوْعِظَةٌ مِنْ رَبِّهِ فَانْتَهَى فَلَهُ مَا سَلَفَ وَأَمْرُهُ إِلَى اللَّهِ وَمَنْ عَادَ فَأُولَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ (٢٧٥) يَمْحَقُ اللَّهُ الرِّبَا وَيُرْبِي الصَّدَقَاتِ وَاللَّهُ لَا يُحِبُّ كُلَّ كَفَّارٍ أَثِيمٍ (٢٧٦) إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ لَهُمْ أَجْرُهُمْ عِنْدَ رَبِّهِمْ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ (٢٧٧) يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَذَرُوا مَا بَقِيَ مِنَ الرِّبَا إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ (٢٧٨) فَإِنْ لَمْ تَفْعَلُوا فَأْذَنُوا بِحَرْبٍ مِنَ اللَّهِ وَرَسُولِهِ وَإِنْ تُبْتُمْ فَلَكُمْ رُءُوسُ أَمْوَالِكُمْ لَا تَظْلِمُونَ وَلَا تُظْلَمُونَ (٢٧٩) وَإِنْ كَانَ ذُو عُسْرَةٍ فَنَظِرَةٌ إِلَى مَيْسَرَةٍ وَأَنْ تَصَدَّقُوا خَيْرٌ لَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ (البقرة: ٢٧٥ – ٢٨٠).

لەلایەکی ترەوە ئیسلام فەرمان دەدات بەوەی مرۆڤ تیبکۆشێت کە تا پێی دەکرێت بەهرە و ڕزقی خودا بەدەست بهێنێت و بەسەر زەویدا گەشتوگوزار و کۆچ

بکات و بەدوای ڕزقدا بگەڕێت، پابەندیش بێت بەو ڕەوشت و ئاکارەی لە یاسای خوادا هەیە، واتە خۆی بەدوور بگرێت لە ناپاکیی و گزیکردن و دزی و تالانچێتی، پاشان ئەو ماڵەی بەدەستیهێناوە کەم بێ یا زۆر، لەڕێی زەکاتەوە پاکیبکاتەوە و ڕاستگۆیی خۆیشی بە سەدەقەکردن بسەلمێنێت.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَإِذَا قُضِيَتِ الصَّلَاةُ فَانْتَشِرُوا فِي الْأَرْضِ وَابْتَغُوا مِنْ فَضْلِ اللَّهِ وَاذْكُرُوا اللَّهَ كَثِيرًا لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾ (الجمعة: ١٠)، هەروەها دەفەرموێت: ﴿خُذْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِمْ بِهَا﴾ (التوبة: ١٠٣).[١]

لەگەڵ ئەوەدا کە ئەرکی خیلافەت ئەوەیە کە لە سنووری توانایدا هەموو ئاسانکارییەك بکات بۆ ئەوەی هەموو تاکێك بەهرەگەلی بەربڵاوی خودا لەسەر زەویی بەدەست بهێنێت و لێیان بەهرەمەند ببێت، بەڵام ئەم ئامانجە هەر چەند بەرزە و پێویستیشە، بەخێرایی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەرەو هەڵدێری ئاژەڵبوون و ڕۆچوون و لادان لە کەسایەتیی مرۆڤبوون و سەرەنجام بەرەو ناپاکیی لە ویستی خودا بە تەواوی دەبات، ئەگەربێتو ببێتە تاقانە و دواهەمین ئامانج بۆ ژیانی مرۆڤ لەسەر زەوی.[٢]

پێداویستییەکانی ژیانی ماددی بێتاوان و خێرداره و پێویستە هەموو هەوڵێك بدرێت بۆ تێرکردنیان تا ئەو ئاستەی کە مومکین بێت، بەڵام ئەمانە و ڕەهەندی ماددیی ژیانیش، کە مانەوەی خۆی لێوەردەگرێت، تەنها ئامڕاز و هەڵگری باری ڕۆحیین چ بۆ تاك و چ بۆ کۆی ئوممەت، واتە ڕۆچوونی مرۆڤ بۆ بەدەستهێنانی

[١] ئەو ئایەتانەی هاندەرن بۆ دەرکردنی زەکات زیاترن لەوەی دەستنیشان بکرێن، بڕوانە: برکات، المرشد الى آيات القرآن الكريم، پێشووتر مادەی: ز ك و.

[٢] ڕاستیەکەی ئەوەیە کە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی هەر بەهایەك لەسەر حسابی بەهاکانی تر، بە مانای جێگیرکردنیەتی بۆ ملهوڕی و گلدانەوە و ئەم هەوڵە تاکبەهاییە کە زیادەڕەوی تێدا دەکرێت، هەم کاری مرۆڤ و هەم ئامانجی ئەو کارە پووچەڵ دەکاتەوە و بەهاشیان ناهێڵێت.

ماددییات و دانانی بە کۆتا ئامانج، کە ئەمەش بە پامالکردنی ڕەهەندی ڕۆحی مانا دەکرێت، لە لایەکی ترەوە ڕەوا نیە پێمان وابێت کە ڕۆحانییەت بریتییە لە ژیانێکی خاڵیی لە کاریگەرییەکانی سەر واقیع و لەباتی تێکۆشانی ماددیی بۆ گۆڕانکاریی هەوڵبدرێت بۆ سرووتی دەروونی و ڕۆحانیی. لەبەرئەوەی ژیانی ڕۆحی لە ڕوانگەی ئیسلامەوە سێ پلەی هەیە، کە پێویستە لە یەك کاتدا کار بۆ هەموویان بکرێت:

یەکەمینیان: بەشداریکردنی تاك لە کاروباری ماددیی و گشتی ئوممەتدا، کە لەم قۆناغەدا ئەرکی سەرشانی ئەوەیە کە پێداویستییەکانی خۆی بخاتە خزمەتی پێداویستییەکانی کاری کۆی ئوممەت.

دووەمینیان: هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی زانست بۆ خود و بۆ ئەوانی تر لەسەر ئاستێکی دوو ڕەهەند: یەکەم قووڵبوونەوە لە ناسینی یاساکانی سروشت وەك ڕێگایەك بۆ فراوانکردنی بازنەی سوودمەندبوونی مرۆڤ لە مادییات و ئاسانکردنی ئەو سوودمەندییە. دووەم تێکۆشان بۆ ئەوەی پەیوەندی نێوان ئیجماع و ئیجتیهاد ڕەوانتر و داهێنەرانە تر بێت لەپێناوی گەیشتن بە ئاستێکی بالاتر و ناوازە لە ڕاپەڕاندنی ویستی خودا.

پلەی سێیەم و کۆتایی بریتییە لە داهێنانی هونەری و جوانکاریی کە نۆستالۆژیا و خەونەکان و پەیامی ئوممەت دەخەملێنێت لەو ساتە وەختانەدا کە بەردەوامە لە بەرجەستەکردنی بەها و ویستی خودا و کاراکردنی ئەم ویستە لە مێژوودا.

پێکهێنەری دووەمی ئیجماعی کار یان کۆدەنگیی بەرهەمهێنان بریتییە لە فەراهەمکردنی هەلی خوێندن بۆ هەموو تاکێکی ئوممەت بەو ئەندازەیەی کە بتوانێت وزە و توانستە خودییەکانی تا ئەوپەڕی ئاست پەرەپێبدات، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ (١) خَلَقَ الْإِنْسَانَ مِنْ عَلَقٍ (٢) اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ (٣) الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ (٤) عَلَّمَ الْإِنْسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ﴾ (العلق: ١ – ٥).

هەروەها دەفەرمویێت: ﴿وَمَا كَانَ الْمُؤْمِنُونَ لِيَنْفِرُوا كَافَّةً فَلَوْلَا نَفَرَ مِنْ كُلِّ فِرْقَةٍ مِنْهُمْ طَائِفَةٌ لِيَتَفَقَّهُوا فِي الدِّينِ وَلِيُنْذِرُوا قَوْمَهُمْ إِذَا رَجَعُوا إِلَيْهِمْ لَعَلَّهُمْ يَحْذَرُونَ﴾ (التوبة: ١٢٢).

چونکە کاتێك تاك دەتوانێت وەك پەرستشکارێك ئەرکەکانی سەرشانی جێبەجێ بکات کە وزە شاراوەکانی پەرە پێبدات و تا ئەو ئاستەی بۆی دەکرێت بەکاریان بهێنێت، خۆگێلکردن لەم ئامانجە لەو کاتانەدا کە تاك هەست بە بەدبەختی دەکات و ئوممەتیش دەبێتە ئەم جۆرە تاکانە، تەنها ئوممەت نائومێد ناکات، بەڵکو هەوڵدان بۆ خۆپەیداکردن لە دەرەوەی چەتری ئوممەت، یان پیلانگێڕان بۆ داڕمانی خیلافەت و وێرانکردنی دەبێتە تارماییەك بەدووی هەموو ئەو بەهرە و وزە مرۆییە پەکخراوانەوە کە هێشتا نەدۆزراونەتەوە و بۆیان نەلوواوە کە خۆیان بەدیبێنن. کەواتە واجبی خیلافەت دەخوازێت لە یەك کاتدا دوو شت بەدەستبهێنین: وادارکردنی خەڵك بەوەی هەست بە ئاتاجییان بکەن بۆ فێربوون، واتە جووڵاندنی توانا شاراوەکانیان و پاشان هەموو ئەو ئامرازانەی پێویستن بۆ سەلماندنی خودی ئەوان، جا ئەگەر ئوممەت لە بەدەستهێنانی یەکەمیان شکستی هێنا، ئەوا ئوممەت دەبێتە نەتەوەیەك لە خەڵکی نەزان و ساویلکە و ڕۆچوو لە خەواڵوویی و ئەگەر لە دووەمیشدا شکستی خوارد، ئەوا دەرگا دەکاتەوە بۆ ئەوەی تواناکان لەڕێی خۆیانەوە خۆبەتاڵ بکەنەوە و بە کۆچکردن پەرتەوازە ببن، یان خۆیان لەناوبەرن لە دەروازەی وێرانگەریی ناوخۆیی و بەسوخرەگرتنی بێگانە لە دەرەوە، یەکێکی تر لە واجبە سەرەکییەکانی خیلافەت لەسەر ئاستی پابەندبوون بە کۆدەنگیی کار، ئەوەیە کە ئوممەت ئامادە و تەیار بکرێت بۆ فەراهەمکردنی هەرچی پێویستە بۆ بەرگرییەکی کارا لەخۆی لەو کاتانەدا کە دوژمنەکانی پەلاماری دەدەن، خوای گەورە دەفەرمویێت: ﴿وَأَعِدُّوا لَهُمْ مَا اسْتَطَعْتُمْ مِنْ قُوَّةٍ وَمِنْ رِبَاطِ الْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِ

عَدُوَّ اللَّهِ وَعَدُوَّكُمْ وَآخَرِينَ مِنْ دُونِهِمْ لَا تَعْلَمُونَهُمُ اللَّهُ يَعْلَمُهُمْ وَمَا تُنْفِقُوا مِنْ شَيْءٍ فِي سَبِيلِ اللَّهِ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَأَنْتُمْ لَا تُظْلَمُونَ﴾ (الانفال: ٦٠).

واته له ساتەوەختی مەترسیی لەسەر بوونی ئوممەت و لەو هەلومەرجانەدا کە پێویستە هەوڵبدرێت بۆ ئەوەی وشەی خودا بەرزترین وشەی سەر زەوی بێت، حوکمی جیهاد لە فەرزی کیفایەوە دەگۆڕێت بۆ فەرزی عەین لەسەر هەموو ژن و پیاوێك. لە شیکاری کۆتاییدا، ڕەهەندی کۆدەنگیی کار بەرزترین سەرکەوتنە بۆ ئوممەت، لەو ڕووەوە کە ڕۆڵی هەیە لە ئیسلاماندنی ژیاندا لە هەموو دنیای ئاوەداندا. هەر ئەم ڕەهەندەی پەیامی ئوممەتە کە ئوممەت بەرز دەکاتەوە بۆ ئاستی کێبڕکێ لە مەیدانی مێژووی مرۆڤایەتیدا، بۆیە ئەنجامدانی ئەم ئەرکە لەم ئاستەدا بریتییە لەو ئامانجە کۆتاییەی کە خوای گەورە ئەم ئوممەتەی بۆ بارهێناوە.

## دووەم: تەوحید و هێزی سیاسی :

١ــ ئیسلام و جیهانی ئیسلام: ڕاستییە خەماوییەکان: جیهانی ئیسلام بە دانیشتوانیەوە کە ژمارەی دەگاتە ملیارێك کەس لەو ڕووبەرە جوگرافییەی لە زەریای ئەتڵەسییەوە درێژ دەبێتەوە بۆ زەریای ئارام، وردە وردە خەریکە لە ئەوروپا و هەردوو ئەمەریکا ڕەگ و ریشە دادەکوتێ و بڵاودەبێتەوە، پۆتانسیەلێکی گەورەیە بۆ ئەوەی دروشم و وشەی خودا لەسەر زەویدا بەرزترین بێت، بەڵام وادیارە جیهانی ئیسلام، سەبارەت بە خۆی و سەبارەت بە جیهانیش هێشتاکو دوورە لە پەرەپێدانی تواناکانی و نەیتوانیوە لە ڕێگای خودا بەکاریان بهێنێت، ڕاستییەکەی ئەوەیە کە جیهانی ئیسلامیی لەجێی خۆیدا هەڵدەسووڕێ و ناچارکراوە هاوسەنگییەك بکات لەلایەکەوە تواناکانی بۆ خزمەتی گەشەپێدانی خۆی بەکاربهێنێت و ئەو توانایانە لە چەند چالاکییەکی بێهوودەی ناوخۆیی

پەرتــەوازە بکـات یـان چـەند هـەوڵێکی ئـەرێنی بـدات بـۆ خزمـەتی ناموسـڵمانان. لەکاتێکـدا دەبیـنین زۆرینــەی دەسـتوورەکانی وڵاتـانی موسـڵمان بـەدەق ئـاینی ئیسـلامی بـە ئـاینی دەوڵـەت لەقەڵەمـداوە، بـەڵام هـیچ دەوڵـەتێك نـابینین کـە بـە ڕاشـکاوانە پابەنـد بێـت بـەم بابەتـەوە، کـە باشـترین بەڵگـە بـۆی پیـادەکردنی شەریعەتە، لەولاوە وڵاتانێکی دیکە هەن کە بەپلەی دووەم دێن و پێیانوایە ئیسلام بایسـی بـوونی دەوڵـەت و ئوممەتیشـە کەچـی لەگـەڵ ئیسـلامدا چـەند چـەمکێکی دەستکردی خۆرئاوایی برەو پێدەدەن کە گوزارشت لە بوونی سـەربەخۆ دەدات کـە لەسەر خاك و گەل و سەروەریی بنیاتنراوە، کە ئەم هەڵوێستە ڕاستەوخۆ گریمانەی یەکەم کە ئیسلام بایسی بوونیانە، هەڵدەوەشێنێتەوە. لە هەمان کاتدا دەوڵەتانێکی تر هەن کە ئیسلام وەك ڕووپۆشێك بە پێویسـت دەزانـن، لەکاتێکـدا کـە پێکهاتـە و بونیادەکەی لەسەر هزرگەلێکی سیکۆلاری عەرەبی نەك ئیسلامی دامەزراوە، تومـەز لای ئەم شعووبیەتە تازەیە کە چاولێکەری نموونە ڕۆمانسییە خۆرئاواییەکەی خوێن و خاکە، ناسـیۆنالیزمە، کـە بڕیـاری تێکـڕای یاسـاکانی کـۆچ و ڕەگەزنامـە و کـاری سیاسیی سەرکردەکان و شێوە ژیانی بیرمەندان و دەستەبژێران دەدات و هـەروەها شـێوەی خـودی کۆمەڵایـەتیی بـۆ پـەروەردە و ئیلهامبەخشـین بـە کـۆی گـەل و ئاڕاستەکردنیان دەکێشێت، واتـە دەوڵـەتێکی ئیسـلامیی کـە بـەردەوام لـە دۆخـی ئامادەباشی سەربازیدا بێت، بوونی نییە، وەك ئەوەی کۆمـەڵگای مەدینـە لـە کـاتی ژیانی پێغەمبەری خـودا ئەنجامیـدا، ڕەنگـە خـراپترین سـیمای جیهـانی ئیسـلامیی هاوچەرخ ئەوەبێت کە لە بواری پەروەردە و فێرکردندا مایەپووچ بووە، بۆ وێنـە لـە هیچ وڵاتێکی موسڵماندا دەزگایەك نابینیت کە منداڵێکی موسڵمان لـە تەمـەنی پێـنج ساڵانەوە لە ئامێز بگرێ و پەروەردەی بکات و پاش کامڵبوونی تواناکانی ڕادەسـتی ئوممەتی بکاتەوە. جگە لەوەی ئوممەتی ئێمە دەزگایـەکی ڕاهێنـانی وای نییـە کـە موسـڵمان باربهێنێـت لەسـەر گـۆڕینی جیهـان و شارسـتانێتی مـرۆڤ لـەو دەسـەڵاتە

ماددییە خۆسەپێنەوە بۆ نموونە خوداییەکە، ئەم کارەش بەوە دەکرێت کە هۆشیارییەکی قووڵ پەیدا ببێ بەوەی کە تەنها بەرجەستەکردنی نموونەی خودایی ئامانجی کۆتایی بوونی مرۆڤە لەم ژیانی دنیایەدا، جیهانی ئیسلامیمان لە بواری خوێندندا هەنووکە گرفتاربووە بە بەرزبوونەوەی مەترسیداری ڕێژەی سەدیی لەلایەك ئەو خاوەن بڕوانامانەی دەبنە کۆچبەر و لەلایەکی ترەوە ئەو هاوڵاتییانەی هەڵگری بڕوانامەی ماستەر و دکتۆران و نائومێد بوون، جگە لەوەی ڕێژەی نەخوێندەواران بە بەراورد بە خوێندەواران ڕێژەیەکی تۆقێنەرە، مەترسییەکەی بارودۆخی هەنووکەیی جیهانی ئیسلامیمان لەوەدانیە، کە موسڵمانان پاش خەوێکی دوور و درێژ بێدار دەبنەوە و کۆمەڵگاکانیان بەپێی ئاماژەکانی چەقبەستنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی بە لاواز دەبینن و دەوڵەتەکانیان لە ئەنجامی دەستەوستانی و خەواڵوویی پەیدەرپەی داکەوتوون، مەترسییە ڕاستەقینەکە لەوەدایە کە سەرکردەکانی موسڵمانان لەم ساتەوەختەی مێژووی ئوممەتدا هیچ ڕوانگەیەکیان بۆ ئێستا و داهاتوو نییە، هەر بۆیە ئەوەی کە سەرنجی دەدەین و دەیبینین دەرەنجامی نەبوونی ئەم ڕوانگەیەیە، هەروەها هیچ کۆششێك ناکرێت بۆ بنیاتنانی مرۆڤی موسڵمانی پابەند بە باوەڕی ئیسلامەتی، لە ئاستانەی چوونە ناو سەدەی بیست و یەکەمدا.

٢- بەڵێنی هێزی سیاسی: لە توانای هیچ موسڵمانێکدا نییە کە بڕوا بەو هەموو بیانووە بکات کە سیاسەتمەدارە موسڵمانەکان دەیهێننەوە بۆ پاساودانی لایەنەکانی کەموکورتی و دەستەوستانی خۆیان سەبارەت بە بارودۆخی خەمایی ئوممەت لە سەدەی بیستدا دەیهێننەوە، بە هەمان شێوە کەس ئەو گوتەزایە پەسەند ناکات کە دەستپێشخەریی بۆ ڕیفۆرم پێویستە لە ڕیزەکانی بناغەی جەماوەرییەوە سەرهەڵبدات پێش ئەوەی سەرکردەکانی خیلافەت بتوانن ئەنجامی بدەن. هیچ گومانی تێدا نییە کە لەناو ئوممەتدا دەستەبژێرێکی خاوەن ئاستێکی

بەرزی مەعریفی بە ژمارەیەکی زۆر بوونیان هەیە، ئەوەی لەم ساتەوەختەدا پێویستیەتی بریتییە لەو پزیسکەی ئیرادەکەی گڕتێبەربدا و بیجوولێنێت، ئەم پزیسکە ئاگرە هەر دەبێ بەدەستی ئەو سەرکردانەوە بێت کە شیاون بۆ دەستوەردان لە مێژوو، لە پێگەی کاراییەوە ڕۆڵ ببینن، نەك لە پێگەی کارتێکراو یان نەخۆشەوە، چونکە ئەرکەکە بە مەترسییەکی زۆر گەمارۆ دراوە، با ئەم فەرموودەیەی خودامان لەبیر بێت: ﴿قُلْ لَنْ يُصِيبَنَا إِلَّا مَا كَتَبَ اللَّهُ لَنَا هُوَ مَوْلَانَا وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ﴾ (التوبة: ٥١).

بەشدارییکردنی ئوممەت لە مێژوودا، لەناوماڵەوە دەستپێدەکات، ئەویش بە بنیاتنانی جددی و ئارامی خیلافەت، کە ئەمڕۆ لە هیچ دەوڵەتێکی موسڵماندا بوونی نییە، کاتێکیش بناغەی ئەم خیلافەتە لە وڵاتێکدا دەستەبەر کرا، ئەوا ئەم وڵاتە بۆخۆی ئەرکی ئامادەکردنی باقی شوێنەکانی جیهانی ئیسلام لەئەستۆ دەگرێت و بانگیان دەکات بۆ دەستپێکردنی ڕەوتی دروستکردنی مێژوو، هەڵبەتە هەموو قوربانیدانێك لە پێناوی بەدیهاتنی ئەم ئامانجەدا ئاسانە بێجگە لە تیاچوونی خودی خیلافەتەکە، خۆئەگەر ڕێگایەك نەبوو بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە، ئەوا قوربانیدان بە گیان و بە گران دەبێتە ئەرکێکی پێویست، هەرکە ئوممەتیش ئامادەگی بۆ ئەم کارە پیشاندا ئەوا ساتەوەختی جێنشینایەتی ئەبوبەکری سدیق بۆ جارێکی تر دەکەوێتە بەردەستی مرۆڤایەتی و مێژوویش پێدەنێتە شکۆمەندترین ساتەکانی.

# بەشی یازدەیەم

# تەوحید بنەمای سیستەمی ئابووریی

محەمـەد ئیقبـاڵ دامەزرێنـەریی ڕووحیـی پاکسـتان، ئـەو شـانازییەی پێـبڕاوە کـە یەکەمین کەس بوو کە لە سەدەی نوێدا بە ناوی ئیسلامەوە جەختی کردەوە لەوەی کە "کاری سیاسیی گوزارشتە لە ڕۆحانییەتی ئیسلام".[1] لەوکاتەوە موسڵمانان لـە هەموو گۆشە و کەنارێکی جیهان بڕوایان بەم ڕاستییە هێناوە و لە هەموو بۆنەیەکدا بەوپەڕی شانازییەوە وتەکانی ئیقبال دەهێننەوە بە بەڵگە.

بـوار تـاکو ئێسـتاش بـە کراوەیـی ماوەتـەوە بـۆ ئـەوەی بیرمەنـدێکی تـری هاوسەنگیی ئیقبال بەناوی ئیسلامەوە بڵێـت: کـاری ئـابووریش بـە هـەمان شـێوە گوزارشتە لـە ڕۆحـانیبوونی ئیسـلام، ئەوسـا موسـڵمانان زۆر بـە ئاسـانی بـڕوا بـەم ڕاسـتییە تازەیـەش دەهێـنن، ڕێـك وەك ئـەو مامەڵەیـەی لەگـەڵ وتەکـەی ئیقبـاڵ کردیـان. دەسـت دەگـرن بـە کرۆکـی ئـەو وتەیـەوە وەك چـۆن دەسـتیان گـرت بـە وتەکەی ئیقبالـەوە، کـە نیشـاندەری جیـاوازیی نێـوان مەسـیحییەت و ئیسـلامە لـە گۆشەنیگایان بۆ پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و پەرستگاکان.

لەکاتێکدا کـە مەسـیحییەت بـڕوای بـە جیاکردنـەوەی کڵێسـا و دەوڵـەت هەیـە، ئیسـلام وایـدەبینێت کـە مزگـەوت پێویسـتی بـە دەوڵەتـە و بـوون و سـاغلەمیی دەوڵـەتیش لـە نـاوەڕۆکی دینـە، چـالاکیی ئـابووریش هەروایـە، چـونکە ئـابووریی ئوممـەت و گەشـەکردنی بەشـێکن لـە نـاوەرۆکی ئیسـلام. خـوای پـەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَاذْكُرُوا إِذْ جَعَلَكُمْ خُلَفَاءَ مِنْ بَعْدِ عَادٍ وَبَوَّأَكُمْ فِي الْأَرْضِ تَتَّخِذُونَ مِنْ سُهُولِهَا قُصُورًا وَتَنْحِتُونَ الْجِبَالَ بُيُوتًا فَاذْكُرُوا آلَاءَ اللَّهِ وَلَا تَعْثَوْا فِي الْأَرْضِ مُفْسِدِينَ﴾ (الأعراف: ٧٤).

بە هەمان شێوە بوونی ڕۆحانییـەت لـە ئیسـلام مـەحالّ دەبێـت ئەگـەر کـارێکی ئابووریی دادگەرانە بوونی نەبێت، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ الْمُتَّقِينَ فِي جَنَّاتٍ

---

1 Iqbal, Muhammad.*Reconstruction of Religious Thought in Islam* ,Lahore.Sh. Muhammad Ashraf, 1977,Lecture V.

وَعُيُونٍ (١٥) آخِذِينَ مَا آتَاهُمْ رَبُّهُمْ إِنَّهُمْ كَانُوا قَبْلَ ذَلِكَ مُحْسِنِينَ (١٦) كَانُوا قَلِيلًا مِنَ اللَّيْلِ مَا يَهْجَعُونَ (١٧) وَبِالْأَسْحَارِ هُمْ يَسْتَغْفِرُونَ (١٨) وَفِي أَمْوَالِهِمْ حَقٌّ لِلسَّائِلِ وَالْمَحْرُومِ﴾ (الذاريات: ١٥ – ١٩).

بەم دیدگایە ئیسلام لە هەموو ئاینەکانی دیکە جیا دەبێتەوە، چونکە ئاینێك نییە بە ئەندازەی ئیسلام خۆی بەستبێتەوە بە سیاسەتەوە، بە هەڵاواردنی ئاینی میسرییەکان و میزۆپۆتامیای کۆن، کە لەم دوو ئاینەدا کەسێتی پاشا پیرۆزکراوە و تێکەڵی بتپەرستی بوون. بەهەمان شێوە هیچ دیانەتێك نییە بە ئەندازەی ئیسلام پەیوەست بووبێت بە ئابوورییەوە، جگە لە بیروبڕوای کۆمۆنیزم کە ماددەی کردووە بە جێگرەوەی خودا و بەلای موسڵمانانەوە ئایدۆلۆژیایەکی ڕەتکراوەیە، چونکە جۆرێکە لە جۆرەکانی هاوڵدانان بۆ خودا. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئیسلام زۆر بە وردی لەم دوو جەمسەرە نزیکدەبێتەوە، بەڵام هەمیشە لێیان جودایە، واتە ئەو پەیوەندییە بەتینەی کە هەیەتی بە سیاسەت و ئابوورییەوە هیچ مەترسییەك لەسەر ئەو دروست ناکات، لە بەشی پێشوودا گەیشتینە ڕوونکردنەوەی ئەو پەیوەندییە بەتینەی لە نێوان سیاسەت و تەوحیددا هەیە، لەم بەشەیشدا دێینە سەر ڕوونکردنەوەی پەیوەندیی گەرمیی تەوحید و سیستەمی ئابووری.[1]

---

[1] خوێنەر جارێکی تر حەواڵەی سوورەتی ماعوون دەکەین، لەبەر ئەو ڕێنماییە قووڵانەی هەیەتی، کاتێك لە هۆشیاریماندا ئەو ڕاستییە دەچێنێت، کە زبر مامەڵەکردن لەگەڵ هەتیوان و برەونەدان بە پێدانی خۆراك بە موحتاج و بێ نەوایان، بەدرۆخستنەوەی دینە بەگشتی، بەدرۆخستنەوەی بنەما و عەقیدە و ئەخلاق و شەریعەت و ڕووح و هەموو شتێکە.

## یەکەم: ئەولەویەتی هاوبەشی سەرەکی بۆ ماددی و ڕۆحی:

١ـ جیاکاریی مەسیحییەت: خوای پەروەردگار پێش هەڵبژاردن و ناردنی محەمەد (دروودی خوای لەسەر) بە چەند سەدەیەك، عیسای (دروودی خوای لەسەر) نارد بە پێغەمبەر. فەرموودەکەشی: کە فەرمووی: مرۆڤ تەنها بە نان ناژی، بووە سەر دێڕ. لە ئینجیلی مەتتا دەخوێنینەوە: "وەڵامی دایەوە و وتی: نووسراوە: تەنها بە نان مرۆڤ ناژی، بەڵکو بە هەموو وتەیەك کە لە زاری خودا دێتە دەر".[1] لە ئینجیلی لۆقا دەخوێنینەوە: یەسووع کە پڕبوو لە ڕوحولقودوس لە ئوردون گەڕایەوە، بۆ ماوەی چل ڕۆژ لە بیابان جڵەوی بە دەست ڕووحەوە بوو دەگەڕا و بە ئیلیس تاقیدەکرایەوە، لەو ڕۆژانەدا هیچی نەخوارد، کە ڕۆژەکان تەواوبوون لە کۆتاییدا برسی بوو! ئیبلیس پێی وت: ئەگەر کوڕی خودایت، دەبڵێ بەم بەردە با ببێ بە نان "یەسووع وەڵامی دایەوە: نووسراوە کە تەنها بەنان مرۆڤ ناژی، بەڵکو بە هەموو وشەیەکی خودا دەژی".[2] مەتتا و لۆقا لە ئینجیلەکەیاندا وتەکەی عیسایان بەستۆتەوە بە تاقیکردنەوەی توانای عیسا لەلایەن شەیتانەوە، بە گومانی خۆیان عیسا کوڕی خودایە، ئایا دەتوانێت بەردی بیابان بگۆڕێت بۆ نان لە ساتەوەختێکی لاوازیدا کە هەستی بە برسێتی کردووە، دوای ئەوەی بۆ ماوەی چل شەووڕۆژ لەو بیابانە بەڕۆژووبووە! هەوڵی بەستنەوەی ئەم وتەیە بەوەوە کە عیسا کوڕی خوایە زۆر بێ بنەمایە تا ئەو ئەندازەیەی دەبێ هەر ئاوڕی لێنەدەینەوە و لەباتی ئەوە جەخت بکەینەوە لەسەر وتە جوان و ڕەواکەی عیسا خۆی، کە هیچ پێویستی بەتاقیکردنەوەی شەیتانیش نییە بۆ ئەوەی بیڵێت، چونکە بۆ مرۆڤێك کە چل ڕۆژ بە ڕۆژوو بووە وەك مەتتا دەڵێ، بەربەستی کۆتایی ئەوەیە کە نانێکی ئامادەی

---

[1] انجیل متی : ٤:٤.

[2] انجیل لوقة : ٤: ١–٤.

دەستبکەوێ نەك کوڕی خودا بێت، دەبێ ئێمە باش لە وەڵامەکەی عیسا تێبگەین وەك ئەوەی مەتتا و لۆقا دەیگێڕنەوە، چونکە ئەو بەڕاشکاو نەیوتووە کە مرۆڤ بە نان ناژی، بەڵکو وتوویەتی کە تەنها بەنان نان ناژی.

خۆ ئەگەر عیسا بەڕاشکاویی ڕەتیبکردایەتەوە بە جۆرێك کە ژیانی ماددی سەرکۆنە بکات، ئەوا دەبووە قسەیەك کە ناگونجێت لە عەقڵێکی سامییەوە دەربچێت و زیاتر شیاوی عەقڵێکی یۆنانی بوو کە گۆڕانی بەسەردا هاتبێ و لەسەر پاژنە بۆ دواوە گەڕابێتەوە، چونکە دوای ئەوەی عەقڵی هۆمیرۆسی جیهانی خودا و جیهانی سروشتی بە یەکسان بینی و پاش ئەوەی بەرامبەر دروستبوونی خۆی، هەستی بە مایەپووچی و نائومێدیی کرد، لە شێوەی گنووسیەتێکی دژ بە ڕوانگەی پێشوویدا لەخۆی هەڵگەڕایەوە و بڕوای بە بوونی ڕۆحانییەتێك هێنا کەوا بەرامبەر سروشتەوە و بە تەواوی جیایە لە ماددە.[1]

ئەو بڕگانەی تر کە لە ئینجیلەکاندا هاتوون و باس لە سەرکۆنەکردنی جیهانی ماددی دەکەن لە پێش هەمووشیانەوە ئەو بڕگەیەی لە ئینجیلی مەتتا "نانەکەمان بدەرێ ئەمڕۆ هێندەی کە بەسمانە"،[2] هەمووی لە ڕێنماییە گنۆسییەکان وەرگیراون، بەڵام بڕگە وەرگیراوەکان لە مەسیح خۆی، کە بابەتی ئەم لێکۆڵینەوەیەن، ئەو هاوسەنگیی ئەخلاقییان تیا پارێزراوە کە لە خودی سروشتی خواکردی مرۆڤ هەڵقوڵاوە و لەگەڵ دینی خودا و یاساکانی سروشت و ژیریی و هاوسەنگیی و میانڕەویی کۆك و تەبان. ئەم بڕگەیە سەرکۆنەی ماددە ناکات، بەڵکو پێشێلکردنی ڕەوشت ڕەتدەکاتەوە. زۆر بەئاسانی ڕەتیدەکاتەوە مرۆڤ تەنها بە نان بژی، لێرەوە ئەم بڕگەیە گوزارشت دەکات لە هەڵوێستێکی پێغەمبەرانەی بەرز و تاقانە، بەرامبەر جیهانی هیلینیستی، بەڵام ئەو وتەیە بە درێژایی مێژوو ڕووبەڕووی

---

[1] Jonas ,Hans.*The Gnostic Religion*, Boston : Beacon Press ,1958 ,p.46.

[2] انجیل متی :١١:٦.

گۆڕانكارییەكی وابۆتەوە كە كرایە بناغەیەك بۆ بیروباوەڕی دژ بە ماددیگەرایی و بۆ ڕەتكردنەوەی تەواوی مادده و مێژوو و جیهان، لە هەناویەوە فەلسەفەی مۆڕاڵی گۆشەگیرانەی پڕ لە دەمگرتنەوە و ڕەهبانییەت و گاڵتەكردن بە سیاسەت لەدایكبوو و زەنگی مەترسیشی لێدا بۆ پەیدابوونی دیانەتێكی تازە كە ئاینی مەسیحی كردە ئاینی پۆڵس و ئسیناسیۆس و ترتیلیان و ئۆگەستین و كلێسای ڕۆم.[1]

خوای گەورە عیسای نارد بۆ ناو یەهوود بۆ ئەوەی سنوورێك بۆ مادییگەراییە پەڕگیرەكەیان دابنێت و ڕزگاریان بكات لە زیادەڕەویی كردن لە پابەندبوونی ڕواڵەتی بە شەریعەتەوە، كە حاخامەكانیان كێشیانكردن بۆی، لە هەلومەرجی ئەم دەردەدا دەبوو چارەسەری پێشنیازكراو بریتی بێت لە دوبارە جەختكردنەوە لە ڕەهەندی ڕووح و دەروونی خود، كە لە سایەی ڕەوتی ڕواڵەتبینی پیاوانی ئاینی یەهوود لاواز یا بڵێین لەناوچووبوو، بەڵام پەیڕەوانی عیسا بانگەوازەكەیان گۆڕی بۆ پۆزیتیڤیسمێكی پەڕگیر بە ڕەوتی پێچەوانە، بڕگەی: "مرۆڤ تەنها بەنان ناژی" یان كردە دروشمێك و خراپ بەكاریان هێنا و دەستكارییان كرد.

٢ـ چارەسەری ئیسلامییانە:

أـ ئیسلام و ئاینەكان: ئیسلام لە ڕوانگەیەكی گەردوونی فراوانترەوە، بوو بە نموونەی كرانەوەیەكی ڕاستەقینە لەو دۆخە چەقبەستووەی جیهانی تێكەوتبوو، ئەو جیهانەی دابەش ببوو لە نێوان دینداری هیندیی و دینداریی یۆنانیدا، لەلایەكەوە ئاینی هیندی جەختی كردەوە كە بوونەوەر بۆ خۆی ئەو براهمەنە رەهایەیە، بەڵام نەك لە شێوە ئایدیاڵەكەیدا، بەڵكو لە شێوە بەشت بووە بەرجەستە و جێگرەوەكەدا، بۆیە پێویستە ڕەتبكرێتەوە.[2] پرۆسەی بەشتبوونی براهمەن واتە گیانی ڕەها ڕووداوێكی ناحەزە، هەر بۆیە خاوەنانی ئەم بۆچوونە بابەتی ئاینی و

---

[1] AL Faruqi , *Christian Ethics*, part II.
[2] AL Faruqi , Historical Atlas, pp 237-238.

ئەخلاقییان وا ڕەچاوکرد کە ڕێگایەکە بۆ دەربازبوون لە مەملەکەتی ڕیسوای بەشت بوون، کە مەملەکەتی خراپەکارییە بەرەو ئامێزی جیهانی بالاّ و ڕەها (براهمەن — نیرڤانا)، مەملەکەتی چاکەکارییە. لەم ڕوانگەوە گرنگیدان بە جیهانی مادده، بە منالّبوون و هەولّدان بۆ بەرهەمهێنانی خۆراك و بلاّوکردنەوەی خوێندن و تێکۆشان بۆ گۆڕینی زەوی بە بەهەشت و دروستکردنی مێژوو، هەر هەمووی خراپەیەکی حاشا هەلّنەگرە، چونکە هەمووی دۆخی بەشت بوون پەخش دەکات و چڕی دەکاتەوە و تەمەنی درێژ دەکات، کە دیارە تەنها ڕەوتێك کە لەگەلّ ئەم ڕوانگەیە هەماهەنگ بێت ئەو ڕەوتەیە کە ئەم ژیانی دنیایە ڕەتدەکاتەوە.

تاکو ئێستاش ئاینی جینی و تیراڤادای بوودایی نوێنەری گەوهەری ئەم ڕوانگە بنەڕەتییەی ئۆپانیشادان،[1] بەلاّم ئاینی هیندۆسی بووە هەلّگری ئەو دیدگایە بەخاتری بەرژەوەندیی دەستەبژێری بەختەوەر و زالّکراو و بانگەشەی کرد بۆ ئاینێکی جەماوەریی کە دوورخراوەکان تیایدا هەرگیز بەتەمای ڕزگاربوون نەبن لەو مەینەتییەی تیایدان مەگەر لە ڕۆژی دواییدا، لەم جیهانەشدا دەبێ بەردەوام ڕەنج بکێشن لەو شوێنانەی بۆیان نووسراوە، بەبێ ئەوەی هەست بەهیچ ڕەزامەندی و خۆشییەك بکەن سەبارەت بە بەدەستهێنانی ئامانجی بوونیان.[2] بەهەمان شێوە ئاینی بوودایی ماهیانی ئەم ڕوانگەیەی وەك زەمینەیەکی خۆی پاراست و ڕوانگەی ئاینی خۆی بەرمەبنایەکی فەلسەفەیەکی دنیایی چینیی بەرایی بنیاتنا و کۆمەلّێك فریادڕەسی بوودایی دیاریکرد (لە نێوان کۆمەلّە مرۆڤێکی پێشین کە گەورەکراون و کراون بە فریادڕەس) بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤ لە ئازارەکانی بوونی ئەم ژیانە.[3]

---

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٧.

[2] Noss, Man s Religions , pp.103-104.

[3] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٥.

به تێکەڵەیەك لە هەردوو ئاینی کۆنی میسریی و یۆنانی و دیانەتی میترایی و بڕوا ئاینییە گنۆسییەکانی خۆرهەڵاتی نزیك، هیلینیزم بانگەوازی سامی لەخۆ گرت، کە ئامانجەکەشی ڕیفۆرمی ڕەوتی ڕواڵەتگەرای توندڕەوی جوولەکە هەروەها ڕیفۆرمی خۆسەنتەریی ڕەگەزیی جوو بوو، لەم سەروبەندەدا پارێزگاریی لە توخمی میسری ـ یۆنانی کە خولقێنەر و جیهان هاوجووت دەکات، بەڵام بە هەموارکردن و تواندنەوەی بنەمای تەجەللی کە خودای پێ دەبێتە مرۆڤ و مرۆڤ خۆی پێدەبەستێت بە ئولووهییەتەوە. هۆکاری پشتی ئەمە بریتییە لە بێزاریی لە خۆسەپاندنی ئیمپراتۆری و بێزاریی گنۆسیی لە مادده و لە تێکڕای ژیانی دنیا، لەبەرامبەر هیوای ڕزگاربوون کە ئاینی میترایی و جوو پێی دەبەخشن. مەسیحییەتی مێژوویی لە کۆی ئەم فاکتەرانە دیدگای خۆی سەبارەت بە ئەفراندن وەرگرت، کە ئەفراندن جۆرێکە لە داکەوتن و جیهانیش سەراپا شەڕ و خراپە و دەوڵەت و کۆمەڵگاش دەستکردی شەیتانن و لەبەرامبەردا ژیانی ڕۆحییان وەك ژیانی تاکەکەسی و ڕەتکەرەوەی جیهانی دنیا ناوزەد کرد.[1] لێرەوە ئیسلام مانیفیستێکی ڕۆشنگەری هێنا کە بیرەوەریی مرۆڤی بووژاندەوە و هەردوو بۆچوونە هیندیی و میسرییەکەی پووچەڵکردەوە کە خودا و جیهان، خالق و مەخلووق یەکسان دەکات، چ ئەو یەکسانکردنە ناڕەوایە لەبەرژەوەندی مەخلووق بێت وەك دۆخی میسر و یۆنانی کۆن، یان لە بەرژەوەندی خالق بێت، وەك حاڵەتی ئاینی هیندیی. ئیسلام سەرلەنوێ دیدگای میزۆپۆتامیای کۆنی دووپاتکردەوە، کە بەڕەهایی بڕوای بە جیاوازیی خالق و مەخلووق هەیە و مرۆڤ بە ئافەریدەیەکی خواپەرست و ڕاسپێردراو لە موڵکی خوا دەبینێت. بەگێڕانەوە بۆ ئەزموونی مێژوویی ئەم دووپاتکردنەوە تازەیەی ئیسلام، ئەو حیکمەتە دێرینەی داڕشتەوە کە قورئان ناوی ناوە ئاینی فیترەت، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ

[1] AL Faruqi, Christian Ethics, p.193 ff.

حَنِيفًا فِطْرَتَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللَّهِ ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ﴾ (الروم: ٣٠). هەر لەم ئاڕاستەیەدا خوای پەروەردگار پێغەمبەرمانی ناردووە بۆ گێڕانەوەی هاوسەنگیی و ڕاستکردنەوەی خراپحاڵیبوون و سەرلەنوێ داڕشتنی پەیوەندیی دروست لەنێوان ماددی و ڕۆحییدا.

**کەواتە بانگەوازی پێغەمبەرمان چییە؟**

**گەوهەری ئەو پەیامەش چییە کە گەیاندوویەتی بە مرۆڤایەتی؟**

ب ـ ناوەڕۆکە دنیاییەکانی تەوحید: ئەم لێکدانەوەیە با بەوە دەستپێبکەین کە سەرنجێك لە بنەما بەراییەکانی ئیسلام بدەین، تەوحید واتە شایەتیدان لەسەر ئەوەی کە هیچ خودایەك نییە جگە لە ئەڵڵا، گەوهەر و کرۆکی ئەزموونی ئاینییە لە ئیسلامدا. بەشی نوێی ئەم بنەما میتافیزیکیی و ئیسلامییە بە ڕوونی لەڕاستییدا بەشە نێگەتیڤەکەیەتی، ئەو بڕگەیەی کە خوایەتی هەموو بوونەوەرێك جگە لە ئەڵڵا ڕەتدەکاتەوە، هەموو گوتەزاکانی یەهوودییەت و مەسیحییەت و هەروەها گوتەکانی عەرەبی جاهیلی پێش ئیسلام هەڵدەوەشێنێت، کە جگە لە خودا بڕوایان بە هاوتای دیکە هەبوو لە بوونەوەرەکان، واتە تەوحید ئاینی لە هەموو جۆرە گومانێکی هاوەڵدانان پاککردەوە، کاتێك هات زاتی خودا و یەکتابوونی ئەوی بەتەواوی جیا کردەوە، بەم کارەش دوو ئامانجی پێکا: لەلایەکەوە سەلماندی کە گەردوون یەك خودای تاقانە و تەنهای هەیە کە ئەفرێنەری هەموو شتێکە و هامبازی نییە. لەلایەکی ترەوە هەموو مرۆڤی یەکسانکرد لەوەدا کە هەموویان دروستکراوی خودان و پەروەردگار بە هەموویان هەمان سروشت و هەمان خەسڵەتی مرۆیی و هەمان پێگەی گەردوونی داوە.

تەوحید جگە لەمە ڕەهەندێکی دیکەشی هەیە، کە بریتییە لە ڕەهەندی ئەخلاقیی، چونکە داننان بەوەی کە خودایەك جگە لە ئەڵڵا نییە، واتە لە ئەنجامی کۆتاییدا هەموو بەهایەك تەنها بۆ لای خودا دەگەڕێتەوە و بێجگە لەو هەرچی هەبێ

تەنها ئامڕازێکە کە بەهای خۆی لە خودا وەردەگرێ و ئەندازەی چاکەبوونیشی بە ئەندازەی بەدەستهێنانی چاکەی خودایی کۆتایی پێوانە دەکرێت، لە هەمان کاتدا تەوحید واتە خواوەند ئامانجی کۆتایی هەموو ویستراوێکە و هەر ئەو تاقە دەسترۆیشتووە لە بوونەوەردا و تەنها ویست و خواستی ئەوە کە پێویستە ببێ، مرۆڤ لەم ڕوانگەیەدا بەندەی خودایە و پەیام و چارەنووسی ئەو لە ژیاندا پەیوەستە بە خواپەرستیی و بە جێبەجێکردنی ویستی خودا و بە بەرجەستەکردنی بەهاکانەوە لە جێکەوتەکانی کات و شوێنی ئەم ژیانی دنیایەدا.

گومان لەوەدا نییە، کە مرۆڤەکان پێش هاتنی ئیسلامیش خودایان خۆشویستووە و گوێڕایەڵی بوون، وێڕای ئەمە پەیڕەوانی هیندۆسی ڕەهایەکی ناشناسیان خۆشویستووە و گوێڕایەڵی بوون لەو ڕووەوە کە دژە بە جیهانی ماددە، هەربۆیە خۆشەویستی و گوێڕایەڵییان بە ڕەوتی ڕەتکردنەوەی ئەم جیهانە کۆتایی هات، پەیڕەوانی ئاینی میسری و یۆنانیی کۆنیش خودای خۆشویست و گوێڕایەڵی بوون و ئەویان بە خودی جیهانە ماددییەکە دانا، هەربۆیە ئەم خۆشەویستیی و گوێڕایەڵییە بوو بە ڕەوتێکی هەماهەنگیی ئەم جیهانە، تەنها لە ڕەوتە سامییەکەدا مرۆڤ خودای خۆشویست و فەرمانبەری بوو لەسەر ئەو بنەمایەی کە خودایەکی جیایە لە سروشت، بەڵکو خودایەکە خاوەنی سروشتە و هیچ شتێك هاوشێوە و مانەندی ئەو نییە، بەڵام ئەم تێگەیشتنەش لای حاخامەکانی جوولەکە چەقی بەست و پاشان لە ڕەوتی ڕۆمانسی و لە فەلسەفەی چێژی نیوەدوورگەی عەرەبدا بەرباد بوو، لەگەڵ میترایی و هیلینیزمدا یەکیان گرت و بوو بە مەسیحییەتی ڕۆم، کە بەتەواوی جیاواز بوو لە کرانەوەی ئازادیبەخشی عیسا (دروودی خوای لەسەر).(1)

---

1 AL Faruqi “Urubah and Riligion”. P 193 ff.

لێرەوە تەوحید پێویست بوو بۆ ئەوەی ڕوانگە سامییەکە بگەڕێتەوە بۆ ڕەوتە ڕاستەکەی، واتە بڕوابوون بەوەی کە بوونەوەر، کات و شوێنی ئەم ژیانی دنیایە هەر هەموویان ئامراز و بابەتن بۆ ئەوەی ویستی خودا ببێتە واقیعی ژیان.

بێگومان ئەم بوونەوەرە بوونەوەرێکی خێردارە و خێردارییەکەشی کەرەستەیەکی خاوی بەرابیە و شانۆیەکی پێویستە بۆ بەرجەستە و جێبەجێکردنی ئەم ویستە لە واقیعێکی هەستپێکراودا. خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿وَهُوَ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ وَكَانَ عَرْشُهُ عَلَى الْمَاءِ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا وَلَئِنْ قُلْتَ إِنَّكُمْ مَبْعُوثُونَ مِنْ بَعْدِ الْمَوْتِ لَيَقُولَنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا إِنْ هَذَا إِلَّا سِحْرٌ مُبِينٌ﴾ (هود: ٧).

هەروەها دەفەرموێت: ﴿تَبَارَكَ الَّذِي بِيَدِهِ الْمُلْكُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (١) الَّذِي خَلَقَ الْمَوْتَ وَالْحَيَاةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا وَهُوَ الْعَزِيزُ الْغَفُورُ (٢) الَّذِي خَلَقَ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ طِبَاقًا مَا تَرَى فِي خَلْقِ الرَّحْمَنِ مِنْ تَفَاوُتٍ فَارْجِعِ الْبَصَرَ هَلْ تَرَى مِنْ فُطُورٍ (٣) ثُمَّ ارْجِعِ الْبَصَرَ كَرَّتَيْنِ يَنْقَلِبْ إِلَيْكَ الْبَصَرُ خَاسِئًا وَهُوَ حَسِيرٌ﴾ (الملك: ١ – ٤).

ئەمە ئەو مانایە دەگەیەنێت کە هەموو پێکهێنەرەکانی بوونەوەر خێردارن و ئەم بوونە نە تەنها باشترین جیهانێکە کە مومکینە، بەڵکو کامڵ و بێ کەم و کورتیشە و خوداش ئەوەی ویستووە لە مرۆڤ کە ئەم بوونە پڕ بکات لە بەها، بە دیدگای ئەخلاقییانە و کاری ئەخلاقییانە، با لەم بارەوە ئەم ئایەتانە بخوێنینەوە:

﴿وَهُوَ الَّذِي جَعَلَكُمْ خَلَائِفَ الْأَرْضِ وَرَفَعَ بَعْضَكُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَاتٍ لِيَبْلُوَكُمْ فِي مَا آتَاكُمْ إِنَّ رَبَّكَ سَرِيعُ الْعِقَابِ وَإِنَّهُ لَغَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ (الانعام: ١٦٥).

﴿وَالْبُدْنَ جَعَلْنَاهَا لَكُمْ مِنْ شَعَائِرِ اللَّهِ لَكُمْ فِيهَا خَيْرٌ فَاذْكُرُوا اسْمَ اللَّهِ عَلَيْهَا صَوَافَّ فَإِذَا وَجَبَتْ جُنُوبُهَا فَكُلُوا مِنْهَا وَأَطْعِمُوا الْقَانِعَ وَالْمُعْتَرَّ كَذَلِكَ سَخَّرْنَاهَا لَكُمْ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ (٣٦) لَنْ يَنَالَ اللَّهَ لُحُومُهَا وَلَا دِمَاؤُهَا وَلَكِنْ يَنَالُهُ التَّقْوَى مِنْكُمْ كَذَلِكَ سَخَّرَهَا

لَكُمْ لِتُكَبِّرُوا اللَّهَ عَلَى مَا هَدَاكُمْ وَبَشِّرِ الْمُحْسِنِينَ (٣٧) إِنَّ اللَّهَ يُدَافِعُ عَنِ الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ كُلَّ خَوَّانٍ كَفُورٍ﴾ (الحج: ٣٦ – ٣٨).

لەسەر بنەمای ئەوەی روونمان کردەوە بەهرەمەندبوونی مرۆڤ لە بەها بەرایی، یان سوودبەخشەکان بۆ ئەو ڕەوان و هیچ ڕەخنەیەکی لەسەر نییە و جیهانی پڕ لە بەها بەڵگەیەکە لە بەڵگەکانی خودا و پاراستن و تەزکیەکردنیشی لەلایەن مرۆڤەوە دەچنە بازنەی سوپاس و پەرستنی خوای گەورە، خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿تُسَبِّحُ لَهُ السَّمَاوَاتُ السَّبْعُ وَالْأَرْضُ وَمَنْ فِيهِنَّ وَإِنْ مِنْ شَيْءٍ إِلَّا يُسَبِّحُ بِحَمْدِهِ وَلَكِنْ لَا تَفْقَهُونَ تَسْبِيحَهُمْ إِنَّهُ كَانَ حَلِيمًا غَفُورًا﴾ (الاسراء: ٤٤).

هەروەها: ﴿الَّذِي لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَلَمْ يَتَّخِذْ وَلَدًا وَلَمْ يَكُنْ لَهُ شَرِيكٌ فِي الْمُلْكِ وَخَلَقَ كُلَّ شَيْءٍ فَقَدَّرَهُ تَقْدِيرًا﴾ (الفرقان: ٢).

هەموو شتێکی بوونەوەر هەڵگری بەهایەکی گەردوونیی بەرزە وەك ئامرازێك بۆ بەدیهێنانی ڕەها، وەك چۆن ناکرێ مرۆڤێك لە مرۆڤێکی تر بەرزتر بێت مەگەر بە تەقوا و کاری چاك نەبێت، بە هەمان شێوە ناکرێ جیاکاری لەنێوان کات و شوێنەکانیش بکرێ، مەگەر لەسەر بنەمای ئەو سوود و بەهرەیەی کە هەیانە و پێی دەبنە ئامرازێك بۆ گۆڕانکاریی لە بوونەوەردا لەلایەن مرۆڤەوە بە پێی ئەو نموونە خوداییەی بە وەحی هاتووە. هیچ شتێکیش لە بووندا نییە کە بۆخۆی خراپ بێت.

دوو پرانسیپی سەرەتایی دیکە هەن لە ئیسلامدا کە تێزی دنیایی بوونی ئیسلام پشتڕاست دەکەنەوە، ئەوانیش بریتین لە: ئەخلاقیبوونی ئیسلام لە بواری کاردا و ڕوانگەی ئیسلام بۆ لێپرسینەوە و زیندووبوونەوە (ڕەستاخێزناسی و لێپرسینەوە – ئیسکاتۆلۆژی).

## ـ دنیاگەرایی و ئەخلاقیبوونی کار:

یەکتاپەرستی مرۆڤ پابەند دەکات بەوەی کارەکانی ئەخلاقییانە بێت، واتە پێوانەیەکی ڕەوشتییانەی وای هەبێت کە بەها و نابەها بەپێی ئەو سەرکەوتنە

کێشانە بکات کە بکەرێکی ڕەوشتمەند لە گۆڕینی ڕەوتی کات و شوێن و خۆی و دەوروبەردا بەدەستی دەهێنێت. کە ئەمە هیچ ناکۆکییەکی نیە لەگەڵ ئەوەی دەبێ نیازەکەشی ئەخلاقییانە بێت. بەڵام دەبێ پێداویستییەکانی وەك پێشمەرجێك بەدیهاتبن بۆ ئەوەی بڕواتە بواری جیبەجێکردنی هەموو ئەو پێداویستییانەی کاری ئەخلاقیی داوای دەکات.

واتە دەستوەردان لە ڕەوتی کات و شوێن، یا بڵێین گۆڕانکاریی لە بووندا ئەرکێکی ئەخلاقییانەیە بۆ موسڵمان، چونکە ئەو داوای لێکراوە بڕواتە گەرمەی مێژوو و گۆڕانکاریی پێویستی تێدا بکات، کەواتە موسڵمان ناتوانێت وەك ڕاهیبان بژی و لە خەڵك گۆشەگیر بێت، مەگەر وەك ڕاهێنانێك بۆ خۆگرتنەوە و کۆنترۆڵی خود، تەنانەت لەم حاڵەشدا ئەگەر کارەکەی ئامادەی نەکات بۆ سەرکەوتنێکی گەورەتر لە پرۆسەی کات و شوێندا، ئەوکاتە دەبێتە جۆرێك لە خۆپەرستیی نائەخلاقی، چونکە ئەو گۆڕانکاریی خود بە ئامانجێکی سەربەخۆ دەزانێت نەوەك بە ئامرازێکی ڕێخۆشکردن بۆ گۆڕینی جیهان.

لێرەدا با ئەوەمان بیر بێتەوە کە پێغەمبەر خووی گرتبوو بە ئیعتیکافەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆی خەڵوەت بکات و نەفسی خۆی کۆنترۆڵ بکات، بەتایبەت پێش ئەوەی سرووشی بۆ بێتە خوارەوە، تا ئەو جێیەی دەتوانین بڵێین سرووشی وەك ڕێزلێنانی ئەم خەڵوەتە بۆ هاتە خوارەوە، سۆفییەکان لایان وایە پەیوەستبوون بە زاتی خوداوە وەك ئەوەی لە ئەشکەوتی حیرا بۆ پێغەمبەری ئازیز حاسڵ بوو ئەوپەڕی خێرێکە کە مرۆڤێك لە ژیانی دنیادا بتوانێت بەدەستی بهێنێت. هاتنە خوارەوەی پێغەمبەر لە ئەشکەوتەوە بۆ مەککە، لەڕاستییدا نزمبوونەوەیە لە سەرووترەوە بۆ خوارتر، بەڵام ئێمە دەزانین کە خودا خۆی فەرمانی بە پێغەمبەرەکەی کرد نە تەنها دابەزێتە خوارەوە بۆ مەککە، بەڵکو بەوەی بەسەر نەیارەکانیدا لە تەکتیك و زیرەکییدا سەربکەوێت کاتێك پیلانی کوشتنیان دانا و

فەرمانیشی پێدا کە کۆچ بکات بۆ ئەوەی کۆمەڵگایەك بنیات بنێ و دەوڵەتێك دابمەزرێنێت و ژیانی ماددیی بۆ گەلەکەی دەوڵەمەند و تۆکمە بکات.[1]

ئەگەر وانەبایە محەممەدیش دەبووە مەسیحێکی تر و تەنها بیری لای جیهانی ڕووح دەبوو، خۆیشی ڕادەستی دوژمنەکانی دەکرد بۆ ئەوەی بیکوژن، ئەم ڕێگایەش بۆ ئەو زۆر ئاسانتر دەبوو لەوەی کە دواتر بە فەرمانی پەروەردگار بۆخۆی هەڵبژارد، بەڵام پێغەمبەرمان لەباتی ئەوە ڕووبەڕووی واقیعی سیاسی ئابووری و کۆمەڵایەتی بوویەوە و مێژووی دروستکرد، ئەو لەیەك کاتدا هاوسەر، باوك، بازرگان، بەخێوکەر، دەوڵەتمەدار، دادوەر، فەرماندەی سەربازی بانگخواز و پێغەمبەریش بوو.

ئەو سرووشەی بۆی دەهاتە خوارەوە یەکەمجار لای خۆی بەرجەستە دەبوو، چونکە ئەو قورئانێك بوو لەسەر زەوی دەڕۆیشت و هیچ شتێکیشی بەجێ نەهێشت کە دەستوور و ڕێنمایی لەسەر نەدابێت، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا مِنْ دَابَّةٍ فِي الْأَرْضِ وَلَا طَائِرٍ يَطِيرُ بِجَنَاحَيْهِ إِلَّا أُمَمٌ أَمْثَالُكُمْ مَا فَرَّطْنَا فِي الْكِتَابِ مِنْ شَيْءٍ ثُمَّ إِلَى رَبِّهِمْ يُحْشَرُونَ﴾ (الانعام: ٣٨).

ئیسلامیش مومکین نییە بوونی هەبێت بەبێ شەریعەت و بەبێ دەوڵەت و بەبێ دادگاگەلێك کە دادگەریی بەرپا بکەن، چونکە ئیسلام ئاینی کارە و کاریش بە سروشت بابەتێکی گشتیی و کۆمەڵخوازە، لە حاڵێکدا ئەخلاقیبوونی نیەت و نیاز تەنها پێویستی بە ویژدانی تاکەکەسە و هیچی تر.

- دنیاگەرایی و جیهانی دوایی لە ڕوانگەی ئیسلامییەوە:

بنەمای بەرایی دووەم سەبارەت بە دیگای ئیسلام بۆ شتە دنیاییەکان بریتییە لە بڕوا بە ڕۆژی دوایی، کە بێگومان دیدگای ئیسلام بۆ ڕۆژی دوایی لە ڕیشەوە جیاوازە لە دیدگای جوولەکە و مەسیحییەت، چونکە مەملەکەتی خواوەند لە

---

[1] AL Faruqi , :On the Raison d` etr of the Ummah”.

ڕوانگەی جوولەکەوە جێگرەوەی بارودۆخی عیبرییەکانە لە تاراوگە، مەملەکەتە ونبووەکەی داوودە کە جوولەکەی تاراوگە بە سۆز و تاسەوە لە کاتی یەخسیری و کۆیلایەتیدا بۆخۆیانیان وێنا کردووە.[1]

بەلام مەسیحییەت هەموو هەولێکی بنەڕەتییان بۆ ئەوەبوو کە دژی ڕەگەزگەرایی و زیادەڕەویی جوولەکە لە ڕوالەتگەرایی و ماددیگەرایی و خۆبەستنەوە بە خاك بوەستنەوە، بۆیە پێویست بوو کە مەسیحییەت بکۆشێت بۆ ئەوەی گیانی ڕۆحپەروەریی بکات بە بەر مەملەکەتی داووددا بە جۆرێك کە بەتەواوی لە دۆخی شوێن و کاتی ئەم دنیایە بیکاتە دەرەوە، لێرەوە مەملەکەتی خودا بووە ئاماژە بۆ جیهانێکی دیکە و ئەم جیهانەی دنیاش بووە شانۆیەکی کاتی بۆ قەیسەر و بۆ شەیتان و بۆ جەستە، لەو ڕووەوە کە:

" بۆخۆتان لەسەر زەوی گەنجینە کۆمەکەنەوە، لەو شوێنەی مێروو و ژەنگ خراپیان دەکات و دزەکان دیوار کون دەکەن و دەدزن، بەلکو لە ئاسمان گەنجینە بۆخۆتان کۆبکەنەوە، ئەو شوێنەی نە مێروو خراپی دەکات و نە ژەنگ و نە دز دیوار کون دەکات و نە دزییش دەکەن، چونکە لەو شوێنەی کە گەنجینەکەتی لێیە دلێشت هەر لەوێیە".[2]

بەپێچەوانەوە ئیسلام لەم ژیانی دنیایەدا تەنها دان بە بوونی یەك مەملەکەتدا دەنێت کە دووەمی نییە، ئەوەی پێویستە ببێ دەکرێ و دەبێ لە یەك کات و شوێندا بەدیبێت، ئەویش لەڕێی جێنشینایەتیی مرۆڤەوە لەسەر زەوی. کاتێکیش قیامەت هەلدەستێ و ئەم مەملەکەتە کۆتایی دێت وەك ئەوەی خودا بڕیاریداوە، تەنها یەك شت لە ئارادایە ئەویش یەکلایی کردنەوە و بڕیاری خودایە سەبارەت بە هەولّ و کۆششی مرۆڤ لەسەر زەوی و ئینجا سزاو پاداشت دێت. جیهانی دوایش

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[2] انجیل متی : ٦: ١٦-٢١.

نابێته جێگرەوەی ئەم مەنزڵی دنیایە، چونکە لەسەر کاری ئەنجامدراوی جیهانی دوایی نەپاداشت هەیە و نە سزا. ئەو شتەی بە تەقوا و بە کاری چاك بەدەستدێ پاداشتێکی بالآیە، نەك گۆڕینی مەملەکەتێکی خراپ بە مەملەکەتێکی باشتر، ئەمەیش هۆکارە بۆ ئەوەی دەرچوون لەم دنیایە بە سك هەڵگووشین و دنیانەویستی هەرگیز بە مانای چوونە ناو جیهانی دوایی نیە. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَابْتَغِ فِيمَا آتَاكَ اللَّهُ الدَّارَ الْآخِرَةَ وَلَا تَنْسَ نَصِيبَكَ مِنَ الدُّنْيَا وَأَحْسِنْ كَمَا أَحْسَنَ اللَّهُ إِلَيْكَ وَلَا تَبْغِ الْفَسَادَ فِي الْأَرْضِ إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْمُفْسِدِينَ﴾ (القصص: ٧٧).

خوای گەورە نەیفەرمووە: "داوای ماڵی ئاخیرەت بکە لەسەر حسابی دنیا " و فەرمانی پێنەکردووین کە پشت بکەینە ئەم ژیانی دنیایە و ڕێگەشی نەداوە کە ڕەچاوی نەکەین.

ئیسلام ئاینێکە بۆ دنیاداری و کات و شوێن، بەگوێرەی ئیسلام ئەو مەملەکەتەیە کە دەبێ ڕەهای تێدا بەرجەستە ببێ، ئەم کارەش بەمرۆڤ دەکرێ. تاقە مانای سەرکەوتنی کار یان سەرکەوتنی مرۆڤ لە کارەکەیدا بەپێی ئەو زمانەی کە قورئان باسی ئامانجی بوونی پێدەکات، ئەوەیە کە ئافەریدەکان بە مرۆڤ خۆی و ڕووبار و کێو و دارستان و کێڵگەکانی گەنم و گوند و شار و وڵاتان و گەلان بگۆڕدرێن. تەواو ڕوون و ئاشکرایە کە پڕکردنەوەی ئەم جیهانە نەك یەکێك لە ئەرکەکانی ئاین، بەڵکو کۆی ئەرکەکانی ئاینە بە تەواوی و ئامانجی سەرەکییەتی.[1]

ت ـ دنیاداریی ئیسلامیی و کۆششی ماددیی مرۆڤ:

ـ بکەری ئەخلاقی و خودی ئەو:

کە دەڵێین دنیاداریی ئیسلام مەبەستمان چییە بەپێی گوزارشتی دیاریکراوی ڕۆژانەمان؟

---

[1] لەمبارەوە بگەڕێوە بۆ سورەتی (الماعون).

واته موسڵمانی راستەقینە، نەك ئەو كەسەی تەنها بەناو موسڵمانە، ئەو كەسەیە كە شەریعەت دەبێتە چوارچێوەی كار و كردەوەكانی، دیارە هەندێك لە حوكمەكانی شەریعەت پەیوەستن بە تایبەتمەندییەكانیەوە، وەكو یاساكانی شەعائیر كە ئامانجیان كاركردنە لەسەر هۆشیاری مرۆڤ، یان جەستەی، ئەو ئاتاجییانەی كە كاریگەرییان لەسەر جەستە هەیە، دیارە ئاتاجی ماددین و تێركردنیان پێویستی بە كاركردی ئابووری هەیە، بەو مانایەی ئەو كەسە ئەوەی دەیتوانێت و زیاد لە پێویستییەكانیشی بەرهەم بهێنێت بۆ ئەوەی ئاڵوگۆڕی پێبكات بەوەی پێویستیەتی لە زیادەی كاڵا و پێویستییەكانی تر، كە خەڵكی دیكە بەرهەمیان هێناوە، بە جۆرێك كە خۆراك و پۆشاك و شوێنی نیشتەجێبوون و چاودێری تەندروستی پێویست بۆ خۆی دەستەبەر بكات، بەهای ئەخلاقیی مرۆڤ لەم بوارەدا بەپێی ئەو سەركەوتنەی بەدەستی هێناوە لەو كۆششەی لەسەر زەوی كردوویەتی، لەپێناوی بەدەستهێنانی بەهرەو نیعمەتگەلی خودا، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نُودِيَ لِلصَّلَاةِ مِنْ يَوْمِ الْجُمُعَةِ فَاسْعَوْا إِلَى ذِكْرِ اللَّهِ وَذَرُوا الْبَيْعَ ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ تَعْلَمُونَ (٩) فَإِذَا قُضِيَتِ الصَّلَاةُ فَانْتَشِرُوا فِي الْأَرْضِ وَابْتَغُوا مِنْ فَضْلِ اللَّهِ وَاذْكُرُوا اللَّهَ كَثِيرًا لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾ (الجمعة: ٩ – ١٠).

شەریعەت هەموو ئەو گرووپانەی دیاریكردووە كە دەشێت پشت بە كەسانی دیكە یان دەوڵەت ببەستن، كە بریتین لە ئافرەتان و نەخۆشان و خاوەن پێداویستیی تایبەت و بەساڵاچووان و منداڵان. كەواتە موسڵمانی پێگەیشتووی دانا و لەشساغ لە ڕووی شەرعەوە، بۆی نییە لەسەرشانی خەڵك، یان لەسەرشانی دەوڵەت بژی، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاءِ وَالْمَسَاكِينِ وَالْعَامِلِينَ عَلَيْهَا وَالْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ وَفِي الرِّقَابِ وَالْغَارِمِينَ وَفِي سَبِيلِ اللَّهِ وَابْنِ السَّبِيلِ فَرِيضَةً مِنَ اللَّهِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ﴾ (التوبة: ٦٠).

ڕەوشت و ئاکاری ئیسلامیی زۆر بە ڕاشکاویی دژ بە گەدایی و مشەخۆری و سەرباربوون لەسەر خەڵکی تر دەوەستێت، سوننەتی پیرۆزیش زۆر بۆنەی بۆمان تۆمار کردووە کە پێغەمبەری خودا (درودی خوای لەسەر) ستایشی ئەو کەسەی کردووە کە بۆ ڕزق و ڕۆزیی خۆی تێدەکۆشێ و لە هەمان کاتدا زەمی تەمبەڵیی کردووە.[1] شەریعەت دیاریکردووە کە دەوڵەت یان دەزگایەك چ کەسانێك بژێێنێت، کە بریتین لەوانەی کە توانای کارکردنیان نییە بەهۆی لاوازی جەستەیی، یان نەخۆشیی، یان پیریی، هەروەها منداڵ و ژن.

بگرە قورئان سەرکۆنەی ئەو کەسانە دەکات کە موحتاجن، بەڵام تێناکۆشن و بەدوای ڕزق و ڕۆزی حەڵالدا ناچن و ئۆباڵی ئەو لاوازییە ئابووریی و سیاسییە تێیکەوتوون دەخاتە ئەستۆی خۆیان، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ الَّذِينَ تَوَفَّاهُمُ الْمَلَائِكَةُ ظَالِمِي أَنْفُسِهِمْ قَالُوا فِيمَ كُنْتُمْ قَالُوا كُنَّا مُسْتَضْعَفِينَ فِي الْأَرْضِ قَالُوا أَلَمْ تَكُنْ أَرْضُ اللَّهِ وَاسِعَةً فَتُهَاجِرُوا فِيهَا فَأُولَئِكَ مَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ وَسَاءَتْ مَصِيرًا﴾ (النساء: ٩٧).

لەلایەکی ترەوە ئەو یاسایانەی پەیوەستن بە ئاگایی موسڵمانەوە وەك یاساکانی سرووت و شەعائیرەکان، ئەوە ناخوازن کە وەکو هەڵسوکەوتی تاکەکەسی ڕووت ئەنجام بدرێن و تەنها و تەنها چالاکییەك بن لە سنووری گۆڕینی دۆخی خودئاگایی مرۆڤەکەدا بوەستن، چونکە تەواو ئاشکرایە ئەو نوێژەی کە نەبێتە هۆی چاکبوونی باقی چالاکییەکانی نوێژکەرەکە و مامەڵەکانی لەگەڵ خەڵکی تر جوانتر نەکات، لای

---

[1] الاصبحي، أبو عبد الله مالك بن أنس، الموطأ، تحقيق محمد فؤاد عبد الباقي، القاهرة، دار إحياء التراث العربي (د.ت)، باب: ما جاء في التعفف في المسألة، ج٢، ص٩٩٧.

سەرنجڕاکێشە ئەو فەرموودانەی باس لە کار و هەوڵدان و دەستکاریی دارایی و کڕین و جوتیاری و جیهاد و خۆراك و خواردنەوە و جل و بەرگ و زانیاری و خوێندن دەکەن لە کۆی فەرموودەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر)، ڕووبەرێکی فراوان دەگرنەوە.

خودای گەورە هیچ بەهایەکی نییە، لە قورئاندا لەمبارەوە دەخوێنینەوە: ﴿اتْلُ مَا أُوحِيَ إِلَيْكَ مِنَ الْكِتَابِ وَأَقِمِ الصَّلَاةَ إِنَّ الصَّلَاةَ تَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنْكَرِ وَلَذِكْرُ اللَّهِ أَكْبَرُ وَاللَّهُ يَعْلَمُ مَا تَصْنَعُونَ﴾ (العنكبوت: ٤٥).

کەواتە ئامانجی گشتیی یاسا ئیسلامییەکان ئەوەیە کە بە شێوەیەك بڕواتە ژیانی ئەوانی دیکەوە کە کاریان تێبکات و بەرەو باشتر ئاڕاستەیان بکات، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ اللَّهَ اشْتَرَى مِنَ الْمُؤْمِنِينَ أَنْفُسَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ بِأَنَّ لَهُمُ الْجَنَّةَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَيَقْتُلُونَ وَيُقْتَلُونَ وَعْدًا عَلَيْهِ حَقًّا فِي التَّوْرَاةِ وَالْإِنْجِيلِ وَالْقُرْآنِ وَمَنْ أَوْفَى بِعَهْدِهِ مِنَ اللَّهِ فَاسْتَبْشِرُوا بِبَيْعِكُمُ الَّذِي بَايَعْتُمْ بِهِ وَذَلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ (١١١) التَّائِبُونَ الْعَابِدُونَ الْحَامِدُونَ السَّائِحُونَ الرَّاكِعُونَ السَّاجِدُونَ الْآمِرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَالنَّاهُونَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَالْحَافِظُونَ لِحُدُودِ اللَّهِ وَبَشِّرِ الْمُؤْمِنِينَ﴾ (التوبة: ١١١ – ١١٢).

پوختەی قسان ئەمەیە، کە کەسی موسڵمان تەواو پێچەوانەی کەسی ڕاهیبە، چ ئەو ڕاهیبە بوودایی بێت، یان مەسیحی، کە لە خەڵك گۆشە دەگرێت و تەنها بۆ خۆی دەژی، چونکە ڕزگاری و سەرکەوتن لە تێگەیشتنی ئەودا، بریتییە لەو حاڵەتی ئاگاییەی کە مومکینە ئەو بۆ خۆی بیخوڵقێنێت و هیچ کەسێکی تر نەتوانێت داوەریی بکات لەسەری.

لە بەرامبەردا دەستوەردان لە کاروباری ژیانی خەڵکی تر، بەمەبەستی ئاڕاستەکردنی چالاکییەکانیان بەرەو ئەو ئامانجانەی لە قورئان و سوونەتدا ڕوونکراونەتەوە، بابەتێکی زۆر گرنگە و موسڵمان وادار دەکات زیاتر حەزی لە ژیانی دەستەجەمعی و هاوبەشی ژیانی خەڵکی بێت، بەو بەڵگەیەی کە گەورەترین و پیرۆزترین حاڵەتی ئاگایی لە ئیسلامدا ئەو ساتە وەختە بوو کە پێغەمبەرمان محەمەد (درودی خوای لەسەر) بوو بە پێغەمبەر، ئامانجەکەشی ئەوە نەبوو کە بۆخۆی یان هاوڕێکانی چێژی لێوەربگرن، بەڵکو بۆ ئەوەبوو بیکاتە ئامرازێك بۆ دووبارە داڕشتنەوەی ژیانی هەموو مرۆڤایەتی.

ـ بکەری ئەخلاقی و ئەوانی تر: جارێکی تر ئەتوانین ئـەو یاسـایانەی پەیوەسـتن بەوانی ترەوە پۆلێن بکەین بۆ: ئەو یاسایانەی پەیوەندییان هەیـە بـە پێداویسـتییە جەستەییەکان، ئەو یاسایانەی پەیوەندییان هەیە بە هۆشیاریی و ئاگاییان، کە ئەم جۆرەی دووەم فەزایەك ڕووپۆش دەکات کە شیاوە ناوی بنێین مەودای پەروەردە و ڕاوێژ، چونکە موسڵمان بەرپرسیارە لە فێرکردنی هەموو ئەوانەی بەخێویان دەکـات و تەنانەت هەموو مرۆڤایەتیش، کە دەبێ بـەردەوام دڵسـۆزیان بـێ و ئامۆژگارییـان بکـات، هـەتاوەکو ژیانیـان ئـەو نموونـەی خوداییـە بەرجەسـتە بکـات، کـە مـرۆڤ بەرپرسیارە لە دروستکردنی.

یەك لەو بەڵگانەی بەردەسـتن لەسـەر شـکۆی موسـڵمانی ئـەخلاقیی کـە ئـەرکی پەروەردە و دڵسۆزیی بۆ موسڵمانان جێبەجێ دەکات ئەوەیە کە خوای گـەورە ئـەو ئەرکەی یەکسانکردووە بە سـەرکەوتن، کاتێـك کـە دەفـەرموێت: ﴿وَالْعَصْـرِ (١) إِنَّ الْإِنْسَانَ لَفِي خُسْرٍ (٢) إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُـوا الصَّـالِحَاتِ وَتَوَاصَـوْا بِـالْحَقِّ وَتَوَاصَـوْا بِالصَّبْرِ﴾ (العصر: ١– ٣).

فەرمان بە چاکە و ڕێگرتن لە خراپە بریتین لە پەروەردەکردن لە باڵاترین مانـا و بەروبوومـدا، ئامـانجی کۆتـایی هـەموو ئـەو کۆششـە پەروەردەییانـەی ئیسـلامیش بریتییە لە بەدەستهێنانی فەزیلەت و پایەداریی، چـونکە ئیسـلام ئاینێکـە کـە هـیچ نرخێك بـۆ دروشمگـەلی وەك (زانسـت بـۆ زانسـت) و (هونـەر بـۆ هونـەر) دانانێـت، ئەوەی ئیسلام ڕێزی لێدەگرێ، زانستی سوودبەخشـە، واتـە ئـەو زانسـتەی کـە ڕۆڵ دەبینێـت لـە بەهرەمەنـدبوون لـە خێروبێـری سروشـت و بەرهـەمهێنانی کـاڵا و خزمەتگوزارییەکانی بەراوەردەکردنی پێویستییەکانی مرۆڤ.

بۆیە دێین بۆ ئەو یاسایانەی سەبارەت بە ڕۆڵی مرۆڤ هاتوون، کە داوای لێکـراوە پێویستییە ماددیەکانی خەڵك بەدەستبێنن، جـارێکی تـر وایـن لەبـەردەم بـەیانێکی

قورئانیی گشتیدا، كه هەموو قەوارەی مرۆڤ دادەگرێتەوە، وەك ئەوەی له سوورەتی (الماعون) بینیمان.

خوای گەورە هەموو ئاینی بەستووە بە کەتەگۆری ماددییەوە، ئەم سوورەتە تا کۆتاییەکەی هەموو ئەو کەسانە ڕیسوا دەکات کە لاف ئیسلامەتی لێدەدەن، بەڵام دەبنە کۆسپ لەڕێی یارمەتی هەژاراندا، وەك بڵێیت پێوەری گشتی ئاین هاوتایە لەگەڵ هەوڵی موسڵمان بۆ نەهێشتنی ئاتاجییەکانی خەڵکی دیکە.

سەرەتای ئیسلامەتی نموونەیەکی کردەیی شایستەی بۆ ئەم دیدگا ئیسلامییە پێشکەش کردووین، کاتێك ئەبوبەکری سدیق جەنگ لە دژی ئەو هۆزانە ڕادەگەیەنێت کە پاش کۆچی دوایی پێغەمبەر وازیان لە پێدانی زەکات هێنا، ئەوەی سەرنجڕاکێشە ئەم هۆزانە تۆمەتبار کران بە هەڵگەڕانەوە لە ئاین، وەك بڵێی ئەوان خودی ئاینی ئیسلامیان ڕەتکردبێتەوە، چونکە ئەبوبەکر بە پەیڕەوی لە پێغەمبەر واتێگەیشتبوو کە ئاین و نەهێشتنی ئاتاجی خەڵك یەك واتایان هەیە.

وێڕای ئەوەی وتمان، ئیسلام گرنگییەکی زۆری بە هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ داوە، چ نێر و چ مێ و یاسای ڕێکخەری ئەم لایەنانەی هەموو تێدایە و سیستەمە کۆمەڵایەتیەکەشی بەرمەبنای چەند یاسایەکی دیاریکراو بنیاتناوە، بۆیە لە سۆنگەی هەموو ئەم دراوانەوە، دەگەینە ئەو بەرەنجامەی کە هەوڵی ئابووری و بەهرەمەندبوون لە بەرهەمەکانی لە ڕوانگەی ئیسلامەوە، ئامانجی یەکەم و کۆتایی ئەخلاقییبوونە، ڕاستییەکەی ئەوەیە ئیسلام عەقیدەیەکە کە بەرنامەکەی یاسایەکی دابەشکردنی سامانی وای پێداوین کە بتوانین ژیانی خۆمانی پێ ڕێکبخەین.(١)

---

١ صقر، محمد، الاقتصاد الاسلامي، جدة، المركز العالمي لأبحاث الاقتصاد الاسلامي، ١٩٨٠.

**ـ دنیادارییی و مرۆڤی ئابوورییخواز:**

له ڕوانگەی ئەوەی وتمان، ڕوون دەبێتەوه ئەو پرسیارەی کە: ئایا دەکرێ مـرۆڤ بە پێی هەوڵە ئابورییەکەی پێناسە بکرێ؟ وەڵامەکەی بێگومان (بەڵێ)یـە، چـونکە مرۆڤ لەڕاستییدا بوونەوەرێکی ئابوورییە، بەڵام نەك بەو مانایـەی کـە مـاکس فیبـەر مەبەستی بووە، کە پێی وابووە مرۆڤ ملکەچی چەند یاسایەکی ئابووریی ڕەهایە کە هەژموونیان بەسەر چالاکییەکانیەوە هەیە. لەبەرئەوەی یاسـا ئابوورییـەکان ڕەنگـە لـە خۆیانـدا ڕەهـابن، بـەڵام ئـەو نموونـە ئابوورییـەی کـە مـرۆڤ ژیـانی خـۆی بـۆ تەرخاندەکات دەبێتە ئەو بژاردە تایبەتەی کـە ویسـتوویەتی، چـونکە مـرۆڤ ئـازادە لەوەی ژیانی خۆی بەپێی ئەو نموونەیە بەڕێوە ببـات کـە لـەناو چـەند نموونەیـەکی ئابووریـدا هەڵیدەبـژێرێت، مـرۆڤ بوونـەوەرێکی ئابوورییـە، واتـە هـەر ئـەو نموونـە ئابوورییـەی دەیکاتــە دەســتووری ژیـانی، دەبێتــە جیاکــەرەوەی سروشــتی ئــەو چوارچێوەی پێناسەکردنی ئەو بۆ خۆی.

هەر لەسەر ئەم بنەمایە، ئیسلام ئاینی بە ڕێگای ئاڕاستەکردنی ژیانی سەرزەوی داناوە و ئاینیش کارێکی نیە جگە لە بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە نەبێ، ئاین کەواتە یەکێکە لە ڕەهەندەکانی ژیانی دنیا و کاتێك جێگیر دەبێ کە مرۆڤ لە ژیانیدا پابەند بێ بە ئەخلاقیبوون، واتـە بـەو بەرپرسـیارێتییەوە کـە خـوا فـەرمانی پێـداوە و بـە حوکمی جێنشینایەتی خراوەتە ئەستۆی لەبەرامبەر خۆی و سروشت و کۆمەڵگاوە، بە پێچەوانەی ئاینەکانی دیکە، کە جگە لەم دنیایە بۆ خۆیـان چـەندین مەملەکـەتی دیکـەیان بنیاتنـاوە و لـەودیو ئـەم دنیایـەوە حـوکمڕانی تیـا دەکـەن، ئیسـلام ڕایگەیاندووە کە مرۆڤ بۆخـۆی هـەناوی ئـەم زەوییـە و ڕۆحـی ئـەم ژیانەیـە، لەبـەر ئـەوەی سـەرکەوتن و شکسـتی و زیانبـاربوون لـە ژیـانی ئـەم هەسـارەی زەوییـەدا دەستکردی ڕووکرد و کـارە ئاڵوگۆڕکراوەکـانی نـاو مرۆڤەکانـە، نـەك بـە نـاوەڕۆکی تیۆریی ڕووتی دنیا، یان بە کاڵا بێنرخە ئابوورییەکان.

بۆنموونە ئەو کەسەی لە دارستان دەژی، ئەگەر باقی دانیشتووانەکەی ئازاد بن، بەختەوەری و بەدبەختییەکەی بەوەنییە کە چەندە هەوا، ئاو، گەڵا، لق و درەختی پێدەدەن، بەڵکو بەوەیە کە چەندە ئازادانە پێکەوە ڕاو دەکەن و چەندە پێکەوە تەختە بەکاردەهێنن بۆ خانوو دروستکردن، یان چەندە پێکەوە ئاو دەهێنن بۆ خانووەکانیان. بە دەربڕینێکی تر، ئەگەر کۆمەڵە خێرخوازییەکان بیانەوێ ببنە ئامرازێکی ئاینی لەپێناوی خۆشگوزەرانی مرۆڤایەتی، دیسان هەر دەبێ ئامانجێکیان هەبێ کە خاوەنی نرخی ئابووری بێت.

سەرکەوتنی ژیانی ئەم دنیایە بەدی دێت یان نامێنێت بەپێی جۆری ڕەفتاری ئابووریی مرۆڤ، ڕازی هەوڵدانی ئاین بۆ ڕێکخستنی ئەم ڕەفتارە هەتا ملکەچی یاساکانی ئەخلاق و بەرپرسیارێتی بێت هەر ئەمەیە کە وتمان، کەواتە سروشتییە بەو دیگا ئیجابییە ناوازەیەی سەبارەت بە جیهان هەیەتی، ئیسلام تێبکۆشێت بۆ ڕێکخستنی ژیانی مرۆڤایەتی، بە جۆرێك کە نموونە خواویستەکەی بەرجەستە بکات، لەم ڕووەوە حیکمەتی ئیسلامی دەڵێت: ئاین مامەڵەکردنە.[١]

## دووەم: جیهانگیریی سیستەمی ئابووریی ئیسلامی:

ناوازەیی ئیسلام لەناو هەموو ئاین و بڕواکانی جیهاندا لەوەدایە کە جەخت دەکاتەوە لەسەر باشکردنی باری ماددی و پێویستبوونی، ئەم هەڵوێستەش لەبەر خاتری بەرژەوەندیی گرووپێکی دیاریکراو نییە، یان بۆ ئەوە نییە گرووپێك قازانج بکەن و خەڵکی تر نەیکەن، چونکە خودا فەرمانیکردووە بە مرۆڤ و هانیداوە کە

---

[١] لە هەندێك کتێبی فەرموودەی پیرۆزدا وەك فەرموودەی پێغەمبەر هاتووە، بەڵام توێژەران بە لاوازی دادەنێن.

بارودۆخی ماددی خۆی بگـۆڕێ و تێبكۆشـێ بـۆ ژیـانی خـۆش و سـوودوەرگرتن لـە سروشت، هەموو خەڵكیش بانگهێشتكراون بۆ ئەوەی چێژ لە خۆشییەكان وەربگرن.

ئاشتی ئیسلامیی جیهانیی مانایەكی نابێت ئەگەر ژیانێكی بەختەوەرتر بۆ هەموو مرۆڤایەتی دەستەبەر نەكات و بانگەشەی هەرچی بكات تـەنها وەك دروشمـی بـۆش دەمێنێتەوە ئەگەر هەوڵنەدات هەلومەرجی ژیانی پەیڕەوانی باشتر نەكات و نەیكاتە واقیع، تەنانەت هیچ پاساوێك بۆ بوونی نابێت ئەگـەر بـاری ڕۆحیـی، یـان سیاسـیی مرۆڤێك نەگۆڕێت لەو بارە دژوارەی هەیەتی، لە ڕوانگەی ئیسلامەوە كە باری ماددی و ڕۆحیی پێكەوە بەستراون، واتە دەبێ گـۆڕان بـەرەو باشـتربوونی بـاری ڕۆحیـی و سیاسی بۆ هەمووان ئەو دەرهاویشتەی هەبێ كە كاریگەریی لەسەر ژیانی ماددی بە شـێوەیەكی بەرچـاو دابـنێ، واتــە هــەر ناتــەبایی و كەموكورتییــەك لــەمبارەوە باشتربوونی سیسـتەمەكە هـەمووی هەڵدەوەشـێنێتەوە و دەیشـێوێنێت، بەتایبـەت بنەمای تەوحید، چونكە یەكتایی و بێوێنەیی و بالاتربوونی خودا ڕێگا بە هیچ جۆرە جیاكارییەك لەنێوان مرۆڤەكاندا نادات، هەرهـەموویان لـەژێر چـاودێریی خـودادان و هەرهەموویان ملكەچی پێوانـە ئەخلاقییـە خوداییەكـەن، یـا بڵـێین هـەر هـەموویان شایستەی ئەوەن كە سەربەخۆ لە هەوڵە تاكە كەسییەكانیان لە نیعمەتەكانی خـودا بەهرەمەند بن[١].

لەم پێشـەكییە لۆجیكییـە درێـژەی نـاوەڕۆكی ئیسـلامیی سیسـتەمی ئـابووریی دەگەینە دوو بنـەمای بنـەڕەتی، یەكـەمیان: پێویسـتە هـەر تـاك و گرووپێـك خـۆی بــەدوور بگرێــت لــە چەوســاندنەوەی هــەر تــاك و گرووپێكــی تــر. دووەم: بــەهیچ شێوەیەك نابێت هیچ گرووپێك خۆی بەدوور بگرێت لە بـاقیی گرووپـەكانی ڕەگـەزی مرۆڤایەتی و نابێت لێیان جیا ببێتەوە، بەمەبەستی ئەوەی چالاكییە ئابوورییەكـەی

---

1 AL Faruqi,Ismail Raji.”Divine Transcendence and its Expression”, World Faiths,No.107.Spring 1979.

تایبـەت بێـت بـەخۆی، جـا ئەمـە لەبـەر دەوڵەمەنـدیی بێـت یـان موحتـاجیی هـیچ جیاوازییەکی نییە.

سروشتی مرۆڤبوون وا دەکات لە موحتاجەکان کە حەزیان لێیە ئەو بەربەسـتانە نەمێنن کە لە نێوان ئەوان و هاوبەشیی دەوڵەمەندان هەیە بۆ ژیان، کەواتـە ناشـێت هەژارەکان هەوڵی گۆشەگیریی لەوانی تر بدەن یـان گۆشـەگیریی بکـەن بـە پیشـە، ئەگەر کارێکی وەهاش بکەن ئەوە بە بڕیاری ئـەوان وەك جـەماوەری زەحمـەتکێش نەبووە بەڵکو بڕیاری فەرمانڕەواکانیان بووە بە قازانجی کەمینەیەك لەوان، چـونکە جـەماوەر لـەم حاڵەتـەدا لایـەنی چەوساوەیە و گۆشـەگیرییان دەبـێ کـاتی بێـت و هێندەی پـێ ناچـێت دەبێتـە هـۆی شـۆڕش. لـە حاڵەتەکـەی تـردا کاتێـك گرووپـی گۆشـەگیر دەوڵەمەنـدەکان بـن، بڕیارەکـە دیـارە هـی دەسـەڵاتدار و گـەل بـووە و ئامانجەکەشی ئەوەیە کە خۆشگوزەرانیی هـەر بۆخۆیـان بێـت و نەگوێزرێتـەوە بـۆ ئـەوانی تـر، کـە ئەمـە واتـە خۆپەرسـتیی[1] و لـەم حاڵەتـەدا گرووپێـك بـە هـەموو تاکەکانیەوە ئەنجامی دەدەن، ئەم دۆخەیش دیاردەی زاڵ بووە لە مێژوودا.

ئەم دیاردەیە بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی بەربڵاوترین بـووە و لـە سـەردەمی ئێستادا نموونەی ترسناکی هەیـە، سـەردەمی داگیرکـردن بـە هـەردوو شـێوازەکەی کلاسیکی و نوێ و ئیمپریالیزم. بۆ نموونە ئەورووپییەکان ڕێگەیان بەخۆیاندا ئاسـتی ژیانیـان زۆر بـەرز بکەنـەوە لەسـەر حسـابی هێـزی کـاری هـەرزان و سەرچـاوەی سروشتیی ئەفەریقا و ئاسیا، دواتر وڵاتە یەکگرتووەکانیش هەمان ڕێچـکەی ئـەوانی گـرت و جیهـان بـوو بـە دوو بەشـەوە: بـاکووری دەوڵەمەنـد و باشـووری هـەژار. چەوساندنەوەی ئیمپریالیزم بۆ ئاسیا و ئەفەریقا بۆ ماوەی زیاتر لە سەدەیەك بووە

---

[1] بۆ نموونە ئەو باج و سەرانە و گومرك و یاسای کۆچەی دەوڵەتانی ئەمڕۆ دایدەنێن، چونکە لە بڕوای ناسیۆنالیستی ئەواندا بەدەق هاتووە کە هەر گەلێك بەرژەوەندیی خۆی بخاتە سەر بەرژەوەندیی هەموو مرۆڤایەتییەوە و بەس با لەسەر حسابی مرۆڤایەتیش بێت.

هۆی ئەوەی وڵاتە سەرمایەدارییەکان پارەی دانراوی زۆر زۆریان هەبێت کە بتوانن گەشە بە پیشەسازیی خۆیان بدەن، واتە هەرگیز ڕێی تێنەدەچوو ئەم شۆڕشە تەکنیکییەی ئێستای خۆرئاوا ڕووبدات ئەگەر عەرەقی ناوچەوانی ملیۆنەها خەڵکی ئەفەریقا و ئاسیا لە کێڵگە و کانەکان نەبوایە و باری بێ هەژمار کەشتیی لە سامانی کەرەستەی خاو و کانزا و نیمچە ئامادەی وڵاتانی ئەفەریقا و ئاسیا نەگوێزرایەتەوە بۆ ئەورووپا و ئەمەریکا.[(١)]

ئەمە هەمووی پێچەوانەی ئیسلامە بە بەردەوامی، بنەمای یەکەمی ئەخلاقی ئیسلامی ئەوەیە کە هەموو مرۆڤێك لە بەرووبوومی کارەکەیدا مافی هەیە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا لَهَا مَا كَسَبَتْ وَعَلَيْهَا مَا اكْتَسَبَتْ﴾ (البقرة: ٢٨٦).

بێبەشکردنی مرۆڤ لە شایستەکانی دەستدرێژییە و خوای گەورە دەیبوغزێنێت و ستەمێکی گەورەیە و دەبێ ستەمکار سزا بدرێ و قوربانییەکەش قەرەبوو بکرێتەوە، ئەگینا نەفرین و سزای خودایی لە دنیا و ئاخیرەتدا یەخەی دەگرێت.

هێزی خودا بێسنوورە، ڕەنگە بەچەند شێوە سزای تاوانکارەکە بدات، بەڵام خودا بۆ خۆی هۆکارەکان دادەنێ و دەرئەنجامی گونجاوی پڕاوپڕیان لێدەخاتەوە.

دەستدرێژیی و ستەمگەریی کینە و ناڕەزایەتییان لێ پەیدا دەبێت و دەبنە مایەی شۆڕشی وێرانکەر کە هەرکاتێك تەقیەوە ستەمگەران و دام و دەزگاکانیان بەرباد دەکات و هەرچیشیان دروستکردووە تەفروتونا دەکات. سەدەی بیستەم زۆری لە شۆڕشی هەژاران و بێنەوایان لە دژی سەرمایەدارانی بەخۆوە دیوە و بە دڵنیاییەوە سەدەی بیست و یەکەمیش شۆڕشی زیاتر دەبینێت.

---

[1] Abd Allah , Ismail , Word Chaos or a New Order.A Third World View “*World Faiths and the New World Order*”, eds. Joseph Gremillion and William Ryan, Washington: The Interreligious Peace Colloquium , 1978,pp.48-68.

یاساکانی ئاوەدانی وەك ئەوەی كە مێژوونووسان باسی دەكەن زۆر جیاوازییان نیە لە یاساکانی خودا لە سروشتدا. بۆ نموونە كە توێژێك لە كۆمەڵ دەوڵەمەند دەبێ و وەك گرووپێکی خۆپەرست لە دەرودراوسێکانی جیا دەبێتەوە و گۆشە دەگرێ بۆ ئەوەی دەوڵەمەندییەکەی بپارێزێت، ئیدی هەنگاو بەرەو تیاچوونی خۆی دەنێت، جا چ لە ناو كۆمەڵگایەکی دیاریکراو، یان چەند كۆمەڵگایەك، یان لەسەر ئاستی كیشوەرێك، یان هەموو جیهان بێت هیچ جیاوازیی نییە، ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەگەر کاریگەریی ئەم یاسا كۆمەڵایەتییە لە ڕابردوودا دەرنەکەوتبێ لەبەر خاویی ئامێرەکانی پەیوەندیی و گواستنەوە و خەڵك وایان زانیبێت كە هەندێك كۆمەڵگە دەتوانێت بەدوور لەوانی تر پارێزگاریی لە سامانەکەی بکات، ئەوا ئێستا بارودۆخ گۆڕاوە. ئێستا پەیوەندیی متمانەی ئاڵوگۆڕکراوی نێوان ئابووریی دەوڵەتان هاوشێوەی پەیوەندیی ئابووریی دەستە و گرووپەکانە لەناو خۆیاندا، واتە لەمەولا مومکین نییە هیچ یەكێكیان سامان و سەربەخۆیی خۆی بەجیا لەوانی تر بپارێزێت، تەنانەت بۆ ماوەیەکی كەمیش لە کات. كەسانی وەك ئیبن خەلدوون و شپنجلەر و توینبی ئەو ناوبانگەیان لەوەوە بەدەستهێناوە كە تیشکیان خستۆتە سەر ئەم یاسا بنەڕەتییەی ژیانی مرۆڤ، كە هەر كەسێکی ئاسایی لە میزۆپۆتامیا لە سەدەکانی كۆندا زانیویەتی، بەڵام بە ڕوانگەیەکی ئاینیی و گەردوونی، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا أَرَدْنَا أَنْ نُهْلِكَ قَرْيَةً أَمَرْنَا مُتْرَفِيهَا فَفَسَقُوا فِيهَا فَحَقَّ عَلَيْهَا الْقَوْلُ فَدَمَّرْنَاهَا تَدْمِيرًا﴾ (الاسراء: ١٦).

لەم بارەوە عومەری كوڕی خەتتاب كە ناسراوە بە فاروق، زۆر دووربین بووە، چونکە هەرکە ئاشتی و ئاسایشی لە هەرێمەکانی دەوڵەتی ئیسلامیی نوێ بەرقەرار كرد، بە یەكجار هەموو سنوور و بەربەست و خاڵێکی گومرکی و لەمپەرێکی بەردەم بازرگانی لابرد، دە ساڵ پێش ئەو پێغەمبەری خودا ئەو ڕەوشە زۆر و زەبەندانەی لابردبوو كە هەر هۆزێك لە بەرامبەر هۆزەکانی ترەوە بۆ كۆنترۆڵی بازرگانی

دابنابوو، هەتا سوودێکی باشتر بکات، بەم پێیە نیوەدوورگەی عەرەبی توانی گەشە بکات و کێبڕکێی ئیمپراتۆرییەکانی دنیا بکات و سوپایەکی بەهێزی وا ئامادە بکات کە بەرگری لێبکات، بازرگانیش ئەو دەرفەتەی بۆ ڕەخسا کە ئازادانە لە وڵاتانی هیلالی بە پیت و باکووری ئەفەریقا و زەریای هیندی و خۆرهەڵاتی دووردا بجووڵێت، بگرە یاساکانی شەریعەت لە واقیعدا ڕێگەیدا بە کاڵا بازرگانییەکان لە ئیمپراتۆری بیزانسەوە کە هێشتا هەر دوژمنی دەوڵەتی ئیسلامی و هاوڵاتیانی بوو هاوردەی بکرێ بۆ هەرێمەکانی دەوڵەتی ئیسلام و بە پێچەوانەشەوە، متمانەی ئاڵوگۆڕکراو یەکێك بوو لە ڕاستییەکانی بازرگانیی نێودەوڵەتی وەك چۆن ڕاستییەکی هۆشیاریی ئاینیی ناو موسڵمانان بوو.

موسڵمان بڕوای وایە کە لە ئەنجامدا چارەنووسی ئابووریی گرووپەکان، نەتەوەکان و تاکەکان تەنها بەدەستی خودایە، موسڵمان ئەم دەستکارییە خوداییەی بارودۆخی ئابووریی ناوناوە (رزق). لە زۆر شوێنی قورئانیشدا دەخوێنێتەوە کە تەنها خودایە بۆ هەر کەس بیەوێ ڕزقەکەی زیاد دەکات، یان تەنگی دەکات، هەر خودایە کە هەرچی بووێت دەیکات و کەسیش ناتوانێت دەست و دەم بخاتە ویست و خواستیەوە، کە ئەمەش لوتکەی دادگەرییە.[1]

موسڵمان بە هەستە ئەخلاقییەکەی فێر بووە کە خودا تۆزە مسقاڵێکیش ستەم لە کەس ناکات و بە هەموو کەس و گرووپ و نەتەوەیەك شایستەکانیان دەبەخشێت، پوختەی قسە ئەوەیە کە دەرەنجامی بڕوا بەخودا بریتییە لە دڵنیایی تەواو لەوەی کە ڕزق و ڕۆزیی هەموو بەدەستی خودایە، لە بەرامبەردا نەبوونی دڵنیایی لەمبارەوە واتە مرۆڤ بڕوای بە تاك و تەنهایی خودا و باڵاتر بوونی خودا و

---

[1] سەرنجی وشەی (رزق) بدە لە: برکات، المرشد الى آيات القرآن الكريم.

گەڕانەوەی هەموو شت و کەسێك بۆ لای خودا نیە، واتە کەوتنە ناو شیرك و هاوتاپەرستییەوە.[1]

مانای ئەم پرۆژەیە ئەوەیە کە موسڵمان بە حوکمی بڕواکەی، پێی خۆشە ئەو سیاسەت ئابوورییە پەیڕەو بکات کە لەسەر ئازادیی بازرگانی دامەزراوە، کەواتە بەلایەوە قەدەغەیە کۆسپی دەستکرد لەبەردەم بازرگانیی ئازاددا دابنێ، بە کورتی ئەگەر ئامانجی سیاسەتی خۆپاراستن بریتییە لە پاراستنی کشتوکاڵ و پیشەسازییەکی دڕۆینە کە هیچ مەرجێکی مرۆیی و ماددی پێویستی تیا نیە، لەڕاستیدا ئەمە تەواو ناکۆکە لەگەڵ دیدی موسڵماندا کە هەموو جیهان بە ملکەچی شەرعی خوا دەزانێت.

لەگەڵ ئەوەشدا بڕوای موسڵمان وای لێدەکات ئازار بچێژێ و خوێنی بێتە جۆش هەر کە ببینێت ئەم بنەمای ئازادییە بازرگانییە خراپ بەکاردێت بۆ ئیحتیکار و ئیستیغلال، هەر کاتێکیش بەڵگەی تەواو هەبوو دژی بەڵێندەرانی بێ ویژدان ئەوا دادگای ئیسلامیی بە پاڵپشتی نەتەوەی موسڵمان مامەڵەیان لەگەڵ کارەکەیان دەکات وەك دوژمنایەتی فەرمانی خوا هەژماری دەکات.

ئەم پرسە ئەمڕۆ پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە بەو ناکۆکییەی نێوان دەوڵەمەندان و هەژارانەوە.

یەکێك لە بێزراوترین شتی ئەم سەردەمەی ئێمە هەموو ئەو کۆتوبەند و وەرگرتنی ڤیزەیەیە کە وڵاتانی دەوڵەمەند سەپاندوویانە لەلایەکەوە بەسەر مرۆڤەکاندا بۆ چوونە ناو و بۆ وەرگرتنی ڕەگەزنامە و لەلایەکی ترەوە بۆ هەناردنی

[1] AL Faruqi , article "Is a Muslim Definable in Terms of His Ecocnomic Pursuits"? In:Ahmad Khurshid and Ansari, Zafar I. (eds). Islamic Perspectives : Studies Honor of Mawlana Sayyid Abu al Ala Mawdudi , Leicester: The Islamic Founations , 1399/1979.p183 ff.

کالاّ و کەلوپەل و پارە و گواستنەوە و بۆ کۆچکردنی هەژاران و بلاّوبوونـەوەیان لـە زەویدا بەمەبەستنی بەدەستهێنانی ڕۆزی لەو ڕێگایەوە کە خوا بۆی دیاریکردوون.

## سێیەم: ئیتیکی بەرهەمهێنان:

خوای گەورە مرۆڤی بۆ پەرستنی خۆی ئەفراندووە و کردوویەتی بە جێنشین بـۆ جێبەجێکردنی فرمانەکانی لە زەویدا و لەم بوونـەوەرەدا هـەموو شـتێکی خسـتۆتە ژێربـاری و بەڕاشـکاوی فـەرمانی پێـداوە بەزەویـدا بگـەڕێ بـەدوای ڕزق و ڕۆزیـدا، هـەتاوەکو لـە سروشـت بەهرەمەنـد ببێـت و چـێژی لێوەربگرێـت، خـوای گـەورە دەفەرموێت: ﴿فَـإِذَا قُضِـيَتِ الصَّـلَاةُ فَانْتَشِـرُوا فِـي الْـأَرْضِ وَابْتَغُـوا مِـنْ فَضْـلِ اللَّـهِ وَاذْكُرُوا اللَّهَ كَثِيرًا لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾ (الجمعة: ١٠).

خوای گـەورە بـەڵێنی داوە کـە خـۆی و پێغەمبەرەکـەی دەسـتکەوتەکانی مـرۆڤ لەسەر زەویی ڕەچاو بفـەرموێت وەك ڕێزلێنانێـك لـەو، خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿وَقُلِ اعْمَلُـوا فَسَـيَرَى اللَّـهُ عَمَلَكُـمْ وَرَسُـولُهُ وَالْمُؤْمِنُـونَ وَسَـتُرَدُّونَ إِلَـى عَـالِمِ الْغَيْـبِ وَالشَّهَادَةِ فَيُنَبِّئُكُمْ بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ (التوبة: ١٠٥).

قورئان ئەوەش ڕووندەکاتـەوە کـە نیشـانەکانی جێنشـینیی مـرۆڤ لەسـەر زەوی زۆرن، لەوانە، کارکردنی ئەو، بەرهەمهێنانی خۆراك، چاککردن و هەموارکردنی خاك، بنیاتنـانی گونـد و شـارەکان، پێشکەشـکردنی خزمەتگوزارییـەکان، دامەزرانـدنی کەلتوور و شارستانێتی، خستنەوەی وەچـەی کـوڕان و کچـان بـۆ مانـەوەی جـۆری مرۆڤ و پەروەردەکردنیان، خوای گەورە دەفـەرموێت: ﴿وَهُـوَ الَّـذِي جَعَلَكُـمْ خَلَـائِفَ الْأَرْضِ وَرَفَعَ بَعْضَكُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَاتٍ لِيَبْلُوَكُمْ فِي مَا آتَـاكُمْ إِنَّ رَبَّـكَ سَـرِيعُ الْعِقَـابِ وَإِنَّهُ لَغَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ (الأنعام: ١٦٥).

سەرەنجام خوای گەورە هەموو ئەم کارانەی داناوە بە ستوونی پەرستنی خۆی و هەموو ئایندارى بەگشتی، تەنانەت بە ئامانجی کۆتایی بوون و بوونەوەر، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَهُوَ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ وَكَانَ عَرْشُهُ عَلَى الْمَاءِ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا وَلَئِنْ قُلْتَ إِنَّكُمْ مَبْعُوثُونَ مِنْ بَعْدِ الْمَوْتِ لَيَقُولَنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا إِنْ هَذَا إِلَّا سِحْرٌ مُبِينٌ﴾ (هود: ٧).

کەواتە ڕوون و ئاشکرایە کە مرۆڤ فەرمانی پێدراوە کە بەرهەمهێن بێت، لە هەموو بووندا ئاینێك یان ئایدۆژییایەك نییە بە ئەندازە و بەهێزی ئیسلام مرۆڤی لەسەر کارکردن هاندابێت.[1]

کاتێك پێغەمبەری خودا کۆچیکرد بۆ مەدینە، یەکسەر داوای لێکردن برایەتی بکەن لەگەڵ ئەو کۆچبەرانەی هاتوون بۆ لایان و پەنایان وەرگرتووە لە دەستی سزادان و کوشتن لەلایەن دوژمنەکانیانەوە لە مەککە، کۆچبەرەکان لە هەڵوێست وەرگرتن لەم برایەتییە بوون بە سێ دەستەوە:

یەکەم: کە زۆرینە بوون قبوڵی دڵنەوایی ئەنسارەکانیان کردو بوونە هاوبەشیان لە سامانیاندا لەباتی ئەوەی پشت بەخۆیان ببەستن و سەرلەنوێ دەست پێبکەنەوە.

دووەم: ژمارەیەکی کەمینە کە پێیان باش بوو قەرزێکی بچووکیان لێوەربگرن تا بیکەنە سەرەتایەك بۆ پشت بەخۆبەستن، تاوەکو پاش باشتربوونی حاڵیان بیدەنەوە.

---

[1] هاندان لەسەر کاری چاك بەڕاشکاویی و بە ناڕاستەوخۆ لە هەموو ئایەتەکانی قورئاندا هاتووە، بۆ نموونە ڕەگی (ع م ل) بە هەموو شێوەکانیەوە (٣٤٧) جار هاتووە، ئەم وشەیە لە تەنیشت وشەی (الصالحات) بە ڕێژگەی رابردووە، یان رانەبردوو، یان داخوازی بەتاك یان بە کۆ (٢٩) جار هاتووە، بڕوانە ڕەگی (ع م ل) لە کتێبی: عبد الباقي، المعجم المفهرس لألفاظ القرآن الكريم.

سێیەمین گرووپ کە پێغەمبەری خودا زۆر ستایشی کردن ئەوانە بوون کە لەبەر نەفسبەرزییان قبووڵی هیچ هاوکارییەکیان نەکرد و خۆیان بەبێ سەرمایە و کەلوپەلی ئیش ڕوویان کردە دەشت و بیابان بۆ کۆکردنەوەی چیلکە و چەوێڵ بارەداریان دەنا لە شانیان و دەیانهێنا بۆ مەدینە بۆ فرۆشتن، تا وەکو کەم کەم پێگەیەکی شایانیان بۆخۆیان و پاشان پێداویستییەکانیان دابین کرد.[1]

ئیسلام دەخوازێت قەوارەی بەرهەمهێنان تا دەکرێ بەرزبێتەوە و چاوەڕێیە کە هەر مرۆڤێك زیاتر لە پێداویستییەکانی بەرهەم بهێنێت و خزمەتگوزاریش زیاتر لەوەی وەریدەگرێ پێشکەش بکات، سووربێت لەسەر ئەوەی پیاو بێت، یان ژن، لە کۆتایی ژیانیدا لە هەژماری کۆتایی کارەکانیدا سوودێکی پوختەی وای لە تەرازووی کارەکانیدا هەبێت کە بەشداری ئەو لە بوونەوەردا دەربخات، چونکە خوای گەورە لە ڕەستاخێزدا فەرمان دەدات بە هەر مرۆڤێك کە تۆماری کردەوەکانی بخوێنێتەوە و پاساو بهێنێتەوە بۆ کردەوەکانی لە ژیانی سەرزەویدا، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿وَكُلَّ إِنْسَانٍ أَلْزَمْنَاهُ طَائِرَهُ فِي عُنُقِهِ وَنُخْرِجُ لَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ كِتَابًا يَلْقَاهُ مَنْشُورًا (١٣) اقْرَأْ كِتَابَكَ كَفَى بِنَفْسِكَ الْيَوْمَ عَلَيْكَ حَسِيبًا﴾ (الاسراء: ١٣ – ١٤).

خوای گەورە هەرگیز کەسێك بە باشی وەرناگرێت ئەگەر لە دنیادا هێندە بەرهەمی کاری نەبێت کە تەنها بەوەندە شایەتی بدات لەسەر خۆی کە بڵێت: من بە تۆشە بەتاڵیی هاتووم، بگرە مایەپووچی شکست خواردوو ئەو کەسەیە کە خوا لێی تووڕە دەبێ لەبەر ئەوەی پاڵنەری دەستبەتاڵیی و بەشدارنەبوونی بە کارێك لە گەردووندا ئەوەبووە کە یەخسیری گومانی خراپ و خۆپەرستی و تەمبەڵی و ڕاڕایی بووە، یاخود هێندە لەخۆبایی بووە، کە ئەو جیهانی بە قەرزاری خۆی زانیوە.

---

[1] هیکل: حیاة محمد، سەرچاوەی پێشوو ل١٧٧ – ١٨٧.

گرووپێکی تر لە مرۆڤ هەن هێندە دەوڵەمەندن کە زۆر بەزوویی واز لە بەرهەمهێنان دەهێنن، یان بڵێین بەتەواوی بەرهەمهێنەر نین، لەبەر ئەوەی پشت دەبەستن بەو سامانە زۆرەی لە دایباب، یان لە خزمەکانیانەوە بەمیرات بۆیان ماوەتەوە، ئەمانە کاتێك وازدەهێنن لە بەرهەمهێنان شایستەی ئەوەن لەلایەن ئیسلامەوە ڕەتبکرێنەوە. ڕاستییەکەی ئەوەی کە ئیسلام مۆڵەت نادات بە کەسی بێکار و بێ بەرهەم بەبێ ئەوەی سزای بدات، کە دیارە سزای دنیایی ئەوانە بریتییە لەوەی ساڵانە چلیەکی ئەو پارەیەی پشتیان پێ بەستووە بە زەکات لێیان دەستێنێت، واتە لە ماوەی سی و پێنج ساڵدا کە تەمەنی نەوەیەك هیچی نامێنێتەوە، ئینجا لەبەرئەوەی ئەم کەسانە بژێوی خۆیان هەر لەم ئەندازە پارەیە وەردەگرن، پارەکەیان زووتر لەم ماوەیەی زەکات لێدەرکردن کۆتایی پێ دێت، بەهەر حاڵ ئەو پارەیە دوای سی و پێنج ساڵ بوونی نابێت، لێرەوە مەترسیی تیاچوونی ئەو بڕە پارەیە دەبێتە پاڵنەرێکی بەهێز بۆ ئەوەی خاوەنەکەی ببێتە کەسێکی بەرهەمهێن، بۆ ئەوەی لەلایەکەوە بژیوی خۆی دەستەبەر بکات و لەلایەکی ترەوە باڵانسی سامانەکەی گەشە پێبدات، چونکە بە شیانەی زۆرتر و گشتی تر هەمیشە ڕێژەی دەسکەوت و قازانج لەو بڕە پارەیەی بە زەکات دەدرێت زیاترە.

## چوارەم: بنەماکانی ئیتیکی بەرهەمهێنان:

١ـ بەکارهێنانی بەرپرسانەی سەرچاوەکان لە بەرهەمهێناندا:

بەرهەمهێنان بریتییە لەوەی بەرهەمهێن کەرەستە سەرەتاییەکان بەدەست دەهێنێت، یان هێزەکانی بەرهەمهێن دەخاتە گەڕ، چ لە بواری بەرهەمی کشتوکاڵی، یان پیشەسازیدا بێت، دیارە دەبێ بەکارهێنانی ئەم سەرچاوە سروشتیانە کارێکی بەرپرسانە بێت، کە دیارە ئیسلام سپاردوویەتی بە کۆمەڵ لە ڕێگەی ئەو

دەزگایانـەوە کـە دروسـتیان دەکـات کـە ڕێکخسـتنی بـەکارهێنانی ئـەم سەرچـاوە سروشتییانە لە ئەستۆ بگرێت، بەشێوەیەك کە سـوودلێوەرگرتنیان بـە شـێوەیەکی بەرپرسـانە بـەراوەردە بکـات، کـە ئەمــەش لەگــەڵ زیـادەڕەویی و بــەفیڕۆدان یەکناکەوێت. قورئان ئەو کەسانەی دەکەونـە زیادەڕەویی و بـەفیڕۆدان بـە برایـانی شەیتان هەژمار دەکات:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَآتِ ذَا الْقُرْبَى حَقَّهُ وَالْمِسْكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ وَلَا تُبَذِّرْ تَبْذِيرًا (٢٦) إِنَّ الْمُبَذِّرِينَ كَانُوا إِخْوَانَ الشَّيَاطِينِ وَكَانَ الشَّيْطَانُ لِرَبِّهِ كَفُورًا (٢٧) وَإِمَّا تُعْرِضَنَّ عَنْهُمُ ابْتِغَاءَ رَحْمَةٍ مِنْ رَبِّكَ تَرْجُوهَا فَقُلْ لَهُمْ قَوْلًا مَيْسُورًا (٢٨) وَلَا تَجْعَلْ يَدَكَ مَغْلُولَةً إِلَى عُنُقِكَ وَلَا تَبْسُطْهَا كُلَّ الْبَسْطِ فَتَقْعُدَ مَلُومًا مَحْسُورًا﴾ (الاسراء).

بەکارهێنانی بەرپرسانەی سەرچاوە سروشتییەکان لەسەر مرۆڤ پێویستی دەکات کە ئـەو سەرچـاوانە بـە ئەنـدازەی پێویسـت و بـە ئـامرازی گونجـاوی بەرهـەمهێنان سـوودیان لێوەربگیرێـت و دەبێـت ئــەو بەرهەمــە بۆخۆیشــی وەلامــدەرەوەی پێویستییەکانی مرۆڤ بێت. ئەم بەرپرسیاریتییە ئیسـلامییە وا دەخوازێـت کـە هـیچ زیانێك بە سروشـت نـەگات لـە کـاتی سـوودمەندبوونی مـرۆڤ لێـی، ئیسـلام فێرمـان دەکـات کـە کەرەسـتە و هێزەکـانی نـاو سروشـت نیعمەتگـەلێکی خـوداییین کـە بەخشیونی بە مرۆڤ.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَاللَّهُ جَعَلَ لَكُمْ مِنْ بُيُوتِكُمْ سَكَنًا وَجَعَلَ لَكُمْ مِنْ جُلُودِ الْأَنْعَامِ بُيُوتًا تَسْتَخِفُّونَهَا يَوْمَ ظَعْنِكُمْ وَيَوْمَ إِقَامَتِكُمْ وَمِنْ أَصْوَافِهَا وَأَوْبَارِهَا وَأَشْعَارِهَا أَثَاثًا وَمَتَاعًا إِلَى حِينٍ (٨٠) وَاللَّهُ جَعَلَ لَكُمْ مِمَّا خَلَقَ ظِلَالًا وَجَعَلَ لَكُمْ مِنَ الْجِبَالِ أَكْنَانًا وَجَعَلَ لَكُمْ سَرَابِيلَ تَقِيكُمُ الْحَرَّ وَسَرَابِيلَ تَقِيكُمْ بَأْسَكُمْ كَذَلِكَ يُتِمُّ نِعْمَتَهُ عَلَيْكُمْ لَعَلَّكُمْ تُسْلِمُونَ﴾ (النحل: ٨٠ – ٨١).

بەڵام ئەم نیعمەتە خوداییە بەمانای موڵکایەتی پێدانی نیە بـە مـرۆڤ، بـەڵکو بـۆ سوودوەرگرتن و بەهرەمەندبوونە لێی، بەو مەرجەی لە ڕێگای ئامانجی دیاریکراویدا

بەکاربهێنرێت، چونکە خاوەنی پێشتر و پاشتری هەموو ئەو سەرچاوانە هەر خودایە بە بەردەوامی، کوڕی دۆڵی میزپۆتامیا وا ڕاهاتبوو کە هەمیشە دەیگوت: زەوی هـی خودایە و مرۆڤ تەنها خزمەتکارێکی خودایە لە زەویدا.

ئەم ڕوانگەیە بەتەواوی لەگەڵ ڕوانگەی ئیسلام پڕاوپـڕە. کەواتـە فـەرزە لەسـەر مرۆڤ لە کاتی مەرگیدا، یان لە کاتی خانەنشینیدا، ئەم بەخششە خواییە بە زیادەوە و بە جوانکارییەوە لـە پرۆسـەی بـەکارهێنان و بەرهەمهێنانـدا بداتـەوە بـە خـودای گەورە، لانی کەم وەکـو خـۆی بیداتـەوە، وەك ئـەو کاتـەی کـە سـپاردەکەی گرتـە ئەستۆ. قورئان بارەها جەختی کردووە لەسەر ئەوەی کە چارەنووسی هەموو بـوون بۆ لای خودایە: ﴿هَلْ يَنْظُرُونَ إِلَّا أَنْ يَأْتِيَهُمُ اللَّهُ فِي ظُلَلٍ مِنَ الْغَمَامِ وَالْمَلَائِكَةُ وَقُضِيَ الْأَمْرُ وَإِلَى اللَّهِ تُرْجَعُ الْأُمُورُ﴾ (البقرة: ٢١٠).

﴿فَاسْتَبِقُوا الْخَيْرَاتِ إِلَى اللَّهِ مَرْجِعُكُمْ جَمِيعًا فَيُنَبِّئُكُمْ بِمَا كُنْتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ﴾ (المائدة: ٤٨).[1]

ئـەم هــەموو ئاسـەوارە نـەخوازراوە کارەسـاتبارەی کـە کۆمـەڵگا پیشەسـازیە هاوچەرخەکان بەدەستیەوە دەناڵێنن، شتێك نین جگـە لـە خـەرمانی دەسـتدرێژیی لەسـەر سروشـت و پیسـکردنی و سـوودمەندبوونی نابەرپرسـانە لـەو بەخششـە سروشتییانەی خوا بە مرۆڤی داون. سەرمایەداریی هار و لەخۆبایی وای کـردووە لـە بەڵێندەری خۆرئاوایی کە پاشەڕۆی بەرهەمهێنان فڕێ بداتە دەریاچە و ڕووبارەکـان بەبێ ئەوەی بیر لە کاریگەرییە وێرانکارەییەکەی لەسەر زینـدەوەر و ڕووەك و مـرۆڤ بکاتــەوە. هــەر ئـەم سـەرمایەدارییە زۆر ناوچـەی سـەرزەویی ڕووتکردۆتـەوە بـۆ دەرهێنانی کانزاکانی و کاتێکیش بەجێیان دەهێڵێـت کـە ئـیتر سـوودیان نـەماوە و

[1] هەروەها بڕوانە: ئایەتی ١٢٣ لە سوورەتی هود و ئایەتی ٣٩ لە القصص.

ناتوانین بۆیان بڕوانین، چونکە جۆرەها مەترسی پێوەیە بۆ مرۆڤ و بۆ ژینگە وەکویەك.

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی پێشێلکردنی ژینگە لەلایەن خۆرئاواوە، دروشمەکانی (ژینگە) و (هاوسەنگیی ژینگەیی و ژیانەوانی) و (دووبارە هێنانەوە) زۆر بەربڵاوبوون. سروشتیش لە دەوروبەرمان داگیر و لاقە دەکرێ، هەر لە زیندەوەرە دەریاییەکانەوە دەست پێبکە تا دەگاتە چینی ئۆزۆن لە بەرگی زەوی، هەموو شتێك هەڕەشەی لەسەرە بەم بەکارهێنانە نابەرپرسە لەناوبەرە و بە سیاسەتگوزاریی دوورخستنەوەی نەخشەداری کاڵاکان بە بەڵگەی کۆنبوونیان، ئەم سیاسەتە کە پیشەسازییە خۆرئاواییەکان پەیڕەوی دەکەن، بۆ یەکەمجار لە مێژوودا بەلێندەرەکانی خۆرئاوا بێ شەرمانە قسە لەسەر کۆنبوون و بەتاڵکردنەوەی بەکارهێنانی نەخشەداری کاڵاکانیان دەکەن، واتە ئەوەی ناویاننناوە وێرانکردنی داهێنەرانە، یان وێرانکردنی نەخشەدار.

ڕوون و ئاشکرایە کە ئایدۆلۆژیای زاڵبوو ئەو کێشەیەی هەیە کە لەناخدا گەندەڵە، بۆیە ناتوانێت ئەو ئامڕازە دەروونییە پێویستە ببەخشێت بە شەوێنکەوتووەکانی کە لە بەرکاهێنانی سەرچاوەکاندا خۆگر بن، چونکە توانای ئەوەی نیە کە ڕوانگە، یان پێوەر، یان ویژدانێکی وایان بداتێ کە چاوچنۆکیی خۆیانی پێ بوەستێنن، هیچ شتێکیش نییە بتوانێت لە بەرامبەر ئەم حەزە قازانجویستەی سەرمایەداریی ڕابوەستێت، کە بڕیاریداوە بگات بە ئامانجەکەی ئەگەر بەلەناوبردنی جیهانیش بێت، ئەم بڕگەیەی کۆتایی دەقاودەق بەبێ پێچ و پەنا بەسەر سەرمایەداریی خۆرئاواییدا دەچەسپێت، کە بەرهەمەکانی بریتین لە چەك و خواردنەوە ئەلکهولییەکان و کەرەستە تیشکدەرەوەکان و مادە زیانبەخشەکانی دیکە، هەروەها ئەم قسەیە بۆ ئەو کارخانانەش ڕاستە کە زۆری بەرهەمەکانیان مادەی ژەهراوییان لێ دروست دەبێت.

خراپ بەکارهێنانی سروشت بەم شێوەیە، بەتەواوی دژ و ناکۆکە لەگەڵ تەوحید، ئیسلامیش بە هەموو هێزێکیەوە ڕیسوای دەکات.

بەپێی ئیسلام، هەموو پرۆسەیەکی بەرهەمهێنان دەبێ پاك و بێ خلّتە بێت، لە سەرەتاوە تا کۆتاییەکەی و نابێت هیچ زیانێکی لێ بکەوێتەوە بۆ سەر زیندەوەر و رووەك و مرۆڤ، ئەگەر زیانێکیش دروستبوو پێویستە قەرەبوو بکرێتەوە، خۆ ئەگەر کەسێك، یان گرووپێك سکاڵای یاسایی لەسەر کەسی زیانلێدەر تۆمار نەکرد و نەیبردە بەردەمی دادگا، ئەوا دەوڵەتی ئیسلامیی لەسەریەتی کە لێپرسینەوەی لەگەڵ بکات لەسەر خراپ بەکارهێنانی سروشت، چونکە ئەم دەوڵەتە سەرپەرشتیارە و سروشتی پێ سپێردراوە.

هەموو ئەمانە لەبەر ئەوەیە کە پیسکردنی زەوی و لەناوبردنی سەرچاوەکانی، تەواو پێچەوانەی ئەو ئامانجەن کە خوای گەورە مرۆڤی لە پێناودا خستۆتە سەرزەوی، کە ئەویش بریتییە لە ئاوەدانکردنەوە، واتە سەرلەنوێ دارشتنەوە و پەرەپێدانی بەرەو باشتر، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِلَى ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَالِحًا قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُمْ مِنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ هُوَ أَنْشَأَكُمْ مِنَ الْأَرْضِ وَاسْتَعْمَرَكُمْ فِيهَا فَاسْتَغْفِرُوهُ ثُمَّ تُوبُوا إِلَيْهِ إِنَّ رَبِّي قَرِيبٌ مُجِيبٌ (٦١) قَالُوا يَا صَالِحُ قَدْ كُنْتَ فِينَا مَرْجُوًّا قَبْلَ هَذَا أَتَنْهَانَا أَنْ نَعْبُدَ مَا يَعْبُدُ آبَاؤُنَا وَإِنَّنَا لَفِي شَكٍّ مِمَّا تَدْعُونَا إِلَيْهِ مُرِيبٍ﴾ (هود: ٦١).

٢ـ پاکژیی بەرهەمهێنان: ئیسلام فەرمان دەدات بەوەی پێویستە بەرهەمهێنانی کاڵا و خزمەتگوزاریی هیچ جۆرە فێڵ و خەڵەتاندنێکی تێدا نەبێت، دەزگای حیسبە ئەرکی چاودێریی بازاڕ لەئەستۆ دەگرێ، بۆ ئەوەی چاودێر بەجوانترین شێوە ئەم ئەرکە ڕاپەڕێنێت، شەریعەت دەسەڵاتی بەرزەفتی و یەکلاکردنەوەی دادیی پێداوە و ئەو مافەی داوەتێ، بەڵکو واجبی کردووە لەسەری، چاوەڕێی سکاڵای زیانبەرکەتوو نەکات، بەڵکو دەبێ خۆی دەشتپێشخەر بێ و بڕواتە مەیدان، بەدوای

سـكالاّ و پێشـێلكاريى و زەرەر و زيانەكانـدا بچـێت، هەنووكـە ئـەركى چـاودێر گوازراوەتەوە بۆ دەزگاگەلێكى نوێى ميريى، بەڵام ئـەم دەزگايانـە هـەرگيز نـاتوانن وەك دەزگـاى حيسـبە ئامـادە و كاريگـەر و خـاوەن هەڵوێسـت بـن بـۆ دۆزينـەوەى دەستدرێژييەكان و دانانى ڕێگاچارەى خێرا و كۆتايى بۆيـان، لەبـەر ئـەوەى دەزگـا تازەكان ئەو هەڵمەتەيان نييە بۆ خێرخوازيى كە بۆخۆى لە بڕواى تەواو بە خـوداوە سەرچاوە دەگرێت، لێهاتوويى بەرهەمهێنەران بۆ خەڵەتاندنى بەكاربـەران سـنوورى نيـە، چـونكە پرۆگرامـەكانى خوێنـدن لـە خوێندنگـە و كۆلێجـەكانى بازرگـانى و كارگێڕيى كار لە خۆرئـاوا، باسـى (پێچـانەوە و بـەرگتێگرتن)ى تێدايـە، كـە ئێسـتا بووەتە هونەرێك، كە ئامانجەكەى فرۆشـتنى كالاّيـە بـاوەكو بەكاربـەر پێويستيشـى نـەبێت، نـەخوازەلا بابـەتى (ريكـلام) كـە بووەتـە گـرنگترين فاكتـەرى پرۆسـەى بەرهەمهێنان.

ڕيكلاميش لە ئامانجە جوانەكەى، كـە دەبـێ زانيـارى بەسـوود بداتـە بەكاربـەر، لايداوە و بووەتە هونەرێك ئامانجەكەى بە پلەى يەكەم خەڵەتاندنە، هەنووكە ڕيكلام سەنتەرى دەمارى ئابوورييە، لەبەرئـەوەى ژێكـەوانى ئـارەزووە جياوازەكـانى مـرۆڤ دەهـــەژێنێت، وەكـــو شـــەيدابوون بـــە شـــكۆى پـــووچ و ســـێكس و خۆشـــييە هەســـتەوەرييەكان و خۆشـــگوزەرانى، نـــاوەڕۆكى بەختـــەوەرى و خۆشـــنووديش هەڵتەكاوە بەوەى دووبـارە بـە زاراوەگـەلى مـاددى و خۆپـەرستانەى ڕووت پێناسـە دەكرێنەوە.

سەرەنجامى هەموو ئەمانە سـازدانى چـەند ويسـتێكى ئارەزووبـازيى تازەيـە بـۆ مرۆڤ، كە بۆشيى دەروونى ئەو زياتر دەكەن. لەڕاستيدا ڕيكلامى درۆينـە، ڕوانگـەى جەماوەرى بۆ بوون گۆڕيوە و ئەوانى لە بەها كلاسيكييە بالاّكـان دابڕيـوە و بـەرەو بەهاگەلێكى تر ئاڕاستەيان دەكات، كـە بـە جۆرێـك ديـزاين كـراون كـە خزمـەت بـە بەرژەوەنديى خاوەن كارەكان بكەن و زياتر ڕووبكەنە كالاّكانيان. بـەلاّم لـە سـايەى

ئیسلامدا، بەرهەمهێن وا لە ژێر فەرمانی چوار بنەمادا، کە ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر بەرهەمەکانی هەیە:

بنەمای یەکەم: دین و شەریعەتەکەی ڕێگەی پێنادات هەموو شتێك بەرهەم بهێنێت تەنها بەمەبەستی قازانج، واتە بەرهەمهێنان لە بنەڕەتدا ئامانجی ئەوەیە کە شتومەکی سوودبەخش بەرهەم بهێنێت و قازانجیش تەنها دەرهاویشتە و ئەنجامێکی لاوەکیی بەرهەمهێنانە، نەك ئامانجی سەرەکیی بێت بۆی.

بنەمای دووەم: بریتییە لە بەرهەمنەهێنانی کەرەستەی زیانبەخش بە مرۆڤ و یاساغکراو لە شەرعدا، مەگەر لەو حاڵەتانەدا کە بەڵگە هەیە بۆ زەروورەتی بەرهەمهێنانی، لەم حاڵەتەشدا دەبێ ئەو ڕێکارانە بگیرێتەر بەر بۆ ڕێگری لە گەیشتنی زیانەکانی بە خەڵك.

بنەمای سێیەم: پێویستە هەموو بەرهەمێك وەکو ڕاستییەکەی خۆی پێشکەش بکرێ و بەو شێوەیە نیشان نەدرێ کە خەڵك دەیانەوێت، کەواتە نابێ پەنا ببرێتە بەر خستنەناو قوتوو و بەرگتێگرتن وەك هونەرێکی خەڵەتاندن.

بنەمای چوارەم: پابەندبوونی بەرهەمهێن بە تەوحیدەوە، ویژدانی پێویست فەراهەم دەکات بۆ ئەوەی واداری بکات بە ڕاستگۆیی بەبێ ئەوەی لە لێپرسینەوەی دەوڵەت بترسێت. پرسەکانی پێشێلکردنی ئیتیکی بەرهەمهێنان لە شەریعەتی ئیسلامدا دەچێتە بازنەی تایبەتمەندیی دادگای کارگێڕیی خێراوە. وێڕای جێگیرکردنی مافی قەرەبوو بۆ هەموو ئەو کەسانەی زەرەرمەند بوون، یان خەڵەتێنراون، بڕیاری سزای شیاو دەدات بەسەر سەبەبکاردا، کە لەگەڵ گەورەیی تاوانەکە بگونجێت، چونکە حاڵەتێکە لە حاڵەتەکانی پەیمان شکاندن، لەو ڕووەوە کە ویستوویەتی فێڵ لە خودا و مرۆڤایەتی و دەوڵەت بکات.

٣ـ پێویستە بەرهەمهێنان ڕەوا و قازانج بەخش بێت:

ناکرێ بەرهەمهێنان وەك پرۆژەیەکی تایبەت هیچ قازانجێکی نەبێت، جا ئەگەر پرۆژەیەکی بەرهەمهێنان هیچ قازانجێکی نەکرد، ئەوا پرۆسەی بەرهەمهێنانەکەی ڕادەوەستێت و سەرمایەگوزارییەکەی دەگوێزرێتەوە بۆ پرۆژەیەکی بەرهەمهێنی تر، ئەم بابەتە تا ڕادەیەکی زۆر بەڵگەنەویستە، بەڵام ئەوەی تەوحید داوای دەکات بریتییە لە دادگەریی لە دیاریکردنی قازانجدا.[1]

وەڵامێکی ئامادەی بەڵگەنەویست بەردەست نییە بۆ ئەو پرسیارەی تایبەت بە دیاریکردنی نرخ و قازانجی دادگەرانە، وەڵامی ئەم پرسیارە بە دیاریکراوی بەندە بە دراوەکانی ئەو هەڵوێستانەی تیایدا دەخرێنە ڕوو، قازانجی چاوەڕواننەکراو لە خودی خۆیدا هیچ ناتەباییەکی لەگەڵ هەستی ئەخلاقیی ئیسلامیدا نییە، بەو مەرجەی دەرەنجامی یاریکردنی پێشتر بە بازاڕ نەبێت و دەرهاویشتەی زیانگەلێك بەمرۆڤ نەبێ، کە مومکین نەبوو ڕوونەدەن. هەربۆیە ئیسلام وەك بنەما دژایەتی کۆتوبەنددانان لەسەر نرخی شتومەك دەکات، ئەم کارەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە بڕیاریداوە ڕێگری بکات لە زیادەی زۆر و ساختەی نرخەکان و قازانجی زۆری نائەخلاقیی.

ئیسلام حەزی لە دیاریکردنی نرخ و کرێ نییە، چونکە نایەوێ ببێتە هۆی زیانباربوونی بەرهەمهێن و بازرگان، حیکمەتیش لەمە ئەوەیە کە هەموو کارێك وەك چۆن قابیلی قازانج کردنە ڕەنگە دووچاری زیانیش ببێت.[2]

---

[1] ئەمە ئەو مانا ڕوونەیە کە لە فەرمانە ئیلاهییەکانی قورئان وەردەگیرێت، کە پێویستە ڕەچاوی دادگەری بکریت لە کار و فەرمانڕەوایی و دادوەرییدا. بۆ زانیاری وردتر بڕوانە:
The Islamic Council of Europe.The Muslim World and the Futere Ecocnomic Order , London: The Islamic Council of Europe , 1979, part II, pp.53 ff.

[2] بگەڕێوە بۆ چوار بەشی یەکەمی تایبەت بە دابەشکردنی سامان لە کتێبی:
Thoughts on Islamic Economics, Dacca : Islamic Economics Researchs Bureas.1979.

لەدیاریکردنی نرخی دادگەرانەی بەرهەمێك، یان کاڵایەك، یان خزمەتگوزارییەك، فاکتەرێکی گرنگی دیکەش هەیە کە ئەویش کرێیە، کە دیاریکردنی کرێی دادگەرانە لە دیاریکردنی نرخی دادگەرانە ئاسانتر نییە، بەڵام تەوحید پێی وایە کە هەر مرۆڤێکی پێگەیشتووی خاوەنکار، مافی ئەوەی هەیە کەمترین ئاستی کرێی پێبدرێ کە پێداویستییەکانی بژێوی خۆی و خێزانەکەی مسۆگەر بکات. دەوڵەتی ئیسلامی ڕازی نابێ بەوەی مرۆڤێکی ناو سنوورەکانی بە پارەیەکی کەمتر لە پێداویستی خۆی کرێکاریی بکات، بەڵام نابێ لەبیری بکەین کە بەرهەمهێنەرانی هەر وڵاتێکی موسڵمان بەرپرس نین لە نزمبوونەوەی ئاستی گەشەی ئابووری ئەو وڵاتە، یان لەسەر ئاستیی هەموو ئوممەت، بەڵکو بەرپرسیارێتی دەکەوێتە سەرشانی کۆی ئوممەت و سەرکردایەتیەکەی، بەهەر حاڵ کەمترین ئاستی کرێ بە تەنها کرێی دادگەرانە نییە، چونکە کرێی دادگەرانە بە جۆری کرێکارەکە و ئەندازەی لێهاتوویی ئەو و هەوڵی بەکارهاتوو لە پرۆسەی بەرهەمهێنان دەستنیشان دەکرێت.

دیارە لە دیاریکردنی کرێی دادگەرانەدا، حسابێك بۆ نمایش و داخوازی ناکرێت، لەبەر ئەوەی کاریگەرییان کاتییە. یەکێك لە فەرزەکانی کیفایە لەسەر ئوممەت ئەوەیە کە ڕاهێنان و سەرچاوەی مرۆیی پێویست بۆ بەراوەردەی هەموو پێداویستییەکانی فەراهەم بکات، جێبەجێکردنی ئەم فەرزەش لەلایەن ئوممەتەوە بێگومان کاریگەریی نمایش و داخوازی دوور دەخاتەوە، کەواتە بۆ دیاریکردنی کرێی دادگەرانە، هەلومەرجی گشتیی ئابووریی کە لەو ناوچە جێباس و باوە ڕەچاو بکرێت. لەگەڵ کرێی دادگەرانە، فاکتەری دیکەش هەن کە ڕۆڵیان هەیە لە نرخی دادگەرانەدا و ناکرێ پێشتر پێشبینی بکرێن.

## پێنجەم: ئیتیکی بەکاربەریی:

ژیانی دنیا ڕەنگێکی ئەرێنی هەیە کە لە بڕوا بە تەوحید هەڵقوڵاوە، ئەمە بنەمایەکە بۆ ڕەوایەتیی بەکاربەریی، بەکاربەریی واتە، لەو ئاگاییەی سەبارەت بە بەها ماددییەکان حاسڵ دەبێ یا بڵێین تێرکردنی حەز و پێویستییەکانە ئەمە مافێکی بنەڕەتییە بۆ هەموو مرۆڤێك لەساتی لەدایکبوونیەوە، لانی کەمەکەی ئەوەیە کە پێویستییەکانی ژیانی بۆ فەراهەم بکرێ، لانی سەرەوەشی ئەوەیە کە بەکاربەریی دەگەیەنێتە تەخشان و پەخشان و زیادەڕەویی.

پنتی زیادەڕەویی دەکرێ بەو حاڵەتە دیاریبکەین کە بەکاربردنی کاڵا ماددیەکان دەکەونە ژێر کاریگەریی فاکتەرە دەروونییەکان زیاتر لە کاریگەریی پێویستیی ڕاستەقینەی ماددی، کاتێکیش ئەو کاڵایە، یان ئەو خزمەتگوزارییە دیاریکراوە ڕەنگێکی دەروونیی وەربگرێت، حاڵەتی زیادەڕەویی دەشێت بەو فاکتەرە دەروونییانەی تر دەستنیشان بکرێ، کە ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر بەکاربردن هەبووە جیا لە فاکتەرە ڕاستەوخۆکان.

نموونەی حاڵەتی یەکەم، کەسێك کاڵایەك دەکڕێت، نەك لەبەر ئەوەی پێویستیەتی، بەڵکو بۆ شانازیی و فیزکردن. نموونەی حاڵەتی دووەم کەسێك بلیتێك دەکڕێت بۆ ئامادەبوون لە کۆنسێرتێکی موزیك، نەك لەبەر چێژوەرگرتن لە کۆنسێرتەکە، بەڵکو بۆ ئەوەی لە پارە سەرفکردندا لە دراوسێکان و دۆستەکانی کە لەو دەوڵەمەندترن ناوبانگیی زیاتر بێ.

بەڵام لە سایەی تەوحیددا مرۆڤ بە ئەندازەی پێویستییەکانی بەکاربەرە و باقی دەرامەتەکەی، یان سامانەکەی دەکاتە خێر لە ڕێی خودا، یان جارێکی تر دەیکاتە پرۆژەی وەبەرهێنان، تا سەرەنجام سامانی زیاتر بەرهەم بهێنێت و هەلی کار و دەرامەت بۆ خەڵکی تر فەراهەم بکات.

کاتێـك یـارانی پێغەمبـەر لێیـان پرسـی کـە موسـڵمان تـا چـەند لـە سـامان و دەرامەتەکـەی ببەخشـێت لـە ڕێـی خـوادا، وەحـی بـەم وەڵامـە هاتـە خـوارەوە: ﴿يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ قُلْ فِيهِمَا إِثْمٌ كَبِيرٌ وَمَنَافِعُ لِلنَّاسِ وَإِثْمُهُمَا أَكْبَرُ مِنْ نَفْعِهِمَا وَيَسْأَلُونَكَ مَاذَا يُنْفِقُونَ قُلِ الْعَفْوَ كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمُ الْآيَاتِ لَعَلَّكُمْ تَتَفَكَّرُونَ﴾ (البقرة: ٢١٩). ئـەم وەڵامـە بـۆ ڕابـردوویش هـەر ڕاسـت دێتـەوە کاتێـك پێناسـەی زیادەڕەویی و تەخشانکردنی سامان دەکات و داوا دەکات هەرچـی لـە پێداویسـتیی ڕاستەقینەی مرۆڤ زیاتر بێت پێویستە بۆ خێرکردن و بەرژەوەنـدیی گشـتی سـەرف بکرێـت. ئـەوەی پـێ دەوتـرێ بەرهـەمهێنانی زیـاتر و سـەرمایەگوزاریی و بـەهرەی پێویست وا لە دووتوێی مانای ئەو پێداویستییانەی لە ئایەتی پێشوودا باسکراون.

خێرکردن کۆنە و لەوکاتەوە مرۆڤ هاتۆتە سـەرزەویی ئـەویش هـەبووە و هـەموو ئاین و سیستمە ئەخلاقییەکانی ناسراو لای ڕەگەزی مرۆڤ خێرکردنیان بە بەهایەکی باڵا داناوە و پەیڕەوانیان و خەڵکی تریشیان هانداوە بە ئەنجامدانی.

ئیسلام ئەم نەریتەی دووپات کردۆتەوە و بەشێکی زۆری وەحـی هاندانـە لەسـەر خێرکردن، بەڵام لەم بـوارەدا ئیسـلام مەودایـەکی زۆر پـێش ئـەوانی تـر کـەوتووە، ئیسلام تـەنانەت خێرکردنی تێپەڕاندووە بـەوەی کـە زەکـاتی فـەرزکردووە، چـونکە لەیەك کاتدا پێویستبوونی خێر و ئاتاجیی بەردەوام و مەینـەتباریی ملیۆنـەها مـرۆڤ کەمیی سەرچاوەکانی هەموو ڕەچاو کردووە، جگـە لـەوەی لـە کـاتی ئامـادەکردنی جەماوەردا بۆ بەراوردکردنی پێویستییەکان ئەو خەڵکە خوو دەگـرن بـە تەمبـەڵی و کەمتەرخەمییەوە. ئیسلام زەکاتی بە جێگرەوەی چـاکەکردن دانـەناوە، بـەڵکو زۆر هانیداوە و ئەویشی ناو ناوە صەدەقە.. قورئانیش صەدەقەی ناوبردووە بەوەی کە گوناهەکان دادەپۆشێت: ﴿أَلَمْ يَعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ هُوَ يَقْبَلُ التَّوْبَةَ عَنْ عِبَادِهِ وَيَأْخُذُ الصَّدَقَاتِ وَأَنَّ اللَّهَ هُوَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ﴾ (التوبة: ١٠٤).

ڕوونی دەکاتەوە کە شایستەی پاداشتی گەورەیە: ﴿وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ وَمَا تُقَدِّمُوا لِأَنْفُسِكُمْ مِنْ خَيْرٍ تَجِدُوهُ عِنْدَ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ﴾ (البقرة: ١١٠).

فەرمانی بە پێغەمبەریش داوە کە زەکات لە موسڵمانان وەربگرێ وەك پاکژکەرەوەیەك بۆیان: ﴿خُذْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِمْ بِهَا وَصَلِّ عَلَيْهِمْ إِنَّ صَلَاتَكَ سَكَنٌ لَهُمْ وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ (التوبة: ١٠٣).

جگە لەمەی وتمان، قورئان هۆشداریمان پێدەدات کە بەهای ئەخلاقیی خێر و زەکات پووچ نەکەینەوە بەوەی جگە لە خودا مەبەستی ترمان هەبێ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تُبْطِلُوا صَدَقَاتِكُمْ بِالْمَنِّ وَالْأَذَى كَالَّذِي يُنْفِقُ مَالَهُ رِئَاءَ النَّاسِ وَلَا يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ فَمَثَلُهُ كَمَثَلِ صَفْوَانٍ عَلَيْهِ تُرَابٌ فَأَصَابَهُ وَابِلٌ فَتَرَكَهُ صَلْدًا لَا يَقْدِرُونَ عَلَى شَيْءٍ مِمَّا كَسَبُوا وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْكَافِرِينَ (٢٦٤) وَمَثَلُ الَّذِينَ يُنْفِقُونَ أَمْوَالَهُمُ ابْتِغَاءَ مَرْضَاتِ اللَّهِ وَتَثْبِيتًا مِنْ أَنْفُسِهِمْ كَمَثَلِ جَنَّةٍ بِرَبْوَةٍ أَصَابَهَا وَابِلٌ فَآتَتْ أُكُلَهَا ضِعْفَيْنِ فَإِنْ لَمْ يُصِبْهَا وَابِلٌ فَطَلٌّ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ﴾ (البقرة: ٢٦٤ – ٢٦٥).

زەکات باجێکە بۆ دابەشکردنی سامان بە پێچەوانەی سەدەقە، کە کارێکی خۆبەخشانەیە کە کەسی خێرخواز دەتوانێت ڕاستەوخۆ بیدا بە کەسی موحتاج هەر کات و هەرچەند کە بیەوێت. بەڵام زەکات باجێکە واجبکراوە کاتێك ساڵ دێتەوە یان کاتی درەو و خەرمان هەڵگرتن کە دەبێت بدرێتە دەوڵەت، یان ئەو دەزگایەی ئوممەت بۆ ئەم مەبەستە دایدەنێت، ئەندازەکەشی دیاریکراوە بە چلیەك واتە (چواریەکی دەیەك) لە هەندێك موڵك و دەرامەتیشدا لەو ڕێژەیە زیاترە لە موڵك وماڵی تریشدا ئەندازەی دیاریکراوی دیکە هەیە کە ناونراوە نیساب، پاش بەراوردکردنی پێداویستیی کەسی زەکاتدەر.

هەندێك ماڵ کە تایبەتنەکراوە و بەدەستنەهاتووە و کەلوپەلی بازرگانیی و ئامراز و ئامێرەکانی بەرهەمهێنان و خانووی نیشتەجێبوونی کەسەکە و پاشکۆکانی زەکاتیان لەسەر نییە، کەواتە زەکات فەرزکراوە لەسەر سامانی تاکەکەسی نەقدینەی حازر، دیار و نادیار و بەروبوومی عەقارات، گوازراوە و جێگیر، دەبێ بدرێتە جەستەی دەوڵەت، چونکە ئەو بەرپرسە لە وەرگرتن و دابەشکردنی بەسەر هەشت گرووپە دیاریکراوەکەدا، کە بریتین لە: هەژاران و بێنەوایان و کرێکارانی زەکات و ئەوانەی دڵنەوایی دەکرێن تا موسڵمان بن، هەروەها بۆ ئازادکردنی کۆیلەکان و قەرزاران و لەڕێی خودا و ڕێبواران. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاءِ وَالْمَسَاكِينِ وَالْعَامِلِينَ عَلَيْهَا وَالْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ وَفِي الرِّقَابِ وَالْغَارِمِينَ وَفِي سَبِيلِ اللَّهِ وَابْنِ السَّبِيلِ فَرِيضَةً مِنَ اللَّهِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ﴾ (التوبة: ٦٠).

زەکات پایەیەکی زۆر گرنگە لە پایەکانی ئیسلام، خوای گەورە فەرمانی پێداوە و هاوتای کردووە بە نوێژ وەستان لەبەردەستی خۆیدا، ئایەتێکی قورئان نییە کە باسی نوێژی کردبێ، ڕاستەوخۆ لە هەمان ئایەتدا، یان ئایەتی دواتردا باسی زەکاتیشی نەکردبێت[١]. لە قورئاندا کە وەسفی بڕواداران و پارێزکاران دەکات هەمیشە وا باسیان دەکات کە نوێژ بەرپا دەکەن و زەکاتیش دەدەن:

﴿الم (١) ذَلِكَ الْكِتَابُ لَا رَيْبَ فِيهِ هُدًى لِلْمُتَّقِينَ (٢) الَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِالْغَيْبِ وَيُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنْفِقُونَ﴾ (البقرة: ١ – ٣).

﴿قَدْ أَفْلَحَ الْمُؤْمِنُونَ (١) الَّذِينَ هُمْ فِي صَلَاتِهِمْ خَاشِعُونَ (٢) وَالَّذِينَ هُمْ عَنِ اللَّغْوِ مُعْرِضُونَ (٣) وَالَّذِينَ هُمْ لِلزَّكَاةِ فَاعِلُونَ﴾ (المؤمنون: ١ – ٤).

---

[١] بگەڕێوە بۆ مادەی: صلاة و زكاة، لە کتێبی: بركات: المرشد الى آيات القرآن الكريم. سودبەخشە ئاماژە بکەین بۆ ئەوەی کە وشەی صەلات و زەکات لە پاڵ یەکتردا لە یەکەم ئایەتدا بیست و یەك جار هاتوون.

زەکـات بـەمانای پاکـژ کردنەوەیـە، مانـا پڕاوپڕەکـەی ئامانجـە ڕووحییەکـەی دەردەخات، واتە سامان پاك نابێتەوە تـا ئەوکاتـەی هـەژاران تییّدا بەشـدار نـەبن، واتە زەکات تەنها باجێك نییە حکومەتێك وەریبگرێ بۆ پۆششی بژێوی کەسانێك کە ناتوانین بیانناسین، بەڵکو باجێکە وەکو فەرزێکی دیاریکراو لەسەر کەسانی بـەتوانا دەیدەین بۆ ئەوەی لەبواری دیاریکراودا خەرج بکرێت، یا باشتر بڵێین زەکات فەرزە لەسەر هەموو کەسێکی دەوڵەمەنـد کـە بـە ویسـتی خـۆی، کەسـانی دیکـە بەشـدار دەکات لەو ڕۆزییەی خوا پێیداوە تەنها لەبەر خودایش، ئەم بەشدارییە لـە دەزگـای زەکاتدا شایستەگییەکی ڕووحی بۆ کەسی زەکاتدەر و هێزێکی ئابووریی بۆ دەوڵەت بەدیدەهێنێت، وەرگرەکەش زەکاتی دەستدەکەوێت بەبێ ئەوەی لە ڕێـز و شـکۆی کەم ببێتەوە، چونکە مافی خۆیەتی نەك منەتبار ببێت یـان خێـری پێبکـەن، خـوای گەورە خۆی دەفەرموێت کە هەژاران مافیان هەیە لە سامانی دەوڵەمەنداندا: ﴿وَفِـي أَمْوَالِهِمْ حَقٌّ لِلسَّائِلِ وَالْمَحْرُومِ﴾ (الذاريات: ١٩).

خەرجکردنی زەکات لە ڕێگەی خودا: "في سبيل الله" هێندە فراوانـە کـە هـەموو ئەرکەکانی سەرشانی دەوڵەت دەگرێتـەوە. کـە یـەکێکیان ئـەرکی بەرگریکردنـە لـە ئوممـەت، بـەڵکو حاڵەتـە نموونەییەکـەی لێـرەدا ئەوەیـە کـە بریتییـە لـەو دۆخـەی کۆمــەڵگا کــە دەرامــەتی زەکــات لــە نــاوخۆ و دەرەوە لــە ڕێگــای دەوڵــەتێکی دەسـتپاکەوە بەسـەر کەسـانی شایسـتەدا دابەشـدەکرێ و دەوڵەتەکـەش خـۆی بـە ڕێبواری ڕێبازی خودا دەزانێت، کە ئەمەش ئەو سەرەنجامەی لـێ دەکەوێتـەوە کـە ئەو دەوڵەتە هیچ هەژار و بێنەوایەکی تیا نامێنێت و دیلەکانیان ئازادبوون و قـەرزی ئەو قەرزارانەش کە ناتوانن بیدەنەوە دراوەتەوە.

پوختەی قسان، کاری زەکات و سەدەقات ئەوەیە کە تا دەکرێت کۆمەڵگا نزیکتر بێت لە دۆخی ئایدیاڵی دادپەروەریی دابەشکردن. لەبەر ئەمەشە قورئان توندوتیژیی بەرامبـەر هـەتیوان و نـەبوونی هانـدان بـۆ هـەژار تێرکردنـی یەکسـان کـردووە بـە

ڕەتکردنـەوەی هـەموو ئـاین، تـا ئـەو ڕادەیـەی لاپەڕەیـەك لـە قورئـان نییـە، کـە دەستوورێکی خودایی تێدا نەبێت بۆ موسڵمان کە زیاد لـە پێویسـتییەکانی خـۆی و ماڵەکەی ببەخشێت بە براکانی، لەبەر خاتری خودا.

لێـرەدا جێـی ئاماژەیەکـە هـەر تەوحیـد بـوو وەکـو بنـەمای یەکـەمی ئـابووری ئیسـلامیی بـەردی بناغـەی دانـا بـۆ یەکـەمین دەوڵـەتی خۆشـگوزەرانی، کـە مـرۆڤ ناسیبێتی، گەورەییەکەش هەر بـۆ ئیسـلام دەگەڕێتـەوە کـە بنـەما بنەڕەتییـەکانی یەکـەمین بزاڤـی بـۆ بەدەسـتهێنانی بیمـەی کۆمەڵایـەتی داڕشـت، بگـرە گـەورەیی ئیسـلام بـە گشـتی و تەوحیـدی ئیسـلامیی بەتایبـەتی لەوەدایـە کـە لـە بـواری جێگیرکردنی دادگـەریی کۆمەڵایـەتی و گێڕانـەوەی شـکۆی مرۆڤایەتیـدا گەیشـتۆتە ئاستێکی هێندە بەرز کە بەرزترین ئایدیاڵەکانی کۆمەڵگا خۆرئاواییە هاوچـەرخەکان بـە بـەراورد بـە ئیسـلام زۆر بچـووك دەنـوێنن. ڕۆڵ و بەخششـی ئیسـلام لێـرەدا ناوەستێت بگرە لەمەش زیاتر تەوحید پایەکانی دەوڵەتێکی ئیسـلامیی وای تۆکمـە کـرد کـە هـیچ جـۆرە قـۆرخکردن (احتكار) و پارەکۆکردنـەوە ( گەنجینەسـازیی = اكتناز)ی تێدا نەبوو، لەو ڕووەوە کە ئەم دوو خەسڵەتە لە ڕوانگـەی ئیسـلامەوە بـۆ هەمیشە زۆر ناپەسەند و بێزراوون. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُـوا إِنَّ كَثِيرًا مِنَ الْأَحْبَارِ وَالرُّهْبَانِ لَيَأْكُلُونَ أَمْوَالَ النَّاسِ بِالْبَاطِلِ وَيَصُدُّونَ عَنْ سَبِيلِ اللَّـهِ وَالَّذِينَ يَكْنِزُونَ الذَّهَبَ وَالْفِضَّةَ وَلَا يُنْفِقُونَهَا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَبَشِّرْهُمْ بِعَـذَابٍ أَلِـيمٍ (٣٤) يَوْمَ يُحْمَى عَلَيْهَا فِي نَارِ جَهَنَّمَ فَتُكْوَى بِهَا جِبَاهُهُمْ وَجُنُوبُهُمْ وَظُهُورُهُمْ هَـذَا مَـا كَنَـزْتُمْ لِأَنْفُسِكُمْ فَذُوقُوا مَا كُنْتُمْ تَكْنِزُونَ﴾ (التوبة: ٣٤ – ٣٥).

هەروەها دەفەرموێت: ﴿الَّذِي جَمَعَ مَالًا وَعَدَّدَهُ (٢) يَحْسَـبُ أَنَّ مَالَـهُ أَخْلَـدَهُ (٣) كَلَّا لَيُنْبَذَنَّ فِي الْحُطَمَةِ﴾ (الهمزة: ٢ – ٤).

هەر ئەم تەوحیدە فەرزی دەکات لەسەر پیاوی موسڵمانی پێگەیشتووی بە توانا، کە ژمارەیەکی زۆر لە منداڵ و خزمانی بەخێو بکات، بە هەمان شێوە هەستی متمانەی ئاڵوگۆڕکراوی نێوان خزمەکانیش بە یاساکانی میرات بەهێز دەکات.

بەکورتی دەتوانین بڵێین کە تەوحید لە ڕێگای ئەو پەیوەندییەی بەتینەی کە هەیەتی بە سیستەمی ئابوورییەوە ئەو بەڵێنە دەدات بە ئوممەت، کە یان لە دنیا و ئاخیرەت سەرکەوتوو دەبن، یان بەهەردوو ئامانجی جوان (سەرکەوتن و شەهیدبوون) وەکو قورئان ناوزەدی کردوون.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قُلْ هَلْ تَرَبَّصُونَ بِنَا إِلَّا إِحْدَى الْحُسْنَيَيْنِ وَنَحْنُ نَتَرَبَّصُ بِكُمْ أَنْ يُصِيبَكُمُ اللَّهُ بِعَذَابٍ مِنْ عِنْدِهِ أَوْ بِأَيْدِينَا فَتَرَبَّصُوا إِنَّا مَعَكُمْ مُتَرَبِّصُونَ﴾ (التوبة: ٥٢). واتە: هەرکاتێك ئوممەت تەمبەڵی کرد لە بەدیهێنانی ئەم دوو ئامانجە جوانە، واتە نەیتوانی لە واقیعی ژیانی سەرزەویدا خۆشبەختی جەستەیی و دەروونی و ڕۆحی فەراهەم بکات بەو شێوەیەی لە ڕووی ئەخلاقییەوە گرەنتی ڕەزامەندیی خودا و بەهەشت بکات، کەواتە بەشێوەیەکی ئەسەفبار شکستی هێناوە و سەرکردەکانی بەڵگەی لێنەهاتوویی خۆیانیان داوە بەدەستەوە، کە شایستەی متمانەی ئوممەت نین.

موسڵمان وەك ئەندامێکی ئەم ئوممەتە ئامادەیی تیایە بۆ ئەوەی قبووڵی سەرکردایەتی و ڕێنمایی و کۆنترۆڵ و ڕاهێنان بکات، لەوەش زیاتر ئامادەیە بۆ ئەوەی لە کاتی ناچارییدا بۆ هەر سیستەمێکی تۆکمەش، ملکەچ بێت، لە پێناوی ئەوەی ئەم دوو ئامانجە جوانە بۆ خۆی و براکانی مسۆگەر بکات.

ئەو وزەیەی کە موسڵمانێك لە ژیانی بەرهەمهێنانیدا سەرف دەکات و بە تێکڕایی چل ساڵ بەردەوام دەبێ، هەر دەبێ بەرهەمێکی وای هەبێت کە بۆ پۆششی پێداویستییەکانی بژێوی خۆی و بەخێوکراوانی کافی، بگرە زیاتریش بێت.

بۆیە پێویستە ژیانی ئابووری زۆر بەباشی ڕێکبخرێت بە جۆرێك، کە گرەنتی ئەو دوو ئامانجە جوانە بکات، خۆ ئەگەر ئەو کارە نەکرا، ئـەوا بەرپرسـیارێتی ناکەوێتـە سەرشـــانی تاکـــەکان و سروشـــت، بـــەڵکو دەکەوێتـــە سەرشـــانی ســـەرکردە و فەرمانڕەواکانی ئوممەت.

لەگـەڵ ئەمەشـدا کەلـەپووری ئیسـلامیی زۆر بـەڕوونی فێرمـان دەکـات: (کمـا تکونون یولّی علیکم)[1]، واتە بەپێی خۆتان فەرمانڕەواتان بۆ دادەنرێت. واتە هـیچ گەلێك نییە لە سەرکردەکانی باشتر بێت، لێرەوە ئەم جۆرە شکسـتانە پەیوەنـدیی بـەکۆی ئوممەتـەوە هەیـە، هـەر بۆیـە چارەسـەرەکەی پێویسـتی بـە گۆڕانکـاریی ڕیشەیی هەیە، نەك تەنها گۆڕانکاریی لە حکومەتدا.

---

[1] فەرموودەیەکی پچڕاوە بەیهەقی گێڕاویەتەوە، بڕوانە: البیهقي، شعب الإیمان، ج٦، ص٢٢، فەرموودەی ژمارە ٧٣٩١.

# بەشی دوازدەیەم

# تەوحید: بنەمای سیستەمی جیهانیی

## یەکەم: برایەتیی جیهانیی:

لەبەر ئەوەی خودا تاك و تەنهایە و هاوتای نییە، کەواتە فەرمانەکانی بۆ هەموو مرۆڤێکە، ئەم فەرمانانە هەم گشتین و هەم جیهانیین، واتە هەموو مرۆڤێك دەگرنەوە، بە دوو هۆ:

یەکەم بۆخۆیان کاران و داوایان لێکراوە ئەم فەرمانانە جێبەجێ بکەن، دووەم بۆخۆیان بابەتی فەرمانەکانن، واتە فەرمانە تەکوینییەکانی خودا لەواندا ڕەنگ دەداتەوە. پێش ئیسلام مرۆڤەکان پەیوەندیی نێوانیان لەسەر ڕەگەز، یان کەلتوور، یان هەردووکیان بنیات دەنا، بەڵام کە ئیسلام هات پەیوەندییەکی تازەی هێنا بۆ نێوانی مرۆڤەکان، کە ئەویش ئوممەتە. ئوممەتیش وەك پێشتر ڕوون بوویەوە، کۆدەنگییەکی سێ لایەنەیە: ڕوانگە و ویست و کار، کە واچاوەڕوان دەکرێت کە تەنها موسڵمانان بۆخۆیان تیا بەشدار بن، ئەو جیهانیبوونەی لە تەوحیددا هەیە داخوازیی پەیوەندییەکی نوێ دەکات لە نێوان مرۆڤەکاندا.

ئیسلام چاوەڕوانە لە ناموسڵمانەکان، کە ئەوانیش چاو لە ئوممەتی ئیسلامی بکەن کە ئوممەتێکی تازەیە و بەرمەبنای ئاین دامەزراوە، نەك بەرمەبنای هۆز و ڕەگەز، واتە ئەوانیش بەرزتر بن لە پەیوەندیی هۆز و ڕەگەز و دووبارە خۆیان بەرمەبنای ئاین ڕێکبخەنەوە. ئاین بۆخۆی ڕوانگەیەکی کۆنەپەرست نیە و پەیوەندییەکیش نیە کە بنەمایەکی دەستەبژێرانەی بۆگەن و کینەتۆزی هەبێت، بەو شێوەیەی میدیای نوێی خۆرئاوا بانگەشەی بۆ دەکات، چونکە هێشتا وەکو ئاین گرنگترین لایەنی ژیانی مرۆڤە لەسەر زەویدا و هەر ئەویشە باڵاترین پێناسەی شیاو بۆ چەمکی مرۆڤ دەکات، تاقە بەرپرس لە ناوبانگی خراپی ئاین لە خۆرئاوا بریتییە

لەو ململانێ سەخت و دوور و درێژەی گەلانی خۆرئاوا لە دژی کڵێسای مەسیحیی هەیانبوو.(١)

جا لەبەر ئەوەی ملکەچیی بۆ میر و ڕەگەز سەنتەری و نەتەوەسەنتەریی بوونە پێشەنگی خەبات لە دژی کڵێسا، هەر بۆیە ئەو هێزانە خۆیان دزییەوە لەوەی کە ئاین ببێتە بنەما بۆ پەیوەندیی و کۆمەڵگای جیهانیی و تەنانەت لەبەر ئەو پەیوەندییەی ئاین بە کڵێساوە هاتن ئاینیشیان ڕەتکردەوە(٢).

هەر ئەمەش هۆکار بوو لە سەردەمی ڕۆشنگەرییدا عەقڵی خۆرئاوایی گەڕایەوە بۆ ئایدیاڵیزمی کۆمەڵگەی جیهانیی، کاتێك لە ئایدیاڵی باڵای هەمان کڵێسا ڕووی وەرنەچەرخاند، بەڵکو ئەمجارەیان لەباتی ئەوەی لەسەر بڕوای تاکەکەسی بنیاتی بنێ، لەسەر عەقڵ دایمەزراند، جارێکی تر لەم ئایدیاڵە دامەزراوە بەرمەبنای عەقڵە، تەرە بوو، چونکە خۆرئاوا لە بەرامبەر هێرشی کشانی ئیمپریالیزمی نەتەوەیی کە لە هەناوی شۆڕشی فەڕەنسی پەیدابببوو، نەیتوانی لە داکۆکی کردنی ئەم ئایدیاڵە بەردەوام بێت. ئیسلام هات، تێکۆشا بۆ سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی جیهان لەسەر ئەو بنەمایەی کە مرۆڤ چۆن لە خۆی و لە ئایدیاڵی باڵای خۆی و هۆز و نەوەکانی و چۆن لە چارەنووسی کۆتایی خۆی و هەموو توخمی مرۆڤ دەڕوانێت. ئاینیش هەموو ئەم ڕوانگانە لە ژێر سایەی خۆی کۆدەکاتەوە.

ئیسلام ڕێگر نیە لەوەی ناموسڵمانەکان ئەو ڕێزەیان لێ بگیرێت کە پەیڕەوانی هەر ئاینێك وەك موسڵمانەکان، ئاینەکەیان بکەنە ڕێکخەری ژیانیان. ئیسلام سوورە لەسەر ئەوەی ناموسڵمانەکان ئەو شکۆیەیان هەبێت کە شوناسی خۆیان بەپێی

---

١ ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گەندەڵییەی کڵێسای کاسۆلیکی ڕۆم تووشی ببوو، کاتێك قەشەکانیان بوونە ئاغا بەسەر خەڵکی ئەورووپاوە، موڵك و ماڵیان لێ زەوتکردن و بەناڕەوا خواردیان و بەکاریان هێنا بۆ ئارەزووبازیی خۆیان و بۆ دووبارە دروستکردنەوەی ڕۆما و ڕازاندنەوەی.

2 Niebuhr , Reinhold, An Interepretation of Christian Ethics , New York : Harper, 1935, pp 91, 235 , 244.

ئاینەکـەیان دیارییبکـەن و ڕازی نابێـت کـە وەك نەتـەوە دانیـان پێـدا بنێـت لەسـەر بنــەمای پەیوەندییــەکی دیکــە جگــە لــە ئاینەکــەیان، جگــە لــەوەی یــەکێك لــە سەرچاوەکانی شانازیی بۆ ئیسلام ئەوەیە کە ناموسڵمانەکان بە هاوتای موسـڵمانان دەزانێت لە گرنگترین پرسی ژیـانی سـەرزەویدا، واتـە بەفـەرمی نایانناسـێت ئەگـەر نەبنە چەند گرووپێك کە لە دەوری دیدگای گشتیی و گەردوونیی سەبارەت بە پرسە گەورەکان شکڵیان گرتبێت.[1]

شـایانی ئاماژەیـە کـە پێغەمبـەر (درودی خـوای لەسـەر) لـە قۆنـاغی مەککـەدا موسڵمانانی لـە گرووپێکـدا بـە پەیوەنـدیی ئـاین ڕێکخسـت و دوای هیجـرەتیش لـە مەدینە ئەوس و خەزرەجی پێکەوە بەست لە ژێر ناوی ئەنساردا، ئینجا هات ئەنسار و ئەو قورەیشییانەی مۆڵەتی هیجرەتیـان پێـدرابوو کـرد بـە بـرا، لـە هـەمان کاتـدا پێغەمبەر لە نێوان ئازاد و کۆیلە و گەورە و ئازادکراوەکانیان یەکێتیی دروسـتکرد و هـەموویانی بـە یەکسـان ناسـاند، لـە کۆمەڵێکـدا کـە وتـەی بـاڵاتر هـی شـەریعەتی خودابوو، پێغەمبەر بۆخۆی پیشەنگی سیاسی و فەرمانڕەوای کۆمەڵگاکە بوو.

پێغەمبـەر هـەر کـە گەیشـتە مەدینـە لـە تـەمووزی ٦٢٢ زاینیـدا، پەیماننامـەی مەدینــەی کــردە بناغەیــەك بــۆ پەیوەندییــەك کــە بــۆ هــەموو موســڵمان و جوویــەك کراوەبوو، بۆ ئەوەی هەر کامێکیان بە پێی ئەو پەیماننامەیە ژیانی ڕێکبخـات، ئـەم پەیماننامەیە دەستووری دەوڵەتەکەی مەدینە بوو، وەك چـۆن دەبێتـە دەسـتووری ئەو سیستەمە جیهانییەش کە ئیسلام تێدەکۆشێت بۆ ئەوەی بۆ مرۆڤایەتی بەرپای بکات.

---

[1] ئەمەیە ناوەڕۆکی چەمکی زیممی لە شەریعەتی ئیسلامدا، چونکە ئیسلام مرۆڤەکان بە شوناسی ئاینییان پێناسە دەکات. لێرەوەیە ئیسلام ناموسڵمانەکان بەپێی ئەندامێتییان لە گرووپی ئاینییدا پۆلێن دەکات، هەر گرووپێك لەم گرووپانە قەوارەیەکی هاوبەش پێکدەهێنن، کە خاوەنی کەسێتییەکی یاسایی مەعنەویی تەواو و دانپیانراوە لە ئیسلامدا.

له گەرمەی ئەو کێبڕکێیەی لە مەیدانی مێژووی جیهاندا ڕوویدا، بڵاوکردنەوەی ئەم دەستوورە وەك واجبێك بووە سەرەتای ڕەوتی دەوڵەتی ئیسلامی و ئیسلام. بەم لێکدانەوەیە پێشەوا عومەری کوڕی خەتتاب بڕیاریدا بەپێی ڕووداوی کۆچ مێژوو تۆمار بکات و ئەم ڕووداوە بکاتە دەستپێکی مێژووی ئیسلامی.[1]

ئەم دەستوورە بووبە پەیماننامەیەك کە دەوڵەتی ئیسلامیی لێدروست بوو، دەوڵەتێك کە کۆکەرەوەی پێغەمبەر و موسڵمانان و جوولەکە و هاوپەیمانەکانی ناو ئەوس و خەزرەج بوو، بەناوی خوداوە دەرچووێنراو هەر ئەویش زامنی بوو.

ئەم پەیمانە لە پلەی یەکەمدا بنیاتنانەوەی پەیوەندیی بەرمەبنای شوناسی هۆز و خێڵ هەڵوەشاندنەوە و ڕێگریی کرد لەوەی ماف و ئەرکەکانی مرۆڤ لەسەر بنەمای ملکەچی ئەو بۆ خێڵەکەی بێت، لەباتی ئەوە ئاین بووە یەکەمین بنەمای ڕێکخەری ئاوەدانیی و چەترێك بۆ یەکخستنی خەڵکێك لە هۆز و ڕەگەز و ناوەندی کۆمەڵایەتیی جیاواز. لەو ساتەوەختە مێژووییەوە، موسڵمانان بوونە ئەندامی ئوممەتێکی ئۆرگانێکی کراوە، کە ڕێکخەری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکەی بریتییە لە ئاین، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ هَذِهِ أُمَّتُكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَأَنَا رَبُّكُمْ فَاعْبُدُونِ (٩٢) وَتَقَطَّعُوا أَمْرَهُمْ بَيْنَهُمْ كُلٌّ إِلَيْنَا رَاجِعُونَ﴾ (الانبياء: ٩٢ – ٩٣).

لە پاڵ ئەم ئوممەتە موسڵمانە ئوممەتێکی تر هەیە کە یەهوودن، ئەوانیش داوایان لێکراوە کە خۆیان لە قەوارەیەکی ئۆرگانیی دا ڕێکبخەن بەبێ ڕەچاوکردنی شوناسیی خێڵەکانیان، هەروەها گەلی خۆیان و ژیانی تاکەکانیان بە شەریعەتی

---

[1] ئیسلام بەم کارە پێشینەیەکی نوێی تۆمار کرد بە پێچەوانەی هەموو ئاینەکانی پێشوو، کە لە لەدایکبوونی دامەزرێنەرەکەی، یان کۆچی دوایی ئەویان دەکردە سەرەتای مێژووی ئاینەکە، دەستنیشانکردنی ڕۆژژمێری هیجریش بە هەمان ئەندازە جیاوازە لە حاڵەتە یەهوودییەکەش کە مێژوویەکی هەڕەمەکیی بێ بەڵگەی داناوە بۆ دەستپێکردنی گەردوون و هەموو کاتێکیش لەو دەستپێکەوە پێوانە دەکات.

یەهوود (تەورات) و بنەماکانی دیانەتی یەهوودیی بەپێی ڕاڤەی حاخامەکانیان ببەن بەڕێوە، ئوممەتی ئیسلامی خۆی پابەندکردووە بەوەی نەتەوەی یەهوود بپارێزێت و بڕیاری دادگا ئاینییەکانیان جێبەجێ بکات و ئازادیی و ئاشتیی و کەش و هەوای گونجاوو پێویست فەراهەم بکات بۆ بەرەوپێشچوون و گەشەیان.

شەش ساڵ دوای بەرکاربوونی ئەم دەستوورە، شاندێك لە مەسیحییەکانی نەجران هاتنە مەدینە و لەگەڵ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) کۆبوونەوە بۆ باسکردن لە پەیوەندیی خۆیان و دەوڵەتی ئیسلامی، پێغەمبەر بەجوانیی ڕێزی لێنان و بانگیکردن بۆ ئیسلامەتی، هەیانبوو موسڵمان بوو، هەشیانبوو لەسەر دینی خۆی مایەوە، ئەوەیان کە موسڵمان بوو هاتە ریزی ئوممەتی ئیسلامیی و ئەوەش کە لەسەر مەسیحییەتەکەی خۆی مایەوە، پێغەمبەر لە چوارچێوەی ئوممەتێکی تر وەك یەهوود ڕێکیخست، کە مافیان وەك ماڧی موسڵمانان و ئەرکیشیان وەك ئەوان بێت.

جێنشینەکانی دوای پێغەمبەریش، هەمان پێگەیان دا بە زەردەشتیی و هیندۆس و بوودائییەکان، هاوکات لەگەڵ فتوحاتی ئیسلامیی ڕیزەکانی ئوممەتی ئیسلامیی بە موسڵمانی تازە لە گەلان و ڕەگەزە جیاوازەکان پڕتر بوو، کە لەتەنیشت پەیڕەوانی ئاینەکانی تری وەك جوو و مەسیحیی و نەتەوەکانی دیکە ڕیز بوون، دەوڵەتی ئیسلامی لەسەر هەمان ڕێباز بەردەوام بوو، هاوڵاتیانی ناموسڵمانی لە پێکهاتەی خۆیدا رێکخست و جارێکی تر شیاندنی بۆ کردن کە ببنەوە هاوڵاتی لە سیستەمی نوێدا، بەجۆرێك کە ماوەیەکی دوور و درێژ لە پاش فتوحاتی ئیسلامیی یەکەم زۆرینەی زۆری هاوڵاتیانی دەوڵەتی ئیسلامیی ناموسڵمان بوون و ئەم دەوڵەتەش بڕێکی زۆر لە توانا و وزەی خۆی تەرخانکردبوو بۆ چاودێری و ئاسایشی ئەو هاوڵاتییە ناموسڵمانانە، بۆ ئەوەی داهاتوویان، گوزەران و گەشەی دامودەزگاکانیان مسۆگەر بکات.

دەوڵەتی ئیسلامی لەسەر فۆرمی دەوڵەتی ناسیۆنالیستی باوی ئەمڕۆی جیهان نەبوو، گەلەکەی یەك ڕەگەز و خاوەنی یەك پەیوەندی میللیی نەبوو، کۆمەڵگاکەشی بوونی خۆی لە بەرگریی لەخۆی و لە خزمەتکردنی بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی وەرنەگرتبوو، کە خۆی بکاتە پێوەری هەموو شتێك، بەڵکو سەنتەرێکی بەهێزی خاوەن سوپا بوو، پێکهاتبوو لە ئوممەتی موسڵمانان و چەند گرووپێکی ئاینی سەربەخۆ، کە هەرکامیان خاوەنی دەزگای ئاینی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری تایبەت بوو. کە هەر هەموو دەزگاکان لە ژێر چەتری دەوڵەتی ئیسلامیدا بوون، دەوڵەتی ئیسلامییش دەسەڵاتی جێبەجێکردن بوو نەك یاسادانان، چونکە سەرچاوەی یاسای دەوڵەتەکە لە لایەن خوداوە بوو، بگرە یاساوی بوونی دەوڵەتەکە جێبەجێکردنی فەرمانە تەکلیفییەکانی خودا بوو، پەیامەکەشی لەسەر زەوی ئەوەبوو کە دەسەڵاتەکەی بڵاوبکاتەوە تاوەکو ببێتە پێشەنگی هەموو مرۆڤایەتی بۆ ڕێگای جێبەجێکردنی ویستی ئیلاهی و گوێڕایەڵی خودا و پەرستنی خودا.

خوای گەورە مرۆڤایەتی کردووە بە چەند هۆز و تیرەو گەلێك بۆ ئەوەی یەکتر بناسن و هاوکاریی یەکتر بن، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ﴾ (الحجرات: ١٣).

بەم پێیە لە دەوڵەتی ئیسلامییدا سەروەریی بۆ شەریعەتە و دەوڵەت بە هەموو دامودەزگاکانیەوە تەنها جیبەجێکاری ئەو یاسایانەیە کە لە شەریعەت وەرگیراون. بەپێی ئەم شەریعەتە خوداییە، دەوڵەت ئەرکی سەرشانیەتی هەوڵ بدات کە جیهان و تەنانەت خودی ڕەگەزی مرۆڤیش بگۆڕێت بۆ دۆخێکی نموونەیی وا کە فەرمانە تەکلیفییە نێردراوەکانی ناو قورئانی پیرۆز نیشان بدات.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە دەوڵەتی ئیسلامی ڕانەسپێردراوە کە تەنها گرووپە مەسیحی و یەهودی و ئاینەکانی تر بکاتە یەکەی دامەزرێنەری پەیکەرەکەی و بەس، بەڵکو دەبێت هەموو ڕەگەزی مرۆڤایەتی لە خۆیدا جێبکاتەوە. لێرەوە پێویست بوو کە پەیکەرەکەی جێگەی ژیانی هاوبەشی تیا ببێتەوە کە هەموو گرووپەکان لە سایەیدا پێکەوە بە ئاشتییانە بژین و لە کاری باش و چاکەکاریدا کێبڕکێ بکەن و لەسەر بنەمای ڕێزی بەرامبەر لەگەڵ یەکتر جۆش بخۆن، هەموو ئەم پایانە لە دەستووری دەوڵەتی ئیسلامییدا فەراهەم ببوو.

**١ـ ئاشتیی ئیسلامیی جیهانیی:**

ئەو سیستەمە جیهانییە نوێیەی ئیسلام بانگەشە بۆ بەرپاکردنی دەکات سیستەمێکی ئاشتییخوازە و دروشمەکەی ئەوەیە کە پێویستە بۆ هەتاهەتایە کۆتایی بە جەنگ و دوژمنکاری لەسەر زەوی بهێنرێت، بە ئاشتییەکی گشتیی و کراوە بۆ هەموو ڕەگەزی مرۆڤایەتی بە هەموو تاك و گرووپەکانیەوە، خوای گەورە فەرمانی ئەمەی داوە بە موسڵمانان:

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا ادْخُلُوا فِي السِّلْمِ كَافَّةً وَلَا تَتَّبِعُوا خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُبِينٌ﴾ (البقرة: ٢٠٨).

فەرمیان پێدەدات کە هەموو مرۆڤایەتی بانگ بکەن بۆ ئاشتی و وەڵامدانەوەی بانگەوازی ئاشتی:

﴿وَإِنْ جَنَحُوا لِلسَّلْمِ فَاجْنَحْ لَهَا وَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ (٦١) وَإِنْ يُرِيدُوا أَنْ يَخْدَعُوكَ فَإِنَّ حَسْبَكَ اللَّهُ هُوَ الَّذِي أَيَّدَكَ بِنَصْرِهِ وَبِالْمُؤْمِنِينَ﴾ (الانفال: ٦١ – ٦٢).

ئیسلام ڕایسپاردوون بەوەی کە سیستەمی ئاشتیی بخەنە بەردەمی هەموو مرۆڤ، بەو هیوای کە هەموویان ئازادانە و لە ناخی دڵیانەوە بێنە ناویەوە، چونکە لۆجیکی بابەتەکان وایە کە پێشنیازی ئاشتی شایستەی ئەوەیە ڕەتنەکرێتەوە، خۆ

ئەگەر ئەویتر ڕوویدا واتە شەڕ، ئەوە بەڵگەیە کە لایەنی مەبەست هیچ ئاشتییەکی ناوێت، کە ئەمەش ڕەنگە بگاتە ئاستی ڕاگەیاندنی جەنگ و ڕەنگە لە باشترین شییانەدا بەمانای ڕەتکردنەوەی پێشنیازی ئاشتیی و ڕەتکردنەوەی چوونە ناو هیچ پەیوەندییەك لەگەڵ لایەنی داواکەری ئاشتی. لە هەردوو حاڵەتەکەدا هەڵوێستەکە وەڵامێکی ناچاریی دەوڵەتی ئیسلامی دەخوازێت، ئەمەش لەبەرچەند هۆیەك:

**یەکەم: ڕەتکردنەوەی بانگەوازی ئاشتی لە هەر کەسێکەوە بێت کارێکی نامرۆڤانەیە.**

دووەم: سووکایەتیەکە ئاڕاستەی شکۆی ئەو کەسانە کراوە کە بانگهێشتکراون بۆ وەڵامدانەوەی بانگەوازی ئاشتی، چونکە هەر مرۆڤێك بخرێتە پشت دیوارێکی ئاسنین و ڕێگری لێبکرێت کە لەگەڵ براکەی ئاڵوگۆڕی بیروڕا و لێکتێگەیشتنیان هەبێ سووکایەتییە بە شکۆ و کارێکی دوژمنکارانەیە لەسەری ئەنجام دەدرێت، ڕاستە ڕەنگە پەیوەندییەکانی نێوان هاوڵاتیانی دەوڵەتی ئیسلامی و دەوڵەتانی دیکە پەیوەندیی بازرگانیی و ئابووری بێت و خەڵکانی تر پێی دڵخۆش نەبن، بەڵام پەیوەندیی دڵخوازی نێوانیان مەرج نیە لەم ئاستەدا بوەستێت، بەڵکو دەشێت پتر لە پەیوەندیی ئابووری و کۆمەڵایەتی بڕواتە ئاسۆیەك کە ماف بەخۆیان بدەن پێکەوە بانگەوازێکی ئیسلامیی هزریی ڕابگەیەنن، کە تەوەرەکەی مافی هەموو مرۆڤایەتی بێت لە بەرپاکردنی سیستەمێکی نوێی ئاشتیی جیهانی، کە مرۆڤەکان بەردەوام بن لە دان و ستانی ئازادانە، هەر کامێکیان گوێ لەویتر بگرێ و ئاڵوگۆڕی قایلبوون و قایلکردن بە ڕاستی بکەن.

دەوڵەتی ئیسلامیی بە حوکمی پەیماننامە و دەستوورەکەی، پابەندە بە گەیاندنی وتەی خودا و بەوەی داوا لە هەموو مرۆڤایەتی بکات، کە گوێ لەم وتەیە بگرن، کە دیارە مرۆڤەکان لەوەدا ئازاد نین کە ئەو وتەیان پێنەگات، ئیتر ئەوان بانگەوازەکە وەردەگرن، یان نا، ئەوە بابەتێکی ترەو مرۆڤەکان تەواو ئازادن لەوەی

کە چییان ویست هەڵیبژێرن. کاتێکیش لەلایەن دەسەڵاتێکی فەرمیی دەوڵەتێکەوە ڕێگریی لە گەیاندنی ئەم بانگەوازە دەکرێت، ئەمە دەبێتە شێواندنی ناوبانگیی ئەو گەلە لەلایەن سەرکردەکانیەوە، لە هەمان کاتدا ڕەتکردنەوەیەکی ناهۆشمەندانەیە بۆ بانگەوازی ئیسلام، کە ڕوونراوە بۆ لێکدانەوەی ژیرانە و هەڵبژاردنی ئازاد.

**٢ـ یاسای ئیسلامیی بۆ گەلان:**

ئەگەر وەڵامی دەوڵەتێك بۆ پەیمانی ئاشتیی پێشنیازکراوی دەوڵەتی ئیسلامیی بە (بەڵێ) بوو، ئەوا ئەو دەوڵەتە دێتە ناو ئاشتیی ئیسلامیی، یان بڵێین سیستەمی جیهانیی نوێ، بە شێوەیەکی خودکار شایستەیە بۆ هەموو ماف و جیاووکەکانی ئەندامێتیی تیایدا، بەبێ ئەوەی هیچ زیانێك بە دەزگا ئاینی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی و کەلتوورییەکانی بگات، بەڵکو ئەم دەزگایانە لەلایەن دەوڵەتی ئیسلامییەوە پارێزبەندییان بۆ دەکرێت و ئەو گرەنتییە وەردەگرن کە ئەم دەزگایانە بە شۆڕشێك، یان توندوتیژییەك، یان بەبێ ڕەزامەندیی خۆیان، گۆڕانکارییان تێدا ناکرێت و دەوڵەتی ئیسلامیی لە هەر بەرەنگاربوونەوەیەکی نەیارەکانیان بۆ فەرمان و بڕیارێکی ئەم دەزگایانە پاڵپشتییان دەکات و ئەو گەلە و ئەو دەوڵەتە لە ڕێکخستنی کاروباری ناوخۆیی بە یاسا تایبەتەکان و لە ڕێکخستنی ژیانی تاکەکان بە پێی حوکمی ئاینەکەیان و بەو جۆرەی کە خۆیان بۆ خۆیان، یان دەزگا تایبەتمەند و هەڵبژێردراوەکانیان ڕاڤەی دەکەن، بەردەوام دەبێت.

ئینجا چوون بانگەوازی هەموو مرۆڤەکان بۆ لای خودا و بۆ هاتنە ناو ئاینی پەسەندکراوی ئەو کە ئیسلامە، ئەرکی سەرشانی موسڵمانانە، هەر بۆیە ئەوانیش ڕوودەکەنە هاوڵاتییە تازەکان کە هاتوونەتە ناو سیستەمە جیهانییە تازەکەوە و داوایان لێدەکەن کە پێکەوە لە بژاردەی ئیسلام بکۆڵنەوە، ئیسلام ئەم بانگخوازانە پابەند دەکات بەوەی کە ئیسلام بەشێوەیەکی دۆستانە و نەرمونیان بخەنە بەردەم ناموسڵمانەکان، ئەوپەڕی ڕێز بۆ نەریتە ئاینییەکانیان و کەسەکانیان ڕەچاو بکەن،

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُمْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَنْ ضَلَّ عَنْ سَبِيلِهِ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ﴾ (النحل: ١٢٥).

ئەوسا ئەوان دوو بژاردەیان هەیە: ئەگەر وەڵامی بانگەوازی خودایان بە ئەرێ دایەوە و هاتنە ناو ئیسلام، دەبنە برا و خوشك لە ئیسلامدا و ئەگەر ئامادەنەبوون بێنە ناو ئیسلام، دەبێ ڕێز لە بڕیارەکەیان بگیرێت و بە هیچ شێوەیەك کەمترین گازەندیان پێنەگات. جگە لەمەی وتمان لە ڕووی شەرعەوە هەر هەوڵێك بۆ ئەوەی بە زۆر، یان بە فێڵ، یان هەڵنان و بەرتیل پێدان، کەسێك موسڵمان ببێ یاساغ و حەرامکراوە، ئەم قەدەغەکردنەی قورئان کە ڕێگا نادات بە زۆرلێکردن لە ئاینداریدا، جەختی لێکراوەتەوە بەوەی کە خودا نەفرەتی کردووە لەو کەسەی کە کەسێك ناچار دەکات یان بەرتیلی دەداتێ بۆ موسڵمانبوون:

﴿لا لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَدْ تَبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ فَمَنْ يَكْفُرْ بِالطَّاغُوتِ وَيُؤْمِنْ بِاللَّهِ فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَى لَا انْفِصَامَ لَهَا وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ (البقرة: ٢٥٦).

بگرە شەریعەتی ئیسلام لەوە زیاتر ڕۆیشتووە، کاتێك موسڵمانبوون بە زۆر و بەو ڕێگا قەدەغەکراوانە پووچەڵ دەکاتەوە و هیچ ئەنجامێکی لەسەر بنیاتنانێت.

خۆ ئەگەر لە ڕەوتی مامەڵەی ڕۆژانەدا لەنێوان هاوڵاتییەکی تازەی ناو دەوڵەتی ئیسلامی و هاوڵاتیانی ئەسڵیی کێشەیەك دروستبوو، کەسی داواکار و کەسی داوالەسەرکراو، ئەو مافەی هەیە کە پەنابباتە بۆ شەریعەتی خۆی و دادگای یەکلاکەرەوە پابەندە بە ڕێزگرتنی ئەم بنەمایە و پشتی پێ ببەستێت لە بڕیار و حوکمدانەکەیدا، ئەگەر کێشەکەش بەم شێوەیە یەکلانەبوویەوە، دەبێ دادگا، یان دادگایەکی تر، بۆ جاری دووەم تێبکۆشێت بۆ یەکلاکردنەوەی لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هەردوولا و سەبارەت بە ئوممەتی هەردووکیان حەقبین بێت.

شەریعەتی ئیسلام بۆ هەموو مرۆڤێك بەبێ جیاوازی ئەو مافە دەسەلمێنێت، کە لەلای دەسەڵاتی دادوەریی دادخواهیی بکات، واتە مافی دادخوازیی بۆ هەموو هاوڵاتییەك مسۆگەرە چ وەکو تاك و چ وەکو گرووپ، پرسەکەش دژی تاکێکی موسڵمان یان دژی خودی دەوڵەتی بێت، جیاوازیی نیە، واتە تاکی هەر ئوممەتێکی ناموسڵمان دەتوانێت سکاڵا لەسەر خەلیفە، لەسەر دەوڵەتی ئیسلامی و تەنانەت لەسەر ئوممەت و لەسەر تاکی موسڵمانیش بکات، دادگای ئیسلامیش بە سروشتی خۆی سەرپشکە لەوەی سەیری کێشەکە بکات و بەپێی یاسا بڕیاری لەسەر بدات، مەرج نییە داواکار هاوڵاتیی دەوڵەتی ئیسلامیی بێت بۆ ئەوەی دادگا سەیری سکاڵاکەی بکات، بەڵکو هەموو مرۆڤێکی ئەم جیهانە، بە ناموسڵمان و هاوڵاتییانی دەوڵەتانی تریشەوە بۆی هەیە لەبەردەم دادگای ئیسلامییدا سکاڵا بەرز بکاتەوە.

یەك لە نیشانەکانی گەورەیی یاسای نێودەوڵەتی ئیسلامیی ئەوەیە، نەك تەنها مافی ئوممەتەکانی دیکەی خاوەن سەروەریی دەسەلمێنێت کە بگەڕێنەوە بۆی، بەڵکو ئەو مافە بۆ تاکەکانیش دەسەلمێنێت بەبێ جیاوازیی، هەروەك ئوممەتان، لەبەر ئەوەی ئامانجی یاسای ئیسلامیی بەدیهێنانی دادگەرییە بۆ هەموو تاکێك، لە حاڵێکدا یاسای نێودەوڵەتی خۆرئاوایی دەیەوێت چەند گرووپێکی سەربەخۆ ڕێکبخات بەبێ گوێدانە ئەوەی کە دەشێت بەرژەوەندیی گرووپ لەگەڵ بەرژەوەندیی تاك یەکنەگرێتەوە، لە حاڵەتێکی ئاوەهاشدا زۆرجار بەخاتری لایەنی بەهێزتر بەرژەوەندیی تاکەکەس بەفیڕۆ دەدرێت.

ڕەنگە سەیر و سەمەرە بێت، کە شەریعەتی ئیسلام ئەو هەلە بۆ هاوڵاتییەکی هەژاری دەوڵەتێکی تر یان سەر بەهیچ دەوڵەتێك نەبێ، دەڕەخسێنێت کە سکاڵا لەسەر تەواوی دەوڵەتی ئیسلامیی تۆمار بکات، یان خودی خەلیفە بهێنێتە بەردەمی دادگا، وێڕای ئەوەی بە پێی یاسای ئیسلامیی، دادگا هیچ تێچوویەك

ناخاته سەر ئەو کەسەی بێتاوانە و هەموو تێچووەکان دەخاتە سەرشانی ئەو کەسەی حوکم دەدرێت.

"بەڵام شەریعەتی ئیسلام پێیوایە سەندنی ماف بۆ ئەم کەسە هەژارە، گرنگترە لە پاراستنی شکۆی خەلیفەی بەهێز و ئاسوودەیی ئەو، با دەقی وتارەکەی ئەبوبەکری سدیق بخوێنینەوە پاش ئەوەی بەیعەتی خیلافەتی پێدرا:

ئەی خەڵکینە، من بوومەتە سەرپەرشتی ئێوە، بەڵام چاکترین کەسی ناو ئێوە نیم، ئەگەر بینیتان من لەسەر ڕاستییم پشتگیریم بکەن و ئەگەر دیتان لەسەر ناحەقم ڕاستم بکەنەوە، گوێڕایەڵم بن تا من گوێڕایەڵی خودام سەبارەت بە ئێوە، ئەگەر نافەرمانی ئەوم کرد، ئیتر نابێت گوێڕایەڵم بن، بزانن کە کەسی لاوازتان لای من بەهێزترینە تا بتوانم مافەکەی بۆ بستێنمەوە، بەهێزیش لای من لاوازە بۆ ئەوەی مافی لێ بستێنمەوە، ئەم قسەیە دەکەم و داوای لێبوردن بۆ خۆم و ئێوە دەکەم لە خودا". (١)

لەلایەکی ترەوە، یاسای نێودەوڵەتیی ئیسلامی، گرنگییەکی زۆری داوە بە هێنانەوەی بایەخ و تێکڕای مافەکان بۆ دیلەکانی جەنگ، کە لە کێشمەکێشە نیودەوڵەتییەکاندا بە دیل دەگیرێن. نەریتی باو لەناو ئوممەتانی ناموسڵماندا وابووە، کە ئەو دیلانە گل بدەنەوە بۆ ئەوەی دوای جەنگ وەك کارتی دان و ستان بەکاریان بهێنن، واتە ژیان و چارەنووسیان لە باشترین حاڵەتدا بەستراوە بە چەند ڕێکەوتننامەیەکی هەڕەمەکیی لە نێوان هێزە خۆرئاواییەکاندا.

---

[1] ابن هشام، ابو محمد عبد الملك: السيرة النبوية، بيروت، دار الكتاب اللبناني، ١٩٨٦م، ج٢، ص٤٣٠، هەروەها بڕوانە:

-صفوت، احمد زكي، جمهرة خطب العرب في عصور العربية الزاهرة، القاهرة، مكتبة البابي الحلبي، ١٣٥٢، ج١، ص٦٧.

-Ibn Hisham , The Life of Muhammad , tr, A. Guillaume , London : Oxford University Press. 1955.p 687.

لە بەرامبەردا، یاسای ئیسلامی ئەو مافـە دەدات بـە دیـل، کـە بۆخـۆی فیدیـەی خـۆی بـدات و هـەر خۆشـی دەستپێشـخەری بکـات، ئـیتر ئـەو فیدیەیـە خزمـان و دۆسـتەکانی بیـدەن، یـان خـۆی کـاڵا و خزمـەتگوزاریی پێشـکەش بکـات، کەواتـە دەوڵەتی ئیسلامیی بۆی نیە پێشنیازی فیدیەیەکی دادگەرانە کە دیلێکـی جـەنگیی، یان کەسێکی تر دەیکات ڕەتبکاتەوە، دادگا ئیسلامییەکان ئەو دەسەڵاتەیان هەیـە کە دەوڵەت وادار بکەن بەو کـارە ئەگـەر بۆخـۆی نـەیکرد. لـەوەش زیـاتر، ئیسـلام فەرماندەدات بە موسڵمان بە تاك و بە کۆ، حەوتیـەکی بـەروبوومی زەکـات بـەلانی کەمەوە دابنێن بۆ فیدیەی دیلەکانیان بە موسڵمان و ناموسڵمانەوە.

لەو کاتەدا کە ئیسلام ستایشی هەموو ئەو هەوڵانە دەکات، کـە بـۆ ڕزگـارکردنی دیلەکان ئەنجام دەدرێن، هاندانیشی هەیە بۆ چاکەکردن لەگەڵ دیلەکانی دوژمن بـە بـەرەڵڵاکردنیان بـەبێ بەرامبـەر، تەنانـەت ئـەم کـارەی بـە نیشـانەی پارێزکـاریی و کەفارەتێکی وەرگیراو لـەبری تـاوانی گـەورە هـەژمار دەکـات، خـۆ ئەگـەر کەسـێك ئافرەتە دیلەکەی ژێردەستی مارە بکات و ئەمیش لـەو دووگیـان بـبێ، یەکسـەر لـە دیلیی دەردەچێت و دەبێتە هاوسەرێکی ئازاد بە هەموو مافێکەوە، تـا ئـەو کاتـەی کۆچی دوایی دەکات.

لەم گرنگیدانە بە فەراهەمکردنی دادگەریی بـۆ هـەموو تاکـەکان و هانـدانیان بـۆ بەدەستهێنانی، یاسای نێوەدەوڵەتی ئیسلامیی بـوارێکی فراوانـی ڕەخسـاندووە بـۆ هاوڵاتیـانی دەوڵـەتانی دیکـە، کـە پەیوەنـدیی ڕاسـتەوخۆیان بـە دەوڵـەتی تـری ئیسلامییەوە هەبێت، بۆ نموونە دەشێت مافی کڕین و فرۆشتن، گواستنەوەی کـاڵا و خزمەتگوزاری و هاتووچۆی کەسەکان لەناو خاکی ئیسلامییدا بە چەند گرێبەسـتێك ڕێکبخرێت لە نێوان دەوڵەتی ئیسلامیی و هەرکەسێکی بێگانەی پەیوەندیدار کە بـە گرێبەستی (دڵنیاخوازیی= الاستئمان) ناوزەد دەکرێت.

پوختەی باسکراو ئەوەیە کە یاسای نێودەوڵەتیی ئیسلامیی زۆر بەتوندیی گرنگی بە دوو بابەت دەدات:

بەدیهێنانی دادگەریی و لایەنگری ستەملێکراو و دەستەبەرکردنی ئازادیی تاك بۆ ئەوەی بتوانێت هەوڵبدات بۆ بەدەستهێنانی خۆشگوزەرانی و گەشە و بەرژەوەندییەکانی، چ ئەو تاکە موسڵمان بێت یان ناموسڵمان.

ئیسلام بە یەك وشە بەرژەوەندیی تاکەکان دەخاتە پێش بەرژەوەندیی قەوارە دەستەجەمعییەکان، لەبەرامبەردا یاسای نێودەوڵەتی خۆرئاوا تەنها دەربەستی بەرژەوەندیی قەوارە دەستەجەمعییەکانە.[1]

## دووەم: جەنگ

لە بەرامبەر ئەم هەموو ماف و جیاووکانەی کە لە ئەنجامی هاتنەناو ئاشتیی ئیسلامیی بۆ تاك و گرووپەکان دەستەبەر دەبێت، ئیسلام تەنها داوای ئەوە دەکات کە پشتگیریی سیستەمی جیهانی ئیسلامیی نوێ بکەن، وێڕای دانانی باجێکی ساڵانە کە لەسەر هەموو نێرینەیەکی پێگەیشتوو پێویست دەکرێت بەناوی (سەرانە= الجزیە) کە زۆر کەمترە لەو زەکاتە کە لەسەر موسڵمان فەرز کراوە. ئەو جیاوازییەیان هەیە کە زەکات لەسەر موسڵمان فەرزە لە هەر بارودۆخێکدا بێت، بەڵام سەرانەی دانراو لەسەر ناموسڵمان بەپێی هەرێمی نیشتەجێبوونیان دادەنرێت و توانای کەسەکەی تیا ڕەچاو دەکرێت و پیاوانی ئاینی و ژنان و منداڵ و پێنەگەشتووان لێی دەبەخشرێن.

---

[1] بڕوانە: میثاق الأمم المتحدة الصادر، ١٩٤٥.

ئەم قسەیە بەسەر پەیمانی کۆمەڵەی گەلانیشدا ڕاستە کە نەتەوە یەکگرتووەکان هاتە جێی، بەسەر دادگای دادی نێودەوڵەتی لە لاهاییش ڕاستە کە دوای کۆمەڵەی گەلان مایەوە.

چەند دادگایەکی ئیسلامیی حوکمی دا کە پێویستە ئەو سەرانەیەی دەوڵەتی ئیسلامیی لە جوولەکە و مەسیحییەکانی وەرگرتووە لەو ساڵەدا کە ئەو دەوڵەتە نەیتوانیوە دێهاتە سنوورییەکانیان لە پەلاماری هێزەکانی ئیمپراتۆری ڕۆم و دوژمنانی نەناسراو بپارێزێت، بگێڕێتەوە بۆیان.(١)

جگە لەوەی کە خزمەتی سەربازیی لە ڕیزی هێزەکانی خیلافەتی ئیسلامییدا بۆ ناموسڵمانان بە ئیجباری نییە، لەبەر ئەوەی خیلافەتی ئیسلامیی دەوڵەتێکی بڕواییە و هیچ ڕەوا نییە جەنگاوەریی، یان تەنانەت مەرگیش بسەپێنرێت بەسەر کەسێکی ناموسڵماندا بۆ داکۆکی لەسەر ئەم بڕوایە، بەڵام بۆی هەیە خۆبەخشانە بەشداریی بکات و لەبەرامبەردا لە سەرانە دەبەخشرێت، لە حاڵێکدا زەکات بەهیچ جۆرێك لەسەر موسڵمان لاناچێت.

ناموسڵمان دەتوانێت لە پۆستە گشتییەکاندا ببێتە کارمەند و تەنانەت بگاتە بەرزترین پلەش. واتە ڕێگا لەبەردەمیدا کراوەیە بۆ ئەوەی لە دەوڵەتی ئیسلامییدا پۆستی گشتی وەربگرێ و تا باڵاترین پۆست بەرز ببێتەوە. هەربە کردە زۆرێك لە جوولەکە و مەسیحییەکان گەیشتوونەتە پلەی سەدری ئەعزەم کە هاوتایە بە پلەی سەرۆك وەزیران لە ئێستادا، لەوانە حسدای کوڕی شربوت لە سەردەمی عەبدوڕەحمانی سێیەم و سیرجیووس لە ڕۆژگاری ئەمەویاندا.(٢)

شەریعەتی ئیسلام سیستەمێکی ئێجگار وردی داناوە بۆ ڕاگەیاندنی جەنگ و بۆ کۆنترۆڵکردنی، ڕاگەیاندنی جەنگ لە دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن نییە، بەڵکو لە دەسەڵاتەکانی دادوەرییە، کە دادگاکانی داوای بەڵگە دەکەن لەسەر ئەوەی ئایا دەوڵەتی ئیسلامیی یان هاوڵاتیانی ئەو دەوڵەتە هێرشیان کراوەتە سەر؟ هەتاکو

---

1 Arnold , T , W.The Preaching of Islam. Lahore: Sh.Muhammad Ashraf Publishilng.1961, p 61.

2 Hitti.Philip K , History of the Arabs , London , Macmillian Co.1963, p. 195, 524.

ئەویش ڕێگا بدات وەڵامی ئەو دەستدرێژییە بدەنەوە. هەر ئەم یاسایە بڕیار دەدات بەوەی کە کارەکانی کوشتار و وێرانکاریی بێ پاساوی ماڵ و موڵك و پەلاماری پیاوانی ئاینی و ژن و منداڵی سڤیل هەر هەمووی تاوانە و ئەو کەسەش کە ئەنجامیان دەدات دەکەوێتە ژێر سزاوە لەبەردەم دادگا و سەرەنجام لە بەرامبەر خوای گەورەوە. جگە لەوەی ئیسلام دەستدرێژیی حەرام دەکات و لێرەوە ڕێگە نادات بە هەڵگیرسانی شەڕ لە پێناوی لووتبەرزیی لەسەرزەویدا، یان بۆ دەسکەوت و یاخود بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات. لە هەمان دەستپێکەوە ئیسلام لەسەر موسڵمانانی فەرز دەکات کە ئامادەی گیانبەختکردن بن لەو ساتەوەختانەدا کە دادگەریی پێشێل دەکرێ و جێبەجێکردنی پێویستی بەو قوربانیدانە بێت، هەروەها مژدەی شەهیدیی و بەهەشت دەدا بەو موسڵمانەی لە جەنگێکی ڕەوادا دەکوژرێت.

هیچ پلەیەکیش لەوە بەرزتر نییە کە مرۆڤ ژیانی خۆی بە شەهیدیی لە ڕێی خوادا کۆتایی پێ بێنێت.

﴿وَلَا تَقُولُوا لِمَنْ يُقْتَلُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَمْوَاتٌ بَلْ أَحْيَاءٌ وَلَكِنْ لَا تَشْعُرُونَ﴾ (البقرة: ١٥٤). ﴿وَلَا تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ قُتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَمْوَاتًا بَلْ أَحْيَاءٌ عِنْدَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ﴾ (آل عمران: ١٦٩). ﴿لَكِنِ الرَّسُولُ وَالَّذِينَ آمَنُوا مَعَهُ جَاهَدُوا بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنْفُسِهِمْ وَأُولَئِكَ لَهُمُ الْخَيْرَاتُ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ (٨٨) أَعَدَّ اللَّهُ لَهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا ذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ﴾ (التوبة: ٨٨– ٨٩).

# بەشی سێزدەیەم

# تەوحید بنەمای جوانیناسی ( ئێستاتیکا )

## یەکەم: یەکبوونی هونەریی ئیسلامیی و ئاستەنگەکانی:

یەکەی ئێستاتیکای کاری هونەریی ئیسلامیی ڕاستییەکە ناکرێ فەرامۆش بکرێ، یاخود نادیدە بگیرێت، ئەو کەسەی مێژووی هونەری ئیسلامی دەنووسێت هەستدەکات بەو فرەچەشنییە بەرچاوەی لە بابەت و کەرەستە و شێوازەکانیدا هەیە کە لەمەودای ڕووبەری جوگرافیی و مێژووییدا جیا دەکرێنەوە، بەردەوام ئەو ڕاستییە بەرجەستەیە کە هونەری ئیسلامیی هەرچەندە جێگە و قۆناغەکانیشی جیابووبێت لە ئامانج و فۆڕمیدا، هەر یەك شتە، چونکە پاش هاتنە ناو ئیسلام، لە قورتوبەوە هەتا دەگاتە مەندیناو ئەم هونەرە یەکبوونی خۆی نمایش کردووە لە خەسڵەتەکانی دروستبوونیدا، لە دوورکەوتنەوە لە لاساییکردنەوەی سروشت و لە برەودان بە فۆرم و شێوەگەرایی کە بزاوتێکی ناکۆتایی بەرهەمدەهێنێت.

هەموو جۆرەکانی هونەری ئیسلامیی پەنای بردووە بۆ وشە ئیلهامبەخشەکانی قورئانی پیرۆز و بۆ وشەکانی ناو فەرموودەی پێغەمبەر و شیعری عەرەبی و فارسی و پەندە پڕ لە حیکمەتە ئیسلامییەکان و لە خۆشنووسیدا بەکاری هێناون. بەهەمان شێوە لە هەموو سەردەمەکاندا موسڵمانان بە هەستی قووڵ و سۆزێکی ڕادەبەدەرەوە لەگەڵ بانگدان و خوێندنەوەی بەتەجویدی قورئان هەماهەنگبوون تەنانەت ئەو کەسانەش کە عەرەب نین کە ڕەنگە کەمێك لە عەرەبی تێبگەن، یان هەر هیچ تێنەگەن، ئەوان لەم حاڵەتانەدا مامەڵە لەگەڵ قورئان بەهێزی عەقڵ و تێگەیشتن ناکەن، بەڵکو بە هەست و نەستەوە کە بۆ دەرککردنی بەها جوانەکانی قورئان دەبزوون، ئەم تێگەیشتنە لە جوانیی لە بەهێزییدا هاوچەشنی ئەو تێگەیشتنە تیۆرییەیە کە بۆ خوێنەری دەقەکان حاسڵ دەبێت، لەبەر ئەوەی هەستکردنی ڕاستەوخۆ بە بەهای جوانیی زۆر لەپێشترە، بەجۆرێك کە تێگەیشتنی لۆجیکییانە تەنها ڕۆڵێکی لاوەکیی و یاریدەدەری بۆ دەمێنێتەوە.

هێزی بەها جوانییەکان و ئەو یەکبوونە جوانییەی ئیسلام کە لە ژمارەیەك پێکهاتەی کەلتووری فرەچەشن شکڵی گرتووە، ئەوەندە بەهێزە، کە هەموو گەشتیارێك لە کەنارەکانی خۆرهەڵاتی زەریای ئەتڵەسییەوە تا کەنارەکانی خۆرئاوای زەریا هەستی پێدەکات، ئەو بۆ هەرکوێ بڕوات هەستدەکات بە خاکێکدا گوزەر دەکات کە یەك گوزارشت کۆیان دەکاتەوە، لە تەلارسازیی ئیسلامی نەخشێنراو بە ئەرابیسك (زەخرەفە) و بە جۆرەکانی خۆشنووسیی عەرەبی، ئەم گەشتیارە دەتوانێت تێبینی ئەوەش بکات کە لە هەموو ئەو ناوچانەدا هەستکردن بە بەهاکانی ئیسلام وەکو یەکە، لە هونەرەکانی نووسراو، بینراو، موزیکدا، لە ژیانی ڕۆژانەی دانیشتواندا بە جیاوازیی ڕەگەز و ڕەنگ و زمان و شێو ژیانیان.[1]

پێمان خۆشە خوێنەر حەواڵە بکەین بۆ وتارێکمان کە بەزمانی ئینگلیزیی بڵاوکراوەتەوە، بەناونیشانی:

"چەند بۆچوونێکی هەڵە سەبارەت بە سروشتی هونەری ئیسلامیی"، تیایدا نموونەیەك لە تێزی خۆرهەڵاتناسانمان هێناوە لەسەر بوارەکانی زەخرەفە و گرافیك و تەلارسازی و ئەدەبیات و موزیك و تیۆری هونەر لای موسڵمانان، لەهەر بوارێکیشدا دیدگای یەکێك لە گەورە پسپۆڕەکانی خۆرئاوامان هێناوە، لەو کەسانەی کە دیدگاکەیمان هێناوە و شیکاریمان بۆ کردووە و پووچمان کردۆتەوە بۆ نموونە: ڕیچارد ئیتینگاوزن و هـ.ج. فارمەر، م.س. دیماند، ت.و.ئەرنۆڵد، یـ.هیرتزفیلد،:.أ.س.کریسویل، ج.فۆن گرۆنیباوم، ناوبانگی زانستیی ئەمانە

---

[1] بەڵگەی ڕاستیی ئەم قسەیە بریتییە لە فاکتی ئەو لێکچوونی بەها جوانییەکان کە لە هەموو جیهانی ئیسلامییدا باون لەسەرووی هەموویانەوە هونەری نووسینەوەی قورئانە بە خەتێکی جوان و ڕازاندنەوەی ماڵ و مزگەوت و شوێنە گشتییەکان بە ئایەتەکانی قورئان و خوێندنەوەی قورئان بە دەنگێکی خۆش و کاریگەر بەپێی یاساکانی تیلاوەت بە شێوەیەکی ڕەوان و ئاسان و وەرگرتنی برگەی قورئانیی بۆ زەخرەفەی تابلۆی هونەریی.

بەگشـتی یـان هەنـدەکیی پشـت بـە کارەکانیـان لـەم بوارانـە دەبەسـتێت و ئێمـە شیکاریی بۆچوونەکانیانمان کردووە و ڕەتمان داونەتەوە.

هەرهەموویان بەبێ جیاکردنەوە، دیدگاکانیان لەسەر گریمانەیەکی هەڵە، بـەڵکو کینــەتۆز و دوژمنکارانــە بنیاتنــاوە، کــە گوایــا ئیســلام تــەنها ئەوەنیــە کــە لــە سەردەمەجیاوازەکاندا هیچ بەشدارییەکی لە هونەری موسڵماناندا نەکردووە، بـەڵکو کۆسپی ڕەوتە هونەرییەکانیان بووە و ڕێگریی لـە پێشـکەوتن و دەوڵەمەنـدبوونیان کـردووە، تـەنها هونـەرێك کـە هێنابێتیـان ئـەوەبووە کـە لـە نووسـینی ئایەتـەکانی قورئاندا بە خەتی عەرەبی هونەرمەندییان نواندووە، کە ئەمەش هێرزفێڵد ناویناوە دەمارگیریی کوێرانـە و ئیتینگـاوزن بـەبێ هـیچ مرخێکـی هونـەریی و بـە تەوسـەوە دەڵێ: کاتێك بەدەر لە نەریتی باو ماناکانی قورئان تەرجەمەکران بۆ زمانـەکانی تـر کۆتایی بەم قۆرخکردنەش هات.

هەرهەمووشیان ویسـتوویانە بەڵگـە بهێننـەوە بـۆ ئـەوەی هـەموو ئـەو بەرهەمـە هونەرییانەش کە دەمارگیریی کوێرانەی تیا نیە و موسڵمانان دایانهێنـاوە تێکـڕا بـە تۆپزیی ئیسلام و بە دەرچوون لە ڕێنماییەکانی بووە، گوایا پیاوماقووڵ و سـوڵتانە موسڵمانەکان لە کۆشك و نووسینگەکانیان پشتگیریی هونەرگـەلێکی وێنەکێشـانیان کردووە و چێژیان لە موزیکی وروژێنەر بۆ مەیخواردنەوە و ئافرەتبازیی وەرگرتووە بە پێچەوانەی دەستوورەکانی ئیسلام. ئەم کەسانە بەخەیاڵیاندا نەهاتووە کـە ئـەم هونەرە تاوانکارییانە، کە ئەوان باسی دەکـەن زۆر کـەمن بـە بـەراورد لەگـەڵ کـۆی بەرهەمی هونەریی گشتیی ناو جیهانی ئیسلام.

هەندێکیان هاتوون شێوازی شیکاریی دەروونییان بەکار هێناوە بـۆ لێکدانـەوەی هونەری ئیسلامیی، ئەو تیۆرییەیان پێشکەشکردووین کە هۆی ئەوەی هونەرمەندیی موسڵمان هەموو ڕووتەختەکانی بەم دیزاینانـە پۆشـاندووە ئەوەیـە کـە ترسـاوە لـە ڕووتــەختی بــەتاڵ (Horror Vacui)، هەنـدێکی تـر هـاتوون شـیکارییەکی

پێچەوانەیان بۆ ئەمە کردووە گوایا هونەرمەندی موسڵمان چێژ لە ڕەنگەکان دەبینێت و دەیەوێت بە شێوەیەکی سادەلەوحانە حەزی خۆی بە چەند تیشکێکی درەوشاوەی بێمانای ڕەنگەکان بجووڵێنێت، بەم شێوە داهێنان و هەڵکەوتوویی چەندین سەدەی کەسانی هەڵکەوتوو نزم دەکەنەوە بۆ ئاستی تێرکردنی کەسانێکی سەیرو سەمەرە کە ڕەنگ دەیانورووژێنێت. بۆ بەدبەختییش بە خەیاڵی هیچ کەسێکییاندا نەهاتووە کە حوکمی ئەوان لەسەر هونەری ئیسلامیی لە پێوانەکانی هونەریی خۆرئاواییەوە دەستی پێکردووە، تەنانەت دان بەمەشدا نانێن، بۆیە لێکدانەوەیان بۆ ئەو کارە هونەرییانەی تایبەت بە شارستانێتی موسڵمان، هەڵەی ئاشکران و کەسی زیرەك شەرمیان لێدەکات.

بەهەڵاواردنی ڕۆشنایی چەند دیدگایەکی لاوەکی تیتۆس بۆردکهارت و لویس ماسینیۆن و بەرزەفتیی بێلایەنانەی ئێرنست کۆهنل سەبارەت بە لێکدانەوە، مێژوونووسە خۆرئاواییەکانی هونەری ئیسلامی بە پێی پێوەرگەلێکی جوانیناسیی خۆرئاوایی بڕیاریان لەسەر ئیسلام داوە. هەرکامیان بگریت لەبەردەم نەبوونی جەستە و دراما و وێنەکانی سروشتدا بە سەرسامیی تەواوەوە دەوەستێت، هەرکەسێکیش نووسراوەکانیان بخوێنێتەوە شڵەژاویی ئەوان دەبینێت، لەبەر ئەوەی نەیانتوانیوە لە هونەری ئیسلامییدا شتێکی هاوشێوەی هونەری خۆرئاوا بدۆزنەوە کە بتوانن لەگەڵی بگونجێن، هەروەها ئەو کینە ڕووحییەشیان دەبینێت کە بڕیاری ناڕەوای پێدەدەن لەسەر هونەری ئیسلامی.(١)

[1] AL Faruqi Ismail Raji ‘Misconceptions of the Nature of the Work of Art in Islam’ Islam and the Modern Age, vol 1, No 1, May, 1970, pp.29-49.

له وتارێکی تـردا سروشـتی هونـەری یۆنـانیی و نەریتـە هونەرییـە جێگیرەکـانی خۆرهەڵاتی نزیکمان لێکدایەوە و باسی کاردانەوەی ئەم نەریتانەمان کرد دەربارەی ئەو هونەرە لە ڕۆژگاری جیهانگیرییەکانی ئەسکەندەری مەقدۆنییەوە.[1]

بۆمان روونبوویەوە کە کرۆکی هونەری یۆنانیی لاساییکردنەوەی سروشتە، بەڵام نابێت ئەمە والێکبدرێتەوە کە ئەم هونەرە لاساییکردنەوەیەکی فۆتۆگرافیی سادەی سروشتە، بـەڵکو باشـترە بڵـێین هەوڵدانێکـە بـۆ نوواندنی بەرهەسـتی بیرۆکەیـەکی پێشین کە سروشت بـە بـەردەوامیی دەیـەوێت بەرجەسـتەی بکـات، بـەڵام هـەرگیز ناتوانێت ئەو کـارە بکـات. بـەپێی ئـەم دیدگایـە هـەموو دروسـتکراوان دەرکەوتـەی چـەشمەندازە وردیلـەکانی بیرۆکـەکانی سروشـتن، چـونکە سروشـت لـە هـەموو ئافەریدەیەکـدا بیرۆکەیـەکی هاوشـێوەی گـەورەی زانسـت لای گریکییـە کۆنـەکان چاندووە، باڵاترین شێوەی هونەر بەپێی ئەم تیۆرییـە بریتییـە لـە کێشـانی وێنـەی مرۆڤ بە گرافیك، یان بە پەیکەرسازیی لەسـەر بـەرد، لەبـەر ئـەوەی بیرۆکـەی مـرۆڤ دەوڵەمەندترین و ئاڵۆزترین دەرکەوتەی سروشتە و بۆخۆیشی دەبێتە کانگایەکی بێ پایان بۆ هونەرمەند بۆ گەڕان و دۆزینەوە و نوواندن.

لەبەر ئەم هۆیەشە ئەم بیردۆزەیە مرۆڤی بە پێوەری هەموو شتێك داناوە، مـرۆڤ باڵاترین ئافەریدەیە هەر ئـەویش هـەڵگرو بەرجەسـتەکاری هـەموو بەهایـەکی بـاڵا و پاینە، لەم دەستپێکەوەیە کە خودی خواوەندیش لـە شـێوەی مرۆڤـدا وێنـاکراوە و ئاین بووەتە هاوتای مرۆڤبوون. بە جۆرێك کە پەرستنی خواوەند بەرجەستەبووە لە وردبوونەوەی قووڵاییەکانی سروشتی مرۆڤبوون و فرەچەشنییە بـێ کۆتاییەکانیـدا، ئەمەیە کرۆکی کەلتووری یۆنانیی کە دەبـوو هـەموو هونـەری شارسـتانێتی یۆنـانی گوزارشتیی لێبدەن.

---

[1] هەمان سەرچاوە، بەرگی ١، ژمارە ٢ی ئابی ١٩٧٠، لاپەڕەکانی ٦٨-٨١..

خۆ ئەگەر بڕۆینە خۆرهەڵاتی نزیك دەبینین نەریتێکی هونەری تەواو پێچەوانەی هاوتا یۆنانییەکەی پێشکەش دەکات، ئەم هونەرە مرۆڤ بە ئامڕازێك هەژمار دەکات بەدەست خواوەندەوە کە دروستی کردووە بۆ ئەوەی بیپەرستێت، لەم دیدگایەدا مرۆڤ لە خودی خۆیدا بەهیچ شێوەیەك نابێتە ئامانج. واتە نابێتە پێوەر بۆ هیچ شتێك، پێوەر لەلایەن خواوەیە، ئەو بنەما ڕەفتارییانەی کە ئەم پێوەرە دیارییان دەکات دەبنە یاسا بۆ مرۆڤ. لێرەدا جێگایەك نییە بۆ نموونەی ئەفسانەگەلی وەك ئەفسانەی پرۆمیسۆس، چونکە مرۆڤ لە مەملەکەتی پەروەردگاری خۆیدا کار دەکات، هەر کاتێك گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بێت پیرۆزە و هەرکاتێك نافەرمانیی بکات بەرنەفرەت دەکەوێت.

چەمکی پەروەردگاریی هەموو بایسەکانی ترس و خەشیەت و خۆشەویستیی و هیوا لە خۆیدا کۆدەکاتەوە، بڕوا بە زاتی خودا کە خاوەنی ئەم دوو سیفەتەیە هەمیشە ئەو بیرۆکە نەگۆڕەیە هزری مرۆڤی داگیر کردووە. بەردەوام مرۆڤ سەرقاڵی ئەوەبووە کە ئیرادەی خودا بناسێت و بزانێت چۆن جێگیر دەبێت بە حوکمی ئەوەی چارەنووسی ئەوی بەدەستە.

لەم سەرقاڵبوونەی بە ویستی خوداوە مرۆڤ گرنگیی و پێگەی گەردوونیی و ڕێزی خۆی وەرگرتووە.

هونەری خۆرهەڵاتی نزیك هەمووی دەربڕی ئەم ڕەهەندەیە لە ڕەهەندە کەلتوورییەکانی. بە هیچ شێوەیەك لە سایەی ئەم هونەرەدا بوارێك نییە بۆ ئەوەی سروشت بە گشتی و مرۆڤ بەتایبەتی خەنیمی بەهێزتری خواوەند بێت. هیچ بنەمایەك نیە بۆ داستانی پرۆمیسۆس کە تەنها ئەفسانەیەکە سەبارەت بە ململانێیەکی دەستکردی نێوان خودا و مرۆڤ لەسەر دەسەڵاتداریی بوونەوەر.

هەربۆیە پێویست بوو یەکەمجار دژایەتی ئەم شێواندنانە بکرێ و ڕێگا لەو تێکەڵکردنەی ئولووهییەت و سروشت بگیرێت، کە بەکاریگەریی هزری یۆنانی و

میسری دروستبووه و هۆشیاری مرۆڤی لێ ڕزگار بکرێ، پاشان پێویستە هەموو هۆشیاریی مرۆڤ لە موڵکی خوادا کۆبکرێتەوە، مادام سەرچاوە و پێوەر و ڕێکخەر و چارەنووسی ئەم هۆشیارییە هەمووی بەدەستی خودایە.

واتە خۆرهەڵاتی نزیك شێوازی نماسازیی لە هونەردا داهێناوە کە بۆخۆی دەسکەوتێکی زانستییە دژ بە لاساییکردنەوەی سروشت، پێش هاتنی ئەسکەندەری گەورە بە ماوەیەکی زۆر. بە تەئکید ئەو نەریتە کاتێك ئەسکەندەر خۆرهەڵاتی نزیکی گرت و ویستی هیلینیزم بەزۆری هێز بسەپێنێت بەسەر گەلانیدا بەهێزتر و جێگیرتر بوو. یەهوودییەتیش یەکێك لە ئاین و کەلتوورەکانی خۆرهەڵاتی نزیك بوو، ئەمیش زۆر ئازایانە بەرامبەری هەوڵی داگیرکەرانەی هیلینیزم وەستایەوە و ڕەنگە فیلۆ گەورەترین قوربانیی ئەم شەڕە کەلتووریە بووبێت.

یەهوودییەت توانی پابەندی هونەرەکەی بە دیدگا خۆرهەڵاتییە نزیکە ئەسڵییەکە بپارێزێت، تا ئەو ساتەوەختەی هەستی باڵاویستی ستاتیکای یەهوودی تووشی گەندەڵییەکی هەندەکی بوو لە ژێر کاریگەریی کەلتوور و دیانەتی خۆرئاوایی، لەسەردەمی نوێدا بەگشتی و لە ساتەوەختی دەرکەوتنی بزاڤی ڕۆمانتیکی ئەورووپییەوە بەتایبەتی، کە بزووتنەوەیەکی ژاوەژاوکەری ناعەقڵانی و بژاردەکارە و لاساییکاری سروشتە، لەگەڵ ئەمەدا چەمکگەلێکی وەکو ناسیۆنالیزم، گەل، ڕەگەز، خاك، ڕووسیای دایك، وڵاتی پاشای خواوەند و زاراوەی ڕەگەزپەرستانەی تری هێنا. پێش ئەم وەرچەرخانە، لای یەهوودییەکان ڕستەی (پەیکەر و وێنە بۆ خۆت دروست مەکە) تەنها قەڵغانێکی پارێزەر لە بتپەرستی نەبوو، بەڵکو بنەمایەکی جوانیناسییش بوو. پەرستگاکانی یەهوود هیچ کارێکی هونەریی تیا نەبوو، بە هەڵاواردنی ئەوانەی لە جیهانی ئیسلامدا بوون، کە تیایدا لاسایی گۆڕانە جوانکارییە ئیسلامییەکانی کرد و پێداویستیی جوانکاریشیان تا ئاستی پڕخۆری بە چەندین هەڵبژاردەی کتێبی پیرۆز تێرکرد و هەر جۆرە ڕۆڵێکی

هەستەوەریی خۆیان بۆ بەشدارییکردن لە دیدگایان سەبارەت بە زاتی خودا دوورخستەوە. بڕوای ئەوان بۆی سەرڕاست کردبوون کە خودا دەبیَ بە بۆچوون بناسریَ نەك بە کۆمەکی هەستەکان، ئەگینا هەرگیز نابێتە خودا. واتە تا ڕۆڵی هەستەکان سەبارەت بە بۆچوونی ئەوەی کیَ دەبێتە یەکەم سەرچاوە هەموو بوون، کەمتر بێت، بابەتی ئەم بۆچوونە باڵاتر دەبێت و خودی بینشی ناوەکی (البصيرة)ش پاڵفتەتر دەبێت.[1]

## دووەم: باڵابوون لە جوانییدا:

تەوحید لە چەند وشەیەکدا بریتییە: لە جیاکردنەوەی ئەنتۆلۆژیانەی خواوەند و هەموو جیهانی سروشت، چونکە هەموو شتێك لە بوونەوەردا دروستکراوە و باڵاتر نییە لە بوونەوەر و والەژێر یاساکانی کات و شوێندا، بە گشتیی هیچ شتێکی بوونەوەر شایستەی ئەوە نییە کە خودا، یان خودایی بێت بەهیچ مانایەك، بەتایبەتی بەو مانا ئەنتۆلۆژییەی کە تەوحید ڕەتی دەکاتەوە و کرۆکی بڕوا بە خودایەکی تاکی ئەم بوونەوەرەیە.

خوداش ڕەها و بەتەواوی جودایە لە سروشت و باڵاتری تاك و تەنهایە، لەوەش زیاتر تەوحید جەختدەکاتەوە کە خودا هاوشێوە و مانەندی نییە:

﴿فَاطِرُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ جَعَلَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجًا وَمِنَ الْأَنْعَامِ أَزْوَاجًا يَذْرَؤُكُمْ فِيهِ لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ وَهُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ﴾ (الشورى: ١١).

---

[1] یەکێك لە پێکهێنەرە گرنگەکانی چەمکی باڵابوون، ئەوەیە کەبە عەقڵ دەرك دەکرێت، بەڵام ئەگەر پێچەوانەکەی ڕوویدا، هەستەکان ڕۆڵیان هەبوو، زۆر یا کەم، لەم پرۆسەی بۆچوونەدا، ئەوا ئەو شتە دەرککراوە هەرگیز شتێکی باڵا نابێت.

کەواتە مەحاڵی مەحاڵە لە بوونەوەردا شتێك هەبێت لە خودا بچێت، یان هێمای ئەو بێ و یان ئەو نمایش بکات، خودا هەر خۆی خۆیەتی و باڵاترە لە وەسفکردن و تەنانەت بۆچوونی جوانیناسی پێناگات چ جای بۆچوونی هەستەوەریی.

ئەزموونی جوانیناسی واتە لە ڕێگای دراوە عەقڵییەکانەوە دەرکی بوونی جەوهەرێکی یەکەمینی میتافیزیکی، سەرووتر لە هەموو شتێکی سروشتیی بکەیت، ئەم ئەزموونە وەك پێوەرێك بۆ شتی بەرچاو دیاریدەکات کە ئەو شتە دەبێ چۆن بێت و تاوەکو نزیکتریش بێت لەو جەوهەرە جوانتر دەبێت.

لەناو زیندەوەراندا – بەتایبەت ڕووەك و گیانلەبەر و مرۆڤ– ئەوەیان جوانە کە تا بەرزترین پلەی گونجاو پڕاوپڕی ئەو جەوهەرە یەکەمینەیە، بە جۆرێك کە هەموو کەسێکی بینا بتوانێت بڕیار بدات کە سروشت لەو شتە جوانەدا بە ڕوونی و بە ڕەوانیی گوزارشتی لە خۆی کردووە و ئەو شتە جوانە دەرخەری هەموو ئەو شتانەیە کە سروشت لە حاڵەتە نایابەکاندا دەیەوێ ڕوونی بکاتەوە، لەناو بێ ژمار ڕووی کەموکورتیدا. کەواتە هونەر بریتییە لە پرۆسەی دۆزینەوەی ئەو جەوهەرە میتافیزیکییە لەناو سروشتدا و بریتییە لە ڕەچاوکردنی ئەو جەوهەرە لە شێوەیەکی بینراودا. ڕوون و ئاشکرایە کە هونەر لاساییکردنەوەی سروشتی دروستکراو نییە و وێناکردنێکی هەستەوەریی تەواوی شتە ڕاستەقینە سروشتییەکانیش نیە، چونکە دەشێت وێنەی فۆتۆگرافی کە هەر شتێك وەك خۆی بەرهەمدێنێتەوە لە ڕوونکردنەوە و دۆکیۆمێنتکردندا و لە دیاریکردنی شناسدا سوودبەخش بێت، بەڵام بە پێوەری کاری هونەریی هیچ بەهایەکی نییە، هونەر کەواتە بریتییە لە خوێندنەوەی سروشت

به مەبەستی گەڕان بۆ جەوهەرێکی ناسروشتیی و پاشان شێوەی گونجاو بدەیت بەو جەوهەرە.[1]

هونەر وەك تا ئێستا شیمان کردەوە و پێناسەمان بۆ کرد، بۆچوونێکە لە سروشتدا بەمەبەستی گەڕان بەدوای مەوجوودێکی بالا کە خۆی بەشێك نییە لە سروشت، کەسیش لەم سیفەتی بالابوونە هاوبەشیی خودا ناکات، جگە لەوە مادام جەوهەری یەکەمین کە دەبێتە بابەتی هەستی جوانیناسی، بۆخۆی پێوانەیی و جوانە، کەواتە هەست و نەستی مرۆڤ بە شێوەیەکی ناسروشتیی دەکەوێتە بەر کارلێکردنی، هەر ئەمەشە هۆکاری ئەوەی مەردوم جوانییان خۆش دەوێ و دەیکەنە پێوانە، ئەوان کاتێك کەسێکی جوان دەبینن لە سروشتی مرۆڤایەتیدا، جەوهەرە ئەسڵییە بالا میتافیزیکییەکە دێتە بەرچاویان لە رووی مرۆڤێکەوە کە بەرزکراوەتەوە تا پلەی بالابوون، ئەمە ئەو شتەیە کە یۆنانییەکان ناویاننـاوە "بەخودا بوون"، یان درکەوتنی مرۆڤ لە شێوەی خودا. مرۆڤەکان ئامادەییان هەیە کە ئەو کەسانەی ئەم گۆڕانەیان بەسەردادێت بەپیرۆز دابنێن و بە خودایان بزانن. مرۆڤی هاوچەرخی خۆرئاوایی هیچ لێبوردنێکی نییە بەرامبەر خواوەندێکی جودا لە سروشت، ئەو مرۆڤە چوارچێوەی ڕاستەقینەی کارەکانی خۆی سەبارەت بە جوانیی و ڕەفتار لە خودا دەستکردەکانی خۆی وەردەگرێت، کاتێك وەسفی ئایدیاڵ دەداتە سۆز و ڕووکردنە مرۆییەکان.[2]

---

[1] Schopenhauer , Arthur.The World as Will and Idea, tr. R.B.Haldane and J.Kemp, London: Routledge and Kegan Paul limited. 1883-1886, vol.1, Third Book, p.217.

[2] Nietzche , Friedrich. Works , tr.and. Walter Kaufmann, New York : The Viking Press, 1954 , p.459.see also ;
Kaufmann, Walter.Nietzche : Philosopher , Psychologist , Antichrist , Princeton: Princeton University Press , Meridian Books , 1956,p.102.

ئەمە ئەوە دەردەخات کاتێك لە ناوەندەکانی هونەری کۆنی یۆنان لوتکەی جوانییان لە کێشانی وێنەی خوداکاندا دەبینی و بەنموونەیەکی بالآی خودایی و بینراوی توخم و خەسڵەت و سۆزە مرۆییەکان دەهاتە بەرچاویان وەك ئەوەی لە هونەری پەیکەرتاشیدا هەیە، یان لە شیعر و درامادا وێنایان دەکرد، هۆکارەکەی ئەوەبوو کە وتمان، زمانی حاڵی ئەم هونەرە پێمان دەڵێت: ئەو شتەی کە دەیکێشێت واتە خوداکان، جوانە، لەبەر ئەوەی نموونەیەکی ئایدیاڵە بۆ ئەو حاڵەتەی کە دەبێ سروشتی مرۆڤی لەسەر بێت، جوانی خوداکانیش ئەو ململانێ بنەڕەتییەی نێوانیانی نەشاردەوە، چونکە هەر کامێکیان بەڕاستیی لە بوونەوەردا هەیە، تەنها ئەوەیە کە بۆ پلەی بان سروشت واتە پلەی خودایی بەرزکراوەتەوە.[1]

دابەزینی هونەری پەیکەرسازی بەرزی یۆنان بۆ ئاستی وێنەکێشانی ئەزمووتی ئیمپراتۆرە جیاجیاکان تەنها لە ڕۆما ڕوویدا، کە ئەو کاتە شانۆی لاوازبوونی هونەری یۆنانی بوو، مومکینیش نەبوو ئەم وەرچەرخانە بەو شێوەیەی لە ڕۆما بینرا ڕووبدات بەبێ بەخودا کردنی ئیمپراتۆر، بەڵام لە یۆنان بیردۆزەی هونەری یۆنانی بۆ ماوەی چەند سەدەیەك وەك خۆی بە پاکیی مایەوە، هەر بۆیە دراما لە تەنیشت هونەری پەیکەرسازیی گەشەی سەند.

هۆکاری ورد لە پشت ئەمەوە بریتییە لەوەی ویستوویانە وێنەی ململانێی هەتاهەتایی نێوان خوداکان بکێشن، بە پەردەلادان لەسەر زنجیرەیەك ڕووداو، کە ژمارەیەك کاراکتەر تیایدا بەشدارن. ئامانجی گشتییش ئەوەبووە کە ڕوخساری تاکەکەسییان بە وێنە بکێشێت، کە بینەران ئاگادار بن لەوەی بەمانای وشە مرۆڤانەبوون و بە سەرچاوەی خۆشییەکی زۆری بزانن. بەڵام کە دیمەنەکانی دراما کۆتاییەکی تراژیدی هەبوایە، ئەوان بە بابەتێکی پێویست و سروشتییان دادەنا و لە ئێش و ئازاری ڕووداوەکەی کەمدەکردەوە. هەواگۆڕکێ ( Catharsis ) یاریدەدەر

---

[1] Murray , Five Stages ,pp.57-63.

بوو بۆ نەهێشتنی هەستکردن بەتاوان سەبارەت بە کار و پەیجۆرییەکانی خوداکانیان، ئەمەش هونەری تراژیدیی کە لەلای یۆنانییەکان لەدایکبوو، هەروەها لای ئەوان کامڵ بوو، کردە لوتکەی ژانرە ئەدەبیی و کارە مرۆییەکان.

یەك لەو خاڵە ناوازانەی خۆرهەلاّتناس فۆن گرینباوم بەڕاستی درکاندوونی ئەوەیە کە دەڵێ: ئیسلام بۆیە هونەرە سیمبولییەکانی نەناسیوە، لەبەر ئەوەی ڕەتیدەکاتەوە کە خودایانی بەرجەستە یان جێکەوتەی ناو سروشت هەبن کە چالاکییان دژ بەیەکتر یان دژ بە چالاکیی شەیتان بێت. سەیر ئەوەیە گرینباوم ئەم ڕاستییەی وەك ناتەواوییەکی ئیسلام باسکردووە، لەگەڵ ئەوەدا کە مەدالیا و نیشانەیەکی جیاوازییە بۆی، شانازیی تاقانەی ئیسلام بەوەیە کە بەتەواوی خاڵییە لە بتپەرستی، واتە تاوانی تێکەڵکردنی خالق و مەخلووقی تیا نییە.(١)

تەوحید لەگەڵ داهێنانی هونەریی و چێژوەرگرتن لە جوانی ناکۆك نییە، بە پێچەوانەوە پیرۆز و بەرزی دەکاتەوە. جوانیی ڕەهاش لە ڕوانگەی تەوحیددا، تایبەتە بە خودای گەورە و ویستە بەسرووش هاتووەکەی واتە وشە دابەزێنراوەکانی. لێرەوە وازی هونەرمەندی موسڵمان لەسەر ئەوەبوو کە هونەرێکی نوێ بەرهەم بهێنێت کە لەگەڵ ڕوانگە تەوحیدییەکەی بگونجێت و لەسەر بنەمای بەڵگەنەویستی (لا اله الا الله) دڵنیابوو لەوەی کە لە سروشتدا هیچ شتێك نییە کە بیکەینە گوزارشت لە خودا، یان وێنەی خودای پێبکێشین. لێرەوە ئەم هونەرمەندە وێنەی هەر شتێکی ناو سروشتی کێشابێت کردوویەتی بە نما، واتە ئەو شتە سروشتییەی کە کردوویەتی بە بابەتی کارە هونەرییەکەی بە نماسازیی، تا بۆی لوابێت دووری خستۆتەوە لە تایبەتمەندییە سروشتییەکانی، تا ئەو ئەندازەیەی کە ناسینەوەی نزیك لە مەحاڵ بێت.

---

[1] AL Faruqi , article ‘ On the Nature of The Work of Art in Islam ‘.

نماسازیی لەم سەرووبەندەدا واتە هونەرمەند هەموو شتێکی ناو سروشت، بەڵکو ناو بوونـەوەر ڕەتدەکاتـەوە، بـەم ڕەتکردنـەوە تـەواوەی سروشـتی شـتەکان، هونەرمەندی موسڵمان باس لە نیوەی پاکژ و خاڵیکردنـەوەی شـایەتوومان (لا الـە) دەکات بە شێوەیەکی بەرچاو، بەم شایەتوومانەش لەڕاستییدا ڕەتی دەکاتـەوە کـە هیچ شتێك لە سروشتدا ڕەنگی باڵای هەبێت.(١)

بەخشینی ئەم هونەرمەندە لەم ئاستەدا نەوەستا، بـەڵکو داهێنـانی ئـەو لـەوەدا بوو کە لەو ڕاستییە تێگەیشت کە جیاوازیی هەیە لە نێـوان باسـکردن لـە خـودا بـە شـتێك لـە سروشـت و باسـکردن لـەوەی کـە مەحاڵـە بـە شـێوەیەك لـە شـێوەکان گوزارشت لە خودا بکرێت، چونکە بـاڵاترین ئامـانجی جوانیناسـی کـە مـرۆڤ توانـای بەسەریدا هەبێت ئەوەیە کە مەحاڵـە بـاس لـە خـودا بکـرێ بـە شـێوەیەك کـە چـاو دەرکی بکات. خودای گەورە ڕەها، باڵای باڵاترینە. ئەمـەش داخوازییـەکی جیـدی هەیە کە بڕوا بە ڕەهایی و باڵابوونی ئەو بریتییە لە بڕوای تەواو بەوەی کە مـومکین نییە خودا بە هیچ شتێکی سروشت بچووێنرێت، مرۆڤ کە لای وایە خودا هیچ مانەند و هاوشێوەیەکی نییە لە بووندا، واتـە تێگەیشـتووە لـەوەی کـە خـودا جوانـە و لـە جوانیشدا لە هەموو جوانێك باڵاترە، مەحاڵبوونی گوزارشت لەو سیفەتێکی خوداییە واتە ناکۆتا و ڕەها و دواهـەمین و بـێ مـەرجبوون و بێسـنوور، بـە هـیچ جـۆرێکیش ناکرێت گوزارشت بکرێ لە زاتی بێسنوور.(٢)

لەسـەر هـەمان ڕێبـازی هزریـی ئیسـلامیی، هونەرمەنـدی موسـڵمان هونـەری زەخرەفەی داهێنا و گەشەی پێدا تا گەیاندیـە ئەرابیسـك، کـە دیزاینێکـی نـەگۆڕ و وەستاوە و تا بێ کۆتایی درێژ دەبێتەوە. ئەرابیسك شێوەی ئەو شتە سروشـتییەی کە دەیڕازێنێتەوە، چـنراو بـێ، یـان کـانزا، یـان دەفـر، دیـوار بـێ یـان بنمـیچ یـان

---

١ هەمان سەرچاوەی پیشوو، ل٦٧.

2 AL Faruqi.’Divine Transcendence …’ pp.11-19.

ستوون، پەنجەرەیەك بێت یان لاپەڕەی کتێبێك، دەیکات بە نموونەیەکی سەرئاو کەوتووی ڕوون و ناسك، کە بە هەموو ئاڕاستەیەکدا بەرەو بێکۆتایی دەڕوات. ئەو شتەیش کە وەرگیراوە لە سروشت، قەت وەك خۆی لێنایەتەوە، بەڵکو دەبێتە شتێکی تازە و سروشتیشی دەگۆڕێت و تەنها دەبێتە مەودایەك بۆ بینین. بە زمانی ستاتیکا شتی سروشتی بە دەستکارییەکی ئەرابیسکانە دەبێتە پەنجەرەیەك لە سەر بێسنوور. و بەسەرنجدان لە مۆتیڤەکانی ناکۆتایی تیایدا، تەنها بە ڕەتکردنەوە، مرۆڤ مانای تاقانەی بالابوون پەی پێدەبات، کە دەکرێت بە هەست و بە بۆچوون بێتە بەرچاو.[1]

ئەمەیە ڕازی ئەوەی کە زۆربەی کارە هونەرییەکانی بەرهەمی موسڵمانان تەجریدی و ئەبستراکتن، تەنانەت کاتێك هونەرمەندی موسڵمان شێوەی ڕووەك، گیانلەبەر و مرۆڤ بەکاردەهێنێت بە ئەندازەی پێویست دەیکاتە نما بۆ ئەوەی لەلایەکەوە فۆرمە سروشتییەکەی لابدات و لەلایەکی ترەوە بوونی هەر جەوهەرێکی سەروو سروشت تیایدا ڕەتبکاتەوە، بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش، هونەرمەند پەنای بردۆتەبەر کەلەپووری زمان و ئەدەبیاتەکەی. بۆ هەمان مەبەست هونەرمەندی موسڵمان خەتی عەرەبیشی گۆڕیوە بۆ ئەوەی ئەرابیسکێکی بێ کۆتایی وا دروستبکات کە بەبێ دەستکاری بەهەر لایەکی دڵخوازی خۆشنووسیدا درێژ ببێتەوە. ئەم شیکارییە بەسەر تەلارسازی موسڵمانیشدا ڕاست دێتەوە، چونکە ئەو بینایەی کە ئەو دیزاینی دەکات بۆخۆی تابلۆیەکی ئەرابیسکە لە هێڵکاریی پێشەوە و بەرزییەکانی و ئاسۆ و ڕاڕەوەکانیدا.

---

[1] AL Faruqi , article ‘ On the Nature of The Work of Art in Islam ‘.p.78.

پوختەکەی ئەوەیە تەوحید هێڵی هاوبەشە بۆ هەموو ئەو هونەرمەندانەی لە ڕوانگەی گشتگیری ئیسلامەوە دەستبەکار دەبن، هەر چەندە ڕەگەز و وڵاتیشیان جیاواز بێت.(١)

**١ـ داهێنانی زانستییانەی ئیسلامیی لە جوانیناسی (ستاتیکا):**

شایستەیە ئاماژە بکەین بۆ ئەو ڕاستییە کە ئەگەر لە سروشتدا شتێك نەبێت بەکاری بهێنین بۆ گوزارشت لە زاتی ئیلاهی، ئەمە بەو مانایە نییە کە ناتوانین شتێکی سروشتیی بکەین بە ئامرازی گوزارشت لە هەمان ڕاستیی لە دەروازەی نەفیکردنەوە، واتە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە خودای گەورە ڕەهایە و بەدەر لە وەسفکردنە، چونکە وەسفنەکردنی خودا لەبەر ئەوەی قابیلی وەسف کردن نییە، شتێکە و باسکردن لەم ڕاستییە شتێکی تر. بەڵگەنەویستە کە لە خەیاڵی هەر هونەرمەندێکدا مەیدانخوازیی گوزارەی هەست لە بەرامبەر وەسفی خوداوە کارێکی دژوارە، بەڵام مەحاڵ نییە، بۆ وەڵامدانەوەی ئەم مەیدانخوازییە هەڵکەوتوویی هونەرمەندی موسڵمان داهێنانی هونەریی جوانی تۆمارکردووە.

نماسازیی وەك پێشتر بینیمان لە هونەرەکانی خۆرهەڵاتی نزیکی کۆندا ناسرا و بەکارهاتوو بوو، لە ساتەوەختی ڕەتکردنەوەی هەوڵەکانی ئاساییکردنەوە کە هێلینییەکان دایان و ئەسکەندەر و جێنشینانی سەپاندیان بۆ ئاستێکی نوێی پێگەیشتن بەرزبوویەوە. بە هەمان شێوە سامییەکانیش لە سایەی ئیسلامدا، لەبەرامبەر ئەم ڕەوتە هیلینییە لەبواری هونەردا کاردانەوەی بەهێزیان هەبوو، کە لەو ساتەوەختەدا لە ژێر عابایەکی مەسیحییدا هاتبوو، هێزی ئەم کاردانەوەیە بە ئەندازەی هێزی ئەوبوو لەبواری تیۆلۆژیا (لاهووت)دا. بە دەربڕینێکی تر، ڕەتکردنەوەی خودایەتیی عیسا لە لایەن ئیسلامەوە بە ئەندازەی ڕەتکردنەوەی سروشتگەرایی و قایلبوون بە نماسازیی لە هونەری ئیسلامیدا بەهێز بوو، چونکە

---

[1] AL Faruqi , ‘Didine Transcendence…’,p.22.

ڕووەك یــان گــوڵی نمــادار وێنەیــەکی گــۆڕدراوە لــە هاوچەشــنە سروشــتییە ڕاستەقینەکەی، کە بەم دەستکاریکردنە بووە بە ناسروشتی، وەك بڵێی هونەرمەند کاتێك وێنەی دەکێشێت دەڵێت: نا بۆ سروشت.

لێرەدا پرسیارێك خۆی دەنوێنێت: ئایا گوزارشت لە ناسروشت، واتە بەتەنها ڕەتکردنەوەی سیفەتی سروشتیبوون ڕێکارێکی گونجاوە بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە؟ ئەگەر گیایەك یان گوڵێکی دەستکاریکراو بەتەنها بگری گوزارشت دەکات لە ناسروشت، بەڵام ئەگەر بەشێوەیەکی تایبەت بیگریت ئەوا ئەو مانایەت دەداتێ کە مەرگی سروشتیی تیایدا بۆخۆی دەستنیشانکراوە. واتە هونەرمەند بە کێشانی وێنەی شتی سروشتیی بە دامالینی تایبەتمەندییە سروشتییەکانی واتە داوای لێکراوە بە چەمکی پێچەوانە بەشێوەیەکی باڵاتر باس لە سروشتی ئەو شتە بکات، وەك ئەوەی بتەوێ بە نەخۆشیی باسی لەشساغی و بە مەرگ باسی ژیان بکەیت، کە ئەمەش بەردەوام لەگەڵ ئامانجی ئیسلامدا دژ دەوەستێتەوە. لێرەوە هونەری ئیسلامیی پێویستی بە بیرۆکەیەکی ئیزاف هەیە، ئەگەر دەیەوێت لەو کارەدا کە عەقڵیەتی یەهوودیی شکستی تیا هێنا سەرکەوتوو بێت، بۆ ئەوەی باس لەو ڕاستییە بکات کە زاتی خودا شایانی قسەلێکردن نییە.[1]

ئەمە ئەو ئاستەنگەیە کە هونەرمەندیی موسڵمان خۆی سوێندداوە ڕووبەڕووی ببێتەوە، چارەنووسی ناوازە و داهێنەرانە و ڕەسەن کە مرخی ئەو هێنای، بریتیبوو لە کێشانی وێنەی ڕووەك و گوڵی نماکراو (گۆڕدراو) بە دووبارەکردنەوەی پەی دەرپەی و بێ کۆتایی، وەکو بیەوێ هەر جۆرە گومانێکی دەستنیشانکردن ڕەتبکاتەوە و دواجار شێوە سروشتییەکەی بە تێکڕایی و بەتەواوی لە هۆشدا بسڕێتەوە، چونکە شتی سروشتی چەند جار بە یەکجۆر دووبارەکردنەوە دەبێتە گوزارشت لە شتی ناسروشتی، کەواتە ئەگەر هونەرمەند لەڕووی جوانیناسییەوە

[1] Al Faruqi, ‘ On the Nature of the Work of Art in Islam’.

بتوانێت لەڕێی شتێکی ناسروشتیی چەندبارەوە گوزارشت بکات لە ناکۆتایی و مەحاڵبوونی وەسفکردن، ئەو ئەنجامەی کە پێی دەگات دەشێت بەرزببێتەوە بۆ ئاستی شایەتوومان هێنان بە قسەی زارەکی و بە وتار، چونکە ئەم دوو تایبەتمەندییەی (وەسفنەکران) و (ناکۆتابوون)، کە ناوەڕۆکی ئەو وێنە هونەرییەن، وەك دوو تایبەتمەندیی ئەو شتە سروشتییە وەرگیراون، بەم شێوەیە گیانی موسڵمانێتی ڕێگایەکی دۆزییەوە بۆ هەماهەنگیی لە نێوان هونەرە بینراوەکان و بنەمای یەکەمی هۆشیاریی گەلانی سامیی، بەڵام هەمیشە گەورەترین کۆسپ بۆ گەیشتن بەم ئاستە ئەوەبووە کە: چۆن شتێك لە سروشتدا هەر چەندە بە نماکرابێت دەتوانێت ڕێکارێك بێت بۆ گوزارشت لە شتێکی ناکۆتایی و گوزارشت لێنەکراو؟

### أ- هۆشیاریی عەرەبی: بناغەی مێژوویی ئیسلام

بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری پێشوو، هۆشیاریی ئیسلامیی گەڕایەوە بۆ ڕەگ و ڕیشە مێژووییەکەی، کە بریتییە لە هۆشیاریی عەرەبی، ئەم هۆشیارییە ئەو کەرەستە مێژووییە بوو کە وەحیی ئیلاهیی پێکیهێنا و ئامادەیکرد و کردیە شانۆی زیندووی هاتنەخوارەوەی و ئامێری گوێزەرەوەی ڕاستیی ئیلاهی. ئەم هۆشیارییە کە پێغەمبەرایەتیی ئامڕازی بوو لە کەسێتی (محەمەد)دا بەرجەستە بوو، کە وەحی بۆ هاتە خوارەوە و لە ڕەوتی مێژوودا گەیاندی بە مرۆڤایەتی.

پێش ئیسلام دەستاوەردی هۆشیاریی عەرەب لە زمان و ئەدەبدا گەشتبووە ئاستێکی بەرز لە کامڵبوون، ئەم ڕاستییە ئەو توانایەی پێدان کە ڕەوانبێژیی دەستەوستانکەری شێوە وتاری وەحیی تازە جیابکەنەوە، لە ساتەوەختێکدا کە زمانی عەرەبی ئامادەیی و هێزی هەڵگرتنی بوو، ئەو زمانەی یەکەمین ئالیەتی هۆشیاری عەرەب و بەرجەستەکاری هەموو وتراوەکانی بوو، ئەم زمانە لە ڕەگ و چاوگی سێ پیتیی پێکهاتووە، کە هەر یەکێکیان توانای گۆڕان و داتاشرانی هەیە

بۆ زیاتر لە سێ سەد شێوەی جیاواز بە گۆڕانکاریی سەروبۆر و ژێرەو زیادکردنی پیت بۆ سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتاییەکانیان. هەموو ئەو وشانەی یەك گۆڕانکاریی و داتاشینیان هەیە هەمان مانای ڕێژگەیی وەردەگرێت (چاوگ و ئیسمی فاعیل و ئیسمی مەفعوول و...)، بە چاوپۆشیی لە مانای ڕەگە سیانییەکانیان، لە هەمان کاتدا ئەو ڕەگە سیانییە هەر چەند بگۆڕدرێت بەردەوام ماناکەی خۆی دەپارێزێت، وێڕای ئەو مانایەی لە گۆڕانکاریی و داتاشین وەریدەگرێت، واتە ئەم مانایە بەردەوام وەك خۆی دەمێنێتەوە لە هەر کوێ بێت.[1]

واتە زمانی عەرەبی لە یەك کاتدا خاوەنی پێکهاتەیەکی لۆجیکی و ڕوون و تەواوە و مرۆڤ لێی تێدەگات. کاتێك کەسێك لەم پێکهاتە تێدەگات جڵەوی زمانەکە دەگرێ بە دەستەوە و زانینی مانای وشەکان دەبێتە پرسێکی لاوەکی. کاری هونەری و ئەدەبیش بە سازدانی ڕشتەیەکی هاوبەندی چەمکەکان شکڵدەگرێت، بە جۆرێك هەموو ڕەهەندەکانی لێکچوون و لێکنەچوون کە لە دەستکاریکردنی ڕەگ و ڕیشەکان دروست دەبێت دەردەکەون و عەقڵ دەتوانێت بەتان و پۆیدا لەسەر هێڵێکی بەردەوام و نەپچڕاو جووڵە بکات.

بۆ نموونە تابلۆیەکی ئەرەبیسك هەزاران سێگۆشە و چوارگۆشە و بازنە و پێنجلا و شەشلا و هەشتلای تێدایە، کە ڕەنگی جیاوازیان هەیە و پاڵیانداوە بە یەکترەوە، کە چاو سەرسام دەکات، بەڵام عەقڵ سەرسام ناکات، چونکە عەقڵ دەتوانێت هەموو شکڵێك بناسێتەوە و پاشان حەقیقەتی هەر شکڵێك دیاریبکات وێڕای جیاوازی ڕەنگەکانیان لە یەکێکەوە بچێت بۆ یەکێکی تر و لە هەر هەڵوێستەیەکی لە گەڕانی بەناو تابلۆکەدا چێژوەربگرێت و دەرکی ئەو تەریببوونە بکات کە شکڵە

---

[1] ئەم تایبەتمەندییە خەریکە بڵێین لەناو هەموو زمانە سامییەکاندا هەیە وەك لە کتێبە ڕێزمانییەکانیاندا دەردەکەوێت. ڕیشەی سیانی و گۆڕانکارییەکانی یەك لە گرنگترین تایبەتمەندیی ئەم خێزانە زمانییەیە.

یەکسانەکە دابینی دەکەن. ڕێك وەك ئەو ڕێژگە یەکسانانەی چاوگە جیاوازەکان هەیانە و ئەو جوداییەی کە مانای خودی چاووگەکان دەیدەن بەدەستەوە.

ئەم خەسڵەتەی پێکهاتەی زمانە عەرەبییە بەسەر شیعری عەرەبیشدا ڕاست دێتەوە، لەبەر ئەوەی شیعر لە چەند دێڕە شیعرێك پێکهاتووە، هەر کامێکیان تەواو و سەربەخۆیە و یەك نموونەی عەرووزیش بەرجەستە دەکات، کە قەسیدەکەی لەسەر دامەزراوە. شاعیر ئازادە کام لە بەحرە عەرووزییەکان هەڵدەبژێرێت لەو شازدە بەحرە عەروزییەی وەك قاڵبی قەسیدەی شیعریی ناسێنراون، بۆیە کە هەڵیبژارد دەبیٚ لە هەموو قەسیدەکەدا پێوەی پابەند بێت.

پایەی بیستن و گوێگرتن لە شیعری عەرەبی بریتییە لە تێگەیشتنی ئەم قاڵبە کاتێك شاعیر ئیلقای دەکات و مرۆڤ گوێی لێدەگرێت و هۆنینەوە عەرووزییە ڕەوانەکە کاری تێدەکات، بەکردە گویٚ لە شتێك دەگرێت کە زووتر چاوەڕێی کردووە. ڕاستییەکەی ئەوەیە وشە و چەمك و ئاوێتەکان لە دێڕێکەوە بۆ دێڕێکی تر جیاوازن، ئەمەش وادەکات ڕەنگەکان فرە چەشن بن، بەڵام شکڵی پێکهاتەکە لە سەرەتاوە تا کۆتایی قەسیدەکە وەك خۆی دەمێنێتەوە.

پێکهاتەی بنەڕەتی زمانی عەرەبی و هەروەها شیعری عەرەبی، ئەو وزەیەی بە هۆشیاریی عەرەبی داوە کە لە دوو دەروازەوە دەرکی ناکۆتابوون بکات. ڕەگ و ڕیشەی وشەکان زۆرن بگرە کۆتاییان نایە مادام هەر پێکهاتەیەکی نویٚ لە سیٚ پیت دەکریٚ بەڕێکەوتن لەسەر مانایەکی تازەی هەبێت، تەنانەت ئەم هۆشیارییە عەرەبییە چەند ڕەگ و ڕیشەیەکی بێگانەشی بە ئازایەتییەکی زۆرەوە پشتبەستوو بە گۆڕین و داتاشین تەعریب کردووە وەریگرتوون. ناکۆتایی ڕەگ و ڕیشەی وشەکان لە زمانی عەرەبیدا، هەماهەنگە لەگەڵ ناکۆتایی گۆڕین و داتاشینەکانی.

بەڵیٚ چەند پێکهاتەی سەرفیی ناسراو و ژمارەیەکی دیاریکراو ڕەگی گۆڕاو بەکاردەهێنرێن، بەڵام مەحاڵە فەرهەنگێکی کۆکەرەوە و تێروتەسەل بۆ هەموو

وشەكانی زمانی عەرەبی دابنرێت لەسەر شێوەی فەرهەنگی ویبستەر و ئۆكسفۆرد، چونكە ڕەگ و ڕیشە ناسراوە كلاسیكییەكان هەموویان دەستكاریی نەكراون، هەر بۆیە لیستی ئەو وشانەی كە مومكینە لە ڕەگێك و چاوگێك داتاشرێن هەرگیز كۆتایی نایەت، چونكە مادام هەموو ڕێژگە سەرفییەكان بەكارنەهاتوون كەواتە لیستی ئەم ڕێژگانە هەر بە كراوەیی دەمێنێتەوە. دووریش نیە زانایانی سەرف لە دەروازەیەكی ترەوە كۆدەنگ بن لەسەر چەند ڕێژگەیەكی سەرفیی نوێ، ئەڵبەتە چاوەڕێی هەڵكەوتنێك دەكات كە ڕەوایەتی پێبدات و ڕێگایەك بدۆزێتەوە بۆ بەكارهێنانێكی وا كە تایبەتمەندییەكانی دەربخات. لێرەوە زمانی عەرەبی وەك ڕەوتی ژیانی عەرەب خۆی لەبەر یاسا نەگۆڕەكانی لە ناوەڕاستەكەیدا سیستەمێكی ڕۆشنە و لە پەراوێزەكانیدا كە لە هەموو لایەكەوە بێكۆتایین، تەمومژاوییە.[1]

بگەڕێینەوە بۆ شیعر، لەبەر ئەوەی كێشی عەروزیی توخمێكی پێكهێنەرە، كەواتە گرنگ نییە دێڕەكانی قەسیدەی شیعریی بەو ڕیزبەندییەی شاعیر خۆی بخوێنرێتەوە، یان بە ڕیزبەندییەكی تر، جوانی و ڕەونەقی شیعر ناگۆڕێت چ لە سەرەتاوە بۆ كۆتا بخوێندرێتەوە، یان بە پێچەوانەوە، شاعیر لە ڕێگەی كێشی عەروزیی هەڵبژاردەوە لەگەڵ هەموو دێڕێكی قەسیدەدا دەمانبات و دووبارەكردنەوە دڵخۆشمان دەكات، چونكە توانای هەستمان ڕێكدەخات بۆ ئەوەی چاوەڕێ بین و دەركی فرەیی مانا چاوەڕوانكراوەكان و پێكهاتە ئیدراكییەكانی ناو دێڕە شیعرەكان بكەین، كەواتە هەرگیز قەسیدەیەكی شیعریی عەرەبیمان نییە كە تەواو بووبێ، یان داخرابێت، یان كامڵ بووبێت بەهەر مانایەك بێت، واتە نەتوانین دێڕی بۆ زیاد بكەین، یا تەسەوری بەردەوام هۆنینەوەی بكەین بەبێ ئەوەی جوانییەكەی دەستبخوات، كەواتە قەسیدەی شیعری عەرەبی لەڕاستییدا شایانی درێژكردنەوە لە

---

[1] AL Faruqi , Ismail Raji ' Islam and Art ' Studia Islamica , Fasciculi, XXXVII. 1973, p 93.

هەر دوو ئاڕاستەکەدا، چ لە سەرەتاوە یان لە کۆتاییەوە دێڕی بۆ زیاد بکەین، بەبێ ئەوەی کەمتر کار لە جوانییەکەی بکات، خۆ ئەگەر ئەم زیادکردنە لەسەر هەرکەسێك دژوار بوو لەبەر شێوازی تایبەتی شاعیرەکە، ئەوا لەسەر خودی شاعیرەکە ئاسان دەبێت.

ڕاستییەکەی ئەگەر لەوانە بین کە جوان گوێ لە شیعر دەگرن، پێویستە یەکەم لە پرۆسەی دانانی شیعرەکەدا بەشدار بین وەکو ئەو کاتەی شاعیرەکە لە ئاهەنگێکدا شیعرەکەی دەخوێنێتەوە. دووەم قەسیدەکەی تەواو بکەین بۆ ئەوەی چێژی تایبەتی زیاتر وەربگرین پاش ئەوەی شاعیر خوێندنەوە و بەهێزی ئیقاعەکەی هەست و سۆزی جولاندین و دەستی گرتین بۆ ناو فەزا شیعرییە بێ پایانەکەی. دیاردەیەکی بەربلاوە لە جیهانی عەرەبیدا کە جەماوەرێك گوێگری باش یارمەتی شاعیر دەدەن کە شیعری ئیرتیجالی بڵێت بەبێ خۆئامادەکردنی پێشتر، کاتێك ئەو شاعیرە قەسیدەیەکیان بە سەردا دەخوێنێتەوە کە لەوەوپێش نەیانبیستووە داوای لێدەکەن چەند دێڕێکی بخاتە سەریان دووبارە بیخوێنێتەوە.[1]

**ب ـ قورئانی پیرۆز: یەکەمین گەنجینەی هونەریی لە ئیسلامدا**

هۆشیاریی عەرەبی بووەتە بناغە و کێڵگە و قاڵبی ئیسلام، وەحیی واتە قورئانی پیرۆز کە بۆخۆی کتێبی موعجیزەیە، بە یەکجار بووە بالاترین نموونەی بەرجەستەی هەموو سەرمەشق و نەریتەکانی ئەم هۆشیارییە. قورئان لە هەموو شتێکی ئەم بوونەوەرە شایستەترە بەوەی کە ناوی هونەری لێبنرێت، عەقڵی موسڵمانیش بە

---

[1] خودی ئەم جۆشخواردنە هاوکارانە لە نێوان خوێنەر و ژەنیار و جەماوەر سیمای سالۆنە ئەدەبییە تایبەتەکان بووە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، کە زۆرجار لە هەموو گۆشەکانی جیهانی ئیسلامییدا شیعر خوێندراوەتەوە و موزیك ژەنراوە لەبەر ڕۆشنایی ئەدەبیاتی ئەو قۆناغەدا. بۆ زیاتر لەمبارەوە بڕوانە: الاصفهاني ابو الفرج، الأغاني، بيروت – دار الثقافة، ١٣٧٤هـ/ ١٩٥٥م.

دڵنیاییـەوە لـە هـەموو فاکتـەرێك زیـاتر لـە ژێـر کاریگـەریی قورئانـدا بـووە، ئـەم کاریگەرییە ئەگەر ئەوەندە قووڵ بوەتەوە کە لە هەموو بوارێکدا بووەتـە پایەیـەکی پێکهاتەی ئەم عەقڵە، بێگومان لە بواری جوانیناسیشدا هەروایە. موسڵمانێك نیە لە نـاخی بوونیـەوە بـە ئیقـاعی قورئـان و هۆنینەوەکـەی و بـە ڕەهەنـدەکانی ڕەوانبێژییەکەی نەهەژابێت، هـەرەك چـۆن موسـڵمانێك نییـە نـەریتی جوانییـەکانی قورئان و پێوەرەکانی لە ویژدانیدا نەقشی نەبەستبێت بـۆ ئـەوەی دووبـارە لەسـەر پێودانگی شکڵ بگرێتەوە.

موسڵمانان ئەم ڕەهەندە ناو دەنێن ئیعجازی قورئانی، واتـە توانـای قورئـان بـۆ دەستەوستان کردن، واتە خوێنەر دەخاتـە هەڵوێسـتێکی دژوارەوە، کـە دەتوانێـت لێی تێبگات، بەڵام هەرگیز ناتوانێت لاسایی قورئان بکاتەوە. ڕاسـتییەکەی ئەوەیـە کە خوای گەورە تەحەددای هەموو ئەو کەسانەیکرد کـە ڕووبـەڕووی وتـاری قورئـان بوونەوە، بە مەردومانی عەرەبیشەوە، کە ئەوان گەیشـتبوونە لوتکـەی ئـەدەبیات و ڕەوانبێژیی، کە سوورەتێك لە ئاست شێوازی قورئان بهێنن:

﴿وَإِنْ كُنْتُمْ فِي رَيْبٍ مِمَّا نَزَّلْنَا عَلَى عَبْدِنَا فَأْتُوا بِسُورَةٍ مِنْ مِثْلِهِ وَادْعُوا شُهَدَاءَكُمْ مِنْ دُونِ اللَّهِ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ (٢٣) فَإِنْ لَمْ تَفْعَلُوا وَلَنْ تَفْعَلُوا فَاتَّقُوا النَّارَ الَّتِي وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ أُعِدَّتْ لِلْكَافِرِينَ﴾ (البقرة: ٢٣ – ٢٤).

قورئان ئەوانی بە بەڵگەی بێ وەڵام هێشتەوە، کە ناتوانن کاری وا بکەن:

﴿أَمْ يَقُولُونَ افْتَرَاهُ قُلْ فَأْتُوا بِسُورَةٍ مِثْلِهِ وَادْعُوا مَنِ اسْتَطَعْتُمْ مِنْ دُونِ اللَّهِ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ﴾ (يونس: ٣٨).

﴿قُلْ لَئِنِ اجْتَمَعَتِ الْإِنْسُ وَالْجِنُّ عَلَى أَنْ يَأْتُوا بِمِثْلِ هَذَا الْقُرْآنِ لَا يَأْتُونَ بِمِثْلِهِ وَلَوْ كَانَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ ظَهِيرًا﴾ (الاسراء: ٨٨).

ئەڵبـەت هەنـدێك لـە دوژمنـانی ئیسـلامی هاوچـەرخی پێغەمبـەر (درودی خـوای لەسەر) تەکانیان بەخۆیاندا بۆ چوونە مەیـدانی ئـەم تەحەددایـە، لـەو سـەرەوە بـە

سەرشۆڕیی و سووکیی هاتنە دەرەوە، بە شـایەتی دۆسـت و دوژمنـەکانیان.[1] ئـەو نەیارانە تۆمەتگەلێکیان دا لە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) کە قورئان هـەمووی دایەوە بـە سـەریاندا و پوچـیکردنەوە، بۆ نموونـە وتیـان شـێت بـووە و دەسـتیان لێوەشاندووە: ﴿أَمْ لَمْ يَعْرِفُوا رَسُولَهُمْ فَهُمْ لَهُ مُنْكِرُونَ (٦٩) أَمْ يَقُولُـونَ بِـهِ جِنَّـةٌ بَـلْ جَاءَهُمْ بِالْحَقِّ وَأَكْثَرُهُمْ لِلْحَقِّ كَارِهُونَ﴾ (المؤمنون: ٦٩ – ٧٠).

﴿وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا هَلْ نَدُلُّكُمْ عَلَى رَجُلٍ يُنَبِّئُكُمْ إِذَا مُزِّقْتُمْ كُلَّ مُمَزَّقٍ إِنَّكُمْ لَفِي خَلْقٍ جَدِيدٍ (٧) أَفْتَرَى عَلَى اللَّهِ كَذِبًا أَمْ بِهِ جِنَّةٌ بَلِ الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُـونَ بِالْـآخِرَةِ فِـي الْعَـذَابِ وَالضَّلَالِ الْبَعِيدِ﴾ (سبأ: ٧ – ٨).

﴿وَيَقُولُونَ أَئِنَّا لَتَارِكُو آلِهَتِنَا لِشَاعِرٍ مَجْنُونٍ (٣٦) بَلْ جَاءَ بِالْحَقِّ وَصَدَّقَ الْمُرْسَلِينَ (٣٧) إِنَّكُمْ لَذَائِقُو الْعَذَابِ الْأَلِيمِ﴾ (الصافات: ٣٦ – ٣٧).

ئینجا وتیان قورئان جـادووە، کاتێـك بینییـان چ کاریگەرییـەکی بـەهێز دەکاتـە سەر بیسەرانی، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا إِنْ هَذَا إِلَّا إِفْكٌ افْتَرَاهُ وَأَعَانَهُ عَلَيْهِ قَوْمٌ آخَرُونَ فَقَدْ جَـاءُوا ظُلْمًـا وَزُورًا (٤) وَقَـالُوا أَسَـاطِيرُ الْـأَوَّلِينَ اكْتَتَبَهَـا فَهِيَ تُمْلَى عَلَيْهِ بُكْرَةً وَأَصِيلًا (٥) قُلْ أَنْزَلَهُ الَّذِي يَعْلَمُ السِّرَّ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ إِنَّهُ كَانَ غَفُورًا رَحِيمًا﴾ (الفرقان: ٤–٦). هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا تُتْلَى عَلَيْهِمْ آيَاتُنَا بَيِّنَاتٍ قَالُوا مَا هَذَا إِلَّا رَجُلٌ يُرِيدُ أَنْ يَصُدَّكُمْ عَمَّا كَانَ يَعْبُدُ آبَاؤُكُمْ وَقَـالُوا مَـا هَـذَا إِلَّـا إِفْكٌ مُفْتَرًى وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا لِلْحَقِّ لَمَّا جَاءَهُمْ إِنْ هَذَا إِلَّا سِحْرٌ مُبِينٌ﴾ (سبأ: ٤٣).

هەروەها: ﴿فَلَا أُقْسِمُ بِمَا تُبْصِرُونَ (٣٨) وَمَا لَا تُبْصِرُونَ (٣٩) إِنَّـهُ لَقَـوْلُ رَسُـولٍ كَرِيمٍ (٤٠) وَمَا هُوَ بِقَوْلِ شَاعِرٍ قَلِيلًا مَا تُؤْمِنُونَ (٤١) وَلَا بِقَوْلِ كَاهِنٍ قَلِيلًا مَا تَذَكَّرُونَ (٤٢) تَنْزِيلٌ مِنْ رَبِّ الْعَالَمِينَ (٤٣) وَلَوْ تَقَوَّلَ عَلَيْنَا بَعْضَ الْأَقَاوِيـلِ (٤٤) لَأَخَـذْنَا مِنْـهُ بِالْيَمِينِ (٤٥) ثُمَّ لَقَطَعْنَا مِنْهُ الْوَتِينَ (٤٦) فَمَا مِنْكُمْ مِنْ أَحَدٍ عَنْهُ حَاجِزِينَ (٤٧) وَإِنَّهُ

[1] بو وردەکاریی زیاتر بڕوانە: الجرجاني، عبد القادر، دلائل الاعجاز، المطبعة العربية، ١٣٥٢هـ.

لَتَذْكِرَةٌ لِلْمُتَّقِينَ (٤٨) وَإِنَّا لَنَعْلَمُ أَنَّ مِنْكُمْ مُكَذِّبِينَ (٤٩) وَإِنَّـهُ لَحَسْـرَةٌ عَلَـى الْكَـافِرِينَ (٥٠) وَإِنَّهُ لَحَقُّ الْيَقِينِ (٥١) فَسَبِّحْ بِاسْمِ رَبِّكَ الْعَظِيمِ﴾ (الحاقة: ٣٨ – ٥٢).

هەموو خەڵك قبووڵيانە كە هۆنينەوەی ئايەتەكانی قورئانی پيرۆز لە هيچ كام لە كێشە شيعرييە ناسراوەكان ناچێت، بەڵام بە شێوەيەكی ناوازە و نايـاب هـەمان كاريگەريی لەسەر گيان دادەنێت كە شيعر دايدەنێت.

هەر ئايەتێكی قورئان بگری بۆخۆی يەكەيەكی كامڵ و تـەواوە و بەشێوەيەكی ئاسايی لەگەڵ ئايەتەكانی پێش و پاشيدا هەماهەنگە و دەبەرگری مانايەكی ئاينيی، يان ئەخلاقيی، يان زياترە، كـە لـە دەربڕينێكـی ئـەدەبيی تۆكمـە و ئێجگـار جـوان داڕێـژراوە. لـە بيسـتنەكەی گـوڕ و شـتاوێكی وا دروسـتدەبێت كـە بيسـەرانی وادار دەكـات تێكـەڵاوی بـبن و بەوريايييـەوە ئامـادەی بيسـتنی ئايـەتی دواتـر بـن، ئـەم حاڵەتەش لەگەڵ هەموو دوو ئايەت يان زياتردا، دووبارە دەبێتەوە، تـا ئـەو كاتـەی قورئانخوێن لە خوێندنەوەی ئەو بەشە ئايەتە دەبێتەوە.[1] لێرەدا پرسـيارێك خـۆی دەنوێنێـت: ئايـا ئەمـە بـەو مانايەيـە كـە عـەرەبی موسـڵمان كـە لـە دوورگـەی عەرەبييەوە دەرچوو بۆ هەموو بەشێكی ئەم دنيايە، هيچ بـارێكی هونـەری پێبـوو؟ ئايا بە شتێكی گرنگ بەشداريكردووە لە پێشخستنی هونەری ناوچە فەتح كراوەكان دوای فەتحكردنيان؟

ئەو وەڵامەی كە هەر مێژوونووسێكی خۆرئاوايی هونەر داويەتيـەوە بـريتی بـووە لە: نەخێر. لە رووی نەزانييەوە، يان لايەنگيرييەوە يان زۆر جار لە هەردوو ڕووەوە، بگـرە پێشـەوای ئـەو مێژوونووسـە خۆرئاواييانـە، لـەم لقـە مەعريفييـەدا دەڵێـت: پێكهاتـەی ئـەو سـوپايانە (كـە مەبەسـتی سـوپاكانی عـەرەبيی يەكەمـە) زۆربـەيان

[1] چەند نموونە لەسەر ئەمە هەيە، بڕوانە:
- الاصفهاني، الأغاني.
- الجرجاني، دلائل الإعجاز.

دەشــتەکیی بــوون، تەنانــەت شارنشینەکانیشــیان وەك مەككــە و مەدینــە، هــیچ شارەزایییەکیان لە هونەری تەلارسازیی نەبوو.[1] دوای ئەویش نـەوەی شـاگردەکانی هەمان قسەیان دووبارە کردەوە گوایە هونەری ئیسلامیی نوێ هیچ شتێکی ئەوتۆی لە ڕابردووی خۆی لە نیمچە دوورگەی عەرەب وەرنەگرتووە.[2]

ئەم تۆمەتانەی کە ئەوان هێناویانــە زۆر لـە ڕاسـتییەوە دوورن، چـونکە هـەموو هونـەرە ئیسـلامییە نوێیـەکان لـە ڕابـردووی عەرەبییـەوە هـاتوون کـە بریتییـە لـە سەرچـاوەی هــەر کـارێکی گـرنگ و جەوهــەریی لـە پێکهاتەکەیـدا، واتــە هــەر ئـەو ڕابردووە دەبێتە گیان و بنەما و ڕێگـا و ئامـانج و تەنانـەت ڕێگـای بـەدیهێنانی ئـەو ئامانجەش. گومانی تێدا نیە کە هونەری ئیسلامیی پێویستی بە چـەند کەرەسـتە و بابـەت هــەبووە بـۆ بـەکارهێنانیان، لـە بـواری هونــەری بینــراودا و لـە هــەرکوێش دەسـتکەوتبن وەریگرتـوون، بـەڵام سـادەنگەریی و ناحەقییـە ئـەم بەکارهێنانـە بـە وەرگــرتن نـاوزەد بکرێــت هــەر کاتێـك گفتوگـۆ لەســەر مانـا و نیشـانە و مێــژوو و بیردۆزەی ئەم هونەرە بکرێـت، چـونکە بڕیـاری یەکلاکـەرەوە لەسـەر هـەر کـارێکی هونەری بەپێی شێواز و ناوەڕۆك و ڕێگای پێشکەشکردنیەتی، نەك بـەپێی بابـەت و کەرەستەی خاوی بەکارهێنراو تیایدا، کە ئەمانە بە پلەی یەکەم پشـت دەبەسـتێت بـە چـەند فاکتــەرێکی جـوگرافیی و کۆمەڵایـەتی تێپــەڕ، کەواتــە تاقـە سەرچـاوەی یەکبوونی هونەری ئیسلامیی، بریتییە لە بناغەکەی، کە ئەویش هــەمان هۆشـیاریی عەرەبییە، کە وەرگیراوە لە ئیسلام، واتە گوتەزاکانی ئـەم هۆشـیارییە عەرەبییەیـە کە بووەتە چوارچێوەی بەرهەمی هونەریی هەموو موسڵمانان.[3]

---

[1] Creswell.K.A.C, Early Muslim Architecture , Oxford Clarendon Press 1932-1940 vol.1, p.40.

[2] Ettinghausen, Richard , 'The Character of Islamic Art in The Arab Heritage. Ed, N. A. Faris , Princection University Press, 1944, pp.251-267.

[3] AL Faruqi , ' Urubah and Religion' , p 211.

### ٢- جێکەوتی ستاتیکا لە هونەرە بینراوەکاندا:

هونەری بینراوی خۆرئاوایی بەشێوەیەکی نیمچە تەواو پشتی بە سروشتی مرۆیی بەستووە، جا ئەو پشتبەستنە بە گوزارشت لێکردنی بێت بە شێوەی ئادەمیزادێك، یان بە دیمەنێکی سروشتی لێوانلێو لە ژیان، یان بە دیزانێك، یاخود نادیزانێکی تەجریدیی بێت جیاوازیی نیە. بەڵام هونەری بینراوی ئیسلامیی، هیچ گرنگییەکی بە سروشتی مرۆیی نەداوە، بەڵکو گرنگی بە سروشتی ئیلاهییداوە، واتە باسی لە جوانییەکانی شێوەی مرۆڤ نەکردووە، وردەکاریی گۆڕانکارییەکانی ڕواڵەتی مرۆڤ بەوێنە نەکێشاوە، کە دەربڕی سروشتی مرۆیین.

هونەرمەندی موسڵمان، بڕوای وابوو کە کەسێتی مرۆڤ و ئەو پێشگریمانەیەی کە ئەم کەسێتییە دەشێت ملیۆنەها شیکاریی بۆ بکرێت بۆ دەرخستنی قووڵایی دیکە، یان شکۆمەندییەکەی، هەر هەمووی بابەتی لاوەکین و لە دەرەوەی گرنگیپێدانی ئەون، کەواتە بۆ هونەرمەندی موسڵمان، خودا یەکەمین ئەوین و کۆتا مەبەستیی گرنگە لەلای، وەستان لە حزووری ئیلاهییدا بۆ ئەو هونەرمەندە، لوتکەی ڕەسەنایەتی و گەورەیی و جوانییە لە هەموو بووندا. لەبەر ئەم ئامانجەشە موسڵمانان خۆیان بە هەموو ئەو شتانە حەشارداوە کە ببێتە هۆی بەهێزبوونی بڕوا و قابیلییەتی ئەوان بۆ هەستکردن بەم حزوورە ئیلاهییە. لە سەرەتاوە لە پێناوی گەیشتن بەم ئامانجە، هونەرمەندی موسڵمان نماسازیی کردۆتە ئامرازێك بۆ ئەوەی هەر پاڵپشت و بەرهەمێك هانیبدات بۆ هەستکردن بەم حزوورە ئیلاهییە بیکاتە چوارچێوەیەك بۆخۆی، موسڵمانانی یەکەمی عەرەب ئەم ئامرازەیان گەیاندە ئەنجامە لۆجیکییەکەی.

هونەرمەندی موسڵمان بەم نماسازییە، یەکەم شت نەبوونی فرەیی و چرۆکانی گەشەکردنی بەدیهێنا، لە لاسکەوە تا لق، تا سەری گەڵاکان، کە تایبەتمەندیی مەملەکەتی ڕووەکن، ئەستووریی لاسك و لق و پێکهات و شێوەیان لە هەموو

تابلۆكەدا بوو بەیەك شت. بە ئامادەنەبوونی فرەیی خەسڵەتی گەشەكردنیش بەتاڵ بوویەوە، لە تابلۆدا هەموو گەڵا و گوڵەكان هاوچەشنن و لەیەك دەچن، ئینجا ئەو هونەرمەندە گورزی گورچكبڕی وەشاند لە سروشت، كاتێك لە كۆتاییدا پشتی بەست بە چەندپات كردنەوە، واتە بە پاتەكردنەوەی لاسك و گەڵا و گوڵ بە جۆرێك كە هەركامیان لەوی ترەوە هاتبێ بە شێوەیەكی بێ كۆتایی، كە مەحاڵە شتی وا لە سروشتدا هەبێت، هەرشتێك بۆنی وەرگێرانی بیرۆكەكەی لە سروشتی لێبكرێ لە میاندا نەما، واتە هونەرمەند بە پاتەكردنەوە بە هەموو متمانە و بە ڕوونیی ئەم كاریگەرییەی خولقاند، تا ئەو ئاستەی كە دەتوانێت لەگەڵ نەیارەكەی، واتە لەگەڵ گەشەكردن لێبوردە بێت، بە پاتەكردنەوەی هەر شتێك كە ڕەنگە لە بەشێكی دیمەنەكەدا ئەو خەسڵەتەی هەبێت، لەمیانەی تێكڕای ئەو كارە هونەرییەدا، بەم شێوەیە ڕەگ و ڕیشەی سروشت لە هۆشیاریی بینەر لەبن دەرهات.

لە بەدیهێنانی ئەم ئامانجەدا بە جوانترین شێوە دەستپێكی ڕاستەهێڵەكان و بڕگە و بازنەكان لەناو دیزاینە ئەندازەیی و ئازادەكاندا ڕۆڵیان هەبووە، هەندێك جار ئەم دیزاینانە لەگەڵ بابەتی لاسك، یا گەڵا، یا گوڵ تێكەڵ دەبن و زیاتر لە شێوە ئەندازەییەكان یارمەتی دەدەن بۆ ڕەتكردنەوەی ڕەوتی سروشتگەرایی لەسەر ئەو بابەتەی كە دەیەوێت لێی دابماڵێت. سەرەنجام هونەرمەند سوودی بینیوە لەوەی كە پاتەكردنەوەی خستۆتە ژێر یاسای هەماهەنگبوون بە جۆرێك كە بەهەمان دووریی لە هەموو لایەكەوە درێژ ببێتەوە، بۆ جەوهەری كارە هونەرییەكە بكاتە بوارێكی بێ كۆتایی بۆ بینین. زیاد لەمە هونەرمەند بەشێك لەم بوارە بێ كۆتاییە تەرخاندەكات، بەشێوەیەكی هەڕەمەكیی و دەیكات بە چوارچێوەی سروشتی بۆ لاپەڕەیەك، یان دیوارێك، یان تابلۆ، یان پارچەیەك.

كاتێك هونەرمەند شێوەی مرۆڤ، یان گیانلەبەرێك بەكاریان دەهێنێت وەك لە مینیاتۆرە ئێرانییەكاندا بەرچاو دەكەوێت، داماڵینی تابلۆ لە ڕەنگە سروشتییەكەی

بەوە دەبێت کە گیانلەبەرەکە دەستکاریی و نمادار بکرێت و نیشانەی جیاکەرەوەی بۆ دانەنرێت، شوناسی کەسێتی بە ڕوخسار و جەستە مرۆییەکان نەدرێت، کەواتە دەکرێت بەمرۆڤیش باس لە ناسروشتیی بکرێت، وەك چۆن بە گوڵ باسی دەکرێت، بە سوودوەرگرتن لە نماسازیی، بە سڕینەوەی کەسێتی و شوناسەکەی، هەر ئەمەیە هۆکاری ئەوەی مینیاتۆری ئێرانیی ژمارەیەکی زۆر شکڵی مرۆڤی تێدایە، کە ناتوانین هیچیان لەوانی تر جیا بکەینەوە.(1)

مینیاتۆر لە قەسیدەی شیعری دەچێت، لەوەدا کە لە بەشی زۆر پێکهاتووە، هەر بەشێك لەویتر جیا دەبێتەوە و بۆخۆی دەبێتە سەنتەرێکی سەربەخۆ، وەك چۆن خوێنەر و گوێگری شیعر هەست بە خۆشیکردنەکەی لە تێگەیشتنی جەوهەرە ئەدەبییە هۆنراوەکانی ناو بنیاتە کێشدارەکانی دێڕە شیعرییەکان وەردەگرێت، بە هەمان شێوە بینەر لە زەخرەفەی ئەرەبیسك ڕادەمێنێت، لە زەخرەفەی ئەرابیسکی سەر بەرماڵەکە، دەرگاکە، پەنجەرە، دیوارەکە و زینتی ئەسپەکە و مێزەر و جل و بەرگەکان و هاوشێوەکانیان، لە سەنتەری مینیاتۆرەکەدا، ژمارەیەکی زۆر سەنتەری بێ کۆتایی هەژمار دەکات، کە بۆخۆی ناتوانێت چاوی بگێڕێت بۆ بینینیان.(2)

هیچ گومانی تێدا نییە هەر تابلۆیەکی زەیتی، یان زەخرەفەکراو لە هونەری ئیسلامییدا بوارێکی تیایە بۆ بزاڤی بینین، واتە بزاڤێکی بەردەوام هەیە لە یەکەیەکی دیزاینەوە بۆ یەکەیەکی تر، لە دیزاینێکەوە بۆ ئەوی تر، بەڵکو لە مەودایەکی بینینەوە بۆ مەودایەکی تر، لە دەروازەی کۆشکە گەورەکاندا لە ڕووکار و سەردیوارەکاندا، بەڵام هەر کاتێك بگەینە کۆتاییەکی بڕاوە، ئەوە ئێمە ڕووبەڕووی

---

1 Arnold.T.W, Painting in Islam, Oxford : The Clarenden Press.1928.p.133.

2 Welch , Stuart Cary , A King's Book of Kings : The Shah-Nameh of Shah Tahmasp, New York : Metropolitan Museum of Art.1972. P 30.

کارێکی هونەریی ئیسلامیی نابینەوە. ڕۆحی کاری هونەری ئیسلامیی ئەمەیە بینینی بینەر بەردەوام بێت و بەروبوومی ئەم خەیاڵە بەردەوامە دەرك بکات و عەقڵ خۆی بخاتە جموجووڵ بۆ هەستکردن بەبێ کۆتایی.

بۆ هەستکردن بە شتی ناسروشتی، پێویستی بەوەیە کە لە کاریگەریی بارستە و قەبارە و بۆشایی و پەرژین و باریکیی و توندوتۆڵیی ڕزگاری ببێت. لەبەر ئەوەی ئەمانە ڕاستیی سروشتیین، تەنها شتێك کە موسڵمانی دۆستی جوانیی داگیر دەکات، نموونەیەکە کە هێزێکی پاڵنەری پێبدات بۆ چوونە ناو بۆشاییەکی بێ کۆتایی لە هەموو ئاڕاستەکاندا، هەر ئەمەشە کە دەیخاتە حاڵەتی بیرکردنەوە، کە بۆ هەستکردن بە حزووری ئیلاهی پێویستە، ئەو ئەم نموونەیەی لەسەر بەرگی کتیب، لەسەر لاپەڕەیەکی پڕ نەقش و نیگار کە دەیخوێنێتەوە، لە نەقش و نیگاری ئەو بەرماڵەی نوێژی لەسەر دەکات، لەسەر بنمیچ و لە ڕووکاری خانووەکەی و دیوارەکانی ناوەوە و دەرەوەی پێویست نییە بە تەنها، بەڵکو لەسەر زەمینەکەش کە تابلۆی ئەرابیسکەکەیە و لەناویدا باخەکە و هەیوانەکە و داڵانەکان و هەموو ژوورێکیش سەنتەرێکی سەربەخۆیە و ئەرابیسکی تایبەت بەخۆی هەیە، لەمەشدا هەر پێویستیەتی بۆ ئەوەی شتاوی تیا دروست بکات.

**بەڵام لێرەدا دەپرسین: ئەرابیسك چییە؟**

ئێمە ئەم واژەیەمان بەکارهێنا بەو گریمانەیەی کە خوێنەر ماناکانی دەزانێت، ئەمە ڕاستییەکە دەمەدەمێ هەڵناگرێت، چونکە هەموو مرۆڤێك بەبێ وەستان دەتوانێت ئەرابیسك لە هەر جۆرێکی هونەری تر جیابکاتەوە، ئەم هونەرە لە هەموو شوێنێکی جیهانی ئیسلامییدا هەیە و پێکهێنەر و پێناسی تایبەتمەندە بۆ هەموو هونەری ئیسلامیی، جێی خۆیەتی کە ناونراوە ئەرابیسك، لەبەر ئەوەی عەرەبییە، ڕێك وەك شیعر و وەك قورئان کە هەردووکیان عەرەبین، ئەمیش لە جوانییەکەیدا عەرەبییە، بوونی ئەم هونەرە هەر ناوەندێك دەگۆڕێت بۆ ئاڕاستەی ئیسلامیی،

لەهـەمان کاتـدا ڕێکارێکـە بـۆ یـەکبوونی هونـەری گەلـە زۆر جیاوازەکـان و زۆریـش ئاسانە کە بناسرێتەوە.

ئەو لە بنەڕەتدا دیزاینێکە لە چەند یەکەیەك و چـەند شـێوەیەکی زۆر و زەبەنـد پێکهاتووە پێکەوە بەستراون و پاڵیان داوە بەیەکەوە بەجۆرێك دەرفـەت دەدات بـە بینەر کە لە یەکەیەکەوە بڕوات بۆ هاوتاکەی، هەروەها لە شکڵێکەوە بۆ هاوتاکەی، لە هەموو ئاڕاستەیەکەوە، تا ئەو کاتەی لە هەموو بۆشایی کارە هونەرییەکە تێپـەڕ دەبێـت، هـەر یەکەیـەك و هـەر شـکڵێك لـە کـاری هونەرییـدا، قەوارەیـەکی تـەواو و سەربەخۆیە، بەڵام وابەستەیە بە شکڵی دوای خۆی، یان بە یەکەی دوای خـۆی، لـە هەموو ئاڕاستەکاندا. ئەمەش وا لە چاو دەکات بە ناچاریی ببزوێت و بـەدوای یەکـە یان شکڵی تەنیشتیدا بگەڕێت، دوای ئەوەی کـە سـنوور و دیـزاینی شـکڵی یەکـەمی زانی، ئەمەش ئیقاعی زەخرەفەکە پێکدەهێنێت.

دیارە ئەم بزاوتە مومکینە شـتێکی بێزارکـەر بێـت ئەگـەر شـکڵەکان دووربـن لـە یـەکتر و نەچـووبن بـەناو یەکدا وەك پارچـەیەکی چـنراو کـە پەراوێزەکـەی چـەند ڕاستەهێڵێك بێت، بە پێچەوانەوە هەر چـەند پەیوەنـدیی نێـوان شـکڵەکان بـەهێزتر بێت، بزاوتێکی بەزەبر دروست دەبێت بۆ دۆزینەوەی نیشانە و هێماکان و ئیقاع، تا ئەندازەی بەرەنگاریی بزاوتەکەش لە ئەنجامی چەرخش و شکانەوەی هێڵەکان زیاتر بێت، پێویستمان بە هێزی زیاترە بۆ کـاراکردنی ئـەم بزاوتـە، ئـەم هێـزەش هێـزی کۆمـەی ئەرابیسـکە تـا ئـەم کۆمەیـەش گـەورەتر بێـت بـۆ عـەقڵ ئاسـانترە کـە بیرۆکەیەکی عەقڵیی دروستبکات هەتاوەکو لەو ڕێگایەوە تەسەوور بچـێتە سـەرووی سنوورە ماددیەکانی کاری هونەریی بۆ گەیشتن بەو شتەی عەقڵ لێـی داوا دەکـات، هەربۆیە چەند نەسەقێکی جیاواز هەن هەر کامێکیـان بەشـێك لـەو کـارە هونەرییـە دادەپۆشـن، هۆکارەکـەش ڕوونـە بـۆ ئـەوەی یارمـەتی خـەیاڵ بـدەن لـە گەشـتە

دژوارەکەیدا، واتە ئەگەر بە نەسەقی یەکەم بۆی نەکرا ڕەنگە لەگەڵ دووەم یان سێیەم یان هەزارەم بۆی بکرێ ئیتر بەم شێوەیە تا بێ کۆتایی دەڕوات.

کارەکانی ئەرابیسك دوو جۆرن: ڕووەکیی و بەگوڵ، یان ئەندازەیی. بابەتەکە پەیوەستە بە جۆری ئەو میانجییە هونەرییەی کە هونەرمەند بەکاری دەهێنێت، ئەگەر لاسکی ڕووەك، یان گەڵای بەکارهێنا پێی دەوترێ: گەڵاکاریی (التوريق)، بەڵام ئەگەر شێوەی ئەندازەیی بەکارهێنا پێی دەوترێ ڕەسم، ڕەسمەکەش دەبێتە خەت، ئەگەر ڕاستەهێڵ و کەرت و هێڵی ئاڕاستەداری بەکارهێنا، خۆئەگەر هێڵی چەماوەی چەند سەنتەری بەکارهێنا پێی دەوترێ فرێدان، لە کاتی بەکارهێنانی هەردوو جۆرەکەش ناودەنرێت: وێنەیەکی ڕاکێشراو.

ئەرابیسك ئەگەر دوولایی بوو، ناوی ڕووتەختە، وەکو زۆربەی نەقش و نیگارەکانی سەر دیوار و دەرگا و بنمیچ و کەلوپەلی ناوماڵ و جلوبەرگ و بەرماڵ و بەرگی کتێب و لاپەڕەکانی. دەشێت زەخرەفە بەرجەستە بێت و جێش بگرێ، یان سێ لا بێت وەکو ئەو ستوون و پایەی گومبەزانەی دروست دەکرێن، کە ئەمەیان بەناوبانگترین هونەری تەلارسازیین لە مەغریب و ئەندەلووس جوانترین نموونەی درەوشاوەشی وا لە مزگەوتی غەرناتە و کۆشکی سووری غەرناتە، لە کۆشکی سوور (الحمراء) قیبلەیەکی تەواو هەیە کە لە بێ ژمار کەوانی بەیەکداچوو دروستکراوە لەسەر چەند ستوونێکی نەبینراو کە مرۆڤ پێویستی بە خەیاڵێکی ڕۆشن هەیە بۆ ئەوەی بیانبینێت و ڕەوتەکەیان پەیدا بکات، کۆمەی ئەرابیسك لێرەدا هێندە بەهێزە ئەو کەسەی دەیەوێت بە دوایدا بچێت دەبێ لەگەڵ ئیقاعە پەیدەرپەیەکی بەرەو بۆچوونی بەڵگەنەویستی بێ کۆتایی بڕوات، ڕوونمای شکۆمەندی مزگەوتێکی گەورە، دەرگای دیوارێکی گەورە، زێوەری دەرگا و دەسکی زەخرەفەکراوی دەرگاکە و هەر مینیاتۆرێکی سەرنجڕاکێش لەلاپەڕەی کتێبێکدا، زەخرەفەی نەخشی سەر جلوبەرگ یان پشتێن هەر هەمووی کاری هونەریین بۆ موسڵمان

دەربڕی شایەتوومانی (لا اله الا الله)ن، چونکە یارمەتی ئەو دەدەن بۆ دەرککردنی شتی بێ کۆتایی و هەستکردن بەو جیهانەی کە جودایە لە جیهانی سروشت و جیهانی مەخلووقات، واتە جیهانی بالاّ. با لێرەدا گوێ بگرین لە وتەی خودا سەبارەت بە خۆی: ﴿ذَلِكُمُ اللَّهُ رَبُّكُمْ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ خَالِقُ كُلِّ شَيْءٍ فَاعْبُدُوهُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ وَكِيلٌ (١٠٢) لَا تُدْرِكُهُ الْأَبْصَارُ وَهُوَ يُدْرِكُ الْأَبْصَارَ وَهُوَ اللَّطِيفُ الْخَبِيرُ﴾ (الأنعام).

## ٣ـ خەتی عەرەبی: لوتکەی ئاگابوون لە بالاّ:

ئولووهیەتی بەرز و بالاّ هێندە هۆشیاریی و ئاگایی موسڵمانی داگیر کردووە، کە حەز دەکات چووە هەر شوێنێك گوزارشتی لێ کرابێت، موسڵمان ئەوەندەش شەیدای گەڕانە بە دوای ڕێگا و ئامڕازەکاندا بۆ دەرخستنی حزووری ئیلاهی کە بلیمەتییەکی وای بۆ دروست دەبێت، کە گەورەترین و بەپیتترین شێوازی مرۆییانە بدۆزێتەوە بۆ بەدیهێنانی ئەم مەبەستە، مرخی هونەرمەندی موسڵمان لەوەدا نەوەستاوە کە لە هونەرە بینراوەکاندا هونەری ئەرابیسکی بێ کۆتای فرەچەشنی داهێناوە، بەڵکو هاتووە هەموو بابەتێکی هونەریی ڕەچاوکراوی تەیارکردووە بۆ ئەوەی ببێتە ئاوێنەیەك بۆ دەرخستنی جەوهەرەکەی، بەهەمان شێوە ئەم هونەرمەندە بە ئامادەیی ماوەتەوە بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتنێکی کۆتایی تر لەم بوارەدا. جێی بیرخستنەوەیە لێرەدا، کە مێژووی پێش ئیسلام داهێنانی جوانکارانەی وشەی ناسیوە لە پەخشانی ئەدەبی و شیعردا، وێڕای ئەوەی ئەم هونەرە لە شێوەی پێش هاتنی ئیسلامدا لەسەر دەستی عەرەب گەیشتە ئاستێکی بێ پێشینە کە هیچ گەلێکی تر پێی نەگەشتووە، بەڵام دۆڵی میزۆپۆتامیا و عیبرییەکان و یۆنان و ڕۆمان و هیندۆسەکانیش لە جوانکارییەکانی وشەدا هێندە بەرزبوونەتەوە کە ناتوانین نکوڵی لێبکەین، ئەوەی شایانی باسە مرۆڤایەتی پێش

ئیسلام لە هیچ جێگایەك بە جیهانی عەرەبیشەوە هونەری وشەی نووسراوی نەناسیوە، چونکە لە هەموو جیهاندا نووسین کارێکی ئاسایی و سادە بووە، تا هاتنی ئیسلام گرنگییان بە جوانکاریی نووسین نەداوە، تا ئێستاش نووسین هەمان تایبەتمەندیی پاراستووە لە زۆربەی جیگاکانی جیهاندا.

لە هیندستان و لە خۆرئاوای مەسیحییش، نووسین بۆ بەجێهێنانی ئەرکەکەی وەك سەنتەرێکی لۆجیکی بەکارهێنراوە و تەواوکردنی وێناکردنە بینراوەکان (سمبولگەرای)ی هونەری مەسیحیی و هیندۆسی، بە سوودوەرگرتن لە سمبولی لۆجیکییانەی پیت ئەنجامدرا بۆ گوزارشت لە چەمکی هەستپێنەکراوی داواکراو.

زانراویشە کە بۆ ڕزگارکردنی هونەری بینراو، بیرکردنەوە لە هەستپێنەکراو پێویست نیە، مەگەر ئەو کاتەی ئەو هونەرە بەخۆی نەتوانێت باسی ئەو بیرۆکە حەدەسییە بەڵگەنەویستە بکات کە دەیەوێ باسی بکات، بۆ نموونە ئەو کەسانەی پەیکەری ئەپۆلۆ و ئەفرۆدیتیان تاشی، بۆ پاڵپشتیی کارە هونەرییەکەیان، پێویستیان بە نووسین نەبووە، چونکە بەم دوو پەیکەرە بۆ بینەر تەنها بە بینراوەکە باسی خواوەندیان کردووە، لەبەر ئەوەی بیرۆکە پێشینەکەیان لە جوانیی کەسێتی و شێوە مرۆییە هەستپێکراوە، مومکین بوو هەستی پێبکرێت (لە پەیکەرتاشی و شانۆ). لە هونەری بیزانس و هیندۆسیدا بابەتەکە بە پێچەوانەیە شکڵەکان ئەم جوانییە هێماییەیان تیا نیە، چونکە شکڵەکان نماین، هەر بۆیە پشتیان بە نووسین بەستووە.

ئەرکی وشەی نووسراو لە کارە هونەرییە خۆرئاوایی و هیندییەکاندا هێمایی و لۆجیکی بووە بە تێکڕایی و بە وردەکاریی، تەنها ڕووی وتاری لە عەقڵ بووە بە جۆرێك جیاوازیی نەبووە لە ئەرکی ژمارە نووسراوەکان بە عەرەبی، یان بە ڕۆمانی، بێگومان حاڵی خەتی عەرەبی پێش ئیسلامیش، لەمانە جیا نەبووە، بەڵام بە هاتنی ئیسلام و هاتنی ئەو هێزە پاڵنەرەی هونەری بینراو بەرەو تۆخکردنەوەی ڕەهەندی

باڵای جودا لـه سروشـت، ئاسـۆیەکی تـازە بـۆ بـەکارهێنانی نووسـین کرایـەوە کـە چاوەڕێ بوو کەسێك بیدۆزێتەوە، کە ئەوەبوو بلیمەتکاریی ئیسلامیی هات و وەڵامی ئەم داخوازییەی دایەوە. وشەکانی خودا بە خەتی نەسخی پەیوەستە نووسـرانەوە، بـە خـەتی کـووفی، کـە بـەمیرات لـە خـەتی ئـارامیی مابوویـەوە و لـە ڕێـی خـەتی سریانییەوە گەیشتبوو، نیشانەکان لۆجیکیی بوون نەك حەدسی، ڕێك وەك ئـەوەی لە هەر زمانێکی دیکەدا هەیە بگرە پلەیەك لە سەرووی زمانەکانی تر، چونکە گەلانی خۆرهەڵاتی نزیك هێشتاکو شتێکیان نەدەناسی بەناوی هونەری خۆشنووسی.

ڕۆمەکان تا ئاستێك هەندێك هونەرمەندیی جواننووسییان گۆڕیی، بـەڵام حاڵەکـە وەك پێشـوو مایـەوە، چـونکە ناوەڕۆکەکـەی هـەر هـەمان ڕەهەنـدی لـۆجیکیی ناحەدسی بوو. ڕاهیبە سلتییەکانی سکۆتلەندا لـە ئیرلەنـدا، چـەند دەستنووسـێکی زەخرەفەکراویان بەرهەمهێنا وەك کتێبی (کیلـز)، بـەڵام هونـەری خۆشنووسـی لای ئـەوانیش هـەروەك ئاسـتە ڕۆمانییەکـەی مایـەوە، تـەنها پیتەکـە ڕوونکراوەتـەوە و پاشان بە زەخرەفە جوانکراوە، مەدلوولە سـتاتیکییەکەی وەك خـۆی بـە لـۆجیکی مایەوە، لەبەر ئەوەی زەخرەفەکە ڕووکەش بووە و سروشتی پیتـەکانی نـەگۆڕیوە، هەر پیتێك بەتەنهایی ماوەتەوە، واتە خوێنەر دەبوو لە پیتێکەوە بچێت بۆ پیتێك و هـەوڵی تێگەیشـتنی بـدات و عـەقڵ و بیرەوەریـی بکاتـە یـەك بـۆ پەرچـڤەی پیتـە نەقشکراوەکان بۆ وشە و چەمکی پێکهاتوو بە عەقڵ، ئەم کارە هونەرییانە لـە هـەر جـۆرە هەسـتکردنێکی سـتاتیکیی پیتەکـە، یـان وشـەکە، یـان خـەت و ڕسـتە نووسراوەکە، خاڵیی بووە.

وردە وردە لە ماوەیەکی زەمەنی، کـە لـە دوو نـەوە زیـاتر نـەبوو، هونەرمەنـدی موسڵمان وشەی عەرەبیی گۆڕیی بـۆ کـارێکی هونـەریی هـەڵگری مانـای سـتاتیکای هەستپێکراو، کە بەتەواویی جیاوازبوو لەو نیشانە لۆجیکییانەی هێـزی تیگەیشـتنی عەقڵی ئاڕاستە دەکەن، ئەم هونەرەش چووە ڕیزی باقی هونەرە ئیسلامییەکان بـۆ

بەجێگەیاندنی ئامانجی گشتیی هۆشیاریی ئیسلامی. هونەرمەند توانستەکانی خەتی عەرەبیی پەرەپێدا تا وای لێهات بووە فۆڕمێك لەئەرەبیسك، جاران لە زمانی نەبەتی و سریانیدا پیتەکان بە تاك دەنووسران و هەر پیتێك لەوانی تر جیابوو، وەك نووسینی یۆنانی و لاتینی، هونەرمەندی عەرەب یەکەمجار پیتەکانی بەستبەیەکەوە، بە جۆرێك کە چاو پیت دوای پیت نەبینێت، بەڵکو بە یەك نیگا و بەیەك بۆچوون و هەست، هەموو وشەکە و هەموو ڕستەکە و تەنانەت هەموو دێڕەکە ببینێت.

دووەمجار پیتەکانی کردە ژێر دەستی خۆی، کە بتوانێت چۆنی پێ جوانە درێژەی پێبدات، یان درێژ بینووسێت، یان بچووکی بکاتەوە، یان پانی بکات، ڕاست بێت یان چەماوە، دابەش یان چڕ، یان بەرزیان بکاتەوە، بەشێك لە پیتەکە یان هەمووی گەورە بکات، بەم کارە پیتە ئەبجەدییەکان بووە کەرەستەیەکی هونەریی بەپیت و گوێڕایەڵ، کە توانای ئەوەی هەیە هەر بیرۆکە و پرۆژەیەکی هونەریی جوان کە بە خەیاڵی هونەرمەندی خۆشنووسدا دەگوزەرێت بەرجەستەی بکات.

سێیەم هونەرمەندی موسڵمان هەموو دەسکەوتەکانی پێشووی لە بواری هونەری زەخرەفەی عەرەبیی، ئەرەبیسك، خستە خزمەتی هونەری خۆشنووسیی نوێ، نەك تەنها گوڵ و شێوە ئەندازەییەکانی بۆ زەخرەفەی نووسین بەکارهێنا، بەڵکو خودی نووسینیشی گۆڕی بۆ زەخرەفەیەکی سەربەخۆ. خەتی عەرەبی بووە خەتێکی شەپۆلاویی وا کە توانای شتاوی هەیە بە هەموو لایەکدا، بە دیزاینی گوڵداری سەربەخۆ و تەواو، چ بە شێوەیەکی هەماهەنگ ڕیزکرابن یان پرژو بڵاو. هونەرمەند بەم گوێڕایەڵییە نوێیەی کە دای بە پیتە ئەبجەدییەکان توانیی بە یەکێك لەم دوو شێوازە، یان بە هەردووکیان پێکەوە بنووسێت، بە پێی داخوازیی دیزاینە هونەرییە جوانکارییەکان کە هەوڵ دەدات پێشیان بخات.

سەرەنجام ئەم هونەرمەندە پیتە ئەبجەدییەکانی ئامادە کرد نە تەنها بۆ گەیشتن بە زەخرەفە ئەرەبیسکەکان، بەڵکو بۆ تێکەڵبوون لەگەڵیان بۆ پێکهێنانی ئەرەبیسکێکی بەرفراوان، بەم شێوەیە هونەرمەند وای لەم هونەرە ئەرەبیسکانە کرد کە لە نووسینەوە پەیدا ببن و نووسینیش لەو زەخرەفانەوە دروست ببێت، وێرای پاراستنی تایبەتمەندیی بنەڕەتی پیتەکان و قابلییەتی خوێندرانەوە، ئەو ڕۆڵەی زەخرەفە لە نووسیندا دەیبینێت وەك ڕۆڵی کێشەکانە لە شیعردا، وەك ڕۆڵی گەلاکاریی و وێنەیە لە نەقشێکی ڕووتەختدا، بە هەمان شێوە کە ئەدای خوێندراو، هێزی تەکان دەدات بە شکڵەکان. بە ئەرەبیسك نووسینی عەرەبی ڕۆڵەکەی گۆڕدرا لە دوا میانجییەك بۆ تێگەیشتنی ژیرانە، لە ئەلفوبێیەکی هێمایی لۆجیکییەوە بۆ کەرەستەیەکی هونەریی هەستپێکراو و ئامرازێکی هونەری ستاتیکایی، کە هەستێکی جوانیناسی تاقانە و ناوازە بەرهەم بهێنێت، کاری لەم جۆرە بۆخۆی، واتە سەرکەوتنی هونەری مرۆییانە بەسەر دوا قەڵای لۆجیکی هیمای عەقڵیدا، خستنە پاڵ و ئاوێتەکردنیەتی لەگەڵ جیهانی جوانیی هەستپێکراو، کە ئەمەش گەورەترین سەرکەوتنی هونەریی ئیسلامە.

هونەرمەندی موسڵمان بڕوای وایە کەلامی خودا تەنها ڕێگایەکە بۆ ئەوەی مرۆڤ نزیکتر بێت لە تەسەوری زاتی خودا. دیسانەوە ڕاستەوخۆترین ڕێگایە بۆ تێگەیشتنی لە ویست و خواستی ئەو، ئینجا لەبەر ئەوەی خودا گەورە و باڵایە کەواتە تێگەیشتن لە حەقیقەت و دەرکردنی خودیی ئەو هەتاهەتایە کارێکی مەحاڵە، بەڵام ئیرادەی خودا خۆی لە ڕێی کەلامەکەیەوە بۆی ڕوونکردووینەتەوە.

هونەرمەند پێی وایە وشەی خودا کە قورئانە خودایییە و دەشبیسترێ، بۆیە دەبێ زۆرترین حسابی بۆ بکات و بۆ جوانکردنی زۆرترین هونەر بنوێنێت. لەسەر ئەم بنەمایەش نووسینی قورئان بووە سەرپۆپەی هونەری جوانیناسی لە ئیسلامدا.

ئـەم لـۆجیکی بیرکردنەوەیـە، ئـەوەی خواسـت، کـە هونـەری خـەتی عـەرەبی گەشەی پێبدرێت، بۆ ئـەوەی ببێتـە پردێـك بـۆ سـازدانی حەدەسـێکی هەسـتیارانە سەبارەت بە پـەروەردگار، هاوشـانی جەختکردنـەوە لەسـەر ئـەو ئاگاییـە تـەواوەی بەوەی کە مەحاڵە خودا وەسف و وێنا بکرێت، هاوکـات لەگـەڵ بـەکارگرتنی خـەتی عـەرەبی بـۆ ئـەوەی ببێتـە بابـەتی ئەرابیسـك، هونەرمەنـدی موسـڵمان تـوانیی بـە شایستەیی بیخاتە ناو هەر کارێکی هونەرییەوە، ناوەرۆکە تەسەوورییەکەی هەرچـی بێت جیاوازی نیە. کەواتە خەتی عەرەبی، توانیی هەر کارێکی هونەریی داگیر بکات و پێگەیشی بەرز بکاتەوە بە کامڵترین کۆمە و بەها ستاتیکییەکەی، چ ئەو کارە بـە تێهەڵکێشانی وشە نووسراوەکە بێت بە کارە هونەرییەکـەوە، یـان بـە سـەربەخۆیی بمێنێتەوە.

گەورەیی قورئان لە ناخی گشت موسڵماناندا وایکرد هونەری نووسـین بـەخێرایی بڵاوببێتەوە و موسڵمانان بۆ ئەم کارە گەورەترین بـەهرەی خۆیانیـان تـەرخانکرد و کردیانە هاوڕێی خۆیان بە درێژایی ژیانیان. بـەم شـێوەیە نووسـینی عـەرەبی بـووە هونەری گشتیی ئیسلام، بە خۆشنووسییەکی جوان وشەی عەرەبیی کرایـە نەقشـی سەر بەرد و گەچ و تەختە، سەر کاغەز و پێسـتە و پارچـە و باڵەخانـە و مەکتـەب و دووکــان و مزگــەوت و دیــوار و بنمیچــەکانیان پــێ ڕازانــدەوە. کاریگــەریی و جێخۆکردنەوە و ئامادەیی ئەم هونەرە لە هـەموو شـوێنێك گەیشـتە ئاسـتێك، ئـیتر نەدەبوو هیچ شار یان گوندێکی موسڵمان تەمبەڵی بکـات لـە بەرهـەمهێنانی دەیـان شاکاری هونەریی بە درێژایی ڕۆژگار. تەنانەت دوژمنانی ئیسـلامیش لـە کاریگـەریی ئـەم هونـەرە بـەدوور نـەبوون، بـۆ نموونـە هەرچـەندە لـە ئیسـپانیا و فەڕەنسـا و ئیتالیای مەسیحیی، نووسینی عەرەبی لەسەر ئاسـتی وێنـاکردن، بـەهۆی نـەزانی و نەبوونی لێهاتوویی بۆ تێگەیشتنی ماناکـانی و چـوونە نـاو قووڵاییـەکانی، ڕێکوپێـك

نـەبوو، بـەڵام نووسـینی عـەرەبییان وەکـو شـتێکی جـوان بـەکاردەهێنا و زۆریـش سەرکەوتوو بوون.[1]

ئەو بۆچوون و هەست بە ستاتیکای لە وشەی عەرەبی پەیدا دەبێت، هاوچەشنی هەر ئەرەبیسکێکە بەڵکو لەویش باڵاترە لـەو ڕووەوە کـە توانـای وێنـاکردنی مـرۆڤ ڕەها دەکات بۆ پەرواز کردن، بەرەو بەدەستهێنانی بیرۆکە عەقڵییەکە، ئەمە چونکە وشەی عەرەبیی نووسراو دەرفەتێکی گەورەتر دەدات بەو بینەرەی کە لەهەمانکاتدا توانای تێگەیشتنی ناوەڕۆکە عەقڵییەکەی هەیە، کە ئەو ئامانجەی هەوڵی وێناکردنی دەدات دیاری بکـات، کـە ئەمـە بـۆ خـۆی بابەتێکـە کۆمـەی بزاوتـی خـەیاڵ بـەرەو ئامانجەکە بەهێز دەکات. لە ژێر ڕۆشنایی ئەم پرۆژەیە، سـەیرو سـەمەرە نییـە کـە هونـەری نووسـینی عـەرەبی گشـتیی و نووسـینەوەی دەسـتیی قورئـانی پـیرۆز بەتایبەتی، بووەتە جەماوەریترین هونەری جیهانی ئیسـلام لـە هـەموو سـەدەکاندا، وای لێهاتووە خەڵکانێك هەن لە پاشا و دەسەڵاتدار و خەڵکانی ئاساییش، کـە تاقـە ئاواتیان لە ژیاندا ئەوەیە کە بتوانن بەدەستی خۆیان قورئان بنووسنەوە، ئەوسا بە دیداری خوا بگەن.[2]

بەپێی ئەوەی زەمەخشـەریی لـە کتـێبی (أسـاس البلاغـة)دا لـە بابـەتی (قلـم)دا باسیکردووە، وەزیر ئەبوعەلیی ئیبن موقلە بوو کە نووسین و شیعریی بەرامبەر یەك دانا و بە هۆنینـەوەش هـەمان ئـەرکی جوانیناسـی بەخشـی، کـە ئـەم دوو هونـەرە هەیانـە و تایبەتمەندییـە بنەڕەتییـەکانی هونـەری نووسـینی لـە پێـنج خەسـڵەتدا دیاریکرد:

---

[1] مێژوونووسانی هونەر وشەی (Mozarabic) یان داتاشی بۆ ناونانی کەلەپوورێکی تەواوی هونەری ڕازاندنەوەی ئیسپانی و فەڕەنسی و ئیتالی، کە دیزاینی عەرەبی تێدایە.

[2] بەڵگە بۆ ئەمە بوونی بێ ژمار دەستنووسی قورئانییە کە خەڵکانێك لە ئاستی جیاواز، لە پاشایان و گەورە کەسان و خەڵکی ئاسایی ئامادەیان کردووە یان هەڵیانگرتووە.

یەکەم: (التوفیة): ئەوەیە کە هەموو پیتێك مافی خۆی لە هێڵە پێکهێنەرەکانی پێ بدرێت، وەکو کەوان و چەماوە و تەختیی.

دووەم: (الإلمام): ئەوەیە کە هەر پیتێك بەشی خۆی لە ئەندازەی پێویست پێبدرێت، وەك درێژیی و کورتی و باریکیی و ئەستووریی.

سێیەم: (الإکمال): ئەوەیە کە هەموو هێڵێك بەشی خۆی پێبدرێت لە شێوەی ڕێکبوون و تەختبوون و بەدەمداکەوتن و ڕاکشان و کەوانکردن.

چوارەم: (الاشباع): هەموو هێڵێك بەشی خۆی لە نووکی قەڵەم پێ بدرێ، بە جۆرێ کە یەکسان بێ و هیچ بەشێکی لەوانی تر باریکتر یان ئەستوورتر نەبێت.مەگەر لەو شوێنانەدا کە پێویستە پیتێك باریکتر بێت لەوانی تر، وەکو ئەلف و ڕێ و هاوشێوەیان.

پێنجەم: (الإرسال): ئەوەیە کە دەست و قەڵەمەکەی ڕەها بکات بەخێراییەکی وا کە تووشی مانەوە و تیژ بوون و گرفتاری وەستان و لەرزۆکی نەبێت.[1]

پێشەوا ئەبوو حەییانی تەوحیدی لە کتێبی (الرسالة في علم الکتابة) دەڵێت: نووسین بە شێوەیەکی گشتی ئەندازیارییەکی ڕۆحییە بە ئامێرێکی جەستەیی.[2]

موسڵمانان بە درێژیی سەدەکان، چەند پەندێکی دەماودەمیان دووپاتکردۆتەوە کە بەوردیی سەرچاوەیان نازانرێت، وەکو:

"عەقڵی پیاوان وان لە ژێر ددانی قەڵەمەکانیاندا".

"پاراوبوونی هزر بە نووسینە".

"نووسینی جوان سوکیی هزر ئاساندەکات و بە هزری ڕاستیش هێزی ژیان دەبەخشێتگ"[1]

---

[1] زين الدين، ناجي، مصور الخط العربي، بغداد: المجمع العلمي العراقي، ١٣٨٨هـ/ ١٩٦٨م، ص٣٧٢.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ص٣٩٦، ناجی زين الدين، بەشێکی تەواویی لە دەستنووسی تەوحیدیی بەناوی (الرسالة في علم الکتابة) وەرگرتووە، کە نوسخەیەکی بڵاونەکراوەیە لە کتێبخانەی زانکۆی قاهیرە.

زۆرێك لـه نـاودارانی هـزر كـه لـه سـەدەكانی ناوەڕاسـت ناوبانگیـان لـه زانسـتە مرۆییەكانـدا هەیــە، وەكـو ئـیبن عەبـد ڕەببــە و ئـیبن ئەسـیر و ئـیبن نــەدیم و قەلقەشەندیی، دانیانناوە بە بەرهەمی هاوتاكانیان لە بواری هونـەرەكانی نووسـیندا و شانازییان كردووە بە گەشەكردنی نووسینی عەرەبی كە زۆر لە ئاستی زمانـەكانی تـر بـەرزترە و گەشـتۆتە پێگـەی بـەرزی جوانیناسـی و ڕۆشـنی و نـاوازەیی وتـار و ڕازاوەتــەوە بــەوەی كــە بــەهای بـاڵای دینـداریی كردۆتــە ڕێكارێـك بـۆ دەربـڕینی حیكمەتی ڕەببانی، جەختیشیان كردووەتەوە لەسەر گەورەیی هونەری نووسین بەو پەڕی خۆشنوودیی و بڕوای تەواوەوە، كە قورئان خۆیشی ڕێزیناوە لە نووسـین، لـە ئایەتێكدا كە سوێند دەخوات بە قەڵەم و بە نووسین، كاتێك دەفەرموێت:

﴿اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ (١) خَلَقَ الْإِنْسَانَ مِنْ عَلَقٍ (٢) اقْـرَأْ وَرَبُّـكَ الْـأَكْرَمُ (٣) الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ (٤) عَلَّمَ الْإِنْسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ﴾ (العلق: ١ ـ ٥).

لەگەڵ ئـەوەدا كـە هـەموو هونـەرەكان هـەژموونێكی جـوان و مرۆییانـەی هەیـە بەسەر ئەو كەسەوە كە لێی نازانێت، بـەڵام هونـەری یۆنـانی و هونـەری سـەردەمی ڕێنیسـانس گرنگییـان دەدا بـە ڕێزگـرتنی مـرۆڤ لـە خـۆی و ئیلـهامیان بـە خـەیاڵی بەخشی و ئیرادەیان جووڵاند بـۆ ئـەوەی هەوڵبـدات بـۆ خۆسـەلماندن لـە پلەیـەكی باڵاتردا. ئەم هونەرانـە ئـەم كاریگـەرییان بـەوەدانا بـوو كـە ئینسـانیان دەگەیانـدە ئاستێك لە شكۆ و قـووڵیی و گـەورەیی كـە لـە هۆشـیاریی خۆیـدا ئاوێتـەی خـودا و ئاوێتەی پێوەر و هیوای كۆتایی دەبێت.

لـە ئیسلامیشـدا هونــەر هەوڵیــدا هــەمان كـار بكـات، بـە كـردەوەش تـوانی هەستكردنی مرۆڤ بە شكۆ و مرۆڤبوون و خۆسەلماندن بەهێز بكـات، بـەڵام ئیسـلام ئەم ئامانجەی بەوە بەدیهێنا كە مرۆڤی بەردەوام خستە حـزووری پـەروەردگار. جا

---

[١] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

لەبەر ئەوەی پەروەردگار باڵایە و مرۆڤـ نییە، ئەو ئایدیالیزمەی هونـەری ئیسـلامیی هێنای هەرگیز ڕوخسـاری وەك پڕۆمیسـۆس نییـە و لـەخۆبایی نییـە و بـەرەنگاریی ویستی خودایی ناكـات. لەبـەر ئـەوەش كـە هونـەر بۆخـۆی هونـەرێكی ئینسـانییە، هونەرمەنـد سـوورە لەسـەر كـۆنترۆڵی خـود بـەو هۆشـیارییەی كـە هەیـەتی، بـەو هونەرەی كە هونەرێكی باڵا نییە، ئایا ئەمە كۆت و بەندە بەسەر ئەم هونەرەوە؟

وەڵامەكە بەڵێیە، بەڵام ئەم كۆت و بەندە لەوەدا دەركەوتووە كە بـەرزەفتكراوە بە بەهاگەلێكی بـەرز كـە بـەحوكمی پێناسـەكەی لـە ڕەهـاوە دەسـتپێدەكات و بـە بەهاگـەلێك كـە ئەگـەر بـەڕێكیی بەرامبـەریان بوەسـتێت ڕووبـەڕوو دەیانبینێـت و هەركامێكیان لە جێی دروست دابنێت، بە پلەیەكی باشتر لەوەی ئەگەر ئەو و مـرۆڤ تێكەڵ بكرێن.

جیهانی بەهاكانیش بەڵگەنەویستە، هەربۆیە باشتر دەتوانین بڵێین: تێكەڵكردنی بە مرۆڤ دەبێتە كارێكی مەحاڵ، و پڕۆمیسۆس بۆ هەمیشە وەك هێمای سەركێشی و غەڕڕابوون دەمێنێتـەوە. گـەورەیی هونـەری ئیسـلامیی ڕێـك وەك گـەورەیی ئـاینی ئیسـلام خۆیـەتی، خـەباتی بەردەوامـە بـەرەو ڕاسـتیی كۆتـایی و بـاڵا و بـەردەوام پاراستنی مەودایەكی دوور لێی.

# سەرچاوەکان

## یەکەم/ سەرچاوە عەرەبییەکان:


- الأشعري، أبو الحسن. **مقالات الإسلاميين**، القاهرة: مكتبة النهضة المصرية، ١٣٧٣هـ/ ١٩٥٤م.
- الأصبحي، أبو عبد الله مالك بن أنس. **الموطأ**، تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي، القاهرة: دار إحياء التراث العربي، (د. ت.).
- الأصفهاني، أبو الفرج. **الأغاني**، بيروت: دار الثقافة، ١٣٧٤هـ/ ١٩٥٥م.
- بركات، محمد. **المرشد إلى آيات القرآن الكريم**، القاهرة: المكتبة الهاشمية، ١٩٥٧م.
- البيهقي، أبو بكر أحمد بن الحسين. **شعب الإيمان**، تحقيق: محمد السعيد وبسيوني زغلول، بيروت: دار الكتب العلمية، ط١، ١٤١٠هـ.
- الترمذي، أبو عيسى محمد بن عيسى السلمي. **الجامع الصحيح «سنن الترمذي»**، تحقيق: أحمد محمد شاكر وآخرون، بيروت: دار إحياء التراث العربي، (د. ت.).
- التوحيدي، أبو حيان. **رسالة في علم الكتابة**، رسالة ماجستير غير منشورة، مكتبة جامعة القاهرة.
- التبريزي، محمد بن عبد الله الخطيب. **مشكاة المصابيح**، تحقيق: محمد ناصر الدين الألباني، بيروت: المكتب الإسلامي، ط٣، ١٤٠٥هـ/ ١٩٨٥م.
- ابن تيمية، تقي الدين أحمد بن عبد الحليم. **الحسبة في الإسلام ووظيفة الحكومة الإسلامية**، المدينة المنورة: مطبعة الجامعة الإسلامية، (د. ت.).

- الجرجاني، عبد القادر. **دلائل الإعجاز**، القاهرة: المطبعة العربية، ١٣٥٢هـ.

- الجزيري، عبد الرحمن. **الفقه على المذاهب الأربعة**، القاهرة: مطبعة مصطفى محمد، (د. ت).

- الحسيني، إسحاق موسى. **الإخوان المسلمون**، بيروت: دار بيروت للطباعة والنشر، ١٩٥٥م.

- خلاَّف، عبد الوهاب. **علم أصول الفقه**، القاهرة: دار القلم، ١٣٩٢هـ/ ١٩٧٢م.

- ابن خلدون، عبد الرحمن. **المقدمة**، القاهرة: مطبعة مصطفى محمد، (د. ت).

- دويدار، أمين. **صور من حياة الرسول**، القاهرة: دار المعارف، ١٣٧٢هـ/ ١٩٥٣م.

- الزبيدي، مرتضى. **تاج العروس**، بيروت: دار مكتبة الحياة، ١٩٦٥م.

- زين الدين، ناجي. **مصور الخط العربي**، بغداد: المجمع العلمي العراقي، ١٣٨٨هـ/ ١٩٦٨م.

- السجستاني، أبو داود سليمان بن الأشعث. **سنن أبي داود**، تحقيق: محمد محيي الدين عبد الحميد، بيروت: دار الفكر، (د. ت.).

- الشهرستاني، محمد عبد الكريم. **الملل والنحل**، القاهرة: مطبعة الأزهر، ١٣٢٨هـ/ ١٩١٠م.

- الشيباني، أحمد بن حنبل. مسند **الإمام أحمد بن حنبل**، تحقيق: شعيب الأرنؤوط وآخرون، بيروت: مؤسسة الرسالة، ط٢، ١٤٢٠هـ/ ١٩٩٩م.

- صفوت، أحمد زكي. **جمهرة خطب العرب في عصور العربية الزاهرة**، القاهرة: مكتبة البابي الحلبي، ١٣٥٢م.

- صقر، محمد. **الاقتصاد الإسلامي**، جدة: المركز العالمي لأبحاث الاقتصاد الإسلامي، ١٩٨٠م.

- الضياء المقدسي، أبو عبد الله محمد بن عبد الواحد بن أحمد الحنبلي. **الأحاديث المختارة**، تحقيق: عبد الملك بن عبد الله بن دهيش، مكة المكرمة: مكتبة النهضة الحديثة، ط١، ١٤١٠هـ.

- الطبراني، أبو القاسم سليمان بن أحمد بن أيوب. **المعجم الكبير**، تحقيق: حمدي بن عبد المجيد السلفي، الموصل: مكتبة العلوم والحكم، ط٢، ١٤٠٤ هـ/ ١٩٨٣م.

- عبد الباقي، محمد فؤاد. **المعجم المفهرس لألفاظ القرآن الكريم**، القاهرة: دار الكتب المصرية، ١٣٦٤هـ.

- ابن عبد الوهاب، محمد. **التوحيد، الذي هو حق الله على العبيد**، الكويت: الاتحاد الإسلامي العالمي للمنظمات الطلابية والشبابية، ١٣٩٩هـ/ ١٩٧٩م.

- الغزالي، أبو حامد محمد بن محمد. **تهافت الفلاسفة**، ترجمة: صبيح أحمد كمالي، لاهور: المؤتمر الفلسفي الباكستاني، ١٩٥٨م.

- الغزالي، أبو حامد محمد بن محمد. **المنقذ من الضلال**، دمشق: مطبعة الجامعة، ١٣٧٦هـ/ ١٩٥٦م.

- الفاروقي، إسماعيل راجي. **أصول الصهيونية في الدين اليهودي**، القاهرة: المعهد العالي للدراسات العربية، ١٩٦٣م.

- الفاروقي، إسماعيل راجي. "جوهر الحضارة الإسلامية"، **مجلة المسلم المعاصر**، المجلد ٧، العدد ٢٧، ١٤٠١هـ/ ١٩٨١م.

- القشيري، مسلم بن الحجاج. **الجامع الصحيح**، القاهرة: مصطفى البابي الحلبي، ١٩٥٧م.

- القشيري، أبو الحسين مسلم بن الحجاج النيسابوري. **صحيح مسلم**، تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي، بيروت: دار إحياء التراث العربي، (د. ت.).

- ابن كثير، أبو الفداء إسماعيل بن عمر. **تفسير القرآن العظيم**، بيروت: دار المعارف، ١٣٨٨هـ/ ١٩٦٩م.

- المحمصاني، صبحي. **فلسفة التشريع في الإسلام**، بيروت: دار العلم للملايين، ١٣٨٠هـ/ ١٩٦١م.

- المنذري، الحافظ. **مختصر صحيح مسلم**، تحقيق: محمد ناصر الدين الألباني، الكويت: الدار الكويتية للطباعة، ١٣٨٨هـ/ ١٩٦٩م.

- منظمة الندوة العالمية للشباب الإسلامي. **الإسلام والحضارة ودور الشباب المسلم**، أبحاث و وقائع اللقاء الرابع لمنظمة الندوة العالمية للشباب الإسلامي المنعقد في الرياض بتاريخ ١٨ مارس عام ١٩٧٩م، الرياض: الندوة العالمية للشباب الإسلامي، ١٤٠١هـ/ ١٩٨١م.

- النسائي، أبو عبد الرحمن أحمد بن شعيب. **سنن النسائي الكبرى**، تحقيق: عبد الغفار سليمان البنداري وسيد كسروي حسن، بيروت: دار الكتب العلمية، ط١، ١٤١١ هـ/ ١٩٩١م.

- النشار، علي سامي. **مناهج البحث عند مفكري الإسلام ونقد المسلمين للمنطق الأرسطي**، القاهرة: دار الفكر العربي، ١٣٦٧هـ/ ١٩٤٧م.

- ابن هشام، أبو محمد عبد الملك. **السيرة النبوية**، بيروت: دار الكتاب اللبناني، ١٩٨٦م.

- هيكل، محمد حسين. **حياة محمد**، القاهرة: دار المعارف، ط١٣، ١٩٧٥م.

- هيكل، محمد حسين. **الفاروق عمر**، القاهرة: مطبعة مصر، ١٣٦٤هـ.

دووەم/ سەرچاوە بیانییەکان :

- Abd Allah, Ismail. Word Chaos or a New Order: A Third World View "*World Faiths and the New World Order*", eds. Joseph Gremillion and William Ryan, Washington: The Interreligious Peace Colloquium, 1978.

- Ahmad, khurshid and Ansari, Zafar I. (eds). *Islamic Perspectives: Studies in Honor of Mawlana Sayyid Abu al Ala Mawdudi*, Leicester: The Islamic Foundations, 1399/1979.

- Al Faruqi, Isma'il Raji and Naseef, A. O. *Social and Natural Sciences*, London: Hodder and Stoughton, 1981.

- Al Faruqi, Isma'il Raji. "Divine Transcendence and its Expression", *World Faiths*, No. 107. Spring 1979.

- Al Faruqi, Isma'il Raji. "Islam and Art", *Studia Islamica*, Fasciculi XXXVII, 1973.

- Al Faruqi, Isma'il Raji. "Misconceptions of the Nature of the Work of Art in Islam", *Islam and the Modern Age*, Vol. 1, No. 1, May, 1970.

- Al Faruqi, Isma'il Raji. "On the Nature of Islamic Da'wah", *International Review of Mission*. Vol. 65, No. 260 ,October, 1976.

- Al Faruqi, Isma'il Raji. "On the Nature of the Work of Art in Islam", *Islam and the Modern Age*, Vol. 1, No. 2 ,August, 1970.

- Al Faruqi, Isma'il Raji. "On the Raison d'etre of the Ummah" *Islamic Studies*, Vol. 2, No. 2, June, 1963.

- Al Faruqi, Isma'il Raji. "The Metaphysical Status of Values in the Western and Islamic Traditions", *Studia Islamica*, Fascicle xxviii, 1968.

- Al Faruqi, Isma'il Raji. "World Faiths", *Journal of the World Congress of Faiths*, London, No. 107, Spring, 1979.

- Al Faruqi, Isma'il Raji. *Christian Ethics: A Systematic and Historical Analysis of Its Dominant Ideas*, Montreal: McGill University Press,1967.

- Al Faruqi, Isma'il Raji. *Historical Atlas of the Religions of the World*, New York: the Macmillan Co., 1974.

- Al Faruqi, Isma'il Raji. *Urubah and Religion*, Amsterdam: Djambatan, 1962.

- Al Ghazali, Abu Hamid. *Tahafut al Falasifah*, tr. Sabih Ahmad Kamali, Lahore: The Pakistan Philosophical Congress, 1958.

- Arnold, T.W. *Painting in Islam*, Oxford: The Clarendon Press, 1928.

- Arnold, T.W. *The Preaching of Islam* , Lahore: Sh. Muhammad Ashraf Publishing, 1961.

- Barth, Karl. *Against the Stream*, London: SCM Press, 1954.

- Barth, Karl. *Church Dogmatics*, tr. G.W. Bromley and T. F. Torrence, London: T. & T. Clark,1960.

- Bell, Norman W. and Vogel, Ezra F. (eds). *The Family*, Glencoe, IL: The Free Press,1960.

- Bettenson, Henry. *Documents of the Christian Church*, Oxford: Oxford University Press, 1963.

- *Brhadaranyaka Upanisad*. 3. 7. 3.

- Buber, Martin. *On Judiaism*, New York: Schocken Books, 1972.

- Clemen, Carl. *Primitive Christianity and Its Non-Jowish Sources*, Tr. Robert G. Nisbert, Edinburgh: T. & T. Clark, 1912.

- Cox, Harvey. *The Secular City*, New York: Macmillan,1965.

- Creswell, K. A. C. *Early Muslim Architecture*, Oxford: Clarendon Press 1932-1940

- Cumont, Franz. *Oriental Religions in Romans Paganism*, New York: Dover Publications,1956.

- Ettinghausen, Richard. *"The Character of Islamic Art in The Arab Heritage*, ed. N. A. Faris, Princeton: Princeton University Press, 1944.

- Gordis, Robert. *A Faith for Moderns*, New York: Bloch Publishing Company, 1971.

- Hartmann, Nicola. *Ethics* , Tr. Stanton Coit, New York: Macmillan, 1932.

- Hastings, James B.. "The State", *Encyclopedia of the Social Sciences*.

- Haykal, Muhammad Husayn. *The Life of Muhammad*, tr. Ismail R. Al Faruqi, Indianapolis: American Trust Publications, 1976.

- Hiriyanna, M. *Outlines of Indian Philosophy*, London, Allen and Unwin, 1961.

- Hitti, Philip K. *History of the Arabs*, London: Macmillan Co., 1963.

- Ibn Abdul Wahhab, Muhammad. *Kitab al Tawhid*, tr., Isma'il Raji Al Faruqi, Kuwait: I. I. F. S. O., 1399/1979.

- Ibn Hisham, *The Life of Muhammad*, tr. A. Guillaume, London: Oxford University Press ,1955.

- Ibn Tufayl. *Hayy Ibn Yaqzan*, tr. George N. Atiah, *In A Sourcebook in Medieval Political Philosophy*, ed. Ralph Lerner and Muhsin Mahdi, Glencoe, IL: The Free Press, 1936.

- Iqbal, Muhammad. *Reconstruction of Religious Thought in Islam*, Lahore: Sh. Muhammad Ashraf, 1977.

- Jackson, Samuel Macauley (ed.). *The New Schaff-Herzog Encyclopedia of Religious Knowledge*, Grand Rapids, MI: Baker Book House, 1977.

- James, William. *The Varieties of Religious Experience*, New York: Mentor Books, New American Library, 1953.

- Jonas, Hans. *The Gnostic Religion*, Boston: Beacon Press, 1958.

- Kaufmann, Walter. *Nietzsche: Philosopher, Psychologist, Antichrist*, Princeton: Princeton University Press, Meridian Books, 1956.

- Kenkel, William F. *The Family in Perspective*, New York: Meredith Corporation, 1973.

- Larrabee, Harold A. *Reliable Knowledge*, New York: Houghton Mifflin Company, 1945.

- Lewis, C. I. *Analysis of Knowledge and Valuation*, La Salle: The Open Court Publishing Co., 1946.

- MacNeil, William. *The Rise of the West*, Chicago: Chicago University Press, 1964.

- Merton, Robert K. *Social Theory and Social Structure*, Glencoe, IL: The Free Press, 1962.

- Murray, Gilbert. *Five Stages of Greek Religion*, Garden City, NY.: Doubleday,1955.

- Murti, T. R. V. *The Central Philosophy of Buddhism*, London: Allen and Unwin, 1955.

- Niebuhr, Reinhold. *An Interpretation of Christian Ethics*, New York: Harper, 1935.

- Niebuhr, Reinhold. *Moral Man and Immoral Society*, New York: Scribner's, 1955.

- Niebuhr, Reinhold. *The Nature and Destiny of Man: A Christian Interpretation*, New York: Scribner ,1941.

- Nietzche, Friedrich. *Works*, tr. and ed. Walter Kaufmann, New York: The Viking Press, 1954.

- Noss, John B. *Man's Religions*, New York: Macmillan, 1974.

- Otto, Rudolf. *The Idea of the Holy*, New York: Oxford University Press, 1958.

- Pritchard, James. *Ancient Near Eastern Texts*, Princeton: Princeton University Press, 1955.

- Radhakrishnan, S. *Indian Philosophy*, London: Allen and Unwin, 1951.

- Robertson, John M. *Pagan Christs*, Secaucus, N. J.: University Books, 1911.

- Sabine, George H.. *A History of Political Theory*, New York: Henry Holt and Co., 1947.

- Sabine, George H. *A History of Political Theory*, New York: Henry Holt and Co., 1947.

- Santayana, George. *Skepticism and Animal Faith*, New York: Scribner's, 1977.

- Schleiermacher, Friedrich D. *On Religion; Speeches to its Cultural Despisers*, tr. John Oman, New York: Harper and Brothers Publishers, 1958.

- Schopenhauer, Arthur. *The World as Will and Idea*, tr. R. B. Haldane and J. Kemp, London: Routledge and Kegan Paul limited, 1883-1886.

- St. Augustine. "Against Two Letters of the Pelagians", *Nicene and Post Nicene Fathers*, First Series , Vol. 5, Grand Rapids, Michigan: Wm. B. Eerdmans Publishing Co., 1978.